# نەتەوەسازیی کۆڵەوار

## کۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا



هەورامان فەریق کەریم

15 بەفرانباری 2725
5 January 2025

# نەتەوەسازیی *کۆڵەوار*؛

## کۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا

د. هەورامان فەریق کەریم

چاپی سێیەم

2025

ناوی کتێب: **نەتەوەســـازیی کۆڵەوار؛ کۆ یادەوەری و نەتەوەســـازی لە هەرێمی کوردستاندا**
نووسینی: **هەورامان فەریق کەریم**
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی پاندا
نۆبەی چاپ: چاپی سێیەم (دیجیتاڵی)
کۆمەڵناســیی ســیاســی، ناســیۆنالیزم، نەتەوەســازی، کۆیادەوەری، کۆڵەکەکانی نەتەوە، شوێنەکانی یادەوەری، سیاسەتی یادەوەری.

- ناوی کتێب: **نەتەوەسازیی کۆڵەوار؛ کۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا**
- نووسینی: هەورامان فەریق کەریم
- بابەت : تێزی دکتۆرا
- دیزاینی ناوەوە: هەورامان فەریق
- بەرگ: شێرکۆ خانزادی
- شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی پاندا
- نۆبەی چاپ: چاپی سێیەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٣٣٨)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی پێدراوە.

* مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر.

hawraman.karim@univsul.edu.iq

## پێڕستی خشتەکان


| ژ. | ناونیشانی خشتەکان | ژ.ل |
|---|---|---|
| 1 | ناسیۆنالیزم یان کوردایەتی لە ڕوانگەی ئێوەوە چی دەگەیێنێت؟ ئایا لە باشووری کوردستان ناسیۆنالیزم هەبووە و هەیە؟ | 126 |
| 2 | مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی کوردیی لە باشوور | 131 |
| 3 | مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ | 146 |
| 4 | ڕۆڵی تەریقەت چۆن دەبینیت؟ ئایا بوونەتە بەربەست لەبەردەم ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا؟ | 152 |
| 5 | مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە ڕۆڵی تەریقەت و شێخەکان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا | 156 |
| 6 | مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵی تەریقەت | 168 |
| 7 | ڕۆڵی ئیسلامییەکان لە ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا چۆن دەبینیت؟ | 172 |
| 8 | مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئیسلامییەکانی کوردستان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا | 176 |
| 9 | مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵی ڕۆڵی ئیسلامییەکان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا | 186 |
| 10 | ڕۆڵی چەپەکان بە گشتی چۆن دەبینیت لە ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا؟ | 191 |
| 11 | مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە ڕۆڵی چەپەکانی کوردستان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا | 195 |
| 12 | مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵی ڕۆڵی چەپەکانی کوردستان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا | 202 |
| 13 | ڕۆڵی یەکێتی و پارتی لە ناسیۆنالیزمی کوردی | 206 |
| 14 | مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە (یەکیەتی و پارتی) لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا | 210 |
| 15 | مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵی (یەکیەتی و پارتی) لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا | 220 |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا؛ ئایا دەسەڵات لە هەرێمدا نەتەوەسازی کردووە؟ | 223 |
| 17 | مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە دەسەڵات و نەتەوەسازی لە هەرێمدا | 229 |
| 18 | مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵی دەسەڵات و نەتەوەسازی لە هەرێمدا | 244 |
| 19 | بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا چین؟ | 248 |
| 20 | مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی | 251 |
| 21 | مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ پەیوەست بە بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی | 261 |
| 22 | کۆیادەوەرییەکانی خەڵکی باشووری کوردستان کامانەن؟ لە کوردستاندا چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان نەتەوەسازی و کۆیادەوەریدا؟ | 263 |
| 23 | مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی | 271 |
| 24 | مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ پەیوەست بە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی | 292 |
| 25 | چەمکەکان، مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولە کاکڵە دەرهێنراوەکان بە گوێرەی ڕەهەندە هەشتەوانەکەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا | 306 |


## پێڕستی هێڵکاری و وێنەکان


| ژ | ناونیشانی هێڵکاری و وێنەکان | ژ.لاپەرە |
|---|---|---|
| 1 | نەتەوەییبوونی حزبەکان پیشاندەدات لە ڕوانگەی نموونەکەوە | 148 |
| 2 | خەباتی حزبەکان لە پێناو کوردایەتی | 149 |
| 3 | ئایا تەریقەت بە بەربەست دەزانیت لە بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی | 170 |
| 4 | ئەو ناسنامەیەی هاوڵاتییان بە خۆیان دەبەخشن ڕووندەکاتەوە | 183 |
| 5 | حزبە ئیسلامییەکان بە بەربەست دەزانیت لەبەردم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی | 189 |
| 6 | بەربەستبوونی پارتی و یەکێتی لەبەردەم دروستبوونی هەستی نەتەوایەتی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی لە هەرێمی کوردستاندا ڕووندەکاتەوە | 222 |
| 7 | ڕۆڵی دەسەڵات لە دروستکردنی زمانی یەکگرتوو | 243 |

| | | |
|---|---|---|
| 8 | ڕۆڵی دەسەڵات لە چاندنی سۆز و خۆشەویستی بۆ خاك و وڵات | 246 |
| 9 | سەردانکردنی شوێنەکانی یادەوەری لە لایەن هاوڵاتییانەوە | 261 |
| 10 | بۆچوونی نموونەکە لەمەڕ لەقەڵە مدانی ئاڵای کوردستـــان بە ئاڵای خۆ یان نیشاندەدات | 289 |
| 11 | ڕۆڵی دەسەڵات لە بەدیهێنانی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی | 290 |
| 12 | بەشداری هاوڵاتیان لە کۆیادەوەرییەکان | 291 |
| 14 | بۆچوونی نموونەکان سەبارەت بە شوێنەکانی یادەوەری | 295 |
| 15 | ڕۆڵی دەسەڵات لە دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئارام بۆ هاوڵاتییان | 296 |
| 16 | ڕوانگەی هاوڵاتیان سەبارەت بە نەورۆز وەك بۆنە یان جەژن | 304 |
| 17 | وێنەی 1بەشداریی خەڵکی هەڵەبجە لە ساڵیادەکانی کیمیاییباران | 300 |
| 18 | وێنە 2 ستوونەکەی بەردەم مزگەوتی ناجیە خان لە ڕانیە | 301 |


هەواڵنامەی کتێب

هەوالنامەی کتێب

| پێرستی بابەت | ژ.لاپەڕە |
|---|---|
| پێرستی خشتەکان | I |
| پێرستی هێڵکاری و وێنەکان | II |
| **بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری و میتۆدۆلۆجی** | **14-1** |
| دەروازە | 1 |
| ڕوانینی کۆمەڵناسی - ڕاڤەگەرایانە لە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی | 5 |
| کۆیادەوەری و نەتەوەسازی، بۆچی؟ | 10 |
| **بەشی دووەم: توێژینەوەکان بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی** | **40-15** |
| پێشەکی | 15 |
| بوونی نەتەوەیی کورد (عیرفان مستەفا) | 20 |
| بونیادی خێڵ (مارتن ڤان برۆنسن) | 22 |
| نەتەوەناسی (ڕەشاد میران) | 24 |
| شوناس (شێرکۆ کرمانج) | 24 |
| کوردەکانی عێراق و نەتەوەسازی (محەمەد ئەحمەد) | 27 |
| ڕەگو و ڕیشەی جینۆسایدی کورد (ئیبراهیم سادق) | 27 |
| جینۆسایدی کورد و مافی مرۆڤ (موحەمەد ئیحسان) | 28 |
| کوردستان، پەرەسەندنی نیمچەدەوڵەتێك (ئارام ڕەفعەت) | 29 |
| نەتەوەسازی ئەمریکایی لە عێراق (میرڤەیس بەلخی) | 30 |
| یەکگرتنەوەی پێشمەرگە و نەتەوەسازی(سەردار عەزیز/ئەندرۆ گۆتی) | 31 |
| بونیادنانی نەتەوە (نەهوی سەعید) | 32 |
| ناسیۆنالیزمی کورد و سیستمی نێودەوڵەتی (سۆفیا وانچ) | 33 |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| سیاسەتی یادەوەری و بەفەرمی ناساندنی جینۆساید (بەهار باسر) | 34 |
| ناسنامەی کوردی (دڵشاد خدر) | 36 |
| کۆیادەوەریی جینۆسایدی هەڵەبجە (هەورامان فەریق) | 39 |
| **بەشی سێیەم: ئاڕاستە تیۆرییەکان** | **72-41** |
| ناسیۆنالیزمی کورد لە نێوان کۆمەڵناسی و مۆدێرنیتەدا | 41 |
| **ڕوانگەی کۆمەڵناسە کلاسیکەکان بۆ نەتەوە** | 43 |
| ئێمیل دۆرکایم (١٨٥٨-١٩١٧) | 44 |
| جۆرج زیمێل (١٨٥٧-١٩١٨) | 47 |
| ماکس ڤێبەر(١٨٦٤-١٩٢٠) | 48 |
| مارکس، مارکسیزم و نەتەوە | 51 |
| **پارادیمە سەرەکییەکان سەبارەت بە چەمکی نەتەوە و ڕەگوڕیشەی کورد** | 55 |
| ڕەگ و ریشەی کورد | 61 |
| ئەزەلیگەرایی | 64 |
| سازکراوەگەرایی | 65 |
| ئێتنیکگەرایی | 69 |
| تاقانەبوونی کورد | 70 |
| **بەشی چوارەم: ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم** | **112-72** |
| ئایین و نەتەوە | 72 |
| کۆیادەوەری و ناسیۆنالیزم | 81 |
| نەتەوەسازی | 82 |
| زمانی یەکگرتوو و سیمبولی هاوبەش | 88 |
| کۆیادەوەری و نەتەوەسازی | 94 |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ئیتنۆسیمبولیزم | 109 |
| **بەشی پێنجەم: میتۆدۆلۆجیای توێژینەوە** | **125-113** |
| میتۆد | 113 |
| ڕێبازی توێژینەوە بە میتۆدە تێکەڵەکان | 115 |
| کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە | 116 |
| ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | 119 |
| **بەشی شەشەم: خستنەڕووی داتاکان و قۆناغەکانی کۆدبەندی بە گوێرەی باسەکان** | **149-126** |
| **بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان** | 126 |
| ناڕوونیی لە ڕەچەڵەك | 132 |
| نا (کات ـ شوێنیی) ناسیۆنالیزمی کوردی | 134 |
| هۆکارە دەرەکییەکان | 138 |
| تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی | 139 |
| شکستی کوردایەتی | 144 |
| هەڵبەز و دابەزی کوردایەتی | 145 |
| **بەشی حەوتەم: ڕوانینی بان ـ نەتەوەیی** | **206-150** |
| **تەریقەت و ناسیۆنالیزم** | 151 |
| هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە | 156 |
| مۆرکی تەریقەت | 160 |
| دژیەکییەکانی تەریقەت | 163 |
| تەریقەت و نەتەوەسازی | 165 |
| کورداندنی ئایین | 168 |
| **حزبە ئیسلامییەکان و ناسیۆنالیزم** | 171 |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| قووڵایی حزبە ئیسلامییەکان | 177 |
| ئایدیۆلۆجیای سەرتاپاگیر | 179 |
| ئینتیمای دووسەرە | 182 |
| ململانێی گوتارەکان | 186 |
| **چەپەکانی کوردستان و ناسیۆنالیزم** | 190 |
| نەتەوە لە بیروباوەڕی چەپدا | 195 |
| عێراقچیبوونی چەپ | 197 |
| چەپی قەومی | 198 |
| بێخێریی چەپ بۆ ناسیۆنالیزمی کورد | 200 |
| بان ـ نەتەوەییبوون | 202 |
| **بەشی هەشتەم: نەتەوەسازی و دەسەڵات** | **246-207** |
| پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان | 207 |
| فۆرمی حزبایەتی | 211 |
| گوتاری نائایدیۆلۆجی | 212 |
| لەباربردنی ناسیۆنالیزم | 216 |
| ناسنامەی حزبیی | 220 |
| **ڕۆڵی دەسەڵات لە نەتەوەسازیدا** | 223 |
| نیازی نەتەوەسازی | 229 |
| ئەقڵییەتی نەتەوەسازی | 234 |
| بارگاویبوون | 236 |
| حوکمڕانیی باش | 240 |
| **بەشی نۆیەم: نەتەوەسازی و کۆیادەوەری** | **305-247** |


هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| **بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی** | 247 |
| بونیادی کۆمەڵگە | 252 |
| فاکتەری دەرەکی | 254 |
| بەربەستی خودی (ذاتی) | 255 |
| خەونی نەتەوە | 260 |
| کۆیادەوەری و نەتەوەسازی | 262 |
| یادگەی کورد | 272 |
| یادەوەرییەکان | 275 |
| دۆخی کورد | 277 |
| سیاسەتی یادەوەری | 279 |
| دژ بە کۆیادەوەری | 285 |
| یادەوەریی پارچەپارچە | 292 |
| **بەشی دەیەم: ئەنجام** | **321-305** |
| نەتەوەسازیی *کۆڵەوار* | 305 |
| پێشنیازەکانی تویژینەوە | 320 |
| ڕاسپاردەکانی توێژینەوە | 321 |
| لیستی سەرچاوەکان | 323 |


هەواڵنامەی کتێب

***

ئەم **نیشتمانە**، قەڵەمێکی هەیە

چەند نووکێکی ڕەنگاڵەیی پێوەیە؛

.. بە مۆر ئەنووسێ یەکسانی و

بە شینی خێڵ ئەیکوژێنێتەوە؛

بە سەوز ئەنووسێ دادپەروەری و

بە قاوەیی حیزب ئەیکوژێنێتەوە!

**شێرکۆ بێکەس**

***

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی تیۆری و ڕێبازی توێژینەوە

### دەروازە

ئەم کتێبە دەپەرژێتە سەر پرسی کۆیادەوەری (collective memory) و نەتەوەسازی (Nation-building) لە هەرێمی کوردستاندا. ئامانجی گشتی تێزەکە دروستکردنەوەی واتایی چەمکەکانی کۆیادەوەری و نەتەوەسازییە لە ڕوانگەی خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە. گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە پرسی نەتەوە و نەتەوەسازی بۆ کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەت، بە یەکێکە لە پرسە هەرەگرنگ و چارەنووسسازەکان هەژمار دەکرێت. تا هەنووکە، ئەم مشتومڕە لە نێو دەستەبژێر و پانتایی گشتیدا گەرموگوڕە، کە ئایا دەتوانین بڵێین لە هەرێمی کوردستاندا نەتەوە ساز بووە، لە کاتێکدا کە بە گوێرەی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕوانگە نوێیەکانی ناسیۆنالیزم، خەڵکی بێدەوڵەت، بە نەتەوە هەژمار ناکرێت.

بە لەرچاوگرتنی ئەوەی، لە کۆمەڵگەیەکی وەك هەرێمی کوردستاندا کە خاوەنی دەوڵەت نییە و بەردەوام لەژێر هەڕەشەی نەمان و سڕینەوەدا بووە، کۆیادەوەرییەکان دەتوانن ببنە کۆڵەکە و بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەسازی. توێژەر بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت کە بزانێت لە بنەڕەتدا بنەما سەرەکییەکانی نەتەوەسازی کامانەن؟ تا چەند کۆیادەوەرییەکانی کورد، لە لایەن دەسەڵات و کارەکتەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەوە وەك پرۆسە و پرۆژەیەك بۆ نەتەوەسازی بەگەڕ خراون؛ یان بە پێچەوانەوە، کۆیادەوەرییەکان وەك هۆکارێك بۆ مانەوەی حزب و گوتاری تەسك، کۆنترۆڵ و ئاراستەکردنی گێرانەوەکان، بەکارهێنانیان لەپێناو ئەجێندا و ئایدیۆلۆجیای دیکەدا بەکار هێنراون؟ ئەگەر ئەم

کۆیادەوەرییانە بە ئاراستەی نەتەوەسازی بەکارهاتوون، ئایا دەتوانین بڵێین لە کوردستاندا نەتەوەسازی وەك پرۆژە یان پرۆسـە جێبەجێ کراوە؟ ئایا نەتەوە سـاز بووە؟ ئەگەر بووە، خەسـڵەتەکانی چین؟ ئەگەر نەبووە، هۆکارەکانی چین؟

لە ڕووی ناسنامەسازییەوە، ئەوەی کە ڕابردووی کوردستان و خەڵکەکەی، پڕاوپڕە لە یادەوەری تاڵی وەك جینۆسـایدەکان، کۆچە بەکۆمەڵ و زۆرەملێکان، گۆڕە بەکۆمەڵەکان، ئەنفال، کیمیابارانی، ڕاپەڕین، شـەڕی نێوخۆ و تەنانەت شـەڕی دژ بە داعش، ئـایـا ئەم یـادەوەرییـانە چ ڕۆڵێکیـان لە ناسنامەسازی، یەکڕیزی، گوتار و گێڕانەوەی نەتەوەیی وەك پایەیەکی سەرەکیی نەتەوەسازیدا گێڕاوە؟ لە ژێر ڕۆشنایی ڕۆڵی کارەکتەرە سەرەکییەکانی وەك حزبەکانی دەسەڵات بەتایبەت پارتی و یەکێتی، تەریقەت، حزبە ئیسـلامییەکان و چەپەکان، توێژینەوەکە دەیەوێت بزانێت ئایا ئەم کارەکتەرانە بوونەتە بزوێنەری ناسیۆنالیزمی کورد و نەتەوەسازی لە هەرێمدا یان بوونەتە بەربەست؟

ئەم تێزە، بە پشـتبەسـتن بە میتۆدی توێژینەوەی تێکەڵ، بەکارهێنانی گراوندتیۆری وەك ئامرازی کۆکردنەوە و شـیکردنەوەی داتاکان، هاوکات، پشـتبەسـتن بە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی، وەك پاڵپشـتیی بۆ میتۆدی چۆنایەتی، هەوڵی دانانی مۆدێلێکی تیۆری یان تیۆرێکی تایبەت بە کۆیادەوەری و نەتەوەسازیدا دەدات.

لەڕووی تیۆرییەوە، ئەم توێژینەوەیە، دەسـتپێکێکە بە ئـاراسـتەی خوێنـدنەوەی زیـاتر لە بواری تیۆرەکانی نەتەوەسـازی لە هەرێمی کوردسـتاندا و پەیوەندی ئەم چەمکە بە کۆیادەوەرییەکانەوە. توێژینەوەکە لە هەناوی کۆمەڵگە و لەڕێگەی واتای زەینیی بەشداربووانەوە، پەیوەندی و بەربەستەکانی بەردەم کۆیادەوەری و نەتەوەسازی شرۆڤە دەکات. ئەم دوو چەمکە نوێیە، پەیوەندییەکی ئاڵۆز و قووڵیان پێکەوە هەیە، بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە گێڕانەوە ورد و گەورەکان و ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووریی ڕۆڵێکی گرنگیان لە بیچمپێدانی گوتار و چارەنووسی گەل و نەتەوەکاندا هەیە. لە سەد ساڵی ڕابردوودا، هەرێمی کوردسـتان و خەڵکەکەی، جۆرەها کارەسـات، جینۆسـاید، جەنگ، کۆڕەو، کۆچی زۆرەملێ، ئاوارەیی، هەڵهاتن، کەمپ، ئەنفال، کیمیابیباران، بەعەرەبکردن، ڕاپەڕین، ڕووداوی تاڵ و هەندێکجار شـیرینیان ئەزموون کردووە. ئەم یادەوەرییانە و پەیوەندییان بە پرۆسـەی نەتەوەسـازییەوە، زەمینەیەکی

لەبار بۆ قووڵبوونەوە و تێگەشـــتن ســـەبارەت بە بوونی کورد، دۆخی کورد و ئایندەی کورد بە دەســـت دەخەن.

لەگەڵ ئەوەی گەلێك کاری گرنگ سەبارەت بە مێژووی کورد، کورد ستان و ئەزموونە تاڵەکانی وەك کیمیاییباران و ئەنفال ئەنجام دراون، بەڵام ئەوەی ئەم تێزە لە کارەکانیتر جیا دەکاتەوە، لە چوار خاڵدا کورت دەکرێنەوە. یەکەم، لە دوای نوو سینی یەکەم تێزی ما ستەر بە زمانی فار سی لە زانکۆی تاران لە ســاڵی (٢٠١٤) بەناونیشــانی "خاطرەی جمعی مردم حلبچە از شـیمیایی حلبچە"، کە دواتر بە زمانی کوردی بەناونیشانی "یادەوەری و دادپەروەری؛ شانزەی سێ لە کۆیادەوەریی هەڵەبجەییەکاندا" هەر لە لایەن نووسەری ئەم توێژینەوەیەوە بڵاو کرایەوە، - هێندەی بەدواداچوونم کردووە - یەکەم تێزی دکتۆرایە کە دەپەرژێتە سـەر کۆیادەوەری و نەتەوەسـازی لە هەرێمی کوردسـتاندا. دووەم، تێزەکە لەڕووی تیۆر و پراکتیکەوە، بە سوودوەرگرتن لە نوێترین پارادایمەکانی تایبەت بە نەتەوە و نا سیۆنالیزم، سەرنج لە سەر ڕەگوڕیشە، بنەما و بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی و پەیوەندی نێوان هەردوو چەمکی کۆیادەوەری و نەتەوەســازی چڕ دەکاتەوە. ســێیەم، پشــتئەســتوور بە ڕێبازی تێکەڵ (ئەولەوییەت بۆ چۆنایەتی و پــاڵپشـــتی چەنـدایەتی) و بەکـارهێنـانی میتۆدی گراونـددتیۆری، لە ڕوانگەیەکی ڕاڤەگەرایـانەی کۆمەڵایەتییەوە، بە گەڕانەوە بۆ تێگەیشـــتنی خەڵك و وا تا زەینییە کانی بەشـــداربووان و نموونە کانی توێژینەوەکە سەبارەت بەم چەمکانە و ڕۆڵی کارەکتەرە سەرەکییەکانی وەك (ڕەوت و حزبە سیاسییەکان، تەریقەت، چەپەکان، حزبە ئیسلامییەکان و دەسەڵات)، (لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی قووڵ و ڕاپرسییەکی ســـەرتاســـەریی لە هەرێمدا) هەوڵ دەدات تیۆرێك یان مۆدێلێکیی تیۆریی تایبەت بە کۆیادەوەری و نەتەوەســـازی لە هەرێمی کوردســـتا ندا بەرهەم بهێنێت. چوارەم، ئەنجامە کانی توێژینەوە لەوانەش هەنگاوەکان و بەربەســـتەکانی بەردەم نەتەوەســازی، دەتوانرێت لە ســیاســەت، گوتار و هەنگاوەکانی ئایندەی دامەزراوە حکومی و ناحوکومییە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستاندا سوودی لێ ببینرێت.

چوارچێوەی کتێبەکە لە دە بەش پێکهاتووە. بەشـــی یەکەم دەروازەی توێژینەوەیە، کە تێیدا پرســـی ســـەرەکی، ئامانج، گرنگی توێژینەوەکە و ئەو هەشـــتە تەوەرە ســـەرەکییەکەی کە یارمەتیمان دەدەن بۆ تێگەیشـــتنی کۆنتێکســـتی ناســـیۆنالیزم لە کوردســـتاندا، روون کراونەتەوە. ئەو هەشـــت تەوەرە هەر ئەو

تەوەرانەن کە دواتر بنەمای شرۆڤە و کۆدبەندییەکانی گراوندتیۆرییەکەشیان لەسەر دارێژراوە. بەشی دووەم توێژینەوەکانی پێشووە کە نوێترین و گرنگترین توێژینەوە و کتێبەکانی پەیوەست بە نەتەوە، ناسیۆنالیزم و ناسنامەی نەتەوەیی شەنوکەو کراون. لە بەشی سێیەمدا، گرنگترین ئاڕاستە تیۆرییەکانی پەیوەست بە بابەتەکە کە بریتین لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانی کلاسیك بۆ نەتەوە و پارادایمە زاڵەکانی ڕەگوریشەی کورد، خراونەتە ڕوو. لە بەشی چوارەمدا ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم ڕوون کراونەتەوە. بەشی پێنجەم بریتییە لە میتۆدۆلۆجیای توێژینەوە کە تیایدا بە کورتی ئاماژە بە ڕێبازەکان، ئاڕاستەکان و هەردوو میتۆدی گراونددتیۆری و ڕووپێوی کۆمەڵایەتی وەك ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری کراوە. لە بەشی شەشەمدا کە خستنەڕووی داتاکان و دۆزینەوەکانە، قۆناغەکانی کۆدبەندی میتۆدی گراونددتیۆری بە گوێرەی مەقوولەکان و بەکارهێنانی ئەنجامی ڕووپێوەکە لە شێوەی کۆمەڵێك هێڵکاری و وێنەدا وەك پاڵپشتی میتۆدی چۆنایەتی جێبەجێ کراون. مەقوولەی سەرەکیی یەکەم کە بریتییە لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستاندا لە بەشی شەشەمدا شرۆڤە کراوە. بەشی حەوتەم، مەقوولەی سەرەکیی ڕوانینی پان ـ نەتەوەیی لە خۆ دەگرێت کە بەجیا پەیوەندی نێوان تەریقەت، چەپەکان و ئیسلامییەکانی لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا شرۆڤە کردووە. بەشی هەشتەم، پەرژاوەتە سەر پەیوەندی نێوان نەتەوەسازی و دەسەلات؛ دەسەلات چۆن مامەڵەی لەگەڵ کۆیادەوەرییەکان بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی کردووە. بەشی نۆیەم، بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی و پەیوەندی نێوان کۆیادەوەری و نەتەوەسازی شرۆڤە کردووە و بەشی کۆتایی تایبەت کراوە بە ئەنجامگیری، پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە.

لە کۆتاییدا ئەم تێزی دکتۆرایە کە بە سوپاسەوە بەسەرپەرشتی دکتۆر موراد حەکیم نووسراوە و بەهاری 2024 پێشکەش کراوە، دەتوانێت ڕێگاخۆشکەر بێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا توێژینەوەگەلێك سەبارەت بە ڕەهەندەکانی دیکەی نەتەوەسازی و کۆیادەوەری ئەنجام بدرێن.

## ڕوانینی کۆمەڵناسی ـ ڕاڤەگەرایانە لە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی

دەکرێت لە چەند ڕوانگەیەکەوە شەنوکەوی پرسی کۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا بکرێت. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە ڕێبازی توێژینەوەی تێکەڵ کە لە میتۆدی گراونددتیۆری و ڕووپێوێك پێکدێت؛ وەك دیاردەیەکی سۆسیۆکولتووری و پەیوەست بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، سەرنجی لەسەر ئەم پرسە چڕ کردووەتەوە. بە گوێرەی میتۆدی یەکەم، بەکارهێنانی تیۆرەکانی تایبەت بە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی وەك ڕێ ڕۆشنکەرەوە بەکارهێنراوە، نەك ڕاست و دروستی و تاقیکردنەوەی تیۆرەکان لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا. وەك میتۆدی گراونددتیۆری دەیخوازێت، لەڕوانگەی وا تا زەینییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە، تێگەیشتنی خەڵك بۆ چەمکەکانی کۆیادەوەری و نەتەوەسازی ڕوون و شرۆڤە کراون.

لە ڕووی تیۆرییەوە، کۆیادەوەری بەو واتایەی موریس هاڵباکس دایهێناوە، چەمکێکی کۆمەڵایەتی و سازکراوەیە و بەوپێیە بە ئەندازەی ژمارەی ئەم گروپانەی کە مرۆڤەکان تیایاندا بەشدارن، لە خێزان، گروپی هاوڕێیان و کۆڵانەوە تا شوێنی کار، شار و نەتەوە، دەبنە خاوەنی کۆیادەوەری خۆیان. لەم ڕوانگەیەوە دروستە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی تاکەکەسی بەبیر دەهێننەوە، بەڵام ئەوە خەڵکانی ترن کە دەچرپێنن بەگوێیاندا و یادەوەرییەکانیان بەبیر دەهێننەوە[1] و بەردەوامییان پێدەبەخشن. بە سوودوەرگرتن لە ئەدەبیاتی نەتەوە و ناسیۆنالیزم، بۆ نموونە ئەو دوو ڕەگەزە سەرەکییەی نەتەوە پێکدەهێنن، (کەلەپوورێکی دەوڵەمەند بە یادەوەری و ڕەزامەندی هەنووکەیی[2]؛ یان ئەو تیۆرانەی کە گرنگی بە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی دەدەن، واقیعی کوردستان، پرۆسەی نەتەوەسازی و بەربەستەکانی بەردەمیمان باشتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. هاوتەریب لەگەڵ تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازی، ئەو تیۆرانەی گرنگی بە ڕۆڵی سیمبولەکان، ڕەگەزەکانی کۆیادەوەری وەکو ئایین، زمان، خێزان دەدەن، هەروەها کارکردەکانی یادەوەری، بۆ نموونە، زیندوویەتی، گواستنەوە (transferring)، ڕەنگدانەوە، کارکرد و دەرهاویشتەکانی کۆیادەوەری لەسەر ڕابردوو، ئێستا، ئایندەی ئێتنیك و

[1] - Maurice Halbwachs, La mémoire collective, Second revised, Les Presses universitaires de France, Paris, 1950, p6.

[2] - Ernest Renan, "What is a Nation?", text of a conference delivered at the Sorbonne on March 11th, 1882, in Ernest Renan, Qu'est-ce qu'une nation? Presses-Pocket, translated by (Ethan Rundell), Paris, 1992. P.10.

نەتەوە کان، دەکەینە دەلاقەیەك بۆ ئەوەی شـــەنوکەوی پرۆســـەی نەتەوەســـازی بکەین لە هەرێمی کوردستاندا.

سەبارەت بە ڕوانینی کۆمەڵناسیی بۆ چەمکی نەتەوە، هەرچەندە چوار دامەزرێنەرەکەی کۆمەڵناسی بە دیاریکراوی و بەم واتا نوێیانەی ئێستا نەپەرژاونەتە سەر چەمککەلی وەك نەتەوە، دەوڵەت ـــ نەتەوە، کۆیادەوەری و تیۆری دیاریکراویان نەخســـتووەتە ڕوو، بەڵام بە شـــێوەیەکی گشـــتی هەوڵیان داوە بە گەڕانەوە بۆ دیاردەگەلی کۆمەڵایەتی وەك هاوبەســـتەیی کۆمەڵایەتی، گۆڕانی ڕیشـــەیی، ڕۆڵی ئایین، ســـیمبولەکان، دژیەکییەکانی مۆدێرنیتە و زانین بە گشـــتی، چەمککەلی وەك ئێتنیســـیتی، دەوڵەت، سەروەری و ڕەوایەتیی دەسەڵات، بکەنە هەوێنی بۆچوون و تیۆرەکانیان.

مارکس لە بابەتەکانیدا سەبارەت بە پرسی جوو و ڕۆڵی کۆچبەرانی ئێرلەندی لە بەریتانیا بە پشتبەستن بە تیۆری کاریگەری ژێرخانی ئابوری و زاڵبوونی مێژوویی ململانێی چینایەتی بەســـەر ناســـنامەی ئێتنیکیدا، گەیشـــتبووبە ئەو تێگەیشـــتنەی کە تایبەتمەندیی ئێتنیکی ڕێگرە لەبەردەم پێشـــکەوتنی جیهانیی مرۆڤایەتیدا[1]؛ دۆرکایم بە پەرژانەســـەر پەیوە ندییە کولتوورییە بەکۆمەڵە کان و چییەتی هاوبەســتەیی ئێتنیکی بە تایبەت لە کتێبەکانی کاردابەشــکردن، خۆکوشــتن و فۆڕمە ســەرەتاییەکانی ژیانی ئایینیدا و گرنگیدان بە هاوبەستەییە گروپییەکان، لاوازبوونی کارکردی پەیوەندییە ئێتنیکییەکان و ئاماژەدان بەوەی کە مەحاڵە کۆمەڵگەیەك بدۆزرێتەوە کە لە کاتە یەك لەدوای یەکەکاندا پێویستی بە سەرنجدان و جەختکردنەوە و چە سپاندنی دووبارەی هە ستەکان و کۆهزرەکان نەبێت، کە یەکڕیزی و ناســـنامەی کۆمەڵگەکە پێکدەهێنن.[2]؛ زیمێل لە ڕێگەی کتێبی "نامۆ"وە و دەســـتبردن بۆ چەمکی پەیوە ندییە ئێتنیکییەکان ســـەرنجی لەســـەر ئێتنیســـیتە وەك فۆڕمێك لە پرۆســـەی هاوڕەفتاری و کاڵبوونەوەی ئێتنیسیتە بە هۆی لێکدابڕانی کۆمەڵایەتییەوە، چڕکردووەتەوە. بەڵام ڤێبەر بە بەکارهێنانی چەمکی ئێتنیســـیتە وەك گروپی پێگەیی و ئامادەگی ســـیاســـیی گروپی ئێتنیکی؛ هەروەها لە کتێبی ئابوری و کۆمەڵگەدا ئاماژە بە ڕۆڵی یادەوەریی منداڵیی دەکات وەك ســـەرچاوەی هەســـتە ڕەســـەن ـ

---

[1] - Siniša Malešević. The Sociology of Ethnicity: SAGE Publications Ltd, London, 2004. P. 14.

[2]- امیل دورکیم، صور بنیانی جیات دینی، ترجمه باقر پرهام، چاپ دوم، نشر مرکز، تهران،١٣٨٤، ص٥٩١.

وڵاتییەکان[1] (Heimatsgefuhl)[2] و پێیوایە (وەك کوردەواری دەڵێن) ڕا ستە شام شەکرە بەڵام وڵات شـــیرینترە. ئەو هەروەها لە کتێبی وتارە ســـیۆســـیۆلۆجییەکان[3]دا مۆدێلێکی ورد و گشـــتگیرتری بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییە ئێتنیکییەکان و جیاوازیی ئێتنیکی و کاست خستووەتەڕوو.

کلاسـیکەکان زەمینەی گونجاوی نەشـونمای تیۆرەکانی ئێتنیسـیتەیان لە کۆمەڵناسـی هاوچەرخدا دەسـتەبەر کردووە. بەڵام لە دوای ئەوانەوە و لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك ڕووداو و گۆڕانکاریی ڕیشـەییدا کە مۆدێرنە بەرهەمی هێنان، لە جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی، تا جەنگی ڤێتنام، بۆردوومانی هیرۆشـیما، پێشـکەوتنی خێرای تەکنەلۆجیا و ڕووداوەکان، ڕووخانی یەکێتی سـۆڤیەت و گەلێك گۆڕانکاری دیکە کە زۆرینەیان ڕەگێکی ناسـیۆنالیسـتیان تێدا بەدی دەکران، ئەدەبیات و ڕوانین بۆ چەمکەکانی نەتەوە، ناسیۆنالیزم، دەوڵەت ـ نەتەوە و لەناویاندا چەمکی نەتەوەسازی و کۆیادەوەری (لە دەیەی چلی سەدەی ڕابردوو لەلایەن هاڵباکسەوە)، گۆڕانی بەسەردا هات. لەو کاتەوە ناکرێت تەنیا لە یەك گۆشەنیگاوە سەیری ئەم چەمکانە بکرێت. بە تێپەڕاندنی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، ڕوانگەی نێوانبواریی لە نێو کایەکانی هزر و توێژینەوەکاندا سـەریان هەڵدا. قوتابخانەی فرانکفۆرت و پۆسـت مۆدێرنەکان بە ڕەخنەگرتن لە بیرمەندانی پێش خۆیان هاتنە مەیدان و کۆمەڵێك ڕێبازی نوێی هزری و میتۆدی توێژینەوە هاتنە کایەوە.

سەبارەت بە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ڕێبازی توێژینەوە و بەدیاریکراویی میتۆدی گراوندتیۆری، لە نێو پارادایمە زاڵەکانی ڕێبازی توێژینەوە لە زانسـتە کۆمەڵایەتییەکاندا کە بریتین لە: ڕوانگەی پۆزیتیڤیستی (positivism)، ڕەخنەگرانە(critical) و ڕاڤەگەرایی (interpretive)، ڕوانگەی سێیەم کە ڕاڤەگەرایی کۆمەڵایەتیشـی پێ دەگوترێت، باشـتر دەتوانێت لە بنکۆڵی کێشـە، مەیدانی توێژینەوە و گەیشـتن بە وەڵامی پرسـیارەکانماندا یارمەتیدەر بێت. ڕوانگەی یەکەم، بە ڕابەرایەتی ئۆگسـت کۆنت، جەختی لەڕادەبەدەر لەسـەر دۆزینەوەی یاسـا نەگۆڕەکان دەکاتەوە سـەبارەت بە دیاردە کۆمەڵایەتی و

---

(1) - native-country sentiment (Heimatsgefuhl)

(2)- Max Weber , Economy and society: An outline of interpretive sociology, Edited, Guenther Roth, Claus Wittich, second edition, University of California Press Berlreley, Lo,'Angeles, London, 1978, p 388.

(3) - Max Weber, From Max Weber: Essays in sociology, translayed by: Hans Heinrich Gerth & C. Wright Mills, Publisher New York: Oxford university press, New York, 1946. p188.



هەواڵنامەی کتێب

مرۆییەکان؛ ڕێکوپێك وەك ئەو یاسـا نەگۆڕانەی کە باڵیان بەسـەر سروشـتدا کێشـاوە. بەو واتایەی کە زانست پێشبینی بەرهەم دەهێنێت و پێشبینی کردە[1]، بەمەش پێویستی بە پێوەرگەلی زۆر کۆنکرێتی دەبێت بۆ تێسـتی ئەنجامە پێشـبینیکراوەکان. کرۆکی ئەم تێگەیشـتنە ڕەنگە لە چەمکی واقیعدا خۆی ببینێتەوە. بۆ نموونە کاتێك کە دۆرکایم لە کتێبی خۆکوشتن و ڕێساکانی میتۆدی کۆمەڵناسیدا سوود لە کۆمەڵێك بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە وەردەگرێت، کە کۆمەڵگە لە خودی خۆیدا واقیعییەتێکە. واقیعییەتە کۆمەڵایەتییـان (social facts)ی پێکهێنەری ئەم واقیعییەتە لە دەرەوەی مرۆڤ و بەشێوەی سەربەخۆ لە مرۆڤ بوونیان هەیە و کاریگەریمان لەسەر دروست دەکەن[2].

ڕوانگەی ڕەخنەگرانە کە ماتریالیزمی دیالێکتیکی و بونیادگەراییشـــی پێدەگوترێت، هاوڕایە لەگەڵ ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاسـتەی ڕوانگەی پۆزیتیڤیسـتی دەکرێت و ڕەگوڕیشـەی بە کارە کلاسـیکییەکانی مارکس و فرۆیدا ڕۆشتووەتە خوارەوە و لە لایەن بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە پەرەی پێدرا. دواتر بۆردیۆ و هـابرمـاس بوونە پێشـــەنگی و زۆرێـك لە فەیلەســـوف و بیرمەنـدانی دیکە تـا هەنووکەش دەســـتبەرداری نەبوون. ئەم ڕوانگەیە نکۆڵیکردنی چەمکی ژیریی مرۆڤی دایەبەر ڕەخنە و ئـامـانجی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەم ڕوانگەیەدا ڕەخنە و گۆڕانکاریی بونیادە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سـیاســی، کولتووری، ئێتنیکی و جێندەرییەکانە کە مرۆڤیان سنووردار کردووە.[3]

ڕوانگەی سـێیەم کە توێژینەوەکە پشـتی پێدەبەسـتێت، ڕاڤەگەراییە. ئەم ڕوانگەیە پێیوایە کە ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لەڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازە لەو شـــتانەیتر کە توێژینەوەیان لە بارەوە دەکرێت. ئەوان پێویســـتیان بە جۆرێکی تایبەت لە زانســـتە، کە لە لایەك لەســـەر بنەمای تاقانەییبوونی مرۆڤ ڕابووەستێت، لە لایەك دەرەقەتی گرتنەخۆی سەرتاپای ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی هەبێت. ئەم ڕوانگەیە وای دەبینێت کە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ کەمتر لەسەر بنەمای ئۆبجێ، کۆنکرێتی و واقیعی ڕاوەستاوە تا ئایدیا، باوەڕەکان و ئەو تێگەیشـــتنانەی کە خەڵك ســـەبارەت بە واقیعییەت هەیانە. بەو واتایەی کە

---

[1] - لویس ئەی کۆزەر، ژیان و هزری گەورە کۆمەڵناسان، وەرگێڕانی هەورامان فەریق، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2020، ل ٦.

[2] - تد بنتون و یان کرایب، فلسفەی علوم اجتماعی، بنیادهای فلیفی تفکر اجتماعی، ترجمە شهناز مسمی پرست و محمود متحد، نشر آگە، تهران، 1384، ص 58-59.

[3] - احمد محمدپور، روش در روش؛ دربارەی ساخت معرفت در علوم انسانی، چاپ دوم، جامعەشناسان، تهران، 1389، ص444.



هەواڵنامەی کتێب

بیرمەندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە حاڵەتێکدا توانای تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتییان هەیە کە شەنوکەوی ئەوە بکەن کە خەڵك چۆن واقیعییەتی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن[1]. جەختکردنەوەی ڕاڤەگەرایی لەســەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی واقیعییەت، زەینی مرۆڤەکان و نموونەکانی لێتوێژینەوە وەك سوبێکت، جیاوازییەکی زەقی ئەم ڕوانگەیەیە لەگەڵ ڕوانگەکانی دیکە بەتایبەت پۆزتیڤیزمدا.

یەکێك لە گونجاوترین مێتۆدەکان کە دەتوانێت لە ئاســت بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕاڤەگەراییدا بێت، مێتۆدی گراوندتیۆرییە کە توێژەر بە بەکارهێنانی لەژێر ڕۆشــنایی ئەدەبیاتی کۆیادەوەری و نەتەوەسازیدا شەنوکەوی تێگەیشتن و نێوانزەینیبوونی بەشدارانی توێژینەوەکە دەکات. بۆ ئەم مەبەستە (٢٧) کەس چـاوپێکەوتنی قووڵیـان لەگەڵ ئەنجـام دراوە؛ لە کەســانی ئەکـادیمی دیـاری بواری ناســیۆنالیزم و بابەتەکانی پەیوەســت بە نەتەوە و هەروەها کەســایەتییە ســیاســییەکان. بۆ پاڵپشــتی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و هاوتەریب لەگەڵ باســە ســەرەکییەکانی کۆدبەندییەکان، ڕووپێوێکی ســەرتاســەری لە هەرێمی کوردســتاندا ئەنجام دراوە. لە ڕێگەی شــیکردنەوەی وردی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، بەهێزیی ئەنجامەکانیش دووپات دەکرێنەوە. هەروەها بە تێبینیی بەشــداریکارانەی توێژەر لە مەیدانی توێژینەوە، سودوەرگرتن لە بەڵگە، وێنە و سەردانی شوێنەکانی یادەوەری و تۆمارکردنی هەر هەواڵ و زانیـارییەك، هەوڵ دراوە لەم ســۆنگەیەوە جەخـت بکـاتەوە لەســەر بەرهەمهێنـانەوە یـان دروســتکردنەوەی واتایی و تێگەیشــتنی نموونەکانی توێژینەوەکە بۆ چەمکی یادەوەری و پرۆســەی نەتەوەســازی لە هەرێمی کوردســتاندا، چونکە لە بنەڕەتدا زانســتی کۆمەڵایەتی ڕاڤەیی بەنیازی ئەوەیە کە مەبەســتی کردە یان واتا خاوەنکردەکە ڕوون بکاتەوە و ئەم کارە لە ڕێگەی دۆزینەوەی نیاز و خواستەکانی بکەرە تایبەتەکانەوە ئەنجام دەدات. هەروەها لە ڕێگەی دۆزینەوەی ئەو کۆمەڵە ڕێسایانەی کە واتا بەم کۆمەڵە ڕێسا یان کردانە دەبەخشن[2].

---

[1]- W. Lawrence Neuman, Basics of Social Research: Qualitative and Quantitative Approaches, second edition, London, 2006, p.43.

[2] - برایان فی، نظریەی اجتماعی و عمل سیاسی؛ بررسی رویکردهای پوزیتیویستی، انتقادی، تفسیری، مترجم محمد زارع، موسسە انتشاراتی روزنامە ایران، تهران، 1383. ص. 110.

### بۆچی کۆیادەوەری و نەتەوەسازی؟

بە گوێرەی پێناسەی باوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوونی نەتەوە بەستراوەتەوە بە هەبوونی سنوورێکەوە کە ناوی دەوڵەتە. واتە دەوڵەت ـــ نەتەوە، بریتییە لە فۆرمێك لە ڕێکخراوی سیاسی کە تیایدا گروپێك لە خەڵکی کە مێژوو، نەریتەکان یان زمانێکی هاوبەشیان هەیە، لە ناوچەیەکی تایبەتدا لەژێر سایەی یەك دەوڵەتدا ژیان دەکەن[1]. بەڵام بە گەڕانەوە بۆ مێژووی نەتەوەسازییەکان لە بەریتانیا و فەرەنسای سەدەکانی شانزەوە تا ژاپۆن و ئەڵمانیای سەدەی بیست، وڵاتانی ئێران، تورکیا و ڕەنگە لە هەموویان بەرچاوتر ئیسرائیل، وەها گریمانە دەکەین، کە بە پشتبەستن بە کۆمەڵێك فاکتەر و کۆڵەکەی سەرەکی کە یەکێك لەوانە کۆیادەوەرییە، دەکرێت لە چوارچێوەی هەرێمێکی فیدراڵیشدا نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی وەك پرۆژە و پرۆسە جێبەجێ بکرێت. لەم پێناوەدا، پرسیارە جەوهەرییەکان بریتین لەوەی ئایا دەتوانین ئەوەی لەماوەی ئەم سەد ساڵەی ڕابردوودا بەناوی جووڵانەوەی کوردی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد یان کوردایەتی سەری هەڵداوە، ناو بنێین ناسیۆنالیزم؟ ئەوانەی ڕۆڵیان لەم جووڵانەوەیەدا بینیوە کێبوون و ئامانجیان چیبووە؟ ئایا جووڵانەوەکە توانیویەتی لە هەرێمی کوردستاندا نەتەوسازی بکات؟ کۆیادەوەرییەکانی کورد لە جەنگەکان، ڕووداوەکان، خەبات و ململانێکان، ڕاگواستن، بەعەرەبکردن، تۆپباران، کیمیابیباران، ئەنفال، ڕاگواستن، کۆچە بەکۆمەڵەکان، هەڵاتنەکان، ڕاپەڕین و جووڵانەوەکان، کۆڕەو، شەڕی نێوخۆ، ناپاکییەکان، سەرکردە تێکۆشەرەکان، سیمبولەکان، شوێنەکانی یادەوەری (مۆنۆمێنت، پەیکەر، مۆزەخانە، شاخ و گرد، شوێنەوارەکان)، چۆن لە کۆیادەوەری خەڵکی کوردستاندا بیچمیان گرتووە؟ ئایا ئەم یادەوەرییانە بوونەتە هەوێنی ناسنامەی نەتەوەیی و نەتەوەسازی؟ ڕۆڵی کارەکتەرە سەرەکییەکانی وەك تەریقەت، چەپەکان، ئیسلامییەکان، یەکێتی و پارتی و دەسەڵات لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا چیبووە؟ ئایا ڕێگر بوون لەبەردەم جووڵانەوە و نەتەوەسازیدا یان بزوێنەر بوون؟ لە کۆتاییدا ئەگەر نەتەوەسازی وەك پرۆسە و پڕۆژە جێبەجێ کراوە، دەستکەوتەکانی کامانەن و دەتوانین چ ناوێکی لێبنێین؟

[1] – nation-state, United Nations Economic and Social Commission for Western Asia( https://archive.unescwa.org/nation-states) (2024/3/1) ڕێککەوتی دواسەردان

ئەم کتێبە بە گەڕانەوە بۆ پایە و ڕەهەندە سەرەکییەکانی نەتەوەسازی و جەختکردنەوە لەسەر گرنگیی کۆیادەوەرییەکان، سـیمبول و ڕووداوەکانی ڕابردووەوە دەتوانێت وەك یەکەم هەوڵ بۆ تێگەیشـتن لەم پەیوەندییەی کە لە نێوان کۆیادەوەرییەکان و نەتەوەسازیدا هەیە، جێگەی خۆی بکاتەوە.

شرۆڤە و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەڕووی خەسـارناسـییەوە، ڕوانین و تێگەیشـتنێکی کراوە و قووڵترمان سـەبارەت بە بەربەسـتەکانی بەردەم نەتەوەسـازی پێدەدەن. هەروەها ئەنجامەکان دەتوانن ببنە زەمینەی هەنگاوی کردەیی و سـتراتیجیی بۆ دروسـتکردنی ناسـنامە، سـیمبول و ئینتیمای هاوبەشـی نەتەوەیی و بەرهەمهێنانەوەی یادەوەرییەکان بە ئاڕاسـتەی نەتەوەسـازی و دەوڵەتسـازی لە هەرێمی کوردستاندا.

بە شـێوەیەکی گشـتی، ئـامـانجی ئەم توێژینەوەیە بنکۆڵکردن و تێگەیشـتنە لە چەمکەکـانی کۆیادەوەری و نەتەوەسـازی بە خزانەنێو سـیسـتمی نێوانزەینیبوون و واتایی خەڵك، سـیاسـییەکان و ئەوانەی بە شدار و ئاگاداری سیستمی دە سەڵاتن. بە شێوەیەکی تایبەتیش ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە خسـتنەڕووی مۆدێلێکی تیۆریی سـەبارەت بە کۆیـادەوەری و نەتەوەسـازی لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان کۆیادەوەری و نەتەوەسازی و ڕۆڵی کۆیادەوەرییەکان لە نەتەوەسـازیدا. بۆ ئەم مەبەسـتە دەتوانین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەمشـێوەیەی خوارەوە پۆلێنبەندی بکەین:

١- ڕوانین و تێگەیشتنی پسپۆڕان، سیاسییەکان و خەڵك بۆ کوردایەتی، نەتەوەسازی و کۆیادەوری.

٢- تێگەیشـتن لە ئاڕاسـتە سـەرەکییە هزری، ئایینی، نەتەوەیی و حزبییەکان و ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی کوردایەتی یان ناسیۆنالیزمدا.

٣- ڕوانگەی خەڵکی هەرێمی کوردسـتان سـەبارەت بە کۆیادەوەرییەکان و مامەڵەی دەسـەڵات بەو ئاڕاستەیە.

٤-تێگەیشـتنی ئەوان بۆ پرۆسـەی نەتەوەسـازی و بۆچوونیان سـەبارەت بە هەنگاوەکانی دەسـەڵات بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی.

٥-خسـتنەڕووی مۆدێلێکی مەیدانیی کە سـێ ڕەهەندی دۆخی، مامەڵە و دەرهاویشـتەکان لەسـەر بنەمای گراونددتیۆری لەخۆ بگرێت.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە و لەژێر ڕۆشنایی تیۆر و بۆچوونەکانی زۆرینەی تیۆریستەکان و توێژەرەوانی بواری نەتەوەســــازیـدا، کە خۆی لە تیۆرەکـانی جەوهەرگەرایی، بونیـادگەرایی (structuralism) و مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا دەبینێتەوە و جەخت لەسەر بە شداربوون، پیشەسازیبوون، سەرهەڵدانی ســیســتمی کۆمەڵایەتییەکان و خوێندنی گشــتی دەکاتەوە.[1] یان هەر ســێ ڕوانگەی ئەزەلیگەرا (primordialist)، ڕوانـگەی ســـازکـراوەگەرا (constructivist) و ئـیـتـنـیـکـگەرا (ethnicist)[2]دا، ڕەهەندەکانی کۆیادەوەری و نەتەوەســازی لە چەند باسـێکدا پۆلێنبەندی دەکەین کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**1- ڕەگوڕیشەی نەتەوە، ناسیۆنالیزم و کوردایەتی**

لەم باســەدا توێژەر جەخت لەســەر ڕوانین و تێگەیشــتنی خەڵکی هەرێم ســەبارەت بە هەبوون یان نەبوونی نەتەوە، نا سیۆنالیزمی کورد، ڕەچەڵەکی کورد، فۆرم و دە ستکەوتەکانی نا سیۆنالیزمی کورد لە هەرێمی کوردستاندا دەکەنەوە.

**2-ناسیۆنالیزمی کورد و تەریقەت**

لەم باسەدا شرۆڤەی تێگەیشتن و واتای زەینیی خەڵکی هەرێم دەکەین سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری تەریقەت و شـێخەکان لە ناسـیۆنالیزمی کورددا و ئەوەی کە ئایا تەریقەت و شـێخەکان بە بزوێنەر یان بەربەست دەزانن لەبەردەم ناسیۆنالیزمی کورددا.

**3-ناسیۆنالیزمی کورد و ئیسلامییەکان**

مشــتومڕ لەســەر هاوردەبوون و هەڵتۆقینی حزبە ئیســلامییەکان، کۆك و ناکۆکییان لەگەڵ نەتەوە و ناســیۆنالیزم لە کاتی دەرکەوتنیانەوە تا هەنووکە، بەردەوامیی هەیە. لەم باســەدا شــەنوکەوی ڕوانین و تێگەیشــتنی خەڵکی کوردســتان دەکەین ســەبارەت ئیســلام و ئیســلامییەکان و ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیدا و ئایا خەڵکی ئیسلامییەکان بە بەربەست یان بزوێنەوەری ناسیۆنالیزم دەزانن.

هەواڵنامەی کتێب

[1] - افشین زرگر، مدلهای دولت. ملتسازی، از مدل اروپایی تا مدل اوراسیایی، فصلنامەی تخصصی علوم سیاسی، سال چهارم، شماره هفتم، 1386، ص 17-160، ص۱۱۹.

[2] - Abbas Vali, Nationalism and Kurdish Historical writing, New Perspectives on Turkey, spring 1996, 14, pp. 23-51, p.3.

**4-ناسیۆنالیزمی کورد و چەپەکان**

هاوتەریب یان پێش دەرکەوتنی حزبە ئیسلامییەکان، چەپەکان لەژێر کاریگەری شیوعی عێراقی، مارکسیزم و سۆسیالیزمدا دە ستیان بە چالاکی کرد. لەم با سەدا لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خەڵکەوە، ڕۆڵ و هزری چەپەکان لە ناسیۆنالیزمی کورددا و بوونیان بە بەربەست یان بزوێنەر لە بەردەمی ناسیۆنالیزمی کورددا شەنوکەو دەکەین.

**5-ناسیۆنالیزمی کوردی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان**

لەم باسەدا ڕۆڵی یەکێتی و پارتی وەك دوو حزبی سەرەکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەرێمی کوردستان و پێکهێنەری دەسەڵات تاوتوێ دەکرێت و تێگەیشتن و ڕاڤەی خەڵك بۆ ئەم دوو حزبە لەبارەی ڕابەرایەتیکردن یان بوون بە بەربەست لەبەردەم ئامانجەکانی ناسیۆنالیزمدا شەنوکەو دەکرێت.

**6-نەتەوەسازی و دەسەڵات**

لەم با سەدا بە پشتبە ستن بە تێگەیشتن و واتای زەینیی خەڵکی کورد ستان، ڕەهەند و کۆڵەکەکانی نەتەوەسازی، ڕۆڵی دەسەڵات و حزبە پێکهێنەرەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا شەنوکەو دەکەین.

**7-نەتەوەسازی و بەربەستەکانی**

لەم با سەدا وێڕای تاوتوێی بونیادەکانی کۆمەڵگەی کورد ستان، تێگەیشتن و ڕاڤەی هۆکار و بەربە ستە ناوەکی و دەرەکییەکانی بەردەم نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەی خەڵکییەوە شرۆڤە دەکەین.

**8-کۆیادەوەری و نەتەوەسازی**

لە باسی کۆتاییدا، تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی خەڵك بۆ بونیاد و خەسڵەتەکانی یادەوەری کۆمەڵگەی کورد ستان، بوون و نەبوونی کۆیادەوەری، سیا سەتی یادەوەری، هەنگاوەکان بە ئاڕا ستەی پاراستنی کۆیادەوەری یان دژ بە کۆیادەوەری و ڕۆڵی کۆیادەوەرییەکان لە نەتەوەسازیدا شرۆڤە دەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

# توێژینەوەکان بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی

## پێشەکی

پەیوەســت بە کار و توێژینەوەکان ســەبارەت بە مێژووی کورد و ناســیۆنالیزم، گەلێك کاری گرنگ و پڕبەها لە لایەن گەڕیدە، ڕۆژهەڵاتناس، مێژوونووســـان، توێژەرانی کورد و بیانییەوە، ئەنجام دراون. بۆچوونێك پێیوایە کە لەم ســەد ســاڵەی ڕابردوودا زۆرێك لە توێژینەوەکانی پەیوەســت بە کوردەکان بەرهەمی ئامادەیی سیاســی و سەربازیی دیپلۆمات و سەفیرانی وڵاتانی ئەوروپی و ڕووسـیا لەوانەش با سیل نیکیتین(Basil Nikitin,1885 –1960)، جۆن ئەدمۆنز، (Cecil J. Edmonds, 1889 –1979) ڤلادیمیر مینۆرسکی(Vladimir Fyodorovich Minorsky, 1877-1966)، جەیمز ریچ (Claudius James Rich,1786-1821)و مەیجەر نۆئیلە(Major Noel, 1886- لە ناوچە جیاجیاکانی کوردســتانن. بۆچوونێکیتر، توێژینەوە کورد ناســییە کان بە بەرهەمی توێژینەوەی کۆمەڵێك ئە کادیمیی هاوچەرخ دەزانێت[1]، لەوانە مارتن ڤان برۆنســن(Martin van Bruinessen,1946-)، جاناتان رندال( Janathan C. Randal,1933-)، تۆما بوا(Thomas Bois)، کریس کۆچێرا(Chris Kutschera، 1938-2017)، و دەڤید مەکداوڵ ( David McDowall, 1949-)؛ کە هەندێك لە بەرهەمەکانی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون.

---

[1]- احمد محمدپور. مهدی رضائی، مطالعات کردشناسی در ایران، مروری بر موضوعات و رهیافتها، ایران نامگ، سال ۱، شماره ٤، ۱۳۹۵: ص.٥-۷.

لە دوای ڕاپەڕینیشـــەوە، لەســـەر ئاســـتی نێوخۆ و دەرەوە، توێژینەوەگەلی جۆراوجۆر لەناو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ تایبەت بە کورد و کوردســـتان، لە ڕوانگەی جۆراوجۆری مێژوویی و ســـیاســـییەوە تا بیرەوەری تاکەکەســی، ژیاننامەی کەسـایەتییەکان، پرۆسـەکانی ئەنفال و جینۆسـایدەکان نووسراون. جگە لەوەی کە ناکرێت جێپەنجەی هەندێك بابەتی ئەدەبی و هزریی پەیوەست بە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و مێژووی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و چەند پرۆژەیەکی تۆمارکردنی کارەسات و جینۆسایدەکان (بەتـایبەت ئەنفـال[1]، جینۆســـایـدی هەڵەبجە[2] و بـارزانییەکـان)، و بڵاوکردنەوەی چەنـد گۆڤـار و ڕۆژنامەیەك کە ـ هەندێکیان بە هەوڵی تاکەکەسیی ئەنجام دراون ـ لە دوای ڕاپەڕینەوە لەبیر بکرێن.

لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی جینۆســـایددا، لە لایەن هەندێك دەزگای تایبەت بە قوربانیانی ئەنفال و جینۆســـا ید، یان بەرهەمی ئەدەبی و گۆ ڤاری هزرییەوە (بۆ نموونە ڕەهە ند)، ســـەرنجیان لەســـەر چەمکگەلێکی وەك " دەوڵەت ـ نەتەوە، ناسیۆنالیزم، شەڕی نێوخۆ و کۆمەڵگەی شارستانی[3]، شەهید، خێڵ" و بابەتگەلی ـــ زیاتر تیۆری ـــ سەبارەت بە دروستبوونی نەتەوە[4] و بەربەستەکانی بەردەمی[5] و یـادەوەری وەك ڕەگەزێکی مـانی نەتەوە [6]چڕ کردووەتەوە. لە کـایەی میـدیـادا لە دوای ڕاپەڕینەوە، جارجارە بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی، وتاری ڕۆژنامە، گۆڤاری نێوخۆیی و هزری بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و بۆنەکـان لە لایەك، کۆمەڵگەی مەدەنی و ئـازادییەکـان لە لایەکیترەوە تەرخـان کران و لەم دوو دەیەیەی کۆتـاییشـــدا بە هۆی کرانەوەی زیـاتری هەرێم بەڕووی جیهـانیبوونـدا و هـاتنی ڕێکخراوە بیانییەکان، وردەوردە گوتاری نیشـــتیمانســـازی و کوردســـتانیبوون کەوتە زاری بەرپرســـان، حزب و دەسەڵاتەوە.

لەســـەر ئاســـتی زانکۆکان و توێژەرانی دەرەوەش، لانیکەم لەم چوار دەیەیەی کۆتاییدا، بەدەگمەن کتێب یان وتار و توێژینەوەیەکی بواری ناســیۆنالیزممان بەرچاو دەکەوێت کە ناوی کورد، مێژووی کورد

[1] - http://www.anfalistan.com/ (2024/2/20)دوایین سەردان

[2] – پەیجی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە https://www.facebook.com/komalayqwrbqnyan ڕێککەوتی دواسەردان (2023/5/18)

[3] - مەریوان وریا قانع، شەڕی ناوخۆ، ڕەهەند، ژمارە(1)، دانیمارك، 1996، ل17-65.

[4] - ئاراس فەتاح، شوناس و ململانێ لە کۆمەڵگەی دوا جەنگ، ڕەهەند، ژمارە 16و17، دانیمارك 2004، ل81.

[5] - ئاراس فەتاح، نەتەوە و گروپە ستراتیجییەکانی، ڕەهەند، ژمارە(1)، دانیمارك، 1996، ل129-175.

[6] - مەریوان وریا، نەتەوە و ناسیۆنالیزم، ژمارە 16و17، دانیمارك، 2004، ل140.

هەواڵنامەی کتێب

و جووڵانەوەی کوردیی تێدا بەکار نەهاتبێت، بەڵام لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەدا بۆ نموونە ئەنسکلۆپیدیای نەتەوە جیهانییەکان و کولتوورەکاندا[1] بەتایبەتی، ناوی کورد تەنیا وەك گروپی ئێتنیکی لە چوارچێوەی دەوڵەت ـــ نەتەوەکانی دیکەدا ئاماژەی پێکراوە. هۆکاری ئەمەش لەخۆڕا نییە و لە جەوهەردا کێشەی سەرەکی پرسی کورد پێکدەهێنێت. هەڵبەت ئەم بەکارهێنانە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواییەکانەوە کێشەیەك دروســت ناکات، چونکە لە بنەڕەتدا وشــەی نەتەوە لەوێ لەدایك بووە و لەڕوانگەی ئەوانەوە واتایەکی جیاوازی هەیە لەو واتایەی کە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کوردســتانیان بەســەردا دابەشکراوە، بەکاری دەهێنن. بۆ نموونە وڵاتانی ڕۆژئاوا، لەبەر زۆر هۆکاری وەك فەلسەفەی ڕۆشنگەری و تێپەڕاندنی ســیســتمەکانی دەســەڵاتی ئایینی و مۆنۆپۆلی زانین (ئیپیســتمە) لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە، بەکارهێنانی ئەم وشــە و دەســتەواژانە بە مەترســییەك بۆســەر ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان نازانن. کاتێك لە ڕێبازی ئینگلیزی - ئەمریکیدا وشــەی ئێتنیســیتی بەکار دەهێنرێت، زیاتر مەبەســت لێی گروپگەلی کەمینەن لە ناو کۆمەڵگەیەکی گەورەتری نەتەوە ـــ دەوڵەتدا. لە ڕێبازی ئەوروپییەکاندا بەزۆری ئەم چەمکە هاوواتای چەمکی نەتەوایەتی (nationhood) بەکار دەهات.

کاتێك دەگەڕێینەوە بۆ لای عەرەب، تورك و فارسەکان، یان بەهەڵە چەمکەکەیان وەرگێڕاوەتە ســەر زمانەکەیان یان چەمکی ئێتنیسیتی بە واتای (قومیت) بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی نەتەوەکانی دیکە، یان ئێتنیکەکانی دیکەی پێ بچووك بکەنەوە و ئێتنیکی خۆیان پێ بەهێز و ســەردەســتە بکەن. کەواتە بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەمك و دەستەواژانە دەکرێت بە مەبەستی دەمارگیری و تەنانەت ڕێخۆشکردن بۆ تواندنەوەی نەتەوەکان و چەوســانەوە و قڕکردنیان بەکار بهێنرێن. بۆ نموونە لە ســەرەتای ســەدەی نۆزدەوە کە پرۆژەی مۆدێرنکردنی پڕۆژەی نەتەوەسازی[2] ئێرانی دەست پێدەکات تا سەردەمی شۆڕشی ئێران و هەنووکەش یەکێـك لە ئـامـانجەکـانی نـاسـیۆنـالیزمی فـارســی[3] بە "ئەویترکردنی گروپە نیوخۆییەکـان" و "گروپبەنـدی کۆمەڵگەی کوردی و ســەرلەنوێ ڕێکخســتنەوەیـان بووە لە ڕێگەی

[1] - George Thomas Kurian, Encyclopedia of the World’s Nations and Cultures, copyright © Infobase Publishing, 2007, p.1009.

[2] - Afshin Marashi, Exile and the nation: the Parsi community of India and the making of modern Iran. University of Texas Press, 2020, p.16.

[3] - Kamal Soleimani, & Ahmad Mohammadpour, Can non-Persians speak? The sovereign’s narration of “Iranian identity.” Ethnicities, 19(5), 2019. 925–947.p.1.

پێناسەکردنەوەی دەوڵەتەوە وەك کۆمەڵێك خێڵ (عەشایەر)، بۆ خزمەتی ئامانجی سیاسی خۆیان[1]".
هەندێك لە ڕۆشنبیرانیان کە خاوەن گوتاری ئێرانشارین، وەك سەید جەواد تەباتەبایی و هەندێکی تر لە خەمی یەکێتی نەتەوەییدا وەك نعمت الله فاضلی و وجدانی، ئەرکی هەندێك لە دامەزراوە زمانی و کولتوورییەکانی نێو ئێرانیان لە پاککردنەوەی زمانی فارسی لە زمان و کولتوورەکانی دیکەدا بینیوەتەوە و ئێتنیکە نافارسەکان بە قەومی و لۆکاڵی ناو دەبەن[2، 3]. یەکێك لە بەرچاوترینیان کە کەسرەوییە پاڵپشتی سڕینەوەی هەرچی زمانی دەکرد جگە لە فارسی و زمانی کوردی بە نیوەزمانی پارێزگاکان دەزانی و پێیوابوو کە فرەزمانیی پەرتەوازەیی بەرهەم دەهێنێت[4] و ڕێگرە لەبەردەم یەکگرتوویی وڵات[5].
ئەمانە لەچاو ڕەوتی مێژوونووسیی مۆدێرنی ئێرانیدا (بۆ نموونە کارەکانی ڕەشید یاسمی)، کە دەست لەملان دەبێت لەگەڵ سیاسەتدا بۆ یەکپارچەکردنی ڕەگەز، مێژوو و زمانی ناو سنوورەکانی دەوڵەتی مۆدێرن و بەئارییاییکردن و بەئێرانیکردنی کوردەکان هێمنترن[6]. یان هەوڵەکانی مەحمود ئەفشار و تەقیزادە بۆ بەدیهێنانی یەکێتی نەتەوەیی و نەتەوەسازی بە پاڵپشتی دەوڵەت. ئەوان پێیانوابوو کە بەکارهێنانی زمانەکانی تر جگە لە فارسی، جلوبەرگی لۆکاڵی، جیاوازییەکان لە سیستمی پەروەردە و فێرکردنی ناوچەکان، زیانێکی گەورە بەو ئامانجانە دەگەیەنێت[7].

[1] - Ahmad Mohammadpour & Kamal Soleimani: 'Minoritisation' of the other: the Iranian theo-ethnocratic state's assimilatory strategies, Postcolonial Studies, 2020, p.7.

[2] - Nematollah Fazeli, Politics of Culture in Iran Anthropology, Politics and Society in the Twentieth Century. New York: Routledge. 2006. P. 53.

[3] - Farzin Vejdani, Making History in Iran: Education, Nationalism, and Print Culture.: Stanford University Press, Stanford , 2015, p.117.

[4] - محمدباقر خرمشاد، گفتمان هویت ملی جریان ناسیۆنالیسم، قبل و بعد از انقلاب اسلامی، (باتطبیق اندیشەی احمد کسروی، و عزت الله سحابی، جستارهای سیاسی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال نهم، شماره اول، بهار 1379، 21-48، ص 30.

[5] - احمد کسروی، ما و همسایگانمان، پرچم هفتگی شمارەی 6، اردیبهشت 1323، ص.1. https://www.scribd.com/document/540057625/Ma-Hamsayegan 2023/12/10

[6]- ئازاد حاجی ئاقایی، نووسینەوەی مێژووی کورد لە ئێران لە نێوان سێکوچکەی وەبیرهێنانەوە، لەبیربردنەوە و داهێنان(ئاوڕدانەوەیەکی شیکاری ڕەخنەگرانە لە کتێبی کرد و کردستان –ی ڕەشید یاسمی)، گۆڤارا زانکۆیا دهوك، پەربەندا، ژمارە1، (زانستین مروڤایەتی و کۆمەڵناسی)، بپ 34-48، 2021،ل11.

[7]- هەردی مهدی میکە، سیاست ایران در قبال کردها (1921-1941)، چاپی یەکەم، ناوەندی کوردستان/زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، 2019، ص242.

عەباس وەلی پێیوایە مێژووی مۆدێرنی تورکیا لە هەمبەر کوردەکان بریتییە لە سەرکوت، نکۆڵیکردن و بێدەنگکردن. دەســەڵات و گوتاری مێژوویی "ڕژێمێکی ڕاســتییان (هەقیقەت)" بەواتا فۆکۆییەکەی بەرهەم هێناوە کە ئامانجی کۆتایی ئەم ڕژێمی ڕاســتییە بەکارهێنانی زانینی مێژوویە بۆ بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیی/باڵادەستی یەکپارچە لە ڕێگەی سەرکوتی "ئەو جیاوازییانەوە" کە یەکێتی سیاسی و گوتاریی ئەم ناسـنامەیە دەهەژێنن[1] . لە گرنگترین فەرهەنگی ئەواندا کە سـەرچاوە و ڕەگوڕیشـەی هەموو وشەکان پشتی پێ دەبەسترێت وەها پێناسەی (Kürt) کراوە: کۆمەڵێك کە لە ئاسیای بچووك دەژین و بەشـێکن لەم کۆمەڵەیە[2] . لە کاتێکدا نەك بۆ تورکە کان کە بە هەموو ئەو خەڵکە (halk) تورکانەی کە لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە دەژین و بەشێکن لەم ڕەچەڵەکە، پێناسەیان دەکات، بەڵکو نەتەوەکانی دیکەی جگە لە کورد هەر بە خەڵك پێناسە دەکات. زۆرێك نووسەرانی عەرەبیش بە هەمان شـێوە درێخییان نەکردووە، بڕوانە جویدە، مێژوونووســی عێراقی چۆن باســی کوردەکان و ســیســتمی سـیاسـییان دەکات: سـیسـتمی سـیاسـی ئۆتۆنۆمی کوردی هەرگیز نەیتوانیوە سـنووری قۆناغی خێڵ تێپەڕێنێت. سەرکردەکانی کورد کە لە دروستکردنی وەها سیستمێکدا سەرکەوتوو بوون کە لە جیانی بنیادنانی مۆدێلێکی کوردی سیستمی سیا سی، ڕوو لە چوارچێوەیەکی ئیسلامی بکەن. لە ئەنجامدا لە جیاتی دامەزراوەگەلی پشتئەستوور بە دەوڵەت، ئەوە دامەزراوەکانی وابەستە بە خێڵن کە باشترین شێوەی دامەزراوە سیاسییەکانی کوردستان پێکدەهێنن[3].

سەبارەت بە نەتەوە سازی و کۆیادەوەری لە هەرێمی کورد ستاندا پێویستمان بە کاری زۆر جددیتر هەبووە و هەیە. لەم بەشــەدا لە نێو ئەو توێژینەوانەدا کە بە شــێوەیەکی ئەکادیمی نووسراون و قووڵتر پەرژاونەتە ســەر بوونی نەتەوەیی کورد، ڕەگەزەکان، ڕەچەڵەکی نەتەوە و کۆژانەکانی کورد لە هەرێمی کورد ستاندا، ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین. هەڵبەت پێوەری ڕیزبەندی ئەم سەرچاوانە تەنیا گرنگیانە لەڕووی ناوەڕۆکی بابەتەکانەوە، نەك کاتی بڵاوبوونەوە یان تەمەنی نووســەرەکان. ســەرەتا ئاماژە بە

---

[1]- عباس ولی و نویسندگان، تاریخ بەتاراج رفته، از کتاب گفتارهایی در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، ترجمه مراد روحی، چاپ دوم، 1398، نشر چشمه، تهران، ص. 12.

[2] - Türk Dil Kurumu Sözlükleri, https://sozluk.gov.tr/ (2024/1/17) ڕێککەوتی دواسەردان

[3] - Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East, The British Journal of Sociology, Volume 0 Issue 0, 2019, p. 7.

کۆمەڵێك نووسەر دەکەین کە بەرهەمەکانیان لە شێوەی کتێبدا بڵاو کردووەتەوە، پاشان توێژینەوە و تێزەکانی ماستەر و دکتۆرا دەناسێنین.

**بوونی نەتەوەیی کورد (عیرفان مستەفا)**

بە کتێبی "بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا" دەست پێدەکەین. نووسەر بە ڕوانگەیەکی زیاتر فەلسەفی و تیۆری، حاڵەتی ئەنتۆلۆجیی بوون و نەبوونی نەتەوەیی کورد لە سەردەمی مۆدێرنەدا شەنوکەو دەکات. ئەو مۆدێرنیزم وەك ئایین و خودایەك دەناسێنێت کە دەبێت هەمووان باوەڕی پێبهێنن و بەدوای دۆخ و شوێنگەی نەتەوەی کورددا دەگەڕێت لەم پانتاییەدا. ئایینێك کە توانای دروستکردنی هەیە. نەتەوەکان خۆیان مادەی خاو و ڕەق و تەقن و دروست دەکرێن لە لایەن ئەو مۆدێرنیزمەوە. لەژێر ڕۆ شنایی تیۆرە مۆدێرنەکانی نەتەوە و نا سیۆنالیزمدا کە ئەو بە ئەڵمان و فەرەنسییەکان پۆلێنیان دەکات، کتێبەکەی هەوڵێکە بۆ شکاندنی ئەو وێنەیەی مۆدێرنیزم بۆ نەتەوە کێشاوییەتی. وێنەیەك کە ئاڕاستەمان دەکات، بۆ ئەوەی لە نێو خودی مۆدێرنیزمدا بە دوای بوونی نەتەوەدا بگەڕێین، چونکە ئەوە کۆمەڵگەی پیشەسازییە کە نەتەوەی دروست کردووە و خۆیشی بەرهەمی مۆدێرنیتەیە، نەك کۆهزرییەك کە نەتەوە ئاڕاستە دەکات. لێرەوە نووسەر دەیەوێت کورد وەك بەشێك و کارەکتەرێك لەناو مێژوودا بناسێنێت، واتە وەك سوبێکت نەك ئەو ئوبجێیەی کە مۆدێرنیتە لە ئێمەی چاوەڕێ دەکات. بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرە ئەڵمانەکان کە سەرنجیان لەسەر ئەقڵ و ژیانی هزری چڕ دەکەنەوە. پاشان بە یارمەتی بیرمەندانی وەك گێلنەر کە لە ڕێگەی سێ چەمکی عەبەس، خێڵ و ئەقڵەوە جەخت لەسەر دەرکەوتنی نەتەوە دەکاتەوە لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا؛ خدووری (١٩٦٠) کە پێداگری لە سەر دروستکردنی نەتەوە دەکات لە لایەن نەتەوەخوازییەوە وەك بەرهەمێکی مۆدێرنیتە؛ ئەنتۆنی دی سمێس، بە تیۆری ئیتنۆ سیمبولیزم؛ ڕێنان بە گرنگیدانی بە ڕۆحی نەتەوەیی و کۆیادەوەری؛ و ڤان برۆنسن بە خستنەڕووی بۆچوونی موزاییکبوونی بزووتنەوە کوردییەکان؛ لە سایەی فەیلەسوفانی وەك هیگڵ، کا نت و لایبنیتزدا، دەیەو ێت دۆخی کورد و بەربەستە کانی بەردەم نەتەوەسازی بنکۆڵ بکات.

هەڵبەت نووسەر پێداگرە لەسەر تایبەت و تاقانەبوونی کورد، چونکە پەیڕەوی هیچ ڕێسا و یا سایەك ناکات و لە هیچ نەتەوەیەکی تر ناچێت. وەك بڵێی کورد هەمیشە یاخی بووە لە یاسا باوەکانی شوناس و کولتووری هاوبەش، ڕووی لە یاسای جیاوازی کردووە و بە هیچ شێوەیەك بە تۆتالیتارییەتی زمان و کولتوور ڕازی نەبووە و نابێت. هەر ئەم تایبەتمەندییە لە عەبەسەیی و خێڵەکیبوونی عەرەب، فارس و تورکی جیا دەکاتەوە. واتە کاتێك سێ نەتەوەکەی بەرامبەری کورد دەتوانن هەر لە ڕێگەی ئەم ڕێسایەوە نەتەوە دروست بکەن، لەبەر پێشکەوتووبوونی ئەوان و دواکەوتوویی کورد نییە، بەڵکو لەبەر ملدانی نەتەوەکانی دیکەیە بە یاسای شوناس و تۆتالیتارییەتی زمان و کولتوور؛ بەڵام کورد بەم سەرکزییە ڕازی نابێت. ئەوەی عیرفان مستەفا لە توێژەرانی دیکەی کوردناسی جیادەکاتەوە، بریتییە لە ڕوانینی سوبێکتیڤییانە سەبارەت بە کورد. هەر ئەمەش وادەکات کە یەکێك لە کارە پڕ بەهاکانی ئەو بوارە بژمێردرێت. توێژەرانی دیکەی بوارەکە زۆرجار وەك ئۆبجێ مامەڵە لەگەڵ کورددا دەکەن؛ نەتەوەیەکی نا چالاك و دەستەوەستاو لە هەمبەر هێز و نەتەوە کانی دیکە و دۆخ و هەلومەرجە سەپێنراوەکان. بەڵام کتێبی بوونی نەتەوەیی کورد دەیەوێت لە ڕۆحی نەتەوەکانەوە یان کولتووری نەتەوەکە (یادەوەری و ویستی گشتی) خۆیەوە تیۆرێك هەڵێنجان بکات.

سەبارەت بە تێزەکەی عیرفان مستەفا، خاڵێك هەیە کە پێویستە لەبەرچاوی بگرین. ئەوەی کە ئەو دەیەوێت نەتەوەی کورد و زمانی کوردی لە دەرەوەی پارادایمە هزرییەکان بەتایبەت مۆدێرنیتە و سازکراوەگەراکانەوە بخوێنێتەوە و بیانکاتە حاڵەتێکی تاقانە، ڕەنگە وابکات کە دەرگای توێژینەوەی زیاتر سەبارەت بە کورد و زمانەکەی دابخرێت، چونکە دواجار زانستی سەردەمیش خۆی بەشێك و ئامرازێکی سەرەکی مۆدێرنەیە و تاقانەبوونی حاڵەتێك لە دەرەوەی پارادایمی زاڵ، ڕەنگە ببێتە بەربەست لەبەردەم خوێندنەوەی زیاتر و گەشەکردن لەو دوو بوارەدا. بۆ نموونە کاتێك دەنووسێت "زمانی کورد نە زمانێکی دروستکراوە، نە مادەی خاوی زمانێکی دروستکراو... ئەمە لەبارەی کۆمەڵگەی کوردیشەوە دروستە"[1] تووشی دۆشدامانمان دەکات، مەگەر ئەوەی کە وەك نووسەر خۆمان یەکلایی بکەینەوە بۆ ڕێبازێکی تایبەت لە دەرەوەی ڕێبازە باوەکان. بەوەی کە کورد نەتەوەیەکی سیاسی نییە، بۆیە بۆ بوونی پێویستی بە دەوڵەت نییە. بۆ تێگەیشتن لەمەش دەبێت لە کولتوورە زمانییەکەی

[1]- عرفان مستەفا، بوونی نەتەوەیی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر، 2011.

ڕابمێنین و پەیوەستی بکەینەوە بە دەسەڵات و پاشان بە کۆمەڵگەوە. کۆمەڵگە تا هەنووکە خۆی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد و کولتوورێکی هاوبەش نەداوە بەدەستەوە و، دەیەوێت بە شێوەی سروشتی پەرە بە خۆی بدات نەك لە ڕێگەی سیاسەت و نەتەوەسازەکانەوە. ئەمەش وادەکات حاڵەتی کورد حاڵەتێکی ناوازە بێت.

**بونیادی خێڵ (مارتن ڤان برۆنسن)**

یەکێك لەو توێژەرانەی کە زیاتر لە چوار دەیەیە خۆی بە توێژینەوە سەبارەت بە کورد و کوردستان خەریك کردووە، مارتن ڤان برۆنسنە. هەر لە بەناوبانگترین کتێبییەوە کە "ئاغا، شێخ" دەوڵەت"ە، تا دوایەمین توێژینەوە و وتاری کۆنفرانسەکانی، سێ چەمکی سەرەکی دەکاتە دەروازە بۆ شرۆڤەی بونیادەکانی کورد و خوێندنەوەی قۆناغە یەك لەدوای یەکەکەکانی کوردستان؛ ئەو سێ چەمکەش بریتین لە " ئایین، زمان، خێڵ". هەڵبەت ئەو لە زۆربەی حاڵەتەکاندا باس لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات. بۆیە ئەگەر لە بەرهەمەکانیدا بەدوای چەمکی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا بگەڕێین، دەستمان ناکەوێت؛ بەڵام کاتێك بەوردی سەرنج بدەین، دەتوانین هەندێك سەرەداوی بەربەست لەبەردەم نەتەوەسازی لە کوردستان و هەرێمدا بدۆزینەوە.

برۆنسن دان بە ئاڵۆزیی تێگەیشتن لە کورد، ناسنامە و ئامانجەکانیدا دەنێت[1]. جگە لە هۆکارە دەرەکییەکانی وەك سیاسەت و پرۆسەی نەتەوەسازی وڵاتانی تورکیا، ئێران و عێراق کە ڕێگر بوون لە سەربەخۆیی کوردستان، ئەو پێیوایە کە بۆ تێگەیشتن لە پرسی کورد دەبێت لە بونیادەکانی ئایین، خێڵ و زمانی کوردی وەك هۆکارە خودییەکانیش تێبگەین. سەبارەت بە خێڵ و ئەو وابەستەیییە کە ناوی ناوە وەفادارییە سەرەتاییەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم جۆرە وەفادارییانە لەگەڵ بونیاد و دۆخی خەڵکدا سروشتیتر دەنوێنێت تا ئەو وەفادارییانەی کە دەچنە بازنەی چەمکگەلێکی بەرفراوانتر و

(1) - Martin van Bruinessen, ‘Kurdish identities and Kurdish nationalisms in the early twenty-first century’ Early versions of this paper were presented at the conferences, ‘21. Yüzyılda Milliyetçilik: Teori ve Siyaset’ (Ankara Üniversitesi Siyasal Bilgiler Fakültesi, 28-29 April 2014.

ڕووتتری وەك چین و نەتەوەوە[1] . ئەو لە دوو توێژینەوەدا ئاماژە بە ڕۆڵی ئایین وەك ڕەگەزێكی كولتووریی دەكات كە دەتوانێت ڕۆڵی یەكریزیی ببینێت، بەڵام بۆ كوردەكان بە ئاماژەكردن بە فرەڕەنگی، فرەئایینی/ئایینزایی و فرەشێخی كۆمەڵگە، ئایین بە هۆكارێكی لێكترازان ناوزەد دەكات. [2]هەرچەندە لە توێژینەوەیەكی دیكەدا لە ڕۆڵی ئیسلام وەك هێزی سیاسی كەم دەكاتەوە و پێیوایە كە ڕەوتی ئیسلامی بە دەگمەن بە ئاراستەی دژەنەتەوایەتی هەنگاوی ناوە، بەڵام مەحاڵیش نییە كە لە ئایندەی نزیكدا لەژێر كاریگەری گۆڕانكارییەكانی ئێران و توركیادا بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ناسنامەی ئێتنیكی هەڵوێست وەربگرێت[3]. ئەو هەڵبەت نایشارێتەوە كە ناسیۆنالیزمی كوردیی لە باشووری كوردستان ڕۆڵی كاریگەری لە ناسنامەی ئێتنیكیدا گێڕاوە، بۆ نموونە لە دەیەی شەستەوە تا كۆتایی شۆڕشی ئەیلوول جیاوازی زمانیی كاڵتر دەبێتەوە، بەڵام لەدای ئەو ڕێككەوتەوە و بەتایبەت بە دامەزراندنی حكومەتی هەرێم ململانێی یەكێتی و پارتی لەسەر داهات وای كرد كە جیاوازییەكانی نێوانیان قووڵتر ببنەوە. ئەو هەروەها سەبارەت بە یەكگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان گومانی هەیە لەوەی كە وەفاداریی حزبیی هێندە لاواز بووبێت كە نەبێتە ڕێگر لەبەردەم دامەزراندنی هێزێكی یەكگرتوودا[4]. ئەو لەبارەی خێڵ و پەیوەندییەكانی خێڵەوە سەرەڕای بەرەوپێشچوون لە هەندێك ڕووەوە، سەرنجی خوێنەر بۆ لای ئەو واقیعە ڕادەكێشێت كە لە ئەنجامی مامەڵەكردن لەگەڵ دامەزراوە سیاسییە مۆدێرنەكانی وەك بیرۆكراسیی دەوڵەتی و حزبە سیاسییەكان، هێشتا نەبووەتە هۆی لەناوچوونی بونیادی خێڵایەتی، بەڵكو چاكتر و بەهێزتری كردووە[5].

(1) - Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State; The Social and Political Structures of Kurdistan, Zed Books Ltd London and New Jersey, 1992.

(2) - Martin van Bruinessen, Kurdish Paths to Nation, Published in: Faleh A. Jabar & Hosham Dawod (eds), The Kurds: Nationalism and Politics, London: Saqi, 2006, pp. 21-48.

(3) - Martin van Bruinessen, Kurdish society, ethnicity, nationalism and refugee problems, The Kurds A Contemporary Overview Edited by Philip G.Kreyenbroek and Stefan Sperl, First published by Routledge, London and New York, 1992, pp27-52.

(4) - Martin van Bruinessen, 'Tribes and ethnic identity' published in: Faleh A. Jabar and Renad Mansour (eds), The Kurds in a Changing Middle East: History, Politics and Representation. London: I.B.Tauris, 2019, pp. 141-170.

(5) - Martin van Bruinessen, 'Kurdish society and the modern state: ethnic nationalism versus nation-building', in: Turaj Atabaki and Margreet Dorleijn (eds), Kurdistan in search of ethnic identity. Utrecht: Department of Oriental Studies, 1991.

**نەتەوەناسی (ڕەشاد میران)**

ڕە شاد میران، یەکێکیترە لەو نوو سەرانەی کە چەندین کتێب و توێژینەوەی لە بواری نەتەوەنا سی و مرۆڤناسیی کۆمەڵگەی کوردستان بڵاو کردووەتەوە. هەردوو کتێبی "چەند بابەتێکی ئیتنۆکۆمەڵایەتی" و "مرۆڤناسـی[1]" دوو لەو کتێبە گرنگانەن کە لە ڕێگەیانەوە واتا و قووڵایی ئەدەبیات و چەمگەلێکی وەك، نەتەوە، ئێتنیك، نەتەوە ناسـی و ماك و مۆرکە کانی نەتەوەی ڕوون کردووەتەوە. ئەم گرنگی و بایەخێکی زۆر بە ماکە کانی وەك ئایین و نەتەوە، زمان و نەتەوە، کولتوور و نەتەوە، هوشـیاری نەتەوەیی و دیاردە کانی ئیتنۆکولتووری و ئیتنۆ سـایکۆلۆگی داوە. لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت ڕەگوڕیشـەی کورد و بونیادی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسیی کۆمەڵگەی کورد ڕوون بکاتەوە.

**شوناس (شێرکۆ کرمانج)**

شـێرکۆ کر مانج یەکێکیترە لەو توێژەرانەی کە چە ند توێژینەوەیە کی سـە بارەت بە شـو ناس و نەتەوەسازی لە عێراق و کوردستاندا ئەنجامداوە. شونا سی عێراق؛ ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان (٢٠١٧)، یەکێکە لەو کتێبانە. گرنگی کارە کانی نووسـەر بەشـێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ناو کۆنتێکسـتی عێراقدا و بە گەڕانەوە بۆ مێژووی پرۆسـەی گونجانی نەتەوەیی کە نووسـەر بە ئامێزانی نیشـتیمانی وەرگێڕانی کردووە، شـیکارێکی مێژوویانە بۆ گەشـەی سـیاسـی ـــ کۆمەڵایەتی و ئا ستەنگەکانی بەردەم پرۆ سەی ئامێزان و گە شەی شونا سی عێراقی دەخاتەڕوو[2]. ئەو بە گەڕانەوە بۆ پڕۆژەی بەریتانییەکان لە عێراقی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، پرۆسەی دەوڵەتسازی و ململانێکانی نێوان سێ ڕەوتی سەرەکی لە عێراقدا کە بریتین لە نیشتیمانپەروەریی عێراقی، نا سیۆنالیزمی عێراقی و ناسـیۆنالیزمی کوردی، ز یاتر جە خت لەسـەر هۆکارە دەرەکییە کان و نیازی بەریتانییە کان بۆ دروستکردنی دەوڵەت لە عێراقدا، دەکاتەوە.

---

[1] - ڕەشاد میران، مرۆڤناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2021.

[2] - شێرکۆ کرمانج، شوناسی عێراق؛ ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٧.

سەرنجمان لەسەر ئەو دوو توێژینەوەیەی ناوبراو چڕ دەکەینەوە کە بەناونیشانەکانی پەرتووکەکانی مێژووی کورد: دەوڵەت ـــ نەتەوە سازییەك لە ناو دەوڵەت ـــ نەتەوەیەکدا[1]، و ئاوێزانبوونی کوردی لە عێراقدا، دژیەکییەکانی بیچمگرتنی نەتەوە و نەتەوەسازی" بڵاوی کردوونەتەوە. لە یەکەمیاندا توێژەر ئامانجی لە گەڕان بە دوای گوتاری کورد و کوردستانیبوون لە پرۆگرامی خوێندندا کورت دەکاتەوە. هەروەها ڕوانگەی بەرپرسان لە دەوڵەت ـ نەتەوەسازی لە دەوڵەت ـ نەتەوەیەکدا شەنوکەو دەکات. بە پشتبەستن بە ڕێبازی چەندایەتی و چۆنایەتی، هەڵسەنگاندن بۆ چەمکەکان، وێنەکان، نەخشە، هێڵکارییەکان و گوتارەکانی نێو پەرتووکەکان دەکات. پەنجە لەسەر گرنگیی دروستکردن و زیندووڕاگرتنی کۆیاد لە دروستبوون و گەشەکردنی هەر نەتەوەیەك دادەنێت. پاشان ئاماژە بە ناوەڕۆکی پەرتووکەکان دەکات، وەك پرۆژەیەکی ستراتیژیی دروستکردنی کۆمەڵگەی خەیاڵکرد لە بایەخدان بە نووسینەوەی ڕۆژژمێری کوردی و دیاریکردنی پشووەکان، دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان، کەرکوك، ڕووداوگەلی وەك کیمیاییبارانی هەڵەبجە و ئەنفال، ڕاپەڕین، دیاریکردنی سنوور و نەخشەی کوردستان بە مەبەستی دروستکردنی شوناسی نەتەوەیی. نووسەر باس لە گرنگی وێناکردنی ئەویتر بۆ خۆوێناکردنی کورد دەکات. ئەم توێژینەوە وەسفی ـ شیکارییە، ئەو پێشگریمانەیە دەکاتە هەوێنی تێزەکەی کە کۆیاد ڕۆڵێکی ئیجگار گرنگ لە نەتەوەسازیدا دەبینێت. لەڕووی گوتاری دەقەکانەوە، وێڕای شەنوکەوی دەقەکان و هەڵسەنگاندنی وردیان، کەچی تێبینی لەسەر نائەکادیمیبوونی پەرتووکەکان هەیە. هەرچەندە باشتر دەبوو ئەگەر ڕێگاچارە و شێوازەکانی ئەکادیمیبوونی پەڕتووکی قوتابخانەکان بخاتە بەرباس و قسەیان لەسەر بکات. هەڵبەت لەڕووی بەکارهێنانی هەردوو چەمکی دەوڵەت ـــ نەتەوە(Nation-State) و نەتەوەسازییەوە پێمان وایە بۆ دوورکەوتنەوە لە جۆرێك تێکەڵی لە بەکارهێنانی ئەو دوو چەمکەدا دەبوو پێناسەی هەردوو چەمکەکە لەسەرەتاوە ڕوون بکرێتەوە.

نووسەر لە کۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لە پەرتووکەکاندا، ڕاستە ڕژێمەکانی عێراق بەخراپ باس کراون، بەڵام عەرەبی عێراقی بە هیچ جۆرێك وێنەیەکی ناشیرینیان بۆ نەکێشراوە و وەدەرنەنراون.

---

[1] - شێرکۆ کرمانج، شووناسی نەتەوەیی، خۆوێناکردنی ئەوانیتر لە پەڕتووکەکانی خوێندنی مێژوو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، وەرگێڕانی ژینۆ ڕۆژبەیان، گۆڤاری تیشك، ژ.56، ساڵی22، 2720کوردی. ل 404-424.

قوتابیان فێری شـێوازەکانی خەباتی مەدەنی و گفتوگۆ دەکەن بۆ داواکردنی مافەکانیان. بەگشـتی ڕوانینی توێژەر بۆ پەرتووکەکان ڕوانینێکی ئەرێنییە و بە ئاراسـتەی دەوڵەت ـــ نەتەوە لەناو دەوڵەتێکدا ڕاڤەیان دەکات. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە دەقەکان زیاتر ڕوانگەیەکی ناسیۆنالیستییان بەسەردا زاڵە، نەك ئەکادیمیا. هەڵبەت لە دروستکردنی هەستێکی هاوبەش و شوناسی هاوبەشدا ڕێژەیەکی زۆر لە بابەتەکان تایبەت کراون بە ڕۆڵ و سـەربردەی ڕابەرە موسـوڵمانە کوردەکانی وەك سەلاحەدینی ئەیووبی.

لە توێژینەوەی دووەمدا سـەرنجی توێژەر خوێندنەوەی عێراقی مۆدێرنە لە ڕوانگەی ناسـنامەی نەتەوەییەوە. واتە پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە پرسیارە لە ناسنامە. ئەو پێیوایە کە دوو جۆر کێشەی ناسـنامە هەر لە سـەرەتای دامەزراندنی عێراقەوە بەرۆکی ئەو وڵاتەی گرتووە. یەکەمیان سیستماتیکە ئاماژە بە بونیادی دژیەکی خودی کۆمەڵگە دەکات؛ وەکو پرسەکانی پەیوەست بە کۆیادەوەری، بنچینە و ڕەچەڵەك، مێژوو و زمانی هاوبەش. دووەمیان بەردەوامییە و پەیوسـتە بە سـیاسـەتەکانی وەدەرنان و جیاکاری لە لایەن گروپێکی ئێتنیکی دیاریکراوەوە. کۆی توێژینەوەکە لەژێر کاریگەری قوتابخانەی ئیتنۆسـیمبولیزمدا جەخت لەسـەر قووڵایی کێشـەکان و دژیەکییەکان دەکاتەوە. یەکێك لە دژیەکییەکان، دژیەکی یادەوەری هاوبەش و ڕەگوڕیشـەی هاوبەشـە. کوردەکان خاوەنی کۆمەڵێك کۆیادەوەرین کە لە کۆیادەوەرییەکانی عەرەبەکان بە سـوننە و شـیعەوە جیاوازن. کیمیابارانی هەڵەبجە، ئەنفال، ڕاپەڕین و ڕووداوگەلی دیکە، لە پرۆگرامی خوێندنی ناوچە عەرەبییەکاندا ئاماژەیان پێنەکراوە و سـەرچاوەی ئەم کێشـەیە بۆ دژیەکییەکانی نەتەوەسـازی دەگەڕێتەوە لە عێراقدا. هەڵبەت ئاماژەیان بە ڕاپەڕین کردووە چونکە شیعەکان تیایدا بەشدابوون، نەك بە گوێرەی ڕۆژژمێری کوردی بەڵکو بەگوێرەی ساڵیی کۆچی[1]. ئەمە سەرەڕای جیاوازی لە سیمبول و پاڵەوانەکانی هەردوولا. بۆیە بەگشتی دەتوانین ئەم کارانە بە دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نەتەوە سازی و کۆیادەوەری لە چوارچێوە و ململانێی نێوان کورد و عەرەبدا، هەژمار بکەین.

[1] - Sherko, Kirmanj, "Kurdish Integration in Iraq: The Paradoxes of Nation Formation and Nation Building". Kurdish Awakening: Nation Building in a Fragmented Homeland, edited by Ofra Bengio, University of Texas Press, New York, USA: 2014, pp. 83-98.

### کوردەکانی عێراق و نەتەوەسازی (محەمەد ئەحمەد)

کاتێك بە نێو ئەو کتێبانەدا بگەڕێیت کە ناونیشانی نەتەوە سازی لە سەر بەرگەکەی نووسراوە، پێش هەموویان کتێبی کوردەکانی عێراق و نەتەوەسازی [1] لە نووسینی محەمەد ئەحمەدت بەرچاوت دەکەوێت. بەڵام بە پێچەوانەی ناونیشانەکەیەوە، لە ناوەڕۆکدا تەنیا دووجار چەمکی نەتەوەسازی بەکار هاتووە. ئەویش بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٢٠) دا کە باسی نەتەوەسازی دەکات لە عێراقدا. کتێبەکە ڕووماڵێکی قۆناغ بە قۆناغی ئەو ڕووداوانە دەکات کە هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕیون لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا نەمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، هەتا دەگاتە ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. کتێبەکە جەخت لەسەر پەیوەندییەکان، ناکۆکییەکان و ململانێ نێوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەکاتەوە لە کوردستاندا. هەوڵە بەردەوامەکانی کورد و بەرپرسانی هەرێم بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە، پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغداد، هەرێم و ئێران و تورکیا. بۆیە، ئەم کتێبە بە بۆچوونی من زیاتر لەڕووی پەیوەندییە سیاسی و نێودەوڵەتییەکانەوە دەپەرژێتە سەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان و سەرنجی چڕ نەکردووەتەوە لەسەر چەمکی نەتەوەسازی وەك پرۆژە و پرۆسەیەك کە لە هەناوی کۆمەڵگەوە هەڵبقوڵێت یان لەڕێگەی کۆمەڵێك ناسیۆنالیست یان دەستەبژێرەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەسازی جێبەجێ کرابێت. گرنگیی کتێبەکە زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە چوارچێوەی سیاسی (ناکۆکییەکانی حزبییەکان و دۆخی دیموکراسی) و جیۆپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان (گەمەکردنی هەرێم لەگەڵ تورکیا، ئێران، ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی) تا ساڵی (٢٠١٢) و ئایندەی کوردستان، بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە.

### ڕەگو و ڕیشەی جینۆسایدی کورد (ئیبراهیم سادق)

هەڵبەت هەندێك کاری دیکەش هەن کە چوارچێوەی توێژینەوەکانیان بەدەوری نەتەوەسازی لە عێراقدا دەسووڕێتەوە و لەبەرئەوەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییان هەیە بە کوردەکان و هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنی زیاترمان لە نەتەوەسازی گرنگییان هەیە. بۆ

---

[1]- Ahmed Mohammed (Hama Jamal) Iraqi Kurds and Nation-Building, Palgrave Macmilan® in the United States—a division of St. Martin’s Press LLC, 2012.

نموونە ئەو کتێبەی ئیبراهیم سادق بەناونیشانی "ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد[1]"، کە سەرنجی لەسەر نەتەوەسازی لە عێراقدا بە ئاراستەی وەدەرنانی ئەوانیتری ناعەرەب بەتایبەت کوردەکان چڕ دەکاتەوە[2]. ئەم کتێبە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ئەقڵییەتی دژەشارستانی و ئیتنۆ ـ عەرەبسەنتەریزم لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا. هەر لەڕێگەی ئەم کتێبەوە دەتوانین پەی بەوە ببەین کە نەتەوەسازی مەرج نییە هەمیشە بەئاراستەی یەکڕیزی، ناسنامەی نەتەوەیی، دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و چەمکە سەردەمیانەکانی تر ڕەنگڕێژی بکرێت، بەڵکو دەکرێت بە ئاراستەی قڕکردن و تواندنەوەی پێکهاتە، نەتەوە و زمانەکانی تری وڵاتانی فرەنەتەوە هەنگاو بنێت.

**جینۆسایدی کورد و مافی مرۆڤ (موحەمەد ئیحسان)**

کتێبی "نەتەوە سازی لە کورد ستاندا؛ یادەوەری، جینۆ ساید و مافەکانی مرۆڤ"ی محمد ئیحسان، یەکێکیترە لەو کتێبانەی کە لەژێر ناونیشانی نەتەوەسازیدا بڵاو کراوەتەوە، کتێبەکە لە (٢١٥) لاپەڕە پێکهاتووە و بۆ پێنج باسی سەرەکی دابەش کراوە. بەشی یەکەم باس لە حکومەتێك دەکات لە حاڵەتی بیچمگرتندا. ئەزموونی کوردەکان و دیموکراسی، بڕیاری (٦٨٦)ی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتێك بۆ کوردستانییەکان، بەشی دووەم، باس لە تەعریب بەگشتی و کەرکووك بەتایبەتی دەکات. پاشان کوردانی فەیلی و جینۆسایدی بارزانییەکان، ئەنفال و کیمیاییبارانی هەڵەبجە دەکاتە دەلاقەیەك بۆ قسەکردن لە دادپەروەری و ئاسۆیەکی نوێ بەڕووی هەرێمدا. ئەوەی لەم کتێبەدا تێبینی دەکرێت، بەکارهێنان و هەڵبژاردنی چەمکی نەتەوەسازییە تەنیا وەك ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش لەسەر بەرگی کتێبەکە. ئەگینا لە ناوەڕۆکدا تەنیا پێنج جار ئەم چەمکە بەکار هاتووە، بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزم و ڕەگوڕیشەی چەمکەکە. نووسەر بانگەشەی جیاوازبوون و تایبەتبوونی کتێبەکە دەکات، بەڵام لە ڕەگەز و بنەماکانی نەتەوە سازیدا تەنیا جەخت لە سەر ئا شتی و

---

(1) - Ibrahim Sadiq, Origins of the Kurdish Genocide; Nation Building and Genocide as a Civilizing and De-Civilizing Process, the Rowman & Littlefield Publishing Group, Inc, (2021).

(2) - Ibid, p.1.

دادپەروەری دەکاتەوە[1]، لە کاتێکدا ئەم دوو چەمکە زیاتر پەیوەندییان بە ئەدەبیاتی کۆیادەوەری و تراومای پاش جینۆسـاید و سـارێژبوونی زامەکانی قوربانییەکانەوە هەیە. نووسـەر هەر لە سـەرەتاوە بانگەشـەی ئەوە دەکات کە حکومەت و بەرپرسـانی هەرێمی کوردسـتان لە پرۆژەی نەتەوەسـازیدا سـەرکەوتنێکی بێوێنەیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـت بەدەسـتهێناوە، بەڵام بۆ ئەمە هیچ بەڵگە و فەکتێك ناخاتەڕوو. بۆ نموونە لە لاپەڕە ١٥٨ ئاماژە بە ڕسـتەی یەکێك لە هاوڕێیانی نووسـەر دەکات کە گوایە مەسـیحییەکان لە هەرێمی کوردسـتاندا لە ئاشـتیدا دەژین و دەیکاتە فەکت بۆ سـەلماندنی هەبوونی پرۆسەی نەتەوەسازی. بۆیە ئەگەر ناوی کتێبەکە جینۆساید و مافەکانی مرۆڤ بووایە، پڕ بە پێستی خۆی بوو.

**کوردستان، پەرەسەندنی نیمچەدەوڵەتێك (ئارام رەفعەت)**

لە نێو هەموو ئەو توێژینەوە و کتێبانەدا کە سـەبارەت بە نەتەوەسـازی لە عێراقدا نووسراون و لە چوارچێوەیدا نووسەر پەرژابێتەسەر نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستاندا، کتێبێکە بەناوی "کوردستان لە عێراق؛ پەرەسـەندنی نیمچەدەوڵەتێك[2]"، کە لە لایەن ئارام رەفعەتەوە نووسراوە. توێژینەوەکە عێراق بەسەر دوو کۆنتێکستدا دابەش دەکات. پاشان لە هەریەکێکیاندا پرۆژەیەکی نەتەوەسازی دەخاتەڕوو. ئەوەی جێی سـەرنجە ئەوەیە کە بەڕاشـکاوی ئەو دۆخەی کە لە کوردسـتاندا لە ئارادا بووە، ئەو هەنگاوانەی کە دەسـەڵاتدارانی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی گرتوونیانەتەبەر ناو دەنێت پرۆژەی نەتەوەسازی. لە کاتێکدا کە نووسەرانی دیکە بە دوودڵییەوە ئەو بانگەیەشە دەکەن. نووسەر پێیوایە کە کوردایەتی وەك بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی هەر لە سەرەتاوە بەرامبەر بە پرۆژەی نەتەوەسازیی عێراقی سـەری هەڵداوە. لەو دەمەوە کە عێراقییەکان هەنگاویان بەرەو نەتەوەسـازی هەڵناوە، ئەوە کوردەکانن کە بوون بە بەربەسـت لەبەردەم ئەو پرۆژەیەی ئەواندا. هەر بۆیە ئەو ڕووداوانەی کە لە سـەد سـاڵی ڕابردوودا ڕوویاندا بەشێك بووە لە ململانێ لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کە ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر دامەزراوە. لە ڕوانگەی نووسـەرەوە هەموو ئەو هەنگـاوانەی کە هێزەکـانی هەرێم لە دامەزرانـدنی

[1] - Mohammed Ihsan, Nation Building in Kurdistan; Memory, genocide and human rights, first published by Routledge 2 Park Square, Milton Park, Abingdon, Oxon OX14 4RN, 2017.

[2] - Aram Rafaat, Kurdistan in Iraq; The evolution of a quasi-state, Routledge is an imprint of the Taylor & Francis Group, an informa business, 2018.

پەرلەمان، دیاریکردنی ئاڵا، سرودی ئەی ڕەقیب، سەری ساڵی کوردیی، ڕۆژژمێر و سیمبولەکانەوە جێبەجێیان کردووە لە چوارچێوەی پرۆژەی نەتەوەسازیدا بووە. بلای ئەوەوە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، یارمەتییەکان هێزێکی وەك ئەمریکا لەم پێناوەدا هاوکار بوون. توێژینەوە لەسەر بنەمای گێڕانەوەی کوردی، جەخت لەسەر کۆیادەوەری وەك ڕەگەزێکی جیاکەرەوەی ناسنامە و ئێتنیسیتەی کوردی لە عێراقی دە کاتەوە. ئەم گێڕانەوەیە پێیوایە کە کوردە کان هەرگیز لەگەڵ عەرە بدا خاوەنی کولتووری هاوبەش، ئەفسانەی هاوبەش، کۆیادەوەری و مێژووی هاوبەش، نەبوون. هەڵبەت ئەم توێژینەوەیە زیاتر ئەزەلیگەرا یانە جەخت لەسەر مێژووی کورد دە کاتەوە و بە قووڵی ئا ماژە بەوە نا کات کە چۆنچۆنی کۆیادەوەرییەکان بوونەتە هۆی سازکردنی نەتەوە و بیچمگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی. دەتوانم بڵێم تاکە توێژینەوەیە کە ئاماژە بە کۆیادەوەریی دابەشبووی کورد و عەرەب دەکات و دەیبەستێتەوە بە نەتەوەسازییەوە.

### نەتەوەسازی ئەمریکایی لە عێراق (میرڤەیس بەلخی)

دەتوانین ئاماژە بە تێزێکی دکتۆرای گرنگی بەراوردکارانە بەناونیشانی "نەتەوەسازیی ئەمریکایی، بەراوردی عێراق و ئەفغانستان" بکەین، کە لە لایەن میرڤەیس بەلخییەوە لە شێوەی کتێبدا بە فارسی و ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە. ناوبراو وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی ئەفغانستان پێش هاتنەوەی تاڵیبان بووە. گرنگی کتێبەکە لەوەدایە کە لەژێر کاریگەری دامەزراوەی RANDی ئەمریکیدا (هەرچەندە هەندێك ئەم کاریگەرییە وەك ڕەخنە دەزانن)، پرۆسەی نەتەوەسازی لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە و وەك پرۆژەیەکی دەرەکی و بەرنامەڕێژیکراوی ئەمریکی لەسەر ئاستی جیهان دەبینێت. لە کتێبەکەدا وەها وێنا دەکرێت کە ئەمریکا لە عێراق و ئەفغانستان و زۆر وڵاتی دیکەدا بە نیازی نەتەوەسازی لەو وڵاتانە دەست بە جووڵە دەکات و تەنانەت داگیریان دەکات. بەلخی بەوردی چەمکی نەتەوە و لقوپۆپەکانی ڕوون دەکاتەوە و زەمینەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتووری و ئایینی هەردوو وڵات دەخاتە بەرباس. پاشان نەتەوەسازی لە عێراق و ئەفغانستاندا وەك دوو مۆدێلی هێرش و نەتەوەسازی شەنوکەو دەکات. بەراوردیان دەکات و بەربەستەکانی بەردەمیان بنکۆڵ دەکات.

سـەبارەت بە عێراق نووسـەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەسـتووری عێراق و سـیسـتمی فیدراڵی و دەسـەڵاتەکانی حکومەتی هەرێم دەکاتە بەڵگە بۆ شرۆڤەی بۆچوونەکانی. پرسـی کورد و ململانێی ئێتنیکی و ئایینی وەك بەربەستێکی نەتەوەسازی لە عێراقدا لێك دەداتەوە و باسی پرۆگرامی خوێندنی ناوچە عەرەبییەکان دەکات کە لە کتێبەکانی مێژوویاندا تەنیا دوو دێڕ سەبارەت بە کوردەکان، مێژوویان و قوربانیدانەکانیان نووسراوە، ئەو دوو دێڕەش باسـی هەڵەبجە دەکات[1]. تێبینییەك کە لەسـەر ئەم کتێبە هەیە و لەوانەیە تاکە خاڵی لاوازی بێت، ئەوەیە کە نەتەوەکانی عێراق و ئەفغانستان وەك ئۆبجێ سەیر دەکات. کۆمەڵێك خەڵك و نەتەوە (هەر ئەوەی کە دیدی ڕۆژهەڵاتناسی لەسەر هەڵچنراوە)، کە دەبێت هێزێکی وەك ئەمریکا بێت و نەتەوەسازییان بەسەردا جێبەجێ بکات.

**یەکگرتنەوەی پێشمەرگە و نەتەوەسازی (سەردار عەزیز و ئەندرۆ گۆتی)**

یەکێکیتر لەو کارانەی کە لەڕووی نەتەوەسـازییەوە گرنگی هەیە و پەرژاوەتەسـەر یەکێك لە کۆڵەکە سـەرەکییەکانی هەر پرۆسـەیەکی نەتەوەسـازی، بریتییە لە توێژینەوەی "پێشـمەرگەی کوردسـتانی عێراق: چاکسازییە سەربازییەکان و نەتەوەسازی لە سیاسەتێکی لەتبوودا". توێژینەوەکە بەوردی کاری لەسـەر هەوڵەکان و گرنگی یەکگرتنەوەی هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و بەربەسـتەکانی بەردەم ڕیفۆرم لە وەزارەتی پێشـمەرگە کردووە. توێژەران ئاماژە بە دوو بەربەسـتی سـەرەکی دەکەن: یەکەمیان دووبەرەکی و شـەڕی نەرمی نێوان یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان و پارتی دیموکراتی کوردسـتان، دووەمیان ئەو دۆخە پاڵەوان ـــ ئەفسـانەییەی[2] کە بەسـتراوەتەوە بە ناوی پێشـمەرگەوە لە هەرێمی کوردستاندا بەوەی کە ڕێگری دەکات لەبەردەم هێزێکی سەربازی ئاساییدا. توێژینەوەکە لە شەنوکەوی ناوی پێشمەرگەوە دەست پێدەکات و ڕەوتی دروستبوونی زاراوەکە و ئەو دۆخانەی کە پێشمەرگەی پێدا تێپەڕیوە، لە سەردەمی قازی محەمەدەوە تا دروستبوونی هەرێمی کورد ستان، شەڕی نێوخۆ و شەڕی دژی داعش تاوتوێ دەکات. پاشـان پەنجە لەسـەر گرنگترین هۆکارەکانی یەکنەگرتنەوە و ڕیفۆرمی

---

[1] - میرویس بلخی، ملتسازی امریکایی؛ مقایسەی عراق و افغانستان، موسسەی تحصیلات عالی افغانستان، کابل، ١٣٩٩، ص٢١٢.

[2] - Sardar Aziz & Andrew Cottey, The Iraqi Kurdish Peshmerga: military reform and nation-building in a divided polity, Defence Studies, (2021), 21:2, 226-241.

هێزەکانی پێشمەرگە دادەنێت. ئەم توێژینەوەیە لەو ڕووەوە گرنگە، چونکە پێشمەرگە چ وەك چەمك، چ وەك سیمبول پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە کۆیادەوەری خەڵکی کوردستانەوە.

**بونیادنانی نەتەوە (نەهوی سەعید)**

ماستەرنامەی "بونیادنانی نەتەوە، دروستکردنی دەوڵەت: حاڵەتی کوردستانی عێراق لە ١٩٩١ تا هەنووکە" یەکێکیترە لەو توێژینەوانەی گرنگیان بە نەتەوەسازی داوە لە هەرێمی کوردستاندا و ساڵی ٢٠٠٨ لە زانکۆی سوانسی نووسراوە. توێژینەوەکە ڕەوتی نەتەوەسازی تا ساڵی ٢٠٠٧ شەنوکەو دەکات و گرنگی بە دوو ڕەگەزی سەرەکی زمان و ئایین دەدات کە لە هەرێمی کوردستاندا بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی کاریان لەسەر کراوە. توێژەر لە لایەك ڕەوتی نەتەوەسازیی لە هەرێمدا لە دوو ئاڕاستەوە سەیر دەکات کە یەکێکیان جیاکردنەوەی کوردەکانە لە ئەوانیتر لە ڕێگەی ستانداردکردنی زمانەوە، چونکە یەکێکە لە بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەت. هەروەها پرسی جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت. توێژەر لە چوار باسدا سەرنج دەخاتەسەر ڕوونکردنەوەی هەندێك چەمکی گرنگی وەك نەتەوە و نەتەوە سازی، لە باسی دووەمدا تیۆرەکانی پەیوەست بەم دوو چەمکە و ناسیۆنالیزم ڕوون دەکاتەوە. لە باسی سێیەم و چوارەمدا باس لە زمان و ئایین دەکات و چۆنییەتی کاریگەرییان و ڕۆڵیان لە بونیادنانی نەتەوەدا. ئەم توێژینەوەیە وەك ناونیشان و پرسیاری توێژینەوە گرنگە، بەڵام لەڕووی مێتۆدۆلۆجی و ئەنجامگیرییەوە، ئەرگیومێنتێکی تۆکمەی نییە و کەمتر پشت بە فەکت دەبەستێت. بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکات کە ئیسلام لە کوردستاندا هۆکارێکی یەکڕیزی کوردەکان بووە[1] کە ئەمە خۆی لە خۆیدا پێویستی بە گەنگەشەی زیاتر هەیە. لە ئەنجامگیردا کۆمەڵێك زانیاری وەك بەربەستەکانی نەتەوەسازی ڕیز دەکات کە هەڵقوڵاوی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە نین. لە شەڕی نێوخۆ و ململانێوە دەگاتەسەر بابەتی نەبوونی ئاو و کارەبا و وڵاتانی دراوسێ و، پاشان بەشدارینەکردنی تورکیا لە جەنگی

[1] - Nahwi H. Saeed, Building a nation, making a state? The case of Iraqi Kurdistan, 1991 to the present, Dissertation Submitted to the University of Swansea in fulfilment of the requirements for the Degree of Master of Arts in Politics and International Relations at the Swansea University, 2008.

دژی سەدام. دواتر دەڵێت کوردستان دەوڵەتێکی دیفاکتۆیە و لەڕووی دەوڵەتسازی و نەتەوەسازییەوە هەنگاوی باشی ناوە، بەڵام هەبوونی دەوڵەت ئەستەمە.

## ناسیۆنالیزمی کورد و سیستمی نێودەوڵەتی (سۆفیا وانچ)

تێزێکی دکتۆرا بەناونیشانی "ناسنامە، ناسیۆنالیزم و سیستمی دەوڵەتی: حاڵەتی کوردستانی عێراق[1]"، نووسینی سۆفیا وانچ، ساڵی ٢٠٠٢ لە زانکۆی دۆرهام گفتوگۆ کراوە، یەکێکە لە توێژینەوە ورد و گرنگەکان سەبارەت بە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی کوردستانی عێراق. توێژینەوەکە لەسەرەتاوە بۆ تێگەیشتن لە سێ چەمکی سەرەکی کە بریتین لە نەتەوە، دەوڵەت ــ نەتەوە، ناسنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پەنجە لەسەر کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی وەك دابەشبوونی سیاسیی کوردستان، پرسی خێڵگەرایی، ئایین و زمان دادەنێت. هەر ئەمانەن کە بنەماکانی ناسنامەسازی پێکدەهێنن، هاوشان لەگەڵ کۆمەڵێك هۆکاری دیکەی وەك سیاسەتی زلهێزەکان و وڵاتانی دەوروبەر. توێژینەوەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە سەرنجی زیاتر لەسەر کاریگەری هۆکارە نێوخۆییەکان دادەنێت لە پەرەپێدانی سیاسیدا. بۆ نموونە پێیوایە کە کۆمەڵێك پرسی وەك چین، زمان، خێڵ و ئایینن کە ڕەوتی سیاسی باکووری عێراق ئاراستە دەکەن و هەمووشیان بەسیاسی کراون. بۆ ئەم مەبەستە پەنا بۆ تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم و سیستمی نێودەوڵەتی دەبات. توێژەر دەپرسێت لە حاڵەتی هەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کورددا، سیستمی نێودەوڵەتی تاچەند ئامادەیی هەیە؟ پەیوەندی نێوان ململانێی چینایەتی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان چین؟ و چ پەیوەندییەکی هەیە بە بونیادی خێڵەکیی کۆمەڵگەی کوردییەوە؟ ئایا ئایین هێزێکی بزوێنەرە لە سیاسەتی کوردستاندا؟ نەبوونی زمانێکی جیهانی چ ڕۆڵێکی هەیە و فرەیی ناسنامەی کوردی چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر سیاسەت لە کوردستاندا؟.

توێژەر دۆخی سیاسی عێراق و کوردستان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی چەمکەکانی نەتەوە، دەوڵەت و ئایدیۆلۆجیاوە لەژێر سێبەری ناسیۆنالیزمدا ڕوون دەکاتەوە. ئاماژە بە هەندێك تایبەتمەندی نەتەوەیی

[1] - Sophia Isabella, Wanche, Identity, nationalism and the state system: the case of Iraqi Kurdistan, Durham theses, Durham University. Institute for Middle Eastern and Islamic Studies /2002.

کورد وەك مێژوو و ئەزموونی هاوبەش، کۆیادەوەری و کولتووری هاوبەش دەکات و ڕای دەگەیێنێت، کە کوردەکان لەمڕووەوە لە خەم ڕەخســـاون. بەڵام ئەم تایبەتمەندیانە لەو ڕاســـتییە کەم ناکەنەوە کە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لە زۆر ڕووەوە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە و ئێستا ڕەنگوبۆنێکی دیکەی بەخۆوە گرتووە و خۆی بە جۆرێکی دیکە نمایش دەکات. هەڵبەت ســـە بارەت بە خێڵەکان بۆچوونێکی نوێ دەخاتەڕوو کە پێیوایە ڕەنگە خێڵەکان کارئاســـانی بۆ نەتەوەســـازی بکەن، بەڵام ڕێگرن لەبەردەم دەوڵەتســـازیدا[1]. هەروەها دان بەوەدادەنێت کە هەرچەندە کۆمەڵگەی کوردســـتان یەکدەســـت نییە، بەڵام هێشتا زووە باس لە جیاوازی چینایەتی بکرێت.

لە بەشی دووەمدا سەرنجی توێژینەوەکە لەسەر ئایین چڕ دەکاتەوە و ئایین دەکرێت وەك ئامرازێکی پەرتکەر ڕۆڵ ببینێت. ئەمەش یەکێکە لە پرســـیارە ســـەرەکییەکانی توێژینەوەکە. لە باســـێکی دیکەدا ڕۆڵی زمان نەك وەکو ئامرازی پەیوەندی، بەڵکو وەکو ســـیمبولێك تاوتوێ دەکرێت. بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی بیرمەندانی وەك حەسەن پوور، زمانی ستاندارد بە یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی نەتەوە دەزانێت و گەیشـــتن بەم ئامانجەی کوردەکان بە جۆرێك لە خەیاڵپڵاوی لێك دەداتەوە. لە بەشـــەکانی کۆتاییدا بە تێکەڵکردنی ئەم ڕەگەزانە توێژەر دەیەوێت هەڵسەنگاندن بۆ نا سنامەی نەتەوەیی بکات لە کوردســـتاندا. و دواتر لەڕووی نێودەوڵەتییەوە ڕوانینی دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا بۆ کوردســـتان و ئایندەی کوردســـتان شـــەنوکەو دەکات و هەموو ســـیناریۆکان دەخاتەڕوو. ئەم توێژینەوەیە بە وردی بەربەرســـتەکانی بەردەم ناســـنامەی هاوبەش بنکۆڵ دەکات و بۆ تێگەیشـــتن لە بەربەســـتەکانی بەردەم نەتەوەسازی بایەخی هەیە.

## سیاسەتی یادەوەری و بەفەرمی ناساندنی جینۆساید (بەهار باسر)

بەهار باسر یەکێکە لەو توێژەرانەی کە لە چەندین توێژینەوەدا سەرنجی توێژینەوەکانی لەسەر کورد و هەرێمی کوردســـتان چڕ کردووەتەوە. یەکێك لەو توێژینەوانەی کە لە هەندێك ڕووەوە لە تێزەکەی ئێمەوە نزیکە، توێژینەوەیەکە بەناونیشـــانی ســـیاســـەتی بەفەرمیناســـاندنی جینۆســـاید: نەتەوەســـازی و کۆیادکردنەوەکان لەســـەردەمی دوای ســـەددا مدا، کە بە هاوبەشـــیی لەگەڵ ماری تۆیڤانینەوە

[1] Ibid, p.108.

نوو سیویەتی. سەرنجی توێژەرەکان لەژێر ڕۆشنایی ئەدەبیاتی تراومادا لە سەر سیا سەتی یادەوەری و بەفەرمیناسـاندنی جینۆسـاید بەتایبەت ئەنفال چڕ دەبێتەوە. کۆیادکردنەوەکان لەم توێژینەوەیەدا دەبەسترێنەوە بە گشتپرسی سەربەخۆیی و هەوڵەکانی بەفەرمیناساندنی جینۆسایدەکانەوە. هەڵبەت مەیدانی توێژینەوەکە دیاسـپۆرایە نەك هەرێمی کوردسـتان. هەوڵەکانی نووسـینگەکانی هەرێم لە دەرەوەی وڵات بەمەبەستی بەنێودەوڵەتیکردنی جینۆسایدی ئەنفال لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە تاوتوێ دەکەن. ئەوەی توێژەر پێی گەیشـتووە ئەوەیە کە بـانگەشـەکـانی بەفەرمینـاسـانـدنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم ناچنە نێو گوتاری جیابوونەوە و سـەربەخۆبوونی هەرێمەوە. بەڵکو زیاتر بۆ ڕەوایەتیدانە بە حکومەتی لۆکاڵی بەپشتبەستن بە گوتاری قوربانیدان و تراوماوە. لێرەوە ئەوان پێیانوایە کە ئەنفال وەك ئامرازێك یان تراومای هەڵبژێردراو(chosen trauma) بووە بە بەشـێك لە میکانیزمی نەتەوەسـازیی لۆکاڵی. ئەوان ڕۆڵی کۆیادکردنەوەکان وەك لۆبیگەری و بەدەسـتهێنانی پشـتیوانی دەرەکی لە دیا سپۆردا، هەروەها هە ستی وابە ستەبوون بە کۆمەڵگەیەکی ئێتنیکی لە ئا ستی نێوخۆدا دەبینن. گرنگییەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە سـەرنج لەسـەر گرنگی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و بەبیرهێنانەوە، کارکردە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی کۆیادەوەرییەکان و یادکردنەوەکان چڕ دەکاتەوە و دەتوانین لە ئاسـتی نێوخۆ و نەتەوەسـازی لە نێوخۆی هەرێمدا ئەم توێژینەوەیە بخەینە بەر تیخی نەشـتەرگەری. تراوما هەڵبژێردراوەکان، لە سـاڵیادەکاندا یادیان دەکرێتەوە، ئەم یادکردنەوانە دەبنە هۆی گرێدرانی تاکەکان بە گروپگەلی گەورەترەوە، هەر ئەمەش بە بنەمایەکی نەتەوەسـازی دادەنێن. چونکە ئەزموونێکی هاوبەش سـەبارەت بە کۆژانێك دەتوانێت ببێتە پردی پەیوەندی و پێکەوبەسـتنی نێوان خەڵکانی سـەربە کۆمەڵگەیەك لە نێوخۆ و دەرەوەدا[1]. هەڵبەت ناچنە نێو وردەکاری زیاتری ئەو پەیوەندییانەی کە هەن لە نێوان کۆیادکردنەوەکان و نەتەوەسـازییەوە، نەتەوەسـازی لە ڕوانگەی گێڕانەوەی فەرمی دەسەڵاتەوە گەنگەشە دەکەن.

بەهار توێژینەوەیەکی دیکەی سـەبارەت بە ڕۆڵی دیاسـپۆراکان لە دەوڵەتسـازیی لە هەرێمی کوردسـتاندا بڵاو کردووەتەوە. توێژینەوەکە لەڕێگەی چاوپێکەوتنی زیاتر لە سـەد کۆچبەری کورد

---

[1] - Bahar Baser & Mari Toivanen, The politics of genocide recognition: Kurdish nation-building and commemoration in the post-Saddam era, Journal of Genocide Research, 2017. DOI:10.1080/14623528.2017.1338644

گەیشـــتووەتە ئەو ئەنجامەی کە دیاســـپۆراکان دەتوانن ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی گرنگ لە گواســـتنەوەی سـەرمایە، دەسـتی شـارەزا و کار، یارمەتییە خێرخوازانەکان و تەنانەت کاریگەری سـیاسـییەوە ببینن. توێژەر ڕۆڵی دیاسـیۆراکان لەم پێناوەدا هەڵدەسـەنگێنێت. خاڵێك کە سـەرنجی توێژەری ڕاکێشـاوە ئەوەیە کە کوردەکـانی دەرەوە وابەسـتەیی و هـاوسـۆزیی خۆیـان بە وڵاتی خۆیـان لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا نەشـاردووەتەوە. هەوڵیانداوە یارمەتی و شـارەزاییەکانیان بگوازنەوە بۆ کوردسـتان. بەرجەستەترین هەوڵەکانیان لە بواری خوێندن، کەرتی تایبەت، بەشداربوون لە میدیا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بووە. بەڵام کێشەی سەرەکی نەبوونی پلانی ستراتیژی و خەونی ڕوونی حکومەتە بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دیا سپۆرا. هەروەها گەندەڵی و ململانێی حزبی[1] بووەتە کۆ سپێکی گەورە لەم پێناوەدا.

**ناسنامەی کوردی (دڵشاد خدر)**

نامەی دکتۆرای دڵشـاد خدر بە ناونیشـانی "داینامیکییەتی بیچمگرتنی ناسـنامەی کوردیی لە هەرێمی کوردسـتان ـــ عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٩١) تا (٢٠١٤) کە سـاڵی (٢٠١٥) لە زانکۆی نۆتینگهام پێشـکەش کراوە، یەکێکە لە گرنگترین و نوێترین ئەم کارانەی لە بواری ناسـنامەسـازیدا ئەنجـام دراوە. نـامەکە بە گرنگیی ڕۆڵی جیوپۆلەتیکی کورد لە نـاوچەکە بەتـایبەت لە جەنگی دژی داعش، ململانێی گوتاری ناسیۆنالیستی لەگەڵ گوتارە سەردەستەکانیتر و ململانێی خوێناوی لەگەڵ هەر سێ دەوڵەت ـ نەتەوە ناوەندییەکان و پەراوێزخستنیان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە، دەست پێدەکات. پاشـان کۆنتێکسـتی کوردسـتان و ناوچەکە زیاتر ڕوون دەکاتەوە و باس لەوە دەکات کە لەگەڵ داگیرکردنی عێراق لە سـاڵی (٢٠٠٣)، ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان گەڕانەوە بۆ سـیاسـەتی یەکپارچەیی خاکی عێراق و پشتگوێخستنی داواکاری و خەونی کوردەکان کە لانیکەم (١٢) ساڵ بوو خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوون. ئەوان پشتیوانی پرۆسەی نەتەوەسازییان کرد لە عێراقدا.

---

[1] - Bahar Başer, Engaging Diasporas in Development and State-Building: The Role of the Kurdish Diaspora and Returnees in Rebuilding the Kurdistan Region of Iraq, Ethnopolitics, 18:1, 76-91, 2019.

توێژینەوەکە بە دوو پرسیاری جەوهەری سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی، چۆنییەتی و بۆچییەتی ناسنامەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا دەست پێدەکات. ناسنامەی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا چییە، تا چ ئەندازەیەك ئەم ناسنامەیە لە لایەن هۆکارە کولتووری، مێژوویی یان سیاسییەکانەوە دیاری دەکرێت، شێوەی ئەو ناسنامە نەتەوەییە چییە و ڕێڕەوە سەرەکییەکانی چین[1]؟ توێژەر بە سوودوەرگرتن لە گرنگترین تیۆرە نوێیەکانی بواری نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەوانەش مۆدێرنیستەکانی وەك ئێرنست گێلنەر، جۆن برولی، بنێدیکت ئەندرسن و بەتایبەت دی سمێس هەڵسەنگاندن و شەنوکەوی ناسنامەی نەتەوەیی دەکات لە هەرێمی کوردستاندا. بە پشتبەستن بە ڕوانگەی ئیتنۆ ـــ سیمبولیزمی سمێس و لە دوو قۆڵەوە کە یەکێکیان تاوتوێکردنی گۆڕانکارییە مێژوییەکانی بیچمگرتنی ناسنامەی نەتەوەییە، ئەویدی لەڕووی گوتاری سیاسییەوە دەپەرژێتەسەر گوتاری سیاسیی حزبەکان و هەوڵی تێگەیشتن لە پێکهاتنی ناسنامەی کوردی دەدات. پاشان چەند قۆناغێکی مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەدەی نۆزدەوە تا دەگاتە سەردەمی شێخ مەحمود و ڕاپەڕین، ڕووداو و تاوانەکانی وەك کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال، قۆناغی لە باکووری عێراقەوە بۆ هەرێمی کوردستان، شەڕی نێوخۆ تا دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، باس دەکات بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەو قۆناغانە ناسنامەی نەتەوەیی و ڕۆڵی دەسەڵات لە دروستکردن یان ڕێگریکردن لە دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەیی بنکۆڵ بکات. ئەو لەڕووی مێتۆدۆلۆجییەوە جگە لە بەکارهێنانی تیۆری گوتاری سیاسی و ئامرازی ڕووپێو، گرنگییەکی زۆر بە تێبینیکردن و شیکردنەوەی وێنە دەدات. ژمارەیەکی زۆر وێنەی سەر دیوار، ناو ڕۆژنامەکان، وێنەی پەیکەر و سەرکردەکان دەکات بە بەڵگە بۆ ئەوەی بە گوێرەی قۆناغەکان، ڕەوتی بیچمگرتنی ناسنامەی کوردی ڕەنگڕێژی بکات و دواتر ڕەخنەی لێبگرێت. توێژەر سەرسامیی خۆی بە تیۆری ئیتنۆسیمبولیزمی ئەنتۆنی دی سمێس ناشارێتەوە و بابەتی یادەوەرییەکان وەك ڕەگەزێکی سەرەکی ناسنامە ئاماژە پێدەکات.

ئەو بە گەڕانەوە بۆ ئەدمۆندز باس کۆنبوونی کوردەکان دەکات لەڕووی مێژوو، کولتووری هاوبەش و سیمبولەکانەوە و توانای مانەوە و بەرگەگرتنیان لە نێو ئەو گەلانەدا کە هەندێکیان تواونەتەوە. بەڵام

[1] - Dilshad H. Khdhir, Dynamics of Kurdish identity formation in the Kurdistan Region-Iraq between 1991 and 2014, Thesis submitted to the University of Nottingham for the degree of Doctor of Philosophy, 2015.

ڕەخنە لە لاوازیی کوردەکان دەگرێت لەڕووی پاراستنی کۆیادەوەرییەکانەوە. هەروەها سەرنج دەخاتە سەر ناکۆکی و دووبەرەکی یەکێتی و پارتی لەسەر زۆربەی پرسە نەتەوەییەکان، خەونیان بۆ ئایندەی کوردستان و ململانێکانیان لەسەر یادەوەری مێژوویی. بەڵام ئەوەش لەبەرچاو دەگرێت کە زۆر هەنگاو بە ئاڕاستەی ناسنامەسازی لە دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر پەیکەر و سیمبولەکانی ئەو تراژیدیایانەی کە بەسەر کورددا هاتوون لە لایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمەوە ئەنجام دراون.

توێژەر ئاماژە بە ڕۆڵی میکانیزمە کولتووری و مێژووییەکان لە ناسنامەسازیدا دەکات و گرێیان دەدات بە ئیتنۆسیمبولیزمەوە. ئەم پرۆسەیە لەساڵی (١٩٩١)، زیاتر ئێتنیکی ـ ناسیۆنالیستی بووە و ڕەگوڕیشەی بە ناو مێژووی کورددا ڕۆشتووەتە خوارەوە. لە ڕوانگەی سیاسییەوە، بە دابەشکردنی قۆناغەکانی ناسنامەسازیی بۆ سێ قۆناغ و لە ڕاپەڕینەوە تا ساڵی (٢٠١٤)، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لە پێنج خاڵدا کۆ دەکاتەوە. یەکەم پرۆسەی بیچمگرتنی ناسنامە بەدەست قەیرانێکی قووڵەوە ناڵاندوویەتی. قەیرانی گوتار، یان جیاوازیی ئەو واتایانەی کە لە کۆمەڵگەدا چەمکەکانی وەك دەوڵەتی کوردی، کەرکووك، دوژمن و نیشتیمان هەڵگرینی. دووەم، لەڕووی ئایدیۆلۆجی، سیاسەت و کولتوورەوە، ڕەهەندەکانی بیچمگرتنی کۆناسنامە زۆر پەرش و بڵاون. سێیەم، سەرهەڵدانی گێڕانەوەیەکی دژەهەژموونی کە خۆی لە نارەزایەتییە مەدەنییەکاندا بینییەوە لە ساڵی (٢٠٠٩) بەدواوە. چوارەم، بە کارهێنانی ژمارەیەك ستراتیژ بۆ بەهێزکردنی گوتاری حزبەکانی دەسەڵات سەبارەت بە فۆڕمێکی تایبەت لە ناسنامەی کوردی و پێنجەم، هەوڵدان بۆ لاوازکردنی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ناساندنی کوردەکان و ناسنامەی کوردی وەك ناسنامەیەکی یەکگرتوو و بێرکابەر. ئەم ڕەگەزانەی کە توێژەر جەختیان لەسەر دەکاتەوە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لە پرۆسەی ناسنامەسازیدا. ئەوەی سەبارەت بە کۆیادەوەری پێویستە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە کە گرنگییەکی کەمتر بە ئەدەبیاتی کۆیادەوەری وەك چەمك و ڕەگەزێکی سەرەکی ناسنامەی نەتەوەیی دەدات و زیاتر لە چوارچێوەی تیۆرەکەی سمێسدا ئاماژە بە گرنگییەکانی دەکات؛ هەرچەندە ڕەنگە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە نووسەر زیاتر بە چاویلکەی زانستە سیاسییەکان و تیۆری گوتاری سیاسیی، چەمکی کۆناسنامە دەخوێنێتەوە؛ بۆیە کەمتر دەپەرژێتە سەر لایەنی کارکردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆیادەوەری و یادکردنەوەکان.

**کۆیادەوەریی جینۆسایدی هەڵەبجە (هەورامان فەریق)**

توێژینەوە کانی پێشـــوو بەم دوو کارە کۆ تایی پێدەهێنین کە لە یەك پاکێجدا و لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی کۆیادەوەری و نەتەوەســازیدا ئەنجام دراون. یەکێکیان کتێبی "یادەوەری و دادپەروەری؛ شانزەی سێ لە کۆیادەوەری هەڵەبجەییەکاندا"، کە هەڵێنجراوی تێزێکی ماستەرە و ساڵی (٢٠١٤) لە زانکۆی تاران گفتوگۆ کراوە و ساڵی (٢٠١٩) لە لایەن زانکۆی سلێمانییەوە چاپ کراوە. کتێبەکە بە گەڕانەوە بۆ تیۆرە کانی کۆ یادەوەریی، جینۆســا یدی هەڵەبجە لە کۆ یادەوەریی هەڵەبجەییە کانـدا شــەنوکەو دە کات. توێژەر بە گەڕانەوە بۆ تێگەیشــتنی وا تایی خەڵکی هەڵەبجە، پشــت بە تیۆری کۆیادەوەریی مۆریس هاڵباکس (Maurice Halbwachs، ١٨٧٧-١٩٤٥)، گێڕانەوە و یادەوەری پۆل ریکۆر(Paul Ricoeur،1913-2005) و شــوێنەکـانی یـادەوەریی پییێر نۆرا (Pierre Nora، 1931- ) دەبەســتێت. گرنگی کتیبەکە زیاتر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە پێش ئەو کتێبە لە ڕوانگەی ئەدەبیاتی کۆیـادەوەر ییەوە کـار لەســەر جینۆســایـدی هەڵە بجە نە کراوە. نووســەر لە ڕوا نگەی خودی هەڵەبجەییەکانەوە بە دوای وەڵامی چەند پرســیارێکی ســەرەکیدا گەڕاوە. بۆ نموونە هەڵەبجەییەکان چۆن دەڕوانتە کۆ یادەوەری جینۆســا یدی هەڵەبجە؟ مامەڵەی دەســەڵات لەگەڵ جینۆســا یدی هەڵەبجەدا چۆن بووە؟ تا چەند دەســەڵات کۆیادەوەری و یادکردنەوەی هەڵەبجەی وەك ئامرازێك بۆ یەکڕیزی نیشتیمانی[1] و نەتەوە سازی بەکارهێناوە؟ پرسی سەرەکی خەڵکی هەڵەبجە دادپەروەرییە. مامەڵەی ناتەندروست و نازانستی، نەبوونی پلان و سیاسـەتی یادەوەری و نەتەوەسـازی وای کردووە خەڵکی هەڵەبجە هەست بە نادادپەروەری و نائارامیی بکەن. ئەوان نەیانتوانیوە پرسە بۆ قوربانییەکانیان بگێڕن. لەگەڵ ڕابردوویاندا ئاشت نەبوونەتەوە. نازانن کێبوون ئەو کەسانەی کە هەڵەبجەیان جینۆساید کردووە. تاوانبارانی سـەرەکی سـزا نەدراون. کێشـەی ئەوان کێشـەی زانینە. کێشـەی نەگەیشـتنە بە ڕاســتەقینە. لە هەمانکاتدا جەخت لەســەر گرنگی و بەرپرســیارییەتی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانیان دەکەنەوە، هەم بۆ سارێژبوونی برینەکانیان، هەم گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی دواتر.

[1] - هەورامان فریق، یادەوەری و دادپەروەری؛ شـــانزەی سێ لە کۆیادەوەری هەڵەبجەییەکاندا، زانکۆی ســـلێمانی، ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، سلێمانی، ٢٠١٩.

لە توێژینەوەیەکی دیکەدا بەناونیشانی "کۆیادەوەری لە کۆمەڵگە پاش ـــ جینۆسایدەکاندا؛ دووبارە خوێندنەوەی برینە بەردەوامەکان و ئارامگرتن لە هەڵەبجە"، بەهار باسر و هەورامان فەریق هەوڵیانداوە لە ڕوانگەی تراوماوە بپەرژێنەســەر ئازارەکانی خەڵکی هەڵەبجە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە خەڵکی هەڵەبجە خۆیان لە ڕێگەی گێڕانەوەکانیان و یادەوەرییەکانی خۆیانەوە، گێڕانەوە حزبی و فەرمییەکانی دەستەبژێری کورد و ناکورد، تووشی ئالەنگاری دەکەن و گێڕانەوە تەنیا لە بانەوە بۆ دامێن نانووسرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە خەڵکی خۆیان دەبنە ســوبێکت. ئەوە مێژووە کە دەری دەخات هێزی بیچمگرتنی کۆیادەوەری لە دامێنەوە بۆ بان تا چەند ســەرکەوتوو دەبێت و شــکســت دەهێنێت بەســەر ســنوورداریيەکانی بەبیرهێنانەوەی فەرمیدا[1]. ئامانجی خەڵکی هەڵەبجە لە گواســتنەوەی یادەوەرییەکان و زیندووڕاگرتنی یادی هەڵەبجە گەیشــتە بە دادپەروەری، چونکە ئەوان پێیانوایە کە لە تراومایەکی بەردەوامدا دەژین و ناسنامەی هاوبەشی ئەوان بریتین لەو کۆژانانەیان و یادەوەرییەکانیان.

لە خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانەوە دەتوانین چەند خاڵێك هەڵێنجان بکەین. یەکەم ئەو سەرچاوانەی پەرژاونەتە ســەر چەمکەکانی پەیوەســت بە نەتەوەســازی بە پەنجەکانی دەســت دەژمێردرین. ئەمەش خۆی بەڵگەیە لەســەر نوێبوونی چەمکەکە و پێویســتیی کارکردنی زیاتر لەســەری. دووەم، هەر یەکە لە ســەرچاوەکان دەتوانن ڕوانگەیەکی قووڵترمان ســەبارەت بە ڕەهەندەکانی نەتەوەســازی لەوانە ڕەگ و ڕیشەی کورد، گرنگیی شوناس و نا سنامە سازی، یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە، بەفەرمینا ساندنی جینۆســایدەکان، دەوڵەتســازی، پەیوەندی مافەکانی مرۆڤ و جینۆســاید، ســیاســەتی یادەوەری و دادپەروەری نیشان بدەن.

---

(1)- Hawraman Karim & Bahar Baser. Collective Memory in Post-Genocide Societies: Rethinking Enduring Trauma and Resilience in Halabja. Review of Middle East Studies, 56(1), 56-72. 2022. https://doi.org/10.1017/rms.2022.25

# بەشی سێیەم

# ئاڕاستە تیۆرییەکان

## ناسیۆنالیزمی کورد لە نێوان کۆمەڵناسی و مۆدێرنیتەدا

ئەگەر یەکێك لە پێناسەکانی کۆمەڵناسی بریتی بێت لە توێژینەوە لە واقیع، تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی کورد، نەك ڕەگوریشەی کورد، بە بێ کۆمەڵناسی ناکرێت؛ هەڵبەت ئەگەر پێمانوابێت شتێکمان بەناوی ناسیۆنالیزمی کورد هەبووە یان هەیە. پاساوێکی بنجبڕی ئەم تێزە، لە لایەك لە مۆدێرنبوونی چەمکەکەدایە، لە لایەکی ترەوە، بۆ فەلسەفەی کۆمەڵناسی بەواتا ڤێبەرییەکەی دەگەڕێتەوە. کۆمەڵناسیی سیاسی بە واتا باو و کلاسیکەکەی کە پەیوەندییەکانی حکومەت و کۆمەڵگەی لە سنووری دەوڵەت ـــ نەتەوەی مۆدێرندا تاوتوێ دەکرد و سەرنجی لەسەر چەمکەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی، پەیوەندی حکومەت و کۆمەڵگە، چینی دەسەڵاتدار، دەستەبژێرە سیاسییەکان، حزبەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی ڕژێمە سیاسییەکان چڕ دەکردەوە، ئێستا شوێنی خۆی بۆ پارادایمێکی نوێ چۆڵ کردووە کە سەرنجی لەسەر بونیادەکانی هێز لەسەر ئاستی جیهانی، پەیوەندی نێوان حکومەتەکان و پرۆسەکانی بەجیهانیبوون لە کایەکانی ئابوری، سیا سەت، کولتوور و پەیوەندییەکان، ناسنامە بان ـ نەتەوەییە چینایەتییەکان چڕ دەکاتەوە[1]. بەڵام ئەم دوو ئاڕاستەیە، زیاتر لە گۆشەنیگای دەوڵەت ـ نەتەوە و سیستمی نوێوە سەیری نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەکەن، بەو پێودانگە، بوونی نەتەوەیی کورد لەم چوارچێوەیەدا پێناسەنەکراوە و ناتوانێت جێگەی خۆی بکاتەوە. هەر لەبەرئەوەیە کە پێویستمان بە خوێندنەوە و تیۆری دیکە بۆ خوێندنەوەی کورد هەیە. نەتەوە، دەکرێت لە فۆڕمی دیکە و تایبەتمەندی دیکە خۆی بنوێنێت و بیچم بگرێت. نەتەوە دەکرێت تەنانەت لە خەیاڵدانی کۆمەڵێك

[1] - کیت نش، جامعەشناسی سیاسی معاصر؛ جهانی شدن، سیاست، قدرت، ترجمە محمدتقی دلفروز، چاپ هفتم، انتشارات کویر، تهران، ١٣٨٨، ص ١٠.

خەڵکدا خۆی بەرجەســتە بکات ئەگەرچی تاکەکانی ئەو خەڵك و کۆمەڵگەیە یەکتریان نەبینێت. با لەگەڵ پێناسە مۆدێرنەکانی نەتەوەشدا ناکۆك بێت، بەڵام ئەگەر کوردێك لە قامیشلۆ ئازار دەچەژێت و کوردی هەولێر، ســنە و دیاربەکر لەگەڵیدا ئازار دەچێژن، ئەو کۆژانە چ پێناســەیەکی بۆ دەکرێت. لێرەوەیە پێویســتیی تێگەیشــتن لەو نێوانزەینیبوونەی کە کۆمەڵناســی جەختی لەســەر دەکاتەوە بۆ تێگەیشــن لە واقعی کۆمەڵگە و نەتەوەکان گرنگ دەنوێنێت. هەروەها ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان نەتەوە و کۆیادەوەریدا هەیە. کۆیادەوەرییەکانی کورد، کۆژانەکان و گێڕانەوەکانی کورد، زیاتر لە خودی نەتەوەی کورد، واقیعیتر دەنوێنن.

هەڵبەت گەشــتن بەم تێگەیشــتنە ئاســان نییە، ناســیۆنالیزم بەوەی کە تا هەنووکە نەیتوانیوە فەیلەسوف و بیرمەندی تایبەت بەخۆی بەرهەم بهێنێت[1]، خۆی لەژێر ڕەخنەدایە.

لەم بەشــەدا چەمکی نەتەوە کراوەتە چەقی بـابەت و لە دوو تەوەردا کە یەکەمیـان ڕوانگەی کۆمەڵناسانی کلاسیکە بۆ نەتەوە و دووەمیان پارادایمە سەرەکییەکان سەبارەت بە ڕەگوڕیشەی کورد، ئاڕاســتەکان ســەبارەت بە نەتەوە، ناســیۆنالیزم و نەتەوەســازی ڕوون کراونەتەوە. لە باســی یەکەمدا بەکورتی ڕوانگەی کلاسـیکەکانی کۆمەڵناسـی بۆ نەتەوە تاوتوێ کراون و لە باسـی دووەمدا، گرنگترین ڕەهەندەکانی پەیوەســت بە ناســیۆنالیزمی کورد لە باشــووردا کە بریتین لە پەیوەندی نێوان نەتەوە و ناســیۆنالیزم، نەتەوە و ئایین، نەتەوەو مارکســیزم، نەتەوە و دەســەڵات، و دواجار نەتەوەســازی و کۆیادەوەری بنکۆڵ کراون.

بە تێکەڵکردنی تیۆرەکانی کۆمەڵناســی و ڕوانگە ســەرەکییەکانی ســەبارەت بە ڕەگوڕیشــەی کورد، بەرچاومان ڕۆشنتر دەبێت بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بە گراونددتیۆری، تیۆرێك سەبارەت بە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا بەرهەم بهێنێن. من لەم ڕوانگەیەوە سەیری نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەکەم؛ نەك ئەزەلیگەرایانە و هەتاهەتاییگەرایی بەدوای بنەڕەت و ژانی لەدایکبوونی ناســیۆنالیزمی کوردیدا بگەڕێم. ئامانجم تێگەیشتنە لە پەیوەندی واقعی و هۆیی لە نێوان ناسیۆنالیزم، نەتەوەسازی و کۆیادەوەرییەکاندا وەك سێ چەمکی مۆدێرن.

---

[1] - بندیکت آندرسن، جماعت های تصوری، ترجمه محمد محمدی، چاپ اول، رخ داد نو، تهران، ۱۳۹۱، ص۳۳.

## ڕوانگەی کۆمەڵناسە کلاسیکەکان بۆ نەتەوە

کلاسـیکەکانی کۆمەڵناسـی، بەتایبەت جۆرج زیمێل، ئێمیل دۆرکایم، کارل مارکس و ماکس ڤێبەر وەك بابەتی لاوەکی سەرنجیان لە سەر پرسی نەتەوە چڕ کردووەتەوە. بۆ نموونە بەڵگە دەهێنرێتەوە کە لە سـەرلەبەری کتێبی سـەرمایەی مارکسـدا باسـێك سـەبارەت بە ناسـیۆنالیزم نادۆزینەوە[1]. هەڵبەت ئەنتۆنی گیـدنز هۆکـاری ئەم بـابەتە بۆ دوورەپەرێزی دۆخی ئەکـادیمیی "کۆمەڵنـاس" لە زانسـتە سیا سییەکان دەگەڕێنێتەوە[2]. هۆکاری دیکە ڕەنگە ئەوە بووبێت کە بەهاتنی سەردەمی مۆدێرنە و ئەو بزووتنەوە و هێزە بان ـــ نەتەوەییانە کە باڵیان بەسـەر جیهاندا کێشـا، پێشـبینی ئەوەیان کردبێت کە ناسـیۆنالیزمیش وەك ڕێباز و ئایدیۆلۆجیاکانی دیکە لە بەرامبەر سـەرمایەداری و مۆدێرنیتەدا [مارکس گوتەنی]دەبێت بە هەڵم و دەچێت بەهەوادا[3]. یان وەك دواتر دەپەرژێینە سـەری، لەو دەمەدا کە هێدی هێدی ڕێبازی ناسـیۆنالیزم شـوێنپێی خۆی قایم دەکرد، ڕێبازەکانی دیکەی وەك مارکسـیزم بەوپەڕی هێزەوە لە مەیدانەکەدا ئامادەییان هەبووە. هۆکاری کۆتاییش ئەو ئاڵۆزی و تێکەڵییە بووە لە نێوان چەمکەکانی وەك ڕەچەڵەك، نەتەوە، ئێتنیسیتە و کۆمەڵگەدا لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بەڵام بیرمان نەچێت کە گرنگیی ئاماژەدان بەم کلاسـیکانە ئەوەیە کە هاوچەرخەکانی کۆمەڵناسـی و ئەوانەی کار لەسـەر چەمکە مۆدێرنەکانی وەك نەتەوەسـازی و کۆیادەوەری دەکەن، دواجار میراتگری کلاسـیکەکانی کۆمەڵناسـین یان بوارەکانی دیکەی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانن (بۆ نموونە سـەرنجی کاریگەری گرامشـی بدە لەسـەر تۆم نەیرن(Tom Nairn، ١٩٣٢-٢٠٢٣)، ڤلادیمیر لینین لەسـەر مایکل هیچتر، ئێمیل دۆرکایم لە سەر ئرنست گێلنەر و ماکس ڤێبەر لە سەر ئەنتۆنی سمێس. یان بۆ نموونە سەبارەت بە بابەتی کۆیادەوەری کە موریس هاڵباکس، کۆمەڵناسی فەڕەنسی داهێنەرەکەیەتی، خوێندکاری دۆرکایم بووە و لەژێر کاریگەری تێزەکانی ئەودا هزری کۆیادەوەری لە زەینیدا چەکەرەی کردووە.

---

[1] - ارو لونە، مارکسیسم، ترجمە فریبرز مجیدی، دائرە العارف ناسیونالیسم، زیر نظر الکساندر ماتین، جلد دوم، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجە، تهران، ١٣٨٣، صص٧٣١- ٧٥١، ص٧٣٢.

[2]- آنتونی گیدنز، درآمدی بر جامعەشناسی، ترجمە لیلا پیروزمند، چاپ اول، انتشارات فردوسی، تهران، ١٣٨٥، ص١٧٨.

[3] - Marshall Berman, All which is solid melts into air; the experience of Modernity, First published in the United States of America by Simon & Schuster, Inc., 1982.p.15.

**ئێمیل دۆرکایم** (Émile Durkheim,١٨٥٨-١٩١٧)

کۆمەڵناسـیی دۆرکایمی کەمتر پەیوەندی بە سـیاسـەتەوە هەیە، مەگەر لەڕووی ئەخلاقییەوە و پەیوەسـت بە زانسـتە کۆمەڵایەتییە کانەوە. دۆرکایم یەکێکە لە لایەنگرانی شـیرازەی کۆمەڵایەتی (Social order)، لە بەرامبەر گۆڕانکاریی ڕیشـەییدا. ئەو زیاتر وەك ڕیفۆرمخوازێك ڕۆڵ دەبینێت. بۆیە ئـاسـاییە کە لە بەرامبەر دەرهـاویشـتەکـانی مۆدێرنیتە، نۆرمپشـێوی(anomie)، تـاکگەرایی و ناسـیۆنالیزمی توندڕەودا لە خەمی ئەخلاق و شـیرازەی کۆمەڵایەتیدا بێت. هەوڵی دۆرکایم لە ڕێگەی خسـتنەڕووی ئەخلاقێك بۆ کۆمەڵگەی نەتەوەیی و پەرەپێدانی کۆمەڵناسـیی کردەیی، خسـتنەڕووی ڕاڤەیەکی زانستیی پتەو لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بوو. ئەو تێگەیشت کە بۆ ئەوەی زانست سـوودێکی هەبێت، دەبێت بۆ پەرژانەسـەر پرسـە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ڕۆڵی ئایین، ناسـیۆنالیزم، تاکگەرایی و جۆری ڕژێمە سـیاسـییەکان بەکار بهێنرێت. مێرگی لە نوێترین توێژینەوەدا ئاماژە بەوە دەکات کە نەتەوە و ناسیۆنالیزم دیاردەگەلی کۆمەڵایەتیی جیانەبووەوەی ڕێکخستنی سیاسی و ژیانی کۆمەڵایەتی دۆرکایمن. دۆرکایمییەکان پرسـی نەتەوەیی لە دەلاقەی پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی وەك ڕەچەڵەك و ئێتنیسـیتە، خوێندنی مەدەنی و ئەخلاقی، دروشـمەکان و سـیمبولە نەتەوەییەکان، پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان و یەکڕیزییەوە دەبینن[1]. دۆرکـایم نەتەوەی بە جۆرێـك لە کۆمەڵگەی سیاسیی، بەرهەمی واقیعی کۆمەڵایەتی ناوزەد دەکرد، بە چەشنێك کە کۆمەڵگەی سیاسی خاوەنی نەتەوەی خۆیەتی.

ئەوەی لە زۆربەی بەرهەمەکانی دۆرکایمدا جەختی لەسـەر دەکرێتەوە چەمکی کۆ یان هاوبەشـە (collective)ە. ئـایینی هـاوبەش، دروشـم، کۆبوونەوە، ڕێوڕەسـم و سـیمبولی هـاوبەش. بەڵام بۆچوونەکانی سـەبارەت بە ناسـیۆنالیزم دەکرێت بەتایبەت لەو بەرهەمانەدا هەڵێنجان بکرێن کە سـەبارەت بە ئایین و کۆویژدان نووسـیونی. لە سـەرەتاوە بە هۆی کۆمەڵێك ڕووداوی وەك ڕووداوی دریفۆسـەوە[2]، ناسـیۆنالیزمی سـەرکۆنە کرد. بەڵام لە دوو لایەنەوە بەرهەمەکانی ئەم کاریگەرییەکی

[1] - Jennifer Mergy, “Teamwork across disciplines: Durkheimian sociology and the study of nations”, Revue européenne des sciences sociales [Online], XLII-129 | 2004, Online since 01 March 2004.p.5.

[2]- ڕسواییەکی سیاسیی بوو کە کۆماری سێیەمی فەڕەنسای لە ساڵی ١٨٩٤ تا کۆتایی ڕووداوەکە لە ساڵی ١٩٠٦، بەخۆوە سەرقاڵ کرد.

گەورەیان لەســەر تیۆرە هاوچەرخەکانی ناســیۆنالیزم و بەتایبەت پارادایمی مۆدێرنیســتی دانا. یەکەم شرۆڤەی ئەو ســەبارەت بە ئایین وەك کرۆکی کۆمەڵگەی ئەخلاقی و ئەوەی کە شــتێکی ئەزەلی لە نێو ئاییندا بوونی هەیە، چونکە هەموو کۆمەڵگەکان هەســت بەو پێویســتییە دەکەن کە بە شــێوەیەکی بازنەیی لە ڕێگەی دروشمەکان و مەراسیمە بەکۆمەڵەکانەوە خۆیان ساز بکەنەوە و دانی پێدا بنێنەوە[1].

هەر لە دەستپێکی کتێبی "لەبارەی کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی"دا لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی نێو گرووپە پیشــەییەکانەوە هاوبەســتەیی گرووپەکان ڕوون دەکاتەوە. باس لە گرنگی مەزارگە و گۆڕســتانە بەکۆمەڵەکان و ڕۆڵیان دەکات. تەنانەت کێلی قەبرەکان کە چەندە هۆکاری هاوبە ستەیی گرووپەکانە. لە مانەش گرنگتر چەمکی هاوبەســتەیی میکانیکی و ئۆرگانیکی دە کاتە ئەرگیومێنت بۆ شرۆڤەی یەکڕیزی، تەبایی، مانەوە و ســەقامگیری و دژ بە بێســەروبەریی کۆمەڵگە. ئەو دەنووســێت "لە هەر جێگەیەك هاوبەســتەیی کۆمەڵایەتی بەهێز بێن فاکتەرێکی بەهێز دەبێت بۆ نزیککردنەوەی تاکەکان لەیەکتر و زیاترکردنی دەرفەتەکانی پەیوەندییان[2].

لەڕوانگەی دۆرکایمەوە کاری ســەرەکی کۆمەڵناس، توێژینەوەی هاوبەســتەیی کۆمەڵایەتییە. ئەو هاوبەســتەی میکانیکی و ئۆرگانیکی لەیەك جیادەکاتەوە. میکانیکی لە کۆمەڵگەیەکدا باوە کە بیر و ئاڕاســتە هاوبەشــەکانی ئەندامەکانی کۆمەڵگە لەڕووی چەندییەتی و گڕوتینەوە لە بیر و ئاڕاســتە تاکەکەســییەکان ئەندامەکانی زیاتر بن. هاوبەســتەیی لە ئەنجامی چوونیەکی، کاتێك دەگاتە لووتکە کە ویژدانی تاکەکەســیی یەکەیەکەی ئەندامەکان هاوشــان لەگەڵ کۆویژداندا پەروەردە ببێت. بەڵام هاوبەستەیی ئۆرگانیکی لە ئەنجامی جیاوازییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرهەمی کاردابەشکردنە[3]. ئەو لە کتێبی "شــێوە ســەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا" دەپەرژێتە ســەر ئەو دیاردەیە. ئەمجارە لە ڕێگەی یادەوەرییەکانی ڕابردووەوە، پەیوەندی کۆمەڵگە و ئایین ڕوون دەکاتەوە. باس لە کەمبوونەوەی کاریگەریی ڕێوڕەسم و جەژن و بۆنەکان دەکات کە وەك سەردەمی باوباپیران جۆش و خرۆشمان تێدا

---

[1]- اوموت اوزکریملی، نظریەهای ناسیونالیسم، مترجم محمدعلی قاسمی، چاپ اول، انتشارات تمدن ایرانی، تهران، 1383، ص٥٠.

[2]- امیل دورکیم، دربارەی تقسیم کار اجتماعی، ترجمە باقر پرهام، ویراست دوم، چاپ چهارم، نشر مرکز، تهران، 1390، ص٦٤.

[3] لویس کۆزەر، ژیان و هزری گەورە کۆمەڵناسان؛ جۆرج زیمێل، ماکس ڤیبەر، وەرگێڕانی هەورامان فەریق، بەرگی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ص١٠٤-١٠٥.

نـاورووژێنن. بەواتـایەکی تر خودایـانی کۆن پیر بوون و خوداگەلێکی دیکە هێشـــتـا نەهـاتوون. ئەو پێداگری لەســـەر ئەوە دەکات کە هیچ کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بوونی نییە کە هەســـت بە پێویســـتی پاراســتن و چەســپاندنی دووبارەی هەســتەکان و هزرگەلێکی هاوبەش کە یەکڕیزی و کارەکتەری ئەو پێکدەهێنن نەکات. ڕوونیشـــە کە ئەم جۆرە لە دروســـتکردنەوە ئەخلاقییە نایەتە دی مەگەر بە یارمەتی کۆڕ و کۆبوونەوەکان، ســـازکردنی فســـتیڤاڵ و کۆنگرەکان کە تاکەکان لە ڕێگەیانەوە لەیەك نزیك دەبنەوە، هەستە هاوبەشەکانیان سەرلەنوێ نوێ دەکەنەوە و دەچەسپێنن؛ و ئەو ئەنجامانەی کە لێی دەکەوێتەوە هیچ جیاوازییەکی سروشـتیی نییە لەگەڵ مەراسـیمە ئایینییەکاندا. سـەبارەت بە نەتەوە، کۆمەڵگەی نەتەوەیی لە دیدی دۆرکایمەوە هەرگیز جۆرێك ڕەچەڵەکی بۆماوە یان ئیمپراتۆرییەتێکی بەزۆر سـەپێنراو نییە، بەڵکو یەکگرتووییەکە کە چییەتییەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەیە و یەك یان چەن گرووپی ئێتنیکی وەك دەرهاوێشەی مێژوو و کولتوور لەگەڵ نەریتەکان و دروشمە هاوبەشەکان لە خۆ دەگرێت[1].

بەکورتی، دۆرکایم جگە لەوەی کە کۆمەڵگەی نەتەوەیی بە واقیعییەتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەیەکی ســیاســی پێناســە دەکرد، پێیوابوو کە نەتەوە دەکرێت وەك ئایدیا، وەك دروشـــم و بەهای ئەخلاقی هەڵێنجان بکرێت. نەتەوە یەکەیەکی ئەخلاقییە لە ڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ســیاســییەکانەوە بەدی دێت کە لە ڕێگەی دامەزراندن و کارکردەکانی دامەزراوەکانەوە بیچم دەگرێت. بە تایبەت ئەخلاقێکی مەدەنی هاوبەش، دامەزراوەیەکی دروســتکەری چارەنووســـازی نەتەوە وەك فۆرمێکی نەتەوەیی و مۆدێرنی کۆمەڵگەی سیاسی[2]. دۆرکایم بۆ ئەوەی پەی بە دژیەکی نێوان نیشتیمانپەرستی (patriotism) و جیهان ــ نیشتیمانی (cosmopolitism) ببات، لەڕووی سەردەمەوە جیاوازی دەکات لە نێوان سـەردەمی کۆن و نوێدا. لە کۆندا هیچ شـتێك بانتر لە دەوڵەت و گەورەیی و شـکۆی دەوڵەت نەبوو. بەڵام لە ســەردەمی نوێدا، ئێمە هەرچەندە وابەســتەی نیشــتیمانەکەمان بین، بەڵام هەســـت دەکەین کە بانتر لە هێزە نەتەوەییەکان هێزگەلێکی نوێ بوونیان هەیە[3]. نیشـــتیمانپەرســـتی ئەگەر

[1] -Jennifer Mergy, Op. Cit.p.9.

[2] - Ibid.p.11.

[3] - امیل دورکم، درسهای جامعەشناسی، فیزیك اخلاقیات و حقوق (بوردو، 1900-1890)، ترجمه سید جمال الدین موسوی، چاپ اول، نشر نی، تهران،1391، ص١٣٨.

بیرکردنەوە و هەستگەلێك بێت کە تاك بە دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە دەبەستێتەوە، ئەگەر ئەو دەوڵەتە لاواز بێت، کێ دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت. لێرەوە تاکە ڕێگەی ئاشتکردنەوەی ئایدیالی نەتەوەیی و ئایدیالی مرۆیی لە ڕێگەی دەوڵەتەوە ئەو کاتەیە کە دەوڵەت خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تەرخان بکات نەك قەڵەوکردنی خۆی و سنوورەکانی. دەبێت ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ ژیانی ئەخلاقی بانگهێشت بکات. ئەوەی ئەم دژیەکییە چارەسەر دەکات، ئەوەیە کە ئاراستەی نیشتیمانپەرستی بریتی بێت لەوەی کە ببێت بە بەشێکی بچووك لە جیهان ـ نیشتیمانی.

بە گەڕانەوە بۆ دۆرکایم دەتوانین هەڵێنجانی یەکێکیتر لە چەمکە سەرەکییەکانی پەیوەست بە نەتەوەسازی بکەین کە چەمکی هاوڵاتیبوونە. دۆرکایم لە چاوی کۆمەڵگەی فەرەنسییەوە سەیری چەمکەکانی یەکسانی و دادپەروەری دەکرد و پێیوابوو کە بەشداری هاوڵاتیان لە سیستمێکی لائیکدا کە هیچ گرووپێکی کۆمەڵگە تێیدا باڵادەست نییە، دەتوانێت ڕێگە لە نۆرمپشێوی بگرێت. ئەو جەختی لەسەر سێ بەهای سەرەکی دەکردەوە کە بریتین لە خێزان، قوتابخانە و دەوڵەت. ئەمانە هەم وەك چالاکی، هەم ناسنامە، دەبوونە هۆی ئەوەی کە دۆرکایم نەتەوە بە جۆرێك لە کۆمەڵگەی ڕێکخراو ناوزەد بکات. چەمکی هاوڵاتیبوون بۆیە گرنگە، چونکە لە حاڵەتی گوا ستنەوە لە کۆمەڵگەی نەریتییەوە بۆ مۆدێرن، واتە لە هاوبەستەیی میکانیکییەوە بۆ ئۆرگانیکی، پەیوەندییە خوێنییەکان لەسەر بنەمای خوێن و ڕەچەڵەك شوێنیان بە جۆرێك پەیوەندی دەدەن لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و پێویستیی هاوبەش. واتە لە جۆری دووەمدایە کە پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای هوشیاری و تێگەیشتنی تاکەکانە.

## جۆرج زیمێل (Georg Simmel,١٨٥٧-١٩١٨)

ئەوەی پەیوەندی بە زیمێلەوە هەیە ئەوەیە کە وردتر سەبارەت بە ئێتنیسیتی(Ethnicity) بیری کردووەتەوە. ئەو لە سێ لایەنەوە پەرژاوەتە سەر پەیوەندییە ئێتنیکییەکان: یەکەم، ئێتنیسیتە وەك فۆرمێك لە پرۆسەی هاوڕەفتاری؛ دووەم، چییەتی کارلێکی کۆمەڵایەتی و (ئێتنیکی)؛ و سێیەم لەناچوونی ئێتنیسیتە بە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتییەوە[1]. ئەو ئێتنیسیتە بە بەرهەمی مامەڵە و پەیوەندی ئەندامانی گرووپ و کۆمەڵگە دەزانێت. هەتا قەبارەی گرووپ گەورەتر بێت، هەتا کەسانی

---

[1] - Siniša Malešević, Op. Cit. p. 21.

نامۆ لە گرووپەکەدا زیاتر بن، کاریگەریی لەسەر کاڵبوونەوەی گونجانی نێوخۆیی زیاتر دەبێت. ئەو جەخت لەسەر گرنگیی هەبوونی لانیکەمی بەها کان دەکاتەوە. هەروەها بە گرنگییەوە دەڕوانێتە ڕەهەندی شوێنیی و کۆمەڵایەتی. لە دیدی ئەوەوە گرووپەکان زۆرجار بە هۆی نیشتیمانێکی دیاریکراوەوە ناسنامەی خۆیان بەدەست دەهێنن. ناسنامە و سنوور پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە. زیمێل، باس لە گرنگیی پاراستنی سنوورەکان دەکات لە پەرەپێدان و بتەوکردنی ناسنامە گرووپییەکاندا. سنوورە شوێنییەکان، هێزگەلێکی کۆمەڵایەتی بەهێزن بەو واتایەی کە سنوور واقیعییەتێکی شوێنیی نییە کە خاوەنی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان بێت، بەڵکو واقیعییەتێکی کۆمەڵایەتییە کە شێوەی شوێنیی بەخۆوە گرتووە. سنوورەکان هەروەها لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دووری و نزیکیی گرووپەکان لەیەکەوە دیاری دەکەن. ئەمە زیاتر بە لای ئەو کەسانەوە واتادارە کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە "ئێمە" وەوە نزیکن. زیمێل جیاواز لە دۆرکایم سەیری کۆمەڵگەی نەریتیی دەکات. ئەو باس لە بەهێزیی هاوبەستەیی ئۆرگانیکی و پەیوەندی نێوان تاکەکان دەکات، لە کۆمەڵە سەرەتاییە بچووکە نەریتییەکاندا. لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی مۆدێرن بە پەیوەندییە گرووپییە لاواز و تاکگەراییە پرشوبڵاوەکەی دەناسرێتەوە. ئەو گرووپە ئێتنیکییانەی کە هاوبەستەییەکی بەهێزتریان هەیە، تایبەتمەندییەکی زیاتر لە ئاست دەرەوەی خۆیان نیشان دەدەن، چونکە ئەندامەکانیان زیاتر لەیەك دەچن و تاکگەراییان تێدا لاوازترە. لێرەوە لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا تاکەکان هێدی هێدی بەرەو جۆرێك لە زەینی جیهان نیشتیمانی (کۆزمۆپۆلیتانی) پەلکێش دەکرێن کە زۆر تاکگەرایانە و لێکدابڕاون.

**ماکس ڤێبەر**(Max Weber,١٨٦٤-١٩٢٠)

هەرچی بیرکردنەوەی ڤێبەرە سەبارەت بە نەتەوە و دەوڵەت، بەدەوری ئەم پرسیارەدا دەسوڕێتەوە کە کام لە هۆکار کۆمەڵایەتییەکان، ئەقڵانیبوونی شارستانییەتی ڕۆژئاوا یان بەرهەم هێناوە. ئێمە چەمکگەلێکی گرنگی وەك جۆرەکانی دەسەڵات، بیرۆکراسییەت و هاوڵاتیبوون لە بۆچوونەکانی ڤێبەرەوە وەردەگرین بۆ ئەوەی ببنە بەرچاوڕوونی زیاتر لە تێگەیشتن لە کورد و بونیادەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. تێگەیشتن لە جۆرەکانی دەسەڵات لای ڤێبەر، یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە جۆرەکانی دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، هەروەها ڕۆڵی سەرکردە و

سیمبولە نەتەوەییەکان و کاریگەرییان لە زۆر لایەنی وەك ناسنامەی نەتەوەیی و یەکڕیزی. یان کاتێك جەخت لەسەر نەتەوەسازیی دەکەینەوە لە هەرێمی کوردستاندا، دەبێت بزانین کە یەکێك لە بنەماکانی نەتەوە و نەتەوەسازی هەبوونی بیرۆکراسییەتە لە بەڕێوەبردن و دەسەڵاتدا.

هەندێك لایەنی بەرهەمەکانی ڤیبەر کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر تیۆرەکانی دواتری بواری ناسیۆنالیزم هەبووە بریتین لەمانە: گرنگی یادەوەرییە سیاسیەکان، ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە پاراستنی بەها کولتوورییە بێهاوتاکانی نەتەوە و گرنگیی نەتەوە ـــ دەوڵەتەکان لە سەرهەڵدانی خەسڵەتی تایبەتیی ڕۆژئاوای مۆدێرندا. بەڵام ئەوەی شێوازی شرۆڤەکەی ئەو دیاری دەکات، جەختکردنەوەیەتی لەسەر کردەی سیاسی، هەم لە بیچمگرتنی گرووپە ئێتنیکییەکاندا و هەم بەتایبەت لە پەرەپێدانی نەتەوە مۆدێرنەکاندا[1]. تێگەیشتن لەم ڕەهەندە بەبێ گەڕانەوە بۆ تێزەکانی سەبارەت بە دەسەڵات، دیموکراسی و بیرۆکراسی ئەستەمە. ئەو هێندە خۆی هەستی بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەی ئەڵمان دەکرد کە تیۆدۆر مۆمسێن، ڕاڤەکاری بەرهەمەکانی ڤێبەر سەردەمێك ئەوی بە ناسیۆنالیست ناوزەد کردبوو. سەرنجی لەسەر نەتەوە زیاتر بۆ پرسی پەیوەندییە ڕەچەڵەکییەکان دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە ئەوکاتەی کە لەژێر کاریگەریی ڕای گشتی ئەڵمانەکاندا بابەتێکی ورووژاند کە جووەکان بۆ ئەوەی تێکەڵ بە کۆمەڵگەی ئەڵمان ببن دەبێت واز لە جووبوونی خۆیان بهێنن[2].

بە پشتبەستن بە جۆرە نموونەییەکان(ideal types)، کە ڤێبەر وەك پێوانەیەك و بنەمایەکی شیکاریی بەکاری دەهێنان، سێ جۆر لە دەسەڵات یان شێوازی شەرعییەت لەیەکتری جیا دەکردەوە. جۆرێکیان ئەقڵانیی ـــ یاساییە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەژمار دەکرێت و لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنە. دووەم، دەسەڵاتی نەریتییە کە بۆماوەیە، یان لە سەرچاوەیەکی دەسەڵاتی باڵاتر و لەسەر بنەمای دەسەڵاتی لە مێژینە و ڕەگوڕیشەدا وەستاوە. پاشان دەسەڵاتی کاریزمایی[3].

---

(1) - آنتونی دی اسمیت، ناسیونالیسم و مدرنیسم، بررسی انتقادی نظریەهای متاخیر ملت و ملی گرایی، ترجمه کاظم فیروزمند، چاپ اول، نشر ثالث، تهران، 1391، ص٤٠.

(2) - تیم دیلینی، نظریەهای کلاسیك جامعەشناسی، ترجمه بهرنگ صدیقی/ وحید طلوعی، چاپ ششم، نشرنی، تهران، 1391، ص٢١٩.

(3) - راینهارد بندیکس، سیمای فکری ماکس وبر، ترجمه محمود رامبد، چاپ دوم، انتشارات هرمس، تهران، 1388، ص٣٢٧.

لە دیدی ڤێبەرەوە بیرۆکراسی تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆمەڵگەی دامەزراوەیی و مۆدێرنە. ئەو هەڵبەت دانی بەوەدا دە نا کە جیهان بەرەو ئەقڵانیبون و بیرۆکراسیبوون دەڕوات، بەڵام ڕوانینێکی ئەرێنیی سە بارەت بە بیرۆکراسی نەبوو و پاڵپشتیی لە سیستمی دیموکراسی دەکرد. لەو گۆشەنیگایەوە، دیموکراسی بە سیستمێکی سیاسی دەگوترێت کە تیایدا خەڵك بە بە شداریکەر لە سیستمێکی حکومەتیدا حسێبیان بۆ دەکرێت و نەك کەسانیکی ناچالاك و کلیلی چەمکی بەشداریکردنیش تێگەیشتنە لە واتای هاوڵاتیبوون[1].

سەبارەت بە چەمکی نەتەوە، دوو پێنا سەی گرنگی ڤێبەر شایەنی هەڵوە ستە لە سەرکردنن. ئەو لە یەکێکیاندا دەنووسێت: نەتەوە کۆمەڵێکە، لەسەر بنەمای هەست و سۆزەکان ڕاوەستاوە کە بە ئەندازەی پێویست خۆی لە دەوڵەتێکدا دەنوێنێت کە هی خۆیەتی؛ کەواتە، نەتەوە کۆمەڵێکە کە بە شێوەی ئاسایی ئامادەی ئەوەیە کە دەوڵەتێکی لێ پێك بهێنرێت[2]. هەروەها کۆمەڵێکی کولتوورییە کە بە هۆی پەیوە ندییە بەهێزە کانی زمان، جۆش و خرۆش و هەستی ئەخلاقییەوە کە لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە دەگوازرێتەوە پێکەوە بەستراوە[3] هەڵبەت نە زمانی هاوبەش، نە هاوبە ستەیی نەتەوەیی و نە یادەوەریی یەکگرتوویی سیاسیی، پێویستیی ڕەها و مەرجی یەکلاکەرەوەی نەتەوەسازی نین. هەروەك چۆن هاوبەستەیی ئێتنیکی بەتەنیا نابێتە هۆی دروستبوونی نەتەوە، بەڵکو زیاتر لە هەموو ئەمانە لەوانەیە یەکگرتوویی نەتەوەیی بە یادەوەرییەکانی پەیوەست بە چارەنووسی سیاسیی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانیترەوە ببەسترێتەوە. بۆیە پێویست ناکات هاوبەستەیی نەتەوەیی لەسەر بنەمای خوێن ڕاوەستا بێت. ڤێبەر پێیوایە کە ئەو هۆکارانەی وادەکەن کۆمەڵێك لە تاکەکان بە نەتەوە بزانین، زۆر جیاوازن[4]. تایبەتمەندییەکان چەسپاو نین. بەڵام ئەو جەخت لەسەر هەبوونی دەوڵەت دەکاتەوە و پێیوایە کە نەتەوە کۆمەڵێکە کە زۆرجار دەوڵەتێك بۆ خۆی دروست دەکات. دەوڵەتیش پێویستە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سنوورە کانی کۆمەڵی کولتووریی و یەکڕیزیی نێوخۆیی لە بەرامبەر هێرشی دراوسێکانی بکات. بۆ ئەوەش دەبێت سەرەتا نەتەوەکان ببن بە دەوڵەت. ئەو جگە لەوە جەخت لەسەر

[1]- پیتر کیڤیستۆ، هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی هەورامان فەریق، چاپی دووەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، 2022، ل١٤٠.

[2] - Max Weber, Op. Cit. P.176.

[3]- فرانك پارکین، ماکس وبر، ترجمه شهناز مسمی پرست، چاپ دوم، انتشاران ققنوس، تهران، 1389، ص١٠٢.

[4]- ماکس وبر، دین، قدرت، جامعه، ترجمه احمد تدین، چاپ چهارم، انتشارات هرمس، تهران، 1389، ص١٩٨-٢٠١.

تایبەتمەندی نیشتیمان دەکاتەوە. پێیوایە هەر کۆمەڵگەیەکی سیاسیی بەهێز ئارەزووی بەلای زیادکردنی هێز و هەژموونی خۆیدا هەیە. نەتەوە لە ڕوانگەی ئەوەوە تەنیا دیاردەیەکی بەرجەستە نییە، بەڵکو دیاردەیەکی زەینیشە. واتە لە شوێنێکدا بوونی هەیە کە خەڵك باوەڕیان وایە کە هەموویان یەکێکن یان لە شوێنێدا کە خەڵکی هەست بکەن پەیوەستن بە کۆمەڵێکەوە کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا ڕەنگی داوەتەوە[1]. لێرەوە گرنگیی بۆچوونی کلاسیکەکانمان بۆ خوێندنەوەی دیاردە نوێیەکان زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە.

**مارکس، مارکسیزم و نەتەوە**

لەڕووی تیۆرییەوە، نە کارل مارکس و ئەنگلز، نە برۆنۆ باوئەر و ستالینیش هەوڵیان نەدا تیۆرێك یان مۆدێلێك بۆ نەتەوە و نەتەوەگەرایی بخەنەڕوو. بەڵام توێژەرانی بواری نەتەوە و ناسیۆنالیزم توانیویانە باس و خواستی تایبەت بە نەتەوە و ئێتنیسیتە لە تێزەکانیاندا هەڵێنجان بکەن. ئەوەی گرنگە خاڵی هاوبەشی تێزەکانیانە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین و سەرنجی زیاتر لەسەر بۆچوونەکانی مارکس چڕ دەکەینەوە.

ڕەنگە جێی سەرسوڕمان بێت، ئەگەر بڵێین پرسی نەتەوە بۆ مارکس جێگەی ڕامان و قسەلەسەرکردن نەبووە. بەڕادەیەك کە لە هەندێك هەڵوێستیدا شارستانییەتەکانی هند و چینی بە بێبەها زانیوە و سەبارەت بە ڕۆژهەڵات نووسیویەتی کە جگە لە ئایین و تاعوون شتێکی بە ئێمە نەبەخشیوە. ئەمە بۆ لینینیش لە سەرەتاوە تا کۆنگرەی دووەمی حزب هەر وابووە. هەرچەندە ساڵانێك پاش کۆنگرە کێشەی لەگەڵ بنەمای مافی چارەی خۆنووسیندا نەبووە، بەڵام ئاماژەی بەوە کردووە کە جیاوازی لە ڕەچەڵەك، خوێندەواریی یان پیشە و هەڵبەت نەتەوەش دەبێت بەلای حزبەوە بێبایەخ بێت. دەبێت هەمووان ڕەنگدانەوەی ڕۆحی پاڵفتەی حزب بن و تەواو. هێدی هێدی بە تەشەنەکردنی ناسیۆنالیزم و چالاکییەکانی ئەو ئێتنیکانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسدا بوون، حەزی لینین بۆ پرسە نەتەوەییەکان وروژا و لە هەڵوێستەکانیدا هەمیشە داوای لە حزب دەکرد کە ستەمی

[1] - دیوید بیتهام، ماکس وبر و نظریه سیاست مدرن، ترجمه هادی نوری، چاپ اول، انتشارات ققنوس، تهران، 1391، ص۲۰۱.

نەتەوەیی ســـەرکۆنە بکات و بیکاتە ئامرازی ڕووخاندنی دیکاتۆرییەت. بەڵام هیچکات وازی لەو بۆچوونە نەهێناوە کە بەرژەوەندییەکانی سۆسیالیزم لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان باڵاترن[1].

سۆسیال دیموکراتەکانی ناو حزبیش هەرچەندە جەختیان لەسەر مافی چارەی چینی پرۆلیتاریای نێو هەر نەتەوەیەك و خۆبەڕێوەبەریی کولتووری دەکردەوە، بەڵام هەرگیز بنەمـای مـافی چـارەی خۆنووســـینیان پەســـەند نەدەکرد. لێرەوە بەئاشـــکرا دەردەکەوێت کە بۆ مارکســـیزم پرســـی نەتەوە و ئێتنیســـیتە ئـاریشـــەیەکی بەردەوام و چـارەســـەرنەکراوی تیۆری و دژوارییەکی کردەیی بۆ بزوتنە ســۆسـیالیســتییەکان بووە. چونکە یەکە ئێتنیکییەکان هەمیشـە لەسـەر بنەمای ڕێسـاگەلێکی جیا لە ڕێســـا چینایەتییەکان دابەش بوون و نەتەوەش لەڕووی مێژووییەوە یەکەیەك بووە کە بانتر لە چین بیچمی گرتووە. دەی کەواتە چۆن دەبوو کە دیدگایەکی تەواو چینایەتی لەگەڵ بنەمای بەفەرمیناسینی مافی نەتەوەکاندا بۆ سەربەخۆ تێکەڵ بکرێت[2].

مارکس لەژێر کاریگەری میراتی ڕۆمانتیکی ئەڵمانی و هیگڵیدا بوو کە جەختی لەســـەر گرنگیی زمان و مێژووی سیاسی لە دروستکردنی دەوڵەت ـ نەتەوەکان و ناکۆکییەکانیدا لەگەڵ نەتەوە بچووك، بێمێژوو و دواکەوتووەکاندا دەکردەوە. پەیڕەوانیشـــی وەچاخی مارکسـیان لە بەکەمسـەیرکردنی نەتەوە دواکەوتووەکان کوێر نەکردووە و ســـەربەخۆیی مێژووی و کۆمەڵناســـیی تایبەتیان دەدایە پاڵ چەمکی نەتەوە[3]. مارکس لە نووسـینەکانیدا سـەبارەت بە جووەکان و ڕۆڵی کۆچبەرە ئێرلەندییەکانی بەریتانیا، نەتەوە و ئێتنیســـیتە وەك هەموو دیاردە و بەرهەمەکانی دیکە بە پەیوەندی نێوان ســـەرخان و ژێرخانی ئابوورییە دەبەســـتەوە. ژێرخانی ئابووری بنەمای گۆڕانکاری و بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانە. ئەگەر بیرکردنەوەی ئێتنیکی و نەتەوەییش بچنە خـانەی کولتوور و ســـەرخـانەوە، کەواتە ململانێ ئێتنیکییەکـانیش ڕەگوڕیشـــەیەکی ئـابوورییـان هەیە و چییەتیی بەرهەمی ســـەرمـایەداری ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت. سەرنجی مارکس لەسەر ئێتنیسیتە بوو و جەختی لەسەر ململانێی چینایەتی و پەرەپێدانی سەرمایەداری دەکردەوە.

---

(1)- Vladimir Lenin, Collected Works, Volume 26, (1917-1918), Translated by Yory Sdobnikov and George Hannah, third publishing, Moscow, 1977.p.449.

(2)- لشك کولاکوفسکی، جریانهای اصلی در مارکسیسم؛ برآمدن، گسترش و فروپاشی، م. عباس میلانی جلد دوم، چاپ دوم، انتشاران آگاه، تهران، (1385)، صص( ١٠٤-١٠٥)

(3) - آنتونی دی اسمیت، همانجا، ص٣٥.

دەکرێت کرۆکی تیۆرەکەی مارکس لەمبارەیەوە لە سێ خاڵدا کورت بکەینەوە: لەپێشتربوونی ژێرخانی ئابوری لەچاو سەرخانی کولتووری؛ تایبەتگەرایی ئێتنیکی وەك ڕێگرێک لەبەرامبەر پێشکەوتنی جیهانیی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی؛ و زاڵبوونی مێژوویی ململانێی چینایەتی بەسەر ناسنامەی ئێتنیکیدا[1]. دروستە کە مارکس و ئەنگلز داوای کۆمەڵگەی بێچین و دەوڵەتیان دەکرد، بەڵام هەردووکیان بە قووڵیی ئەوروپا سەنتەر بوون و لە هەندێك حاڵەتدا پشتیوانیان لە پەیامی شارستانییەتسازیی کۆلۆنیاڵی ئەوروپی دەکرد. باوەڕیان وابوو کە دەبێت ئەو گرووپە نەتەوەییانەی کە توانای ئەوەیان نییە وڵاتی خۆبەڕێوەبەر و چالاك دروست بکەن، ڕێگە بدرێت لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار نەمێنن یان لە یەکە گەورەترەکاندا بتوێنەوە.. [بەواتایەك مەبەستیان نەتەوەسازی بوو]، لە ڕوانگەی هەردووکیانەوە وڵاتی نەتەوەیی مۆدێرن دەرهاویشتەی پرۆسەیەك بوو کە تیایدا بەرهەمی سەرمایەداری بوو بوویە جێگرەوەی سیستمی پاشایەتی. گواستنەوە بەرەو ئابوریی بازاڕ، وڵاتانی ناچار دەکرد کە زمانی یەکگرتوو دروست بکەن، دامەزراوەگەلی ناوەندیی(مرکزی) دروست بکەن و جیاوازییە لۆکاڵییەکان دابمرکێننەوە[2]. هەڵبەت ئەوە واتای گرنگیدانیان بە نەتەوە نەبوو، بەڵکو پێیان وابوو کە ناسیۆنالیزم خۆی ساتێکی پێویستی گۆڕانکاریی ئابورییە.

مارکس، لە کتێبەکانی "لە بارەی پرسی جوو(١٨٤٤)"، خێزانی پیرۆز(١٨٤٥)، "لە مارکس و ئەنگلزەوە(١٩٧٧)" دا، ئامانجی ئەوەیە ڕوونی بکاتەوە کە لە سیستمی سەرمایەداریدا ئەستەمە مرۆڤەکان بە ئازادیی ئێتنیکی بگەن. لەم جۆرە سیستمەدا ڕەنگە ئازادیی سیاسی ئێتنیکەکان ئەگەری هەبێت، بەڵام لەو ئازادییە گرنگتر، ئازادی مرۆڤەکانە لە دەرهاویشتەکانی سەرمایەداری کە گرنگترینیان بەشتبوون و نامۆبوونە. ئەم حاڵەتە کاتێك ڕوودەدات کە چەمکی هاوڵاتیبوون بەرجەستە ببێت و مرۆڤەکان بتوانن تواناکانی خۆیان بخەگەڕ لە پەرەسەندنێکدا کە بۆرژوا لاواز دەبێت و لە دوای سەرمایەدارییەوە، کۆمۆنیزم دێتە ئاوارە. لەم پێناوەدا ئێتنیسیتە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت ڕێگر دەبێت لەبەردەم جووڵە و بزاوت بەرەو ئازادیی کۆتایی مرۆڤ. مارکس هەرچەندە دژی دامەزراندنی نەتەوە نوێیەکانی پشتئەستوور بە نەتەوایەتییە جیاوازەکان نەبوو، سەبارەت بە نەتەوە و دەوڵەت مۆدێلی

---

[1] - Siniša Malešević, Op. Cit, p.14.

[2] اندرو وینسنت، نظریەی سیاسی، ترجمه پری مختاری، در کتاب دائرة المعارف ناسیونالیسم، زیر نظر الکساندر ماتین، جلد دوم، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجه، تهران، 1384، ص٨٤٣.

فەڕەنسـای پاش ـــــ شـۆڕشـی دەکردە دەلاقەیەك بۆ ئەوەی بڵێت "دەوڵەتسـەنتەریی و یەکپارچەیی نەتەوەیی لە شێوەی توانەوە و چارە سەکردنی وردە کولتوورەکانی کۆمەڵگە نەتەوەییەکان، تاکە ڕێگەی بەردەوامیی پێشـکەوتنی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بووە[1]. مارکس هەڵبەت بەرامبەر بە ناسـیۆنالیزم ڕەشـبین بوو و بە ئاشـکرا لە مانیفێسـتی کۆمونیسـتدا کۆتایی ناسـیۆنالیزمی پێشـبینی کردبوو: لە جیاتی گۆشەگیری و خۆبەڕێوەبەری کۆنی لۆکاڵی و نەتەوەیی، ئێمە لە هەموو لایەکەوە یەکگرتوویی جیهانیی نەتەوە کا نمان هەیە... نوێگەرییە هزرییە کانی نەتەوە کان دەگۆڕدرێن بۆ خاوە نداریێەتی هاوبەش. تـاکلایەنەگەرایی و بەرچـاوتەنگیی نەتەوەیی لە جـاران زیـاتر ئەسـتەم دەبێـت و لە نێو ئەدەبیـانی فرەچەشنی نەتەوەیی و لۆکاڵیدا، ئەدەبیاتی جیهانیی بەدی دێت[2].

هەڵبەت پێویستە ئەو خاڵەمان لەبەرچاو بێت کە ڕەوتە هزرییەکانی نێو مارکسیزم تەنیا لە مارکس و نەوەی یەکەمیدا کورت ناکرێـتەوە، بەڵکو نەوەکانی دواتری ئەو ڕێبازە لە درێژپێدان یان ڕەخنەگرتن لە خودی ڕێبازەکە، هەوڵیان داوە پەرە بەو ڕەوتە هزرییە بدەن و وەڵامی بەشـێك لەو ڕەخنانە بدەنەوە کە ئاڕاستەیان دەکرێت. بۆ نموونە نیومارکسیستەکانی وەك بنێدیکت ئەندرسن و پێری ئەندرسن کە دوو لە پێشەنگانی نا سیۆنالیزمی هاوچەرخن و سەر بە هزری مارکسیستین، خوێندنەوەی نوێیان بۆ ئەم پرسـە هەیە. پرسـی سـەرەکی ئەندرسـن لاوازیی تیۆری مارکسـیسـتییە لە چارەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ شـتێکدا کە خۆیان پێیان دەگوت پرسـی نەتەوەیی[3]، هەروەها یەکێکیتر لەو کەسـانە ئۆتۆ باوئەرە، کە پێیوابوو هۆکاری سـەرەکی دیاریکەری نەتەوەیەك کارەکتەرەکانییەتی. ئەو هۆکارانەش کە بیچمی پێدەدەن هەم سروشـتی و هەم کولتوورین. ئەو بە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگەی ئەڵمان کۆمەڵێك هۆکاری دیکە جگە لە چینایەتی بە پاڵنەری یەکگرتوویی نەتەوەیی دەزانێت. بەرهەمهێنانی کاڵا، پەروەردەی گشـتی، سـیسـتمی سـەربازی، دیموکراسـی، مافی دەنگدان و دواجار بزووتنەوەی چینی کرێکار هەموویان دەسـتیان دایە دەسـتی یەکتر تا هەموو ناوچە دوورەدەسـتەکانی ئەڵمان بگۆڕن بە نەتەوەیەکی هوشـیار سـەبارەت بە یەکڕیزی نەتەوەییان[4]. باوئەر دان بەوەدا دەنێت کە دژی باوەڕ

[1] - Siniša Malešević, Op. Cit, p.16.

[2] - Karl Marx and Friedrich Engels, The Communist Manifesto, republished by Global Grey, 2018, p.6.

[3] - بندیکت آندرسن، همانجا، ص٢٥٤.

[4]- لشك كولاكوفسكی، همانجا، ص ٣٢٣.

نەریتییەکانی مارکسـیزمە و چینی کرێکار لەم نێوەندەدا هیچ ڕۆڵێکیان نییە و چینی دەسـەڵاتدارە کە کۆنترۆڵی کولتووری نەتەوەییان دەکات، بەڵام یەکێك لە ئەرکەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەوەیە کە خەبات بکەن بۆ ئەوەی هەموو چینەکان لە سازکردنی کولتووری نەتەوەییدا بە شداری پێبکەن. لە هەموویان دیارتر ئەنتۆنیۆ گرامشـییە، کە بە سـوودوەرگرتن لە چەمکەکانی چینایەتی، پرۆلیتاریا و هەژموون، هەوڵی پاڵفتەکردنی ئینتەرناسـیۆنالیزم لە هەرجۆرە نارِوونی و ژەنگگرتنێکی ئایدیۆلۆجیانە دەدات.. بۆ سـەرکردایەتیی توێژە کۆمەڵایەتییە تەواو نەتەوەگەراکان(وەك ڕۆشـنبیران) و ئەو توێژانەی کە هەندێکجار ڕوانینێکی سـنووردارتریان هەیە و لۆکاڵی و شـارچییەتی دەکەن(جووتیاران)، چینێك کە لە بنەڕەتدا نێودەوڵەتییە(پرۆلیتاریا) دەبێت بە واتایەك خۆی "نەتەوەیی" بکاتەوە[1]. دەتوانین بڵێین مارکسـیزم بەگشـتی و مارکس بەتایبەتی، لە ئاسـت تیۆریزەکردنی پرسـی نەتەوە و ناسـیۆنالیزمدا نەیانتوانیوە خۆیان سـاغ بکەنەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم پرسـەش تا هەنووکە لە گوتار و ئەدەبیاتی ئەم ڕێبازەدا خۆی دەنوێنێت.

لە کۆتاییدا دەتوانین ئەم بابەتە لە دوو خاڵدا کورت بکەینەوە. یەکەم کۆمەڵناسـانی کلاسـیك، لە ئەنجامی ئەو دەرکەوتە جێی مشـتومڕانەی مۆدێرنیتە و سـەرمایەدارییەوە، ئەگەر سـەرنجیان لەسـەر نەتەوە و نەتەوەسـازیش چڕ کردبێـتەوە، کەمتر بەلای ڕەهەندە سیاسـییەکەیدا ڕۆشـتوون و زیاتر بە ئاڕاستەی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی، ئەخلاق و پاراستنی شیرازەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بووە. خاڵی دووەم، بریتییە لەو کاریگەرییەی ئەم کلاسیکانە لەسەر کۆمەڵناسی و کۆمەڵناسانی دوای خۆیان بەجێیان هێشـتووە. لە تەوەری دواتردا ئاماژە بە پارادایمە سـەرەکییەکان سـەبارەت بە نەتەوە دەکەین.

**پارادیمە سەرەکییەکان سەبارەت بە چەمکی نەتەوە و ڕەگ و ڕیشەی کورد**

چەمکی نەتەوەسـازی سـەرەڕای فرەڕەهەندییەکەی، خاوەنی سـەرسـوڕهێنەرترین ڕوانینەکانی ڕاڤەکردنە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا[2]. ڕوانین و پۆلێنبەندییەکان سەبارەت بە ناسیۆنالیزم بەتایبەت ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی فرەچەشنن. بۆ نموونە ناسیۆنالیزمەکانی ئەزەلیگەرا، ئێتنیکگەرا، یەکریزیگەرا،

---

[1]- آنتونیو گرامشی، دولت و جامعه مدنی، ترجمه عباس میلانی، چاپ سوم، نشر اختران، تهران،1388،ص٦٤.

[2] -Remi Okeke & Chinyere Ikeh & Christopher Oku, The Concept of Nation building: Theoretical Expositions, Journal of Humanities and Social Policy,Vol 8. No. 1 2022, p.1.

مۆدێرنیست ـــــ سازکراوەگەرا، مەدەنی، ماتریالیزمی مێژووییگەرا، سیاسی، تاکگەرا، ڕیفۆرمخواز، هێرشبەر، یان بە گوێرەی کیشوەرەکان و هەرێمەکانی وەك ئا سیای ڕۆژهەڵات و ئەوروپای ڕۆژهەڵات. هەروەها بەپێی جۆرەکانی خەباتی دژە کۆلۆنیالی، بۆ پێشکەوتنی نەتەوەیی، خەباتە کۆمەنیستییەکان و خەبات دژی دیاردەی جیهانگیری. هەروەها پۆلێنبەندییەکی تر، ئەم پۆلێنبەندییەی خوارەوەیە کە بۆ چوار جۆر ناسیۆنالیزمی هەمەکیگەرا، تاکگەرایانە، ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی و شارستانی پۆلێنیان دەکات. مەبەست لە یەکەمیان ناسیۆنالیزمێکە کە تیایدا نەتەوە بە تاکێکی گشتی بە ماف، بەرژەوەندی و خواستی تایبەت بە خۆی پێناسە دەکرێت. ناسیۆنالیزمی تاکگەرایانە کە مەبەست لێی نەتەوەیەکە بە کۆمەڵێك تاکی ئازادەوە. ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی ناسیۆنالیزمێکە کە تیایدا ئەندامییەتی لەسەر بنەمای ڕەگ و ڕەچەڵەك دیاری کراوە و بە تایبەتمەندی هەژمار دەکرێت. ناسیۆنالیزمی مەدەنیش ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە لە سەر بنەمای ئەوە ئەندامییەتی لە نەتەوەدا یەکسان دەکرێت بە هاوڵاتیبوون و بە مەقوولەیێکی سیاسی یان پەیوەست بە ماف هەژمار دەکرێت[1]. سەبارەت بە کاتی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمیش مشتومڕەکان تا هەنووکە بەردەوامن. ئەوەی زۆرێك لە سەرچاوەکان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە مێژووی سەرهەڵدانی لە دەیەی پەنجای سەدەی نۆزدەوەیە و یەکەم دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمیش لە ئاسیا بۆ وڵاتی یابان دەگەڕێتەوە[2].

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە کۆدەنگییەك سەبارەت بە پێناسەی هەر دوو چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە ئارادا نییە، کۆمەڵناسان بە پێچەوانەی مێژوونووسانەوە، لەبارەی ڕەگوڕیشەی ئەم دوو چەمکە جۆرێك دڵنیایی دەدەن. بۆنموونە ناسیۆنالیزم بە بزووتنەوە و ئایدیۆلۆجیایەکی مۆدێرن دەزانن کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا سەری هەڵداوە و ترۆپکی لە هەردوو جەنگی جیهانیدا بووە[3]. سەبارەت بە نەتەوە، بە دانپێدانانی بنێدیکت ئەندرسن. هیوستۆن واتسۆن نووسەرێکی کاریگەری بواری ناسیۆنالیزم، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ناتوانرێت پێناسەیەکی زانستیی سەبارەت بە نەتەوە بخرێتە ڕوو؛ و ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم دیاردەیە بوونی

[1] - هەورامان فەریق کەریم و موراد حەکیم، سیاسەت و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی چاکسازی و گۆڕانی سیاسی، تەمووزی 2017، ل٢٨٨.

[2]- پی یر رنوون، ناسیونالیسم و ناسیونالیسم ها، در کتاب ملت، حس ملی، ناسیونالیسم، ارنست رنان و دیگران، ترجەی عبدالوهاب احمدی، چاپ یکم، نشر آگە، تهران، ١٣٩٠، ص١٦٨.

[3] - آنتونی دی اسمیت، همانجا، ص٢٠.

هەبووە و بەردەوام بوونی دەبێت[1]. بەڵام ڕاســتییەك هەیە دەبێت بزانرێت کە نەتەوە و ناســیۆنالیزم لە ڕۆژئاوا شانبەشانی یەکتر دەرکەوتوون و گەشەیان کردووە.

سەبارەت بە نا سیۆنالیزم، هەرچی لە ئەوروپای ڕۆژئاوایە، لەژێر کاریگەری ڕۆ شنگەری، ڕێنسانس و شۆڕشەکانی وەك شۆڕشی فەڕەنسی و پیشەسازیدا و دوا بەدوای ڕێککەوتننامەی ڤستفالیا (١٦٤٨)، ئاڕاســتەی ناســیۆنالیزم بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی دیاریکراو بوو. ناســیۆنالیزمی ڕۆژئاوا لە لایەك ئا مانجی دەوڵەتســـازی بوو لەڕووی بونیادە کارگێڕییە کانی حکومەتەوە کە خۆی لە کارامەکردنی بونیادی وڵات دەبینییەوە، هەروەها ئامانجی نەتەوەسـازی کە سـەرنجی لەســەر گۆڕینی بیرکردنەوەی خەڵك بوو بە ئاڕاســتەی دروســتکردنی هەســتی وەفاداری بۆ وڵات، بەهای هاوبەش، بوونبەهاوڵاتیی مۆدێرن و پشتیوانی و بەشداریی هاوڵاتی لە سیستمی سیاسی. بۆ ئەمەش پێویستیان بە تێکەڵکردنی دوو جیهان هەبوو. لە لایەك پەرەپێدانی ڕەگەزە کولتوورییە نەریتییەکان، لە لایەك جیهانی مۆدێرن و کۆزمۆپۆلیتان؛ واتە بەها لۆکاڵی و ڕەسەنەکان لەگەڵ بەها جیهانی و مۆدێرنەکان.

لەو کاتەوە و بەتایبەت لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە کە بە سەدەی نەتەوەسازی دەناسرێت، فەیلەسوف و نووسەرانی وەك جۆن ستیوارت میل(John Stuart Mill، ١٨٠٦-١٨٧٣) ، لۆرد ئاکتۆن (John Dalberg-Acton,١٨٣٤-١٩٠٢) (جۆزێپێ ماتزینیGiuseppe Mazzini ، ١٨٠٥-١٨٧٢) و ئێرنســت ڕێنان (Ernest Renan، ١٨٢٣-١٨٩٢)، لەســەر ڕەهەندی تیۆریی ســیاســی و ئەخلاقی ناسیۆنالیزم جەختیان کردەوە و لە ١٩٥٠ ەوە لە ئەمریکا، کۆمەڵیك توێژەری وەك دەیڤد ئەپتەر(Apter David E، ١٩٢٤-٢٠١٠) ، کارل دۆیچ(Karl Deutsch، ١٩١٢-١٩٩٣)، لوســیەن پای( Lucian Pye، ١٩٢١-٢٠٠٨)، کلیفۆرد گێرتس(Clifford Geertz، ١٩٢٦-٢٠٠٦)، کاریان لەو بارەیەوە کرد. بەهۆی کـاریگەرییەکـانی هەر دوو جەنگی جیهـانی، ســەرهەڵدانی مـارکســیزم و دەرهـاویشــتە نەرێنییەکانی مۆدێرنیتەوە، کە دەرکەوتنی کۆمەڵێك قوتابخانەی وەك فرانکفۆرتی لێ بەرهەم هات، لە هەموویان گرنگتر تاقیکردنەوەی هەندێك مۆدێلی دەوڵەتی فاشیستی و ناسیۆنالیستیی کە جگە لە کارە سات بۆ مرۆڤایەتی شتێکی دیکەی بەرهەم نەهێنا، هێدی هێدی نا سیۆنالیزم ڕووی لە کزیی کرد و تا دەیەی پەنجا بە کپی مایەوە. لە دەیەی شــەســتەوە، دەســتی بە جووڵە کردەوە و بوویەوە جێی

[1] - هەمان، ص٣٠.

بایەخی بزووتنەوەکان و جێی سەرنجی کایەکانی سیاسەت، مێژوو و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بۆیە خوێندنەوەی ناسیۆنالیزم بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکرێت: پێش جەنگی جیهانیی یەکەم، ساڵانی نێوان (١٩١٨) تا (١٩٤٥) و لەو کاتەوە تا سەردەمی ئێستا. هەڵبەت لە یەکێك لە نوێترین کتێبەکانی ئەم بوارەدا، قۆناغبەندییەکە دەستکاری کراوە و بۆ چوار قۆناغی (سەدەی هەژدە و نۆزدە کە ناسیۆنالیزم تیا یدا لەدا یك بووە، (١٩١٨) تا(١٩٤٥)، لەو کاتەوە تا کۆتاییە کانی دەیەی(١٩٨٠) کە قۆناغی بەشداریی کۆمەڵناسان و بیرمەندانی زانستە سیاسییەکانە لەو مشتومڕانەدا و لە سەرەتای (١٩٨٠)ەوە تا ئەمڕۆ)[1]، پۆلێن کراوەتەوە.

یەکێك لەو بیرمەند و توێژەرانەی کە بەرهەمەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزم هەبووە، ئەنتۆنی دی سمێسە. ئەو ناسیۆنالیزم بە بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ گەیشتن و پاراستنی خۆبەڕێوەبەری، یەکگرتوویی و ناسنامەی نەتەوەیەکی هەبوو یان ناچالاك (potential) پێناسە دەکات. ناسیۆنالیزم وەك بزووتنەوە، زۆرجار پێش ئەوە و بەدوای بەدیهێنانی نەتەوەوەیە، تەنانەت ئەگەر زۆرجار وەها دەری بخات کە نەتەوە پێشتر بوونی هەیە[2]. بەڵام جۆن برولی لە پێناسەی ناسیۆنالیزمدا پێیوایە کە ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەو بزووتنەوە سیاسییانەی کە بەدوای یان سەپاندنی هێزی دەوڵەتیدان و وەها کردەگەلێکی خۆیان بە بەڵگەگەلی نا سیۆنالیستی پا ساو بۆ دەهێننەوە. ئەرگیومێنتەکەشی لە سەر ئەم سێ بنەمایە ڕاوە ستاوە. یەکەم، نەتەوەیەك بوونی هەیە کە کاراکتەرێکی د یار و تایبەتی هەیە؛ دووەم، بەرژەوە ندی و بە ها کانی ئەم نەتەوەیە لە سەروو هەموو بەرژەوەندی و بەهاکانی دیکەوەن؛ و سێیەم، نەتەوە دەبێت هەتا دە کرێت سەربەخۆ بێت[3]. گێلنەریش وەك یەکێك لە دیارترین تیۆریستەکانی ناسیۆنالیزم، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: بنەمایەکی سیا سی و دەربڕی ئەوەیە کە یەکەی سیا سی و نەتەوەیی پێکەوە تەبابن. نا سیۆنالیزم وەك هە ستێك یان بزووتنەوەیەك دەتوانێت بە با شترین شێوە لەم بنەمایەدا پێنا سە بکرێت. هە ستی نا سیۆنالیستی،

---

[1] - اوموت اوزکریملی، همانجا، ص٢٨.

[2] - Anthony D. Smith, The origins of nations. Ethnic and Racial Studies, 12(3), 1989, pp.340-367. P.5.

[3] - John Breuilly, Nationalism and the State, Second Edition, Manchester University press, 1993, P.2.

بریتییە لە هەستی ڕقی دەرهاویشتەی پێشێلکردنی ئەم بنەمایە یان هەستی ڕەزامەندی دەرهاویشتەی بەرجەستەبوونییەتی. بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی، وورژانی وەها هەستێکە[1].

گێلنەر زیاتر سەرنجی لەسەر دەوڵەتە. پێیوایە کە بە نەبوونی دەوڵەت قسەکردن لەسەر ناسیۆنالیزم بێسوودە. دەوڵەت لە پێش ناسیۆنالیزمەوەیە و نەتەوە لەسەر بنەمای کولتووری باڵای بەرهەمهاتوو لە کۆمەڵگەی پیشەسازی دێتە ئاراوە. هەروەها ئەوە ناسیۆنالیزمە کە نەتەوەکان بەدی دەهێنێت نەك بە پێچەوانەوە. بۆچوونی گێلنەر لەو شوێنەدا لە ئەندرسن نزیك دەبێتە کە پێیوایە نەتەوەکان بونیادگەلێکی ئایدیۆلۆجین کە بە دوای بەستەری نێوان گرووپە کولتوورییەکان و دەوڵەتدا دەگەڕێن. ئەندرسن لە پێناسەی نەتەوەدا پێشنیاز دەکات کە نەتەوە کۆمەڵێکی سیاسیی وێناییە، وێنایی هەم لەبەر سنوورداربوون و سنوورە خودییەکانی و هەم لەبەر بێ چەندوچۆنی و ئەو هێزە ڕەهایەی کە داویانەتە پاڵی. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە کە وێنابوونی نەتەوەکان لەسەر ئەوەیە کە ئەندامەکانی نەتەوەیەك هیچکات زۆرینەی هاونیشتیمانییەکانی خۆیان ناناسن، یەکتر نابینن و تەنانەت لەبارەی ئەوانەوە هیچ شتێك بەرگوێیان ناکەوێت؛ بەڵام لە زەینی هەریەکەیاندا وێنایەك لەم پێکەوەبەستنە زیندووە[2].

سەبارەت بە تیۆرەکانی ناسیۆنالیزم، جەیمز گودمەن لەم پێنج جۆرەدا کورتیان دەکاتەوە[3]:

١- تیۆرە ئێتنیکی ـ نەتەوەییەکان کە جەخت لەسەر ناوەڕۆکی ئێتنیکی ناسیۆنالیزم دەکەنەوە؛

٢-تیۆرەکانی مۆدێرنسازی، کە پێداگری لەسەر هۆکارە کۆمەڵایەتی ـــ ئابورییەکانی سەرهەڵدانی ناسنامەی نەتەوەیی دەکەنەوە، بۆ نموونە بەپیشەسازیبوون؛

٣-تیۆرە وڵاتسەنتەرەکان کە ناسیۆنالیزم بە سیستمی وڵاتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە دەبەستنەوە؛

٤-تیۆرە چینسەنتەرەکان کە لە گۆشەنیگای پەیوەندییە چینایەتییەکانەوە دەڕوانن؛

---

(1)- ارنست گلنر. ملت ها و ملی گرایی، ترجمەی ابوالفضل مینویی فر، چاپ اول، گام نو، تهران، ١٤٠٠، ص٢٣.

(2) - بندیکت آندرسن، همانجا، ص٣٤.

(3) - مایکل لوکاچ، سازمان های فراملی، در دائرة المعارف ناسیونالیسم، زیرنظر الکسندر ماتین، جلد دوم، مفاهیم اساسی (د-ی)، ترجمە فریدون مجلسی، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجە، تهران، 1384، ص٦١٦.

٥-تیۆرەکانی پەرەسەندنی ناهاوسەنگ کە سەرنج لەسەر سەقامگیری نێودەوڵەتی و جیاوازییە نەتەوەییەکان دەکەنەوە کە تیایدا ناسیۆنالیزم بەرهەم دەهێنرێتەوە.

هەرچەندە تێکەڵی و هاوبەشیی زۆر هەیە لە نێوان وشەکانی نەتەوە، ئێتنیک، ئێتنیسیتە و ڕەچەڵەکدا بەڵام لەڕووی وشەسازییەوە، نەتەوە (nation)، لە وشە لاتینییەکانی (nasci) (لەدایکبوون)، nation (وابەستەیی بەرامبەرکێ لەڕووی لە زادەبوون و زێدەوە)، وەرگیراوە. هاوڕەگەکەی لە زمانی ئینگلیزیدا ڕێکوپێك بریتییە لە natal (زێدی) وnature (سروشت) کە ژێربەژێر لە گوتاری ناسیۆنالیستیدا بەکار دەهێنرێن. بۆیە واتا زێدییەکەی، بنەمای شێوەی سروشتی کۆبوونەوەکانی مرۆڤ دیاری و دەستەبەر دەکات[1]. لەڕووی زاراوناسییەوە پێناسەگەلێك بۆ نەتەوە کراون. ئێرنست ڕێنان لە وتارە بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی "نەتەوە چییە" گرنگییەکی سەرسوڕهێنەر بە گیان و بنەمای ڕۆحانی نەتەوە دەدات. بە لای ئەوەوە ڕۆح، ئەم بنەما مەعنەوییە لە دوو ڕەگەز پێکهاتووە کە لە واقیعدا یەکێکن. یەکێکیان ڕەگی لە ڕابردوودا داکوتاوە و ئەویتر لە ئێستادا. یەکێکیان خاوەنداریێتی هاوبەشی بۆماوەی سیخنانە بە یادەوەرییەکان و ئەویتر هاوتەریب لەگەڵ ئێستا[2]. ئەو ئاماژە بە چەند کۆڵەکەیەکی دروستبوونی نەتەوە دەکات، بەڵام مەرج نییە هەمیشە ئەو ڕۆڵە ببینن. جوگرافیا، ئایین و ڕەچەڵەك لە گرنگترینیانن. هەروەها پاڵەوانییەتی، شانازییە نەتەوەییەکانی ڕابردوو و زمان، کە لە هەندێك وڵاتدا دەبنە هۆی بەدیهێنانی یەکپارچەیی و ناسنامەی نەتەوەیی. ئەوەی بەلای ئەوە گرنگە یەکگرتووییەکی بتەوە کە بە هۆی گیانبەختکردنەکانی ڕابردوو و ئێستاوە بیچم دەگرێت. بۆ ئەو ئێستایەك و واقیعییەتێکی بەرجەستە گرنگە، با بەرهەمی ڕابردووی نەتەوەش بێت. واتە ڕێککەوتن و ئارەزوویەکی بۆ بەردەوامیی پێکەوەژیان. بوونی نەتەوەیەك واتە گشتپرسییەکی ڕۆژانە.

ئەنتۆنی دی سمێسیش وەها پێناسەی نەتەوە دەکات کە کۆمەڵگەیەکی مێژوویی و کولتوورییە، کە خاوەنی قەڵەمڕەوێکی یەکپارچە، ئابووری، سیستمی خوێندنی گشتی، مافی یەکسانی هاوبەشە[3]. ئەو هەڵبەت ئاماژە بەوە دەکات کە مەرج نییە هەموو ئەو ڕەگەزانەی ئاماژە یان پێکراوە لە نەتەوەدا هەبن،

[1] - اندرو وینسنت، ایدئولوژی های مدرن سیاسی، ترجمەی مرتضی ثاقب فر، چاپ دوم، انتشارات ققنوس، تهران،1386، ص٣٣١.

[2] - ارنست رنان و دیگران، ملت، درکتاب ملت، حس ملی، ناسیونالیسم، ترجمەی عبدالوهاب احمدی، چاپ یکم، نشر آگە، تهران، 1390، ص٤٩.

[3] - Anthony D. Smith, The origins of nations. Op. Cit. p.344.

دەكرێت نەتەوەیەك لە یەكێك لەو ڕەگەزانە بێبەش بێت و هەر بە نەتەوە هەژمار بكرێت. سەبارەت بە گرووپە ئێتنیكییە كانیش پێیوایە كە ئەو كۆمەڵە تاكەی كە خاوەنی تایبەتمە ندیگەلێكی كولتووریی تایبەتی بوون، زۆرجار تۆڕێكی كۆمەڵایەتی یان كۆمەڵە تۆڕێكیان پێك دەهێنا كە بە درێژایی كات گۆڕا بۆ شتێك كە ئەمڕۆ پێی دەڵێین كۆمەڵە ئێتنیكییەكان. ئەم كۆمەڵە كولتووری و مێژووییانە زۆرجار بە نیشانەگەلێك دەناسرێنەوە كە بریتین لە ناوی هاوبەش، كۆمەڵێك ئەفسانەی هاوبەش و ڕەچەڵەكی هاوبشە، هەندێك یادەوەری هاوبەشی مێژوویی سەبارەت بەو شتانەی كە پێكەوە ئەزموونیان كردوون، خاكێكی مێژوویی یان نیشتیمانی هاوبەش، چەند ڕەگەزێكی كولتووریی هاوبەش ـ مان، داب و نەریت یان ئایین و هەستی پێكەبەستن و یەكڕیزی نێوان ئەندامانی كۆمەڵگە[1]. بۆ چڕكردنەوەی سەرنج لەسەر ئەم پرسە، هەوڵدراوە چەند ڕەهەندێكی نەتەوە بەگوێرەی ڕوانگە سەرەكییەكان بخرێنەڕوو. سەرەتا بە ڕەگوڕیشەی كورد و دواتر ڕوانگەكان دەناسێنرێن.

## ڕەگوڕیشەی كورد

دەكرێت ئەو توێژەرانەی كە سەبارەت بە سەرهەڵدان و ڕەوتی ناسیۆنالیزمی كوردی نووسیویانە بۆ سێ گرووپ پۆلێنبەندی بكرێن: گرووپی یەكەم، توێژەرانی وەك ئەمیر حەسەن پوور كە سەرەتاكانی بیری نەتەوەیی كوردی (بەگەڕانەوە بۆ شەرەفخانی بەدلیسی(1543-1603) و ئەحمەدی خانی و هەوڵەكانی بەدرخان پاشا) بۆ سەدەكانی شانزە و حەڤدەی زایینی دەگێڕنەوە؛ گرووپی دووەم، مێژوونووسانی وەك وەك جەمال نەبەز، بازیل نیكیتین، ڤلادیمیر مینۆرسكی و عەزیز شەمزینین كە سەرەتاكانی لە سەدەی هەژدە و نۆزدە دەبینن؛ و گرووپی سێیەمیش، (لەوانە كریس كۆچێرا و ڕۆبەرت ئۆلسن)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بە سەرەتای دەركەوتنی دەزانن[2]. ئەگەر بەدوای ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی كوردیدا دەگەڕێین، باشترین ڕێگا ئەوەیە كە سەرنجمان لەسەر ئەو پۆلێنبەندییە چڕ بكەینەوە كە زۆرێك لە تیۆریستە كوردەكان سەبارەت بە نا سیۆنالیزمی كوردی پشتی پێدەبەستن. بەگشتی سێ ڕوانگەی سەرەكی سەبارەت بە پەیوەندیی

---

[1] - Ibid.p.347.

[2] - هیوا عەزیز سەعید، ناسیۆنالیزمی كوردی (١٨٨٠-١٩٣٩)، بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیر و هۆشیاری (ی، ن، ك)، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل 62-65 .

هۆیی(علی)، له نێوان نەتەوە و ناســیۆنالیزمدا له ئارادایه. ڕوانگەی ئەزەلیگەرایانه (Primordialist)، ســازکراوە یان ســازکراوەگەراکان (constructivist)، و له نێوانیشــیاندا ڕوانگەی ئێتنیکگەرایانه که سیمبولیزمی ئێتنیکگەرایانه شی (Ethno-symbolism) پێدەگوترێت. ئەم سێ پارادایمه یارمەتیمان دەدەن شوێنی نا سیۆنالیزمی کوردی یان ئەوەی جەمال نەبەز ناوی دەنێت بیری نەتەوەیی کوردی له نێو ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزمی جیهانیدا بدۆزینەوە.

لێرەوەیه بابەتەکه سەر دەکێشێت بۆ مشتومڕ له سەر سوبێکت یان ئۆبجێکتبوونی نەتەوەکان و له نێویشیاندا کوردەکان. کورد لەناوەوەی مێژووە یان دەرەوە؟ چالاکه یان ناچالاك؟ ئایا کورد وەك نەتەوە سازکراوەیه یان خۆی سازکەرە. ئەگەر سازکراوەیه چۆن و له ڕێگەی کامه پرۆسه و پرۆژەوە ساز بووە؟ نەتەوە خۆی وەك هەبوویەکی ئەزەلی، یان ناســیۆنالیزم و نەتەوەســازەکانن؟ وەڵامی ئەم پرســیارانەی خوارەوە بەبێ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ئەستەمە؛ دوو چەمکی تێکەڵکێش و زۆرجار تەواوکەری یەکتری، ڕەنگه هەندێکجار کۆتاییپێهێنەری یەکتریش. بۆ تێگەیشــتن لەم پەیوەندییه گرنگه بزانین که چوار گرفتی ســەرەکی هەن که بەرۆکی ســەرهەڵدانی نەتەوە دەگرن. یەکەم، هوشــیاریی نەتەوەیی گشــتگیرە، نەك دیاردەیەك تایبەت به دەســتەبژێر؛ دووەم، بیچمگرتنی نەتەوە پرۆسەیه، نەك ڕووداو؛ سێیەم، پرۆسەی بیچمگرتنی به شێوەیەکی پێشوەختە دیاری نەکراوە، بەڵام دەتوانێت له هەر چرکەســاتێکدا کۆتایی پێبێت؛ و چوارەم، هەســتی پێکهاتنی ئێتنیکێکی خزمایەتی، بەدەگمەن پەیوەندییەکی زۆری به واقیعییەتەوە هەیه[1].

له پۆلێنبەندییەکدا که یەکێکیان ناســیۆنالیزمی ڕۆژهەڵات(شرق)ە، نەتەوە به گرووپێکی ئێتنیکی تایبەت پێناســه دەکرێت، له کاتێکدا که له ناســیۆنالیزمی ڕۆژئاواییدا نەتەوە بریتی نییه له گرووپێکی ئێتنیکی، بەڵکو خەڵکانێکه که شانازی به کولتوورێکی شارستانی هاوبەشەوە دەکەن. له نموونەکانی فەرەنسا، بەریتایان و ئەمریکادا هەستێکی هاوبەشی ئێتنیسیتی له سەر بنەمای پرۆسەیەکی درێژی پەرەســەندنی دیموکراســی بوونی هەیه. به واتایەکیتر، ناســیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی بەرجەســتەبوونی تێگەیشــتنێکه له نەتەوە که له بنەمادا ئازادیخوازانەیه. بۆیه له نێوان ئازادیخوازی و ناســیۆنالیزمدا ناکرێت دژیەکی به دی بێت، چونکه ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی نیشـاندەری پابەندبوونێکی هاوبەشــه به

[1] - Walker Connor, When is a nation?, Ethnic and Racial Studies, , 13:1, 92-103. 1990, P.94.

بنەماکانی ئازادیخوازییەوە. ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگە نارۆژئاواییدا ڕۆحی ڕۆشنگەری ڕەت دەکردەوە و بە باڵای یەکسانسازیی بەهێزی دەوڵەت و باوەڕیدا هەڵدەدا. دوو ناسیۆنالیزم، دوو تێگەیشتنی جیاوازیان لەبارەی نەتەوە هەبوو. هزری ڕۆژئاوایی پێیوابوو کە نەتەوە بە شێوەی سەندیکاگەلێکی خۆبەخشانە لە هاوڵاتیان سەرهەڵدەدات. تاکەکان ویستی خۆیان لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەکان، پەیماننامەکان و گشتپرسییەکانەوە دەردەبڕن و جەخت لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی نەتەوەکان دەکرایەوە. بەڵام لە جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوادا نەتەوە یەکەیەکی سیاسی هەژمار دەکرا کە بەدەوری چەمکی نائەقڵانی و پێش شارستانییەتدا دەسوڕایەوە[1]. لەم ڕوانگەوەیە کە هەندێك لە توێژەرانی بواری نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، پێیانوایە کە کورد بە هەڵە چەمکی ناسیۆنالیزم، نەتەوە و نەتەوەسازیی ڕۆژئاوایی وەرگرتووە و وەرگێڕان کردووە، چونکە لە ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوادا نەتەوە سازی بە واتای نیشتیمانسازی دێت، نەك واتا ئێتنیکگەراییەکەی. بەڵام ئەدەبیات و هزری ناسیۆنالیستیی کوردیی چەمکەکەی لە عەرەبەکانەوە وەرگرتووە و ئەوان بە واتای "القومیة" بەکاریان هێناوە. هەر ئەمە وای کردووە کە جەمال نەبەزی مێژوونووس وەك ئەزەلیگەرایەك[2]، جیا لەوەی کە کات و ساتێك بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دیاری ناکات، پێیوایە کە ئەگەر بەکارهێنانی چەمکی هزری نەتەوەیی کوردیی کە بۆ یەکەمجار لە ئەدەبیاتی کاژێك دا کەوتەبەرچاو، بەرامبەر بە بیری قەومی ڕۆژهەڵاتی یان بیری ناسیۆنالیستیی ڕۆژئاوایی دابنرێت، کارێکی دروست نییە. ئەوەی ئەمڕۆ عەرەبەکان پێی دەڵێن "القومیة" بەواتای ناسیۆنالیزم لە وشەی (القوم)ەوە وەرگیراوە، لەکاتێکدا خۆیان لە بری وشەی نەیشن (القوم) بەکار ناهێنن، بەڵکو (الامة) بەکار دەهێنن، کە بەهیچ جۆرێك لەگەل واتا ئەورووپییەکەدا یەك ناگرێتەوە[3]. فارسەکانیش بە هەمانشێوە، بۆ نەتەوەکانیتر قوم و بۆ خۆیان ملت بەکاردەهێنن. گرنگە بزانین ئەم سێ ڕوانگانەیەی سەرەوە چۆن نەتەوە دەخوێننەوە.

---

[1]- اوموت اوزکریملی، همانجا، ص ٥٩.

[2]-جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنالی کورد، ئۆتۆنۆمی یا کوردستانێکی سەربەخۆ یا بڕیاری چارەنووس لە ئازادی دا و بۆ ئازادی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥، ل ٩.

[3]- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری"قەومییەت"ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری "ناسیۆنالیزم"ی ڕۆژئاوایی یە، ستۆکهۆڵم، ١٩٨٤، ل ٧.

**ئەزەلیگەرایی**

ئەم ڕێبازە، زۆرجار بە کارەکانی کیلفۆرد گیرتزەوە دەناسرێتەوە کە باس لە هەستە بنەڕەتی، سەرەتایی و ئەزەلییەکان دەکات کە مەبەست پەیوەندیگەلێکی دەروونناسییە کە دەرهاویشتەی پێشینەی هاوبەشی زمانی، ڕەچەڵەکی، خێڵەکی، ناوچەیی یان ئایینین و وەك ناسنامەگەلی بنەڕەتیی تەواو جیا و هەندێکجار پاڵپشتیکەر، لێکدەدرێنەوە[1]. لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە کە تا هەنووکە ڕەوتی زاڵی ناسیۆنالیستیی کورد پێك دەهێنن، ئەوانەن کە باوەڕیان بە دێرینبوونی نەتەوە هەیە. هەموو ئەو توێژەر و ناسیۆنالیستانە دەگرێتەخۆ کە بۆ گەڕانەوەی ڕەگوڕیشەی نەتەوەی کورد دەمانگەڕێننەوە بۆ سەردەمانی کۆن و کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست[2]، چیرۆك، ئەفسانە و پاڵەوانییەتییەکانی پێش زایین. بەلای ئەوانەوە ناسیۆنالیزم بەرەنجامی سیاسیی نەتەوەیە؛ واتە ئامرازێکە بۆ بەرجەستەکردنی مافی لەمێژینەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. ئەزەلیگەراکان نەتەوە بە دەستەواژەیەکی بێگۆڕانکاری و پێدراو دەزانن. بۆ نموونە ئەزەلیگەرا کوردەکان پێیانوایە میدەکان وەك خێڵێکی گەورەی دەسەڵاتداری کورد و زمانی کوردی کە مێژوویەکی 5500 ساڵەی هەیە[3]، کاردۆخییەکان (گەزنەفۆن)، چەرمۆ و ئەشکەوتی شانەدەر، کاوە و زۆحاك، ناوی هەندێك لەو خەڵك، نەتەوە و ئەفسانانەن کە ناسیۆنالیستەکانی کورد وەك بەڵگە لە کاتی خستنەڕووی بەڵگە و مشتومڕەکانیاندا سەبارەت بە ڕەچەڵەکی کورد پشتیان پێدەبەستن. ئەم ڕوانینە زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناسانیش بۆی دەگەڕێنەوە[4]، ئەمانە ئەگەرچی هەندێکجار باز دەدەنە نێو بازنەی مۆدێرنیستەکان و بەم پارادایمە خوێندنەوە بۆ هەندێك بەرهەمی گرنگی وەك شەرەفنانە دەکەن و تەنانەت هۆنراوەکانی شاعیرێکی وەك خانی پێش ئەدەبیاتی ناسیۆنالیستیی ڕۆژئاوا دەخەن، مەبەستیان ئەوەیە بڵێن، کوردەکان لە ڕێگەی ئەم ئەدەبیاتەوە نەك لە ئەدەبیاتی ناسیۆنالیستیی تورك

---

[1] - واکر کانر، ملت، ملت است؛ آیا دولت، ملت است؟ گروههای اتنیکی چطور، ترجمە: خوشناو قاضی، تیشك، ژمارە٦١، ساڵی بیست و سێهەم، ٢٧٢١کوردی، ل١٤.

[2] - عەبدولرەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر، ٢٠١٢، ل٣٧.

[3] - سۆران حەمەڕەش، کورد کێیە؟ مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرتای شارستانییەتەوە هەتاوەکو سەدەی دەیەمی زایینی، چاپخانە yps-publishing ، لەندەن، ٢٠١٣، ل٣٢٣.

[4] - واسیلی نیکیتین، کرد و کردستان، ترجمە محمد قاضی، چاپ دوم، انتشارات نیلوفر، تهران، ١٣٦٦، ص٣٤-٣٥.

و فارس و عەرەب جێنەماون، بەڵکو پێش ناســیۆنالیزمی ڕۆژئاواییش کەوتوون. ئەو توێژینەوانەی کە لەژێر هەژموونی ئەم گوتارەدان، پێیانوایە کە نەتەوەی کورد، بوونێکی ئەزەلییە؛ بونیادێکی سروشــتیی کە ڕیشەی لە سروشتی تەواوی کوردەکاندا هەیە و ناسنامەی خەڵك و کۆمەڵ لە ڕەوتی مێژوودا دیاری دەکات[1]. یەکێك لە دیارترین ئەزەلیگەراکان جەمال نەبەزە کە بە پشــتبەســتن بە کۆمەڵێك بۆچوون و ئەدەبیات و ئەفســانەی کوردی ئاماژە بە مێژووی هەزارســاڵەی کوردەکان دەکات[2]. هەڵبەت وادیارە ســەرهەڵدانی ئەزەلیگەرایی لە لای کوردەکانیش بەشــێکی پەرچەکردار بێت بەرامبەر بە ئەزەلیگەرایی ئێتنیکەکانی دیکەی وەك فارس، تورك و عەرەب.

## سازکراوەگەرایی (Constructivism)

لەبەرامبەر ئەزەلیگەراکاندا، مۆدێرنیست ـ سازکراوەگەراکان هەن. گێلنەر کە خۆی بە یەکێك لەوان دەنا سێنێت، بە دوو گریمانە ئەم مشتومڕەی نێوان ئەزەلیگەراکان و سازکراوەگەراکان ڕوون دەکاتەوە. یەکەم، جیهان یەکجاری و لەتەك یادەوەرییەکان و پێشینە پەیوەستەکانیدا دروست بووە؛ یان جیهان زۆر دێرینە و وردەوردە ئەم یادەوەری و پێشــینانەی کۆکردووەتەوە. ئەو بە گەڕانەوە بۆ نموونەیەك لە کتێبی پیرۆز کە ئایا مرۆڤ ڕاســتەوخۆ لە لایەن خوداوە دروســت کراوە، ئەگەر وایە کەواتە پێویســتی بە وێلاشــێك(ناوکێك) نەبووە کە بیبەســتێتەوە بە هێزێکی دیکەوە. لێرەوە ئەمە دەکاتە بەڵگە بۆ ئەوەی بڵێت کە ئەویش وەك مۆدێرنیستەکان، باوەڕی بەوە هەیە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی لە خودی خۆیدا نوێیە. بەڵام وەها نییە کە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیتر بە نوێ بزانێت. بە پێچەوانەوە، باوەڕی وایە کە کولتوور و هێز حاڵەتگەلی کۆنن، بەڵام لە سەردەمی نوێدا بە شێوەیەکی نوێ پێکەوە بەستراونەتەوە و ناســیۆنالیزمیان بەدی هێناوە[3]. گێلنەر مۆدێرنیســتە. بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە مەرج نییە نەتەوەکان هەمیشــە خاوەنی ڕابردووگەلی ئێتنیکیی بن. هەروەها بەشــە پێکهێنەرە ئێتنیکییەکانیش بەس نین بۆ نەتەوەسازی. ئەو نموونەی ئەستۆنییەکان دەهێنێتەوە. سەیری ئەستۆنییەکان بکە لە سەدەی نۆزدەدا،

---

[1] - عباس ولی، تبارشناسی کردها، برساخت ملت و هویت ملی در نوشته‌های تاریخی کرد، در گفتارهایی در خاستگاه ناسیۆنالیسم کرد، گردآورنده عباس ولی، ترجمه‌ی مراد روحی، چاپ دوم، نشر چشمه، تهران، (1398)ص ٨٩.
[2] - جەمال نەبەز، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، چاپی دووەم، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١٤-١٥.
[3] - ارنست گلنر، ناسیونالیسم، ترجمه‌ی سید محمدعلی تقوی، چاپ اول، نشر مرکز، تهران، 1388، ص ١١١.

نه خاوەنی هوشیاریی نەتەوەیی بوون و تەنانەت ناویشیان نەبوو، کەچی لە ماوەی سەد ساڵدا نەتەوە، هوشـیاریی نەتەوەیی و دەوڵەت ـــ نەتەوەشـیان سـازکرد. هەرچەندە زۆر گەشـبین نییە بەرامبەر بە ناسیۆنالیزم[1]. بەڵام دان بە کاریگەریی ناسیۆنالیزمدا دەنێت لەوەی کە توانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی کشتووکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازی بگوازێتەوە.

مۆدێرنیســـت ـــ ســـازکراوەگەرا کان، ناســیۆ نالیزم پێش نەتەوە دەخەن و ڕۆڵێکی گرنگ بە نەتەوەســـازەکان دەدەن و بەرگری لە ســـەرکەوتنی ناســیۆنالیزم دەکەن وەك هۆکاری ســـەرەتایی بیچمگرتنی نەتەوە و ناســـنامەی نەتەوەیی. واتە نەتەوە بە یەکێك لە بەرەنجامەکانی ســیاســـەتی ناسیۆنالیزم، حاڵەتێکی نوێی سیاسی و لەمڕووەوە دیاردەیەکی مۆدێرن پێناسە دەکەن[2]. هەندێك لە تیۆریســتە دیارەکانی وەك ئەندرسـن، گێلنەر، هۆبزباوم، سـازکراوەگەرایانە دەڕواننە نەتەوە. واتە نەتەوە ســـاز دەکرێت نەك پێشـــتر وەك هەموو دیـاردە سروشـــتییەکـانی دیکە هەبووبێـت و ئێمە تەنیـا دۆزیبێتمانەوە. بە پێچەوانەی ئەزەلیگەراکانەوە کۆمەڵ، بزووتنەوە و نەتەوەکان ســـوبێکتن و خۆیان بە ویستی خۆیان دەست بۆ سازکردنی نەتەوە دەبەن. بۆ نموونە هابزباوم نزیك لە بۆچوونی گێلنەر، بەڵگە دەهێنێتەوە کە نەتەوەکان بە قۆناغێکی دیاریکراو و لەڕووی مێژووییەوە ئەمدواییە دەبەستـرێنەوە. بەڕای ئەو، تـایبەتمەنـدیی ســـەرەکی نەتەوەی مۆدێرن و هەر شـــتێـك کە پەیوەســـتە پێوەی، نوێبوونەکەیەتی.. هەتا سـاڵی (١٨٨٤) لە فەرهەنگی ئەکادیمیای پاشـایەتی ئیسـپانیادا، وشـەکانی دەوڵەت، نەتەوە و زمان بەم سیاقەی نوێیەی ئێستا بەکار نەهاتوون[3]. لە نێو نووسەر و توێژەرانی کورددا کەسانێك هەن کە لە چوارچێوەی ئەم ڕوانگەیەدا بیر دەکەنەوە، بۆ نموونە ڕەفیق سابیر کە دەرکەوتنی ڕەگەزەکانی هۆشـیاری نەتەوەیی لە باشـووری کوردسـتاندا بۆ نیوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەیەم و سـەردەمی بابانەکان دەگەڕێنێتەوە و قۆناغی نوێ لە مێژوو ناسـیۆنالیزمی کوردسـتان بۆ ڕووداوەکانی شـەڕی دووەمی جیهان و ڕووخاندنی کۆماری دیموکراتی کوردسـتان دەگەڕێنێتەوە، هەرچەندە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستییە تەسلیمی واقیعی داگیرکەران دەبێت و

---

(1) - Harris Mylonas & Maya Tudor. Nationalism: what we know and what we still need to know. Annual Review of Political Science, 24, 109-132 ،2021, P.114.

(2)- عباس ولی، همانجا، ص ٢٠-٢١.

(3)- اریك جی. هابسبام، ملت ها و ناسیونالیسم پس از 1780؛ برنامه، افسانه، واقعیت، ترجمه مهدی صابری، چاپ اول، نشر چشمه، تهران، 1400، ص ٢٥.

شـکسـت دەهێنێت[1]. لە نێو لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیەدا کەسـانێك هەن کە هەندێك ڕووداو و قۆناغی گرنگ لە مێژووی کورد و کوردســتان وەك دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردســتان (1898) و دەرکەوتنی میرنشــینی بابان و بڵاوبوونەوەی دیوانی شــاعیرانی وەك ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی، بە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی دەزانن. ڤان برۆنسن سەرەڕای ئەوەی دان بە گرنگیی یەکجار زۆری بەرهەمگەلێکی وەك شەرەفنامەی شەرەفخان (1597) و مەموزین خانیدا دەنێت ـــ وەك دوو پێشڕەوی ناسیۆنالیزمی کوردی ـــ جەخت دەکاتەوە کە یەکەمین ئەنجومەنە ناسیۆنالیستییەکانی کورد لە دەرەوەی کوردســتاندا و بە ڕێژەیەکی لاوازتر لە شــارە گەورەکاندا دەرکەوتوون[2]. بەڵام باوەڕی وایە کە گونجاو نییە ئەگەر تەنیا بە پشــتبەســتن بە چەند بەیتە هۆنراوەیەکی خانی، بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو ناســیۆنالیســت بووە و بیری لە دەوڵەتی کوردی کردووەتەوە [3]. لەڕوویەکی ترەوە، کەمال مەزهەریش ئاماژە بەوە دەکات، کە شەرەفنامە وەك گەورەترین کتێبی تایبەت بە مێژووی کورد، لە دوای زۆرێك لە نەتەوەکانیتری وەك ڕووســەکان، فارســەکان و عەرەبەکانەوە بوویە جێی گرنگی و سەرنجی کوردەکان خۆیان[4].

لەم نێوەندەدا توێژەرێکی وەك جەعفەر عەلی لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژنامەی کوردســتان و شــۆڕشــی شێخ مەحمود بە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی دەزانێت، ناسیۆنالیزم بە دیاردەیەکی فکری، ســیاســی و کۆمەڵایەتی نوێ پێناســە دەکات کە ڕەگوریشــە مێژووییەکەی لە نێو قۆناغی مۆدێرنەدایە[5]. هەندێك نووسەری دیکەش هەن کە بە جۆرێك دەتوانین بڵێین ڕە شبینانە هەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی ناســیۆنالیســتیی کوردی ڕەت دەکەنەوە. بۆ نموونە عەتا قەرەداغی لە کتێبەکەیدا بە ئاشــکرا کورد بە هەموو قۆناغە گرنگەکانییەوە، لە میدیییەکان و گۆتی، میرنشــینەکان، هەموو شــۆڕشــەکانی کورد، تەنانەت ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردوو، وەك ڕاپەڕین، بە خاڵیی لە هەرجۆرە

---

(1) - ڕەفیق سابیر، کولتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٧١.

(2) - Van Bruinessen: Transnational Aspects of the Kurdish Question, Printed in Italy; European University Institute Badia Fiesolana Italy, 2000, p.3.

(3)- مارتین وان بروئینسن، مم و زین احمد خانی و نقش آن در بیداری ملی کرد، گردآورندەو عباس ولی، گفتارهایی در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، ترجمه مراد روحی، چاپ دوم، نشرچشمه، تهران، 1398، ص٦٨.

(4)- کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو؛ کورتەباسێکی زانستی مێژوو، کورد و مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2008، ل129.

(5) – جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپی دووەم، ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٦٠-٣٦١.

هزری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی دەزانێت. ئەگەر کەسێك و ڕەوتێکی نەتەوەییش سەری هەڵدابێت تەنیا لە ئاستی تاکەکەسیدا[1] بووە[(2)].

لە نێو ئەو تیۆریستانەدا کە کاری پڕبایەخیان لەسەر ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردیی کردووە، عەباس وەلی یەکێکە لە دیارترینیان. ئەو کە باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە ناسنامەی نەتەوەیی کورد بە بێ دوودڵی ناسنامەیەکی مۆدێرنە، ئاماژە بە تایبەتمەندبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیی و زاڵبوونی دوو جۆر گوتاری ئەزەلیگەرایی و ئێتنیکگەرایی دەکات و دەپەرژێتەسەر تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی مۆدێرنیست ـ سازکراوەگەرایی لە هەمبەر ئەو دوو گوتارەی پێشوو. ڕوانگەی ئێتنیکگەرا، ناسنامەی کوردیی یەکپارچە دەکاتە چەقی پڕۆژەی سیاسیی ناسیۆنالیستییەوە[(3)]. ئەم ناسنامە یەکپارچەیە ئامرازێکە بۆ دەربڕینی بانگەشەی نەتەوەیی و بە پشتبەستن بە هەندێك لە شۆڕش و جووڵانەوەکان وەك بەڵگەگەلێك بۆ دەربڕینی ئەم بنەڕەتە ئێتنیکییە هاوبەشە، مێژوویەکیشی بۆ دادەتاشرێت. ئەم ڕەگوڕیشەیە، چۆنایەتییەکی سروشتیی هەیە کە لە هەناوی مێژوودا حەشار دراوە و چاوەڕوانی هاتنەدییە. بەڵام هاتنەدییەکەی پرۆسەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو پێویستی بە دۆخێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوریی تایبەتە[(4)]. کارەکانی ئەمین زەکی و ئەمیر حەسەنپور دەچنە بازنەی ئەم جۆرە تێگەیشتنەوە.

حەسەنپوور بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی مارکسیستی و بەرهەمهێنان، سەرنج لەسەر چینی بۆرژوا و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستاندا چڕ دەکاتەوە و پەیوەستی دەکات بە بابەتی هوشیاری و ناسیۆنالیزمی چینی ناوەڕاستەوە[(5)]. هەروەها، ئەمین زەکی لەژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمی تورکی و وەك بەرچەکردارێك بەرامبەری شانازی بە نەتەوە و مێژووی خۆیەوە دەکات و ڕەخنە لە خۆی دەگرێت کە پێشتر بەهۆی زاڵبوونی ئایدیای کۆمەڵگەی عوسمانییەوە لە خەوێکی قووڵدا بووە و دوابەدوای دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی تورانیزمەوە بە پێویستی زانیوە بەدوای ڕەگوڕیشەی سروشتیی کوردەکاندا بگەڕێت.

---

(1) - عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2014، ل٦٧.

(2) - عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦٧و ١٧٤.

(3) - عباس ولی، همانجا، ص ٨٨.

(4) - هەمان، ٨٩.

(5) - Amir Hassanpour, the Kurdish Experience, Middle East Research and Information Project (MERIP),1994, P.4.

## ئێتنیکگەرایی

لە نێوان هەر دوو پارادایمی ئەزەلیگەرایی و ســـازکراوەگەرایـیـدا، ئێتنیکگەراکـان هەن کە وەك نێوەنجییەك، نەتەوە نە بە بەرهەمی سروشـــتیگەرایی دەزانن، نە تەواو مۆدێرن و ســـازکراوە. بەڵکو پێیانوایە کە هەموو نەتەوەیەك لە لایەکەوە بە ناوکێك بەستراوەتەوە بە دایکییەوە کە خاك و نیشتیمانە، لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگەی دۆخگەلی کولتووریی ســیاســیی مۆدێرن/ناســیۆنالیســتییەوە پێناســە دەکرێتەوە. ئەمە خاڵی هاوبەشـــیانە لەگەڵ ئەزەلیگەراکاندا. ئاڵاهەڵگری ئەم ڕوانگەیە، ئەنتۆنی دی سـمێسـە. ئەو لە ڕێگەی تیۆری سـیمبولیزمی ئێتنیکییەوە، بەنیازە کەلەپووری سـیمبولیکی ناسـنامە ئێتنیکییەکان بۆ نەتەوەگەلێکی تایبەت ئا شکرا بکات و نیشانی بدات چۆن نا سیۆنالیزمەکان و نەتەوە مۆدێرنەکان، ســیمبولەکان، ئەفســـانەکان، یادەوەرییەکان، بەهاکان و نەریتەکانی مێژووی ئێتنیکیی خۆ یان لە بەریەککەوتنیان لەگەڵ پرســـە کانی مۆدێرنیتەدا دوو بارە بدۆزنەوە و ڕاڤە بکەنەوە[1]. ئەم پارادایمە کە هەوڵەکانی جۆن ئارمســـترۆنگ( -John Armstrong, 1966)، جۆن هاچینســـۆن (John Hutchinson,1949- )، و بنێدیکت ئەندر سنی لە هەناویدا هەڵگرتووە، سەرنج لە سەر تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئەفسـانەکان، سـیمبولەکان، بەهاکان و یادەوەرییەکان لە بەدیهێنانی وابەسـتەیی و هاوسـۆزییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان و مێژووی نەتەوەکان و ناسـیۆنالیزم چڕ دەکاتەوە. ڕەنگدانەوەی ئەم سـەرنجە لەسەر پێناسەی ناوبراو بۆ نەتەوە، بەڵگەیە لەسەر گرنگی ئەو ڕۆڵانەی کە سیمبول و یادەوەرییەکان لە نەتەوەســـازیدا دەیگێڕن. نەتەوە کۆمەڵێکی مرۆیی خاوەن ناوە کە لە خاکێکی دیاریکراودا دەژین و خاوەنی ئەفســـانەگەلی هاوبەش، مێژوویەکی هاوبەش، کولتوورێکی گشـتیی هاوبەش، ئابوورییەکی یەکگرتوو و ماف و پابەندیگەلی هاوبەش بۆ هەموو ئەندامەکانییەتی. تایبەتمەندییەکانی نەتەوە و ئێتنیك لە لای ســمێس زۆر لەیەك نزیکن. بەڵام لەو شــوێنانەدا کە لەیەك جیا دەبنەوە بەئاشـــکرا پەنجەرەیەکی نوێ بەڕووی تێگەیشـــتنی ئێمەدا بۆ دۆخی کورد و بوونی نەتەوەیی کورد دەکەنەوە. بۆ نموونە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوە، مێژووی هاوبەشـــە لەکاتێکدا بۆ ئێتنیك، یادەوەریی هاوبەشـــە. ســمێس جیاوازی ئێتنیك و نەتەوە لە هاوبەســـتەییەکانیاندا دەبینێتەوە. ئەو نەتەوە بە کۆمەڵێك داب و نەریت، یاســا و ڕێســای هاوبەش و پانتاییەکی فراوانتر لە ئێتنیك دەزانێت. نەتەوە بە

---

[1] - آنتونی دی اسمیت، همانجا، ص ٤٢٥-٤٢٦.

واتا مۆدێرنەکەی دەبێت خاوەنی مێژوو، کولتووری هاوبەش، واتە ئەفسانەی هاوبەشی ڕەچەڵەك و یادەوەریی هاوبەش و سیمبولی هاوبەشی کلتوریی بێت. پەیوەندی و نفوزی ئەم توخمە کولتووری یان ئێتنیکییانە، لەگەڵ توخمە سیاسی، نیشتیمانی، فێرکردن و ئابوورییە، کە دەتوانین ناوی شارستانیبوونی لێ بنێین، کە نەتەوەی مۆدێرن بەدی دەهێنن[1].

## تاقانەبوونی کورد

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بە بۆچوونێکی دیکە، سەبارەت بە ناسیۆنالیزم و بوونی نەتەوەیی کورد بکەین، کە بریتییە لەو تێزەی کە پشتبەستن بە هەرجۆرە تیۆرێك و پارادایمێکی باوی ناسیۆنالیزمیی بۆ خوێندنەوەی دۆخی کورد و بوونی نەتەوەیی کورد ڕەت دەکاتەوە. عیرفان مستەفا یەکێك لەو کەسانەیە. بە کورتی، ئەو پێیوایە کە بوونی نەتەوەیی کورد تاقانە و تایبەتە. کورد وەك نەتەوە، نەتەوەی دروستکراوی ناو دەوڵەتێك نییە و بوون و نەبوونی نەبەستراوەتەوە بە دەوڵەتیکی مۆدێرنەوە. ئەمەش هۆکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کورد لە سەردەمە مۆدێرنەکەدا نەبووە بە خاوەنی دەوڵەت، بە پێچەوانەوە کورد بۆ ئەوەی لە نەتەوەیەکی میللییەوە نەبێت بە نەتەوەیەکی دروستکراوی دەستی نەتەوەخوازێك، قبووڵی ئەوەی نەکردووە دەوڵەتی هەبێت. لێرەوە جەخت لەسەر گرنگیی تێگەیشتن لەو سیستمە دەکاتەوە کە لە ناو سروشتی کۆمەڵگەی کوردیدا حوکمی پەرەسەندنی زمان و کولتوورەکەی دەکات[2]. ئەو ئاماژە بە تایبەتبوونی کورد دەکات، نەتەوەیەك کە لە هیچ بوونەوەرێکی ناچێت و نایەوێت لەناو سیستمی باودا بێت و خۆی بەدەستەوە بدات.

ئەوەی لە تیۆرەکەی ئەودا جێی گرنگییە، بابەتی سوبێکتبوونە. نەتەوەی کورد لەو تیۆرەدا وەك بکەر، خاوەن ویست و بڕیارە. نەتەوەیەك کە نە دەیەوێت نەتەوەسازەکان دروستی بکەن، نە بەرهەمی مۆدێرنەیە. بەڵکو مەرج نییە هەر دروست ببێت. دەبێت بەو تایبەتبوونەی خۆی کە جیاوازییە کانییەتی بمێنێتەوە و درێژە بە مانەوەی خۆی بدات. هەرچەندە پێداگری ئەم تێزە

---

[1]- Anthony D. Smith, Op. Cit, p.348.

[2]- عرفان مستەفا، بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا، کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، چاپی یەکەم، ٢٠١١، ل611.

لەسـەر زمان، ڕەنگە ڕووبەڕووی ئالەنگاریی بکاتەوە. بەڵام مسـتەفا بە پشـتبەسـتن بە هەندێك چەمکی سـەرەکیی نێو ئەدەبیاتی مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزەیشـن، بابەتی نەریت و هوشـیاریی نەتەوەکان لەو ژیانەی کە پێی دەژین و دایان هێناوە، نەك وەریانگرتبێت، بە خاڵی جیاوازی نێوان نەتەوە زینـدووەکـان و نـازینـدووەکـان دەزانێـت. بـا بە نموونەیەك ڕوونی بکەینەوە کە مەبەسـتی لە تایبەتبوونی کورد چییە. دەوڵەتی نەتەوەیی لەو کاتەوەی کە سـاز بووە، بوونی زمانێکی سـتاندارد بە یەکێك لە پێشـمەرج و ڕەگەزەکانی نەتەوەسـازی دەزانێت. هەروەها بە پرۆسـەی بەمۆدێرنکردنی زمان. بەڵام لە ڕوانگەی عیرفان مسـتەفاوە پرۆسـەی بەسـتانداردکردنی زمان تەواو دژی مۆدێرنیتەیە. چونکە دواجار دەیەوێت زمانی خۆی و نەریتەکانی خۆی بەسـەر دەرەوەی خۆیدا بسـەپێنێت. لەو ڕوانگەیەوە کە هەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی بە ئەسـتەم دەزانێت و بەنیشانەیەکی دەستەمۆنەبوونی زمان و کولتووری کوردی، باوەڕی بە تایبەتبوونی کورد و دۆخی بەهێزتر دەکات.

هەڵبەت ڕەنگە ئایدیای تایبەتبوون، خاڵێکی لێکچوونی بۆچوونەکانی جەمال نەبەز و عیرفان مسـتەفا پێك بهێنێت، نەبەز تایبەتبوونەکە لەوەدا دەبینێتەوە کە پێیوایە کوردایەتی نە ڕۆژهەڵاتییە و نە ڕۆژئاوایی، بەڵکو ئایدیایەکی ڕەسەنی کوردییە و ئامانجی ناسیۆنالیزمی کوردی خواستی دەوڵەتی نەتەوەییە لە جیاتی دەوڵەتی سەرزەمینی و وەك فەکتێکی ئاشکرای مێژوویی و خودیی کۆمەڵگەی کوردی[1]. ئەم تێزە نوێیە دەکرێت وردەوردە شوێنپێی ڕوانگەکانیتر لەق بکات یان لەگەڵیاندا بکەوێتە گفتوگۆ و زیاتر خۆی بسەلێمێت.

---

(1) -عباس ولی، همانجا، ص١١١.

# بەشی چوارەم

# ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم

### بەرایی

لەم بەشــەدا و دوابەدوای توێژینەوەکانی پێشــوو و پارادایمە ســەرەکییەکان، پێویســتمان بەوەیە کە هەندێك لە ڕەهەندە دیارەکانی ناســیۆنالیزم ڕوون بکەینەوە. ئامانج لە خســتنەڕوویان، تێگەیشــتنی زیاترە لە ڕەگوڕیشەی چەمکەکان، زەمینەی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و ئەو واقیعەی کە ناسیۆنالیزم لە کۆنتێکستی هەرێمی کوردستاندا مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

### ئایین و نەتەوە

میشل مالرب سەبارەت پەیوەندی ئایین و نەتەوە ئاماژە بە دوو بۆچوون دەکات. بۆچوونێك پێیوایە لە هەر نەتەوەیەك، ئایینێك ســەرهەڵدەدات کە پڕبەپێســتی ئەفســانەکان و دابونەریتەکەیەتی(واتە کولتوورەکەیەتی). هە ندێکی تر پێداگری لەســەر کاریگەری قووڵی ئایینە کان لەســەر کولتووری نەتەوە کان دەکەن. هەربۆیە نەتەوە مەســیحیی و موســوڵمانە کان کولتوورگەلی جیاواز یان هەیە. بێگو مان ئایین، ژ یانی کۆمەڵگە خەڵتانی خۆی دە کات. تە نانەت ئەگەر کۆمەڵگەیەکی بەڕواڵەت دژەئایینیش بێت[1]. لەم دیدگایەوە، بە ئاوڕدانەوەیەك بۆ ڕابردوو و واقیعی ئێســتا، ئایین یەکێك لە بونیادەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردســتان[2]. ڤان برۆنســن پێیوایە ئیســلام کۆمەڵگەی کوردیی بە

---

[1] - میشل مالرب، انسان و ادیان، نقش دین در زندگی فری و اجتماعی، ترجمه مهران توکلی، چاپ پنجم، نشر نی، تهران، 1387، ص339.

[2]- هەڵبەت هەندێك بۆچوون سەبارەت بە ناوهێنانی کۆمەڵگەی کوردستان هەن بەتایبەت لە کوردستانی باشوور. یەکێکیان ئەم بۆچوونەیە کە پێیوایە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار، واباشترە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرین. بڕوانە:

قووڵیی خســتووەتە ژێر کاریگەرییەوە. تەنانەت لایەنە بەرواڵەت نائایینییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سـیاسـیش لە لایەن ئایینەوە بیچم دەگرێت. وەك کۆمەڵگە خێڵەکییەکانی دیکە، تۆڕەکانی قوتابخانە (*madrasa*) و ئەڵقەکانی سۆفی وەك میکانیزگەلی یەکپارچەسازی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی بینیوە و بەسەر دابەشکاریدا زاڵبووە. جێی سەرسوڕمان نییە کە لە ژینگەی قوتابخانەدا، ئەو شوێنەی کە قوتابییەکانی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردســتانەوە کۆدەبوونەوە و لە تەنیشــت زمانەکانی دیکە، زمانی کوردیش گەشەی دەکرد، بۆ یەکەمجار بیرۆکەی ناسنامەی نەتەوەیی سەری هەڵدا[1]. بەڵام ئەو نایشارێتەوە کە پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزم زۆرکات تەمومژاوی بووە و زۆرێك لە سەرکردە ناسیۆنالیستەکان نارەزایەتییان لە دژی هەژموونی مەلا و شـێخەکان و بەسـەر کۆمەڵگەدا دەربڕیوە و لە هەمانکاتدا ناچار بوون بۆ گەیشــتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان پشــتیوانی لەو توێژە بکەن و خۆیان لەگەڵ ئایینـدا بگونجێنن[2]. ئەمە جگە لەوەی کە فرەئایینیی بووەتە یەکێك لە سـیما و خەسـڵەتە کولتوورییەکانی کۆمەڵگەکە. هەڵبەت ئەم فرەئایینییە[3]، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك دەگۆڕێت. دەکرێت پەیڕەوانی ئایین و ئایینزا جیاوازەکانی وەك شـیعە و سـوونە، جوو، کلدان و سریانی، ئێزیدی، کاکەیی، ئەهلی حەق و زەردەشـتی، لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردسـتان فرەچەشـنتر و ژمارەیان زیاتر بێت وەك لە نـاوچەیەکی دیکە. هەرچەنـدە ئەم فرە ئـایینییە زۆرجـار بە خـاڵی ئەرێنی لە کولتووری کۆمەڵگەی هەرێمی کوردســتان هەژمار دەکرێت، بەڵام دەکرێت لەڕووی پڕۆژەی نەتەوەســازی و کۆیادەوەرییەوە ببێتە جێی سـەرنج و تێبینی بەوەی کە هەر ئەو جیاوازیی و دابەشـکارییە زۆرەی ڕەوت، ئایین و ئایینزا جیاوازەکان بە ئاڕاستەی پێچەوانەی نەتەوەسازی هەنگاو بنێت.

---

موراد حەکیم، ئایا کۆمەڵگەیەك هەیە بەناوی کۆمەڵگەی کوردی؟ لە: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان، ئامادەکردنی ئیحسان وەڵزی و موسڵح ئیروانی، چاپی یەکەم، ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی، هەولێر، 2020، ل7-39. ل34.

(1) - Martin van Bruinessen, "The Kurds and Islam". Working Paper no. 13, Islamic Area Studies Project, Tokyo, Japan, 1999, p.1.

(2) - Martin van Bruinessen, Religion in Kurdistan, First published in Kurdish Times (New York) vol. 4 nos. 1-2,1991, 5-27.p. 2.

(3) - David McDowall, A modern history of the Kurds, I.B.Tauris & Co Ltd, London & New York, 2007, p.10-13.

ئێرنست گێلنەر سەبارەت بە یەکەم بەریەککەوتنی ئیسلام و ناسیۆنالیزم ئاماژە بەوە دەکات کە بە پێچەوانەی ڕۆشنبیرەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات کە خۆیان لە نێوان دووڕیانی ئایدیالیزەکردنی ڕۆژئاوا یان ئا ید یالیزەکردنی فەزیلەتەکانی "خەڵك"دا دەبینییەوە، موسوڵمانان دوو هەڵبژاردنیان لە بەردەم خۆیاندا دەبینی کە بریتین بوون لە لاساییکردنەوەی ڕۆژئاوا (لەوانە، ناسیۆنالیزم، مارکسیزم و ..) یان داهێنانی مۆدێلێکی ڕکابەر، ڕێبازێکی ڕەسەنی خۆماڵی کە نەك لە کولتووری گشتی بەڵکو لە گرووپێکی دەستەبژێری شاریدا خۆی بەرجەستە کردبوو. بۆیە بۆماوەیەکی درێژ، ناسیۆنالیزم لە جیهانی ئیسلامیدا گرنگییەکی زۆری هەبوو[1]. دەتوانین لە دوو ڕوانگەوە قسە لەسەر پەیوەندی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم بکەین. یەکەم، لەڕووی جەوهەری ئایین و نەتەوەوە، دووەم لەڕووی کارکردەکانیانەوە. لەڕووی جەوهەرەوە، ئایین بەرنامەیەکی ئاسمانی، سەرتاپاگیر و بان نەتەوەییە. بەڵام نەتەوە، زەمینی، سازکراوە و کۆمەڵایەتی. هەر ئەمەش بووە هۆی بەریەککەوتنی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە سەدەی بیستدا و بەڕووخانی وردەوردەی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و لە ناوچوونی ئیمپریالیزم، وڵاتانی موسوڵمان یەك لە دوای یەك، دەوڵەت ـــ نەتەوەی خۆیان دروست کرد. ئەم مشتومڕە لەسەر بنەمای دژیەکی نێوان ناسیۆنالیزم وەك زنجیرەیەك بنەمای کاتیی پەیوەست بە پێویستییەکانی گرووپێکی دیاریکراو لە مرۆڤەکان و ئیسلام وەك پەیامێکی هەتاهەتایی و جیهانی کە لە نێوان شوێنکەوتووەکانیدا جیاوازی ناکات مەگەر بە لەخواترسان[2].

لەڕووی کارکردەوە هەندێك خاڵی لێکچوون هەیە لە نێوان ئایین و ناسیۆنالیزمدا. بەتایبەت ئەگەر ئایین وەك سیستمێکی کولتووریی وەربگرین. هەر ئەو کولتوورەی کە گیرتز بە مۆدێلێك لە واتاکان کە هاوتەریب لەگەڵ مێژوودا دەگوازرێنەوە و لە ڕێگەی سیمبولەکان بەرجەستە دەبێت. یان سیستمێك لە چەمکەکان کە مرۆڤەکان بە بۆماوە بۆیان دەمێنێتەوە و بە شێوەگەلی سیمبولیك دێنە ئاخاوتن، پێناسەی دەکات[3]. لێکچوونی ئەو دوو دیاردەیە لە یەکەم پیرۆزییەکانی وەك خودا، سیمبول، دەق، یادەوەری و ڕێوڕەسمەکاندایە، و دووەم لە هێزی ڕێکخەر، یەکڕیز، کۆکەرەوە و کۆناسنامەی هەردووکیاندا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام کارکردی ئەم پەیوەندییە کاتێك زیاتر بەرجەستە دەبێت کە

---

[1] - ارنست گلنر، ناسیونالیسم، همانجا، ص100-101.

[2] - حمید عنایت، اندیشه سیاسی در اسلام معاصر، چاپ ششم، خوارزمی، تهران، 1392، ل 201.

[3] - ملکم همیلتون، جامعەشناسی دین، ترجمه محسن ثلاثی، چاپ سوم، نشر ثالث، تهران، 1390، ص265-266.

پرسی ناسنامه دێته ئاراوه. ئەنتۆنی گیدنز یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی گرنگییەکی زۆر بە کارکردەکانی ئایین دەکات و لە سێ کارکردی سەرەکیدا کە بریتین لە ناسنامەبەخشی کە لە ڕێگەی کۆمەڵێك باوەڕ، بەها، نۆرم و چەمکی هاوبەشەوە دێتە ئاراوە، هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی دروشمە ئایینییەکان و واتابەخشی بەو کاروبارانەی کە لە دەرەوەی ژیانی ڕۆژانەن، کورت دەکاتەوە[1].

ئایا کوردێك خۆی بە ئایینەکەی دەناسێنێت یان نەتەوەکەی. ئەمە لەسەر بنەمای تاك، ئەی لەسەر بنەمای گروپەکان. ئایا کوردێکی موسوڵمانی سوننە چۆن دەڕوانێتە کوردێکی شیعە. یان چۆن دەڕوانێتە کوردێکی ئێزیدی و کاکەیی. کێشە تەنیا لە ڕوانیندا نییە، چونکە دواجار ڕوانین کە خۆی لەمەعریفە و دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت، دەبێتە پراکتیز، مامەڵە و هەڵوێست. جا ئەم هەڵوێستە دەکرێت کاریگەری لەسەر شێوازی پۆشینی لەچکێك تا پەیوەندی و نزیکی لەگەڵ وڵاتێکی دەوروبەر هەبێت. ئەم حاڵەتە بۆ چەپەکان و هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش دروستە. هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان کە هەر لە سەرەتاوە لە عەرەبەکانیش زیاتر، ئامێزیان بۆ بیری ئیخوان موسلیمین کردەوە[2]، هەرجۆرە دژیەکییەك لە نێوان خۆشەویستی بۆ نیشتیمان و بۆ ئایین ڕەت دەکەنەوە. هەندێکیان هەڵبەت دان بەوەدا دەنێن کە مێژووی خەباتیان کەمتر خەباتی سیاسیی نەتەوەیی پێوە دیارە، بەڵام هیچ ڕۆژێك دژی نەبوون[3]. بۆیە ئەم دوودڵی و یەکلانەبوونەوەیە هەندێکجار گەیشتووەتە حاڵەتی شیزۆفرینا. لەوەتەی کورد هەیە نە توانیویەتی واز لەو ڕەسەنایەتییەی خۆی بهێنێت و نە بەتەواوەتی ببێتە هەڵگری پەیامی ئیسلام و ... سوود لە ئیسلام وەربگرێت بۆ بۆ بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی خۆی[4].

لەڕووی کارکردەوە کۆمەڵێك پرس و بابەت سەبارەت نەتەوەی کورد دێتەئاراوە. بۆ نموونە ئایا نەبوونی ئایینێکی تایبەت بە کورد کە ببێتە هەوێنی یەکڕیزی و یەك ناسنامەیی هۆکارێکە بۆ نەبوونی نەتەوە و

(1) - فربا طشت زر و دیگران، دین و مدرنیته از نگان آنتونی گیدنز، دو فصلنامه علمی .پژوهشی پژوهشنامەی ادیان، سال ششم، شماره یازدهم، 1391، ص 105.

(2) - Leezenberg M. Religion in Kurdistan. In: Bozarslan H, Gunes C, Yadirgi V, eds. The Cambridge History of the Kurds. Cambridge: Cambridge University Press; 2021:477-505. P.495.

(3) - عبدالرزاق محمد، بزاوتی ئیسلامی؛ لەڕەگی ئیخوانەوە بۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتوو، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سازیار، سلێمانی، 2020، ل28.

(4) - عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، ڕەنج، سلێمانی ، 2207، ل40.

دەوڵەتی کوردی. ئەگەر وایە بۆچی نەتەوەکانی دیکەی وەك عەرەب، تورك و فارس و نەتەوەکانیتر کە هەموویان ئاییني ئیسلام سەرچاوەکەیانە، توانیان ئایین وەك بزوێنەری هە ستی نەتەوایەتی و پڕۆژەی نەتەوە سازی خۆیان بەکار بهێنن و کورد نەیتوانی؟ پۆچی ڕەخنە لە ئیسلامییەکان دەگیرێت کە لەبەر دابەشبوونیان بەسەر ئەو هەموو هێز و ڕەوتە ئیسلامییانەدا ڕۆڵی پەرتکردنی زیاتری زیاتری کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان دەبینن؟ تەنانەت ئەو ڕەخنەیە دێتە سەر ئیسلامییەکان کە ئەگەر هێندە لە خەمی ئومەتی ئیسلامیدان، بۆچی هێزە و دەوڵەتە عەرەبییە ئیسلامییەکان بەوچاوەوە سەیری کورد ناکەن؟ لە دامەزراندنی ڕێکخراوی ئیسلامییەوە کە لە ساڵی (1969) لە لایەن چل وڵاتی ئیسلامییەوە دامەزرا، تا پشتیوانی وڵاتان و ڕێکخراوە گرنگە ئیسلامییەکان لە ڕژێمی سەدام دژ بە کوردەکان[1]. برۆنسن ئاماژە بە ناڕوونی هەڵوێستی ڕێکخراوە ئیسلامییە جیهانییەکانی وەك ئیخوان موسلیمین دەکات کە چۆن سەرکردایەتی ئەو ڕێکخراوە هەرگیز بەشێوەی فەرمی دانی بە مافی کوردەکاندا نەناوە چ لە باشوور، کوردستانی سوریا و تورکیا[2].

بۆیە ئەم پرسە ڕووبەڕووی هەموو ڕەوتە ئیسلامییەکان دەبێتەوە لە ئیسلامی نەریتیی و تەریقەتەوە بۆ ڕەوت و حزبە ئیسلامییەکان. پرسی جەوهەریی تایبەت بە ناسیۆنالیزم و ئایین لە کوردستاندا ئەوەیە کە ئایین لە ڕابردوو و ئێستادا بزوێنەری هەستی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزمی کوردیی بووە یان یەکێك لە بەربەستەکانی سەرڕێگەی. باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر کوردیش وەك نەتەوەکانی دیکە خاوەنی ئاییني تایبەت بە خۆی بووایە، دەمێك بوو توانیبووی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت[3]. ئەوانەی لایەنگری ئەم بۆچوونەن تاڕادەی ڕەخنەگرتن لە سەرکردەکانی وەك سەلاحەدینی ئەیووبی[4]، شێخ و سەرکردە ئایینییەکانی دیکەی وەك شێخ عوبەیدوڵای نەهری، شێخ مەحمود، شێخەکانی بارزان و

[1] - جەمال نەبەز، کوردانی سەرگەردان و برا موسوڵمانەکانیان، وەرگێڕانی سوارە قەڵادزەیی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2005، ل59-65.

[2] - Martin van Bruinessen, Kurds in the Islamic movement, Islamists in Kurdistan: The Muslim Brotherhood and Kurdish Islamist movements, Études kurdes no. 14 (2021), pp. 9-40. p.3.

[3] - جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، زنجیرەی کوردەوانی، یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد، ئەڵمانیا، 1976، ل 9.

[4] - جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوە. ل 95. بەتایبەت مەبەستی سەلاحەدینی ئەیوبییە کە بەشێك نییە لە مێژووی کورد.

قازی محەمەدیش دەرۆن و پێیانوایە سـۆزی ئەوان بۆ ئایینی ئیسـلام و دەوڵەتی عوسـمانی[1] هێندە بەسـەر کوردایەتییەکەیدا زاڵ بووە کە ناکرێت ناوی سـەرکردەی نەتەوەییان لێبنرێت. ئایینداری کورد لەژێر کاریگەری خوێندنەوەی ئایینی گەلانی زاڵدا تەنیا مەسـەلەی نەتەوایەتی کورد وەك دیاردەیەکی دژ بە دین و دژ بە یەکگرتوویی ئوممەی ئیسلامی بینیوە ئەمە لە حاڵێکدایە ئایینداارنی گەلانی زاڵ، نە دوژمنایەتیان لەگەڵ زمان و کولتوور و میراتی کولتووری خۆیان کردووە، نە سنوورە نەتەوەییەکانیشیان هەڵوەشـاندووتەوە، و نە بۆ ئەمە هەوڵیشـیان داوە[2]. هەڵبەت ئەوەشـمان لەبەرچاو بێت کە زۆرێك لە نووسەرانی ئەم بوارە حاجی قادری کۆیی لەم توێژە جیا دەکەنەوە و بە ڕێبەرێکی ناسیۆنالیزمی کوردیی دەناسێنن.

لە بەرامبەردا ئەوانەی بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە بیر دەکەنەوە، بەڵگە دەهێننەوە کە لە دوای توانەوەی میرنشـینە کانەوە و لە پێ ناوی پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییەدا، دوو توێژ هەبوون کە توانیان ڕابەرایەتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردیی بکەن و لەبەرامبەر جەور و سـتەمی هێزەکانی دیکە لە ئیمراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوییە تا سیاسەتە کۆڵۆنیاڵییەکانی زلهێزەکانی وەك ئینگلیز و ڕووس ڕابووەستن، ئەوانیش شێخەکان و سەرۆك خێڵەکانن. ئەوان بەڵگە دەهێننەوە کە زۆربەی سەرکردەی نەتەوەییمان هەر ئەم کەسـایەتییە ئایینییانەن. بۆ نموونە کە مال سـولەیمانی لە توێژینەوەیەکی تیروتەسـەلدا کۆمەڵێك بەڵگەی ڕەسـەن سـەبارەت بە ئاوێتەکردنی ئیسـلام و نەتەوەخوازی شـێخ عوبەیدوڵای نەهری دەخاتەڕوو[3]. یان سـەلام ناوخۆش باس سـەردەمی روناکبیرانی وەك خانی و حاجی قادر دەکات کە ناسیۆنالیزمەکەیان بە ڕۆحێکی دینی ئاڕاستە دەکرا[4]. لایەنگرانی ئەو بۆچوونە تەنانەت پێیانوایە کە یەکگرتوویی کورد و عەرەب لەگەڵ عوسـمانی پێش ئەوەی ناپاکیی بەرامبەر بە کورد بکەن، لەسەر بنەمای تواندنەوەی کورد نەبووە، بەڵکو کوردەکان نیمچە سەربەخۆییان هەبووە. و

(1) - جەعفەر عەلی، هەمان سەرچاوە، 2013، ل145-155.

(2) - کەمال سولەیمانی، ئایین و نەتەوە، عەقڵی گشتی لە دیدار لەگەڵ کەمال سولەیمانیدا، سازدانی ئازاد حاجی ئاقایی، ژمارە 8و9ی بیر و هزر، 1397هەتاوی، ل171.

(3) - Kamal Soleimani, A Kurdish Sufi Master and His Christian Neighbors, Zanj: The Journal of Critical Global South Studies, Pluto Journals, Volume Two, Number One, 2019,p. 6-21, p.1.

(4) - سەلام ناوخۆش، ئایین و ناسیۆنالیزم، ڕۆژنامەی میدیا، شوێن؟، 2006، ل 20.

دواتریش ســەرکردە کۆنەکانی تەریقەت و شــەریعەت هەرگیز هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینییان نەداوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی دامەزرا ندنی دەوڵەتی ناســیۆ نالیان داوە[1]. ئەم مشــتومڕە لە ناســیۆنالیزمی عەرەبیشــدا یەکلا نەبووەتەوە، فالح عەبدولجەبار ئاماژە بە بۆچوونێك دەکات کە پێیوایە دروســتکردنی دەوڵەتانی نەتەوەیی لە جیهانی عەرەب، تورکیا، ئێران و پاکســتاندا نیشــانی دەدات کە ئەوەی ڕێگرە لەبەردەم پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی نوێدا ئیســلامی شــموولی نییە، بەڵکو کولتووری سۆفیانەی بەشبەش و پەرتبووە[2].

لەڕووی ســیاســییەوە، هەرچەندە ئەزموونی هەر پارچەیەکی کوردســتان لە دوای دابەشــکردنییەوە جیـاوازە و مۆرکی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام، مێژووی ئەم پەیوە ندییە پڕکێشــمەکێشــەی نێوان کوردەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە هەمیشــە ئاوێزان بووە لەگەڵ پرســی ئایین و ســیاســەتدا. کوردەکان بەدرێژایی مێژوو و بەتایبەت لە پێنج ســەدەی ڕابردوودا، زۆرجار وەك ئامراز و ئۆبجێکت و هەندێکجار وەك بکەر و سوبێکت لە گەمەی نێوان دوو ئیمپراتۆڕییەتی سەفەوی ــ شیعی و عوسمانی ــ سوونیدا ڕۆڵیان بینیوە یان بەکار هێنراون. بەڵام دوای جۆرێك یەکگرتوویی ســیاســی ــــ ســەربازی نێوان عوســمانییەکان و کوردەکانی پاش ســاڵی 1514، کە بە زیانی ئیمپراتۆریی ســەفەوی تەواو بوو و ســەفەوییەکان(1501-1724) و جێنشــینەکانیان، واتە قاجارەکان(1795-1925)، نەیاندەویســت ئەو ئەزموونە دووبارە بکەنەوە و پلانی لاوازکردن یان لەناوبردنی کوردیان دارِشــت، ڕۆڵی کوردەکانی هێدی هێدی تۆخ کردەوە[3]. جەمال نەبەز بە پشــتبەســتن بە کۆمەڵێك فەکتی مێژوویی باســی هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال لای کورد دەکات بە شێوەی کردەیی و ئەم هەوڵانە لە نیوەی یەکەمی ســەدەی نۆزدەدا گەیشــتووتە پلەی خەبـاتی چەکـدارانەی ڕێکخراو؛ کـاتێـك کە میرەکـان کەوتنە هەڵگیرســاندنی شــۆڕش و بەیەکدادان لەگەڵ دەوڵەتی عوســمانی و قاجاردا. ئەم میرانە هەموویان بیر یان لە دەوڵەتی ناســیۆ نال دەکردەوە نەك دەوڵەتی تێریتۆر یاڵ[4]. ئەو لە ڕێگەی ســیســتمی

---

[1] - جەمال نەبەز، ناسیۆنالیزمی کورد و سەرکردەیەتی کلاسیك، گۆڤاری نیشتیمان، هەولێر، چاپی دووەم، کۆبەرهەم (ژ.11)، زنجیرەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان (ژ.1)، 2010، ل 49-50.

[2] - فالح عەبدولجەبار، ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئیسلام (1890-1990)، لە کتێبی ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی ئارام جەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2004، ل146.

[3] - رابرت السن، مسئله کرد و روابط ایران و ترکیه، ترجمه ابراهیم یونسی، چاپ دوم، نشر پانیذ، تهران، 1384، ص39.

[4] - جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی، هەمان سەرچاوە، ل29-30.

چینایەتییەوە سەرچاوەی هێزی شێخەکان و ئاغاکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە و وادەکات کە تایبەتبوونی دۆخی کوردمان زیاتر بۆ دەربکەوێت، ئەوەیە کە چینەکان لە کوردستاندا بە پێچەوانەی هەندێك ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی کە سیستمی چینایەتی دەکەنە پێوەری شرۆڤەکانیان ـ وەك ئەوەی کە مایکل مان بە پشتبەستن بە چوار قۆناغی دەوڵەت ــ نەتەوە و هێزی سەربازی، نەتەوە بە کۆمەڵێکی بەرفراوانی نێو ــ چینایەتی پێناسە دەکات کە لەسەر بنەمای ناسنامە، مێژووی جیاواز و خوازیاربوون بۆ دەوڵەت ڕاوەستاوە[1] ــ لە کوردستاندا، هەم شێخ و مەلاکان، هەم ئاغاکان، هێز و دەسەڵاتیان لە سەرچاوە نائابورییەکانەوە وەردەگرت. ئاغا لە ڕێگەی بۆماوە و شێخ و مەلاکان لە ڕێگەی ئایینەوە. هەرچەندە سەرچاوەی هێزی مەلاکان(شەریعەت) لە ناو شارە گەورەکان و شێخەکان(تەریقەت) لە ناوچە گوندنشینەکانەوە بوو. هەڵبەت خاڵێکی گرنگ لێرەدا ئەو ڕەخنەیەیە کە کەسانێکی وەك عەباس وەلی لە جەمال نەبەزی دەگرن، کە ئەگەر شێخ و مەلاکان تەنانەت داوای دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیشیان کردبێت، پشتبەستوو بە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوی وەك ناسیۆنالیزم نەبووە. ڤان برۆنسن بە جۆرێك پاڵپشتی ئەو بۆچوونەیە کە دروستە هەندێك لە سەرۆك خێڵەکان خاڵیی لەهەستی نەتەوایەتی نەبوون، بەڵام بە هۆی پرۆپاگەندەی پان ـ ئیسلامیزمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە، وفاداری سەرۆك خێڵەکانی کورد بۆ سوڵتانی ـ خەلیفە (نەك ئیمپراتۆریی)، تەنانەت لە سەروبەندی کۆتایی سەدەدا کە ناسیۆنالیزم بە واتا نوێیەکەی خەڵکی بزواندبوو بەسەر هەست و ویستە نەتەوەییەکاندا زاڵ بوو[2].

لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردەکانیشەوە خوێندنەوە و بۆچوونی جیاواز هەن. بۆ نموونە حوسێن حوزنی بە گەڕانەوە بۆ هەندیك لە گەڕیدە، ڕۆژهەڵاتناس و حاکمە سیاسییەکان، ئاماژە بە

(1)- Umut Özkırımlı, Theories of Nationalism, A Critical Introduction, Second Edition, palgrave. Macmillan, 2010, p.138 .
-ئەم سەرچاوەیەی سەرەوە نوسخە فارسییەکەشی بەکارهاتووە، بەڵام بۆ ئەم بەشەی ئاماژەمان بە نوسخەی ئینگلیزییەکەی داوە، چونکە نوسخە فارسییەکە ئەو بەشەی وەرگێڕان نەکردووە، کە باسی مایکل مان دەکات. توێژەر
- هەروەها آنتونی دی اسمیت، همانجا، ص 161.

(2) - Martin Van Bruinessen, Agha, Shaikh and State; The Social and Political Structures of Kurdistan, Zed Books Ltd London and New Jersey, 1992, p.268.

ســادەیی و فریوخۆریی کوردەکان دەکات، لە دەیەکانی ســەرەتای ســەدەی بیســتەمدا[1]. ج. م. لیز یەکێکە لەوانە کە پێیوابووە بە گشــتی کوردەکان، دینداریێکی پابەند نین، بەڵام سروشــتە ســادە و خوڕافییەکەیان وای لێ کردوون بە چاك بێت یان خراپ، بکەونە ژێر کاریگەی شێخە پیرۆزەکانەوە[2].

ئەم بابەتە خۆی ئاماژەیەکی ڕوونە بەو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەی کە کوردستانی باشــووری بەتایبەت ســەردەمی شــێخ مەحمودی پێدا تێپەڕیوە. عەباس وەلی کێشــەکە تەنیا لەم حاڵەتەدا نابینێت، بەڵکو ســەرکزکردن و خۆبەســتەوەدانی ڕۆشــنبیری نوێی کورد بۆ ســەرکردە نەریتییەکان، کە هەژموونە ئایدیۆلۆجییەکەیان لە کۆمەڵگە گوندنشــینە زۆرینە نەخوێندەوارەکاندا گەرەنتی دەکرد، ئاڕاستە و ڕووکردنە مۆدێرنیتەی لە سیاسەتی کوردیدا سنووردار دەکرد[3].

وەك چۆن شــێخ و تەریقەت کەلێنی نەمانی میری میرگەکانیان پڕ کردەوە، بەهاتنەکایەی حزبە سـیاسـییەکان و ڕەوتە کاریگەرەکانی وەك خۆیبوون، هیوا، کاژیك، پارتی دیموکرات و پاسـۆك، حزبی کۆمۆنیستی عێراق و چەند ڕەوتێکیتر، وردەوردە ڕۆڵی شێخ و تەریقەتیش ڕووی لە کزی کرد.

ڕەوتە ئیسلامییەکان، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە وەك ڕەوتی هزریی و بانگەشەیی بەهێز جیهـانی عەرەبی و ئیســلامییـان هەژانـد و کـاریگەرترینیـان ڕێکخراوی (ئیخوان مســلمین) بوو، بە ســەرکردایەتی ســەید قوتب و حەســەن بەنا. لێرەدا ناپەرژێینە ســەر مێژووی ســەرهەڵدان و هاتنی ئەو بزووتنەوەیە و کاریگەرییەکانی لەســەر جووڵانەوەی ئیســلامی لە هەرێمی کوردســتاندا[4]. تەنیا ئاماژە بە بەردەوامیی ئەو پارادۆکسە یان هاوتەرییبیە دەکەین کە نێوان حزبە ئیسلامییەکان و ناسیۆنالیزمدا هەیە.

ئەوەی گرنگە سەرنجی بخەینە سەر ئەوەیە کە هێزە ئیسلامییەکان[5] لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجیای بان ـــ نەتەوەییدان و سەرجەمگیر و سەرتاپاگیرانە لە ئایین دەڕوانن. کێشەی ئەوان لەو شوێنەدا زیاتر

---

[1]- حوسێن حوزنی، سەرجەمی بەرهەمی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، 2011، هەولێر، ل 518.

2 - George Lees, Two years in South Kurdistan, Journal of The Royal Central Asian Society, Vol. 15, Issue. 3, 1928, p.254.

[3] - عباس ولی، همانجا، ص 130.

[4] -مەولود موراد، دەعوە و سیاسەت؛ لە کاری حزب و کۆمەڵە سیاسیە ئیسلامییەکاندا، چاپی یەکەم، کۆمپانیای سازیار، سلێمانی، 2019، ل36-37.

[5] - تهامی العبدولی ئیسلامەکەی کورد؛ نموونەیەك لە ئیسلامی کەمینەکان، خوێندنەوەیەك بۆ بەیەکداچوونەوەی ئایین و نەتەوە و تیرە، وەرگێڕانی عیماد عەلی، چاپی یەکەم، شوێنی چاپ ؟ 2022، ل167-181.

قووڵ دەبێتەوە کە باسی دەوڵەتی سیکۆلار دێتە ئاراوە. شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ چەمکەکانی وەك "الامة"، "ولی الامر" و "حوکمی ئیسلامی" لەبەرامبەر نەتەوە، سەرۆك و دەوڵەتی مۆدێرندا تەمومژاوییە. بۆ نموونە سەلەفییەکان باوەڕیان بە وەلی ئەمر هەیە و یەکگرتووی ئیسلامی باوەڕی پێی نییە. گوتاری بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیش سەبارەت بەم پرسە ڕوون نییە. بەڵام دەکرێت بپرسین بەتێکڕا ئیسلامییەکانی کوردستان لە سەلەفییەتەوە تا جەماعەتی خزمەت[1]، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم پێناسەیەی ئەلنەعیمدا دەکەن کە پێیوایە: دەوڵەتی مۆدێرن دامەزراوەیەکی سیاسییە نەك ئایینی. بۆ موسوڵمانبوونیکی باوەڕمەندانە و هەڵبژاردنێکی ئازاد کە خۆی تاکە ڕێگای موسوڵمانبوونە پێویستمان بە دەوڵەتێکی سیکۆلار هەیە. دەوڵەتێکی بێلایەن سەبارەت بە بیرۆکەی ئایین. دەوڵەتێك بانگەوازی چەسپاندنی ئایین ناکات یان بە درۆ و تەفرەدان هەوڵ نادات یاسای ئایینی ئیسلام بچەسپێنێت[2].

لە ئاست سیاسەت و هەڵوێستدا، هێزەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا ڕەخنە لە ئەدای ئیسلامییەکان دەگرن کە لە ئاست پرسی کورددا نین و هێندەی خەمی ئوممەی ئیسلامی، فەلەستین و بە ئیسلامیکردنی کۆمەڵگەی کوردستاندان، هێندە گرنگی بە کورد، کوردستان و کولتووری کوردی نادەن.

### کۆیادەوەری و ناسیۆنالیزم

لەبەرئەوەی تیۆرێکی دیاریکراوی تایبەت بە پەیوەندی نێوان کۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە ئارادا نییە و تەنانەت خودی توێژینەوەکانی تایبەت بە یادەوەری، ناپارادایمی و بان ـــ بوارین (paradigmatic, transdisciplinary)[3]، دەکرێت لە نێو ئەدەبیاتی پەیوەست بە کۆیادەوەری و ناسیۆنالیزمدا (نەتەوەسازی)دا، بەدوای ئەو پەیوەندییەدا بگەڕێین. یان دەکرێت لە ڕێگەی تێگەیشتن

---

[1] - هەورامان فەریق، پەروەردەی ئیسلامی و ململانێی گوتارەکان؛ شیکردنەوەی دیسکۆرسیڤی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی و ئایینناسی، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی، 2018، ل 97-121.

[2] - عەبدوڵا ئەحمەد ئەلنەعیم، ئیسلام و دەوڵەتی سێکیۆلار؛ دانووستانی داهاتووی شەریعەت، وەرگێڕان ئازاد حاجی ئاقایی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، 2017، ل17

[3]-Jeffrey K. Olick, "Collective memory": A memoir and prospect. Memory Studies, 1(1), 23-29, 2008, P. 4.

له ئامانج و نیازی نەتەوەســـازەکانەوە، لە ڕەهەند و دەرەنجامەکانی پەیوەندی نێوان هەردوو چەمك تێبگەین. هەر ئەم خاڵە یەکێك لە ئامانج و گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیەی بەردەسـت دەسـەلمێنێت کە لە ڕێگەی گراوندتیۆرییەوە و وا تا زەینییە کانی بەشـــداربووانی توێژینەوەکەوە بتوانین تیۆرێـك سەبارەت بە پەیوەندی نێوان کۆیادەوەری و نەتەوەسازی دابنێین.

ســـەرەتا لە پێناســـەی نەتەوەســـازی و هەندێك لە ڕەهەندە تیۆری و پراکتیکییەکانییەوە دەســـت پێدەکەین و پا شان دەپەرژێینە سەر کۆیادەوەری و پەیوەندی بە نەتەوە سازییەوە. بەگوێرەی بۆچوونی جیم مەك لۆفین، جەختکردنەوە لەســـەر ڕۆڵی ڕۆشـــنبیرانی ئێتنیکی لە ئـامـادەکردنی هێزە ناســـیۆنالیســـتییەکاندا دەچێتە بازنەی تێڕوانینی ئایدیالیســـتییەوە بۆ ناســـیۆنالیزم. چونکە زۆربەی نووسەرەکانیان، سەرنجیان لەسەر ڕۆڵی هۆکارە زەینییەکان لەسەر ڕەگوڕیشە و سەرکەوتنی بزووتنەوە ناســـیۆنالیســـتییەکان چڕ دەکەنەوە، تا هێزە عەینییەکان و هۆکارە ســـیاســـی و ئابورییەکان. ڕاڤە ئایدیالیستییەکان سەبارەت بە نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزم، هێزی ڕوونکردنەوە زیاتر دەدەنە پاڵ هۆکارە کولتووری و زەینییەکان ـ زمان، ئایین و ئێتنیسیتە[1] ـ ئێمە لە هەر دوو ڕوانگەوە، چ هۆکارە زەینییەکان و چ هۆکارە دەرەکییەکان شەنوکەوی ئەم بابەتە دەکەین.

## نەتەوەسازی

پێناســـەی جۆراوجۆر بۆ نەتەوەســـازی کراون. بۆ نموونە، ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و پەرەپێدان (OECD)، کە لە (30) دەوڵەتی دیموکراسی پێکدێت، وەها پێناسەی نەتەوەسازی دەکات کە ئاماژەیە بە کۆمەڵێك ســـتراتیژی خۆویســـتانە ـــــ زۆرجار لە لایەن دەســـتەبژێرانی نێوخۆوە، بۆ دروســـتکردنی نا سنامەی نەتەوەیی هاوبەش (لەبەرامبەر نا سنامە فرەکانیتر)، بە دەوری ئایدیای نەتەوەدا، چ بە واتای ئێتنیکی، کولتووری، مێژوویی یان ســـیاســـی[2]. هەروە ها لە نێو تیۆرە کانی ڕەگوڕیشـــەی نەتەوە و

(1)- Jim Mac Laughlin, Reimaginign the nation-state; The Contested Terrains of Nation-building, Pluto P Press, London, Sterling, Virginia, 2001, p.15.

(2)- OECD, Concepts and Dilemmas of State Building in Fragile Situations; from fragility to resilence, Journal on Development, 2008,Volume 9, No. 3 , 2008, p.13.

ناسیۆنالیزمیشدا دەکرێت، بنەما و کۆڵەکە سەرەکییەکانی نەتەوەسازی هەڵبهێنجرێن. بۆ نموونە لەڕووی تیۆرییەوە و لەژێر رۆشـــنـایی تیۆرەکەی گێلنەردا کە پێیوایە هـاوشـــێوەیی و لێکچوونی کولتووریی پێویســـتییەکی ناســـیۆنالیزمە و کولتووری باڵا لە کاتێکدا ڕوودەدات کە کۆمەڵگە قۆناغی کشـــتوکاڵی تێبەڕاندبێت و خوێندەواریی لەســـەرتاســـەری وڵاتدا بڵاو بووبێتەوە و پیشـــە لە ڕێگەی بۆماوەوە کاڵ بووبێتەوە[1]. یان تیۆری ئیتنۆسیمبولیزمی سمێسدا، یان سەرمایەداریی پیشەسازیی چاپی بنێدیکت ئەندرسۆندا کە سەرنج لەسەر ڕۆژنامە و کتێب چڕ دەکاتەوە.

لێرەوە پرسی پەیوەندی نا سیۆنالیزم و نەتەوە سازی ئاڵۆزتر دەبێت. بزانین کەی نا سیۆنالیزم بابەتی گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەکی وەك ئامرازی ســـەرهەڵدان و بەهێزکردنی خۆی بەکار هێنا. چونکە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بە بێ گەڕانەوە بۆ یادەوەری ئەستەمە. ئەوکاتەی کە دەوڵەتان و دەوڵەت ـ نەتەوەکان بەتایبەتی بۆ نیشـــاندانی بانتربوونی نەتەوەیەکی دیاریکراو و دروســـتکردنی هەســـتی تاقانەبوونی نەتەوەیەك لە کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدەوە ناچار بوون ئاوڕ لە ڕابردووی خۆیان بدەنەوە. وڵاتانی ڕۆژئاوا لەم ڕێڕەوەدا دەستپێشخەر بوون. لەم دەستپێشخەرییەدا تەنیا سیاسی و سەرکردەکان نەبوون، بەڵکو لە زۆر قۆڵەوە کار لەسەر ئەو پرسە کرا. بۆ نموونە هاوشان لەگەڵ سەردەمی ڕۆشنگەری، زانست و زانکۆکان لەگەڵ باوەڕ دەستیان دایە دەستی یەکتر بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ و ڕەزامەندی خوا. فەرهەنگستانەکان ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە کردنەی کۆلێژەکانی پزیشـــکی، هونەر و ســـەربازیدا بینی. زانکۆکانی ئەڵمان، ســـوید، و ئەمریکا ســـاڵی (1870) بوونە پێشـــەنگ. پێشـــکەوتنی قوتابخانەکان و زانکۆکان پێوەرێکە بۆ ناســـیۆنالیزم، ڕێك بە هەمان شـــێوە کە قوتابخانەکان و بەتایبەت زانکۆکان بوون بە هوشـــیارترین بەرگریکارەکانی ناســـیۆنالیزم[2]. ڕووســـیاش کەوتە خۆی و فەرهەنگســـتانی دامەزراند. پاشـــان بە دامەزراندنی تاقیگە نەتەوەییەکان و توێژینەوە ســـەربازییەکان، ئامانجەکانیش گۆڕان. گەڕان بە دوای زانســـت بە ئاڕاســـتەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و نەتەوەســـازی لە تاقیگە نەتەوەییەکانەوە دەســـتی پێکرد. پڕۆژەی بۆمبی ئەتۆمی کەوتەکار[3]. هەڵبەت بە وردبوونەوەی بیرمەندان لە جیاوازییەکانی مرۆڤ

---

[1]- ارنست گلنر، همانجا، ص47.

[2] - Eric Hobsbawm, Age of Revolution; 1789-1898, New York, Vintage Books, 1962, p.135.

[3] - پل جزفسون، علم و تکنولوژی، ترجمه احد علیقلیان، در دائرة العارف ناسیونالیسم، زیر نظر الکساندر ماتین، جلد دوم، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، صص641-659، (1384)، ص647.

لەگەڵ ئاژەڵ و جیاوازی نێوان ژنان و پیاوان، هێدی هێدی پۆلێنبەندی ڕەگەزپەرەستیشیان بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکان خستەبەر باس. تیۆرە مێشکناسی و بایەلۆجییەکان سەریان هەڵدا و ڕەنگدانەوەی لەسەر چەمکە ناسیۆنالیستییەکان دروست کرد. جیاوازی نێوان ڕۆژئاوا و شارستانییەتەکانی ئەفریقا و ئاسیا هاتە ئاراوە. دۆگۆبینۆ یەکێك لە دیارترینیان بوو. دواتر ئەم کارانە درزەیان کردە نێو کۆمەڵناسی و چەمکی نۆرمپشێو کە تایبەتمەندییەکانی هەندێك ڕەگەزی مرۆڤ سەرنجیان خرایە سەر. لێرەوە یاسای پاکتاوی ڕەگەزیی بۆ کۆنترۆڵی دانیشتوان و کۆچکردن بە بیانووی باشکردنی ڕەچەڵەك پێشنیاز کرا. ئسپرینگ هاربەر، بە توێژینەوەیەك ناسنامەی نەتەوەیی و ڕەچەڵەکی پەیوەست کردەوە پێکەوە. پۆڵەندییەکان، ئێرلەندییەکان، جووەکان و گروپە نەتەوەییەکان لەڕووی بایەلۆجییەوە جیاوازن. لە ئەمریکا یاسای نەزۆککردنی خۆبەخشانە بەناوی باشترکردنی ڕەچەڵەکی دەرکرا. بە نەزۆککردنی بەندکراوانی شێت، بێئەقڵ، گەمژە، بیرکۆڵ، تاوانبارانی دەستدرێژی بۆ سەر شەرەف، تا (1931)، لە 30 ویلایەت دەنگی پێدرا. هەمان هەوڵ لە ئەڵمانیا و بە هاتنی هیتلەر گیرایەبەر. چەمکی مردنی دڵسۆزانە بۆ کوشتنی کەمئەندامان هاتەئاراوە. لیۆن ترۆتسکی جاڕی ئەوەیدا کە تەکنەلۆجیا بەرزترین شێوەی کولتوور و بەشێکی جیانەبووەوەی نەتەوەسازییە. ستالین لەوەش زیاتر ڕۆشت. لێرەوە دەردەکەوێت، کە دەتوانین دەرهاویشتە و دەرەئەنجامەکانی نەتەوە سازی بە گوێرەی ئامانج، فەلسەفە و نەتەوەسازەکان پۆلێنبەندی بکەین. بۆیە ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازی دەکرێت پرۆسە و پرۆژەیەك بێت کە توندوتیژی، فاشیزمی مۆسۆلۆنی کە گێلنەر ناوی دەنێت خۆبەپیرۆزبینین[1] و قڕکردنی نەتەوەکانی دیکەی وەك هیندییە سوورەکانیانی لێ بەرهەم بێت.

ڕووی دیکەی نەتەوەسازیش هەن کە زۆرجار خۆی لە بەدیهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی، پێشکەوتنی وڵاتان، ناسنامەی نەتەوەیی هاوبەش، یەکڕیزی نەتەوەیی، سوپای یەکگرتوو، زمانی یەکگرتوو و ... دەبینێتەوە. سەرهەڵدانی کولتوورە باڵا و گشتگیرەکان (یەکسان و پشتبەستوو بە سیستمەکانی پەیوەندی لەسەر بنەمای خوێندەواری و فێرکردن)، پرۆسەیەکە کە بە خێرایی لە سەرتاسەری جیهاندا لە گەشەکردندایە... کاتێك کە بارودۆخی گشتیی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کولتوورە باڵاکان، یەکسان و هاوشێوە بە دەورەی چەقێکدا بەردەوام بن، هەموو خەڵکی بە یەکسانی دەگرنەوە،

[1] - ارنست گلنر، ملت ها و ملی گرایی، همانجا، ص24.

نەك تەنیا کەمینەیەکی دەســـتەبژێر، ئەوکاتە دۆخێك ســـەرهەڵدەدات کە تیایدا کولتووره دیاریکراو و یەکپارچەکان بە پشـــتیوانی خوێندن، یەکەیەك دروســـت دەکەن کە مرۆڤ بە جۆش و خرۆشـــەوە، ناســـنامەی خۆی تەنیا لە ڕێگەی ئەوەوە دەناســـێتەوە[1]. ڕۆڵی ناســـیۆنالیزم لەم نێوەندەدا بریتییە لە هەوڵدان بۆ هاوئاهەنگکردنی کولتوور و کۆمەڵگەی سـیاسـی بۆئەوەی ئەم کولتووره تەنیا لەژێر چەتری یەك پەناگەی سیاسیدا خۆی ببینێتەوە.

بەڵام لە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەوە سـەرنجەکان لەسـەر پرۆسـە و پرۆژەی نەتەوەسـازی ڕووی پرەکتیکییەوە چڕدەبنەوە. چونکە لەبیرمان نەچێت، بۆ تێگەیشتن لە "نەتەوە"ی سەردەمی لیبرالیزمی کلاسیك، نەتەوە سازی هەرچەنێکیش لە مێژووی سەدەی نۆزدەدا گرنگیی هەبێت، تەنیا پەیوە ستبوو بە هەنـدێـك لە نەتەوەکـانەوە؛ لە واقیعـدا داخوازیی بەکـارهێنـانی بنەمـای نەتەوایەتی حـاڵەتێکی سەرتاسەریی نەبوو[2]. بۆیە لە ڕوانگەی زانستە سیاسییەکانەوە، ئەگەر پێناسەیەکی دەوڵەت ـــ نەتەوە (nation-state) بریتیی بێت لە یەکەیەکی ســـیاســـی کە تیایدا ســـنورەکانی نەتەوە هاوتەریبە لەتەك ســـنورەکانی وڵاتدا و ســـنورەکانی وڵات بە هۆی لەخۆگرتنی نەتەوەوە مەشروعییەت پەیدا دەکات؛ ئەوا نەتەوە سازی بریتییە لە پرۆژە و بەرنامەیەکی سیا سیی گوا ستنەوەی هە ستی ئەندامییەتیی نەتەوەیی هاوبەش بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە لە ناو ســـنوورەکانی یەك وڵاتدا کە لەڕووی زەوییەوە دیاریکراوە، ژیان دەکەن[3].

بە گوێرەی بەدواداچوونی من، دەکرێت ئەو توێژینەوانەی سـەبارەت بە نەتەوەسـازی ئەنجام دراون، بۆ چەند بازنەیەك پۆلێنبەندی بکەین:

– هەندێك لە توێژینەوە و تیۆرەکان لە هەناوی تیۆرەکانی ناســـیۆنالیزم و نەتەوەســـازیدا خۆیان دەبیننەوە. وەك ڕوانگەی ئێرنست ڕێنان بۆ نەتەوە، میرۆ سلاڤ هێرۆك بۆ نەتەوە سازی و بنێدیکت ئەندرسۆن بە کۆمەڵگە وێناکردەکان و ... لە چوارچێوەی پارادایمە زاڵەکانی نەتەوەدا.

[1] - همان، ص99-100.
[2] - اریك جی. هابسبام، همانجا، ص 57
[3] - دیوید د. لیتین، علوم سیاسی، ترجمه آزرم وند (مختاری)، در دائرة العارف ناسیونالیسم، زیر نظر الکساندر ماتین، جلد دوم، (1384)، مرکز چاپ و نشر وزارت امور خارجه، صص641-659، ص647.ص 661-675. ص 661.

- هەندێك لە توێژینەوەکان، لە ڕوانگەیەکی تەواو سیاسییەوە و لە چوارچێوەی زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە[1] دەڕواننە بابەتی نەتەوەسازی. وەك ئەو توێژینەوانەی کە ناوەندی ڕەند[2] لە ئەمریکا سەبارەت بە نەتەوە سازی ئەمریکایی یان ڕۆڵی UN لە هەندێك وڵاتی وەك ئەفغانستان[3]، عێراق[4]، تەنانەت ئەڵمانیا[5] و یابان ئەنجامیان داون. ئێمە کەمتر دەپەرژێینە سەر ئەم جۆرە لە توێژینەوەکان، چونکە بۆ خوێندنەوەی واقیعی کوردستان لە ڕوانگەی سێ پارادایمە سەرەکییەکەی کە پێشتر ئاماژەمان پێکردوون گونجاو نین. ئەم پرۆژانە بەچاوی نەتەوەی سەردەست و ژێردەست و بە گوتارێکی ڕۆژهەڵاتناسی سەیری وڵاتانی دیکە دەکەن و پێشگریمانەیان ئەوەیە کە زلهێزەکان و بەتایبەت ئەمریکا بۆ نموونە دەبێت، ڕۆڵی نەتەوەسازکەر لەم وڵاتانە ببینێت، چونکە خۆیان لەو ئاستەدا نین کە نەتەوە و وڵاتی خۆیان ساز بکەن.
- سێیەم جۆری توێژینەوەکان، ئەو توێژەرانە ئەنجامیان داون کە لە هەناوی کۆمەڵگەی خۆیانەوە بە دوای ڕەگوڕیشەی نەتەوە و بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازیدا گەڕاون (بۆ نموونە، نەتەوەسازی لە بەنگلادش[6]، تانزانیا[7]، تایوان، ڕواندا[8]، سوودان، هۆنگ کۆنگ) یان بەراوردی نەتەوەسازییان

---

[1]- افشین رزگر، همانجا، ص4.

[2] –RAND Organazation, (https://www.rand.org (2022/12/10) ڕێککەوتی دوایین سەردان

[3]- میرویس بلخی، همانجا.

[4] - Dobbins, James, Seth G. Jones, Keith Crane, Andrew Rathmell, Brett Steele, Richard Teltschik, and Anga R. Timilsina, The UN's Role in Nation-Building: From the Congo to Iraq. Santa Monica, CA: RAND Corporation, 2005. https://www.rand.org/pubs/monographs/MG304.html. Also available in print form.

[5] - Dobbins, James, John G. McGinn, Keith Crane, Seth G. Jones, Rollie Lal, Andrew Rathmell, Rachel M. Swanger, and Anga R. Timilsina, America's Role in Nation-Building: From Germany to Iraq. (https://www.rand.org/pubs/monograph_reports/MR1753.html)

[6] - Yelena Biberman & Rachel Castellano, Genocidal Violence, Nation-Building, and the Bloody Birth of Bangladesh, Asian Security, 2018, 14:2, 106-118, (https://doi.org/10.1080/14799855.2017.1335712)

[7] - Ndulu BJ, Mbowe WE, Hunter E. Ethnicity, Citizenry, and Nation-Building in Tanzania. In: Hino H, Langer A, Lonsdale J, Stewart F, Eds. From Divided Pasts to Cohesive Futures: Reflections on Africa. Cambridge University Press; 2019 :98-122. https://doi.org/10.1017/9781108645195.006

[8] - Andrea Purdeková, Building a Nation in Rwanda? De-ethnicisation and its Discontents, Studies in Ethnicity and Nationalism: Vol. 8, No. 3, 2008. https://doi.org/10.1111/j.1754-9469.2008.00031.x

کردووە لە نێوان دوو وڵاتدا. ئەم تێزە، دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، بەڵام بەسوودوەگرتن لە تیۆر و ڕوانگە و پارادایمەکان. یان بۆ نموونە، ئەو توێژینەوانەی کە لە پێشینەی توێژینەوەدا ئاماژەمان کردوون و دواتریش دەگەڕێینەوە سەریان.

ئەگەر لە ڕوانگەی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، سەیری بابەتەکە بکەین ـ کە ڕوانگە و گوتاری زاڵی نێو ئەدەبیاتی نەتەوەسازی پێکدەهێنێت ـ پرۆسەی نەتەوەسازی بە گوێرەی پێدراوەکانی (input) هێزی مرۆیی، پارە و کات؛ و ئەنجامەکانی کە ئاشتی، ئابووری و دیمکراسیسازییە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. سەرکەوتن لە نەتەوەسازی بەستراوەتەوە بەو ژێرییەی کە ئەم سەرچاوانە بەکار دەهێنێت. هەروەها پێویستی بە هێزی مرۆیی سەربازی، پۆلیسی نێودەوڵەتی و یارمەتییە ئابورییە دەرەکییەکانەوە[1]. یان هەمان خوێندنەوە پێیوایە کە ئامانجی زۆربەی ئەرکەکانی نەتەوەسازی، وەستاندی بەریەککەوتنێك، ڕێگریکردن لە دەستپێکردنەوەی پێکدادانەکان و پەرەپێدانی سەرهەڵدانی دەولەتێکی ڕەسەنە کە لە کۆتاییدا توانای ئەوەی هەیە بەرپرسیارییەتی تەواوەتیی ئاسایش و خۆشگوزەرانی خۆی بگرێتەئەستۆ. هەڵبژاردنی دیموکراسییانە هەمیشە لە دروستکردن یان بەهێزکردنی وەها حکومەتێکدا ڕۆڵی هەیە[2]. تەنانەت ئەم ڕوانگەیە لە ڕێگەی پرۆگرامێکی ڕێنماییکەرانەوە، هەنگاو بەهەنگاو پێویستی و قۆناغەکانی نەتەوەسازیمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. بۆ نموونە لە یەکێك لە گرنگترین کتێبە ڕێبەرییەکاندا بەمشێوەیە مەرج و لەپێشتربوونەکانی (اولوية) نەتەوەسازی پۆلێنبەندی کراون:

- ئاسایش: پاراستنی ئاسایش، جێبەجێکردنی یاسا، سەروەریی یاسا و ڕیفۆرمەکانی بەشی ئاسایش.
- یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکان: گەڕانەوەی ئاوارەکان و وەڵامگۆبوون بەرامبەر توانا ئەگەرەکییەکان، برسییەتی و کەمی شوێنی حەوانەوە.
- حوکومڕانی: سەرلەنوێ خزمەتگوزاری گشتی و بووژانەوەی بەڕێوەبردنە دەوڵەتییەکان.

[1] - James Dobbins, The UN's role in nation-building: From the Belgian Congo to Iraq, Survival, 46:4, 81-102, 2004.p 87-88. https://doi.org/10.7249/MG304

[2] - James Dobbins, Preparing for nation-building, Survival: Global Politics and Strategy, 2006, 48:3, 27-40, p 31. https://doi.org/10.1080/00396330600905486

- سەقامگیریی ئابووری: خستنەڕووی چوارچێوەی یاسایی و چاودێری بازرگانی
- بەدیموکراسیکردن: دروستکردنی حزبە سیاسییەکان، ڕاگەیاندنی ئازاد، کۆمەڵگەی مەدەنی و دەستوور بۆ هەڵبژاردن.
- پەرەپێدان: بەهێزکردنی گەشەی ئابوری، کەمکردنەوەی هەژاری و باشکردنی ژێرخانەکان[1].

بەڵام ئەم جۆرە خوێندنەوانە، لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگانەوە کە پرۆسەی نەتەوەسازییان تێدا ئەنجام دراوە، سەیری واقیعی کۆمەڵگەکان دەکات. دەمانەوێت زیاتر بپەرژێینەسەر ئەو بنەمایانەی کە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان و سیاسەتگوزاران دەیانتوانی لەچوارچێوەی پرۆژە و پرۆسەی نەتەوەسازیدا جێبەجێیان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە وردتر سەیری بارودۆخە دەکەین، دەبینین زۆربەی ئەم بنەمایانە بە شێوەی کردەیی لە هەرێمی کوردستاندا بەجیا یان وەك بەشێك لە عێراق جێبەجێکراون، هەوڵگەلێکی وەك پلان و هاوکاری هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان[2] دەچێتە چوارچێوەی ئەم ڕوانینەوە، تا چەندە وەڵامدانەوە و بەدەمەوەچوون هەبووە بۆ ئەم پرۆسانە، ئەوە دواتر لە بەشی مێتۆد و ئەنجامدا شرۆڤەیان دەکەین. دەتوانین بڵێین، دیاریکردنی ڕەگەز و کۆڵەکە سەرەکییەکانی نەتەوەسازی لەژێر کاریگەری زۆر فاکتەری وەك کات، ناوچە و جوگرافیا، بارودۆخ، مێژوو و سەردەم، سیاسەت، ئایین، کیشوەر و نەتەوەسازەکاندا شێوەی جیاواز بەخۆوە دەگرێت.

## زمانی یەکگرتوو و سیمبولی هاوبەش

لە بابەتەکانی پێشوودا ئاماژەمان بە هەندێك کۆڵەکەکانی نەتەوەسازی کردووە. بە گەڕانی زیاتر بە نێو ئەو کارانەدا کە جەخت لەسەر نەتەوەسازی دەکەنەوە، جگە لە کۆیادەوەری، دەتوانین سەرنج لەسەر چەند کۆڵەکەیەکی دیکەی وەك یەکڕیزی نەتەوەیی، ناسنامەی نەتەوەیی هاوبەش، هاوڵاتیبوون، سوپای یەکگرتوو و زمانی یەکگرتوو چڕ بکەینەوە. لە بەشی میتۆدۆلۆجیدا و بە پشتبەستن بە

(1) - James Dobbins . [et al.]. The beginner’s guide to nation-building, RAND Corporation, 2007, P. xxiii.

(2) - Sean Mathews, US: Congress wants to give air defence systems to Kurdish fighters in Iraq, 21 June 2023, Middleesteye, (https://www.middleeasteye.net/news/us-congress-wants-give-air-defence-kurdish-fighters-iraq ( ڕێککەوتی دواین سەردان (2023/12/10)

چاوپێکەوتنەکان، بنەماکان و بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا شرۆڤە دەکەین. بۆیە لە خوارەوە تەنیا سەرەقەڵەمێك سەبارەت بەم بنەمایانە دەخەینەڕوو.

گەلێك ڕێگا و میکانیزمی ئاسان و ئەستەم هەن کە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ خێراترکردنی بیچمگرتنی نەتەوە و پێکەوەبەستنی ئەو کوڵەکانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە. بۆ نموونە ئەگەر لە ڕێگا ئاسانەکەیەوە دەست پێبکەین، یەکێك لە هەنگاوەکان کە گەورەترین کاریگەری لەسەر نەتەوەسازی ئەمریکایی هەبووە، پێکەوەبەستنی ناوچە جیاجیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە پێکەوە بە ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەر. ڕستەیەکی گرنگی هێنری دەیڤید سۆرۆ هەیە کە دوای ئەوەی گلەیی لە دروستکردنی هێڵی شەمەندەفەری ئەمریکا دەکات کە چۆن ژیانی خێزانیی ئەویان تێکداوە، بەڵام دواتر ئاماژە بەوە دەکات کە نەتەوەیەك هێڵێکی شەمەندەفەر دروست دەکات و لەوکاتە بەدواوە ئەو هێڵە نەتەوە دروست دەکات[1]. نزیکی و هاتووچۆی نێوان شوێن و شارە و ناوچەکان، دەبێتەهۆی یەکترناسین، کارلێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری، پەیوەندیی زمانی، هاوسۆزی و لە دواجاردا ناسنامەی هاوبەش. کارئاسانی و پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاتووچۆ، جادە ڕێگاوبان و تێکەڵبوونی خەڵکی ناوچە جیاوازەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی، کولتووریی، ئابوری، بازرگانی و گەشتیارییەوە تا چەند بەم ئاڕاستەیە بووە. جادە و ڕێگاوبان تەنیا کاریگەری لەسەر ئابوری نییە، جگە لەوەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی ناوچەکان لە کشتوکاڵییەوە بۆ پیشەسازی. دەبێتە هۆی ڕەخساندنی دەرفەت و خزمەتگوزارییەکان بۆ هەمووان نەك تەنیا بۆ چینێکی دەستەبژێری شاریی.

جیا لەو بنەمایانەی کە لە گۆشەنیگای سیاسەت و وەك ئوبجێکت سەیری کۆمەڵگەکانی وەك هەرێمی کوردستان دەکەن، ڕوانگە و توێژینەوەکانی پشتئەستوور بە ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی کورد، ئاماژە بە گرنگی هەبوونی زمانێکی یەکگرتوو وەك بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەسازی دەکەن. جۆهان هردر(Johann Gottfried von Herder (1744–1803) کە ئایدیاکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر شۆڕشی فەڕەنسی هەبووـــ و تا پێش ئەو، چەمکی نەتەوە واتایەکی سنووورداری قوتابیانی زانکۆی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەگرتەوە، زمان هاوشان لەگەڵ کولتوور و نەریتدا بە بەشە پێکهێنەرەکانی

[1] - Karen Eggleston, John Donahue, Richard J. Zeckhauser. Building the Railroads That Build the Nation. In: The Dragon, the Eagle, and the Private Sector: Public-Private Collaboration in China and the United States. Cambridge University Press; 2021:51-75.p51.

نەتەوە پێناسـە دەکات. ئەو نەتەوەی بە خەڵکانێك دەزانی کە کولتووری نەتەوەییيان لە زمانیاندا ڕەنگ دەداتەوە[1].

دروســـتکردنی زمانی یەکگرتوو، دوو ڕەهەندی هەیە کە دەکرێت بە ئاماژەدان بە دوو جۆرە مۆدێل باشتر ڕوون ببێتەوە. مۆدێلێکی بریتییە لەو سیاسەتە زمانییەی کە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان بە ناوی نەتەوەسازیی ئێرانی، تورکی[2] و عەرەبییەوە زیاتر لە سەدەیەك بە مەبەستی تواندنەوەی زمان و کولتووری کورد پیادەیان کردووە. ڕەهەندێکی دیکەی، بریتییە لەو پرۆسەیەی کە وڵاتانی پێشکەوتووی وەك ئەندەنووسـیا لە دەیەی (1980)وە لە قوتابخانە دەوڵەتییەکاندا لەسـەر دوو ئاسـتی دابەشـکاری و جەمسـەرسـازی[3] بە ئامانجی گونجانی نێوان گروپەکان جێبەجێیان کرد و جەخت لەسـەر پارادایمی قسـەکردن بە زمانی ئەندەنوسـی کردەوە لەنێو ماڵەکاندا[4]. لێرەوە جێی خۆیەتی بپرسـین، لە نێوخۆی هەرێمی کوردســـتاندا ئەو ســـیاســـەتە چۆن پەیڕەو کراوە؟ بۆ نموونە، مامەڵە لەگەڵ شـــێوەزارەکان و یەکخستنیان لە زمانێکی یەکگرتوودا و هەبوونی یەك ڕۆژنامەی سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستاندا بەتایبەت لە دوای سـاڵی (1991)، کە هەم دەیتوانی ببێتە پردی پەیوەندی نێوان شـار و کلتوورەکان و هەم دروســـتکردنی زمانێکی یەکگرتووی لێ بەرهەم دەهات کە خەڵك لە بادینانەوە لە ســـۆرانی و هەورامییەك تێبگات. هەم دەبووە هۆی بەرزکردنەوەی ئاســـتی خوێندەواری و لە لایەك بڵاوکردنەوەی یەك زمان، یەك کولتوور و یەك ناســـنامەی نەتەوەیی. ئەندرســـن لە پرســـی گرنگیی زماندا لە گروپە ئایینییەکانەوە کە زمانی خۆیان بە پیرۆز و جیاواز دەزانی لە زمانەکانی تر، دەست پێدەکات و گرنگیدان بە زمانی لاتین بە هۆکارێکی پارچە پارچەبوونی ئەو زمانە پیرۆزانە دەزانێت. بەکورتی هاوتەریبیی ســـەرمایەداری و تەکنەلۆجیای چاپ لە فرەچەشـــنبوونی چارەنووســـازی زمانی مرۆڤدا، بووە هۆی

[1]- بندیکت آندرسن، همانجا، ص130.

[2]- لویس جان کالفی، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، وەرگێڕانی حەسەن حەمزە، چاپی یەکەم، موکریانی، هەولێر، 2012، ل 188. بەراوردی نێوان سیاسەتی زمانی لە تورکیا و نەرویج و جیاوازییان دەکات. یەکێکیان بە شێوەی دیموکراسی و ئەویتر پاکتاوی زمانیی.

[3] - Fractionalisation and polarization.

[4]- Samuel Bazzi,a Arya Gaduh,b Alexander Rothenberg,c and Maisy Wongd, "Unity in Diversity? How Intergroup Contact Can Foster Nation Building." American Economic Review, 109 (11): 2023, pp. 3978-4029, p.3991.

ســازبوونی شــێوەیەکی نوێ لە گروپە وێناکردەکان کە زەمینەکانی ســەرهەڵدانی نەتەوەیان بە واتا مۆدێرنەکەی ساز کرد[1].

هەرچەندە گێلنەر نموونەی کوردەکان لەگەڵ سـۆماڵییەکان دەهێنێتەوە کە خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاوێتە لە ســیســتمی خێڵەکی لەســەر بنەمای بونیادی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ناســیۆنالیزمێکی نوێ و بێناونیشانی پشتئە ستوور بە کولتووری هاوبە شن[2] ؛ هەروەها زمانیش بە سەنگی مەحەکی کولتوور دەزانێت، ئەم پرســیارە لە زەینماندا دەورووژێنێت کە ئایا زمانی یەکگرتووی کوردەکان کامەیە. ئایا هەر ئەو فرە زمانییە نییە کە عیرفان مســتەفا تیۆریزەی کردووە و پێیوایە کە باســکردن لە زمانێکی یەکگرتوو شتێکی مەحاڵە. یان زمانێکە کە هاوڕایی لەسەری نییە[3] و هەندێك زمانی گۆرانیی لێ جیادەکەنەوە.[4]

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، سەبارەت بە پەیوەندی زمانی کوردی و نەتەوە سازی، هەندێك کاری گرنگ ئەنجام دراون. لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە جەمال نەبەز لەدووتویی کتێبێکدا بەناوی زمانی یەکگرتووی کوردی ــ کە هەڵبەت هەر خۆیشی بە دابەشکردنی زمانی کوردی بەسەر دوو شێوەزاری سەرەکیدا کە کرمانجی ژوور و نێوەڕاستن، ستەم لە شێوەزارەکانی دیکە دەکات ـــ پەرژاوەتەسەر بەربەستەکانی بەردەم زمانی یەکگرتوو و پێیوایە کارێکی ئەستەم نییە[5]. یەکێکیتر لەو توێژەرانە، شێخولئیسلامییە کە ســەرەڕای دانان بە گرنگی زمان لە نەتەوەســازی وڵاتان و نەتەوەکاندا و بەوەی کە لە هەرێمی کوردســتان گرنگییەکی زۆر بە زمانی کەمینەکانی دیکەی وەك سریانی و تورکمانی دەدرێت، بەڵام کاربەستەکان بە هۆی پاشخانە ناسیۆنالیستییە ئایدیۆلۆجیکەکەیان و گوایە لەترسی پارچەپارچەبوونی زیاتری زمانی کوردی، خۆیان لەوەی کە کە ئەو مافە بە زمانی هەورامیش بدەن، دەدزنەوە و ســڵ

---

(1)- بندیکت آندرسن، همانجا، ص96.

(2) - ارنست گلنر، ملت ها و ملی گرایی، همانجا، ص144.

(3) - Amir Hasanpour, 25/11/2008 , The Identity of Hewrami Speakers, he Kurdish Academy of Language [KAL] https://web.archive.org/web/20130116005347/http://www.kurdishacademy.org/?q=node/7 (10/10/2023) ڕێککەوتی دواسەردان

(4) - Jaffer Sheyholislami, The language varieties of the Kurds, in The Kurds; History - Religion - Language – Politics, Wolfgang Taucher - Mathias Vogl - Peter Webinger, Austria, Austrian Federal Ministry of the Interior, pp. 30-51.2015, p. 35-36.

(5) - جەمال نەبەز، هەمان سەرچاوە، ل22-23.

دەکەنەوە[1]. هەروەها شـێرکۆ کرمـانج لە توێژینەوەیەکـدا ـــــ کە لە توێژینەوەکـانی پێشـوودا خسـتوومانەتەڕوو ـــــ ئاماژە بەو هەنگاوانەی حکومەت بە ئاڕاسـتەی نەتەوەسـازی لەڕێگەی پرۆگرامی قوتابخانەکانەوە دەکات. ئەو پێیوایە، حکومەت پرۆگرامەکانی وەك ئامرازی زمانیی، ئایدیۆلۆجی، سـیاسـی و کولتووریی، تەبا لەگەڵ ڕاڤەی مۆدێرنیسـتانە بۆ نەتەوەسـازی بەکار هێناوە. پرۆگرامەکانی قوتابخانەکان لە سـۆنگەی گرنگیدانیان بە گرنگی کۆیادەوەرییەکان لە نەتەوەسـاز یدا، هەوڵی دروستکردنی ناسنامە و کولتوورێکی هاوبەشیان داوە.

ڕەشاد میران، لە توێژینەوەیەکدا ئاماژە بە نەبوونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو دەکات لە سەرئاستی ئیتنۆسـی کورد و وەك بەڵگەیەکی ڕوون سـەبارەت بە کزی و لاوازیی یەکگرتوویی و بێهێزیی یەکێتیی ئێتنیکیی کورد دەیناسـێنێت[2]. ئەو ئاماژە بە هەندێك هۆکاری وەك کەمتەرخەمیی دەزگا ئەکادیمی، سیاسی و دەوڵەتییەکان دەکات.

بە پشتبەستن بە یەکێك لە پێناسەکانی نەتەوەسازی کە ئاماژەیە بەو هەنگاوانەی کە لە لایەن ئەکتەرە نەتەوەییەکانەوە دەگیرێنەبەر بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی هاوبەش دروست بکەن و زۆرجار بە ئامانجی زاڵبوون بەسەر ناکۆکییە ئێتنیکییەکان، گروپی یان بەکۆمەڵەکان و ئامادەکردنی خەڵکی وەك پشتیوانی پرۆژەیەکی هاوتەریبی دەوڵەتسـازی[3]، یەکێکیتر لە کۆڵەکەکانی نەتەوەسـازی بریتییە لە یەکڕیزی و تەبایی لە کۆمەڵگەدا. ئەم یەکڕیزی و تەباییە دەکرێت لە هەناوی پێناسـەی ڕێنانەوە بۆ نەتەوە سـەرچاوە بگرێت. نەتەوە ڕەسـەنەکان لە واقیعدا دەخوازن کە وەهابن و بە شـێوەیەکی کردەیی نوێ ندنەوەی گشـتپرسـییەکی هەمیشـەیی، نافەرمی و جەختکردنەوەی بەردەوامیی خۆیانن. بابەتی هاوبەسـتەیی هـاوڵاتیی بەرامبەر ئەو نیشـتیمانەی کە تێیـدا دەژی و وەفـاداری بەرامبەری، هەنـدێـك لە پێوەرە سەرەکییەکانی نەتەوەسازین. هەڵبەت پێوەرەکان چەسپاو نین. بۆ نموونە لە توێژینەوەیەکدا سەبارەت بە

[1] - Jaffer Sheyholislami, Language and Nation-Building in Kurdistan-Iraq, Paper presented at the Middle Eastern Studies Association 43th Annual Meeting, Boston, MA, USA, 2009. P. 11.

[2] - ڕەشاد میران، دەورو بایەخی زمانی کوردی لە پرۆسەی ئێتنۆ.کۆمەڵایەتیدا، لە کتێبی چەند بابەتێکی ئێتنۆکۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، بەرگی 1-2، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2016، ل114-128. ل119.

[3] - Charles T. Call, and Elizabeth.M. Cousens, "Ending Wars and Building Peace", Coping With Crisis Working Paper Series, International Peace Academy. 2007. P. 4.

پێوەرەکانی هاوڵاتیبوون بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی بەهێز، ئاماژە بە چەند پێوەرێکی سەرەکی وەك متمانە بە دەسەڵات و وەفاداریی هاوڵاتی دەکات، هەروەها بەهاکانی دیموکراسی وەك نوێنەرایەتی، کارامەیی سیاسیی و بەشداریی چالاکانە هاوڵاتییان، کە وێنەی دیموکراسییانەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان و نەتەوە بەهێزەکان دەکێشن[1]. ئەگەر پرسیار لە خەڵکی هەرێمی کوردستان بکرێت کە ئایا بە خواستی خۆیان دەیانەوێت لە هەرێمی کوردستاندا بژین؛ ئایا هەست بە ڕەزامەندی و بەدیهێنانی مافەکانیان دەکەن؛ هاوسۆزیی نەتەوەییان لە چ ئاستێکدایە؛ ئەی بۆچوونیان سەبارەت بە کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان؛ هەروەها یەکڕیزی و تەبایی و لە هەمووی گرنکتر حوکمڕانیی باش، دەبێت وەڵامیان چی بێت. لە ڕووپێوێکدا وەڵامی ئەم پرسیارانەمان وەرگرتووە و لە بەشی دواتردا شرۆڤەیان دەکەین.

ڕەگەزێکی دیکەی نەتەوەسازی بریتییە لە سیمبولی هاوبەش. ئەستەمە هیچ سیمبولێك بە ئەندازەی مۆنۆمێنتەکان و ئارامگەکانی سەربازە ونەکان بتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو ببێتە هێمای کلتووری مۆدێرنی نەتەوەخوازی. کەسێك ئەگەر بیەوێت هێزی ئەم مۆدێرنیتەیە ببینێت، تەنیا ئەوەندە بەسە کە سەرنجی پەرچەکرداری خەڵکی بدات لە هەمبەر کەسێکدا کە ناوی سەربازێکی ون دەدۆزێتەوە[2]. سیمبولە نەتەوەییەکانی ناسنامە، دەکرێت بە بەشێك لە شیرازەی سیمبولیکی بوونی سوبێکتێك لێك بدرێنەوە کە تیایدا "خود" بۆ دۆزینەوەی زەینییەتی ونبووی خۆی هەوڵ دەکات[3]. سیمبولە مێژوویی، کولتووریی، ئەدەبی، نەتەوەیی، ئاینییەکانی کورد کێن؟ سیمبولەکان بەگشتی لە هەرێمی کوردستاندا کامانەن. چونکە دەکرێت مەسیحییەك یان تورکمانێك لە شوێنێکی ئەم هەرێمە نە خۆی بە کورد بزانێت، نە زمان، کولتوور، ئایین و ئاڵای کوردستان بە هی خۆی بزانێت. ئەم سیمبولانە ڕۆڵیان لە کۆیادەوەری خەڵکی کوردستاندا چییە؟ پەیوەندییان بە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانییەوە چییە؟ ئایا سیمبولەکان بەگشتی چ ڕۆڵێك لە نەتەوەسازیدا دەبینن. ئەم سیمبولانە

---

(1) - Eran Vigoda-Gadot, Building strong nations: improving governability and public management, Surrey, Ashgate, 2009, p.91.

(2) - بندیکت آندرسن، همانجا، ص39.

(3) - Ahmad Mohammadpur, Norbert Ross & Nariman Mohammadi. The fiction of nationalism: Newroz TV representations of Kurdish nationalism. European Journal of Cultural Studies, 20(2), 2017, 167-179. P.171.

بوونەتە  شوێنی یادەوەری؟ وەڵامەکەی بریتییە لەوەی کە، کۆیادەوەری لە ڕێگای بیناکردنی مۆنۆمێنتە نەتەوەیی و نیشـــتیمانییەکان، ناســـاندنی بۆنەکان بە ئاراســـتەی چاککردنی نیشـــتیمان، نەتەوە و خوڵقاندنی ئەم پانتایە هەنگاو بنێت. تەنانەت ژیانەوەی نەتەوە، بە چڕوپڕی گرێدراوی پەیوەندی بیرەوەری، دیرۆك و پێکهاتەی وڵاتە لە پێناو خوڵقاندنی وڵات وەك نیشتیمانێکی نەتەوەیی[1].

نوێترین بیردۆزەکانی بواری نەتەوەسازی باس لە جۆرێکی نوێ لە نەتەوەســـازی دەکەن بەناوی نەتەوەسازیی دیجیتاڵی، کە بە هۆی خێرایی لە گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە، هەواڵەکان و وێنەکانەوە لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە بەســـەر ماوە جوگرافییە درێژمەوداکاندا زاڵ دەبێت. خەڵك لە ئێتنیســـیتە جیاوازەکانی خۆیانەوە لە ڕێگەی گروپ و کۆمەڵگە فرەچەشـــنە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕێگەی ئۆنلاین یەکتر دەدۆزنەوە. ئاڵوگۆڕی سیمبولەکان، کە سایەتییەکان و ئەفسانەکان لە وێبسایتەکاندا، لیستی ئیمەیلەکـانـدا، لە ژوورەکـانی گفتوگۆ، ئەنجومەنەکـان، وێبلاگەکـان، ڕۆژنـامەکـان و گۆڤـارە ئەلیکترۆنییەکـانەوە دەپـارێزرێن و بڵاوبوونەوەی نـاســـنـامە نەتەوەییەکـان لە پـانتـایی مەجـازیی ســـەروونەتەوەییدا ســـادەتر، هەرزانتر و زۆر خێراتر بووە[2]. بۆ خوێندنەوەی ئەم جۆرە لە نەتەوەســـازی، دەکرێت کۆمەڵگەی وێناکردی بنێدیکت ئەندرسن باشترین هەڵبژاردن بێت.

### کۆیادەوەری و نەتەوەسازی

کۆیادەوەری لەڕووی زاراوەوە لە دوو وشـــەی کۆ(Collective) و یادەوەری (Memory) پێکدێت. چەمکی "کۆیادەوەری" لە لایەن نووسەرانی کوردەوە بە یادەوەریی هاوبەش، یادەوەری دەستەجەمعی، بەکۆمەڵ و کۆیاد وەرگێڕان کراوە. بۆ چەمکی یادەوەریش تا هەنووکە ناکۆکی لە نێوان نووســـەراندا هەیە. "یاد، بیرەوەری و یادەوەری" سێ لە بەکارهێنەرەکانییەتی. بەڵام وشەکە لە بنەڕەتدا فەرەنسییە و بە واتای "Souvenir"، واتە یادەوەری دێت. هەروەها بەواتای توانای بیرکەوتنەوە و لەبیرنەکردن. لە هەمـانکـاتـدا یـادەوەری (مێمواغ، memoire)، ئەگەر بەواتـا مێینەکەی هـات، واتە یـادگە. بەڵام لە

[1] - ئازاد حاجی ئاقایی، ڕابردووە هاودژەکان؛ خوێندنەوەیەکی دیسکۆرسیڤ لە ناسیۆنالیزمی کورد، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی،2015، ل68.

[2] – Candan Menderes and Uwe Hunger. “Nation Building Online: A Case Study of Kurdish Migrants in Germany.” German policy studies 4 (2008): pp. 125-153. P.125.

ئینگلیزیدا هەردوو وشـــەکە کە ئاماژەمان پێکردن، بەواتای میمۆری دێن[1]. لە زمانی فارســـیدا هەم حافظەی جمعی و هەم خاطرەی جمعی بۆ کۆیادەوەری بەکاردەهێنن، کە هیچکامیان فارسـیی پەتی نین و لە عەرەبیدا "الذاكرة الجماعية" بەکار دێت.

موریس هاڵباکس (1877-1945)، کۆمەڵناســی فەڕەنســی، داهێنەری چەمکی کۆیادەوەرییە؛ کۆیادەوەری چەمکێکی وەرگیراو نییە، بەڵکو چەمکێکی ســازکراوەی کۆمەڵایەتییە[2]. ئەو یەکێکە لە قوتابییە درەوشــاوەکانی دۆرکایم. لەژێر کاریگەری فەلســەفەی هێنری بێرگســۆن (یادگەی نایاب[3]، یادگە ـــ وێنە و کاریگەری ڕابردوو[4] لە سەر ئێستا) و کۆنا سنامە و هاوبە ستەیی لە ڕێگەی ڕێوڕە سم و یادکردنەوەکانی ئێمیل دۆرکایمدا، دوو بەرهەمی گەلێك گرنگی ســەبارەت بە کۆیادەوەری نووســیوە. یەکێکیـان بەنـاونیشـــانی کۆیـادەوەری (La mémoire collective) (1950) و ئەویـدی چوارچێوە کۆمەڵایە تییەکا نی یـادەوەری(*Les Cadres sociaux de la memoir*). نە دۆرکـا یم و نە هیچ کۆمەڵنا سێکی تر پێش هاڵباکس ئەم چەمکەیان بەکار نەهێناوە، بەڵام باوەڕی دۆرکایم بەوەی کە هەر کۆمەڵگەیەك هەســتی بەردەوامیی لەگەڵ ڕابردوودا نیشــان دەدات و پێویســتی پێیەتی و ئەوەی کە ڕابردوو ناســنامە بە تاکەکان و گروپەکان دەبەخشــێت ئەو توانایەمان پێدەبەخشــێت کە کۆیادەوەری وەك یەکێك لە فۆڕمە ســەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ببینین[5]. لە دوای هاڵباکســەوە، کەمتر کتێبێکی بواری زانســتە کۆمەڵایەتییەکان دەبینین کە چەمکی کۆیادەوەری تێدا بەکار نەهاتبێت. چەمکەکە دزەی کردە نێو کایەکانی کۆمەڵناســی و زانســتە مرۆڤایەتییەکانەوە. ئەدەبیاتی کۆیادەوەری بە چەشــنێك پەرەی ســەند کە مێژوونووســێکی وەك پاتریك هاتن لە کتێبی مێژوو وەك هونەری یادەوەریدا، ســەرهەڵدانی مێژوو بۆ یادەوەری دەگەڕێنێتەوە[6]. یادەوەری دواتر بوو بە هەوێنی کارە زۆر

---

[1] - هەورامان فەریق، سەرچاوەی پێشوو، ل27.

[2] - Lewis A. Coser, On Collective Memory, The university of Chicago press, Chicago and London, 1992.p.22.

[3]- کیت پیرسون، جان مولرکی، فلسفەی برگسون، ترجمه محمد جواد مرادی، چاپ اول، سمت، تهران، 1388. ص180.

[4]- اریك متیوز، فلسفه فرانسه در قرن بیست، ترجمه محسن حکیمی، چاپ دوم، انتشارات ققنوس، تهران، 1391، ص 53.

[5] – Barbara Misztal, Durkheim on Collective Memory. Journal of Classical Sociology,, 3(2), 2003, 123-143. P. 1. https://doi.org/10.1177/1468795X030032002

[6] - Favorini, Attilio, "History, Collective Memory, and Aeschylus' Persians." Theatre Journal, vol. 55 no. 1, 2003, p. 99-111.p. 3.

پرشـــنگدارەکـانی پۆل ریکۆر(*Paul Recoeur*)ی فەیلەســـوف بە کتێبی (*History, Memory, Forgeting*) و پێیر نۆرا(*Pierre Nora*)، بە کتێبی (*Les Lieux de Mémoire*). تا ئەم دواییەش کارە گرنگە توێژەرە د یارە کانی وەك جێفرەی *ئۆلیك*(*Jeffrey K. Olick*) و جەی وینتەر (*Jay Winter*) و دەیان توێژەری دیکەی ئەو بوارە کە لە کۆمەڵەیەکدا بەناوی (MSA)[1] یەکیان گرتووە، درێژەپێدەری ئەو داهێنانەی هاڵباکسن.

ســیاســەتی یادەوەری، هەموو چالاکییە گشــتییە کانی دامەزراوە کان و ئەکتەرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت کە بە ئامانجی گەشــەپێدانی ڕاڤەگەلێکی تایبەت بە ڕابردووی گشــتی و دروستکردنی ژێرخانی کۆمەڵایەتی ـ کولتووری گونجاو سەبارەت بە یادەوەری، پرۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانەکان و هەندێکجار یاسادانانی تایبەت ئەنجام دەدرێن[2]. یان لە ئاستی گەورەتردا هەندێکجار دامەزراوەی گەورەی وەك یەکێتی ئەوروپا و ســیاســییەکان ڕۆڵی ســیاســەتی یادەوەری لە کردنەوەی پێشــەنگای پەرلەمانی، فیلمی بەڵگەنامەیی، دانیشــتنی دەنگی و کۆنفرانســەکان دەگرنە ئەســتۆی خۆیان، هەروەها دامەزراوە فەرمییەکان[3]. یادەوەری بۆ هەموو ناســنامەیەك پێویســتە. کارەکتەرەکانی یادەوەری، ئەفسانەکان و سیمبولەکانی ڕابردووی نەتەوەیی بۆ بیچمپێدان و سنووردارکردنی ناسنامەی کۆمەڵگەکانی خۆیان، شــەرعییەتدان بە دەســەڵاتی خۆیان، ئامادەکردنی پشــتیوانی هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕی ســەرچاوەکانی دەســەڵات بەکار دەهێنن. بەو واتایەی کە زۆرجار یادەوەری وەك ئامرازێك بۆ ئامانجە ســیاســییەکانی تر بەکار دێن. دەســتەبژێرەکان گرنگترین ئەو گروپانەن کە کۆیادەوەرییەکان ســـاختە دەکەن. بەڵام دواجـار ئەو یـادەوەرییـانەی کە خراونەتەڕوو بۆ پشــتیوانی، دەبێت لەگەڵ یادەوەرییانەدا کە لە لایەن خەڵکییەوە دەپارێزرێن هاوئاواز بن، کە ئەمەش دەبێتە پردی پەیوەندی

---

[1] – دواسەردان https://www.memorystudiesassociation.org/سایتی کۆمەڵەی توێژینەوەی یادەوەری (2023/12/10)

[2] - Olga Malinova. Politics of Memory and Nationalism. Nationalities Papers. 2021; 49 (6):997-1007. P. 1.

[3] - Laure Neumayer, Integrating the Central European Past into a Common Narrative: The Mobilizations Around the 'Crimes of Communism' in the European Parliament, Journal of Contemporary European Studies, 23:3, 2015, pp.344-363. P.2.

دیالێکتیکی نێوان هەوڵەکانی دەستەبژێرەکان بۆ دەستکاری ڕابردوو و جومگەبەندیی ئەفسانەکان و باوەڕە هاوبەشەکان[1].

پرسی ناسنامە یەکێکە لە کارکردە زۆر سەرەکییەکانی کۆیادەوەری. گروپەکان، مانەوەیان و بەردەوامییان پەیوەستە بە کۆناسنامەیانەوە. لە بنەڕەتدا هۆکاری سەرەکی ئەندامبوونی تاکەکان لە گروپەکاندا ئەوەیە کە بە کۆمەڵێك ڕێگا و میکانیزمی کەمتازۆر یەکسان، شتگەلێکی هاوشێوە بەبیر دەهێننەوە. کۆیادەوەری هەستی یەکسانی و ئەوەی کە "کێن" بە ئەندامەکانی دەبەخشێت ــ واتە لایەنێکی ئاسایشی بوونگەرایی (ontological security)[2] هەیە.

لە ڕوانگەی میرۆسلاڤ هێرۆکەوە کۆیادەوەری هۆکارێکی سەرەکی نەتەوەسازییە. نەتەوە گروپێکی گەورەیە کە نەك بە پەیوەندییەکی بەرجەستە (عینی)، بەڵکو بەهۆی تێکەڵەیەك لە چەندین جۆر پەیوەندیی عەینی (ئابووری، سیاسی، زمانی، کولتووری، ئایینی، جوگرافیایی، مێژوویی) و ڕەنگدانەوەی زەینیی ئەم پەیوەندییانە لە هوشیاریی گشتیدا بونیاد نرابێت. هێرۆك دەڵێت کە سێ هۆکاری گرنگ و پیویست هەن کە مەرجی سازبوونی نەتەوەن: 1) یادەوەریی ڕابردووی هاوبەش کە وەك چارەنووس یان لانیکەم وەك کرۆکی پێکهێنەری ئەو گروپە دێتەهەژمار؛ 2) بوونی پەیوەندیگەلێکی هاوتەریبی زمانی یان کولتووری کە ئەگەری پەیوەندیگەلێکی کۆمەڵایەتی قووڵتر لەناوەوەی گروپدا دەڕەخسێنێت؛ 3) چەمکی یەکسانیی تەواوی ئەندامانی گروپ کە لە شێوەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا ڕێکخراون[3]. هەر لەو ڕوانگەیەوە، پلان و ئامانجەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کلاسیك بریتی بوو لەمانەی خوارەوە: 1) کامڵکردنی کولتووری نەتەوەیی لەسەر بنەمای زمانی ناوچەیی، و بەکارهێنانی لە خوێندن، بەڕێوەبەرایەتییەکان و ژیانی ئابوریدا؛ 2) بەدەستهێنانی مافی شارستانی و خۆبەڕێوەبەریی سیاسی، لە سەرەتاوە لە شێوەی ئۆتۆنۆمی و دواجار لە چوارچێوەی سەربەخۆییدا؛ 3) دروستکردنی بونیادێکی تەواوەتی لە هەناوی گروپی نەتەوەیی، کە دەستەبژێرە خوێندەوارەکان، چینی خاوەن پێگە و بەرهەمێنەر، و هەروەها ئەگەر پێویستی کرد جوتیارانی ئازاد و کرێکارانی ڕێکخراو. لەپێشتربوونی

---

(1) - Olga Malinova. Op.cit. P. 2.

(2) - Karl Gustafsson, Memory Politics and Ontological Security in Sino-Japanese Relations, Asian Studies Review, 2014, 38:1, 71-86.p.73.

(3) - میروسلاو هروك، از جنبش ملی تا يك ملت كامل؛ فرآیند شكل گیری ملتها در اروپا، برگردان: سیاوش مریدی، ماهنامەی اطلاعات سیاسی.اقتصادی، ش:109-110، سال یازدهم، مهر و آبان 1375، ص44-53، ص(45).

هەریەکە لەم خواستانە لە هەر حاڵەتێکدا جیاواز بوو. بەڵام تەنیا بە گەیشتن و بەرجەستەبوونی هەموو ئەم خواستانە بوو کە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕێگای تەواوەتیی خۆی دەگەیاندە کۆتایی[1].

نەتەوەکان لە پرۆسـە ناوەکییەکانی هەوڵدان، پەیوەندی، بەشـداریی سـیاسـی، دروسـتکردنی ڕێگاوبان، پەروەردە و فێرکردن، مێژوونووسی، پەرەپێدانی ئابووری و هەروەها لە لایەن بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی دەرەکییەوە سـاز دەکرێن. هەموو هەوڵەکان تەنیا لە پێناو پرسـی ناسیۆنالیزمدا نین، چونکە سازکردنی نەتەوەکان تاڕادەیەك بەرهەمی لاوەکیی کێبڕکێیە لەسەر دابەشکردنی ئابوری و دەسەڵات گرتنەدەسـت. نەتەوەکان لەبەر ئامانجگەلی جۆراوجۆر، لە بازرگانی و بەرهەمی سـەرمایەدارییەوە تا بەهێزکردنی دەوڵەت و دەمارگیریی ئایینی، یەکپارچە دەبن[2]. لە سـەدەی نۆزدەوە بوو کە بیرمەندانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات دەستیان بە بەدواداچوونی یەکسانکردنی زمان لە ڕێگەی توێژینەوەی زاراوەناسی، بڵاوکردنەوەی فەرهەنگەکانی وشە و خۆشنووسیی بەرنامەبۆداڕێژراو کرد[3].

پێشتر هەندێك ئاماژە بە بۆچوونی دۆرکایم کرا سەبارەت بە گرنگیی ڕێوڕەسم و بۆنەکانی یادکردنەوە لە پاراسـتنی یەکڕیزی، یەکڕەنگی کۆمەڵکە و گەرەنتیکردنی ئەخلاقی هاوبەشـدا. کتێبی "شـێوە سـەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی" جەخت لەسـەر نوێنەرایەتی ڕابردوو دەکاتەوە لە کاتی ئێسـتادا و لە ڕێگەی ڕێوڕەسم (مەراسیم) و یادکردنەوەکانەوە چۆن کۆمەڵگەکان سیمبولەکانی خۆیان بەرز ڕادەگرن و لە لەبیرچوونەوە دەیانپارێزن. لە هەموو ڕێوڕەسـم و بۆنەکاندا، نوێنەرایەتگەلێك (representations) دەبینین، کە مەبەسـت لێیـان زینـدووکردنەوەی ڕابردووی ئەفسـانەیی "خێـڵ(clan)"ە لە زەینی تاکەکانیدا. ئەوەش دەزانین کە ئەفسـانەکانی گروپێك، کۆمەڵێك باوەڕی هاوبەشـی ئەو گروپە پێك دەهێنێت. واتا و تێگەیشـتنی ئەو نەریتانەی کە ئەفسـانەی "خێڵ" و یادەوەرییەکانی لە زەینەکانی خەڵکدا بە زیندوویی دەهێڵێتەوە، ئەوەیە کە کۆمەڵگە چ وێنایەکی سەبارەت بە مرۆڤ و جیهان هەبووە. ڕێوڕەسـمەکان تەنیا یارمەتی زیندووڕاگرتنی ئەم باوەڕانە، ڕێگریکردن لە لەبیرچوونەوە یان، وزەی نوێبەخشین بە سەرەکیترین ڕەگەزەکانی کۆویژدان دەدەن و شتێکی زیاتر ناکەن. کۆمەڵ، لە ڕێگەی سازکردنی بۆنەکانەوە، ئەو هەستەی کە سەبارەت بەخۆی و یەکگرتوویی خۆی هەیە، قۆناغ بە قۆناغ بە

---

[1] – هەمان، ص3.

[2] - کریگ کالهون، ناسیونالیسم، ترجمه محمد رفیعی مهرآبادی، چاپ اول، انتشارات آشیان، تهران، 1392، ص 157.

[3]- هەمان، ل 162.

زینـدوویی دەهێڵێتەوە؛ جگە لەوەی کە تـاکەکـانیش وەك ئەو هەبووانەی کە خـاوەنی سروشـــتی کۆمەڵایەتین، بوونی خۆیان دەچە سپێنن. ئەو یادەوەرییانە پڕشانازییانەی کە لە بەرامبەر چاوەکانیاندا گیانیان تێدەکەوێتەوە و تاکەکان هەســت بە هاوبەســتەیی دەکەن لەگەڵیاندا، هەســتی بەهێزی و متمانەیان پێدەبەخشن. مرۆڤ کاتێك دەبینێت ئەو باوەڕەی کە لە بوونیدا هەیە بۆ چ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە و بەبیرهێنەرەوەی چ شتگەلێکی بەنرخە، هەست بە دڵنیاییەکی زیاتر لە خۆیدا دەکات[1].

دۆرکایم چەمکی کۆیادەوەری بەکار نەهێناوە، بەڵام بە هەمان ئەو زمانە قســە دەکات کە هاڵباکس لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی یادەوەریدا خســتوویەتییەڕوو. هاڵباکس لە ڕێگەی بەرامبەریەکدانانی یـادەوەری تـاکەکەســی و کۆیـادەوەرییەوە، تـایبەتمەنـدییەکـانی کۆیـادەوەریمان بۆ ڕوون بکـاتەوە. مرۆڤەکان لە نێو چەندین گروپدا ئەندامن، لە هەریەك لەو گروپانەدا خاوەنی کۆیادەوەرییەکی تایبەت بەو گروپەکەیە. کەواتە بە ئەندازەی گروپەکان، تاکەکان خاوەنی کۆیادەورین. ئەو گروپانە لەبەرئەوەی فرەچەشـــنن، کەواتە یادەورەبییەکانیش فرەچەشـــنن. ئەو جەخت لەســەر ئەوە دەکاتەوە کە زۆرترین ژمارەی یادەوەرییەکانمان ئەوکاتە دێنەوە نێو زەینمان کە دایبابان، هاوڕێیان یان کەســانی دیکە بەبیرمان دەهێننەوە.. لە کۆمەڵگەدایە کە تاکەکان یادەوەرییەکانیان بەدەســت دەهێننەوە. هەروەها یادەوەرییەکانیان دەناســنەوە و لۆکاڵیزەیان دەکەنەوە. ئەگەر ژمارەی ئەو یادەوەرییانەی کە لە ماوەی یەك ڕۆژدا بە هۆی پەیوەندییە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆکانمانەوە بەبیر بهێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنیا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرســیارانە بۆ یادەوەرییەکانمان گەڕاوینەتەوە کە ئەوانیتر لە ئێمەیان پرســیوە.. زۆربەی کاتەکان کە شــتێکم دەکەوێتەوە یاد، ئەوە ئەوانیترن کە هانم دەدەن. ئەو یادەوەرییانە لە دەرەوە بۆ من دەگوازرێنەوە و ئەو گروپانەی کە من بەشــێکم لێیان ســات بەســات بەمنیان دەدەن. بەو واتایایەی کە من دروســتیان دەکەمەوە، بەو مەرجەی کە دڵنیابم بۆ لای ئەوان دەگەڕێمەوە[2]. هاڵباکس پێداگریی لەســەر ڕۆڵی "ئەوانیتر" لە یادەوەریدا دەکاتەوە، نزیك لەو ڕۆڵەی کە جۆرج هربرت مید (١٨٦٣-١٩٣١)، لە پەیوەندی نێوان زەین، خود و کۆمەڵگەدا ســەرنجی دەخاتەســەر. مید دەڵێت ئێمە کۆمەڵە تاکێکین هاوتەریب لەگەڵ ئێتنیســیتەیەکی دیاریکراو لەدایك

[1]- امیل دورکیم، همانجا، ص518-519.

[2] - Lewis A. Coser, Op.cit. p.38.

دەبین و لەڕووی جوگرافییەوە لە خاڵێکی دیاریکراودا دەگیرسێینەوە[1]. وەك هاڵباكس كە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێمە هیچکات بەتەنیا نین. هەمیشە کۆمەڵێك خەڵکی دیکەمان لەناو خۆماندا هەڵگرتووە. تەنانەت بۆ ئەو ڕووداوانەش کە تەنیا خۆمان ڕۆڵمان تیایاندا بینیوە یان ئەو شتانەی کە تەنیا ئێمە بینیومانە[2].

کۆیادەوەری یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مانەوە و بەردەوامی گروپەکان؛ لە خێزان، خێڵ و عەشرەتەوە، تا شار و وڵات و نەتەوەکان. لە ڕوانگەی دۆرکایمەوە نەتەوەکانیش بە گوێرەی گروپە خێڵەکییە بچووکەکانی سەردەمانی پێشوو گەشە دەکەن. هەڵبەت مەبەستی هاڵباكس لە کۆیادەوەری وەك کۆپیکردنی یادەوەریی تاکەکەسی بۆ هەڵگرتنی یادەوەرییەکان نییە. بەڵکو لە نێوان یادەوەری تاکەکەسی و کۆیادەوەریدا پەیوەندییەکی دیالێکتیکی هەیە کە لە ڕێگەیەوە یادەوەرییە هەڵگیراوەکان لە لایەن تاکەکانەوە، سیستمێکی ڕێکوپێك لەگەڵ ماتریسی کۆمەڵایەتیی(*social matrix*) چەقبەستوو لە وێنە کۆمەڵایەتییەکانی یادەوەریدا دەدۆزنەوە. کۆیادەوەری نابێتە جێگرەوەی تاکەکەسیی، بەڵکو ئاسۆیەك لە هەست و بونیادێك لە ئەقڵانیبوونی پێدەخشێت[3].

خاڵێکی سەرنجڕاکێش لە تیۆرەکەی هاڵباكسدا ئەوەیە کە ئەو یەکەم کەسە کە یادەوەری بە واقیعییەتێکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکات و دەکرێت لەسەر بنەمایەکی هاوبەش دووبارە ساز بکرێتەوە. واتە ئەو یادەوەرییانەی کە ئەوانی دیکە دەبنە هۆی بەبیرهێناوەیان، دەکرێت بیچمیان پێبدەینەوە و ئەمەیە کە هاڵباكس ناوی چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی یادەوەرییان لێدەنێت. جەنگ، شۆڕش، ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان، فیستیڤاڵە جەماوەرییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە شارێکدا ڕوودەدەن، کۆمەڵێك ڕاستیی تایبەتین کە لە ڕێگەی ئەوانەوە بوونی گروپێك ڕەنگرێژی دەکرێت. بەڵام ئەمانە بۆ کۆمەڵێك وێنە دەگۆڕدرێن کە لە هوشیارییە تاکەکەسییەکان تێپەڕ دەبن. هاڵباكس نموونەی گوللەتۆپێك دەهێنێتەوە کە لە جەنگی واترلۆدا بە کار هاتووە. بۆ ئەوەی منداڵێك بتوانێت پەی بە واقیعییەتی مێژوویی پشت ئەو وێنەیە ببات، دەبێت لە خۆی بچێتە دەرەوە و خۆی لەبەرامبەر دیدگای

---

[1] - لویس کۆزەر، ژیان و هزری گەورەکۆمەڵناسان، وەرگێڕانی هەورامان فەریق، چاپی یەکەم، بەرگی چوارەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، 2020، ل187.

[2] - Maurice Halbwachs, Op.cit, p.6.

[3] - Lorenzo Migliorati & Maurice Halbwachs: Classical Sociology after the Classics, [Italian Sociological Review, 2015. 5 (2), 251-272].p.12.

گروپدا ببینێتەوە. دەبێت بتوانێت ببینێت کە ڕووداوێکی تایبەت چۆن مێژوو دیاری دەکات، چونکە چووەتە نێو بازنەی نیگەرانییە نەتەوەییەکانەوە[1]. هاڵباکس زۆر ورد گرنگی یادەوەری و پاراستنی یادەوەریمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و جیاوازییەکەی لەگەڵ مێژوو و یادەوەریی مێژووییدا ئاشکرا دەکات. مێژوو کۆمەڵێك ڕاستییە کە زۆرترین شوێنی لە یادگەی مرۆڤەکاندا هەیە. بەڵام ڕووداوەکانی ڕابردوو کە لە کتێبەکاندا دەخوێندرێن، لە قوتابخانەکاندا دەوترێنەوە و فێری دەبن، لەسەر بنەمای پێداویستییەکان یان کۆمەڵێك ڕێسا کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەو پیاوانەدا کە سەربوردەی ژیانیان بۆ ماوەیەکی درێژ پاراستووە، هەڵدەبژێردرێن، بەراو و پۆلێنبەندی دەکرێن. ئەمەش لەبەرئەوەیە کە مێژوو تەنیا لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە نەریت کۆتایی دێت. ئەوکاتەی کە یادەوەریی کۆمەڵایەتی لەناو دەچێت یان دەتوێتەوە[2] .

لەم سۆنگەیەوە کە پێویستیی تۆمارکردنی کۆیادەوەرییەکان پێش پەرتەوازەبوونی خەڵکەکان و کۆنبوونی ڕووداوەکان گرنگ دەنوێنێت. ئەو کۆیادەوەری بە ڕەوتێکی هزریی بەردەوام دەزانێت. بەردەوامییەك کە هیچ شتێکی دەستکردی تێدا نییە. چونکە تەنیا ئەوەی کە زیندووە یان توانای مانەوەی هەیە لە هوشیاریی گروپدا، دەپارێزێت. ئەم لایەنە لە تیۆرەکەی یارمەتییەکی زۆرمان دەدات کە ڕووداوەکان و دۆخی هەنووکەیی پەیوەست بە یادەوەرییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەینە چەقی تێگەیشتنمان و تەنیا پشت بە ڕابردوو و مێژوو نەبەستین. ڕەنگە گرنگتر لە هەبوونی کۆیادەوەری، پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی یادەوەری بێت. ئەگەر یادەوەری بەرهەم نەهێنرێتەوە، وەك ئەوە وایە ڕووی نەدابێت. وەك کەسێك کە تووشی لە بیرچوونەوە بووە. بۆیە شارەزایانی بواری کۆیادەوەری جەخت لەسەر بەرهەمهێنانەوەی کۆیادەوەری دەکەنەوە لە جیهانی مۆدێرندا، لە ڕێگەی میکانیزگەلێکی وەك قوتابخانەکان، پشووە فەرمییەکان، پرۆگرامی خوێندن، وتارە گشتییەکان، ڕۆژنامەگەری، نوێنەرایەتیی وێنەیی، بەرهەمهێنانەوەی وێنە و فۆتۆگرافی (فیلم، بەڵگەنامەیی، پێشانگا) و بەرهەمە زانستییەکان[3] .

---

(1) - Maurice Halbwachs, Op.cit, p.31.

(2) - Maurice Halbwachs, p.45.

(3) -Victor Roudometof, Collective memory, national identity, and ethnic conflict: Greece, Bulgaria, and the Macedonian question, Westport, CT: Praeger, 2002, p.190.

لە ڕوانگەی هاڵباكسەوە، چوارچێوە كۆمەڵایەتییەكانی یادەوەری ڕێك ئەو ئامرازانە پێك دەهێنن كە كۆیادەوەری بۆ سازكردنەوەی وێنەی ڕابردوو بەكاریان دەهێنێت. بە مەبەستی بەبیرهێناوە، هەر تاكێك چوارچێوە كۆمەڵایەتییەكان دروست دەكاتەوە. ئەم دروستكردنەوەیە لە كاتێی ئێستادا ڕوودەدات و لەوێشدا بە بەهێزی لەژێر كاریگەری بوزیادە كۆمەڵایەتییە ئێستاییە كا ندایە[1] . یادەوەری لە شێوازگەلی جۆراوجۆری ڕێوڕەسم و بۆنەكاندا، لە لایەن بكەرە پاڵەوانەكان و یادكردنەوەكانەوە، یان لە ڕێگەی هۆنراوە حەماسییەكانەوە لە ماوەی ژیانی دووبارەی ڕۆژانەدا بەزیندوویی دەهێڵرێتەوە. بەڵام ئەم زیندووهێشتنەوەیە بریتییە نییە لە پاراستنی ڕابردوو، بەڵكو بریتییە لە سازكردنەوە (reconstruction) یان دروستكردنەوەی ڕابردوو لەژێر ڕۆشنایی ئێستادا و لە ڕێگەی بەشداریكردن لە یادكردنەوەكان لەگەڵ ئەندامانی گروپ لە نەوەی ئێستا. ئەم پرۆسەیە لە لایەكیترەوە، هوشیاری سەبارەت بە ڕابردوو بەدی دەهێنێت. هوشیارییەك كە ڕەنگە بە هۆی بڵاوكردنەوەی بەڵگەنامەیەكی گرنگ، دامەزراندنی باڵەخانەیەكی مێژوویی، یان كردنەوەی مۆزەخانەیەكەوە بەدەست بێت. هەروەها گۆڕستانەكان، بۆنەكانی یادكردنەوە، پرۆگرامی خوێندن، پەیكەرەكان، شوێنە مێژووییەكان[2] . هاڵباكس بێگومان یەكەم كۆمەڵناسە كە پێداگری لەسەر ئەوە دەكات كە تێگەیشتنی ئێمە بۆ ڕابردوو لەژێر كاریگەری ئەو وێنە زەینییانەدایە كە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی ئێستا بەكاریان دەهێنین[3] .

ئەو چوارچێوە كۆمەڵایەتییانەی كە هاڵباكس سەرنجیان دەخاتە سەر، بریتین لە زمان، خێزان[4]، ئایین و چینە كۆمەڵایەتییەكان[5]. لە ڕێگەی ئەم جۆرە چوارچێوانەیە كە یادەوەری بیچم دەگرێت، دەپارێزرێت و دەگوازرێتەوە. بیرۆكەی چوارچێوەكانی ئەو قەرز دەكەین بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە پەی بە گرنگی و كاركردەكانی گواستنەوەی یادەوەرییەكانی ڕابردووی كورد ببەین. سەرەكیترین ئامراز بۆ زیندوڕاگرتن و دروستكردنەوەی ڕووداوەكان و ڕابردوو بریتییە لە گێڕانەوە. ئەگەر سەرنج بدەین سەد

---

(1) - John Scott, Fifty Key Sociologists: The Formative Theorists, First published, Routledge, London and New York, 2007, p.62.

(2) - Alexander Etkind; Hard and Soft in Cultural Memory: Political Mourning in Russia and Germany. Grey Room 2004; (16): 36–59. P. 39.

(3) - Maurice Halbwachs, Op.cit, p.34.

(4)- جی وینتر، اشکال خویشاوندی و یادبود پ از جنگ کبیر، در کتاب خاطره و گفتمان جنگ، به اهتمام فرهاد ساسانی، چاپ اول، انتشارات سوره مهر، تهران، 1387، ص 125-130.

(5)- هەورامان فەریق، سەرچاوەی پێشوو، ل46-47.

ساڵی ڕابردوو بۆ کوردەکان و باشووری کوردستان تەژی بووە لە ڕوودا و کارەسات و تاوانی جۆراوجۆری دژ بەکورد، ئەم ڕووداوانە لە کوێی یادەوەری خەڵکیدان؟ چۆن بیچمیان گرتووە؟ دەســەڵات چۆن ئەم کۆیادەوەرییانەی وەك کۆڵەکەیەك بۆ دروســتکردن و ســازکردنی هەســتی نەتەوایەتی، نیشــتیمانی و ناســنامەی نەتەوەیی بەکارهێناوە؟ چونکە ڕووداو ئەو شــتە نییە کە ڕوویداوە، بەڵکو ئەو شــتەیە کە دەگێڕدرێتەوە.

یەك لەو فەیلەسوفانەی کە پەرەی بە تیۆرەکەی هاڵباکس داوە، پۆل ریکۆرە. ئەو بە پشتبەستن بەم چوارچێوانە، ئاماژە بە یەکەمین ئەڵقەی پەیوەندی نێوان یادەوەری تاکەکەســی و کۆیادەوەری دەکات کە ئەوەیش گێڕانەوەیە. ئەگەر منی نەوعیی دەتوانن یادەوەرییەکانم بگێڕمەوە لەبەرئەوەیە کە گێڕانەوە کردەیەکی کۆمەڵایەتییە. کردەیەک کە یادەوەری یەکێک بە ئەویترەوە دەبەستێتەوە و شتێک بەرهەم دەهێنێـت کە دەتوانرێـت نـاوی بنرێـت ئـاڵوگۆڕ یـان گۆڕینەوەی یـادەوەری[1]. زمـان یەکێکە لە لە چوارچێوەکان. لە ڕێگەی زمانەوەیە کە گێڕانەوە لە گروپ و نەتەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەتەوەیەکیتر. نەوەیەك کە جینۆســـاید، کیمیابیباران و ئەنفالی ئەزموون نەکردووە، لە ڕێگەی چوارچێوەکانی وەك خێزان، قوتابخانە، مزگەوت و کوڕو کۆبوونەوەکان، هەروەها لە ڕێگەی میدیاوە دەتوانێت گێڕانەوەکەی ببیســـتێت. بۆیە کات لێرەدا گرنگی خۆی لەدەســـت دەدات. ئەم پرۆســـەی گێڕانەوەیە یەکێکە لە گرنگترین میکانیزمەکان و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەی نەتەوەسازی لە گروپ و کۆمەڵگەکاندا کە ئامانج لێی دروستکردنی کۆهەست، کۆویژدان و ناسنامەی نەتەوەیی بێت.

دوای ریکۆر، پییێر نۆرای فەڕەنســـی لە دەیەی(1970)، بە کتێبێکی حەوت بەرگیی بەناونیشـــانی شوێنەکانی یادەوەری، درێژەی بە ڕێبازەکەی هاڵباکس دا. ئەو شوێنەکانی یادەوەری بە چوارچێوەیەك ناساند کە یادەوەری تیایدا بیچم دەگرێت. لەم تێزەدا سەرنجی قووڵمان لەسەر شوێنەکانی یادەوەرییە لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردســـتاندا. شـــوێنەکانی یادەوەری دەکرێت واقیعی بن یان دیاردەیەکی زەینیی ڕووت کە یادەوەری تیایدا بیچم دەگرێت. شـــوێنەکانی یادەوەری دەبنە پردی پەیوەندی لە نێوان مێژوو و یادەوەریدا. شوێنەکان تەنیا مۆنۆمنێت و شوێنەوارە کۆنەکان ناگرێتەوە. شوێنی یادەوەری ئەو شـوێنەیە کە هەر نەتەوەیەك ئەزموونی خۆشـی و سـەرکەوتن، برین و کارەسـاتەکانی خۆی لەوێدا

[1]- پل ریکور، خاطره، تاریخ، فراموشی، گفتگو، شماره 5، 1373، ص49.

دەبینێتەوە. شوێنەکانی یادەوەری شوێنی هەڵقوڵانی ئەزموونە هاوبەشەکانی نەتەوەیەك و بیچمگرتنی پێکدەهێنن. شــوێنی یادەوەری دەکرێت ببێتە هۆکاری هەســتانەوەی نەتەوەیەك، شــۆڕشــێك. بەدەســتەوەدانی شــوێنێکی یادەوەری دەکرێت ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتێکی لێبکەوێتەوە. دەکرێت گۆڕێك یان ترسان لە ناشتنی تەرمی سـەرکردەیەکی وەك سـمکۆ، یان شـێخ سـەعید لە شـوێنێکدا، تەختی شاهەنشاهی و پاشایەتییەك بهەژێنێت.

لە ڕوانگەی نۆراوە و بە ســەرهەڵدانی مۆدێرنیتە بوو کە وڵاتان و نەتەوەکان ئاوڕیان لە گرنگیی شـوێنەکانی یادەوەری دایەوە. ئەگینا نەتەوە پێشـمۆدێرنەکان پێویسـتیان بە شـوێنەکان نەبوو، چونکە هێشتا ماوە لە نێوان کات و شوێندا دروست نەبووبوو. ئەو دەڵێت ئەگەر دەمانتوانی لە یادەوەریدا بژین، پێویستمان بە شوێنەکانی یادەوەری نەبوو. بۆ نۆرا فەڕەنسای ئەو دەمە دەستوپەنجەی لەگەڵ قەیرانی ڕابردووی خۆیدا نەرم دەکرد. لەبەر زاڵبوونی تەکنەلۆجیا و میدیا خەڵکی فەڕەنسا لە بۆشایی ناسنامەدا دەژیا. ئەوە نۆرابوو کە خەڵك و سیاسەتگوزارانی ڕاچڵەکاندەوە. کتێبە حەوت بەرگییەکەی بەسەر سێ با سی سەرەکیدا دابەش دەکرێت: کۆماریی، نەتەوە و بیروڕا جیاوازەکانی فەڕەنسا. لە با سی دووەمدا بوو کە شوێنەکانی یادەوەری وڵاتی بە کۆڵەکەی سەرەکی یەکڕیزی و نا سنامەی نەتەوەیی نا ساند. لە سێ بەرگی یەکەمدا بوو کە خۆرئاوابوونی فەڕەنسای وەك "نەتەوەی یادەوەری" دایە بەر تیغی سەرنج و شرۆڤەکانی، چونکە شێوە جۆراوجۆرەکانی نا سنامەی نەتەوەیی و میرات بە سەر نا سنامەی نەتەوەییدا زاڵ بووبوون. کرۆنۆلۆجیای ژێرخانی ئەو سێ بەرگە بووە هەوێنی پێشکەوتنی قۆناغی نەتەوەسازی کە یارمەتیی یادەوەری هاوچەرخی نەتەوەییدا[1].

شوێنەکانی یادەوەری تەنیا مۆنۆمێنت و شتە مادییەکان نین. ئەرشیف، ئاڵای سێ ڕەنگی فەڕەنسا، کتێبخانەکان، فەرهەنگەکان، مۆزەخانەکان، یادکردنەوەکان، جەژن و بۆنەکان و تاقی ســەرکەوتن، فەرهەنگی لاغۆس، هەروەها دیواری فدرێس، ئەو شــوێنەی کە دوا بەرگریکارانی کۆمۆنی پاریس لە ســاڵی (1870) کۆمەڵکوژ کران، ئەمانە هەموویان شــوێنەکانی یادەوەرین. شــوێنەکان لەم هەســتەوە سەرچاوە دەگرن کە هیچ یادەوەرییەك لەخۆوە بوونی نییە، ئێمە دەبێت بە دەستی خۆمان ئەرشیفیان

---

[1] - Stephen Legg, Contesting and Surviving Memory: Space, Nation, and Nostalgia in Les Lieux de Mémoire. Environment and Planning D: Society and Space, 2005, 23(4), 481-504. P 483(3).

بکەین، ســاڵیادەکان زیندوو بکەینەوە، جەژنەکان ســاز بکەین و .. چونکە ئەم چالاکییانە لە خۆوە ڕوونادەن. ئەگەر هوشیاریی یادکردنەوە نەبێت، مێژوو بەخێرایی لەناویان دەبات[1].

واد یارە نۆرا دانووی لەگەڵ مێژوودا ناکوڵێت، چونکە باوەڕی وایە، یادەوەری پەیوەندی ئێمە بە ئێســتاوە گرێدەدات، بەڵام مێژوو هیچکات ئەو پەیوەندییە تەواو و کامڵ ناکات، لەبەرئەوەی بە هۆی نێوەنجییەکانەوە ئێمە بە ڕابردووەوە دەبەستێتەوە. شوێنەکانی یادەوەری، سادە، لێڵ و دەستکردن. لە ڕاستیدا ئەوانە سێ واتای ماددی، سیمبولیك و کارکردیی وەردەگرن. تەنانەت شوێنێکی(site) تەواو ماددی، وەك ئەرشــیفێك، تەنیا کاتێك دەبێتە شــوێنێکی یادەوەری کە بە خەرمانەیەکی ســیمبولێك دەوره درابێت. شوێنێکی کارکردیی (functional site) وەك نامیلەکەیەکی ڕێنمایی پۆل، وەسیەتنامە، یان کۆبوونەوەی دووبارەی کۆنە ســەربازان. وەســتانی یەك خولەك بۆ ڕێزلێنان، وەك نموونەیەکی زیادەڕەوانەی کردەیەکی تەواو ســیمبولیك، بە شــکاندنی بەردەوامییەکی کاتیی بەواتای وشــە، وەك هێزێکی ڕاکێشــان بۆ یادەوەری کار دەکات[2]. لە شــوێنەکانی یادەوەریی نۆرادا بەپێچەوانەی مێژووەوە کە وشــك و مردووە، لایەنێکی ســەرنجڕاکێش هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە شــوێنەکانی یادەوەری تەنیا مۆنۆمێنت و پەیکەرگەلێك بۆ تۆمارکردنی گێڕانەوەکان ڕابردوو نین، بەڵکو بەردەوام وەك شــوێنی گفتوگۆ و بەرهەمهێنانەوەی واتا ڕۆڵ دەبینن. هەروەها دەبنە شــوێنی نوێنەرایەتیی ئەزموونە تاڵەکان، پرســەکان، ســەرکەوتنەکانی ڕابردووی نەتەوەکان، شــوێنی دانووســتان لەســەر ناســنامە کۆمەڵایەتی و ســیاســییەکان. لە ڕێگەی ئەو شــوێنانەوە، ڕابردوو دروســت دەکرێتەوە، دەدۆزرێتەوە و هەڵســەنگاندنی بەردەوامی بۆ دەکرێت. گرنگترین کارکردی شوێنەکانی یادەوەری بریتییە لە خەبات دژ بە لەبیرکردن.

لێرەوەیە کە جارێکیتر لە مێژووی زاڵ، مێژووی ســەرکەوتوو و دەســەڵات جـیا دەبێتەوە. چونکە شــوێنەکانی یادەوەری جۆرێکی تری ڕابردوومان بۆ نمایش دەکەنەوە. شــوێنەکانی یادەوەری دەکرێت ڕۆڵی نەرێنیش ببینن. تا ئەم چرکە ســاتە، دەکرێت بە جۆرێك لە جۆرەکان، ململانێ و جەنگەکانی نێوان وڵاتان و جەنگی نێوخۆی هەندێك دەوڵەت ـ نەتەوە بۆ جەنگ لەسەر شوێن بگەڕێنینەوە. جەنگ لەســەر قودس کە تـا ئەم چرکەســاتە بەردەوامیی هەیە. تەنـانەت جەنگی نێوان کولتوورەکـان و

[1] - Pierre Nora, Between Memory and History: Les Lieux de Mémoire. Representations, 1989, (26), 7–24. P.7.

[2] - Ibid. P.19.

شارستانییەتەکان، بە جەنگێکی شاراوە بۆ دزینی ڕابردووی نەتەوەکان و سیمبولەکان لە قەڵەم بدرێت. لەم ڕوانگەیەوە پێویســـتیی گرنگیدان بە یادەوەری و مێژووی زارەکی زیاتر لە هەموو کات دێتە ئاراوە، وەك ئەو کارەی کە کەمال ســولەیمانی ســەبارەت بە شــێخ ســەعیدی پیران وەك شــوێنی یادەوەری ئەنجامی داوە. کە ژمارەیەکی زۆری کوردەکان هێشـــتا گۆڕەپانی داغ کاپی، وەك مەکۆی یادەوەری، واتە شوێنی یادەوەری ئەزموون دەکەین[1].

هەرچەندە ســـیمبولە نەتەوەییەکان بە هەڵە وە ها هەڵێنجان دەکرێن کە زیاتر بۆ ڕازاندنەوەی شـــارەکان بەکاردێن، بەڵام لە هەناوی خۆیاندا ڕەگوڕیشـــەی نەتەوە، ڕابردوو، ئێســـتا و ئایندەیان هەڵگرتووە. مۆزەخانە نەتەوەییەکانیش لەم ڕێســـایە بەدوور نین. ئەوان نیشـــانە ســـتراتیژییەکانی نەتەوەسازی پێکدەهێنن.. مۆزەخانەی نەتەوەیی بۆ پێناسەکردنەوە و شەرعییەتدان بە نەتەوە لەڕێگەی گێڕانەوە و بەرزڕاگرتنی مێژووەکەی بەگرنگییەوە سەیر دەکرێن. کەواتە ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسـەی پەرەپێدان بە گێڕانەوەیەکی سەرەکیی نەتەوەیی دەبینن کە خۆی لە ئەفسانە نەتەوەییەکان سەبارەت بە ڕەگوڕیشـەکان و ڕابردووی پرشـانازی (یان لەوانەیە تراومایەکی وێرانکەری نەتەوەیی)، دەبینێتەوە[2]. دەوڵەتان و نەتەوەکان بەچاوێکی زۆر هەســـتیار و گرنگەوە ســـەیری مۆزەخانەکان دەکەن. یەکێك لەو نەتەوانە بۆســـنییەکانن. مۆزەخانەی ســـەردەمی منداڵیی، نیشـــاندەری یەکێکە لە جۆرە کولتوورییە بەرجەســـتەبووەکان کە لە ڕێگەی پێشـــگریمانە و گۆشـــەنیگای خۆیەوە، پەرەپێدانی کۆیادەوەریی مێژوویی و کولتووریی لە کۆمەڵگەی بۆســـنەیی پاش جەنگدا، ئاســـانتر دەکات. وەك پرۆژەیەکی کۆیادەوەری، پشتبەستوو بە بەرهەمەکان، کە ساتە گرنگەکانی ڕابردووی یەك نەوەی بۆسنییە لاوەکان نمایش دەکات و دەپارێزێت، و بەیادی دەسـپێرێت. بەمشـێوەیە، توانای دروسـتکردنی پەیوەندییەکی قووڵتری نێوان خەڵکی هەیە لەو شوێنانەدا کە کەلێنی نەتەوەیی دەبینرێت[3].

---

(1) - هوشیار ئۆزسۆی، گۆڕی ونبووی شێخ سەعید: پێکهاتە کوردییەکانی یادەوەری، شوێن و سەروەریی لە تورکیا، و. برایم ساڵح ڕاد، تیشك، ژمارە 63، ساڵی بیست و چوارەم، 2722ی کوردی، ل 28(271).

(2)- Helge Blakkisrud, Faruh Kuziev, Museums, memory and meaningcreation: (re)constructing the Tajik nation, Nations and Nationalism 25 (3): 997–1017. Crossref. ISI. (2019), P. 4-5. https://doi.org/10.1111/nana.12519

(3)- Tatjana Takševa, Building a Culture of Peace and Collective Memory in Post-conflict Bosnia and Herzegovina: Sarajevo's Museum of War Childhood, Studies in Ethnicity and Nationalism: Vol. 18, No. 1, 2018 p..13-15. http://dx.doi.org/10.1111/sena.12265

سـیمبولەکان پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆیان هەیە لەگەڵ ناسـنامەی گروپ، ئێتنیك و نەتەوەکاندا. سیمبولە نەتەوەییەکان ویادکردنەوەکان ڕۆڵی چەندلایەنە دەبینن. دەکرێت لە ساتێکدا سیمبولێك و یادکردنەوەیەکی وەك مۆنۆمێنتی شـەهیدانی هەڵەبجە و مەراسـیمەکانی ئەنفال ببنە چەقی پرۆژەی نەتەوەسازی و هۆکاری یەکگرتوویی و ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕوانگەی دیاسپۆراوە[1] و هاوکات هەمان شـوێن و مۆنۆمێنت لە لایەن دانیشـتوانی هەڵەبجە و گەرمیانەوە خاڵی بکرێنەوە لەو بارە واتاییەی کە هەیانە و بسـوتێنرێن یان ڕێگریی لە مەراسـیمەکە بکرێت. کەواتە ئەوەی لێرەدا گرنگە بریتییە لە سیاسەتی یادەوەری و بەڕێوەبردن.

یادکردنەوەکان، یەکێکیتر لە شـوێنەکانی یادەوەری پێکدەهێنن. بەرزڕاگرتن و یادکردنەوە لە شـوێنەکانی یادەوەریدا، کردەیەکە کە دەرەنجامی بیروباوەڕێکە کە لە لایەن کۆمەڵگەیەکی بەرفراوانترەوە هاوبەشیی پێدەکرێت. ساتی بەبیرهێناوە هەم گرنگە و هەم پەیامێکی ئەخلاقیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. ئەوە شـوێنەکانی یادەوەرین کە ئەو پەیامە بەرجەسـتە دەکەن. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ساتەکانی شکستی نەتەوەیی بەدەگمەن یادی دەکرێتەوە[2].

کەواتە پێوستە سەرنج لەسەر دوو لایەنی کۆیادەوەری چڕ بکەینەوە، ئەوانیش گێڕانەوەیە لە ڕێگەی چوارچێوەکان، لەگەڵ سـیمبولەکاندا. دەبێت ئەوەشـمان لەبەرچاو بێت کە کۆیادەوەری و لەیادکردن دوو ڕوی یەك دراون. چونکە پرۆسـەی بەیادسـپاردن خۆی پرۆسـەیەکی هەڵبژاردنییە. واتە مرۆڤەکان بەدەسـتی خۆیانە کامە یادەورەی و ڕووداو لەبیر دەکەن و کامە دروسـت دەکەنەوە. یادەوەرییەکان پێویستیان بە بەڕۆژکردن هەیە. ئەوانەی سیاسەتی یادەوەری جێبەجێ دەکەن ئاگاداری ئەو پرۆسانەن کە یـادەوەرییەکـان لە کۆنبوون و ڕزیویی دەپـارێزن. بۆیە وڵاتـانی دواکەوتوو لەڕووی سـیـاسـەتی یادەوەرییەوە ئەو وڵات و نەتەوانەن کە سـیاسـەتگوزارەکانیان ناتوانن پرۆسـەی بەیادسـپاردن و یادکردنەوەکان بە گوێرەی سەردەم دەمەزەد بکەنەوە. ئێستا لە وڵاتانی سۆسیالیستی چەکوش و داس بۆ یادکردنەوە و نوێکردنەوەی گوتار و یادەوەری سـیمبولەکانی سـۆسـیالیزم لە شـەقام و ناوەڕاسـتی

---

(1)- Mari Toivanen, Bahar Baser, Remembering the Past in Diasporic Spaces: Kurdish Reflections on Genocide Memorialization for Anfal, Genocide Studies International, Volume 13 Issue 1, 2019,. pp. 10-33, p.11. http://dx.doi.org/10.3138/gsi.13.1.02

(2)- Susannah Radstone and Bill Schwarz, Memory: histories, theories, debates, New York, Fordham University Press, 2010, p313.

بازنەکانی شـارەکان دانانرێت. چونکە لەگەڵ سـەردەمی نوێدا گۆڕانکاریی لەو سـیمبولانەدا دەکرێت. بۆیە یـادەوەری وەك مێژوو لەبەرامبەر واقیعـدا دەســتەوەســتـان نـابێـت، بەڵکو ڕابردوو لە ڕوانگەی یادەوەرییەوە چالاك و بزێوە و هەر چرکەساتێك دەتوانرێت وەك بورکانێك بتەقێتەوە.

لە کۆتاییدا، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە کۆیادەوەری، گەلێك کارکردی گرنگی هەیە، بە پێچەوانەی مێژووەوە کە دەکرێـت بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکـان یـان وەك ئـامرازی ســەرکوت و توانـدنەوەی ئێتنیکەکانی تر؛ یان بە ئاڕاســتەی گرنگیدان بە تۆمارکردنی ســەرکەوتنەکان و پشــتگوێخســتنی شــکســتەکان بەکار بهێنرێت؛ گرنگترین کارکردی کۆیادەوەری گەڕانە بەدوای دادپەروەری و مافی قوربانیاندا. ئەو ڕەهەندە گرنگەی کە پۆل ریکۆر بە ناوی ڕەهەندی ئەخلاقی ـــ سـیاســی یادەوەری جەختی لەســەر دەکاتەوە[1]. ئەو لە ســێ ڕەهەندەوە دەپەرژێتە ســەر پەیوەندی نێوان یادەوەری و دادپەروەری. گرنگترینیان زیندوڕاگرتنی یادی قوربانیان و ئەرك و بەرپرسـیارییەتی ئێمە بۆ پاراسـتنی ئەو یادەوەرییانە[2]. ئەم حاڵەتانە تەنانەت لە ئەمریکاش بوونی هەیە. وڵاتانی ئیمپراتۆریی زۆرجار ئەو شوێن و مۆنۆمێنتانە دروست ناکەن کە یادەوەری تاوان زیندوو دەکەنەوە. هەندێك لەو تاوانانە لە وڵاتە داگیرکراوەکان ئەنجام دراون و ئەمڕۆ باری ئەو یادەوەرییە کەوتووتە سـەر شـانی داگیرگەکانی ڕابردوو. جگە لە هەنـدێـك ڕیزپەڕ، وەك مۆنۆمێنتەکـانی جەنگی نێوخۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکـان، زۆربەی باڵەخانە مێژووییەکانی پەیوەسـت بە شـۆڕشـەکان و پێکدادانە نێوخۆییەکان، تەنیا ئەو کەسـانە بەرز ڕادەگرێت کە سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێناوە و مەیلیان بەرەو پشـتگوێخسـتنی شـکسـتخواردووەکان هەیە[3].

هەروەها ئەوەی گرنگە بیزانین، ڕۆڵی شـوێنەکانی یادەوەرییە لە پرۆسـە و پرۆژەی نەتەوەسـازی لە هەرێمی کوردستاندا. سیمبولە نەتەوەییەکان، شوێنە پیرۆزەکان، ئاڵا، پەیکەر و مۆنۆمێنت و شوێنەوارە دیرۆکی، گەشـتیـاری و کەلوپەلە بەجێماوەکـانی ئەو ڕووداو و تـاوانـانەی کە بەرامبەر لە خەڵکی

[1]- هەورامان فەریق کەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل 57-66.

[2] - Paul Ricoeur, [Memoire, l'histoire, l'oubli. English], Memory, history, forgetting / Paul Ricoeur ; translated by Kadileen Blarney and David Pellauer, The University of Chicago Press, Chicago & London, 2004, p.89.

[3] - Alexander Etkind; Op.cit. P. 39-40.

کورد ستان ئەنجام دراون، دەتوانن ببنە هۆکاری نا سنامە سازی، لێکتێگەیشتن، گێڕانەوە و هو شیاری هاوبەش و کۆژانەکان، کە دواجار دەچنە خزمەتی پرۆژەی نەتەوەسازییەوە.

### ئیتنۆسیمبولیزم

بۆ تێگەشتن لە ڕوانینی ئیتنۆسیمبولیزم چارەیەك جگە لە بۆچوونەکانی ئەنتۆنی دی. سمێس نییە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، لە بنەڕەتدا تیۆرەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەگەڵ سێ پرسدا دەستوپەنجە نەرم دەکەن. یەکەمیان پرسی ئەخلاقی و فەلسەفی؛ دووەم، پرسی ئیتنۆگرافی و سیاسی؛ و سێیەم پرسی مێژوویی و کۆمەڵناسی. سەبارەت بە پرسی یەکەم، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا نەتەوە خۆی بۆ خۆی ئامانجە، بەهایەکی ڕەهایە وەك بەهاکانی دیکە یان پرسێکی تایبەتتر لەوانە؟ بۆ پرسی دووەم، پێناسەی کۆمەڵایەتیبوونی نەتەوە دەورووژێنێت. پەیوەندیی تاك و کۆمەڵ لەم نێوەندەدا چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ ئایا نەتەوە لە بنچینەدا تایبەتمەندییەکی ئێتنیکی ـــ کولتووری هەیە و کۆمەڵگەیەکی لەسەر بنەمای ڕەچەڵەکە کە پێکەوە لە نێو بازنەگەلی خزمایەتی، مێژوو و زمانی هاوبەشدا پێکەوە بەستراونەتەوە، یان گرووپی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتین کە لەسەر بنەمای نیشتیمان و گیرسانەوەی هاوبەش، مافی هاوڵاتیبوون و یاسا نەریتییەکانە کە تاکەکان ئازادانە بڕیار دەدەن پەیوەندی پێوە بکەن؟ پرسی سێیەم، کە هەم مێژووییە، هەم کۆمەڵناسی، پەیوەندی بە شوێنگەی نەتەوەوە هەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. لێرەوە بۆچوونی جیاوازا لەسەر ئەوەی کە ئایا نەتەوە کۆمەڵێکی دێرینە و هەر هەبووە و لە قۆناغگەلی جیاوازدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سازکراوەیە (construct) و بەرهەمی سەردەمێکی دیاریکراوە؟ گەرمتر دەبێت. مشتومڕەکە لەبنەڕەتدا مێژوویەکی درێژتر لە پەیدابوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی بەواتا مۆدێرنەکەی هەیە. مێژوویەك کە لانیکەم لە سەرهەڵدانی سەردەمی ڕۆشنگەری، شۆڕشی فەڕەنسی و پیشەسازییەوە تا هەنووکە درێژەی هەیە.

سمێس لە توێژینەوەیەکدا بۆچوونی خۆی سەبارەت بە کۆیادەوەری بە ئاماژەدان بە هەندێك تێبینی لەسەر ئێرنست گێلنەر، ڕوون دەکاتەوە. ئەو پێیوایە کە یادەوەرییەکان بە ئاسانی دروست دەکرێن. گێلنەر و زۆرێك لە تیۆرە مۆدێرنیستییەکان، بە جەختکردنەوە لە سەر ڕەهەندە بەرجەستەکانی(عینی)

نەتەوە و تێکەڵکردنی بە بابەتی کولتووری باڵا و دەوڵەت ـــ نەتەوە، چەمکی نەتەوە لە بابەتی ناسـنامە دادەڕنن. لە کاتێکدا کە تایبەتمەندییە زەینییەکانی وەك ئەفسـانەکان، یادەوەرییە تایبەتەکان و ڕەگەزەکانی کولتوورێکی جەماوەریی هاوبەشـیش بە هەمان ئەندازە گرنگن. ڕەخنەیەکی دیکەی سمێس ئەوەیە کە تیۆرە مۆدێرنیستییەکان، بۆشاییەکی کەم بۆ ڕۆڵی کۆیادەوەریی دەهێڵنەوە و زیاتر مەیلیان بەرەو ڕوونکردنەوە تەواو بونیادییەکانە[1]. سـمێس دەیەوێت جەختکردنەوەی ڕێنان لەسـەر دروستکردنی نەتەوەکان لەگەڵ سەرچاوەکانی ئیتنۆسیمبولیزمدا تێکەڵ بکات، بۆ ئەوەی بە سەر ئەو سنووردارییەتی ڕوانگەی مۆدێرنیستیدا زاڵ ببێت و ڕاڤەیکی تەواوتر لە ڕۆڵی کۆیادەوەریی بخاتەڕوو.

سـمێس ئاماژە بە چەمکی "قەڵەمڕەویبوونی یادەوەری" وەك نموونەیەکی دیکەی بەبیرهێنانەوەی هاوبەش دەکات. ئەو دەڵێت: مەبەسـتی من ئەوەیە کە چۆن یادەوەرییە هاوبەشـەکان ( Shared memory) دەبەسـترێنەوە بە زەوییەکی دیاریکراوەوە و بەتێپەڕبوونی کات نیشـتیمانێکی دیاریکراو دروسـت دەکەن. زاراوەی نیشـتیمان، قەڵەمڕەوی باوباپیران نیشـان دەکات، زەوییەك کە لە ڕێگەی یادەوەری و ئەزموونە هاوبەشەکانەوە دێتەدی. زەویی باوباپیرانی شوێنێکە کە لە یادەوەرییە هاوبەشەکانی دانیشـتوانەکەیدا، ڕووداوگەلێکی گەورە کە نەتەوەیان سـازکردووە، ڕوویانداوە. کەواتە یادەوەری پابەندە بە شـوێن، شـوێنێکی تایبەتەوە کە نیشـتیمانە. یادەوەری بۆ ناسـنامەش گرنگە. بۆیە دەتوانین بڵێین: بە بێ یادەوەری، ناسنامە نابێت، بە بێ ناسنامەش، نەتەوە نابێت[2].

سمێس ئەم پێویستییە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، زیندووکردنەوەی ڕابردوو دەکاتە بەڵگەیەك بۆ ئەوەی بڵێت، ئاوێزانبوونەوە لەگەڵ ڕابردوو، کلیلی نەتەوەسـازییە. تەنیا لە ڕێگەی بەبیرهێنانەوەی ڕابردووەوەیە کە دەتوانین کۆناسنامە دروست بکەینەوە. ئەو جەخت لەسەر هەموو سیمبولەکانی ڕابردوو دەکاتەوە، تەنـانەت پـاڵەوانەکـانی ڕابردوو، بەشـــداری لە یـادکردنەوەکـان و مەراســیمەکـان بەتـایبەت بۆ زیندووکردنەوەی یادی ئەو کەسانەی کە گیانیان بەخت کردووە لە پێناو کۆمەڵگەدا. دەوڵەتان ڕەنگە بە بێ گەڕانەوە و بەسـترانەوە بە یادەوەری و بەبیرهێنانەوەوە بیچم بگرن، بەڵام نەتەوەکان ناکرێت. ئەگەر

---

(1) -Anthony D. Smith, Memory and modernity: reflections on Ernest Gellner's theory of nationalism, Nations and Nationalism, 2 (3) 371-388. 1996 p.382. https://doi.org/10.1111/j.1469-8219.1996.tb00004.x

(2) - Ibid. p.383.

سـەرنجی وڵاتانێکی وەك ئەمریکا، کەنەدا و ئوسـتوراليا بدەین، باشـتر ئەم ڕەسـتەیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

سمێس بە پشتبەستن بە ڕێنان، سێ ڕەگەزی سەرەکی نەتەوە پەیوەست دەکات بە کۆیادەوەرییەوە. یەکەمیان، پاڵنەری نوێکردنەوەیە لەسـەر بنەمای یادەوەرییەکانی سـەردەمی زێڕین. ئەم سـەردەمە زێڕینە، شـانازی، هێز و شـکۆ، داهێنانی هزریی یا هونەریی، ئایینداریی و بەپیرۆزکردنە. سـەردەمی پیاوانی ئایینی، زانایان، شـاعیران و پاڵەوانەکان، هونەرمەندا و داهێنەران، ئایدیالێکە کە دەکرێت دۆخی هەنووکەی نەتەوەی پێ بپێورێت. یادەوەرییەکانی سـەردەمی زێڕین، نیشـاندەری ئەگەر و هیوای نوێبوونەوەی نەتەوەیین. ڕەگەزی دووەم، پەیامی هاوبەش و چارەنووسـی نەتەوەییە.. هەموو نەتەوەکان، هەسـتی بەرپرسـیارییەتی هاوبەش، کۆیادەوەرییەکانی ڕابردوو دەکەنە پێشـگریمانەی کە تیایاندا ئەم بەرپرسـیارییەتییە خراوەتە سـەرشـانی نەتەوە. هەروەها هەسـتی چارەنووسـی هاوبەش، پێشـگریمانەی ڕابردوویەك کە بە بەباشـی بەبیر دێتەوە. مێژوو لەم پێناوەدا ڕێڕەوێکی تایبەتە کە "ئێمە" بڕیارە تیایدا گەشـت بکەین. بە بێ ئەم یادەوەرییانە، بەبێ مەراسـیمەکانی یادکردنەوە، نەتەوە هیچ بەرپرسـیاریەتییەك یان ئایندەیەکی دیاریکراوی نابێت و لەمڕووەوە بوونی نابێت. سـێیەم ڕەگەزی چارەنووسساز، بریتییە لە هەستی ڕەسەنایەتیی نەتەوەیی، ئەمەش پەیوەندییەکی دەستلەملانی هەیە لەگەڵ کۆیادەوەریدا. ئەوەی هی منە، یان هی من نییە، ئەوەی جیاوازە یان نییە، ڕەسـەنە یان نا، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە پرسی بەیادسپاردن و لەبیرکردنەوە[1].

هەڵبەت نابێت ئەم بۆچوونانەی سەرەوەی سمێس وەها بخوێندرێنەوە کە ئەو باوەڕی بە مۆدێرنبوونی نەتەوەکان نییە و پێرینیالیزمیانە(ئەزەلیگەرایانە) یان پرایمۆردیالیزمیانە (سروشـتیگەرایانە)یە[2]، بە پێچەوانەوە، ئەو جەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێتنیکە پێشـمۆدێرنەکان ـــجگە هەندێك حاڵەتی جیاواز ـ نەتەوە نین. ئەوان، بەگشتی، دوورن لە قەڵەمڕەوێکی دیاریکراو کە ئەندامەکانیان تیایدا بژین، ماف و بەرپرسـیارییەتی یاسـایی یەکسـانیان نییە بۆ هەموو ئەندامەکانیان، کولتوورێکی گشـتی و جەماوەرییان نییە. ئەوەی ئەوان هەیانە، کۆمەڵێك ئەفسـانە، سـیمبول، بەها و یادەوەری هاوبەش،

---

[1] - Ibid. p.385.

[2] - بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم دوو پارادایمە بڕوانە: ئەنتۆنی دی. سمیس، نەتەوەخوازی، وەرگێڕانی هوشیار سیوەیلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، 2004، ل 64-67.

هەندێك داب و نەریت و ڕێوڕەسمی تایبەت، شوێنێکی گشتی و هەندێکجار ناوێکی دیاریکراوە. بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ وتەیەکی جان جاك ڕۆسـۆ کە نەتەوە دەبێت وێڵاشـی هەبێت، ئەگەر وێڵاشـی نەبێت دەبێت دروستی بکەین[1].

ئەوەی تا ئێرە شەنوکەو و ڕامانی لەبارەوە کرا، توێژینەوەکانی پێشوو، پارادایمە سەرەکییەکان تایبەت بە ڕەگوڕیشـەی کورد و بابەتەکانی پەیوەسـت بە ناسـیۆنالیزم بوو، کە دەتوانن لە تێگەیشـتنی ڕەهەندەکان و پەیوەندی نێوان کۆیادەوەری و نەتەوە سازی لە هەرێمی کورد ستاندا یارمەتیدەر بن. لە بەشی دواتردا توێژینەوەکە دەپەرژێتەسەر ڕێبازی توێژینەوە و شرۆڤە و شیکاری ئەم پەیوەندییە.

(1) - Anthony D. Smith, Op.cit. p.386-7.

# بەشی پێنجەم
# ڕێبازی توێژینەوە

### میتۆد

توێژەر لەڕووی ڕێبـازی توێژینەوەوە، زیـاتر زەینگەرا و ڕاڤەگەرایـانە لە توێژینەوە دەڕوانێـت و بەو تێگەیشـتنەوە کار دەکات کە پەیوەندیی نێوانزەینیی مرۆڤەکان، ڕاڤە و شـیکردنەوە یان بۆ ڕووداو و دیاردەکان باشتر لە واقیعییەت و دیاردەکان نزیکمان دەکەنەوە. سەرەتا ڕێبازی چۆنایەتی بەکارهێنرا و بۆ کۆکردنەوەی داتاکان پشت بە میتۆدی گراونددتیۆری بەسترا و دواتر وەك پاڵپشتی لە ئەنجامەکانی ڕێبازی یەکەم، ڕێبازی چەندایەتی بەکار هێنرا، کە خۆی لە ڕووپێویکی کۆمەڵایەتی سـەرتاسـەری هەرێمی کوردسـتـاندا بینییەوە. کەواتە ئەو ڕێبـازەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکـار هێنراوە، ڕێبـازی توێژینەوەی تێکەڵە. پاسـاوی بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە لەڕووی میتۆدۆلۆجییەوە بۆ توێژەر دوو خاڵی سەرەکییە. یەکەم، پرسی نەتەوەسازی و کۆیادەوەری، پرسێکی ئاڵۆز و دەستەبژێرانەیە. تێگەیشتن و بنکۆڵکردنی ئەو دوو چەمکە و پەیوەندیی نێوانیان لە ڕێگەی پرسیارکردن و ڕووپێوی خەڵکی ئاساییەوە ئەسـتەم دەنوێنێت. بۆیە هەر لەسـەرەتاوە میتۆدی چۆنایەتی و چاوپێکەوتن وەك باشـترین میتۆد و ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری خۆیان سـەپاند. بۆ نموونەی چاوپێکەوتنەکان کەسـانی ئەکادیمی و سیاسییەکان باشترین بژاردە بوون.

لە لایەکیترەوە و دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان، توێژەر گەیشت بەو ئەنجامەی کە ڕای خەڵکی ئـاسـایی و شـەقامیش دەتوانێـت لە ڕێگەی ڕوومـاڵی ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەکـانی کۆیـادەوەری و نەتەوەسـازییەوە، تێگەیشـتنێکی گشـتگیرترمان سـەبارەت بە پرسـەکە بۆ دەسـتەبەر بکات. کەواتە لە ڕێگەی ڕووپێوێکی سـەرتاسـەرییەوە ئەو هەنگاوەش گیرایەبەر. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە

میتۆدی سەرەکی ئەم تێزە، چۆنایەتییە و میتۆدە چەندایەتییەکە شانبەشانی میتۆدی یەکەم بەکار نەهاتووە، چونکە بە گوێرەی میتۆدی گراونددتیۆری مامەڵە لەگەڵ چەمك و مەقوولەدا کراوە.

مۆدێلە تێکەڵەکان لەسەر بنەمای ستراتیجی سێکوچکەیی (triangulation) ڕاوەستاون. سێکوچکەیی واتە بەکارهێنانی هاوکاتی زیاتر لە یەك میتۆد، یەك تیۆر، یەك توێژەر و یەك سەرچاوەی داتا لە یەك بواری توێژینەوەدا[1]. بە کورتی، بە تێکەڵکردنی هەردوو ڕێبازی چۆنایەتی و چەندایەتی، هەم گرنگی بە گێڕانەوە دەدەین، هەم داتای ژمارەییش بەکار دەهێنین.

هەڵبەت بۆ ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، جیا لەو پرسیارانەی کە لە چاوپێکەوتنەکاندا بە ئاڕاستەی تێگەیشتنی ئەزموونی بەشداربووان ئاڕاستە کراون، شێوەگەلێکی دیکە لە داتاکانیش ڕەنگە کۆبکرێنەوە، وەك تێبینیکردن، بەڵگەنامە و ماتریاڵە دەنگی و ڕەنگییەکان[2]. شیکردنەوەی داتا تێبینیکراوەکان؛ کە دوو جۆر داتا دەگرێتەوە: یەکەم داتا تێبینیکراوە بەدەقکراوەکان کە وەك ئامرازێکی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوون. ئەم جۆرە لە داتا، یادداشتەکان و تۆمارکردنەکانی توێژەرە سەبارەت بە ڕەهەندەکانی دیاردەکان یان مەیدانی توێژینەوە، کە ئەم جۆرە لە داتاکان لە ڕێگەی یادداشتهەڵگرتن یان خاڵنووسینەوە بەرهەم دێن. ئەم جۆرە داتایانە لە کاتی کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا بە شێوەی بەرفراوان دەنووسرێنەوە. هەروەها دووەم، داتا تێبینیکراوە ڤیدیۆییەکانە. ئەم جۆرە ڤیدیۆ و فیلم و داتا بینراوەکان دەگرێتەوە کە توێژەر لە مەیداندا کۆیان دەکاتەوە[3].

وەك توێژەری ئەم تێزە جگە لە چاوپێکەوتنی قووڵ و ڕووپێوێکی سەرتاسەریی لە هەرێمی کوردستاندا، بەشداریکردن و تێبینیکردنی توێژەر لە مەیدانی توێژینەوە، سەردانکردنی شوێنەکانی یادەوەری وەك مۆنۆمێنت و مۆزەخانەکان، بەشداریی لە یادکردنەوە و بۆنەکان، سەردانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە کوردستان، چاودێری وردی میدیا، سۆشیال میدیا و بەکارهێنانی ریکۆردەر بۆ تۆمارکردنی دەنگ و ڕەنگی چاوپێکەوتنەکان، وێنەگرتن و تۆمارکردنی دیمەن و تاوتوێکردنی

---

[1]- احمد محمدپور، فراروش؛ بنیانهای فلسفی و عملی روشهای تحقیق ترکیبی در علوم اجتماعی و رفتاری، چاپ اول، انتشارات جامعه‌شناسان، تهران، 1389، ص37.

[2] - John W. Creswell, Qualitative inquiry Research Design; Choosing Among five Approaches, , Sage publication, London and New Delhi, 2007, p.66.

[3] - احمد محمدپور، روش تحقیق کیفی، ضد روش 2؛ مراحل و رویه‌های عملی در روش شناسی کیفی، چاپ دوم، انتشارات جامعه‌شناسان، تهران، 1392 ، ص 160-161.

دۆکیۆمێنت، بەڵگە و زانیارییەکانی خودی توێژەر بە حوکمی ئەوەی کە خۆی یەکێکە لە قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ١٢ ساڵ لە کەمپەکانی ئێراندا ژیانی بەسەر بردووە، یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆ تێگەیشتنی ورد و تێروتەسەلی مەیدان و بابەتی توێژینەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە بە میتۆدە تێکەڵەکان (Tradition Mixed Method Research)**

سەبارەت بە ڕێبازی توێژینەوەی تێکەڵ، نزیکەی نۆ مۆدێلی پۆلێنبەندی لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە. ماکسوێل لە پۆلێنبەندیی دووەمدا بەڕوونی ئاماژە بە شەش جۆر ستراتیج دەکات کە بریتین لەمانەی خوارەوە و بەکورتی ئاماژە بە دووەمیان دەکەین کە پڕ بەپێستی توێژینەوەکەمانە:

1- ستراتیجی ڕوونکردنەوەیی بەردەوام (Sequential Explanatory Strategy)؛

2-ستراتیجی دۆزینەوەیی بەردەوام (Sequential Exploratory Strategy)؛

3-ستراتیجی ئاڵوگۆڕی بەردەوام (Sequential Transformative Strategy)؛

4-ستراتیجی سێکوچکەیی شانبەشان (Concurrent Triangulation Strategy)؛

5-ستراتیجی تێکهەڵکێشی شانبەشان (Concurrent Embedded Strategy)؛

6-ستراتیجی ئاڵوگۆڕی شانبەشان (Concurrent Transformative Strategy).

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ستراتیجی توێژینەوەی بەردە ست، ستراتیجی دووەم گونجاوترینیانە، کە بریتییە لە ستراتیجی دۆزینەوەیی بەردەوام و دوو قۆناغ لەخۆ دەگرێت. کۆکردنەوەی داتا چۆنایەتییەکان و شرۆڤەیان و قۆناغی دووەم، کۆکردنەوەی داتا چەندایەتییەکان و شرۆڤەیان، کە لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی قۆناغی چۆنایەتیی ڕاوەستاوە. قورساییەکە لەسەر قۆناغی یەکەمە و داتاکان لە ڕێگەی پەیوەندیی نێوان شرۆڤەی داتا چۆنایەتییەکان و کۆکردنەوەی داتا چەندایەتییەکان تێکەڵ دەکرێن[1].

[1] - John W. Creswell, Research design: Qualitative, quantitative, and mixed methods approaches, SAGE Publications, London and Singapore, 2009, p.195.

## کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەی ئەم توێژینەوەیە هەرێمی کوردستانە. سەبارەت بەو پرسانەی کە پەیوەندییان بەکۆیادەوەرییەکانەوە هەیە، ئەگەر سەرنجی پێگەی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدەین، لە هەیکەل و فەلسەفەی دامەزراندن و ئەرکەکانی وەزارەت، فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکاندا، ئاماژەیەکی کەم بە گرنگیی شوێنەکان یادەوەری و پرۆژەی دروستکردن و پەرەپێدانی ئەو شوێنانە وەك ناسنامەی نەتەوەیی، بەرهەمهێنانەوەی ڕابردوو و گێڕانەوە دەبینرێت. دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان هەیە کە پەیامی دەستەکە بەمشێوەیەی خوارەوەیە: پەرەپێدانی چوارچێوەی کارگێڕی بۆ پلاندانان و بەبازاڕکردن و هۆشیارکردنەوە بۆ کەرتی گەشتوگوزار، بەهێزکردنی هاوبەشیکردن لەگەڵ کەرتی تایبەت و کۆمەڵگە نێوخۆییەکان بۆ پەرەپێدانی ڕووگە و بەرهەم و یەکە گەشتیارییەکان بەگوێرەی ستاندارده جیهانییەکان. لە دیاریکردنی جۆرەکانی گەشتوگوزاردا ئاماژە بە ١٠ جۆر کراوە کە مۆنۆمێنت و مۆزەخانە و شوێنەوارەکانی بەجێماو لە تاوانەکانی ڕژێم بەرامبەر بە کورد لە جۆری گەشتوگوزاری سیاسیدا ناوزەد کراوە[1].

مۆزەخانە و ناوەندە گەشتیارییەکان لە ڕوانگەی حکومەتەوە بەمشێوەیە ڕیز کراون: مۆزەخانەی شارستانی هەولێر، مۆزەخانەی رستن و چنینی قەڵا، ئەنتیکخانە، بازاڕی قەیسەری، مۆزەخانەی سلێمانی، مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە، مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیا، مەڵبەندی کاری دەستی، مۆزەخانەی فۆلکلۆریی گەرمیان[2]. هەروە ها لەڕووی هونەری تەلارسازییەوە، قەڵا کانی شارە جیاوازە کانی کوردستان لە قەڵای هەولێرەوە تا شێروانە؛ لەڕووی کولتووریشەوە موسیقا و خواردن و جلوبەرگی کوردی جێی بایەخی دەستەی گەشتوگوزارن. لەم نێوەندەدا لە چاو شوێنە گەشتیارییەکان و هۆتێل و مۆتێلەکان لەوبەشەدا کە نووسراوە "بۆ کوێ دەڕۆیت" گرنگییەکی کەمتر بە مۆنۆمێنتەکان دراوە لە مۆنۆمێنتی بارزانییەکانەوە تا ئەنفالی گەرمیان و هەڵەبجە. هەروەها گۆڕەبەکۆمەڵەکان.

لەم توێژینەوەیەدا دوو نموونەمان هەیە: نموونەی چۆنایەتییەکە نموونەی تیۆری بەکارهاتووە، نموونەی چەندایەتیش نموونەی هەرەمەکی بەکارهاتووە. سەبارەت بە نموونەی یەکەم، نموونەوەرگرتنی

---

[1] - عێراق - کوردستان - وێبسایتی فەرمی دەستەی گشتی گەشت و گوزاری کوردستانhttps://l8.nu/11zj1 (2023/9/9)

[2]- مۆزەخانەکان و ناوەندە گەشتیارییەکان | کوردستانی سەرسوڕهێنەر- وێبسایتی فەرمی دەستەی گشتی گەشت و گوزار (gov.krd) ڕێککەوتی دواسەردان (2024/3/21)

تیۆریمان بەکارهێنا، کە تایبەتە بە گراونددتیۆری و بریتین لە هەڵبژاردنی یەکەگەلێکی تایبەت لەسەر بنەمای ئامانجگەلی دیاریکراو پەیوەست بە وەلامدانەوەی پرسیارگەلی دیاریکراوی توێژینەوەکە. ستراتیجی نموونەوەرگرتن لە شیکردنەوەی چۆنییەتیدا ئامانجدارە و بریتییە لە هەڵبژاردنی ژمارەیەکی تارادەیەك بچووك لە یەکەکان لەسەر بنەمای ئامانج یان پێوەرگەلێکی دیاریکراوی توێژەر[1]. لەگەڵ نموونەوەرگرتنی تیۆری، ئەم جۆرە لە نموونەوەرگرتن وا تای ئەوەیە کە دیاریکردنی نموونەکان زیاتر لەوەی کە پێشوەختە کاری لەسەر کرابێت، هاوتەریب لەگەڵ توێژینەوەکە و لەسەر بنەمای ئەو چەمکانەی کە لە شرۆڤەکانەوە بەرهەم دێن، ئەنجام دەدرێت. نموونەوەرگرتنی تیۆری لە سەرەتاوە کەڵەکەبوونییە. واتە داتاکان و دۆزینەوەکان یەك لەسەر یەك هەڵدەچنرێن، بەڵام هەتا هەنگاوەکان زیاتر دەچنە پێشەوە، خەسڵەتی تایبەتبوون وەردەگرێت، چونکە وردە وردە ئەو تیۆرەی کە خەریکی بیچمگرتنە، شرۆڤەکارەکە زیاتر ئاراستە دەکات[2].

بۆ ئەم مەبەستە (27) چاوپێکەوتنی قووڵمان ئەنجامدا. هەموو نموونەکان کوردن و خەڵکی هەرێمی کوردستانن. لە ماوەی شەش مانگدا (18) چاوپێکەوتن لە ڕێگەی ریکۆردەری تایبەت و مۆبایلەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ (واتە ڕووبەڕوو) و (9) چاوپێکەوتن بە شێوەی ئۆنلاین (وەتئسەپ و زووم) ئەنجام دراون، چونکە بە سەردان یان کاری ئەکادیمی لە دەرەوەی وڵات بوون. (12) کەسیان لەو ڕۆشنبیر و نووسەرانە بوون کە کاری جدی یان قسەی جدیان لەسەر نەتەوە و ناسیۆنالیزم هەیە لە هەرێمی کوردستاندا. (10) کەسیتر، حزبی و سیاسی بوون و بەردەوامن لە کاری سیاسی. (5) کەسیان هەم حزبی بوون و هەن، هەم خاوەنی کار و چالاکی، خوێندنەوە یان نووسینن لەبارەی حزب، ناسیۆنالیزم و وێستگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی. سەبارەت بە سیاسییەکان و ئینتیمایان، (5) پارتی، یەکێتی(2)، (1) کەس مەیلەو پەکەکە، بزوتنەوەی ئیسلامی (1)، یەکگرتوو (2)، کۆمەڵی دادگەری(1)، شیوعی (1)، زەحمەتکێشان(1)، گۆڕان(1). سەبارەت بە شوێنی چاوپێکەوتنەکان، ئەوانەی لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ئەنجام دراوە، توێژەر لە کەشێکی هێمندا و لەماڵەوە چاوپێکەوتنەکەی ساز کردووە. لەو (18) کەسەی کە ڕووبەڕوو چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردوون، (10) کەس لە شوێنی فەرمی کارەکەیان بووە.

---

[1]- احمد محمدپور، فراروش؛ همانجا، ص ٣٤.

[2] - انسلم استراوس و جولیت کربین، مبانی پژوهش کیفی؛ فنون و مراحل تولید نظریه زمینه‌ای، چاپ دوم، ترجمه ابراهیم افشار، نشر نی، تهران، 1391، ص 221.

شوێنەکە یان بارەگای حزب بووە، یان شوێنی کاری ئەکادیمی و دامودەزگای حکومەت. (2) کەس لە ماڵی تایبەت بە خۆیان، دووکەس لە شوقەی تایبەت بە خۆیان کە وەك ئۆفیس بووە و (2) کەسیش لە کافتریای تایبەت و لە کەشـێکی هێمن و بێ دەسـتوەردانـدا. سـەبارەت بە شـوێنی ژیانی نموونەکانی چاوپێکەوتن لە ئەکادیمییەکاندا، پێنج کەسیان لە هەولێر دەژین. لەو پێنجە دووکەسیان بە ڕەچەڵەك کۆیی، یەکێك بادینان و دوانیان هەولێرین. بەشـداربووانی تر سـیانیان لە ئەورووپا دەژین. یەکێکیتر لە دهۆك و یەکێك لە سـۆران. دوو کەسـیش خەڵکی سـلێمانین. سـیاسـییەکان کە لە ئەندامی سەرکردایەتییەوە تا سەرۆك حزب لە خۆ دەگرێت، هە شت کە سیان لە هەولێر دەژین و لەو هە شتە، سـیانیان خەڵکی بادینان، یەکێك گەرمیان، یەکێك کەرکووك و ئەوانی تر هەولێرین. حەوت کەس لە سـلێمانی دەژین و یەکێك لەو حەوتە بە ڕەچەڵەك کەرکووکییە، دووان هەڵەبجەیی، یەکێك کەلاری، سیانەکەی تر سلێمانین.

کۆی خولەکە کانی چاوپێکەوتنە کان چل و نۆ کاتژمێر و بیسـت پێنج خولەك و سـی چرکە (49:25:30) بووە. کۆی وشـەکان کە خراونەتە سـەر کاغەز و بەدەق کراون، نزیکەی سـەد هەزار وشـە (100.000) وشـە بووە. دیاریکردنی چاوپێکەوتنکراوەکان نیمچە سـیسـتماتیك بووە. لەسـەرەتاوە کۆمەڵێك نووسـەر و پسـپۆڕی بواری نەتەوە و ناسـیۆنالیزم د یارکراون. هە ندێکیش لە میانەی چاوپێکەوتنەکانەوە دەستنیشان کراون.

کەمترین ماوەی چاوپێکەوتن کە یەکێك لە بەرپرسـە حزبییە کان بووە (47:00) خولەك بووە و درێژترین (3:30:20) بووە، کە خۆی بەتەنیا کاتێك کراوە بە دەق (8620)وشـەی لێدەرچووە. بەڵام تێکڕای ماوەی چاوپێکەوتنەکان لە نێوان (یەك کاتژمێر و نیو تا دوو کاتژمێر) بووە. ئەوانەی کە حزبی و سیاسین بە هەمان شێوە. کۆمەڵێك سەرکردە و سەرۆك حزب لە چاوپێکەوتنەکاندا هەن. کۆمەڵێکیش ئامادەیی چاوپێکەوتنیان تێدا نەبوو. سەرۆك حزبیش هەبوو کە بە هۆی دەستی دەستی پاسەوان یان نووسـینگەکانیانەوە ڕەتیان کردەوە چاوپێکەوتن سـاز بکەن. لەبەر پاراسـتنی ئەمانەت و هەسـتیاریی هەندێك لە بۆچوونەکان، ناوی هیچکام لە چاوپێکەوتنکراوەکان ئاماژە پێناکەین.

سـەبارەت بە نموونە چەندایەتی، نموونەی هەڕەمەکی بەکارهاتووە و قەبارەکەی ٣٩٠ کەس بووە. کە بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو هەرێمی کوردسـتان نموونەیەکی ٣٨٤ کەسـی گونجاوە، نموونەکە لە نێوان

شـــارنشـــین و لادێنشـــین وەرگیراوە، هەروەها لە ١٥ قەزای گەورەی هەرێمی کوردســـتان (هەولێر، ســـلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، ئاکرێ، کەلار، ســـۆران، رانیە، ئامێدی، پشـــدەر، دەشـــتی هەولێر، چەچەماڵ، زاخۆ، شـەقلاوە، کۆیە) وەرگیراوە، لە هەردوو رەگەز (٧٣% مێ ٢٧%) و لە گروپی تەمەنی جیاواز (١٨-٢٧ ســـاڵ ٢٩%، ٢٨-٣٧ ســـاڵ ٣٣%، ٣٨-٤٧ ســـاڵی ٢٣%، ٤٨-٥٧ ســـاڵی ١٢%، سەرووی ٦٠ساڵی٣%)، هەروەها نموونەکە لە پیشە جیاوازەکان و هەموو ئاستەکانی خوێندنی تێدایە.

نموونەکە هەڕەمەکییە و لە ڕێگای لیستی ژمارەی تەلەفۆنەکانەوە وەرگیراوە (کۆڕەک، ئاسیا و زین)، توێژەر بە هەڕەمەکی ژمارەکانی هەڵبژاردووە لە ناو داتابێســـێکی گەورەدا. هەر بۆیە بۆ توێژەر گرنگ نەبووە چ کەســـێک وەڵامدەداتەوە. دەتوانین بڵێین نموونەکە زیاتر لە نموونەی هەڕەمەکیی ســـادەوە نزیکە.

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

گراونددتیۆری، یەکێکە لەو مێتۆدانەی کە لە ڕێبازی چۆنایەتیدا باوە. ئەنسـلم شـتراوش و جولیەت کۆربین و ئەحمەد محەمەدپوور هەم بە میتۆدۆلۆجیا و هەم بە میتۆد ناوی دەهێنن. بۆیە پێناســـەکانی میتۆدناســـی، میتۆد و کۆدبەندیش هەر لە ئەوانەوە وەردەگرین. میتۆدناســـی بریتییە لە شـــێوازی بیرکردنەوە ســـەبارەت بە لێتوێژینەوە لە واقیعییەتی کۆمەڵایەتی؛ میتۆد، بریتییە لە کۆمەڵێك ڕێکاری کردەیی یان شێواز و تەکنیك کە بە مەبەستی کۆکردنەوە و شرۆڤەی داتاکان بەکاردێن. کۆدبەندیش، بە پرۆســـەیەکی شرۆڤەیی کە لە ماوەیدا داتاکان چەمکاندن دەکرێن و پێکەوە دەبەســـترێنەوە تاوەکو تیۆر دروســـت بکەن[1]. ئەم تیۆرە لە ســـاڵی (1967) لە لایەن بارنی گلاســـەر و ئەنسـلم شـتراوســـەوە داهێنراوە و لە کتێبی دۆزینەوەی گراونددتیۆریدا بڵاوبوویەوە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەردوو پرۆســـەی تێســـتی تیۆر و تیۆردانانی ڕاڤەیی پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە. ڕێگاچارەیان ئەوەبوو کە دانانی تیۆر لەسـەر بنەما و بەگەڕانەوە بۆ داتاکان لە ڕێگەی پرۆسـەیەکەوە ئەنجام دەدرێت کە پێی دەگوترێت شرۆڤەی ئیستقرایی.. کەواتە دانانی گراونددتیۆری پرۆسەیەکی لەحاڵەتی بوون، بازنەیی و پێچاوپێچە، نەك هێڵی. ئەوان دەڵێن مەبەســـتمان لە گراونـددتیۆری، تیۆرێکە کە بۆ کـایەیەکی بونیـادی یـان ئەزموونیی لە توێژینەوەی کۆمەڵناســـیانە وەك چاودێریکردنی نەخۆش، پەیوەندییە ئێتنیکییەکان،

[1] انسلم استراوس و جولیت کربین، همانجا، ص 25.

فێرکردنی پیشەیی[1]. هەروەها گراوندد تیۆری، تیۆرێکە کە ڕاستەوخۆ لەو داتایانەوە دەرهێنراوە کە لە پرۆسەی توێژینەوەدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کۆکراونەتەوە و شرۆڤە کراون. لەم میتۆدەدا، کۆکردنەوەی داتاکان، شرۆڤەیان و تیۆری کۆتایی پێکەوە شانبەشانی یەکتر بەرەوپێشەوە دەبرێن[2]. هۆکاری بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لە لایەن توێژەرەوە زیاتر بۆ کردەییبوونی میتۆدەکە دەگەڕێتەوە. واتە بەسوودبوونی میتۆدەکە لە وەڵامدانەوەی دروستی پرسیارەکانی توێژینەوەکەدا. هەروەها لەڕووی میتۆدلۆجییەوە ئامانج لە بەرکارهێنانی، دانانی تیۆرە؛ بەرهەمهێنانی تیۆرێکی نوێ کە پێشتر ئەدەبیاتی توێژینەوە سەبارەت بەو بابەتە نەگەشتبێتە ئاستێکی تێر و دەوڵەمەند.

گراونددتیۆری بە گەڕانەوە بۆ کلاسەر و شتراوش لە چوار قۆناغ پێکدێت:

1-بەراوردکردنی ڕووداوەکان یان داتا قابیلی بەکارهێنانەکان بۆ هەر مەقوولەیەك؛

2-بەستنەوەی مەقوولەکان پێکەوە و دواتر لە لەڕێگەی ناوەڕۆکیانەوە؛

3-دیاریکردنی چوارچێوەی تیۆر؛

4-نووسین یان دانانی تیۆر.

بە شێوەیەکی کردەیی و بەلەبەرچاوگرتنی ئامانجەکان و چوارچێوە چەمکییەکانی ئەم توێژینەوەیە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن، دە پرسیاری سەرەکی دەخەینەڕوو و هەوڵ دەدەین بە توێژینەوەیەکی مەیدانیی وەڵامەکانی ئەو دە پرسیارە بدۆزینەوە. پێش ئەوە، پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە ئەم پرسیارانە بریتی نین لە پرسیارە گشتی و تایبەتەکانی تێزەکە. بەڵکو ئەو پرسیارە سەرەکییانەن کە لە چاوپێکەوتنەکاندا ئاراستەی چاوپێکەوتنکراوەکانمان کردوون و میتۆدەکە وەها دەخوازێت کە لەم بەشەدا بخرێنەڕوو. بۆ هەمان مەبەست و لەبەر هەمان هۆکار، پرسیارەکانی ڕووپێوەکە، لە بەشی پاشکۆدا خراونەتەڕوو.

پرسیارە سەرەکییەکانی چاوپێکەوتن ئەمانەی خوارەوەن:

1-بەشداربووانی توێژینەوە چۆن لە کوردایەتی، ناسیۆنالیزم و کۆیادەوەرییەکان دەڕوانن؟

---

(1)-هەمان، ص 313.

(2)-هەمان، ص 34.

2-لە ڕوانگەی بەشـــداربووانی توێژینەوەوە، تەریقەت لە کوردســـتا ندا، وەك ڕەوتێکی ئایینی و یان نەتەوەیی، چ ڕۆڵێکیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بینیوە؟

3-لە ڕوانگەی بەشـــداربوونی توێژینەوەوە، ئیســـلامییە کانی کوردســـتان چ ڕۆڵێکیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بینیوە؟

4-لە ڕوانگەی بەشـــداربووانی توێژینەوەوە، چەپەکـانی کوردســـتـان چ ڕۆڵێکیـان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بینیوە؟

5-لە ڕوانگەی بەشـــداربووانی توێژینەوەوە، پارتی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی نیشـــتیمانیی کوردستان، چ ڕۆڵێکیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بینیوە؟

6-تەریقەت، ئیســـلامییە کان و چەپەکان وەك هزری بان ـــــ نەتەوەیی چۆن لە چەمکە کانی نەتەوە و کۆیادەوەری دەڕوانن؟

7-لە ڕوانگەی بەشداربووانی توێژینەوەوە، دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا چ پڕۆژە و پلانێکی لە پێناو کۆیادەوەری و نەتەوەسازیدا هەبووە یان جێبەجێکردووە؟

8-لە ڕوانگەی بە شداربووانی توێژینەوەوە، بەربە ستە کانی بەردەم نەتەوە سازی لە هەرێمی کورد ستاندا چیبوون و چین؟

9-لە هەرێمی کوردستاندا چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان کۆیادەوەرییە کان و نەتەوەسازیدا؟

10-ئایا کۆیادەوەرییە کان بوونەتە کۆڵەکەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا؟

گراونـددتیۆری، وەك میتۆد لە ســێ قۆنـاغی کۆدبەنـدی پێکـدێـت. توێژەر دوای دابەزانـدن و بەدەقکردنی چاوپێکەوتنە کان دەســـت بۆ پرۆســـەیەك دە بات کە پێی دەگوتر ێت کۆدبە ندی. ئەم پرۆسەیە لە سێ قۆناغی کۆدبەندیی کراوە(Open Coding)، کۆدبەندیی تەوەری (Axial Coding) و کۆدبەندیی کرۆك(Selective Coding)دا خۆی دەبینێتەوە.

لە قۆناغی یەکەمی خستنەڕووی زانیارییەکاندا، داتاکان بە گوێرەی هەر پرسیارێکی سەرە کی ـــ کە دە کرێت کۆدبەندییەکە ڕســـتە بە ڕســـتە، دەســـتەواژە دەســـتەواژە، پاراگراف پاراگراف یان بە شـــێوەی لاپەڕەی جیاجیا بێت ـــــ دەســـتەواژە بە وردی کۆدبەندی کران و چەمکە ســـەرەتاییە کان بەدەست هاتن. ئەم قۆناغە خۆی لە دوو ئاستی کۆدبەندیی سەرەتایی و کۆدبەندیی چڕکراوەدا ئەنجام

دەدرێت. من زیاتر دەستەواژە ـ دەستەواژە کۆدبەندییەکانم ئەنجام داوە. بەدەقکردنی چاوپێکەوتنەکان نزیکەی شـەش مانگ کاتی بۆ تەرخان کراوە. بۆ هەر یەکە لەمانەی سـەرەوە چەمك (دیاردە[1] یەکی نیشـانەکراو (لەیبڵکراو) یان تیشـکدانەوەی ئەبسـترەکتی ڕووداوێکی، شـتێك یان کردە و مامەڵەیەك) یان کۆد ێك دەسـتنیشـان کراوە. لە ئاسـتی دووەمی کۆدبەندیی کراوەدا، واتە چڕکراوە، ئامانج بەراوردکردنی کۆدەکانە پێکەوە، بۆ ناسـینی کۆدە تێکئاڵاو و هاوشـێوەکان[2]. کەواتە لێرەدا هەموو دەقەکان کە بە چەمك کراون، جارێکیتر بەراورد دەکرێنەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە کۆدەکان دوای دۆزینەوەی پەیوەندی و هاوشـێوەییيان بۆ مەقوولەی گەورەتر، بەڵام چڕکراوەتر کەم دەبنەوە. لێرەوە وردەوردە سازکردنی تیۆر دەست پێدەکات.

قۆناغی دووەم، پێی دەگوترێت کۆدبەندی تەوەری. پرۆسـەی پێکەوەبەسـتنی مەقوولەکان بۆ مەقوولەگەلی لاوەکی. چونکە کۆدبەندی لە بازنەی یەك مەقوولەدا ئەنجام دەدرێت و مەقوولەکان لە ئاسـتی تایبەتمەندییەکان و ڕەهەندەکاندا پێکەوە دەبەسـتێتەوە[3]. دەسـتم کرد بە بەراوردکردنەوەی (چەمکەکان و مەقوولەکان)، سـەرلەنوێ هەموو کۆد و چەمکەکان خوێندرانەوە و تاوتوێ و ڕێك خران. لەم قۆناغەدا توێژەر چەمکەکان دابەش دەکات بەسـەر سـێ مەقوولەی دیکەدا، کە بریتین لە دۆخی (یان زەمینەیی)، مامەڵەیی (یان پرۆسـەیی) و دەرهاویشـتەیی. مەبەسـت لە مەقوولەی یەکەم، هەموو ئەو دۆخ، دیاردە و زەمینانەیە کە دەبنە هۆی سـەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەو دیاردە و پرسـەی کە توێژینەوەکە کاری لەسـەر دەکات. مەقوولەی دووەم، ئەو مامەڵە و کردانە دەگرێتەوە کە نموونەکانی توێژینەوە لە هەمبەر ئەو دۆخانە نیشـانی دەدەن یان دەری دەخەن. و مەقوولەی سـێیەم، سـەرنجی لەسـەر دەرهاویشـتەکانی دیاردەکە و پەیوەسـت بە بارودۆخ چڕ دەکاتەوە. لەم قۆناغەدا جارێکیتر مەقوولەی سـەرەکی یان کرۆك بە گوێرەی پرسـیارە سـەرەکییەکان بۆ هەموو چاوپێکەوتنەکان ئەنجام درا.

---

[1] - دیاردەکان، بریتین لە ئایدیا سەرەکییەکان لە داتاکاندا کە لە شێوەی چەمکدا دەنوێنرێت. دیاردە لەو پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێت کە (چ باسە؟).

[2] - احمد محمدپور، تجربەی نوسازی، مطالعەی تغییر و توسعەی هورامان با روش نظریەی زمینەای، چاپ اول، نشر جامعەشناسان، تهران، 1392. ص 100-101.

[3] - انسلم استراوس و جولیت کربین، همانجا، ص١٤٥.

دەمێنێتەوە قۆنـاغی کۆدبەنـدیی کرۆك یـان کـاکـڵ. مەبەســـت لەم قۆنـاغە یەکپـارچەکردن و پـاڵفتەکردنی تیۆرە. لەم قۆنـاغەدایە کە تێربوونی تیۆری ڕوودەدات (مەبەســـت لە تێربوونی تیۆری، خاڵێکە لە ڕەوتی بیچمگرتنی مەقوولەدا، کە [چیتر] شرۆڤە نابێتە هۆی دۆزینەوەی تایبەتمە ندیی نوێ، ڕەهەندگەلی نوێ یان پەیوەندییە نوێیەکان[1] لێرەوە دوای ئەوەی مەقوولەکان بەشیوەی ڕێکوپێك ڕێـك دەخرێن، لە قۆنـاغی ســێیەمـدا مەقوولە ســەرەکییەکـان پێکەوە دەبەســترێنەوە بۆ ئەوەی دۆزینەوەکـان شــێوەی تیۆر بەخۆوە بگرن. ئەم پرۆســەی یەکپـارچەکردنە لەپڕ ڕوو نـادات. بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە و لە شرۆڤەی یەکەم داتاوە دەست پێدەکات تا دواهەمین قۆناغی دروستکردنی تیۆرەکە. کارلێکی بەردەوامی توێژەر و داتا، مەرجی ســەرەکی یەکپارچەســازییە. یەکەم هەنگاو لە یەکپارچەسازیدا، دیاریکردنی مەقوولەی کاکڵە.

بەکورتی، دوای ئەوەی یەك فایلی وۆردی تایبەت بە هەر چاوپێکەوتنم پڕکردەوە و دەنگەکانم تێدا دابەزاند، بە گویرەی وەڵامی پرســیارە ســەرەکییەکان، کۆد و چەمکەکانی چاوپێکەوتنەکانم دەرهێنا. دەبێت ئەم پرۆسـەیە بۆ هەموو چاوپێکەوتنەکان هاوشـێوە بێت. پاشـان، لە قۆناغی دووەمدا، بەراوردی وەڵامی هەر (27) چاوپێکەوتنکراوەکانم کرد، سەبارەت بە هەر هەشت پرسیارە سەرەکییەکانم و لە یەك خشتەدا چەمکە سەرەکییەکانم ڕێك خستن و یەکپارچەم کردن. پاشان کۆمەڵێك مەقوولەی سەرەکیم بۆ وەڵامی هەموو چاوپێکەوتنەکان سـەبارەت بە هەر پرسـیارێك دەرهێنا. دواتر و لە قۆناغی کۆدبەندی کاکڵدا، دیسانەوە بەراوردی هەموو مەقوولە بەدە ستهاتووەکانم کردەوە و بۆ هەر پر سیارێکی سەرەکی مەقوولەیەکی ســەرەکیم دیاریکرد. دواتر لە کۆتا قۆناغی دوای کۆدبەندییەکاندا، تیۆرەکە دەچێت بۆ پاڵفتەکردن. کە ئەویش لە ســێ بەش پێکدێت. پێداچوونەوەی پلان لەڕووی هاوئاهەنگیی ناوەکی و نەبوونی کەموکورتی لە لۆجیکەکەیدا؛ پڕکردنەوەی مەقوولە ناپێگەیشــتووەکان و پاچەکۆڵەی مەقوولە گیاکەڵەکان؛ و پێوانەی پلانی تیۆرەکە[2]. هەر لەم چوارچێوەیە شدا وەك شتراوس و کۆربین جەختیان

[1] - همان، ص 166.
[2]- همان ، ص 178.

لەسەر کردووەتەوە، جگە لە سەرپەرشتیاری نامەکە، سوود لە ئەزموون و بۆچوونی توێژەران و پسپۆڕانی دیکە[1]ی بوارەکە وەرگیراوە[2]. دوای پاڵفتە تیۆرەکە بەرهەم دێت.

پێوســتە ئاماژە بەوە بکەم کە بۆ هەر چاوپێکەوتنکراوێك کۆدێکم داناوە. واتە لە خشــتەکەدا کە ژمارەکان لە (1-27) ژمارە پێك دەهێنن، کۆدی ژمارە (1) هەتا کۆتا خشتە لە تەوەری یەکەوە تا هەشت هەمان چاوپێکەوتنکراوە. بۆیە ئەگەر لە ناوەڕۆکدا گوتەی چاوپێکەوتنکراوێك وەرگیراوە ئەو کەســە لە خشتەکەدا کام ژمارە و کۆدەی هەبوو، تا کۆتا خشتە هەمان ژمارە واتە هەمان چاوپێکەوتنکراوە.

خاڵێکی گرنگ لە گراوندتیۆر یدا بریتییە لە هێڵی چیرۆك، کە مەبەســت لێی ڕوونکردنەوەی تێروتەســەل و بەش بەشــی مەقوولە ســەرەکییەکانە بە گەڕانەوە بۆ یادداشــتەکان، کورتکراوەکان، پشتبەستن بە گوتەی نموونەکانی توێژینەکە، بەکارهێنانی وێنە و داتا تێبینیکراوەکان.[3]

ئەوەی لەسەرەوە باسکرا تایبەت بوو بە داتای چۆنایەتی کە داتا سەرەکییەکەمانە و داتای پشتیوان بۆ ئەم توێژینەوەیە لە ئەنجامی ڕووپێویێکدا و بە ڕێگای پرسیارنامەیەک کۆکراوەتەوە، ڕووپێوەکە کە لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی پێشوو ئامادەکراوە، کە لە کۆمەڵێک پرسیار پێکدێت لەبارەی تێڕوانینی هاوڵاتیانی هەرێم بۆ پرســە کانی نەتەوەییبوونی حزبە کان، بەشــدارییان لە یادەوەرییە کان، تێڕوانینیان بۆ یادەوەرییە نەتەوەییەکان و ســیمبۆلەکانی یادەوەری. ئەم پرســیارنامەیە کە داتایەکی چەندایەتی دەســتەبەردەکات تەنیا مەبەســت لێی پشــتیوانیکردنی داتای چۆنایەتییە، بۆ ئەوەی توێژەر لە زیاد لە گوشــەنیگایەکەوە ســەیری بابەتەکە بکات و زیاتر پشــتڕاســت ببێتەوە لەو شــیکارییەی بۆ داتا چۆنایەتییەکان دەکات، کە ئەمەش وادە کات بتوانین بڵێین توێژەر ســێکوچکەیی لە توێژینەوەکە یدا بە کارهێناوە بەوەی زیاد لە ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە و زیاد لە جۆرێکی داتا بەردەست کراوە.

---

[1]- سەبارەت بە متمانە لەو ڕووەوە کە ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای داتا کۆکراوەکان لە مەیدانی توێژینەوەدایە، توێژەر سەبارەت بە متمانەکەی دڵنیایە. هەروەها یەکێك لە باشترین ڕێگاکان بۆ پێوانەی متمانە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ بەراوردی تیۆرەکەمان بە داتاکانی سەرەتامان. واتە تیۆرییەکەمان بتوانێت زۆربەی حاڵەتەکان لە داتاکاندا ڕوون بکاتەوە .

[2]-ئەحمەد موحەمەدپوور کە زیاتر لە 8 کتێب و دەیان مەقالەی تایبەت بە ڕێبازی توێژینەوە و بەتایبەت گراوندتیۆری بڵاوکردووەتەوە.

[3]- انسلم استراوس و جولیت کربین، همانجا، ص 102-103.

# بەشی شەشەم
# خستنەڕووی داتاکان و قۆناغەکانی کۆدبەندی

## بەرایی

ئامانج لەم بەشە خستنەڕوو و شرۆڤەی داتاکان یان مەقوولە سەرەکییەکانە کە بنچینەی گراونددتیۆری پێکدەهێنن. هەروەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەم پێکرد، هەشت پرسیاری سەرەکی کە ناوم ناون تەوەرە سەرەکییە کان، لەم توێژینەوەیەدا تاوتوێ کراون. پرسیارە کانی چاوپێکەوتنە کانیش لە نێو ئەم تەوەرانەدا دەسوڕێنەوە. هەڵبەت، سوودم لە هەندێك میتۆد یان ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی دیکە وەرگرتووە کە لە بەشی میتۆدۆلۆجیدا ئاماژەم پیکردوون.

## بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان

لە بەشەکانی ڕابردوو و بەتایبەت ئەدەبیاتی توێژینەوەدا ئاماژەم بە ڕەگوڕیشەی کورد و پارادایمە زاڵەکان لەبارەی شیکردنەوەی ناسیۆنالیزم و بوونی نەتەوەیی کورد و ئەو مشتومڕانە کرد کە لە نێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا بوونی هەیە. ئەو مشتومڕە کاریگەری لە سەر زەینی تاك و کۆمەڵی کورد و خەڵکی کوردستان هەبووە و هەیە. وەك دواتر لە شرۆڤەکاندا ڕوونی دەکەمەوە، هێشتا خەڵکێکی زۆر هەن کە لە کاتی پێناسەکردنی خۆیاندا وەك کورد، موسوڵمان، موسوڵمانی کورد، کوردی موسوڵمان، کورد ستانی، عێراقی، سۆرانی، بادینی، هەورامی، ئاریایی و خۆپێنا سەکردن بە خێڵ، بنەماڵە و ناوچە ناتوانن خۆیان یەکلایی بکەنەوە. خۆیەکلاییکردنەوە تەنیا گرفت نییە بۆ کەسێك، گروپ و خەڵکی شارێك، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە هەبوونی هوشیاری، ناسنامەی نەتەوە و نیشتیمانییەوە. پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە هەبوونی کورد لەناو مێژوو یان لە دەرەوەی مێژووەوە. ئەم کێشمەکێشە

دەمانباتەوە بۆ ئەوەی کە کورد لە ڕوانگەی خەڵکییەوە نەتەوەیە یان نەتەوە نییە. ئەگەر وەك پارادایمی زاڵ سەیری هەبوون و نەبوونی نەتەوە بکەین، ئەوە مۆدێرنیستەکان پێیانوایە، ناسیۆنالیزم نەتەوە بەرهەم دەهێنێت. گرنگە لە ناسیۆنالیزمی کورد لە هەرێمی کوردستان تێبگەین. پاشان پرۆژە و هەنگاوەکانی بەرەو نەتەوەسازی شەنوکەو بکەین. لە کاتی کۆدبەندی و شرۆڤەی مەقوولەکاندا وەك پاڵپشتی، بۆچوونی هاوڵاتیانی هەرێم سەبارەت بەم پێناسەکردنانە و تەوەرەکانیتر ئاماژە پێدەکەین.

لە ڕێگەی تاوتوێی داتا بەدەستهاتووەکانی قۆناغی یەکەمی کۆدبەندیی کراوەوە، (٣٧) چەمك بەدەست هاتن کە لە خشتەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو. چەمکەکان دەرخەری ڕوانینی چاوپێکەوتنەکانن دەربارەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە هەرێمی کوردستاندا.

**خشتەی ١ ناسیۆنالیزم یان کوردایەتی لە ڕوانگەی ئیوەوە چی دەگەیێنێت؟ ئایا لە باشووری کوردستان ناسیۆنالیزم هەبووە و هەیە؟**

| ڕیز | دەستەواژە | چەمك |
|---|---|---|
| 1 | ناسیۆنالیزمی کوردیی وەك هەموو ناسیۆنالیزمێکی تر گۆڕانکاری بەسەر هاتووە و پەرەی سەندووە. بە هاتنی پارتی دیموکراتی کوردستان، جۆرێك لە هزری نائایینی و دواتر لە شۆڕشی نوێدا هزری چەپ. ناسیۆنالیزمی ڕەسەنی کوردیمان نییە. مۆدێرنیتەیە دێت ناوی ناسیۆنالیزمی لێدەنێت. | هەڵبەزودابەزی ناسیۆنالیزمی کوردیی |
| 2 | نەبوونی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەریی سەربەخۆخواز و ناکامڵبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی، هەڵبەزودابەزی بەئاگاهاتنەوەی کورد،<br><br>هیچ بزووتنەوەیەکمان نییە ستراتیژییەتێکی سەربەخۆخوازانەی هەبێت. | گومان لە ناسیۆنالیزمی کوردیی بزووتنەوەی خاوەن ستراتیژی سەربەخۆخواز |
| 3 | ئەم ڕێبازە لای کورد زۆر دواکەوت تەنانەت لە دوای عوسمانییەوە. هەتا جەنگی یەکەمی جیهانیی جیابوونەوەیەك نابینی لەبەینی کوردیك و ڕەعیەتێکی دەوڵەتی عوسمانیدا. کورد خۆی بە عوسمانی دەزانێت و پێگەیەکیشی هەبوو لە دەوڵەتی عوسمانی. ڕەوتێك بەناوی ناسیۆنالیزم ویستبێتی نەتەوەیەك بەناوی نەتەوەی کورد دروست بکات و قەوارەیەکی سیاسی بۆ دابنێنت ئەمە زۆر دواکەوتووە. لە دیاسپۆرا لەدایکبووە. هەندێك نیشانەی کۆتاییەکانی سەدەی 19 | هاوردەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی |

| | | |
|---|---|---|
| | سەرەتای ناسیۆنالیزمە، کە ناسیۆنالیزمی نوخبە بوو. خەڵکە گشتییەکە هەستیان لاواز بوو. | |
| 4 | ئەگەر هزر بێت ناتوانی دایبڕیت لە شیعرەکانی خانی و حاجی قادرەوە. کاتێك ئەحمەدی خانی دێت سنووری جوگرافیای کوردستان دەنەخشێنێت ئەمە بۆ خۆی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم بیرە. ئەگەر بیرەکانی خانی پراکتیك بکرانایە کورد پێش فەرەنسییەکانیش نەیشنی دروست دەکرد. ناسیۆنالیزمی کوردیمان نەبووە. وەك ئایدیۆلۆجیا هەبووە. وەك بزووتنەوە نەبووە. حزب و ڕابەرمان نەبووە کە دروستی بکەن. | ناسیۆنالیزمی کوردی وەك ئایدیۆلۆجیا<br><br>پرەکتیکنەبوونی بیرەکانی خانی |
| 5 | ئەوەی خانی و حاجی قادر کردوویانە حەرەکەی ناسیۆنالیستیی نەبووە. کاریان لەسەر چەمك و واتا دینییەکان کردووە، نەك نەتەوە و ناسیۆنالیزم. بەڵام خانی لە مەموزیندا کەمتازۆر پەیوەندییان بە فکری ناسیۆنالیزمەوە هەیە. ڕۆژنامەی کوردستان زەمینەسازی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی خۆی جیاوازی دروست دەکات و لە ناوەوەی خۆی چوونییەکی، کورد ڕێك بە پێچەوانەوە. | قووڵنەبوونی ڕەگوڕیشە |
| 6 | ناسیۆنالیزمی کوردی نە تیۆرە نە مێتۆد. ئۆرگانیکە. تیۆرایز نەکراوە. بڕۆ سەیر بکە هیچ شوێنێك وەکو کوردستان نییە کە خەڵکێك بتوانێت ناسنامەی خۆی بپارێزێت. سەیری مەسیحی بکە. بڕۆ سەیری ناوچەی دهۆك بکە. بزانە چەندە مەحافەزەکارن، بەڵام هەموو گروپ و خەڵکانیش دەتوانن ناسنامەی خۆیان بپارێزن. ناسێنراون. ناسیۆنالیزم بەشێکی جووڵانەوی کوردە. خۆیبوون گرنگە. چونکە چەمکی پێشمەرگە و نەورۆزی بەکار هێناوە. پەیڤی شەهید و ساڵیادی نەورۆز و ئاڵای کوردستان. ناسیۆنالیزمەکەی شێخ عەبدوسەلام وەك هی ئێستا ئەوروپییەکانە. جووڵانەوەی نەتەوەیی فراوانترە لە ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزمێکی میانەڕەو، فرەڕەنگ و ناتوندوتیژ. | فراوانتربوونی جووڵانەوە لە ناسیۆنالیزم<br>تیۆریزەنەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی<br>یونیکبوون<br>ناسیۆنالیزمێکی میانەڕەو |
| 7 | بۆیە پاشخانی ناسیۆنالیستیی حزبە ناسیۆنالیستەکانیش حزبی هیوا بوو و پاشخانی ئەویش خۆیبوون بوو. کەسی ناسیۆنالیستمان هەبووە بەڵام ناسیۆنالیزم لە پانتایی گشتیی نەخێر. حزبی ناسیۆنالیست نەخێر. ناسیۆنالیزمی دەستەبژێرانە گوتاری حاجی زۆر کۆنتر بوو وەك لە نەتەوەکانیتر. | ناسیۆنالیزمی دەستەبژێرانە |

| | | |
|---|---|---|
| 8 | یەك نیشـــانەی نەتەوایەتی لە میرگە کان نابینین. هزری نەتەوایەتی لە بازێر دەستی پێنەکردووە. لە گونددا دەستی پێکردووە. ناسیۆنالیزممان هەبووە لەسەر ئاســتی نوخبەی کورد. جووڵانەوی نەتەوەیی ســنووردارە و ناتوانین لەو ســنوورە تێپەڕین. | لەدایـــکـــبـــوونـــی نەتەوایەتی لە گوند |
| 9 | ناسـیۆنالیزمی کوردی لە کوردسـتانی باشـووردا زۆر ئینکلوسـف (سـەرجەمگیر) نییە، واتە هەمووان ناگرێـــتە خۆی. بۆ گروپێکی تایبەتە. لەڕووی ئیتنییەوە بەڵی ئێمە هەموو تایبەتمەندی(مقومات) و پێگەکانی نەتەوەمان هەیە. شـــتێکت بەناوی حەرەکەی کوردی و بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی و پێشمەرگە هەیە | ناسیۆنالیزمی کوردیی ئێتنیکی |
| 10 | تا دروستبوونی پارتی ناسیۆنالیزمی کوردی لۆکاڵییە. لە پارتییەوە دەبێتە سێکۆلار نـاشـــنـالیزم. ڕاســتە نـاســـیۆنـالیزمیـان بونیـاد نـا، بەڵام ڕێگر بوون لەبەردەم دروستکردنی ناسنامەی هاوبەش. بەهای هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش. | نـاســـیۆنـالـیـزمـی بەرگریکارانە |
| 11 | بە بێ مێژوو نەتەوە دروســـت نابێت. کەواتە ڕەگوڕیشـــەیەکی مێژوویی لەگەڵ مەکینەیەکی مۆدێرن. لە سـەرەتاوە تا شـێخ مەحمود ناسـیۆنالیزمێکی سـادەیە. واتە ناسیۆنالیزم بووە in making لە پرۆسەی دروستبووندا بووە و گەشەسەندندا. | ناسیۆنالیزمی لۆکاڵی |
| 12 | ئێمە تەرجومەی تەرجومەمـان وەرگرتووە، ئەوان نەیشــنیـان کردووە بە ئومە و ئێمەش ئومەمـان کردووە بە نەتەوە. بەڵام نەیشــنەکەی تر بە واتـای کەنتری، دەبووایە عەرەب بیکات بە وطن و ئێمەش بە نیشــتیمان، بەڵام ئێمە لە بەینی ئەوانە تێکەڵمان کردووە. ئێمەش بە دەستی سێ شعورمان بەوە کرد کە ئێمەش بە بە هەمـان ڕەوت و حەرەکە دەتوانین مـافەکـانی خۆمـان وەکو کورد، مـافی کولتووری و ناسنامەمان، مافی سیاسیمان بپارێزین. | ناسیۆنالیزمی دەستی سێ<br>شکست لە ناسنامەی هاوبەش |
| 13 | مەلا مســـتەفا کابرایەکی ئازا بوو. لە دوای ئەیلۆلەوە ســەدا هەشـــتای خەڵك سوێندی بە سەری مەلا مستەفا دەخوارد. من ئەم دوو حزبە هەر بە کورد نازانم. کۆمەڵگەی خێڵەکی کێشەی نەتەوەیی چارەسەر ناکات. ئەوکات سیاسەتی ئەم حزبانە سیاسەتێکی ڕۆژانە بوو. | ڕۆژانەبوونی سیاسەتی یەکێتی |
| 14 | ئێمە ناســیۆنالیزممان هەبوو. پەیوەندی بە چەوســـانەوە و واقیعەوە هەبووە. نـاســـیۆنـالیزمی کوردی حـاڵەتێکی پێگەیشـــتووی نەبووە. نەتەوە لای من | ناکاملیی |

| | | |
|---|---|---|
| | هۆ شمەندییەکە لای کۆمەڵێك خەڵك لە لە نیشتیمانێکدا دەژین خاکی خۆیان هەیە بەرژەوەندی و ئابوری و کۆیادەوەری خۆیان هەیە. | |
| 15 | لە دوو هەزار ســاڵی ڕابردووە شــتێك نەبووە بە ناوی کورد. کە خە یا ڵدانێکی دەســتەجەمعی هەبووبێت. لە کوردا بە ناوی نەتەوەپەرەســتی. کۆمەڵێك قەوم هەبوون پێی وتراوە ئێرانی. بە گوێرەی تەبەری کورد شــاخاوی بوون و کۆچەری و فارس شــاریی... هیچمان لە ئێران جیا نییە. ڕۆح نەتەوەیی خۆڕســك نەبووە. داگیرکەر ناسیۆنالیزمی کوردیی دروست کردووە. | ئێرانیبوونی کورد.<br><br>بەرهەمی داگیرکەر |
| 16 | سەدساڵ شۆڕشەکانی کورد شۆڕشێك نەبوون کە بتوانن خەڵك لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. کورد بە واقیع نەتەوە بووە. بەڵام وەك حەرەکەیەکی ناسیۆنالیســتی بۆ ئاڕاستەکردن لەناو کورددا نەبووە. شەپۆلێك بووە کە لە دەرەوە بۆت هاتووە. | شکستخواردوو |
| 17 | دابەشکردنی کوردستان بۆ چوارپارچە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر کوردستان و ناوچەکە. | دابەشـــکـــردنـــی کوردستان |
| 18 | ناسـیۆنالیزی کوردی لەسـەر ئەسـاسـی زمان حەرەکە دەکات. ئێمەی کورد لە 1880 بەولاوە کە عوســمانی لە لاواز یدا بوو، ئەم حەرەکەیە دەســتی پێکرد کە دەمـانەوێـت دەوڵەتێکمان هەبێـت. ئـایـدیۆلۆجیـای ئێمە کە بزووتنەوەی ناســیۆنالیســتی بەڕێوەی دەبات میللەتی ئێمەی باش دروســت نەکردووە. هەستەکە هەیە، ئەگەر ناسیۆنالیزم لە میللەتێکدا نوخبەکەی تەقلیدی بێت ئەوە پابەندە بە بیروباوەڕی عەشایری و قەبیلەیی. | نـاســیـۆنـالـیـزمـی عەشیرەیی |
| 19 | کورد ئەو کاتە هەســتی کرد کە ئەگەر عەرەب نەتەوە و تورك نەتەوەیە. هەســتی نەتەوەیی تەنیا بەس نییە و بەشــی ئەوە ناکات کە تۆ ســیاســەت ڕەســم بکەی. بەرنامە داڕێژی و بیر لە داهاتووی خۆت بکەیتەوە. | کـــاریـــگەری ناسیۆنالیزمەکانی تر |
| 20 | بزووتنەوەی کوردایەتی بەرچاوی ڕوون نییە. هەلاهەلایە. لەسـەر چی هەلاهەلایە لەســەر بەرژەوەندییە. خۆ لەســەر دەوڵەتی کوردی و زمانی کوردیی نییە. لەســەر پۆست و وەزیر و پارەیە | هەلاهەلایــــــی کوردایەتی |
| 21 | بەعس خۆی کوردی ناچار دەکرد بیر لە خۆی و ناســنامەی خۆی بکاتەوە. عراق ئەگەر دیموکراسی و لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بووایە کەس بیری لە قەومییەت نەدەکردەوە... گوتاری پارتی و یەکێتی و ئەوانیتر بە هەمووومان نەمانتوانی عەقڵی | لاوازیی گوتار |

| | | |
|---|---|---|
| | هەزار گەنج موخاطەبە بکەین. کورد لە سـەردەمی میرنشـینەکان باشـتر بیری ئەکردەوە تا ئێستا. | |
| 22 | لە قۆناغێکدا داخوازییەکان زیاتر ڕۆشنبیری بووە. دواتر زیاتر ئیداری بووە و ئەنجا ئۆتۆنۆمی و فـدرالییەت. دواتر سـەربەخۆی و ڕفرانـدۆم. بەڵام کوردایەتییەکە ناونیشـانێك بوو بۆ هەموو ئەم شـتانە. بەڵام چەمکی کوردایەتی زەربەی زۆری بەرکەوتووە بەتـایبەت لە دوای (1991) ەوە. هەمووـان خۆیـان بە خـاوەنی کوردایەتی دەزانی، بەڵام کوردایەتییەك نەبوو بە شـەرتی کۆکەرەوەی هەموو هێزەکان. | جووڵانەوەی حزبیی حکومی |
| 23 | شـۆڕشـی دووەمی بارزان کە لە 43 دروسـت دەبێت مەحەللییە. با خواسـتەکانی نەتەوەیشـی تێدایە بەڵام زۆر کەم. ئەوەی لە سـەد سـەدو بیسـت سـاڵی ڕابردوو ڕوویـداوە نـاسـیۆنـالیزمە. نەتەوە زمـان یەکی دەخـاتەوە. دووەم ڕەگەز کە لە ناسیۆنالیزمی کوردی هەیە خاکە. | ناسـیۆنالیزمی زمان و خاك |
| 24 | ئەوەی لە کوردستان هەیە تەقریبەن نزیکەی سەدو شتێ ساڵە من ئەتوانم بڵێم هەم کوردایەتییە هەم ناسـیۆنالیسـتە. لە تورکیا مەتبەعە درەنگ دێت، بێگومان درەنگ دێت بۆکوردسـتانیش، بۆیە مەسـەلەن دیوانی ئەحمەدی خانی چاپ ناکرێت. هیلالی ئەندێشـەی کوردایەتی لە سـەدەی بیسـتەمدا ئیکتیمالی کردووە، من وای دەبینم ئێستا ناسیۆنالیزمی کوردی بووە واقیعێک حەتتا وڵاتانی دەوروبەریشمان خەریکن تەعامولی لەگەڵ دەکەن. | بوون بە واقیع<br>درەنگ دەرکەوتن |
| 25 | لە باشـووری کوردسـتان لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە سـەر هەڵدەدات. هیچ هێزێکی نەتەوەیی ڕەسەن لە کوردستاندا بوونی نییە. | هـێـزی نەتەوەیـی ڕەسەن |
| 26 | مەزڵومییەتی کورد لە مێژە دەسـتی پێکردووە، هەر لە چاڵدێرانەوە. تا سـایکس بیکۆ و تا ئێستاش بەردەوامە. شۆڕشەکان لای ئێمە جێگەی تەقدیرن، جێگەی ڕێزن، چ ئەو قوربانیانە، چ ئەو سیمبولانە، ڕەمزانە، ئەوانە هەمووی جێگەی ڕێزن، | پـیـرۆزبـوونـی شۆڕشەکان<br>قەزیەیەکی انسـانی اخلاقی |

| | | |
|---|---|---|
| 27 | فارسەکان بۆ نموونە عومقیان ئەگەڕێتەوە بۆ ساسانییەکان. بۆ کورد شتێك شك نابەم. بۆ ئێمەی میللەتی کورد. ئرثێکی زۆر شـــك نابەین. من ئێســـتا تەعامولی قیـاداتی کورد لەگەڵ مەرکەز و دەوروبەر ئەبینم ئیتر ئەڵێم بۆ گلەیی لەوانەی پێشتر بکەین. | شارستانییەت |

پاش ئەنجا مدانی قۆ ناغی یەکەمی کۆدبە ندیی کراوە، لە قۆ ناغی دووەمی کۆدبە ند یدا، چەمکە هاوبەش و هاوشـــێوەکان لە چوارچێوەی (٥) مەقوولەی ســـەرەکیدا پۆلێنبەندیی کراون. لە خوارەوە، مەقوولە سەرەکییەکان بەگوێرەی جیاوازی کۆدەکان و چەمکە سەرەتاییەکان خراونەتەڕوو:

**خشتەی ٢ مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە ناسیۆنالیزمی کوردیی لە باشوور**

| مەقوولەکان | چەمکەکان |
|---|---|
| یەکلانەبوونەوەی ڕەچەڵەك | کۆچەری و ئێرانیبوونی کورد، قووڵنەبوونی کورد، فرەئێتنیکبوونی کورد، پرە کتـیکنە بوونی بیرەکـا نی خـا نی، نـاهـاوڕە نگیی (انســـجـام) کورد، یەکنەتەوەنەبوونی کورد، کۆچەری و خێڵەکیبوون |
| نـا (کـات ـــــ شـــوێـنـیـی) ناسیۆنالیزمی کوردیی | وەرگرتنی چەمکی ناسیۆنالیزم دەسـتی سـێ، هەڵبەزودابەزی ناسـیۆنالیزمی (بێقووڵایی) کوردیی، گومـان هەبوونی نـاسـیـۆنـالیزمی کوردیی، ئەزموونی ناسـیۆنالیزمی کوردی وەك ئایدیۆلۆجیا، هێزی نەتەوەیی ڕەسـەن، بزووتنەوەی خاوەن ستراتیژی سەربەخۆخواز، ناسیۆنالیزمی شکستخواردوو، ناسیۆنالیزمی ڕەسەنی کوردیی، قووڵنەبوون، هەستی نەتەوایەتی لەگوند، درەنگ دەرکەوتن، کاریگەری ناسیۆنالیزمەکانی تر، نیشانەی نەتەوەیی لە میرگەکان. |
| کاریگەری دەرەکی | دابەشکردنی کوردستان، بوون بەواقیع، پیرۆزبوونی شۆڕشەکان، قەزیەی کورد وەك قەزیەی انسانی، ستەمی وڵاتانی دراوسێ |
| تایبەتمەندیی نـاســـیۆنالیزمی کوردیی | فراوانتربوونی جووڵانەوە لە نـاســـیۆنـالیزمی کوردیی، بەرهەمی داگیرکەر، ناسیۆنالیزمێکی بەرگریکارانە، لۆکاڵی ڕووڵەگەشە، ناسیۆنالیزمی زمان و خاك، ناســـیۆنالیزمی دەســـتەبژێرانە، ناســـیۆنالیزمی عەشـــیرەیی، تیۆریزەنەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی، ناسیۆنالیزمێکی مۆدێرن. |

| | |
|---|---|
| شکستی کوردایەتیی لە باشوور | ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی، ڕۆژانەبوونی سیاسەتی یەکێتی و پارتی، ناکاملّیی، ناسیۆنالیزمی فاشیل، هەلاهەلایی کوردایەتی، لاوازیی گوتار، جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی حەقیقییەوە، جوڵانەوەیەکی حزبیی حکومی، |

**ناڕوونیی لە ڕەچەڵەك**

لە بەشی ئەدەبیاتی توێژینەوەدا هەندێك ئاماژەمان بە ڕەگوڕیشەی کورد و مشتومڕەکان سەبارەت بە بوون و نەبوونی ناسیۆنالیزمی کورد کرد. بەشدارانی ئەم توێژینەوەیە، بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەش بوون. هەندێکیان دروستە کە ئەزەلیگەرایانە دەڕواننە ڕەگوڕیشەی نەتەوەکان بە گشتی، بەڵام، پێیانوایە کە کورد خاوەنی ڕەگوڕیشەیەکی قووڵ نییە. کاتێك بەراوردی دەکەیت بە نەتەوەکانیتر، بۆت دەردەکەوێت کە کورد نە میراتێکی هەیە، نە قووڵاییەك. بۆ نموونە یەکێك لە بەشداربووان کە بەرپرسێکی حزبییە بەمشێوەیە باسی ڕەچەڵەکی کورد دەکات:

*لە دوو هەزار ساڵی ڕابردووە شتێك نەبووە بە ناوی کورد. کە خەیاڵدانێکی دەستەجەمعی هەبووبێت. لە کوردا بە ناوی نەتەوەپەرەستی. کۆمەڵێك قەوم هەبوون پێی وتراوە ئێرانی. بە گوێرەی تەبەری کورد شاخاوی بوون و فارس شاریی. کورد بێ شوێن بووە. بەڵام لە سەرزەمینی ئێراندا. هەمووی یەك میللەتە بەناوی ئێران. کورد زمانی نەبووە، نووسینی نەبووە. زمانی گفتوگۆی نەبووە. شعری نەبووە. کورد فارسی بە جیا لە خۆی نەزانیوە. بەڵام شتێك و قەومێك بەناوی فارس نەبووە پێشتریش، عەرەب ناوی ناوە فارس. کورد و فارس ڕەفیقن. هیچمان لە ئێران جیا نییە. ڕۆحی نەتەوەیی خۆڕسك نەبووە. داگیرکەر ناسیۆنالیزمی کوردیی دروست کردووە.*

ئەم دەقەی سەرەوە بە ئاشکرا زاڵبوونی هزری "ئەویتری" ئێرانی بەسەردا زاڵە. سەرچاوەکەی دەقێکی ئایینییە و باس لە نەبوونی مێژوو و کەلەپورێکی دیاریکراو سەبارەت بە کورد دەکات و ناسیۆنالیزمی کوردیی بە دروستکراوی داگیرکەران دەزانێت. هەڵبەت مەبەست لە داگیرکردن، ئینگلیز و وڵاتانی زلهێزن.

هەروەها یەکێك لە بەشداربووان کە ئەکادیمییەکی دیارە، پێیوایە کە بۆ دۆزینەوەی ڕەگوڕیشەی کورد، بۆچی دەبێت پێمان وابێت کە کورد بەڕاستی یەك نەتەوەیە. ئەگەر یەك نەتەوەیە بۆچی خاوەنی سێ زمان یان شێوەزاری تایبەتە، بۆچی ناکرێت پێمان وابێت کە کورد فرەنەتەوەیە. ئەو دەڵێت:

*ئایا ئێمە نەتەوەین؟ پرسیارێکی زۆر گرنگە. ئەگەر زمان، ئایین، جوگرافیا پێناسەمان بکات و ئێمە جیابکاتەوە لەئەوانیتر، دەی خۆ نە زمان، نە ئایین و نە جوگرافیا ئێمە کۆناکاتەوە. تەنانەت ئەو هەست و خە یاڵەی کە ئەندرسن باسی دەکات نییە. ئەو جیاکاری و قوڵاییەی لە نێوان هەڵەبجەیی و سلێمانەییەکدایە لە نێوان بەلجیکی و فەڕەنسییەکدا نییە. ئەو شارچییەتیەی کە هەیە. جارێ هەولێر و سلێمانی. نابێت بترسین. ئێمە ڕەنگە یەك نەتەوە نەبین. ئێمە کۆمەڵێك ئێتنیکی زمانەوانی ئایینین کە کۆبووینەتەوە لە شوێنێکدا کە لە کوردستاندایین. مەرج نییە یەك نەتەوە بین. دەبێ بە دوا ڕەگوڕیشەکانی بادینی، سۆرانی، هەورامی، ئێزیدی، قەڵخانی، کاکەیی و ... بگەڕێین.*

بیرکردنەوەیەکی دیکە سەبارەت بە ڕەگوڕیشەی کورد، ئەوەیە کە پراکتیکییانە دەڕوانێتە مێژوو و ڕەگوڕیشەی کورد. کۆچەری و خێڵەکیبوونی کورد کە نەیتوانیوە قۆناغی کشتوکاڵ تێپەڕێنێت. لەم ڕوانگەیەوە هەموو نەتەوەکان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبن، بەڵام ئێمە نەمانتوانی. یەکێك لە بەشداربووەکان دەڵێت:

*من قەناعەتم نیا کە کۆمەڵگێوە خێڵەکی بۆ، تاوۆ کێشەی نەتەوەیی چارەسەر کەرۆ. چونکە قۆناغێ هەنێ، پەی گە شەو کۆمەڵگەو ئێمە سەردەم و شۆڕشی ئەیلوولینە و شۆڕشی نوێینە برێ مەرحەلێما تێپەڕ کەردێ بێنێ بەس دما ڕاپەڕینێو گرد شاوە ئاردۆ پێ خێڵێ.*

*بەشداربوویەکی تر پێیوایە:*

*کە میراتی عوسمانی دابەش دەبێت کورد لەو دەعوەتە بەشدار نابێت. بزووتنەوەی شێخ مەحمود هەبووە کە زۆر لۆکاڵی بووە. ئەمانە هەموو لۆکاڵین. ڕادیۆ نەبووە، ئامرازەکانی گەیاندن نەبوون، ناوچەکە شاخاوی بووە. بزووتنەوەیەکی سەرتا سەری سەربەخۆییخوازی نەبووە. بۆ ئەوەی بگات بە مافەکانی و بە شەکەی خۆی ببات. وردەوردە ئەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو دۆخەوە. دوایی لە سییەکان و چلەکان و کۆماری کوردستان. وردەوردە ناسیۆنالیزم دەکاتە ناو کوردان و وردەوردە بە ئاگادێنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناکامڵ. ناکامڵ لەبەر نەخوێندەواریی کۆمەڵگە و بونیادی خێڵەکیی کۆمەڵگەی کوردی*

*(ئەگەر ناوی بنێین کۆمەڵگە) هەروەها بونیادێکی خێڵسەنتەری دابەشبوو بووە، ئەو وڵاتانەش کە دەبنە جێگرەوەی کۆلۆنیالیزم کە ئەوانیش سیاسەتی پارچەپارچەکردنیان گرتەبەر.*

**نا (کات ـ شوێنیی) ناسیۆنالیزمیی کوردی**

سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کورد وەك چەمکێکی مۆدێرن یان پێشمۆدێرن جێگەی مشتومڕی زۆرە. بۆیە شارەزایان خۆیان لە پۆلێنبەندیکردنی ناسیۆنالیزم و کات ـــ شوێنی سەرهەڵدانی بەدوور دەگرن. بەڵام زۆربەی بە شداربووان جەخت لە سەر مۆدێرنبوونی چەمك و بزووتنەوەی کوردایەتی دەکەنەوە. لە نێو هەموو بەشـــداربوواندا کە زۆربەیان ئەکادیمین و کاری جدییان لەم بارەیەوە کردووە، یەکێکیان وردتر لەوانیتر بەم شێوەیە ناسیۆنالیزمی کوردی پۆلێنبەندی دەکات:

*سەرەتا لە ئستەنبول پەیدا بوو. دوو خەت بوون. بەدرخانییەکان و نەهرییەکان. مەبەستم هی مۆدێرنە. چونکە پێش ئەوە نەهرییە. نەهری نەوەیەکی نوێی هێنا. ناشـنالیزم بەشـێکی جوڵانەوەی کوردە. بەڵام وەك هەموو دنیا ناسـیۆنالیزمی کوردی لە قۆناغی یەکەم لە (1918) بوو لە جەنگی جیهانیی یەکەم. تا (1923) و دروستبوونی تورکیا و عێراق. کە خاڵێکی بەیەکگەشتن بوو. دواتر کە تورکیا دروست بوو زیاتر ناسیۆنالیزمی کورد بە تایبەت لەلایەن ئەو کەسانەوە کە لە ئەستەنبولەوە هاتنەوە بۆ لای شێخ مەحمود و قەناعەتیان پێهێنا. ئیشـیان لەگەڵ کرد. شـێخ بوو بە لیدەرشـیپ و ئەوانیتریش موسـتەفا پاشـای یامولکی و پیرەمێرد و.. دواتر ئێمە قۆناغی خۆیبوونمان هەیە.. چەمکی پێشـمەرگە و نەورۆزی بەکار هێناوە کە گوایە پیرەمێرد بووە بەڵام زیاتر ئەوانە بوون. پەیڤی شـەهید و .. یادکردنەوەی نەورۆز و ئاڵای کوردسـتان. قۆناغی سـێ کە لە دوای (1930)یە. قۆناغی چوارم کە جوڵانەوەی کوردی هاتە ناوچەی هەولێر شێخ عەبدوسەلام بوو. لە سەردەمی ئەو کەمینەکان زۆر بەبا شی گیرانەخۆ. نا سیۆنالیزمەکەی ئەو وەك هی ئێستا ئەورووپییەکانە. قۆناغی دواتر مردنی خەلیل خۆشەوی و چوونی مەلا موستەفا بوو. قۆناغێکی واقیعیبونی ناسیۆنالیزمی کوردی بوو. تا ساڵی (1959) کە مەلا مستەفا هاتەوە ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر ئۆرگەنایز(ڕێکخراو) بوو... جۆرێك لە دامەزراوەییبوونی پێوە دیار بوو. ئامانجێکی دیاری هەبوو.*

هەر سەبارەت بە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، ئاماژە بە کاریگەری مۆدێرنیتە لە تێگەیشتن و پێناسەکردنەوەی هەموو چەمك و دیاردەکانیتری هاوشێوەی ناسیۆنالیزم دەکرێت. یەکێك لە بەشداربووان پێیوایە کە ئەوە هێزی مۆدێرنیتەیە کە دێت و هەموو شتەکان پێناسە دەکاتەوە و ڕەنگوبۆنێکی نوێیان دەکاتەوە بەبەردا. ئەگینا ناسیۆنالیزمیی کوردی خۆی لە بنەڕەتدا بوونی نییە و ئەوە مۆدێرنەیە کە ناوی لێدەنێت و بەرهەمی دێنێتەوە:

*نا سیۆنالیزمی کوردی وەك هەموو نا سیۆنالیزمێکی تر گۆڕانکاری بە سەر هاتووە و پەرەی سەندووە. بە هاتنی پارتی جۆرێك لە هزری نائایینی و دواتر لە شۆڕشی نوێدا هزری چەپ. نا سیۆنالیزمی ڕە سەنی کوردیمان نییە. مۆدیرنیتەیە دێت ناوی ناسیۆنالیزمی لێدەنێت.*

لەڕووی سەرهەڵدان و فۆڕمەوە، بە سودوەرگرتن لە مۆدێلەکانی تری نا سیۆنالیزمی ڕۆژئاوا یەکێك لە بەشداربووان پێیوایە:

*ناسیۆنالیزمی کوردی لەڕووی مێژووییەوە لەژێر کاریگەری قوتابخانەی ئەڵمانیدا سەری هەڵداوە، قوتابخانەی ئەڵمانی گرنگی ئەدا بە زمان بە مێژوو بە نەژاد بەو شتانە بۆ پێناسەکردنی نەتەوە و ناسنامەی نەتەوەییەکەی. ناسیۆنالیزمی کوردی بە جۆرێ لە جۆرەکان لە باشووری کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە سەر هەڵدەدات.*

لەڕووی چەمکناسییەوە، کوردیش وەك نەتەوەکانیتری ناوچەکە، چەمکی نەتەوەیان بە هەڵە وەرگێڕان کردووە. کورد چەمکی (nation)ی بە هەڵە و دەستی سێ لە عەرەبەوە وەرگرتووە. ئەم مشتومڕە تا هەنووکەش ڕەنگدانەوەی لە کایەی هزریی و سیاسیدا هەیە.

بۆ نموونە یەکێك لە بەشداربووان پێیوایە:

*ئێمە تەرجومەی تەرجومە مان وەرگرتووە، ئەوان نەیشنیان کردووە بە ئوممە و ئێمەش ئوممە مان کردووە بە نەتەوە. بەڵام نەیشنەکەی تر بە واتای کەنتری، دەبووایە عەرەب بیکات بە وطن و ئێمەش بە نیشتیمان، بەڵام ئێمە لە بەینی ئەوانە تێکەڵمان کردووە. ئێمەش بە دە ستی سێ شعورمان بەوە کرد کە ئێمەش بە هەمان ڕەوت و حەرەکە دەتوانین مافەکانی خۆمان وەکو کورد، مافی کولتووری و ناسنامەمان، مافی سیاسیمان بپارێزین. بەڵام ئەوە کاتێك بوو کە کیانێکی کوردی مەوجود نەبوو.*

لەو سۆنگەیەوە کە پێکهاتە و نەتەوەی دیکە لە کوردستاندا دەژین، هەندێك بەکارهێنانی چەمکی نیشتیمانی و کۆمەڵگەی کورد ستانی بە گونجاوتر دەزانن، تا چەمکی نەتەوەیی و کۆمەڵگەی کوردی. ئەمە جگە لەوەی کە بۆ نموونە پێکهاتەیەکی وەك تورکمان جەخت لەسەر کوردستانیبوونی کوردستان دەکەنەوە، نەك کوردیبوون. لەم ساڵانەی دواییشدا، گوتاری بەرپرسانی حزبی و حکومیی بە ئاڕاستەی کوردستانیبووندا ڕۆشتووە. بۆچوونی یەکێك لە بەشداربووان سەبارەت بەم خاڵە ئەوەیەکە:

*مەرج نییە هەموو کەمینەکان ئەو جوگرافیایە بە هی خۆیان بزانن. ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوردستانی باشووردا زۆر سەرجەمگیر نییە، واتە هەمووان ناگرێتە خۆی. بۆ گروپێکی تایبەتە.*

لێرەوە دەردەکەوێت کە لەڕووی چەمك و تێگەیشتنەوە، چ گوتاری نەتەوەیی و سیا سی و چ کایەی ئەکادیمی و مێژوونوسیی کورد، نەیتوانیوە خۆی لەڕووی زانین و چەمکناسییەوە یەکلایی بکاتەوە. سەبارەت بە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی، دەکرێت بۆچوونەکان پۆلێن بکەین. جارێ بۆچوونێك هەیە کە هەبوونی ئەم ڕێبازە وەك بزووتنەوەیەکی سەربەخۆخواز لە کورددا ڕەت دەکاتەوە. بۆچوونێك دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی خانی. بۆچوونێك لە سەردەمی میرنشینەکانەوە بۆ پێش جەنگی جیهانی و ترۆپکی بزووتنەوەکە بۆ شۆڕشەکانی شێخ عوبەیدوڵای نەهری(١٨٨٠ز) و شێخ عەبدوسەلامی بارزان (١٩٠٧-١٩١٤ز) دەگەڕێنێتەوە و درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول(١٩٦١ز). هەڵبەت لایەنگرانی شۆڕشی نوێش(١٩٧٦ز) باس لە قۆناغێکی نوێ لە ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن. لەو بۆچوونەوە دەست پێدەکەین کە پێیوایە کە کورد هیچی لە نەوەکانیتر کەم نییە و ئەگەر هزری خانی تیۆریزە بکرایە، بەدڵنیاییەوە نەتەوەبوونی کورد پێش ئەورووپاش دەکەوت. ئەم هزرە باس لە پرەکتیکنەبوونی بیری خانی دەکات. بۆیە پێیوایە لەڕووی هزرەوە ناسیۆنالیزممان هەبووە نەك کردە و بزووتنەوە. بەشداربوویەك دەڵێت:

*ئەگەر هزر بێت ناتوانی دایبڕیت لە شیعرەکانی خانی و حاجی قادرەوە. کاتێك ئەحمەدی خانی دێت سنووری جوگرافیای کوردستان دەنەخشێنێت، ئەمە بۆ خۆی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم بیرە. ئەگەر بیرەکانی خانی پراکتیك بکرانایە کورد پێش فەرەنسییەکانیش نەیشنی دروست دەکرد. نابێت بە ناسیۆنالیزمی ئەورووپی ناسیۆنالیزمی کوردیی بپێوین. ناسیۆنالیزمی کوردی خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە.*

ڕای پێچەوانەش سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی لەڕووی هزرییەوە هەیە. بەشداربوویەك پێیوایە:
*ناسیۆنالیزمی کوردیی ڕەگوڕیشەی قووڵی نییە. هوشیاریی کورد قۆناغی بەرلە نەتەوەی تێنەپەڕاندووە. ناســیۆنالیزم دەبێت نەتەوە دروســت بکات. ئەوەی خانی و حاجی قادر کردوو یانە حەرەکەی ناسیۆنالیستیی نەبووە. کاریان لەسەر چەمك و واتا دینییەکان کردووە نەك نەتەوە و ناسیۆنالیزم. بەڵام خانی لە مەموزیندا کەمتازۆر پەیوەندییان بە فکری ناســیۆنالیزمەوە هەیە. ڕۆژنامەی کوردســتان زەمینەسازی ناسیۆنالیزمە.*

بەشــداربوویەکی تر ناسـیۆنالیزمی کوردی دەبەسـتێتەوە بەم سـەد سـاڵەی ڕابردووەوە. ئەو لەڕووی هزرییەوە ئاماژە بە داخوازییەکانی شۆڕشەکەی نەهرییە، بەڵام شێخ سەعیدی پیران بەو ناسیۆنالیزمە پێناسە دەکات کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەدا خەباتی کردبێت:
*یەکەم هزری نەتەوەیی لای نەهری هاتییە دەرکەتن، باســی کوردســتانی یەکگرتوو دەکات. هی عەبدوسەلامی بارزانی دە ستپێکی هزرێکی نەتەوەیی تێدایە. سێ داخازی دەداتە دە سەڵات. یەکەم داخازی زمانە. باشترین بژاڤ مەلا ئیدریسی بەدلیسییە. حەرەکەیەکی نەتەوەییە. بەڵام قۆناغی یەکەمی ناسیۆنالیزمی کوردی، شێخ سەعیدی پیرانە. کە وتی تورکان دەوڵەتێك چێکرد لەسەر خاکا مە.*

هەروەها ئەو بۆچوونەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاماژە بە پێنەگەیشتنی هزر و بیری ناسیۆنالیستی لە ناو کورددا دەکاتەوە و بکەربوون لە کارەکتەری کورد دەســەنێتەوە. ئەو بۆچوونەی کە بە گەڕانەوە بۆ مێژوونووســانی وەك ئەمین زەکی پێیوایە کورد لەژێر کاریگەری هزری "ئەویتری" عەرەب و فارس و تورك و تەنانەت بەعسدا بیری لە نەتەوە و نەتەوایەتی خۆی کردووەتەوە:
*کورد متجانس نەبووە. ئەم قســەیەی زەکی ڕاســتە کە تا عەرەب نەیوت من عەرەبم و تورك نەیوت من تورکم، کورد نەیوت من کوردم. ناسـیۆنالیزمی کوردی لە دوای لەناوبردنی میرنشـینە کوردییەکان بووە. ناسیۆنالیزمی کوردی ناسیۆنالیزمێکی یەکگرتوو نییە. متجانس نییە. درەنگ پێگەیشتووە.*

یەکێکیتر لە بەشداربووان ئاماژە بە ناچالاکبوونی کورد دەکات:
*بەعس خۆی کوردی ناچار دەکرد بیر لە خۆی و ناسنامەی خۆی بکاتەوە. عێراق ئەگەر دیموکراسی و لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون بووایە کەس بیری لە قەومییەت نەدەکردەوە. لە بیستەوە حەرەکەی قەومی سیاسی دروست دەبێت.*

هەروەها بۆچوونێکیتر بە پێچەوانەی زۆرینەی بەشداربووانەوە، جیاوازی دەکات لە نێوان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لەگەڵ جووڵانەوەدا. ئەو پێیوایە کە جووڵانەوە بەردەوامە، بەڵام لە شکستی شۆڕشی شێخ مەحموودەوە، شتێك بەواتای بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی نامێنێت:

*لە (١٩٢٢)ەوە لە دوای تێکشکانی بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود، دواتر ڕێککەوتننامەی لۆزان دێت کە ئێستا سەد ساڵی بەسەر تێپەڕ دەبێت و لەو کاتەوە بە واتایەك ناسیۆنالیزمی کوردیی شکست دەهێنێت. ناسیۆنالیزم بە واتای دروستکردنی قەوارەیەکی قانونی بۆ نەتەوەیە. باسی جووڵانەوەکە ناکەم باسی ناسیۆنالیزم دەکەم. کورد زەلیلە و ناتوانێت لە چوارچێوەی ئەو زەلالەتەوە دەربچێت. سەرەتا بە واتای جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی بوو. لە چوارچێوەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. لە قۆناغێکدا داخوازییەکان زیاتر ڕۆشنبیری بووە. دواتر زیاتر ئیداری بووە و ئەنجا ئۆتۆنۆمی و فدرالییەت. دواتر سەربەخۆیی و ڕفراندۆم. کوردایەتییە عونوانێك بوو بۆ هەموو ئەم شتانە. بەڵام چەمکی کوردایەتی زەربەی زۆری بەرکەوتووە بەتایبەت لە دوای (1991) ەوە.*

## هۆکارە دەرەکییەکان

ئەوەی باسمان کرد، مێژوو و سەرهەڵدانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کورد بوو، کە زیاتر سەرنجی لەسەر هۆکارە خودییە کان چڕ دەکردەوە. بەڵام، سە بارەت بە بوونی نەتەوەیی کورد، سەرهە ڵدان یان گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی، دیارە فاکتەری دەرەکیش ڕۆڵیان لەم پێناوەدا بینیوە. لانیکەم لە شەڕی چاڵدێرانەوە ناکرێت نکۆڵی لە کاریگەری دوو ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەوی لەسەر کورد بکر ێت. کەواتە بزانین هە ند ێك لە گرنگترین هۆ کارە کان کا مانەن. یەکەم، شوێنی جوگرافی و جیوپۆلەتیکی کوردستان و وابەستەبوونی کورد بە دەوڵەتی عوسمانی، وایکردووە کە درەنگ دەستی بە چاپخانە بگات. ئەم هۆکارە خۆی یەکێك لە هۆکارەکانی بڵاونەبوونەوەی هزرە نەتەوەییەکانی کەسانێکی وەك خانی و حاجی قادرن. یەکێك لە بەشداربوون ئاماژە بەوە دەکات کە:

*ئەم ڕێبازە لای کورد زۆر دواکەوت. تە نانەت لە دوای عوسمانییەوە. هە تا جەنگی یەکەمی جیهانیی جیابوونەوەیەك نابینی لەبەینی کوردێك و ڕەعیەتێکی دەوڵەتی عوسمانیدا. کورد خۆی بە عوسمانی*

*دەزانێت و پێگەیەکیشی هەبوو لە دەوڵەتی عوسمانی. ڕەوتێك بەناوی ناسیۆنالیزم ویستبێتی نەتەوەیەك بەناوی نەتەوەی کورد دروست بکات و قەوارەیەکی سیاسی بۆ دابنێت ئەمە زۆر دواکەوتووە.*

بەشداربوویەکی تر پشتڕاستی ئەم خاڵە دەکاتەوە:

*کورد بە قۆناغی من زۆر درەنگ گەشتووەتە ئەو قۆناغەی کە نەك بۆ دەرەوەی خۆی بۆ نێوخۆی یان خودی خۆی بژیت. کورد ئەو کاتە هەستی کرد کە ئەگەر عەرەب نەتەوە و تورك نەتەوەیە.*

هەر لە چوارچێوەی هۆکارە دەرەکییەکاندا ئاماژە بە دابەشکردنی کوردستان دەکرێت. سیاسییەك پێیوایە، لەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە جیهانی پێداتێپەڕی:

*هەرکەس و گەلێك بە گوێرەی شارەزایی و توانای خۆی، پێگەیەکی شیاوی بۆ خۆی دابین کرد. تەنیا کورد بێشانس بوو. لەبەر سیاسەت و بەرژەوەنی زلهێزەکانی ناوچەکە کورد کرا بە چوار پارچە. بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە و پارچانە لەوەدا نەبوو کە کوردستان ببێتەوە بە یەك. تا ئەمڕۆ بەردەوامە و سیاسەتی پێدەکرێت. دابەشکردنی کوردستان بۆ چوارپارچە کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر کوردستان و ناوچەکە.*

## تایبەتمەندییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی

بە گەڕانەوە بۆ بەشەکانی پێشوودا، ناسیۆنالیزم فۆڕمی جیاوازی هەیە. ئێمە سەرنجمان لەسەر فۆڕمەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی یان وردتر بڵێین تایبەتمەندییەکانی چڕ کردەوە، بۆ ئەوەی بزانین بزووتنەوەی کوردایەتی یان ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا واتای چییە؟ بەشداربووان باوەڕیان بە چەند جۆرێك ناسیۆنالیزمی کوردی هەیە، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگیترینیانن. ناسیۆنالیزمی هزری، ناسیۆنالیزمی لۆکاڵی، ناسیۆنالیزمی دەستەبژێر، ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانە، ناسیۆنالیزمی ئێتنیکی و ناسیۆنالیزمی تایبەت و تاقانە. لێرەدا ئاماژە بە چەند تایبەتمەندییەك دەکەین. لە مەقوولەی پێشوودا ئاماژەمان بە ناسیۆنالیزمی کوردی لەڕووی هزرییەوە کرد.

پێش ئەوەی دەست بە شرۆڤەی مەقوولە سەرەکییەکان بکەین، لە زۆر حاڵەت و هەڵوێستدا، ئەوە دروستە کە تا هەنووکە مێژوونووس و ئەکادیمییەکانی کورد لەژێر کاریگەری ئەو ململانێ و دوو جەمسەرییە سیاسییەی کە باڵی کێشاوە بەسەر کایەی ڕۆشنبیری و ڕای گشتیدا نەیانتوانیوە لەسەر

خەسڵەت و فۆڕمەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی خۆیان ساغ بکەنەوە. یەکێك لە بەشداربووان کە پسپۆڕێکی دیاری مێژووی کوردە، ئاماژە بەم دووجەمسەرییە حزبییە تەکسبینانەیە دەکات کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی زانکۆکانەوە دەستی وەرداوەتە کایەی ئەکادیمی و زانکۆکانەوە:

*بەداخەوە هەندێك لە ڕۆشنبیرەکانیش، ئەکادیمییەکانیش هەندێکجار ڕۆڵی نەرێنیی دەبینن. ئەبێت ئەکادیمی بیری کراوە بێت... زانکۆلای ئێمە لەسەر بنەمای سیاسی دامەزراوە. بۆیە ڕۆشنبیرەکان هەندێکیان ڕۆڵی نەرێنیان دیوە، بەڵام ئەوە حزبەکان بوون کە یارمەتیدەری ئەوە بوون و هانیان داون. پێش ئەوانیش بەعس.*

لە ڕوانگەی بەشێکی بەرچاو لە بەشداربووانی ئەکادیمییەوە ئەو فۆڕمە لە ناسیۆنالیزم کە زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت، بریتییە لە ناسیۆنالیزمێکی دەستەبژێرانەی کوردی. وادیارە ئەم بۆچوونە لەژێر کاریگەری تیۆرە بەناوبانگەکەی بنێدیکت ئەندرسندایە کە جەخت لەسەر کۆمەڵگە وێناییەکان دەکاتەوە. ئەو کۆمەڵگانەی کە تاکەکانی هەرگیز یەکتریان نەدیوە و نەناسیوە، بەڵام هەست بە بوونی یەکتر و یەکبوونیان دەکەن. پیشەسازی چاپ و پرنت یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئەو کۆمەڵگانە. نەتەوەسازی لەم گۆشەنیگایەوە، بەڕێگەی چاپ و بڵاوکراوە دەبێت بخزێتە نێو هەموو زەینەکانەوە و ڕۆحەکانەوە. هەموو تاکەکان هەستی پێبکەن و ئەو کۆمەڵگە وێناییە لە زەینیاندا بەرجەستە ببێت. ئەوەی کە چاپخانە درەنگ هاتووە کوردستان، یان خوێندەواری لە چاو شارە گەورەکانیتری وەك ئەستەنبول و بەغدا دوا دەکەوێت، قوتابخانەی مۆدێرن درەنگ دادەمەزرێت، ڕۆژنامەی کوردی درەنگ بڵاو دەکرێتەوە و ناگاتە هەموو شوێنەکانی کوردستان بەتایبەت گوندەکان، ئەمانە هەمووی کاریگەری لەسەر تەشەنەنەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی هەبووە. تەنانەت لە کایەی کولتووریدا، ئەگەر سازکراوگەرایانە بڕوانینە ناسیۆنالیزم، نەتەوە و مێژووی نەتەوەکەی بۆ سەردەمی خانی بگەڕێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە یەکێك لە کێشە و بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی ئەوە بووە کە گوتار، هونەر و هۆنراوە نەتەوەییەکان نەیانتوانیوە سنووری دیوەخان و چەند بەرگێکی کتێب و دیوانە شیعرێك تێپەڕێنن و بە شێوەیەکی ئاسۆیی بەنێو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو ببێتەوە.

بۆ نموونە بەشداربوویەك ڕای وایە، ئێمەی کورد:

*ناسیۆنالیستمان هەبووە بەڵام ناسیۆنالیزم لە پانتایی گشتیدا، نەخێر. حزبی ناسیۆنالیست نەخێر. ناسیۆنالیزمی دەستەبژێرانە گوتاری حاجی قادر لەژێر کاریگەری خانیدا زۆر کۆنتر بوو وەك لە نەتەوەکانیتر. بەڵام وشە جێگەی خۆی نەگرت. گوتاری تەریقەت زاڵ بوو. شعرەکانی حاجی هەر دەستەبژێرانە ماوەتەوە.*

بۆیە بۆچوونی یەکێك لە بەشداربووان سەبارەت بە میرنشینەکان ئەوەیە کە هیچکام لەو میرنشیانە خاوەنی هزرێکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی نەبوون. کورد لە ڕابردوودا لە زاری خانیشەوە:

*داخازا کوردستانێکا سەربەخۆ نەکردووە. داخازا ئیمپراتۆرییەتێکی کوردی کردووە. یەك نیشانەی نەتەوایەتی لە میرگەکان نابینین.*

یەکێك لە تایبەتمەندییە زەقەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی کە تا هەنووکەش نەیتوانیوە خۆی لەژێر دە ستیدا قووتار بکات، بریتییە لە خێڵەکیبوونی کۆمەڵگە و نا سیۆنالیزمی کوردی. ئەوەی کە گێلنەر لە نیشانەکانی بەپیشە سازیبوونی نا سیۆنالیزمی ڕۆژئاواییدا جەختی لە سەر دەکاتەوە. کۆمەڵگە دەبێت قۆناغی کشتوکاڵ تێپەڕێنێت بۆئەوەی بگات بەو قۆناغە. خێڵ و عەشرەت تا ئەم چرکەساتە یەکێکە لە بونیادەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. یەکێك لە بەشداربووان باس لەوە دەکات:

*کۆمەڵگەی ئێمە خێڵەکی ـــ کشتوکاڵی بووە. میریی لە شارێکەوە ڕۆشتووە بۆ گوندێك، گوتوویەتی با منداڵەکەت بڕوا بۆ قوتابخانە. کابرای گوند گوتوویەتی ئایا ئێوە فێری مانگادۆشینیان دەکەن؟ فێری گۆلهەڵکردن یان تووتنیان دەکەن؟ میرییش گوتوویەتی نا فێری خوێندەوارییان دەکەین. کابرای فەلاح گوتوویەتی دەی من منداڵم بۆ ئەم کارانە دەوێ. ئێمە شارمان نەبووە. لە ساڵەکانی هەشتاکاندا ئێمە شارمان نەبووە. ئێمە خێڵمان هەبووە.*

یان بەشداربوویەکی تر دەڵێت:

*خێڵ و عەشرەت و یەکە بچووکە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی کشتوکاڵی خاوەنی سیادە و سنوور و دەسەڵاتی خۆیان بوون. خاوەنی ماڵی تایبەتی خۆیانن. خاوەنی چەمکی دینیی شەرەفی هۆز و خێڵن. ئەمانە بۆ ئەوان لە هەموو شتێك گرنگترە. بۆیە ئەوان شتێك ناناسن بە ناوی ناسیۆنالیزم. بە ناوی نەتەوەوە. ئەوەی لای ئەو پیرۆزە جوگرافیای خێڵ، بیرکردنەوەی خێڵ، داکۆکی لە پیرۆزییەکانی خێڵە. شەڕ لەسەر سەروەری خێڵ و زەوی زار. بۆیە ئاساییە خێڵێك و خێڵێك لەسەر جۆگەلەیەك و*

*مەترێك زەوی و لەســەر کچێك و پەنابردنی کوڕ و کچێك لە خێڵێك بۆ خێڵێکیتر، ئەوانە هوشــیاریی بچووك بەر لە دروستبوونی نەتەوەن. سەردەمی دروستبوونی خێڵ هێشتا نەپەڕیوەتەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی نەتەوە.*

تایبەتمەندییەکیتری ناســیۆنالیزمی کورد، زیاتر پراکتیکییانە و لە واقیعدا ئاماژە بە میانەڕەوبوونی ناسیۆنالیزمی کوردییە. واتە یونیکبوون و تایبەتبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیی کە لە هیچ جێگەیەکی ئەم ناوچەیە بەدی ناکرێت. بەشــداربوویەك ســەرەڕای ئاماژەکردن بەوەیەکە کە بزووتنەوە و جووڵانەوەی کوردیی فراوانتر و گەورەترە لە ناسیۆنالیزم، بەمشێوەیە پێناسەی دەکات:

*ناســیۆنالیزمی کوردیی نە تیۆرە نە مێتۆد. ئۆرگانیکە. تیۆرایز نەکراوە. فۆڕمێکی ناســیۆنالیزمە لەســەر بلەدلاینێك نییە. زیاتر لەسەر جوگرافی و هۆم لەند و ئەزموونە. جیا لە نەتەوەکانیتر. برۆ سەیر بکە هیچ شوێنێك وەکو کوردستان نییە کە خەڵکێك بتوانێت ناسنامەی خۆی بپارێزێت. سەیری مەسیحی بکە. بڕۆ ســەیری ناوچەی دهۆك بکە. بزانە چەندە مەحافەزەکارن بەڵام هەموو گروپ و خەڵکانیش دەتوانن ناســنامەی خۆیان بپارێزن. بناســێنرێن. ناســیۆنالیزم بەشــێکی جووڵانەوی کوردە. بڕوانە خۆیبوون. چونکە چەمکی پێشــمەرگە و نەورۆزی بەکار هێنانە. پەیڤی شــەهید و ســاڵیادی نەورۆز و ئاڵای کوردستان. ناسیۆنالیزمەکەی شێخ عەبدوسەلام وەك هی ئێستا ئەوروپیەکانە. جووڵانەوەی نەتەوەیی فراوانترە لە ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزمێکی میانەڕەو، فرەڕەنگ و ناتوندوتیژ.*

یەکێکیتر لە تایبەتمەندییەکانی ناســیۆنالیزمی کوردیی لۆکاڵیبوونییەتی. هەڵبەت ســەرەڕای بۆچوونی جیاواز لەسەر بزووتنەوە و شۆڕشەکانی وەك شێخ مەحموود و شێخەکانی بارزان کە زۆربەی بەشداربووان بە خاڵی وەرچەرخانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییان دەزانن، خەسڵەتی لۆکاڵیبوون خاڵێکی نەرێنییە لە هەر فۆڕمێکی ناســیۆنالیزمدا. چونکە لۆکاڵیبوون، واتە ســنووری بیرکردنەوە و ئاســۆی ڕوانینی کۆمەڵ و ئێتنیکێك، بەڵام لە ســنوورێکی تەســکدا نەك ناســنامەیەکی هاوبەشــی نەتەوەیەکدا، لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەر و دۆخی تایبەتی جوگرافی، سیاســی و کولتووریدا. بۆ نموونە یەکێك لە بەشداربووان ئاماژە بەوە دەکات:

*شۆڕشی دووەمی بارزان کە لە (1943) دروست دەبێت، مەحەللییە. با خواستەکانی نەتەوەیشی تێدایە، بەڵام زۆر کەم. بەگشتی ئەوەی لە سەدو بیست ساڵی ڕابردوو ڕوویداوە ناسیۆنالیزمە. نەتەوە زمان یەکی*

*دەخاتەوە. دووەم ڕەگەز کە لە ناســیۆنالیزمی کوردی هەیە خاکە. هەروەها هەســتێکی هاوبەش. تۆ دەزانی خەڵکێك لە ســلێمانی ڕەمی کران تەنیا لەبەرئەوەی ئامادە نەبوون جنێو بە کاریزمای خۆیان بدەن (کە مەلا مســتەفایە). خۆ فرێشــیان بەســەر کوردایەتییەوە نەبوو. نەتەوە خۆی دەیکات. نەتەوە ناسیۆنالیزم دروست دەکات. نەتەوەیە قائد دروست ئەکات. نەك بە پێچەوانەوە.*

هەڵبەت ڕای پێچەوانەی ئەمەش هەیە کە بەشداربوویەکی ترە:

*تا دروســتبوونی پارتی دیموکراتی کوردســتان، ناســیۆنالیزمی کوردی لۆکاڵییە. لە پارتییەوە دەبێتە سێکۆلار ناشنالیزم. ڕاستە ناسیۆنالیزمیان بونیاد نا، بەڵام ڕێگر بوون لەبەردەم دروستکردنی کۆناسنامە (کۆمەن ئایدێنتیتی). بەهای هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش.*

ناسیۆنالیزمی بەرگریکارانە، فۆڕمێکی دیکە یان خەسڵەتێکیترە کە ئاماژەیە بەو جۆرە لە ناسیۆنالیزمی کوردی کە وەك پەرچەکردار بەرامبەر بە دەسەڵات و سیاسەتی دەوڵەت ـــ نەتەوەکانی ناوچەکە، چ بە ئاڕاستەی چەوساندنەوە و توانەوەی نەتەوەی کورد، چ بە ئاڕاستەی پڕۆژەی نەتەوەسازیی ئەو دەوڵەت ـ نەتەوانە ســەری هە ڵداوە. بە گەڕانەوە بۆ ئەدەبیات و شــیعری شــاعیرانی کورد، یان چاپەمەنی ڕۆژنامەکانی وەك کوردستان، بەئاشکرا تێبینی ئەم جۆرە لە خەبات و وروژاندنی هەستی نەتەوایەتییە دەکرێت.

*لەگەڵ ئەو ئاڕاســتەی بیرکردنەوەیەم کە ناســیۆنالیزمی کوردی ناســیۆنالیزمێکی بەرگریکارانەیە. پەرچەکردار یك بووە بەرامبەر بەهێزبوونی ناســیۆ نالیزمی عەرەبی. فارســی و تورکی. واتە لەڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتە بۆ دوای دەرکەوتنی ناســیۆنالیزمە باوەکان. بۆیە دەبینی ناســیۆنالیزمی کوردی کێشەی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی نییە. بۆیە من دەیگەڕێنمەوە بۆ کۆتایی (1800) کان و تا ئێستاش بەردەوامە. لە (2003)وە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێتە جێگیر.*

هەڵبەت بۆچوونی دیکەش هەن کە خوێندنەوەی جیاواز یان بۆ د یارکردنی تایبەتمە ندییە کانی ناســیۆ نالیزمی کورد هەیە. بۆ نموونە، یەکێك لە بەشــداربووان بە گونجاوی نازانێت بە پێوانەی ناسیۆنالیزمەکانی تر، کوردایەتیی بپێورێت.

*هیچ تێگەیشــتنێك لەو تێگەیشــتنانە ناتوانن خوێندنەوەیەکی تەواو بۆ دروســتبوونی نەتەوە بکەن. نە مۆدێرنەکان، نە پێشمۆدێرنەکان و نە ئەوەی سمیس پێی دەڵێت ناوەنجییەکان. یان خەتی ناوەڕاست.*

*بەو واتایەی کە نەیشـــن نوێیە، بەڵام ناوکێکی هەیە. هەموویان پێکەوە دەتوانن دیدێکی گشـــتگیرمان پێبدەن. چونکە نەتەوەکان بە پرۆسەی جیادا تێپەڕبوون. جارێ دەبێت بزانین نا سیۆنالیزم بیرە. خۆ لە وڵاتانی دیکەش هەر وان. خۆ ئەگەر بیرەکانی خانی پراکتیك بکرانایە و کورد ببوایە بە دەوڵەت کورد پێش فەرەنسییەکانیش نەیشنی دروست دەکرد. بەڵام ئەوانە لەبەرئەوەی ڕەگەزەکانی دیکەیان هەبوو بۆیە توانیان. ئەمە خۆبەکەمزانینی کوردە کە پێیانوایە چۆن دەبێت کورد تەرحێکی هەبێت کە پێش ئەوروپییەکان بکەوێت و پێش مۆدێرنە بکەوێت.*

## شکستی کوردایەتی

بە گەڕانەوە بۆ مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیی، سـەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان و سـۆشـیال میدیا، هەروەها لە گوتاری حزب و ڕاگە یا ندنە کانیانەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە هەردوو چەمکی کوردایەتی و ناسـیۆنالیزم شـانبەشـانی یەکتری بەکار هاتوون. هەڵبەت سـیاسـی و حزبییەکان زیاتر چەمکی کوردایەتی بەکار دەهێنن. تا هەنووکەش لە زۆرێك لە مشـتومڕەکاندا چەمکگەلی وەك "بیر و بزووتنەوەی کوردایەتی، موزایەدەی کوردایەتی، فرۆشـتنەوەی کوردایەتی و بەمـدواییەش فشـەی کوردایەتی و..) بەکاردەهێنرێت. سـەرەڕای ئاماژەدان بە سـەرهەڵدان و قۆناغەکانی دەرکەوتن یان دەرنەکەوتنی نـاسـیۆنـالیزمی کوردی، ئەو واتـایەی کە بەشـداربووانی توێژینەوەکە دەیـدەنە پـاڵ نـاسـیۆنـالیزمی کوردی یـان نەتەوایەتی، زیـاتر ڕەنگـدانەوەی شـکسـتی کوردایەتییە. یەکێـك لە بەشـداربووەکان ئاماژە بە کەمتەرخەمی و شـکسـتی سـەرکردە و بزووتنەوەی ناسـیۆنالیسـتی کوردیی دەکات کە نەیانتوانیوە خەڵکی بگەیەننە ئاستێکی هوشیاری. ئەو دەڵێت:

*سەدساڵ شۆڕشەکانی کورد شۆڕشێك نەبوون کە بتوانن خەڵك لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. کورد بە واقیع نەتەوە بووە. بەڵام وەك حەرەکەیەکی ناسـیۆنالیسـتی بۆ ئاراسـتەکردن لەناو کورددا نەبووە. شەپۆلێك بووە کە لە دەرەوە بۆت هاتووە. نە کۆمەڵگە ئامادەیی ئەو قۆناغەی تێدابووە، نە سیاسییەکایش لەو ئاسـتە هوشـیارییە بوون لە نەتەوەسـازی و ناسـیۆنالیزم تێبگەن. نە یانتوانیوە ئا مانجە کانی حەرەکەیەکی ناسیۆنالیستی هەیەتی بپێکن.*

یەکێکیتر لە بەشداربووان باس لە لاوازی ناسیۆنالیزمی کوردی نەك لە ڕابردوو بەڵکو لە دوای ڕاپەڕینەوە دەکات. لە نەبوونی ستراتیژێکی ڕوونەوە تا لاوازیی گوتار:

*جارێ یەکەم، بزووتنەوەی کوردایەتی بەرچاوی روون نییە. دووەم، هەلاهەلایە. لە سەر چی هەلاهەلایە لەسەر بەرژەوەندییە. خۆ لەسەر دەوڵەتی کوردی و زمانی کوردیی نییە. لەسەر پۆست و وەزیر و پارەیە.*

یەکێکیتر هاوڕایە لەگەڵ ئەم بۆچوونەی سەرەوەدا لەوەدا کە ڕەخنە لە گوتار و ئەدای ئەم حزبانە دەگرێت کە:

*چیت کردووە ئەم 30 ساڵە. گوتاری پارتی و یەکێتی و ئەوانیتر بە هەموومان نەمانتوانی عەقڵی هەزار گەنج موخاطەبە بکەین. کورد لە سەردەمی میرنشینەکان باشتر بیری ئەکردەوە تا ئێستا.*

هەروەها بەشداربوویەکی تر ئاماژە بەوە دەکات کە:

*بەڵام چەمکی کوردایەتی زەربەی زۆری بەرکەوتووە، بەتایبەت لە دوای (1991) ەوە. هەموویان خۆیان بە خاوەنی کوردایەتی دەزانی، بەڵام کوردایەتییەك نەبوو بە شەرتی کۆکەرەوەی هەموو هێزەکان. بەڵام ئێستا وەسەتێکی زۆری ڕۆشنبیریی، کوردایەتی بە جۆرێك لە بازرگانی سەیری دەکەن. شکستی ناسیۆنالیزم بە واتای دروستکردنی قەوارەیەکی قانونی بۆ نەتەوەیە. باسی جووڵانەوەکە ناکەم باسی ناسیۆنالیزم دەکەم. کوردایەتی حەرەیەکی ناسیۆنالیستی نەبووە.*

## هەڵبەز و دابەزی کوردایەتی

بەگوێرەی مەقوولە سەرەکییەکان، ڕاڤەی بۆچوونەکانی سەرەوە و شرۆڤەکان، دەتوانین بڵێین، مەقوولەی *هەڵبەز و دابەزی کوردایەتی* مەقوولەیەکە کە دەتوانێت سەرجەم پرسیارەکان و بابەتەکانی سەرەوە ڕووماڵ بکات و ڕەهەندێکی شرۆڤەییشی هەبێت. هەروەها بە پشتبەستن بە مەقوولەبەندی و دابەشکردنی مەقوولەکان بۆ سێ ڕەهەندی مەرجی یان دۆخی (conditional & contextual) ، مامەڵەیی یان پرۆسەیی (procsess & interactional) و دەرکەوتەیی (consequential)، دەمانەوێت هەموو مەقوولەکان بە شێوەی لۆجیکیی پێکەوە ببەستینەوە.

**خشتەی ٣ مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ**

| ڕیز | مەقوولە | مەقوولەی کاکڵ |
|---|---|---|
| 1- | ڕەچەڵەکی تەمومژاوی | |
| 2- | نا (کات ـ شوێنیی) ناسیۆنالیزمی کوردیی | |
| 3- | کاریگەریی دەرەکی | هەڵبەز و دابەزی کوردایەتی |
| 4- | تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمی کوردیی | |
| 5- | شکستی کوردایەتی | |

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، مەقوولەی کاکڵ کە خۆی هەڵێنجراوی مەقوولە سەرەکییەکانی ئەم تەوەرەیە، بریتییە لە *هەڵبەز و دابەزی نا سیۆنالیزمی کوردی*. بە شداربووان وەك چەمکێکی ناڕوون و بێ ڕەگوریشە، قۆناغبەندینەکراو، پێناسەنەکراو، چەمکێك کە هەڵقوڵاوی کۆنتێکستی کۆمەڵگەی کوردستان نییە (واتە هاوردەکراوە)، تە نانەت بەهەڵە وەرگێڕان کراوە، لە ناسیۆ نالیزمی کوردیی تێدەگەن. هەڵبەت بەشێکیان جەخت لەسەر هەبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەنەوە، بەڵام زیاتر لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا. زۆرینە ئەگەر باوەڕیان بە دیاردە و بزووتنەوەیەك بەناوی ناسیۆنالیزمیش هەبێت، ڕاجیاییان هەیە سەبارەت بە سەرچاوە و کات-شوێنی سەرهەڵدانی. هەندێك ئەزەلیگەرایانە و بە دیدێکی ڕۆمانتیکیانە و بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی کوردیی وەك مەموزین، پێیانوایە کە ناسیۆنالیزمی کوردی هیچی کەمتر نییە لە ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی و ئەگەر زەمینەی بۆ بڕەخسایە، دەکرا ببێتە هەوێنی نەتەوەسازیی کورد. ڕای پێچەوانەی ئەمەش پێیوایە کە نە ئەوەی خانی ناسیۆنالیزم بووە و نە زۆربەی شۆڕشەکانی کورد کە ڕابەرانی ئایینی پێشەوایەتییان کردوون. ئەمانە کۆمەڵێك جووڵانەوە بوون کە پاڵنەری ئایینییان بەسەردا زاڵ بووە و هێندەی خەمی ئایینییان لەسەردا بووە هێندە نەتەوە و دەوڵەت ـ نەتەوەیان ئامانج نەبووە.

لە بەشی ئەدەبیاتی توێژینەوەدا ئاماژەمان بە زەمینەی سەرهەڵدان، نەشوونما و ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی کرد. بەگەڕانەوە بۆ ئەو زەمینەیە و بۆچونی بەشداربووان، دەتوانین بپەرژێینە سەر ئەو ڕەهەندەی کە دەربڕی ئەو پرۆسە و کردارانەیە کە بەشداربووان سەبارەت بەو دۆخانەی کە ئاماژەمان پێکردن، دەینوێنن.

بەشــداربووان هۆکار و پرۆســەکان بۆ چەند پرۆســەیەك دابەش دەکەن. یەکەم هۆکارە ناوەکی یان خودییەکان، دووەم، هۆکارە دەرەکییەکان. لە هۆکارە خودییەکاندا، پەنجە بۆ چەند فاکتەرێکی وەك پێشــنەتەوەییبوون، خێڵەکیبون، نەخوێندەواریی کۆمەڵگە و نەبوونی چاپخانە و قوتابخانە و درەنگ گەیشــتنی ناســیۆنالیزم بە کورد، درێژ دەکەن. پاشــان، لە هۆکارە دەرەکییەکاندا، ئاماژە بە فاکتەری جیوپۆلەتیکی وەك هەبوونی دراوسێی داگیر و دابەشکردنی کوردستان لە لایەن زلهێزەکانەوە، دەکەن.

بونیــادی کۆمەڵایەتی بــاو لە کۆمەڵگەی کوردیــدا، بونیــادی خێڵەکییە[1]. هەبوونی کۆمەڵگەی کشــتوکاڵی بەڵگە لەســەر گشــتگیریی نەخوێندەواری و نەبوونی دەرفەتی خوێندن و پێشــکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆجیایە لە کۆمەڵگەدا. کاتێك کە کۆمەڵگە کشتوکاڵییە، واتە پێویستی بە دەستی کار هەیە. سەرۆك هۆز و خێڵ باڵادەست دەبێت بۆ ئەوەی کاروبارەکانی خێڵ بەڕێوە ببات و یەکڕیزیی خێڵ بەرهەم بهێنێت. خێڵ لەڕێگەی وەچەخســتنەوە و خزمایەتیی توندوتۆڵەوە ئەو پێویســتییە بۆ خێزانەکان دابین دەکات. کۆمەڵگەی کشــتوکاڵی و خێڵەکی لەبەرئەوەی پەیوەندی و هاتوچۆی کۆمەڵایەتی، بازرگانی و کولتووریی لە نێوان شــوێنەکاندا لە ئاســتێکی نزمدایە، ناتوانن پەیوەندی مەعریفیش بەرقەرار بکەن. ناوچە دوورەدەستەکان هیچ ئایدیا و ڕاگەیاندنێکی نەتەوەییان پێناگات کە هوشیاری و ناسنامەی هاوبەشی لێبەرهەم بێت. سەختی ناوچەکان و دوورییان لە یەکتری هۆکاری ســەرەکی ئەم پەرتەوازەییەن. کاتێك لە ئاســتێکی فراوانتریی ناوچەیەکی دیاریکراوی زمانیشــدا (بۆ نموونە میرنشــینەکان) کۆمەڵێك خەڵك لە دەوری ســەرکردەیەك کۆدەبنەوە، خواســتەکانیان فراوانتر دەبێت و خواســتە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێك داواکاریی وەك بەفەرمیناســاندنی زمان، خۆبەڕێوەبەری ناوچەیەك و خوێندن بە زمانی دایکیدا تیشــك دەداتەوە. ئەوکاتیش مەترســیی لۆکاڵیبوونی خواست و فۆڕمی بزووتنەوەکە بە بەهێزیی دەمێنێتەوە. کاتێك دیوانێکی شیعری، وتارێکی نەتەوەیی لە لایەن کە سایەتی و سەرکردەیەکەوە بڵاو دەبێتەوە ناگاتە چاو و گوێی خەڵکی ناوچەکان. کاتێك دەســەڵاتێکی مەرکەزیش بوونی نییە، میرنیشــەکان یەك لە دوای یەك لە ناو دەچن و لە ئەنجامی دابەشــکردنی کوردســتانەوە وەك فاکتەری دەرەکی، بەشــەکانی کوردســتان هەریەکە و بە گوێرەی دوور و نزیکیان لە ناوچەکانی ژێر دەســەڵاتی عوســمانی و ســەفەوییەوە، یان لە ســەرەتای

---

[1] - کامەران محەمەد، کورد؛ بونیادێکی نەخەملیو، چاپی یەکەم، چاپخانە تاران، سلێمانی، 2020، ل 66.

سـەدەی بیسـتدا لەگەڵ دەوڵەتە نوێیەکەی عێراقدا پەرتەوازە دەبن و لەیەك دادەبڕێن. دابەشـکاریی تەنیا لە چوارچێوەی سـیاسـی و جوگرافیدا سـنووردار نابێت. لەڕووی زمان، کولتوور، تەنانەت ئایین و ئایینزاوە، دابەشـکاریی و پەرتبوون ڕوودەکات و لەیەك دابڕان دێتە ئاراوە. کەواتە هۆکار و فاکتەرە خودی و دەرەکییەکان دەسـت دەدەنە دەسـتی یەکتر تاوەکو ناسـیۆنالیزمێکی سـەربەخۆخوازی یەکڕەنگ و یەك گوتار سەر هەڵنەدات.




**هێڵکاریی ١ نەتەوەییبوونی حزبەکان پیشاندەدات لە ڕوانگەی نموونەکەوە**

بە تێگەیشـتن لە دۆخی ناسـیۆنالیزمی کوردی و پرۆسـەی مامەڵەکرن لەگەڵ ئەو دۆخ و پرۆسـانە، ڕەهەندی دەرکەوتەکان دێتە ئاراوە. واتە لە ئەنجامی ئەم دۆخانە و ئەو مامەڵەیەی کە بەشـداربووان هەیانە لەگەڵ دیاردەکاندا، دەرکەوتە و ئەنجامی ئەو دوو ڕەهەندە چی دەبێت؟ بەشـداربووان ئاماژە بە شکستی کوردایەتی دەکەن. نموونەکانی توێژینەوەش لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ڕووپێوەکەماندا کە کام لەم حزبانە بە حزبی نەتەوەیی ڕەسـەن دەزانیت، زۆرترین ڕێژە (37.7) هەموو نموونەکان پێیانوایە کە

هیچ حزبێکی ڕەسەن لە کوردستاندا بوونی نییە. ئەمە لەکاتێکدا کە (36%) خەڵکی پارتی دیموکراتی کوردســتان وەك حزبێکی نەتەوەیی هە ڵدەبژێرن. ئەم ئەنجامی جێی ســەرنجە کە حزبە کان تا هەنووکەش نەیـانتوانیوە نەتەوەییبوونی خۆیـان بۆ خەڵکەکەکـان بســەلمێنن و لە ڕێگەی زانین و هوشیاری نەتەوەیی، ناسنامە و یەکڕیزی پێبەرهەم بهێنن.

ئەوان هەموو ئەو فـاکتەر و هۆکـارە خودی و دەرەکییـانە و چەنـد هۆکـارێکی دیکە کە دواتر لە تەوەرەکانی دیکەدا دەپەرژێینە سەریان، ئاماژە پێدەکەن بۆ ئەوەی بڵێن ناسیۆنالیزمی کوردی ئەگەر لە ڕابردوودا هەشــبووبێت، ئەگەر لە ســەردەمی خانیدا چەکەرەی کردبێت، یان لەســەردەمی شــێخ مەحموود و شــۆڕشــی بارزانییەکان و بەمدواییە شــۆڕشــی ئەیلوولدا گەیشــتبێتە لووتکە، ئەوا لە دوای ڕاپەڕینەوە شکستی هێناوە. شکست لە ئاستی گوتار و لە ئاستی کرداردا.

هەر سەبارەت بە ڕۆڵی حزبە کوردییەکان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا، لەو ڕووپێوەدا کە لەسەرتاسەری کورد ستاندا ئەنجامماندا داوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ئەوەی حزبە کوردییەکان لەماوەی سەد ســاڵی ڕابردوودا خەباتیان بۆ کردووە بەکوردایەتی پێناســە دەکەن یان نا؟ تەنیا ڕێژەی ٤١% ی بەشــداربووان بە چاوێکی ئەرێنیی لە ڕۆڵ و خەباتی ئەم هێزانە لە پێناو کوردایەتیدا دەڕوانن. ٣٥% بە چاوی نەرێنی و ٢٤% بە تاڕادەیەك وەڵامی پرسیارەکەیان داوتەوە.




**هێڵکاری ٢ خەباتی حزبەکان لە پێناو کوردایەتی**

بە گەڕانەوە بۆ بەشــداربووانی چاوپێکەوتنەکان، ئەنجامی ڕووپێوەکە پاڵپشــتی ئەو بۆچوونە دەکات کە ئاماژە بە لاوازبوونی هەســـتی نەتەوایەتی، کورتکردنەوەی ناســـیۆنالیزمی کوردی لە داواکاری و ململانێ لەسەر پۆست و کورسی، شکستی دەسەڵات لە کوردستاندا لەو ەی کە نەیانتوانیوە بەرگوێیی (مخـاطبـة) هەزار لاوی ئەو کوردســـتـانە بکەن، دەکەن. کوردایەتی یـان نـاســـیۆنـالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکی هەلاهەلایە کە نەیانتوانی بیکەنە هەوێنی یەکرێزی هێزەکان و هەستی هاوبەش.

# بەشی حەوتەم

# ڕوانینی بان . نەتەوەیی

## تەریقەت و ناسیۆنالیزم

ئایین یەکێکە لە بونیادە کانی کۆمەڵگەی کوردســتان. بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی دوور و نزیك، بە ئاشکرا ڕەنگدانەوە و کاریگەری ئایین لەسەر هزر، ڕەفتار و کولتووری خەڵکەکەی هەستی پێدەکرێت. پرســی مامەڵەی کورد لەگەڵ ئایینە جیاوازەکاندا، لە ئیســلام، مەســیحییەت و جووەوە تا ئایینەکانی یارسان، ئێزیدی و زەردەشتی ــ کە تا هەنووکە لایەنگرانیان بە ئازادی دەتوانن پەرستشی خۆیان بکەن و شــوێنی پیرۆزی خۆیان بونیاد بنێن و تیایدا کۆببنەوە ـــ پرســێکی ســەرنجڕاکێشــە. بەڵام لەم توێژینەوەیەدا کەمتر ســەرنجمان لەســەر ئەو لایەنە لە تەریقەت چڕ دەکەینەوە کە پەیوەنـدی بە پـاککردنەوەی دڵ و دەروون و پەروەردەی موریـدان لەســەر نزیکبوونەوە و ئـاوێتەبوون لەگەڵ خۆشـەویسـتی خودا هەیە، بەڵکو سـەرنجمان لەسـەر هزر و گوتاری نەتەوەیی تەریقەتە؛ هەڵوێسـت و بیرکردنەوەی سـیاسـییان لە ڕوانگەی بەشـداربووانی توێژینەوەکەوە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم تەوەرە وەك تەوەرەیەکی ســەرەکی پەیوەســت بە نەتەوە و نەتەوەســازی، ئەوەیە کە لە نێو ڕەوت و ئاڕاســتە ئایینییەکاندا کە لە کوردســتاندا ســەریانهەڵداوە، کۆنترین و دیارترینیان تەریقەت بووە. مەقوولەی تەریقەت، لە لایەك بەرهەمی کۆدبەندی و مەقوولەبەندییەکانی چاوپێکەوتنەکانە و لە لایەکیترەوە بەرهەمی خوێندنەوەی ناســیۆنالیزمی کوردییە لە دوو ڕوانگەوە: یەکەم، دەمانەوێت لەو تەبایی یان ناتەباییە تێبگەین، کە لە نێوان ئایین بەگشتی و ئایینی ئیسلامدا هەیە سەبارەت بە چەمك و دیاردەی نەتەوە. دووەم، ڕۆڵی ڕێبەرانی تەریقەت کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئاڵاهەڵگری خەبات و درێژەپێدەری ڕۆڵی میرنشینەکان بوون.

لە ڕوانگەی بەشـــدارانی چاوپێکەوتنە کانەوە، تەریقەت و ڕێبەرانی تەریقەتە جیاوازە کان بە تایبەت نەقشەبەندی، قادری و شێخانی بارزان و ...، ڕۆڵێکی گرنگ بەڵام دوو لایەنەیان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا بینیوە. تێگەیشتن لەم ڕەوتە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە هزری ڕێبەرانی تەریقەت، لایەنگرانیان، پەیوەندی نێوان ئایین و نەتەوە، نەتەوەسازی و بەربەستە کانی بەردەمی.

لە ڕێگەی تاوتوێی دا تا کانەوە لە دوو قۆناغی کۆدبە ندیی کراوەدا (27) چە مك و (4) مەقوولەی سەرەکی بەم شێوەیەی لە لاپەڕەی دواتردا بەدەست هاتوون:

**خشتەی ٤ ڕۆڵی تەریقەت چۆن دەبینیت؟ ئایا بوونەتە بەربەست لەبەردەم ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا؟**

| ڕیز | دەستەواژە | چەمك |
|---|---|---|
| 1 | ئەوەی شـێخەکان کردوویانە نکۆڵی ناکرێت. بە بەراوردی حزبە سـیاسـییەکان ڕۆڵی باشـتریان هەبووە. چونکە لە تەریقەتدا دین و کوردایەتی هاوتەریب ڕۆشـتووە، تەریقەت کراوەتر بوون. | هـاوتەریـبـی دیـــن و کوردایەتی |
| 2 | ئەم ڕوانگە دیینە کـاریگەری زۆر نەرێنی هەیە بەســەر نـاسـیۆنـالیزمی کورد و ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ بەریتانییەکان هەبووە. شێخ و تەریقەتە لە سەروەریی سیاسیی بە هێچ جۆرێـك تێنەگەیشـتوون. بە هیچ جۆرێـك بـاوەڕی بە دەوڵەتی مۆدێرن نییە. نەشیانتوانیی ڕۆژئاوا تێبگەیەنن کە بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن خەبات دەکەن. | تێنەگەیشـتن لە سـەروەریی سیاسی |
| 3 | تەریقەت دەبێتە ناوەندێکی گرنگی کوردایەتی و ڕابەرە کان دەبنە ڕابەری بزووتنەوەی کوردی. بە هاتنی شـیوعی و پارتی ڕۆڵی شـێخەکان کاڵ دەبێتەوە. شـێخ سـەعید و نەهری و شـێخ مەحمود. شـێخ عەبدوسـەلامی بارزانی و شـێخ ئەحمەد. ئەمان چونکە ناوەندەکەیان کوردییە دەبنە ڕابەری بزووتنەوەی کوردایەتیش. | بـــیـــری کوردایەتی |
| 4 | پێموایە ئەگەر کورد هاوبەشییەکی هەبووایە لە ديندا، بەو واتایەی کە هەموومان دینێکی تایبەت بە کوردمان هەبووایە، دینێکی تایبەت بە کورد، ئەگەر کورد دەوڵەتیـشی نەبووایە ئەگەرە کانی لە ناوچوونیشـــی کەمتر دەبوویەوە. چونکە دینێك لێکی جیا دەکردەوە لەوانی دیکە. چونکە دین پەیوەندییەی بەهێزترە لە پەیوەستبوونی نەتەوەیی. | غیابی دینێکی تایبەت بە کورد |

| | | |
|---|---|---|
| 5 | ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر بەناو تەکیە و خانەقاکاندا هاتووە، لە بری ئەوەی کە بەناو ڕەوتە عەلمانییەکاندا هاتبێت... هەڵبەت تەریقەتەکان لە بری کۆکردنەوەی گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دێن زیاتر دابەشیان دەکەن. نەمانتوانی تەریقەت، سۆفیزم، نەقشبەندی، قادری بکەینە هەوێنی دروستکردنی هاوبەشی و کۆکردنەوەکان. | هەوێنی کۆکردنەوە |
| 6 | قەناعەتی شێخ مەحمودیش گەلێك موهیمە. قەناعەتی بە خۆحوکومکردن نییە. نەهری دەتوانین بڵێین هەم شەرعییەتی عەشیرەیی هەبوو، هەم دینی. کەواتە جاران ڕۆڵیان هەبووە. هەندێکجار بوونەتە ڕێگر، بەڵام نەك بەو شێوازە. تەریقەت زیاتر سۆشیال ئیسلام بوو. جانبی فکری و اجتماعی و نەفسی بوو. نەك ئایدیۆلۆژی. کەس نەدەچووە تەفاصیلی. بابەتەکانی پێکەوەژیان. | تەریقەتی سۆشیال ئیسلام |
| 7 | تێگەیشتنی شێخ نەریتیانە بوو. کەواتە بۆ دەسەڵاتێکی نەریتیی شێخانە ئاسان نەبوو واز لەو پا شخانە نەریتییە بهێنێت. کابرا هاتووە تۆ بکاتە مەلیك کەچی تۆ هێشتا خەلیفەی عوسمانیت پێ پیرۆزە. باشە کە من هاتووم دەوڵەتێکت بۆ دروست بکەم بۆچی ئاوا تەقلیدیان و نەریتیانە بیر دەکەیتەوە. | بیرکردنەوەی نەریتیانە |
| 8 | مشکیلەی مەحمودی حەفید چییە. ئەو عەشایرانەی دەوری سلێمانی پشتیوانی شێخ نەبوون. چۆن دە شێخی گەورەی بزووتنەوەی کوردایەتیم بۆ ژماردیت دەیانیشمان هەن کە دژی بوون. | دژایەتی شێخەکانیتر |
| 9 | نکوڵینەکردنی کاریگەریی تەریقەت و شێخەکان. لە شێخانی بارزانەوە کە دەست پێدەکات تا مەلا مستەفا. | نکوڵینەکردن لە ڕۆڵی تەریقەت |
| 10 | دروستبوونی پارتی دیموکرات ڕوانینێك هەیە کە نا سیۆنالیزمی کوردی ڕەگێکی لۆکاڵی هەیە و شێخەکان ڕێبەرایەتیان کردووە. ئاغا و شێخ سەردەمانێك تاکە بەدیل بوون. | جێگرەوە |
| 11 | خودی شێخ مەحمودیش بەشێك بووە لە بەربەست، چونکە ڕوئیایەکی ستراتیژی نەتەوەیی نەبووە. | نەبوونی خەونی نەتەوەیی |
| 12 | بەڵێ شێخ و تەریقەت تەفەروغیان کرد بۆ ئەوەی لایەنە ئیسلامییەکە بەرەو پیشەوە بەرن. گوێیان نەدا لایەنە قەومییەکە. | گوێنەدان بە قەومییەت |

| | | |
|---|---|---|
| 13 | تەریقەتەکان ویستوویانە حەرەکەیك دروست بکەن لەگەڵ حەرەکە گشتییەکە نەبن. سەربەخۆییان هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر لە کوردستانا مەولا خالید کە یەکێك بووە لە داهێنەرەکانی تەریقەتی نەقشبەندی ئەگەر لێرە بمایا لەوانەیە شتێکمان بە شتێك بکردایە. | شکستی تەریقەت |
| 14 | شێخ مەحمود تەریقەتی قادرییە. بەشێکی دیکەی تەریقەتی بارزانە کە لێرەدا بوعدە ناسیۆنالیستییەکەی بەهێزترە. کەواتە لە لایەکەوە هەر نەقشبەندییە کە لە لایەکەوە بوعدێکی چینایەتی وەرئەگرێت. | ناجێگیریی تەریقەت |
| 15 | ئەوان لەڕووی تۆڕێکی پەیوەندییەوە توانیویانە خەلیفەکانی خۆیان بە دەست بهێنن لە هەر ڕێگەیەکەوە هەبیت. ئەو خەلیفانە سازمان و شەبەکەیەکی کۆمەڵایەتیان دروست کردووە کە شێخەکەی لەوێ جوڵاوە ئەویش لەوێوە جووڵاوە. بەڵام ئاغاکان نەیانتوانیوە. | شەبەکەی قەومی |
| 16 | لە قۆناغەکانی سەرەتا تا ئەو کاتەی ئیسلامیی سیاسیی دروست نەبووە. ڕۆڵێکی ئیجابی هەبووە. تەماشای شۆڕشەکان بکە هەموویان تەنانەت خودی شۆڕشی بارزان لە تەریقەتەوە دەستی پێکردووە. | بزوێنەری شۆڕشەکان |
| 17 | قادری نە ڕێگا بووە بۆ چارەسەر، نە مەترسی بووە بۆ سەر بەرژەوەنی وڵاتانی دیکە. بە عەکسەوە نەقشیی زیاتر مەسەلەی فکری و چوارچێوەی فکری و چوارچێوەی ناسیۆنالیستی بەرجەستە کرد. | ناچالاك |
| 18 | شێخەکان کاستێکی شۆڕشگێڕن لە تاریخی ناوچەی ئێمەدا. چونکە هەمیشە سەرکردەی ڕاپەڕینەکانی دژ بە ناهەقی بوونە. ئەنجا توانای کۆکردنەوەی خەڵکیشیان هەبوو کە بزووتنەوەکە دروست دەکەن. خۆزگە ئەو فەسادەی ئێستا هەیە، نەبووایە، بۆ ئەوەی من ئێستا باشتر شاهیدیم بۆ تاریخ بدابایە. ئەوە جێی تەقدیرە کە کاتێك شێخەکان دەوریان کۆتایی هات دەوری خۆیان کۆتایی پێهێنا. هیچ مەقاوەمەتێکیان نەکرد کە ئەو دەورە بسەپێنن. | کاستێکی شۆڕشگێڕ |
| 19 | ناڵێم بە نەتەوەخوازی هاتوونەتە مەیدان، بەڵام بە جۆرێك دەکرێت مۆرکێکی نەتەوەیی بە سۆفیگەرییەوە دیارە. | مۆرکی نەتەوەیی |

| | | |
|---|---|---|
| 20 | نە قادری و نە نەقشی، ناکرێت بە شێوەی ڕەها چاویان لێبکەین. ناکرێت بڵێین ئەمەیان ناسیۆنالیستییە ئەوی دیکە نا. بە تەسەوری من وەك خۆم پێموایە پەیوەندی بە پێشکەوتنی سەرمایەدارییەوە هەیە. پێموانییە تەریقەتەکان یارمەتی کوردیان دابێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتیان بەرەو پێشەوە بچێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە لە دوای (1900) ەوە ڕمووزی دینی ڕۆڵیان هەبووە لە ناو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیدا. | ڕۆڵی دوولایەنە |
| 21 | ڕۆڵیان هەبووە. فەزا فەزایەکی دینیی بووە. هەندێکجار هەڵبەت دینییەکان قەومییەت دەسڕنەوە. | داخوازیی واقیع |
| 22 | بەشێك لەوەی کە شێخەکان تێوەگلاون لە جووڵانەوەکان ئەوەیە کە ئەوان کۆنتاکتی فراوانیان هەبووە. بە پێچەوانەوەی جوتیارەوە. پاپەندبووە بە عەرزەکەی. شێخەکان ئاسۆی فراوانتریان هەبووە و هاتووچۆیان هەبووە و ئاگاداری جموجوڵەکان بوون. | فراوانیی ئاسۆی بینینیان |
| 23 | تەریقەت هەرگیز ڕێبەرایەتی ناسیۆنالیزمی کوردییان نەکردووە. بەڵێ کابرا نەقشی بووە بەڵام خۆ جووڵەکەش بۆ بارزان کوژراوە. ئێمە نوعمان عیسامان هەیە. لەگەڵ خەلیل خۆشەویدا دەکوژرێت و جووڵەکەیە. | سەرنەکەوتن لە ڕێبەرایەتی |
| 24 | ئەم ئەمارەتانە کە نەماون دەوڵەتی تورکی و ئێران و ئەمانە لایان بردوون، فەراغ ڕوو ئەدات، چونکە ئەو کاتە لە بۆتان دەوڵەت هەیە ،سوپا هەیە جەیش هەیە، سکەلێدان هەیە پارە هەیە، کە بەدرخان پاشا نامینێ ئیتر فەراغ ڕوو ئەدا، ئەمە کێ پڕی دەکاتەوە شێخەکان(شێخی تەریقەتەکان) پڕی دەکەنەوە ، من پێموایە باشیان پڕ کردووەتەوە. | پڕکەرەوەی فەراغی میرنشینەکان |
| 25 | ئەوەی کە پێمانوابێت ڕێگرە زۆر دیدێکی نازانستییە و نەك دیدە ئیسلامییەکە بەڵکو دیدە نائیسلامییە زانستییەکەش پشتیوانی ئەو بۆچوونە ناکات. | سەربەخۆخواز |
| 26 | ئەسڵ حەرەکەی کوردی، هەمووی لە مزگەوت و خانەقاکان بوویە. | شوێنی خەبات |
| 27 | یانی من پێم حەیفە ئیسلامیبوون بخەیتە سەر بەعزێ کەس. یانی مەسەلەن مەلا مستەفا بڵێی ئیسلامی بووە. قازی محەمەد و شێخ عوبەیدوڵا و سەلاحەددینیش ئیسلامی نەبوون. ئیسلامی لە دوای ڕووخانی خەلافەت دروست بوون. ئەوانەی ناوت هێنان لە ضمنی خەلافەتدا بوون. | دەرەوەی بازنەی ئیسلامیبوون |

پاش ئەنجا مدانی قۆناغی یەکەمی کۆدبەندیی کراوە، لە قۆناغی دووەمی کۆدبەندیدا، چەمکە هاوبەش و هاوشێوەکان لە چوارچێوەی (4) مەقوولەی سەرەکیدا پۆلێنبەندیی کراون. لە خوارەوە، مەقووله سەرەکییەکان بەگوێرەی جیاوازی کۆدەکان و چەمکە سەرەتاییەکان خراونەتەڕوو.

**خشتەی ٥ مەقووله سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە ڕۆڵی تەریقەت لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا**

| مەقوولەکان | چەمکەکان |
|---|---|
| هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە | بەهێزیی تەریقەت دوای میرگەکان، تاکە بەدیل بوون، تەریقەت بزوێنەری شۆڕشەکان، ئایینیبوونی واقیعەکە، پڕکەرەوەی فەراغی میرنشینەکان، دەرەوەی بازنەی ئیسلامیبوون. |
| مۆرکی تەریقەت | هاوتەریببوونی دین و کوردایەتی، پێویستیی بوونی دینێکی تایبەت بەکورد وەك زەردەشتی، مۆرکی نەتەوەیی، ڕابەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، نکۆڵینەکردن لە ڕۆڵی تەریقەت و شێخەکان، ڕۆڵی دوولایەنە، سەربەخۆخواز، فراوانیی دنیابینیان، تەریقەتی سۆشیال ئیسلام، شوێنی خەبات، جێگەی تەقدیر، شەبەکەی قەومی. |
| دژیەکییەکانی تەریقەت | تێنەگەیشتن لە سەروەریی سیاسی، نەبوونی خەونی نەتەوەیی، گوێنەدان بە قەومییەت، لاوازیی بیری کوردایەتی، بیرکردنەوەی نەریتییانە، ناجێگیریی تەریقەت، |
| تەریقەت و نەتەوەسازی | نەبوون بە هەوێنی کۆکردنەوە، سەرنەکەوتن لە ڕێبەرایەتی، نەڕێگر نە چارەسەر، شکستی تەریقەت، وەبەرهێنان لە ئیسلام بە ئاڕاستەی نەتەوایەتی. |

## هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە

مەقوولەی هەڵقووڵاوی کۆمەڵگە لە کۆنتێکستی کوردستاندا گەلێك گرنگە. چونکە ئەگەر سەرنجی هەموو ئەو مشتومڕ و ململانێ حزبی و گوتارییانە بدەین کە ڕای گشتی، میدیا و چاپەمەنییەکانی داگیر کردووە یان کاتێك دەتەوێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای لایەن و ڕەوتێك بکەیت، یەکێك لەو دەستەواژانەی کە بۆ بەرگری لەخۆ یان دژ بە ئەویتر بەکاری دەهێنن بریتییە لەوەی کە ئەو ڕەوت و ئایدیۆلۆجیایە هەڵقووڵاوی کۆمەڵگە نییە و هاوردە کراوە. بەڵام ئەو ڕستەیە سەبارەت بە تەریقەت کەمتر بەکار دەهێنرێت.

بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری تەریقەت لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا هەیە. لە ڕوانگەی بەشداربووانی (چاوپێکەوتنکراوان)، ئەوانەی لایەنگری ڕۆڵی ئەرێنی و کاریگەری تەریقەتن لە مێژووی

کوردایەتی و جووڵانەوە کوردییەکاندا، پشت بە سێ بەڵگە دەبەستن. یەکەم لە بنەڕەتدا ناسیۆنالیزمی کوردی لە تەکیە و خانەقاکانەوە سەری هەڵداوە و شێخەکان بوون کە دوابەدوای میرنشینەکان لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئاڵای نەتەوە و نیشتیمانپەروەرییان بەرز کردووەتەوە. دووەم، ئایین وەك چییەتی، دژ ناوەستێت لەگەڵ نەتەوە و خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوەدا. سێیەم، لە ڕێگەی خوێندنەوەی بارودۆخی ئەوکات و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی شۆڕش و جووڵانەوەکانەوە، سەرنج لەسەر ڕۆڵی تەریقەت و شێخەکان چر دەکاتەوە. چونکە پێیانوایە کە تەریقەت هەڵقوڵاوی دۆخ و واقیعی کۆمەڵگەی کوردستانی بووە. ئەوانەی لایەنگری نەتەوەییبوونی تەریقەتن پێیانوایە، بە گەڕانەوە بۆ مێژووی جووڵانەوە کوردییەکان و کاریگەری ڕێبەرانی شۆڕشەکان، ناکرێت نکۆڵی لە ڕۆڵی تەریقەت بکرێت. هەرچەندە بەشداربووان ئاماژە بە دابەشبوونی تەریقەت بەسەر نەقشبەندی، قادری و شێخانی بارزاندا دەکەن، نەقشییەکان دەکەن بە دوو بەشی چەکدار (بارزان، برادۆست و سۆرچی) و ناچەکدار (بامەڕنی و هەورامان)ەوە. بەڵام پێیانوایە دەتوانین ئەوانیش بەسەر نانەتەوەیی، نەتەوەیی و نەتەوەییتردا پۆلێنبەندییان بکەین. ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لە جەوهەردا، ئایین هەڵگری هیچ جۆرە دژیەکییەك نییە لەگەڵ پرسی نەتەوە و خۆشەویستی نیشتیماندا. تەریقەتیش سوودی لەم تەبایییە وەرگرتووە. بۆیە کوردایەتی و تەریقەت شانبەشانی یەکتر هەنگاویان ناوە. هەڵبەت ڕایەکیتریش هەیە کە پێیوایە تەریقەت خۆی نەیتوانیوە ببێتە بزوێنەری نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزم، بەڵام سیمبولەکانی تەریقەت بە ئاڕاستەی نەتەوایەتی هەنگاویان ناوە.

لە خوارەوە هەندێك لەو بۆچوونانە ئاماژە پێدەکەین. لەو بەشداربووەوە دەست پێدەکەین کە هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی سیمبولەکانی تەریقەت بە پێچەوانەی خودی تەریقەتەوە ڕێبەرایەتی ناسیۆنالیزمیان کردووە:

*من پێموانییە تەریقەتەکان یارمەتی کوردیان دابێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتیان بەرەو پێشەوە بچێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە لە دوای(1900) ەوە ڕمووزی دینی ڕۆڵیان هەبووە لە ناو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیدا. بەوپێیەی خاوەن نفوز بوون و ڕووناکبیری سەردەمی خۆیان بوون. شێخ عوبەیدوڵا نەقشییە و شێخ مەحمود قادرییە. قازی مەلا بووە و مەلا مستەفا باگراوندی مەلایەتی هەبووە. بەڵام لە کاتی دیکەشدا ئایا سەدام حسیەن ئیسفادەی لە تەریقەتەکانی کوردستان نەدەکرد*

*بۆ ئەوەی خەڵك بكات بە جاش و دژی بزووتنەوەی كوردایەتی بە كار یان بهێنێت. بۆیە پێموایە كە دەكرێت دین بە هەردوو باردا بەكار بێت.*

هەرچی پەیوەندی بە هاوسۆزیی نەتەوەییەوە هەیە، بۆچوونێك هەیە پێیوایە كە چاوەڕوانییەكی واقیعی نییە ئەگەر كەسێك باوەڕی بەوە هەبێت كە خەڵك دەبێت یەك هاوسۆزی و ئینتیمایان هەبێت بۆ ئایدیا یان شوێن و نەتەوەیەكی دیاریكراو. بەڵكو مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆزمۆپۆلیتانە و لە نێو جیهانێكی گەورەدا دەژی، كە فرە كولتووری، فرەئایینی، فرەزمانیی سەرەكیترین خەسڵەتییەتی. لێرەوە پێویستە كۆتایی بەو مشتومڕە بێت كە لە نێوانی نەتەوەیی، نانەتەوەیی و باننەتەوەییەكاندا هەیە. بەشداربوویەك دەڵێت:

*هیچ ڕێگرییەك نییە كە تۆ وەلائت هەبێت و ناسنامەی نیشتیمانیی خۆت وا پێناسە بكەی كە تۆ بەشێكی لە هەرێمی كوردستان، وە هیچ ڕێگرییەك نییە كە تۆ بەشێك بیت لە نەتەوەی كورد و بەشێك بیت لە ئومەی ئیسلامی و ئەوجا بە تەبەقەی عامیلە. ئێمە مەرج نییە تاكەكان كورت كەینەوە لەوەدا كە ئیلا دەبێت یەك ئینتیمای هەبێت. بۆیە ئەگەر وتت ناشنالیزم، مەبەستت قەومییەی كوردییە ئەوە ئایین و ئەوانەش بە هاوتەرییبی تەتبیق دەبێت لەسەرت، بەڵام ئەگەر وتت مەبەستم ئەو وڵاتەیە كە لەسەری دەژیم، كە سیستمی حوكمڕانییە لەگەڵ خاك و سنوورەكانی ئەوە دات دەبڕێت لە هەموو عومقەكانی تر. لەگەڵیشیاندا عومقی كوردی.*

یەكێك لە بەشداربووان جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە:

*لە دوای میرنشینەكانەوە، بەتایبەت بابان، لە (1851)، بۆشاییەكەی سیاسی و دەسەڵاتیش پەیدا دەبێت، چونكە عوسمانییەكان نەیانتوانی بەو دەمودەستە ئەو بۆشاییە پڕ بكەنەوە. لێرە شێخ و تەریقەت بوون بەم ناوەندە پڕی بكەنەوە. دەوڵەتەكانیش هەوڵیاندا لە ڕێگەی ئەمانەوە خۆیان گرێ بدەنە و ئەمانیش هەوڵیان داوە كە وەڵامی عوسمانی بەتایبەت بە بەڵێ بدەنەوە. لێرەدا ئەم مەركەز و تەریقەتانە دەبن بە ناوەندی گرنگی ئایینی بەڵام ناوەندی گرنگی كوردایەتیش. ڕابەرەكانیان دەبن بە ڕابەرانی بزووتنەوەی كوردی. شێخ سەعید و نەهری و شێخ مەحمود. شێخ عەبدو سەلامی بارزانی و شێخ ئەحمەد. ئەمان چونكە ناوەندەكەیان كوردییە دەبنە ڕابەری بزووتنەوەی كوردایەتیش. ڕۆڵی*

*گەورە دەبین تا شەڕی دووەمی جیهانی. هەتا شیوعی و پارتی و ئەوانە پەیدا دەبن... ڕابەرە سیاسییەکان نەیانتوانیوە وەك ئەو ڕابەرە ئایینیانە خەڵك لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە.*

یەکێکیتر لە بەشداربووان کە هەم سیاسی و هەم شارەزایەکی هزری ئیسلامی و ئیسلامییەکانی کوردستانە ئاماژە بەوە دەکات:

*حوجرە و ئیسلام و تەکیەی کۆنی کوردەواری ڕۆڵی خۆی بینوە کە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردیی. ئەم ناسیۆنالیزمەی گرتە باوەش، فەزاو ژینگەی گەشەکردنی بۆ خولقاند. ئەوەی کە پێمانوابێت ڕێگرە زۆر دیدێکی نازانستییە و نەك دیدە ئیسلامییەکە بەڵکو دیدە نائیسلامییە زانستییەکەش پشتیوانی ئەو بۆچوونە ناکات. من گەیشتووم بەو ئەنجامەی کە هەتا ناسیۆنالیزمی کوردیی مەشرەب ئیسلامی بووە بە واتا میلیەکەی سەربەخۆخواز بووە. هەتا لەو ڕۆحە دوور ئەکەوێتەوە، لە سیکولاریزم و چەپەوە دەبێتە ئۆتۆنۆمیخواز و لامەرکەزیخواز.*

*بەشداربوویەك دەڵێت:*

*ئەوەی شێخەکان کردوویانە نکۆڵی لێ ناکرێت. بە بەراوردی حزبە سیاسییەکان ڕۆڵی باشتریان هەبووە. چونکە لە تەریقەتدا دین و کوردایەتی هاوتەریب ڕۆشتووە، تەریقەت کراوەتر بوون.*

*یەکێکیتر وەها دەڕوانێت کە:*

*شێخ و تەریقەت و ئەم تەبەقاتانەی لە کوردستاندا هەن بەشێکن لە کۆمەڵگەی کوردەواری. لە ئاسمانەوە نەهاتوون، ئەم ئەمارەتانە کە نەماون دەوڵەتی عوسمانی و سەفەروی و ئەمانە لایان بردوون. فەراغ ڕوو ئەدا، چونکە ئەو کاتە لە بۆتان دەولەت هەیە، سوپا هەیە، جەیش هەیە، سکەلێدان هەیە، پارە هەیە، کە بەدرخان پاشا نامینێ ئیتر فەراغ ڕوو ئەدا، ئەمە کێ پڕی دەکاتەوە شێخەکان پڕی دەکەنەوە، و من پێموایە باشیان پڕ کردۆتەوە.*

بەشداربوویەك پێیوایە کە:

*شێخەکان کاستێکی شۆڕشگێڕن لە تاریخی ناوچەکەی ئێمەدا. چونکە هەمیشە سەرکردەی ڕاپەڕینەکانی دژ بە ناهەقیی بوونە.*

لە بەرامبەردا و لە نێو بەشداربوواندا کەسانێکی سیکۆلار و هەم ئیسلامیی هەن، کە پێیانوایە تەریقەت هەرگیز ڕێبەرایەتی ناسیۆنالیزمیان نەکردووە. هەر ئەوەندەی کە کەسێك سەر بە تەریقەت و

شێخەکانی ناوچەیەکە و پەیوەندی بە هێز و جووڵانەوەیەکەوە کردبێت، نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە تەریقەتەکەی پاڵنەری نەتەوەییبوونەکەی بووە. بۆ نموونە بەشداربوویەك دەڵێت:

*تەریقەت هەرگیز ڕێبەرایەتی ناسیۆنالیزمی کوردییان نەکردووە. بەڵێ کابرا نەقشی بووە بەڵام خۆ جوولەکەش بۆ بارزان کوژراوە. ئێمە نوعمان عیسامان هەیە. لەگەڵ خەلیل خۆشەویدا دەکوژرێت و جوولەکەیە. کۆمەڵێك نموونەمان هەیە. بەڵێ شێخەکان هەبوون بەڵام ڕێبەرایەتیان نەکردووە. شێخ سەعید ی پیران ڕاستە شێخە، بەڵام خۆ ئەوانەی لەگەڵینی زازای تێدان. مەلا مستەفا وەك کوڕە شێخ ڕێبەرایەتی نەکردووە وەکو کوردێك کردیتی.*

بەشداربوویەك سەرەڕای ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ناکرێت لە نێوان ڕێبازەکانی تەریقەتدا نەتەوەیی و نەتەوەییتر پۆلێنبەندی بکەین، بەڵام:

*وەك خۆم پێموایە پەیوەندی بە پێشکەوتنی سەرمایەدارییەوە هەیە. پێموانییە تەریقەتەکان یارمەتی کوردیان دابێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کوردایەتیان بەرەو پێشەوە بچێت. بەڵام بە دڵنیاییەوە لە دوای (1900) ەوە ڕەموزی دینی ڕۆڵیان هەبووە لە ناو بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیدا. بەوپێیەی خاوەن نفوز بوون و ڕووناکبیری سەردەمی خۆیان بوون.*

## مۆرکی تەریقەت

سەبارەت بە پێکهاتە و بونیادی تەریقەت، گرنگە بزانین بەشداربووان، تەریقەت وەك توێژ و چینێکی کۆمەڵایەتی سەیر دەکەن، کە زیاتر دەستەبژێر و خاوەن دەسەڵات، خاوەنی پێگەی جەماوەری و مورید بوون. جیاوازی ئەم چینە لەگەڵ دەستەبژێرەکانی دیکەی وەك ئاغا و دەرەبەگاندا، ئەوەیە کە خوێندەوار بوون، زمانی دیکە یان زانیوە و لە چوارچێوەی سنوورێکی ناوچەیی دیاریکراودا قەتیس نەماون و دنیادیدەتر بوون. بەڵام لەتەنیشت ئەم خەسڵەتانەدا، ئەو بۆچوونەش باوە کە بیرکردنەوەی ئەم شێخانەی تەریقەت نەریتییانە بووە. ڕەنگە ئەم حاڵەتەش ئاسایی بێت. چونکە بابەتی نەتەوە و نەتەوەسازی، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە. هەروەها بە مۆدێرنبوونی کۆمەڵگە و هوشیاریی خەڵکەوە. هەروەها پەرەسەندنی کۆمەڵگەی پیشەسازی و چاپەمەنییەوە. لە مەقوولەی یەکەمدا ئاماژەمان بە تەریقەت وەك دیاردە و ڕێبازێکی هەڵقووڵاوی

کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی، خێڵەکی کرد. کەواتە ڕەنگە چاوەڕوانییەکی زۆرتر لەم چینە، لە تێگەیشتنی واقیعییانەی کۆمەڵگە دوورمان بخاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ئەم یان ئەو ڕێبازی ئایینی یان کۆمەڵایەتی وەك ناسیۆنالیست و ناناسیۆنالیست ئەستەم دەنوێنێت. بۆیە بەشداربوویەك ئاماژە بەوە دەکات کە:

*شێخ مەحمود تەریقەتی قادرییە. بەشێکی دیکەی تەریقەتی بارزانە کە لێرەدا بوعدە ناسیۆنالیستییەکەی بەهێزترە. کەواتە لە لایەکەوە هەر نەقشەبەندییە کە لە لایەکەوە بوعدێکی چینایەتی وەرئەگرێت، هەر ئەو تەریقەیە لە لایەکیترەوە بوعدێکیتر وەرئەگرێت کە ناسیۆنالیستییە. فکری دینی لە هەر قۆناغێکدا شێوی جیاوازی بە خۆیەوە دیوە. ناتوانین دیاری بکەین کەی دژی بیری ناسیۆنالیستی بووە و کەی بزوێنەر بووە. چونکە بە گوێرەی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.*

سەبارەت بە ڕەگوڕیشە، پێگە و ڕۆڵی شێخان و تەریقەت لە نێو کۆمەڵگەدا، بەشداربوویەکی تر باس لەوە دەکات:

*ئەم تەبەقەیە، سەقافەت ئەخوێنن، شت فێر ئەبن بە زمانی عەرەبی قورئانەوە بۆنموونە، فارسی ئەزانن، تورکییان زانیوە ئەمانە دنیا ئەخوێننەوە و کتێب ئەخوێننەوە.*

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئەم ڕێبازە و کارەکتەرە سەرەکییەکانی بە کۆمەڵێك خەسڵەتی سەرەکیدا بناسینەوە کە جیای دەکاتەوە لە توێژ و چینەکانی تری کۆمەڵگە. یەکێك لە بەشداربووان ئاماژە بە خەسڵەتەکانی ئەم کاستە دەکات:

*ناسیۆنالیزمی کوردیی زیاتر بەناو تەکیە و خانەقاکاندا هاتووە، لە بری ئەوەی کە بەناو ڕەوتە عەلمانییەکاندا هاتبێت. ئەوان بوون بە ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی. ئەوەنەی شێخ عوبەیدوڵا کاری لەسەر چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم کردووە ئەوەندە بەدرخان، میرمحەمەدی ڕواندز و میرانی بابان کاریان لەسەر نەکردووە. شێخەکان سنووری جوگرافیی خۆیان تێپەڕاندووە.*

یەکێك لە مۆرکە سەرەکییەکانی تەریقەت کە جیای دەکاتەوە لە دەستەبژێرەکانی دیکەی ئەوکات (بۆ نموونە میر و ئاغا و سەرۆك خێڵەکان)، ئەو تۆڕی پەیوەندییە توندوتۆڵ و بەرفراوانەیە کە لەگەڵ خەڵك و جەماوەر و موریدەکانیاندا هەیانبووە. هەرچەندە ئەم تایبەتمەندییە ڕۆڵ و بەرپرسیارییەتیان

بەرامبەر بە نەتەوە و نیشـــتیمان زیاتر دەخاتە ژێر پرســـیارەوە، بەڵام بەشـــداربووان ئاماژە بە خاڵێکی بەهێزیان دەکەن:

*ئەوان لەڕووی تۆڕێکی پەیوەندییەوە توانیویانە خەلیفەکانی خۆیان بە دەست بهێنن لە هەر ڕێگەیەکەوە هەبێت. ئەو خەلیفانە سـازمان و شـەبەکەیەکی کۆمەڵایەتیان دروسـت کردووە کە شـێخەکی لەوێ جوڵاوە ئەویش لەوێوە جووڵاوە. بەڵام ئاغاکان نەیانتوانیوە. بۆیە شـێخەکان ڕۆڵیان هەبووە. مەلاکانیش یارمەتیدەر بوون.*

بەشداربوویەکی تر بۆچوونی وایە کە:

*بەشێك لەوەی کە شێخەکان تێوەگلاون لە جووڵانەوەکان ئەوەیە کە ئەوان کۆنتاکتی فراوانیان هەبووە. بە پێچەوانەوەی چینی جوتیارەوە کە پابەندبووە بە عەرزەکەیەوە. شێخەکان ئاسۆی فراوانتریان هەبووە و هاتووچۆیان هەبووە و ئاگاداری جموجوڵەکان بوون.*

خەسڵەتێکی دیکەی تەریقەت وەك ڕێبازێکی ئاینیی، بریتییە لە سۆشیال ئیسلامیبوونەکەی. لەو ئاسۆیەوە، بیرکردنەوە و مومارەسەی تەریقەت و لایەنگرانی ڕێچکەیەکیتر وەردەگرێت. بە شداربوویەك بە گەڕانەوە بۆ شـــەرعییەتی ڕێبەرانی تەریقەت و ئاماژەکردن بە هەر دوو کەســـایەتی وەك (شـێخ مەحموود و شێخ عوبەیدوڵا)، ئەم خەسڵەتە، هەم وەکو خەسڵەتێکی ئەرێنیی شێخەکان ناو دەبات کە کار لەســـەر لایەنی هزریی، کۆمەڵایەتی و ڕۆحیی دە کات، هەم بە خاڵێکی نەرێنیی لە ئاســـتی مومارەســـەی سـیاسـیدا دەزانیت، چونکە جەختکردنەوە لەســـەر تەنیا یەك لایەن ڕەنگە لاســـەنگیی لە ئاست بیرکردنەوە و هەڵوێستی نەتەوەیی بەدوای خۆیدا بهێنێت. بۆ نموونە بەشداربوویەك دەڵێت:

*تێگەیشـــتن لە قەناعەتی شـــێخ مەحمود گەلێك موهیمە. قەناعەتی بە خۆحوکومکردن نییە. نەهری دەتوانین بڵێین هەم شـــەرعییەتی عەشـــیرەیی هەبوو، هەم دینی. کەواتە جـاران ڕۆڵیـان هەبووە. هەندێکجار بوونەتە ڕێگر، بەڵام نەك بەو شێوازە. تەریقەت زیاتر سۆشیال ئیسلام بوو. جانبی فکری و اجتماعی و نەفسی بوو. نەك ئایدیۆلۆژی. کەس نەدەچووە تەفاصیلی. بابەتەکانی پێکەوەژیان.*

**دژیەکییەکانی تەریقەت**

مەقوولەی دژیەکییەکانی تەریقەت هەڵگری چەند واتایەکە. یەکەم، تەریقەت و شێخەکان چینێکی خوێندەوار و دنیادیدە و ڕۆشنبیر بوون، لە هەمانکاتدا، دیدیکی نەریتییانەیان هەبووە. دیدێك کە دژ دەوەستایەوە لەگەڵ دیدێکی نوێخوازانەی مەلایانەدا، کە دواتر دەپەرژێینە سەری. دووەم، ڕابەرانی تەریقەت هەڵگری دروشمەکانی نەتەوە و نەتەوەخوازی بوون، بەڵام هاوکات نەیانتوانیوە لە نێو خۆشیاندا یەکگرتوو بن، چ جای ئەوەی هەموو کورد یەکبخەن. سێیەم، تەریقەت باوەڕی بە ئایینێکی سەرجەمگیری باننەتەوەیی هەیە، کە خودا و دین تێیدا سەنتەرە، کە دواتر بەواتایەك خودا و دین لە شێخێکی نوورانیدا ڕەنگ دەدەنەوە، بەڵام دەتوانن هاوتەریب لەگەڵ ئەم حاڵەت و کەراماتەدا، نەتەوە و نیشتیمانیشیان خۆش بوێت. ئەم دژیەکییە تا هەنووکە جێی مشتومڕێکی زۆرە و خەڵکییان بە گشتی کردووە بە دوو بەشەوە. بۆ کۆتاییهێنان بەم مشتومڕە ڕەوتێك یان بۆچوونێك هەیە کە پێیوایە، ئایین و بەتایبەت ئایینی ئیسلام لە لایەن نەتەوەکانیترەوە بە باشترین شێوە بە ئاراستەی نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزم وەبەرهێنانی تێدا کراوە، تەنیا کورد نەبێت کە ئەگەر ئەوەیش ئایینێکی تایبەت بە خۆی هەبووایە بەدڵنیاییەوە ئەگەر نەیتوانیانە دەوڵەت دروست بکات، لانیکەم دەیتوانی نەتەوە دروست بکات. بەشداربوویەك بۆچوونی وایە کە:

*دووەم قۆناغی بزووتنەوەی شێخ مەحمود ناوم ناوە ئەفسانەی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی. شێخ داوای سەربەخۆیی دەکرد. پێموایە ئەگەر کورد هاوبەشییەکی هەبووایە لە دیندا، بەو واتایەی کە هەموومان دینێکی تایبەت بە کوردمان هەبووایە، ئەگەر کورد دەوڵەتیشی نەبووایە ئەگەرەکانی لەناوچوونیشی کەمتر دەبوویەوە. چونکە دینێك لێکی جیا دەکردەوە لەوانی دیکە. چونکە دین پەیوەندییەکی بەهێزترە لە پەیوەستبوونی نەتەوەیی. شێخ عوبەیدوڵا ویستی ئەو کارە بکات بەڵام پێکهاتنی قاجار و ڕووس نەیهێشت.*

سەبارەت بە بیرکردنەوەی نەریتیی ڕێبەر و لایەنگرانی تەریقەت، بەشداربووان نموونەی چەند ڕێبەرێك دەهێننەوە، بۆ نموونە یەکێك لە بەشداربووان باس لە تێگەیشتنی نەریتییانەی شێخ مەحموود بەرامبەر بە دەسەڵاتی بەریتانیا دەکات لە کوردستاندا. ئەو دەڵێت:

*تێگەیشتنی شێخ نەریتیانە بوو. بۆ دەسەڵاتێکی نەریتیی شێخانە ئاسان نەبوو واز لەو پاشخانە نەریتییە بهێنێت. کابرا هاتووە تۆ بکاتە مەلیك کەچی تۆ هێشتا خەلیفەی عوسمانیت پێ پیرۆزە. با شە کە من هاتووم دەوڵەتێکت بۆ دروست بکەم بۆچی ئاوا تەقلیدیان و نەریتیانە بیر دەکەیتەوە.*

ئەم تێگەیشتنە تایبەت نەبوو بە شوێنێکی دیاریکراو. بەڵکو لە هەندێك ناوچەی دیکە کێشە و ململانێی نێوان شێخەکان لەگەڵ چینی مەلاشدا سەری هەڵدەدا. بەشداربوویەك نموونەی ململانێی نێوان مەلایەکی وەك حاجی قادری کۆیە و شێخەکان دەهێنێتەوە کە چۆن توانیان کەسێکی وەك حاجی دەرپەڕێنن:

*ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ میرنشینەکان، تەبعەن لە دوا دارمانی دەستەبژێری نەریتی کە پەیوەست بوو بە سیستمی میرنشینیەوە دوو فۆرمان بۆ دروست بوو. یەکێکیان هەر نەریتییەکە بوو بەڵام لەژێرناوی تەریقەت و شێخگەریدا، ئەویتر نەریتی بوو بەڵام توانای قەبوڵکردنی دەرەوەی هەبوو، بەتایبەتی مەلا کان و زا نا یانی ئایینی دەگرتەوە کە بە تایبەت حاجی قادر یەکێك بوو لەوانە. بە ئاسانی بەریەککەوتن لە نێوان ئەم دووانەدا ڕووی دەدا. جیاوازیان چیبوو، شێخگەرا و نەریتگەراکان توانیان بە ئاسانی زەمینە کۆمەڵایەتییەکە کۆنترۆڵی بکەن. ئە مان بە ئاسانی بۆیان دەچوویە سەر. بەڵام فۆرمەکەی تر ئەستەم بوو. یەکێکی وەك حاجی قادر نەیتوانی زەمینەیەکی وەك کۆیە بقۆزێتەوە. چونکە شێخەکان زەمینەکەیان کۆنترۆڵی کردبوو. بەدەر لەوەی کە ئەرگیومێنت و گوتاری کامیان بەهێزتر بوو. ئەوەی ڕاونرا و دۆڕا حاجی قادر بوو. لە قۆناغێکدا خێڵ و ئایین بربڕەی پشتی ئایینەکانن.*

بەشداربوویەکی تر پێیوایە کە بە هەمان شێوەی باکووری کوردستان کە شێخەکان لە لایەن سوڵتانی عوسمانی بۆ مەرامی خۆیان بەکار دەهێنرێن لە باشووریش:

*ئینگلیزەکان کە دێن ئوسوڵەکانی خۆیان لە بەسرە دادەبەزێنن و دەیانەوێت عراق بگرن. سەرایای سەر بە شێخ مەحمود دەچن بۆ بەسرە شەڕی ئینگلیز دەکەن. بێگومان دواتر کە ئاشتەوایی دروست دەبێت و دەیکەنە مەلیکی کوردستان کە تەنیا شاری سلێمانی و ناوچەیەکی بچووکی بەدەست بووە. عوسمانییەکان لە ناوچەی ڕواندوز و ئەوانە بوون. شێخ مەحمود ناچێت شەڕی ئەو بەشەی دیکەی کوردستان بکات بۆ ئەوەی لە دەستی عوسمانی ڕزگاری بکات، بەڵکو لە ململانێدا بووە لەگەڵ بەریتانییەکان. ڕوانگەی شێخ و تەریقەت ناتوانین بەوە چارەسەر بکەین کە بەریتانییەکان داگیرکەر و*

*کافرن. ئەم ڕوانگە دینییە کاریگەری زۆر نەرێنی هەیە بەسەر ناسیۆنالیزمی کورد و ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ بەریتانییەکان هەبووە. بۆیە ڕوانگەکە پڕ لە کەموکورتییە و پەیوەندی بە تێگەیشتنی سەروەریی سیاسییانەوە هەبووە کە لێی تێنەگەیشتوون و کە لەوە تێنەگەیت، ناتوانیت بە ئاڕاستەیەکی دروست خەباتەکە بەڕێوە ببەیت. خەڵك جۆش و خرۆش بکەیت و تەوزیفیان بکەیت بۆ دابینکردنی سەروەری سیاسی. نەشیانتوانیی ڕۆژئاوا تێبگەیەنن کە بۆ دەوڵەتێکی مۆدێرن خەبات دەکەن.*

دوای ڕووخانی میرگەکان شێخ و تەریقەت بەقەوەت بوون. لە (1851) بەدواوە. فەوزایەکی گەورە پەیدا بوو. دەوڵەتی عوسمانی کاتێك میرگەکان نەمان نەهات ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. بەرەبەرە دوو مۆئەسەسەی پڕ کردەوە . مۆئەسەسەی شێخایەتی و عەشایر.

**تەریقەت و نەتەوەسازی**

لە ڕوانگەی دوو گۆڕاوی سەرەکییەوە کە بریتین لە نەتەوەسازی و کۆیادەوەری، هەموو مەقوولەکان شەنوکەو دەکەین. دەمانەوێت لە ڕێگەی تێگەیشتن لە دۆخ و زەمینەکەوە، پەی بە تێگەیشتنی واتایی کۆمەڵگە و بەشداربووان سەبارەت بەو دیاردانە ببەین. لە کۆتاییشدا ئامانج ئەوەیە کە بزانین دەرکەوتەکانی ئەم زەمینە و پرۆسانە چین؟ بۆ ئێمە گرنگە بزانین تەریقەت لە هەمبەر نەتەوەسازی چی کردووە. تەریقەت و شێخەکان وەکو ڕێباز، هزر و ئایدیۆلۆجیاکانی دیکە، ئەگەر کێشەیان لەگەڵ نەتەوە و نیشتیماندا نییە، کەواتە دەبێت بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی هەنگاویان نابێت. سەرەتا لە بۆچوونی بەشداربوویەکەوە دەست پێدەکەین کە دەرکەوتنی تەریقەت و شێخەکان لە هەلومەرجێکدا وەسف دەکات، کە کۆمەڵگە لە خراپترین دۆخی خۆیدا بووە، لەڕووی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە:

*کورد نەتەوەیەکی نەخوێندەوار بووە، لە سەدەی نۆزدەدا. نەتەوەیەك نەبوو خوێندەواری تیایدا زاڵ بووبێت. بۆیە لەڕووی بونیادەوە تۆ ئاغا و شێخەکانت هەبووە. بەدیلی دیکەت نەبووە. وەك ئەوەی کە لە دیمە شق، قاهیرە و بەغدا ڕوویداوە. ڕاستی ئەوان توانیان ناسیۆنالیزمی کوردی بونیاد بنێن. بەڵام ئەو سیستمەشیان پەرە پێدا کە ڕێگرە لەبەردەم دروستکردنی ناسنامەی هاوبەش. بەرژوەندی هاوبەش و بەهای هاوبەش. واتە لە پاڵ ئەوەی کە دەستپێکی ناسیۆنالیزمی کوردی بوون، بەڵام سیستمەکەشیان*

*پاراست کە سیستمی خێڵەکی و سیستمی عەشرەتگەراییە. بۆیە تێگەیشتنیان بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی رێگەی تێگەیشتنیان بووە بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی و خێڵەکی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا.*

لەم ڕوانگەیەوە، تەریقەت وەك چییەتیی دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ بنەماکانی ناسیۆنالیزمدا، تەنیا کەموکورتییەك کە لە تەریقە تدا هەبووە لەڕووی مو مارەسەوە بووە. ئەوان دروستە بە ئاڕاستەی خۆشەویستی نیشتیمان هەنگاویان ناوە، لەڕووی کولتووری و مەعریفەوە جێدەستیان دیارە، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی پرۆژە و جیهانبینییەك نەبوون سەبارەت بە پرۆسەی نەتەوەسازی و مومارەسەی سیا سیی هەنگاوەکانیان پەرەپێدانی سیستمی خێڵی لێکەوتووەتەوە. ئەوەی تەریقەت کردوویەتی لە ئاستی مومارەسەدا بریتی بووە لە پەرەپێدانی سیستمی خێڵ و عەشرەت. یەکێك لە بەشداربووان باس لە لاوازی تەریقەت دە کات بە ئاڕاستەی کوردا ندنی ئیسلام. هەر ئەو ڕەخنە جدییەی کە ڕووبەڕووی ئایدیۆلۆجییەکانی دیکەش دەبێتەوە. بەشداربوویەك بۆچوونی وایە:

*دەبوو کورد سوودی لە ئیسلام وەربگرتایە بۆ نەتەوەسازی خۆی. بەڵام خۆی لەبەرئەوەی دەفرێکی بەتاڵە بۆیە هەر شتێکی تێبکەی ڕەنگی ئەوە دەگرێت. واتا ناتوانێت بیکوردێنێت. ئەوەی کە فارس و عەرەب کردی، سوودی وەرگرت لە دین، کورد نەیتوانی. ئەوەی شێخەکان کردوویانە نکۆڵینە ناکرێت. ئەوەی گرنگە نەقشبەندین، چونکە ئەوان گرنگیان بە مەعریفە دەدا زیاتر. مەعریفە زاڵە. لەڕووی کولتووریشەوە هەر توانیویانە.*

یەکێك لەو کێشانەی کە وەك کرمی دار، درەختی تەریقەتی هەر لە سەرەتاوە کرمۆڵ کرد و بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی هەنگاو بنێت، ئەوە بوو کە نەیتوانی یەك ڕێباز و گوتاری تایبەت بە خۆی بەرهەم بهێنێت. بەڵکو هەر لە سەرە تاوە بۆ چە ند بەرەیەك دابەش بووە و ململانێ نێوخۆییە کانی وای کردووە کە بە پێچەوانەی ئایینزا کانی دیکەی نەتەوە کانیترەوە، نەتەوەی کورد هێندەی تر پەرتەوازە و دابەش بکەن. تەریقەت و شێخە کان نە یانتوانی ئایین بە ئاڕاستەی یەکڕیزی و ناسنامەی هاوبەش بەکار بهێنن. بەشداربوویەك ئاماژە بەوە دە کات:

*تەریقەتەکێ گەرەکشا بیەن حەرەکێ دروس کەرا. چەنی حەرەکە گشتییەکەی نەبا. سەربەخۆییشا بۆ. مەسەلەن ئەگەر کوردستانەنە پەی نموونەی مەولا نا خا لد کە یوبیەن جە داهێنەرەکا تەریقەتی نەقشبەندی ئەگەر چێگە مەنێوە چەنی ئێسە فارس گرد شێعەن کوردیچ بیێ بە نەقشی ڕەنگا چێوێما*

*کەردێ بە چێوێ. چا چەنی من واتم چەپەکێ سـەرکەوتوێ نەبیی تەریقەتیچ سـەرکەوتوو نەبیەن. ئـی دینە گەرەکمابۆ گەرەکما نەبۆ عەرەب فرە ئیســفادەش وەنە کەردەن، تورکیچ، تۆ چەنـی مـتاوی هەم ئیسلام بی و هەم ئیسفادەش چنە کەری پێ نەتەوەکێت. مەسەلەن فارس، مەزهەبێش وەش کەردەن بە نامێ شێعەیۆ. خەریکا کنۆترۆڵیو دنیاو ئیسلامی کەرۆ. تورکیش هەر پاسەشا کەرد. دوێ تەریقەتێشا نیێرە. وێشا جە ئیسلامە ئەسڵەکەیی جیا کەردۆ.*

هەروەها بیرکردنەوەی نەریتییانەی تەریقەت و شــێخەکان. شــێخەکان دەرفەت و پانتاییەکی گەلێك بەرفراوانیان بۆ تیۆریزەکردن، بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی کوردایەتی لەبەردە ستدا بووە. شێخێك توانیویەتی بە یەك ئاماژە و وتار سەدان مورید بۆ کارێك، گوتارێك و ئەرکێك ڕا سپێرێت. واتە بەئا سانی توانیویەتی ئەو پەیـام و بیرکردنەوەیەی کە هەیەتی بۆ نـاو نـاوچە و کۆمەڵگەی ژێر هەژموونی خۆی بگوازێتەوە. بەڵام بە شداربووان بەڵگەی ڕوون و ئا شکرا ئاماژە پێدەکەن سەبارەت بە جۆرێك ململانێی نێوخۆیی لە نێوان ڕێبازە جیاوازەکانی تەریقەت لە لایەك و لاوازیی لە بەدەســتهێنانی پاڵپشــتیی سەرۆك عەشرەت و دەسەڵاتدارانی ناوچەکانی تری کوردستان و تەنانەت خەڵکانی دەوروبەری خۆیان. بەشداربوویەك دەڵێت:

*مشکیلەی مەحمودی حەفید چییە. ئەو عە شایرانەی دەوری سلێمانی پشتیوانـی شێخ نەبوون. چۆن دە شـێخی گەورەی بزووتنەوەی کوردایەتیم بۆ ژماردیت، دەیانیشـمان هەن کە دژی بوون. مەحمودی حەفید دژی هەموو شــتێك ڕاوەســتا. دژی عەرەب و تورکان هەمو ڕاوەســتا. چونکە شـێخە. وتـی ئێوە موسوڵمانن بەڵام دینداربیەکەی ئێمە لە تورك، عەرەب و فارس کەمتر نییە.*

واتە سەرکەوتوو نەبوون لە ڕەخساندن و سازکردنی سەرەکیترین بنەمای نەتەوەسازیدا کە بریتییە لە یەکڕیزی و کۆکردنەوەی خەڵکی کوردستان. بەشداربوویەك دەڵێت:

*هەڵبەت تەریقەتەکان لە بری کۆکردنەوەی گروپە کۆمەڵایەتییە جـیاوازەکان دێن زیاتر دابەشــیان دەکەن. نەمانتوانی تەریقەت، ســۆفیزم، نەقشــبەددی، قادری بکەینە هەوێنی دروســتکردنی ناوکی هاوبەش، سەرزەمینی هاوبەش، جوگرافیایی هاوبەش وهوشیاری هاوبەش نیشتیمانی هاوبەش کە لە چوارچێوەی ئەم جوگرافیایەدا کۆ ببینەوە و خۆمان بە خاوەنی ئەم تەریقەتە بزانین و لانیکەم داکۆکی لێبکەین.*

جگە لەوەی کە وەك پێویســـت نەیانتوانیوە لە ئاســـت و بارودۆخی ئەوکات تێبگەن و مامەڵەی پراگماتیکییـانە لەگەڵ واقیعەکەدا بکەن. بۆ نموونە بەشـــداربوویەك نموونەی شـــێخ مەحموود دەهێنێتەوە کە چۆن نەیتوانیوە واز لەو پاشـخانە نەریتییە ئایینییەی بهێنێت و لە ئاسـت بارودۆخەکەدا بێت:

*تەماشـا بکە لە لایەك شـێخ مەحموود هاتبوو ببێتە مەلیکی کوردسـتان، بەڵام لەولاوە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت کە ئەو بەشـەی کوردسـتان کە هێشـتا نەبووە بە دەوڵەت ببێتە بەشـێك لە پاشـایەتییەکی کوردانە کە مەلیکێکی کوردی هەیە و حوکمی دەکات. خەریکە ڕوو دەدات، بەڵام لەولاوە جووڵەیەك هەیە لە نێوخۆی دەوڵەتی عوسـمانیدا بۆ زیندووکردنەوەی ئەو دەوڵەتە شـێخ مەحمود یەکێکە لەوانەی کە پاڵپشتی دەکات.*

**خشتەی ٦ مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ**

| ڕیز | مەقوولە | مەقوولەی کاکڵ |
|---|---|---|
| 1 | هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە | |
| 2 | مۆرکی تەریقەت | کورداندنی ئایین |
| 3 | دژیەکییەکانی تەریقەت | |
| 4 | تەریقەت و نەتەوەسازی | |

## کورداندنی ئایین

بە لەبەرچاوگرتنی مەقوولە سەرەکییەکان و ڕاڤەی هەریەکەیان، قۆناغی کۆدبەندیی کاکڵ جێبەجێ دەکرێت. ئەم مەقوولە خاوەنی بەرزترین ئاسـتی ئەبسـترەکتە و هەموو مەقوولە سـەرەکییەکان دەبێت بەدەوری ئەو مەقوولەدا بسـوڕێنەوە. دەتوانین بڵێین مەقوولەی *کوردا ندنی ئایین* ئەو مەقوولەیە کە دەتوانێت هەموو مەقوولەکانیتر ڕووماڵ بکات. لەم تەوەرەدا تێگەیشتن و واتای زەینیی بەشداربووانمان سـەبارەت بە ڕۆڵی تەریقەت و شـێخەکان لە ناسـیۆنالیزمی کوردیدا زانی. هەروەها ئەوەی هەڵێنجان دەکرێت دوو خاڵی سـەرەکییە، یەکەم لەڕووی چییەتییەوە، دووەم لەڕووی پرەکتیك و مومارەسـەوە. لەڕووی چییەتییەوە، تەریقەت هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردییە و لە دەرەوە هاوردە نەکراوە. ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە کە ئایا ئایینی ئیسلام بۆخۆی ئایینێك نییە کە لە دەرەوە بەسەر کورددا سەپابێت؟

لێرەوە بۆچوونی هەندێك لە بەشـــداربووانمان وەرگرت کە باســـیان لە غیابی ئایینێکی تایبەت بە کورد کرد وەك هەموو نەتەوەکانیتر. بەهەرحاڵ، لە ڕوانگەی تێگەیشتنی بەشداربووانەوە، دەکرێت تەریقەت دژ نەوەستێتەوە لەگەڵ نەتەوە و نەتەوەخوازیدا. واتە زەمینەی بەنەتەوەییبوون و کورداندنی ئایینی تێدا ڕەخساوە. بەڵام لە ڕوانگەی بەشداربووانەوە کێشەیەك هەیە، ئەویش گشتگیری و بان ـ نەتەوەییبوونی تەریقەتە وەك ڕێبازێکی ئایینی. ئایین خۆی ڕێبازێکی بان ـــ نەتەوەییە. کاتێك کەسێك یان ڕەوت و ڕێبازێك، باننەتەوەیی بیر دەکاتەوە، واتە ناتوانێت خۆی لە نێوان بیرکردنەوە و هەڵوێستێکی ئایینی یان نەتەوەییدا سەرپشك بکات و لە نێوان بەرژەوەندی ئایین و نەتەوەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت. هەرچەندە وەك ئاماژەمان پێدا، نەتەوەکانیتری عەرەب و تورك و فارس، توانییان وەها بکەن. فارس بۆ خۆی ئایینزایەکی هەڵبژارد، عەرەب ئایینێك و تورکانی عوســمانیش باشـترین ســوودیان لە ئایین وەرگرت. بەڵام تەریقەت وەك ڕێبازێکی هزری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی لە کوردستاندا، لەو ئەرکەدا سەرکەوتوو نەبوون. هەندێك بەڵگە هێنرانەوە کە بۆ نموونە کۆچی شـێخانی گەورەی وەك مەولانا خالید بۆ دەرەوەی کوردستان، یان پەرتبوونی ڕێبازەکە بۆ چەند بەشێك، ڕێگربوون لەبەردەم ئەم بەرپرسیارییەدا.

ســەبارەت بە لایەنی پرەکتیکی و مومارســەی ســیاســیی شــێخانی تەریقەت کە لە دوای میرنشینەکانەوە تاکە سەرچاوەی دەسەڵات و شوێنگرەوەی میر و ئاغاکان بوون، لە نێو بەشداربووواندا بۆچوونێکی زاڵ هەبوو کە پێیوابوو، تەریقەت بۆ خۆی نەیتوانیوە ببێتە بزوێنەری نەتەوایەتی، بەڵام ســیمبولەکانی تەریقەت هەندێکجار توانیویانە ئەو ڕۆڵی ببینن. ئەوان لە وەدا شــکســتیان خوارد کە نەیانتوانی ببنە هەوێنی کۆکەرەوەی هاوبەشــییەکانی کورد. زمانی هاوبەش، کولتووری هاوبەش، جوگرافیا و ڕێبازی ئایینیی هاوبەش، سیمبولی هاوبەشیان دروست نەکرد. ئەوان بۆ خۆیشیان بەسەر ســۆفی، تەریقەتی نەقشـــی و قادری، شــێخانی بارزان و حەمەســووریدا دابەش بوون و هێندەی تر نەتەوەیی کوردســـتـان دابەش کرد. لێرەوە کەواتە بەم هەموو دابەشـــکارییەوە، کۆیـادەوەری و کۆناسنامەبوونیش ئەستەم دەنوێنێت.

یەکێکیتر لە کێشەکانی بەردەم تەریقەت، بریتی بوو لە نەریتیانە بیرکردنەوەیان سەبارەت بە پرسی دەوڵەت ـــ نەتەوە. نموونەی چەند هەڵوێستێکی سیاسیمان ئاماژە پێکرد کە چۆن ڕێبەرانی تەریقەت لەو دەمەدا کە دەســەڵات و هەژموونێکی زۆریان هەبوو، چینێکی خوێندەوار و دنیادیدە بوون، بەڵام

سـەرکەوتوو نەبوون لەوەدا کە وێنەیەکی واقیعی نەتەوەکەی خۆیان نیشـانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بدەن. کەواتە ئەگەر تەریقەت هاوتەر یب لەگەڵ کوردایەتی درێژە یان بە خە بات داوە، مۆرکی نەتەوەیـیان هەڵگرتووە، لەبەر فراوانیی دنیابینییان، شـۆڕشـگێڕبوونیان و هەبوونی تۆڕی بەهێزی پەیوەندی لەگەڵ خەڵك، بەڵام لە هەمانکاتدا تێگەیشـتنیان نەریتیانە بووە و بیرکردنەوەیان خێڵەکی بووە، گوێیان بە قەومییەت نەداوە، خەونی سـەربەخۆیی و نەتەوەییـان نەبووە، هەربۆیە ئەوانیش نەبوونەتە هەوێنی کۆکردنەوە، یەکریزی و سـەرکەوتوو نەبوون لە ڕێبەرایەتی. جگە لەوەی کە هەندێکجار دژایەتیکردنی یەکتری لەناو خۆیان زیانی پێگەیاندوون.




**هێڵکاریی ٣ ئایا تەریقەت بە بەربەست دەزانیت لە بەردەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی**

بۆیە لە ڕوانگەی بەشـداربووانی ڕووپێوەکەمانەوە، لە وەڵامی ئەو پرسـیارەدا کە ئایا لە سـەد سـاڵی رابردودا تەریقەت و شێخەکان بەربە ست بوون یان بەربە ست نەبوون، لەبەردەم دروستبوونی هە ستی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی ڕزگـاریخوازیی لە هەرێمی کوردسـتـانـدا؟ لە وەڵامـدا بەشـی زۆرینەی نموونەکانی ڕووپێوەکە کە دەکاتە نزیکەی ٧٩%، بە نەرێنیی وەڵامیان داوەتەوە.

ئەنجامی ڕووپێوەکە پشـتڕاسـتی ئەو بۆچوونە دەکاتەوە کە ئەگەر ئامانجی هەر بزووتنەوەیەکی ئایینی، ناسـیۆنالیسـتی یان نەتەوەیی بریتیی بێت لە هەنگاونان بە ئاڕاسـتەی نەتەوەسـازی، ناسـنامەسـازی، کۆیادەوەری و دروسـتکردنی سـیمبولی هاوبەش و نەتەوەیی ، ئەوا تەریقەت نەیتوانیوە، وەك پێویسـت ئەو ڕۆڵە ببینێت.

# حزبە ئیسلامییەکان و ناسیۆنالیزم

وەك لە بەشـــی ئەدەبیاتی توێژینەوەدا و بەدیاریکراویی لە باســـی ئایین و نەتەوەدا ئاماژەمان پێکرد، حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان لە سەرهەڵدانیانەوە تا ئەم چرکە ساتە، خۆیان لەبەردەم چەند پرسێکی هەســتیاری پەیوەســت بە نەتەوە و ناســیۆنالیزمدا دەبیننەوە. مشــتومڕی نێوان ئەدەبیاتی ناســیۆنالیزم و هزری ئیســـلامی، نەتەوەییبوون و ئیســـلامیبوون گەرمترە لەو مشـــتومڕەی کە لە نێوان ناســـیۆنالیزم و تەریقەتدا هەیە. چونکە تەریقەت، لە بنەمادا ڕێبازێکی ســـیاســـی نییە کە مومارەســـەی ســـیاســـەت و هەڵبژاردن و دامەزراندنی حزبی ســـیاســـی بکات بۆ گەیشــتن بە کورســـی دەســـەڵات. بەڵکو ڕێبازێکی ڕۆحانی، هزری و کولتوورییە و دەکرێت لە چوارچێوەی خانەقا و تەکیەکانیدا درێژەی بە مانەوەی خۆی بدات. بەڵام حزبی ســـیاســـی کە بەرژەوەندی و ســـیاســـەت دەبێتە بناغەی کار و مامەڵەکردنی بازنەی گەمەکردن و ڕۆڵبینینی فراوانتر دەبێت. لێرەوە هەمان پرس کە ڕووبەڕووی هەر ڕەوت و هێزێکی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دەبێتەوە، ئاڕاستەی حزبە ئیسلامییەکانیش دەکرێت. ئێمە بەدوای تێگەیشتنی واتایی بەشـــداربووانی ئەم تێزەدا دەگەڕێین، ســـەبارەت بە ڕۆڵ و کاریگەری ئەم حزبانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و نا سیۆنالیزمی کوردیدا. هەروەها کاریگەرییان لە سەر پرۆ سە و پڕۆژەی نەتەوە سازی. هەر لەڕوانگەی هزر و سیاسەتکردنەوەیە کە هەندێك بە حزبی ئیسلامی نەتەوەیی، حزبی سیاسی و ئیسلامی سیاسی ناوزەدیان دەکەن.

ســەرهەڵدان، بیرکردنەوە و قەبارەی حزبە ئیســلامییەکانی کوردســتان جیاوازە. لە دوای تەریقەتەوە پا شخانی هزری و بیروباوەڕی حزبە سەرەکییەکانیان کە بریتین لە بزووتنەوەی ئیسلامی کورد ستان و یەکگرتووی ئیســـلامی کوردســـتان، هزری ئیخوان موســـلیمینی جیهانی بووە. بۆیە پێوســـتمان بە تێگەیشتنێکی ورد سەبارەت بە جیاوازیی زەمینەی سەرهەڵدانی ئیخوان موسلیمین هەیە. لە ڕێگەی تێگەیشتن لەو زەمینەیە و گوتارە سەرەکییەکانی ئیخوان ئا سانتر پەی بە شێوازی بیرکردنەوە، گوتار و هەڵوێســتی حزبەکانی کوردســتانیش ســەبارەت بە پرســەکانی نەتەوە و ناســیۆنالیزم دەبەین. هەر لە ســۆنگەی ئەدەبیاتی ناســیۆنالیزمەوەیە کە پرســـی بانگەواز و ســـیاســـەت وەك گرێکوێرەیەك بە چارەسەرنەکراویی ماوەتەوە.

لە لایەکیترەوە حزبە نائیسلامییەکانی کوردستان، ئیسلامییەکان بە بارگاویبوونیان بە گوتاری ئیخوان تۆمەتبار دەکەن و پێیانوایە کە ئەم حزبانە هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردستان نین و نامۆن بە کۆمەڵگە. لە بەرامبەردا ئیسلامییەکان لە ئاست گوتاری حزبییەوە بە ترسولەرزەوە باس لەو پاشخانە هزرییەیان دەکەن و ڕایدەگەیەنن کە ئەوان دەمێك ساڵە خۆیان لەو هزرانە ڕزگار کردووە و لە پێناو کوردایەتیدا باج و خوێنیان بەخشیوە.

لە ڕێگەی تاوتوێی زانیارییەکان و کۆدبەندی داتاکانەوە، لە قۆناغی کۆدبەندی سەرەتایی کراوەدا ۳۱ چەمك و ۳ مەقوولەی سەرەکیمان بەم شێوەیەی خوارەوە دەرهێنان:

**خشتەی ٧ ڕۆڵی ئیسلامییەکان لە ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا چۆن دەبینیت؟**

| ڕیز | دەستەواژە | چەمك |
|---|---|---|
| 1 | کوردایەتییان کردە قوربانی ئیسلام. واتە دۆزە کوردییەکەیان خستە خزمەتی دۆزە ئایینییەکە. ئەمە کێشەیە. ئیسلامییەکان دوو مۆدێلیان هێنایە ناو ژیانی کوردیی. یەکەمیان مۆدێلی بارگاوییە بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیخوان. تەنانەت شێوازی جلوبەرگیان بوو بە عەرەبی. تەنانەت دژایەتی پەیامەکانی نوری سەعید نوورسیان دەکرد. | قوربانیکردنی کوردایەتی زاڵکردنی کولتووری عەرەب |
| 2 | ئیسلامیزم لە کوردستان لە خەمی ئوممەی ئیسلامییە. ئیسلامیزمیش کورد دەتوێنێتەوە لە بازنە گەورەکەدا. بەرەو ئوومە و دیخاتە خزمەتی ئوممە و ئیسلام. | لە خەمی ئوممە |
| 3 | ئەوان هەموویان لە ئیخوان موسلیمنەوە هاتوون و ئیخوانیش تەبعەن ڕەوتی جیاوازی تێدا هەیە. بۆ من هەموو ئەو تیۆرە ئوممەیانەی (کۆزمۆپۆلەتیك) لە دەرەوە هاتوونەتە کوردستان هەموویان بە زیانی ناسیۆنالیزمی کوردی تەواو بوون | نامۆ بە بونیادی کۆمەڵگە |
| 4 | بەربەستن لە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی. لەو کاتەوە تائێستاش. هاوبرایی کە ئیسلامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بووەتە دەردێك کە کورد بە دەستییەوە دەناڵێنێت. کورد زۆر بە ئاسانی بە گوتاری ئیسلامیبون فریو دەدرێت | هزری بان نەتەوەیی |
| 5 | نوخبەی دینیی پێیوابوو کە ناسیۆنالیزم ڤایرۆسێکی کوشندەیە. تەنانەت خودی عەلی باپیر بەرچاوم کەوتووە کە ناسیۆنالیزم وەك بەڵاو ڤایرۆسێکی گەورە لەبەر کۆمەڵگەدا پێناسەی کردووە. لەبەرئەوەی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا یەکە کە بان نەتەوەییە، چونکە هەموو ئایدیۆلۆجیایەکی عەقیدەیی بان نەتەوەییە. | ناسیۆنالیزم وەك ڤایرۆسێکی کوشندە |

| | | |
|---|---|---|
| 6 | تائێستا ئیسلامییەکان مەرجەعییەتیان نییە. ئیسلامی سیاسی لە دەرەوە دێت. پێموایە ئیسلامییەکان ئێستا ڕێگرن. | ئیسلامی سیاسیی هاوردەکراو |
| 7 | چونکە ئیسلام پابەندمان دەکات بە زەمینەیەکی فراوانتر لە کوردایەتی و کوردبوون. واتە گەورەتر لە کوردبوون خۆی. بۆیە دەستەبژێرە ناسیۆنالیزمە کوردییەکە بەردەوام پەرچەکردارێکی هەبووە بەرامبەر بە ئیسلام. ئەویش پەرچەکردارێکی بەرامبەر ناسیۆنالیزم هەبێت.. <br>گەڕانەوە بۆ هەندێك تێکەیشتنی ئیسلامیانە بۆ کورد، مەولودکردن و لەدایکبوونی پەیامبەر و بەڕەمزکردنی هەندێك لە کەسایەتی و سەرکردە زانا کوردەکان و جێگیرکردنی ئەو تێگەیشتنەی کە کورد بە شێکە لە جیهانی ئیسلامی بە پێی تایبەتمەندی خۆی، پێداچوونەوە بە مێژووی کورد بە ئیسلامەوە ئەوەم لە گوتاری یەکگرتوودا بینیوە بەڕاستی. تاحەدێك لە بزووتنەوەی ئیسلامیشدا ئەمەش هەبوو. | پەرچەکردار<br><br>کورداندنی ئیسلام |
| 8 | حزبە ئیسلامییەکان عەلاقەیان بە تەریقەتەوە نییە. حەرەکەی هزری ئیسلام لە ناوچەی هەورامان و هەڵەبجە لە مێژە هەبوو. هەروەها کاریگەری شۆڕشی ئێران. ئەو حزبانە فکریان لە دەرەوەی کوردستان هاتووە. | فکرەی هاوردە |
| 9 | پێموایە کە هەر حەرەکەیەکی ئیسلامی دروست بووبێت ڕەگەزی قەومی تێدابووە. بە بزووتنەوەشەوە تەنانەت بە ئیخوانەکانیشەوە. ئیشکالەکە تەنیا لەسەر مەسەلەی تەنزیر بووە. بزووتنەوە دەیگوت ئێمە بە چەکی دین دەتوانین مۆبیلیزی باشترەی خەڵك بکەین. دیفاعی باشتر بکەین و پێشمەرگەی ئازاتر دروست بکەین. سەبارەت بەوەی کە ئیخوانیش بن، پێموایە کە ئەوان کوردن و زۆریش کوردن. | ڕەگەزی قەومی |
| 10 | دەبینی لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لە حاڵەتی نەزۆکیدان. گەشە ناکەن. ناتوانن خۆیان بگونجێنن. خۆیان نوێ بکەنەوە. بۆئەوەیە کۆمەڵ ناوی خۆی دەگۆڕێت چونکە پێیوایە کە بەمجۆرە دەتوانێ بکرێتەوە بەرامبەر بە کۆمەڵگە. گوتاری یەکگرتوو کێشەی لەگەڵ نەتەوە نییە. بەڵام ئەوانیتر زەحمەتە. | نەزۆکی ئیسلامییەکان و دوودڵییان |
| 11 | ئەویش وەك چەپەکان هێزێکی ئوممەمییە. دیارە بۆ عەرەب وانییە. بۆ عەرەب عروبەیە. کە دێتە سەر نەتەوە کانیتر دەبێتە هێزێکی ئوممەمی. ئێمە هەمووومان براین و لە ژێر چەتری ئیسلامدا کۆدەبینەوە... لە سەردەمی نەهامەتییەکاندا هەوڵیان داوە دەنگی کورد بگەیەنن بە برا موسوڵمانەکانیان کە ئەوە کوردیش هەیە. بزووتنەوە کە دێت لە هەر | نێوان نەتەوەییبوون و ئیسلامیبوون |

| | | |
|---|---|---|
| | لە سەرەتاوە کۆمەڵێك عونسوری نەتەوەیی لە گوتاریدا هەر هەبووە. بەلام ئەوەی کە لە بەرژەوەندی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بووبن ئەوا پێموانییە. کاتێك ئیسلامییەك دەیەوێت باسی یادەوەری بکات دەیەوێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ مێژووە ئیسلامییەکە. یادەوەرییە ئیسلامییەکە. | بەریەککەوتنی یادەوەرییەکان |
| 12 | پێچەوانەی ئیخوان وتیان موعاناتی من جیاوازە. هەم ئیخوانیشم و هەم کوردیشم. چەکیشیان هەڵگرت و ناوی خۆشیان نا کورد و ئێستاشی لەگەڵ بێت، یەکگرتووە بۆ نموونە پێدەڵێن لە چوارچێوەی حەرەکەی عەرەبی ئیسلامیدا جێیان نەبوویەوە. بۆیە حەرەکەی ئیسلامیی کوردییان دروست کرد. | تەبایی ئیسلامیبوون و کوردبوون |
| 13 | لە ئیسلامییەکاندا هەندێك لادان هەیە. دەڵێن ئیسلامین، کورد چییە. ئینتیمای نەتەوەیی دژی ئینتیمایی دینییە. نەمانتوانی هاوسەنگی ڕاگرین. | هاوسەنگی ڕانەگرتن |
| 14 | واقیعێك دێتە پێشەوە بیر لەوە دەکاتەو کە نیشتیمانێك هەیە. کورد بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی خۆی هەیە. ناکرێت لە چوارچێوەی ئیخوانێکی ترەوە بیر لە کوردستان بکەینەوە. | خۆگونجاندن لەگەڵ واقیع |
| 15 | وەك بزووتنەوە خۆمان دارنی لە ڕێکخراوێکی جیهانیی بە ناوی ئیخوان موسلیمین. چونکە ئەوان ئوممی بیریان ئەکردەوە ئێمە نەتەوەیی. ئێمە ئەمانوت نەتەوەی خۆمان. میللەتی ئێمە زوڵمی لێکراوە و تا کورد مابێت ناچین خزمەتی شوێنێکی تر بکەین. خزمەتی میللەتی خۆمان ئەکەین. لە ڕیفراندۆمیشا هەر ئەو ڕۆحە بوو. | باجی نەتەوەییبوون |
| 16 | ئەوەی کە ئەوانیش بەرامبەرە هێزێکی وەك ڕژێمی عێراق بزووەتنەوە ز یاتر لەوەی کە تێگەیشتن بێت لە نا سیۆنالیزمی کوردی زیاتر مە سەلەیەك کە پاڵنەرێکی ئایینی بووە. کە ڕاوەستاونەتەوە دژی زۆردارێکی عەرەبی، بەڵام ئەگەر بڵێین ئەوانە بە بەرنامە و مەبەستێکی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی هاتبنە ناو پرۆسەکەوە من وای نابینم. چونکە بتەوێت و نەتەوێت ئەوانە باگراوندێکی ئیسلامییان هەیە. | زاڵبوونی پاڵنەری ئایینی |
| 17 | یەکگرتوو و کۆمەڵ دەگەڕێتەوە بۆ مامۆستا عەلی باپیر یان سەڵاحەددین لە مە سەلەی کورددا بێتەرەف نین. بە نەتیجە ئەندامن لە ئیخوانی عالەمی. پشتیوانییان لێ دەکەن. | ئەندامبوون لە ئیخوانی عالەمی |
| 18 | هەڵەی گەورەتریان ئەوەبوو کە شەریعەت بە شێوەی سەلەفی دەکەن بە نیزام. لە سەر چی دەژین لەسەر ئەوەی کە پارتی نەیزانی بەڕێوەی بەرێ و یەکێتی نەیزانی بەڕێوەی بەرێ. ئیسلامییەکانی بوونە مەکینەیەکی هێزی ڕووخێنەر. | لۆکۆمۆتیڤی هێزی ڕووخێنەر |

| | | |
|---|---|---|
| 19 | ئێستاش جۆرێك گوتاری نەتەوەیی تیایانا بەدی دەکرێت هەرچەندە من لەو قەناعەتە نیم کە ئەم ئیسلامیانە دەبنە جۆرێك لە پشتیوانی سەنەدی نەتەوەیی. | کوردبوونی ئیسلامییەکان |
| 20 | ئیسلامییەکان هەوڵ دەدەن هەدەفەکانیان بەرگێکی دینی بەبەردا بکەن. واتە بەرگێکی پیرۆزی بەبەردا دەکەن. لە کاتێکدا کە سیاسەت بەرژەوەندییە. | ئیسلامی سیاسی |
| 21 | بەشێکی لاساییکردنەوەیە. ئیخوانەکان بۆ نموونە کەمتر خۆیان لە مەسەلەی قەومی دەدەن. بەڵام بە نسبەت ئێمەوە کە ڕزگارمان نەبووە تەبیعییە کە من ئیسلامیش بم، مەلاش بم و قەومیش بم. | گونجانی ئیسلامیبوون و نەتەوەییبوون |
| 22 | تەیاری ئیسلامیش کە دروست ئەبێت دوور ناکەوێتەوە لە خیتابە قەومییەکە. بە دیوە ئیسلامییەکە. بەشی زۆر ئەو تەیار و ڕموزە ئیسلامیانە بەشێك بوونە لەو جووڵانەوە کوردییە. یان هەوڵیان داوە خیتابی خۆیان تێکەل بکەن بە خیتابی قەومی. | بوونی گوتاری نەتەوەیی |
| 23 | مەلا مستەفا کە 70 یەکێتی مەلایانی کورد ستانی دامەزراند. زۆربەی ئیخوانن. ئیخوان ئەوکات چەپڵەیان بۆ سەدام لێدەدا. ئەوە بزووتنەوە دێن سەدام هەندێکیان لێدەگیرێت ئەوە شتێکی ترە... ئیسلامییەکان نە ڕێگربوون نە بزوێنەری ناسیۆنالیزم. | گەمەی ئیسلامیبوون و نەتەوەییبوون |
| 24 | من خۆم نۆرماڵ سێری ئەم شتانە ئەکەم، لەبەرئەوە پێموایە لە چەپیشا هەر وایە، ئەتوانی موسوڵمان بیت و نەتەوەییش بیت...... لە حیزبە ئیسلامییەکاندا هەیە زیاتر نەتەوەییە، ئێسە هەندێک لەوانەی لە یەکگرتوو جیا بوونەتەوە نەتەوەیین. | ئاساییبوونی کاریگەربوون بە ئیخوان |
| 25 | ئەگەر بە پێوەرەکانی ئیخوان یەکگرتوو هەڵسەنگێنین یەکگرتوو لادەرە. بە درێژایی ئەو مێژوو نە یانتونیوە ئەرێنییەن چالاك بن، بۆ هەڵسان بە ئەرکە نەتەوەییە کان، بەڵام نەرێنییەن دژی فکرەکە و پڕۆژەکە نەوەستاونەتەوە. هێشتا پرۆسەی دووبارە بیناکردنەوەی ناسنامەی نیشتیمانی ئیسلامییەکان تەواو نەبووە، بەڵام بە بڕوای من ئاستێکی مەعقولی بڕیوە. لە هێزە تەقلیدییە نەتەوەییەکان لەپاشتر نییە. | نەتەوەییتر لە هێزە نەتەوەییەکان |
| 26 | هیچ جارێك وەکو یەکگرتوو، دژی نەتەوەی خۆمان نەبووینە، وە هیچ جارێك دژ نەبووینە لەگەڵ حەقانییەت و عەدالەتی قەزیەی کوردی. ئەمە شتێکی ڕۆشنە و یەك شتیش نییە ئیسباتی خیلافی ئەمە بکە یت. لای یەکگرتوو ئیسلام شمولی نییە، بەڵکو تایبەتمەندی فکری ئیسلامی بریتییە لە واقیعیبوون. ئێمە خەمی انسانیش دەخۆین، خەمی ئومەتیش دەخۆین. | ئەرکی ئەخلاقی و مرۆیی و دینی. |

| | | |
|---|---|---|
| 27 | دیدگای ئێمە بۆ قەزیەی نەتەوەیی هەڵقوڵاوی کۆمەڵێك ئایەتە. خوا ئەفەرموێ یا ایها الناس ئەمە بۆ هەموو خەڵکە انا خلقنکم .... الحجرات ئایەتی 13. ئایەتێکی تر ... من االسنتکم و ... پەیامبەر ئەفەرموێ ... ولا عربیا لعجمی ... الا بالتقوی.. | هەڵقوڵاوی قورئان |

لە قۆناغی کۆدبەندی تەوەرەیی پەیوەست بە تێگەیشتن و ڕاڤەی حزبە ئیسلامییەکان و ناسیۆنالیزمدا ٣ مەقووله دەرهێنران. لە لاپەڕەی دواتردا بە کورتی دەپەرژێینە سەر هەر یەکە لەم مەقوولانە و لە چوارچێوەی کۆدبەندیی تەوەرەیدا شرۆڤەیان دەکەین.

**خشتەی ٨ مەقووله سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە ڕۆڵی ئیسلامییەکانی کوردستان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا**

| مەقوولەکان | چەمکەکان |
|---|---|
| قوولایی ئیسلامییەکان | نامۆیی ئیسلامییەکان، فکرەی هاوردە، ئەندامبوون لە ئیخوانی عالەمی، کوردبوونی ئیسلامییەکان، ئیسلامی سیاسیی هاوردەکراو، خۆگونجاندن لەگەڵ واقیعی کورد، ئاساییبوونی کاریگەربوون بە ئیخوان، نەبوون بە بەدیلی تەریقەت، پەرچەکردار بەرامبەر ناسیۆنالیستەکان، دژایەتی ناسیۆنالیزم. |
| هزری سەرتاپاگیر | لە خەمی ئوممەی ئیسلامیدا، بان ـــ نەتەوەییبوونی ئیسلامییەکان، لە نێوان نەتەوەییبوون و ئیسلامیبوون، ناسیۆنالیزم وەك ڤایرۆسێکی کوشندە، قوربانیکردنی کوردایەتی بۆ ئیسلام، زاڵبوونی پاڵنەری ئایینی لە هەڵوێستە نەتەوەییەکاندا، گەمە لە نێوان ئیسلامیبوون و نەتەوەییبوون، نەبوونی مەرجەع، هەڵقوڵاوی قورئان، ناسیۆنالیستتر لە ناسیۆنالیستەکان، ڕەگەزی قەومی، بوونیان لەگەڵ ئێش و ئازاری نەتەوە، گونجانی ئیسلامیبوون و نەتەوەییبوون، باشتر لە نەتەوەییەکان، نەتەوەییبوون وەك ئەرکی ئەخلاقی و مرۆیی و دینی. |
| ئینتیمای دووسەرە | ناهاوسەنگی نێوان ئایین و نەتەوە، زاڵکردنی کولتووری عەرەب، دژیەکی لە ڕەهەندی ئینتیماوە، لۆکۆمۆتیڤی هێزی ڕووخێنەر، نەزۆکیی ئیسلامییەکان و دوودڵییان، ئیسلامی کوردی، باجی نەتەوەییبوون، کورداندنی ئیسلام. بەریەککەوتنی یادەوەری. |

## قووڵایی حزبە ئیسلامییەکان

ڕەگوڕیشەی ئیسلامییەکانی کوردستان بە بێ ئەوەی خۆیان حاشای لێبکەن، بۆ ئیخوان موسلیمین دەگەڕێتەوە. ئەوکاتەی کە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم ڕوویداوە و خەلافەتی عوسمانی لەناوچووە، دەوڵەت ـــ نەتەوە نوێیەکان دروست دەبن و لەپڕ ژمارەیەك دەوڵەت سەر هەڵدەدەن و جیهانگیریی باڵ دەکێشێت بەسەر جیهاندا و هێزە ناسیۆنالیستییەکانی جیهانی عەرەب عەرزی عەزەلات دەکەن و لە ڕوانگەی ڕێکخراوێکی وەك ئیخوانەوە جیهان بەسەر دوو بەرەی کوفر و ئیسلامدا دابەش دەبێت، لەو کاتەوە هزری گەڕانەوە بۆ ئیسلامی فەندەمێنتاڵ و بێخەوش پەرە دەسێنێت. لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئەم هزرە گشتگیرە بەهێزە پەل دەهاوێژێت بۆ هەموو وڵاتان. نیشانەکانی ڕێگای سەید قوتب وەرگێڕانی فارسی دەکرێن و دەبنە هەوێنی شۆڕشێکی سەرتاپاگیر و دواتر هێدی هێدی شۆڕشی ئیسلامیزەکراوی ئێرانی لێ بەرهەم دێت. ئەم هزرە سنوور ناناسێت و وەك بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکانیش ئاماژە بە هاوردەکردنی هزری ئیخوان دەکەن بۆ ناو عێراق و بارگاویبوونی حزبەکانی وەك بزووتنەوەی ئیسلامی و دواتر ڕابیتەی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی لێدەکەوێتەوە.

ئەم بابەتە خۆی جێگەی سەرنجە کە پێش هاتنی ئەم هزرە، تەریقەت و شێخەکان باڵادەست و کاریگەری بوون. کەچی ناتوانن خۆیان لە هەمبەر ڕێکخراوێکی ئایدیۆلۆجی وەك ئیخواندا ڕابگرن. بۆیە لەو کاتەوە بەردەوام ئەو مشتومڕە دروست دەبێت کە ئایا دەکرێت حزبە ئیسلامییەکان بە درێژەپێدەری ڕێبازی تەریقەت هەژمار بکرێن. بەشداربوویەك ئەو تێزە ڕەت دەکاتەوە کە پێیوایە حزبە ئیسلامییەکان بوونەتە جێگرەوەی تەریقەت و شێخەکان:

*حزبە ئیسلامییەکان یەك سەرچاوەیان هەیە. ئەوان هەموویان لە ئیخوان موسلیمینەوە هاتوون و ئیخوانیش تەبعەن ڕەوتی جیاوازی تێدا هەیە. بۆ من هەموو ئەو تیۆرە ئومەمیانەی (کۆزمۆپۆلەتیك) لە دەرەوە هاتوونەتە کوردستان هەموویان بە زیانی ناسیۆنالیزمی کوردی تەواو بوون.*

هەر سەبارەت بە هۆکاری سەرهەڵدانی حزبە ئیسلامییەکان، بۆچوونێك پێیوایە کە دەرکەوتنیان بە جۆرێك پەرچەکردار بووە بەرامبەر بە هێزە ناسیۆنالیستییەکان. واتە کاتێك خەڵکانی ئیسلامی و مەلا و کۆمەڵێك کەسایەتی دەڤەرە جیاوازەکانی کوردستان بەتایبەت ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان، جووڵە و سیاسەتی هێزەکانی دیکەی وەك پارتی دیموکرات و دواتر یەکێتی نیشتیمانی دەبینن،

لەگەڵ ئەوەشـــدا زوڵم و ســـتەمی دەســـەڵاتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق بەرامبەر نەتەوەی كورد دەبینن، وەك پەرچەكردارێك پێویســـتیی دامەزراندنی ســـەحوەیەك كە لە ئەنجامی كاریگەری هاتنی ئیخوانەوە گڕوتینی سەندووە، دەبێتە ئەمری واقیع. بەشداربوویەك دەڵێت:

*دەستەبژێرە ناسیۆنالیزمە كوردییەكە بەردەوام پەرچەكردارێكی هەبووە بەرامبەر بە ئیسلام. بۆیە ئاساییە بزووتنەوەیەك پەیدا ببێت. ئەویش پەرچەكردارێكی بەرامبەر ناسیۆنالیزم هەبێت.*

بەشداربوویەكی تر جیاوازتر باسی زەمینەی سەرهەڵدانی حزبە ئیسلامییەكان بەمشێوەیە دەكات:

*پێموایە كە هەر حەرەكەیەكی ئیسـلامی دروسـت بووبێت ڕەگەزی قەومی تێدابووە. بە بزووتنەوەشـەوە تەنانەت بە ئیخوانەكانیشەوە. ئیشكالەكە تەنیا لە سەر مە سەلەی تەنزیر بووە. بزووتنەوە دەیگوت ئێمە بە چەكی دین دەتوانین مۆبیلیزەی باشـترەی خەڵك بكەین. دیفاعی باشـتر بكەین و پێشـمەرگەی ئازاتر دروسـت بكەین. ئەوان لە فەترەیەك هاتن كە گۆڕانكاری گەورەی زۆر دروسـت دەبوو . خەمی ئەوەی كە وەكو كۆمەڵگە پارێزگاری لە بەها ئیسلامییەكان بكەین. سەبارەت بەوەی كە ئیخوانیش بن، پێموایە كە ئەوان كوردن و زۆریش كوردن. لەژێر تەئسیری ئەدەبیاتی عەرەب و پاكستانی و ئێرانییەكان و بەشێك لە توركەكانیشدا بوون.*

دواتر واقیعی كۆمەڵگەی كوردســـتان دەگۆڕێت. یەكێك لە چاوپێكەوتنكراوەكان ســـەركردەیەكی بزووتنەوەیە، ئەو باس لەوە ئاڕا ستەگۆڕینەی ئیسلامییەكان دەكات لە ئیخوانی جیهانییەوە بۆ هێزێكی كوردستانی:

*ئێمە وەك بزووتنەوە و وەك سـەركردەكانی پێشـتری بزووتنەوە باجی زۆرمان داوە لە پێناو نەتەوە. ئێمە بزووتنەوەیەكی نەتەوەیی ئیسـلامین. هەر زوو خۆمان دارنی لە ڕێكخراوێكی جیهانیی بە ناوی ئیخوان موسـلیمین. چونكە ئەوان ئومەمی بیریان ئەكردەوە ئێمە نەتەوەیی. ئێمە ئەمانوت نەتەوەی خۆمان. میللەتی ئێمە زوڵمی لێكراوە و تا كورد مابێـت ناچین خزمەتی شوێنێكیتر بكەین. خزمەتی میللەتی خۆمان ئەكەین. لە ڕیفراندۆمیشا هەر ئەو ڕۆحە بوو.*

كەواتە دەكرێت بڵێین حزبە ئیسلامییەكان كوردستان لەبەرئەوەی كوردن و خۆیان بە كورد دەزانن، هەڵقووڵاوی كۆمەڵگەن. بەڵام لەڕووی هزرییەوە ڕەگوریشـەیـان لە شـوێنێكی دیكەوەیە. لەڕووی

ســەرهەڵدانیشــەوە بە گوێرەی قۆناغەکانی پێشــکەوتنی کۆمەڵگە و کرانەوەیان بە ڕووی دەرەوە و مامەڵەیان لەگەڵ دەسەڵات، گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە.

بەشداربوویەك جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی:

*سەرەتای نەوەدەکان زۆر بەهێز بوو ئەوە هەرێمی تووشی موشکلیە کرد. هەڵەی گەورەتریان ئەوەبوو کە شەریعەت بە شێوەی سەلەفی دەکەن بە نیزام. دوای ڕاپەڕین دژی ناسیۆنالیزم نەبوون.*

## ئایدیۆلۆجیای سەرتاپاگیر

ئەگەر گوتــار بریتی بێــت لە کۆمەڵێــك چوارچێوە و قــاڵبی ڕێکخراو کە خەڵکی لە کــاتی بەشــداریکردنیان لە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا لە ئاخاوتنیاندا پشــتیان پێدەبەســتن، گرنگە بزانین گوتاری حزبە ئیســلامییەکان دەچێتە قاڵبی کام گوتارەوە. گوتاری ئوممەمی، ئیخوانی، جیهادی، میانەڕەو، نەتەوەیی و ئیسلامی سیاسی لەو جۆرە گوتارانەن کە بەشداربووان لە تێگەیشتنیان بۆ حزبە ئیســلامییەکــان ئــامــاژەیــان پێــدەکەن. لەژێر ڕۆشــنــایی ئەو چەمك و مەقوولانەدا کە لە چاوپێکەوتنەکانەوە هەڵێنجان کراون، دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێك بکەین.

بۆچوونێك پێیوایە ڕەگوڕێشــەی حزبە ئیســلامییەکان لە فەرمانی خودا و ســوننەتی پەیامبەرەوە. واتە هەر لە ڕێگەی پەیامی سەرتاپاگیری قورئانەوە مافی نەتەوەکان و خۆشەویستی بۆ نیشتیمان دەکرێت هەڵێنجان بکرێت. یەکێك لە بەشــداربووان کە بەرپرســێکی باڵای حزبێکی ئیســلامییە ســەبارەت بە گوتاری حزبەکەیان بۆ پرسی نەتەوە بەم شێوەیە دەدوێت:

*دیدگای ئێمە بۆ قەزیەی نەتەوەیی هەڵقوڵاوی کۆمەڵێك ئایەتە. خوا ئەفەرموێ یا ایها الناس.. ئەمە بۆ هەموو خەڵکە انا خلقنکم .... الحجرات ئایەتی 13. ئایەتێکی تر ... من الســننکم و ... پەیامبەر ئەفەرموێ ... ولا عربیا لعجمی ... الا بالتقوی.*

هەر لەم گۆشــەنیگایەوە بابەتی ئوممەمیبوون، شــمولی و بان ـــ نەتەوەییبوونی ئیســلامییەکان وەك پەیام و گوتارێکی سەرتاپاگیر دێتە ئاراوە. بان ـــ نەتەوەییبوون، ئەو گوتارە زاڵەیە کە بەشداربووان وەك ڕەخنە دەیدەنە پاڵ ئیسلامییەکانی کوردستان. وەك پێشــتر ئاماژەمان پێکرد، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم شــموولییەتە بۆ بارگاویبوونی گوتاری ئیســلامییەکانی کوردســتان بە هزر و گوتاری ئیخوان

موســلیمین دەگەڕێتەوە. هۆکاری دووەمیش بۆ چییەتی و فەلســەفەی ئایین خۆی دەگەڕێتەوە کە بەرنامە و پەیامێکی ســەرتاپاگیرە. بەشــداربوویەك باســی ڕوانینی دەســتەبژێری ئایینی بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەکات لەژێر کاریگەری حەسەن بەننادا:

*نوخبەی دینیی پێیوابوو کە نا سیۆنالیزم ڤایرۆسێکی کوشندەیە. وەك چۆن حە سەن بەننا پێیی وابووە بۆ هەڵوە شاندنەوەی کۆمەڵگەیە. پارچەپارچەکردنی ئوممەی ئیسلامی. عەلی باپیر دژی نا سیۆنالیزمە، چونکە هەڵگری ئایدیۆلۆجیایەکە کە بان نەتەوەییە. تەنانەت خودی عەلی باپیر بەرچاوم کەوتووە کە ناســیۆنالیزم وەك بەڵاو و ڤایرۆســێکی گەورە لەبەر کۆمەڵگەدا پێناســەی کردووە. چونکە هەموو ئایدیۆلۆجیایەکی عەقیدەیی بان ــ نەتەوەیییە. ئەمەش پێویستە ناسیۆنالیزم تێکی بشکێنێت و وردی بکات، وەکو چۆن دەوڵەتی دەوڵەتی عوسمانی هەڵوەشیندرا.*

هەرچەندە ئەم سەرتاپاگیرییەش لە نێو حزبە ئیسلامییەکاندا لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت. بۆ نموونە لە ڕوانگەی یەکگرتووی ئیسلامییەوە ئایین شموولی نییە، بە شداربوویەك جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە:

*ئێمە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانین. ئەوەیتر باسی یەکگرتووبوونی ئیخوان، وەکو تاکەکان و گروپ گروپ باســی مەســەلەیەکی پەروەردەیی و فکری بوویە. ئەو مەجالە بووە. باســی خزمەتی مەفاهیمی ئیســلامی بووە. پارێزگاری لەســەر هەویەی ئیســلامی و مەفاهیمی ئیســلامی. هیچ جارێك وەکو یەکگرتوو، دژی نەتەوەی خۆمان نەبووینە، وە هیچ جارێك دژ نەبووینە لەگەڵ حەقانییەت و عەدالەتی قەزیەی کوردی. ئەمە شتێکی ڕۆشنە و یەك شتیش نییە ئیسباتی خیلافی ئەمە بکەیت. لای یەکگرتوو ئیســلام شــمولی نییە، بەڵکو تایبەتمە ندی فکری ئیســلامی بریتییە لە واقیعیبوون. ئێمە خەمی انسانیش دەخۆین، خەمی ئوممەتیش دەخۆین.*

ئەم بابەتی نەتەوەییبوون و نەبوونە تەنیا مشتومڕی نێوان هێزە سیکولارەکان و چەپەکان نییە لەگەڵ ئیســلامییەکاندا، بەڵکو خودی ئیســلامییەکانیش لە ناو خۆیاندا پێداگری لەســەر ئەوە دەکەن کە هەریەکەیان لەوانیتر نەتەوەییترە. بۆ نموونە یەکێك لە بەشداربووان دەڵێت:

*لە نێو حزبە ئیسلامییەکان لە بواری نەتەوایەتی کەس ناگاتە ئاستی کۆمەڵ. ئەوکاتەی کە بزووتنەوە بووین، چونکە ئێمە درێژەپێدری بزووتنەوەین. ئەمە لە جانبی ستەمەوە دژی بەعس ڕوونە. دووەم ئەو ڕەخنەیەی لە ئیسلامییەکان ئەگیرێت تۆختر لە عەلمانی و چەپەکان بیگرە. ئەوان بۆ واناکەن.*

هەرچی بزووتنەوەی ئیسلامیشە کە ئاماژەمان پێدا، جەخت لەسەر نەتەوەیی ـــ ئیسلامیبوون دەکەنەوە. ئەم مشتومڕە تەنیا ڕەنگدانەوەی لەسەر گوتار و بیرکردنەوە نییە. بۆچوونی زاڵ لەنێو بەشداربوواندا ئاماژە بەوە دەکات کە ئیسلامییەکانی کوردستان، دروستە خاوەنی بیرکردنەوە و ڕەگوڕیشەیەکی ئیخوانین، بەڵام لە هیچ هەڵوێست و دۆخێکی نەتەوەییدا پشتیان لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەیان نەکردووە. بەشداربوویەك ئەم حاڵەتە بە ئاسایی ناودەبات:

*من خۆم نۆرماڵ سەیری ئەم شتانە ئەکەم، لەبەرئەوە پێموایە لە چەپیشا هەر وایە، هاوڵاتییەک هەیە فەرەنسییە موتەئەسیر ئەبێ بە مارکسی و لینییەت. ئێستا ئێمە خۆمان لە ژێر کاریگەری ئەم فیکرە گلۆباڵەین کە ئێستا لە دونیادا باوە (لیبراڵ). بۆیە ئەتوانی موسوڵمان بیت و نەتەوەییش بیت.*

لەم ڕوانگەیەوە، ئیسلامییە کانیش لە پێناوی نەتەوەدا باجیان داوە. لەگەل ئێش و ئازارە کانی نەتەوەدا بوون. دژ بە بەعس خەباتیان کردووە. تەنانەت لەڕووی پرەکتیکەوە ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەوە ئیسلامییەکانی کوردستان بوون توانیان هەست و سۆزی برایانیان لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و گوتاری ستەملێکراویی نەتەوەی کورد بە گوێی وڵاتانی ئیسلامیدا بدەن. لە ڕێگەی کۆمەڵێك ڕێکخراوی وەك ڕابیتەی خێرخوازییەوە لە دەرەوە کۆمەڵك و هاوکارییان بۆ کوردەکان کۆ دەکردەوە. بۆیە بەشداربوویەك دەڵێت:

*ئێستا دەرکەوتووە کە حەرەکاتی کوردی ئیسلامی هیچ ڕێگریی نییە لەبەردەم ئەوەی ئیسلامیش بن و کوردیش بن. ئەوەتا ئیسلامییەکانی کوردستان پێچەوانەی ئیخوان وتیان موعاناتی من جیاوازە. هەم ئیخوانیشم و هەم کوردیشم. چەکیشیان هەڵگرت و ناوی خۆشیان نا کورد و ئێستا شی لەگەڵ بێت، یەکگرتووە بۆ نموونە پێدەڵێن لە چوارچێوەی حەرەکەی عەرەبی ئیسلامیدا جێیان نەبوویەوە. بۆیە حەرەکەی ئیسلامیی کوردییان دروست کرد. کەواتە هیچ کێشەیەك نەبوو لەبەینی ئاوێتەکردنی ئەو دووە.*

بەڵام ئەم سەرتاپاگیرییە چۆن کێشە بۆ هەموو بان ــــ نەتەوەیەك دروست دەکات ئاواش بۆ ئیسلامییەکان. بۆ نموونە لە هەڵوێست وەرگرتندا، دەکرێت ئیسلامییەك بەرامبەر بە چەوسانەوەی کوردەکانی ڕۆژئاوا بێدەنگی هەڵبژێرن، بەڵام بۆ هێزێکی ئیسلامیی دیکە بڕژێنەسەر شەقامەکان. بەشداربوویەك دەڵێت:

*ئەو لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی و پاشخانە ئایدیۆلۆجییەکانی وای لێدەکات کە بە هیچ شێوەیەك جەور و ستەمی تورکانە و ئەردۆگانیانە نەبینێت و بەڵام هی چین ببینێت بەرامبەر ئەیغورییەکان. یان هی ڕۆژئاوا نەبینێت، بەڵام هی ئیسرائیل ببینێت بەرامبەر بە فەلەستینییەکان.*

بۆیە لێرەوە دژیەکیی لە نێوان سۆز بۆ بیروباوەڕ و سۆز بۆ نەتەوە دروست دەبێت.

### ئینتیمای دووسەرە

یەکێك لە گرفتەکانی بیرکردنەوەی سەرتاپاگیر ئەوەیە کە چوارچێوەیەکی هزری و پرەکتیکی بۆ گروپ و تاکەکانی ئەندام لەو گروپانە دەستنیشان دەکات. ئەندامان چ لە ئاستی بیرکردنەوە، چ گوتار پرەکتیکدا ناتوانن ئازادیی بیرکردنەوە و کردەیان بە شێوەی ڕەها هەبێت. بیرکردنەوەی سەرتاپاگیر دواجار ناسنامەی تایبەتیش بۆ تاکەکان دروست دەکات. ناسنامەیەك کە فراوانترە لە هەموو ناسنامەکان و دەیەوێت باڵ بکێشێت بەسەر هەموو ناسنامەکاندا. ناسنامە سەرەکییەکە، هەموو ناسنامەکانییتر ورد دەکاتەوە و جاری وا هەیە دەیانتوێنێتەوە. وەك ئەو کاتەی حزبێك پاشگری ئیسلامی دەخاتە پاڵ ناوەکەی، دەیەوێت هەنگاوێك، سیاسەتێك و گۆڕانکارییەك بکات، لەژێر کاریگەری ئەو ناسنامەیەدا کە ناوی حزبەکە بۆی دیاری کردووە، تووشی کێشە و دڵەڕاوکێ دەبێت. ئەم حاڵەتە بۆ ناسیۆنالیست، چەپێك و هەموو ئایدیایەکی دیکەش دروستە. هەربۆیە لە نێو حزبە ئیسلامییەکانیشدا، بابەتی گۆڕین و لابردنی پاشگری ئیسلامیی بەردەوام جێی مشتومڕی نێو کۆڕ و کۆنگرەکانیان بووە. یەکلانەبوونەوەی ئیسلامییەکان سەبارەت بە چەمکەکانی نەتەوە و ئینتیمای نەتەوەیی بەربەستێك لەبەردەم تێگەیشتنیان بۆ نەتەوە و نەتەوەسازی دروست دەکات. بۆچوونی هاوڵاتیان سەبارەت بە ناسنامە و خۆپێناسەکردنیان لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەربڕی ئەوەیە کە لە هەرێمی کوردستاندا فرەناسنامەیی کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی هەیە. دروستە کە دەکرێت هەر کەسێك خاوەنی چەندین ناسنامە بێت،

بەڵام کێشەکە کاتێك دروست دەبێت کە نەتوانرێت نەتەوەیەك لەژێر یەك ناسنامەدا کۆبکرێتەوە. هەروەها کێشەکە قووڵتر دەبێتەوە ئەوکاتەی کە لە نێوان چەندین پێناسەدا فەزڵی یەکێك لەو پێناسانە دەدات بەسەر ئەوانیتردا. تاکێکی ئێرانی، تورکی و تەنانەت عێراقییەك، پێش هەموو ناسنامەیەك خۆی بە وڵات و نەتەوەکەی پێناسە بکات، تەنیا کورد نەبێت کە خاوەنی کیان و دەوڵەت نییە و باس لە فرەیی، برایەتی گەلان و مرۆڤایەتی بکات.




**هێڵکاریی ٤ ئەو ناسنامەیەی هاوڵاتییان بە خۆیانی دەبەخشن رووندەکاتەوە**

وەك لەم هێڵکاری (٤)دا دەردەکەوێت، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە خۆت بەکام لەمانەی خوارەوە پێناسە دەکەیت، لە کۆی ٣٩٠ هاوڵاتی ١٦٠ هاوڵاتی خۆیان بە موسوڵمان پێناسە دەکەن کە دەکاتە ڕێژەی ٤١%. لەکاتێکدا ٢٧%ی خەڵکی خۆیان بە کوردستان پێناسە دەکەن. کێشەکە لەو شوێنەدا قووڵتر دەبێتەوە کە لەو ڕێژەیە ٤٣ کەس خۆیان بە عەشرەت و خێڵەکەیان پێناسە دەکەن. ئەم فرە ناسنامەییە کە لەژێر کاریگەری زۆر فاکتەری دیکەی وەك حزبایەتی، هزرە بان ـــ نەتەوەییەکان و کۆمەڵێك فاکتەری دیکەدایە، بەربەست دروست دەکات لەبەردەم ناسنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەییدا.

بەشداربوویەك باس لەوە دەکات کە کورد کێشەی ئایینی نییە تا پێویست بە حزبی ئیسلامی بکات. ئەمە جگە لەوەی کە حزب و سیاسەت لەگەڵ بەرژەوەندیدا مامەڵە دەکات:

*کێشەی کورد کێشەی ئیسلام نییە. ڕاستە خەڵکێکی دیکەی کاکەیی و مەسیحی و ئێزیدی هەن لە کوردستان بەڵام ئەوان کەمینەن. ئیسلامییەکان هەوڵ دەدەن هەدەفەکانیان بەرگێکی دینی بەبەردا بکەن. واتە بەرگێکی پیرۆزی بەبەردا دەکەن. لە کاتێکدا کە سیاسەت بەرژەوەندییە.*

بەشداربوویەك باس لە بەربەستەکانی بەردەم ئیسلامییەکان بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامی دەکات:

*ئیسلامییەکان لەوەدا چەقیون. لەسەر چی دەژین؟ لەسەر ئەوەی کە پارتی نەیزانی بەڕێوەی ببات و یەکێتی نەیزانی بەڕێوەی ببات. ئیسلامییەکانی بوونە مەکینەیەکی هێزی ڕووخێنەرە.*

گوتار و ناسنامە تەنانەت پاڵنەرەکانی جووڵە و خەباتی حزبەکانیش دیاری دەکات. هەروەها پرسیار سەبارەت بە ڕۆڵ و ئامانجی جووڵانەوەکان دەورووژێنێت. بەشداربوویەك باس لەوە دەکات کە حزبە ئیسلامییەکان ئەگەر بەشداریشیان کردبێت لە خەبات دژ بە ڕژێمی بەعس، ئەوە لە پێناو ئایین و خودادا بووە. لەپێناو دژایەتیکردنی دیکتاتۆرییەت بووە نەك پاڵنەری نەتەوەیی:

*ئەوەی کە ئەوانیش بەرامبەرە هێزێکی وەك رژێمی عێراق ڕاپەڕین، زیاتر لەوەی کە تێگەیشتن بێت لە ناسیۆنالیزمی کوردی زیاتر مەسەلەیەك کە پاڵنەرێکی ئایینی بووە. کە ڕاوەستاونەتەوە دژی زۆردارێکی عەرەبی، بەڵام ئەگەر بڵێین ئەوانە بە بەرنامە و مەبەستێکی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی هاتبنە ناو پرۆسەکەوە من وای نابینم. چونکە بتەوێت و نەتەوێت ئەوانە باگراوندێکی ئیسلامییان هەیە.*

لەڕووی موماره سەوە بەئاڕاستەی نەتەوە سازی بە شداربووان دوو ڕای جیایان هەیە. بە شداربوویەك باس لەوە دەکات کە:

*ئیسلامییەکان توانای ڕکابەریکردنیان نەبووە. توانای دروستکردنی ئەرگیومێنت و ئەڵتەرناتیڤی نوێیان نەبووە. لەو قۆناغەدا بە بڕوای من ڕۆڵی لاوەکیان بینیوە لە کۆمەڵگەدا. نە دەتوانن بە تەواوەتی دژی پرسی کوردی بن. کە پرسێکی بە تەواوەتی دەوڵەتبوونە، پرسی سەربەخۆیی و سنوور و جیابوونەوەیە لە ئەوانی دیکە لەگەڵ باگراوندە ئایینییەکە. بۆیە دەبینی لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا لە حاڵەتی نەزۆکیدان. گەشە ناکەن. ناتوانن خۆیان بگونجێنن. خۆیان نوێ بکەنەوە. بۆیە کۆمەڵ ناوی خۆی دەگۆڕێت چونکە پێیوایە کە بەمجۆرە دەتوانێ بکرێتەوە بەرامبەر بە کۆمەڵگە.*

بۆ نموونە سەرنجی ئەم جۆرە هەڵوێستانە بدەین کە یەکگرتووی ئیسلامی بە ئاڕاستەی کورداندنی ئایین گرتوویەتییە بەر لە ڕوانگەی بەشداربوویەکەوە هەرچەندە پڕۆژە و پرۆسەیەکی نەتەوەسازی لە پشتەوە نەبوبێت:

*گەڕانەوە بۆ هەندێك تێکەیشتنی ئیسلامییانە بۆ کورد، مەولوودکردن و لەدایکبوونی پەیامبەر و بەڕەمزکردنی هەندێك لە کەسایەتی و سەرکردە زانا کوردەکان و جێگیرکردنی ئەو تێگەیشتنەی کە کورد بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی بە پێی تایبەتمەندی خۆی، پێداچوونەوە بە مێژووی کورد بە ئیسلامەوە؛ ئەوەم لە گوتاری یەکگرتوودا بینیوە بەڕاستی. لەخۆگرتنی تێگەیشتنی کوردانە بۆ ئیسلام لە پێناو ئەوەی کە ئێمە بەشێکین لە زەمینەکە. من ئەمەم لەوا ندا بینی تاحەدێك لە بزووتنەوەی ئیسلامیشدا ئەمەش هەبوو.*

هەروەها بەشداربوویەك بە پێچەوانەوە، بە چاوی ڕەخنەوە لە بیرکردنەوەی ئیسلامییەکان دەڕوانێت:

*ئەم ئایدیۆلۆجیانە هەموویان ڕێگرن لەبەرامبەر یەکخستنی کورد و هەوڵەکانی کورددا. هاوبرایی کە ئیسلامییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بووەتە دەردێك کە کورد بە دەستییەوە دەناڵێنێت. کورد زۆر بە ئاسانی بە گوتاری ئیسلامیبون فریو دەدرێت.*

بەشداربوویەکی تر دەڵێت:

*مەترسی ئیسلامیزم تەنیا لەم ئاستەدا ناوەستێت. ئیسلامیزم چارەسەری پرسی کورد ناکات. نەك هەر چارەسەر ناکات، بەڵکو بە واتا ئەو وتارە گشتییەکەی کە هەیەتی ئیش لەسەر ئوممەی ئیسلام ئەکات، چەندە یەکێتی و پارتی کوردایەتی بچووك دەکەنەوە بۆ خێڵ و حزب بۆ شارچییەتی، ئیسلامیزمیش کورد دەتوێنێتەوە لە بازنە گەورەکەدا. بەرەو ئوممە و دەیخاتە خزمەتی ئوممە و ئیسلام.*

ئایینەکان بە سروشت مەیلیان بەرەو گەڕانەوە بۆ ڕەگوڕیشە و ڕابردوو هەیە. هەموو گەڕانەوەیەك کۆمەڵێك گێڕانەوە، یادەوەری و شتی پیرۆز لەگەڵ خۆیدا بەرهەم دەهێنێتەوە. لێرەدا بەریەککەوتن لە نێوان یادەوەرییە نوێیەکان و ڕابردوودا دروست دەبێت. ناسیۆنالیزم بە سروشت نوێ و مۆدێرنە. واتە یادەوەری، سیمبولەکان و پاڵەوانەکانی نوێن. کەسێکی سەر بە ئایینێك لە گێڕانەوە و یادەوەرییەکانیدا ڕەنگە تووشی بەریەککەوتن ببێت. بەشداربوویەك باس لەوە دەکات کە تاکێکی موسوڵمان لە یادەوەرییەکانیدا:

*کاتێك دەیەوێت باســی یادەوەری بکات، دەیەوێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ مێژووە ئیســلامییەکە. یادەوەرییە ئیسلامییەکە.*

لێرەدا ئەگەر بابەتی بەپیرۆزکردنیش بێتە ئاراوە، کاریگەری لەســەر گوتار و هەڵوێســتیش دەبێت. بۆیە هەر هزرێکی بان ـ نەتەوەیی مەرج نییە هاوتەریب بێت لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەییدا.

## ململانێی گوتارەکان

**خشتەی ٩ مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ**

| ڕیز | مەقوولە | مەقوولەی کاکڵ |
|---|---|---|
| 1 | قووڵایی حزبە ئیسلامییەکان | |
| 2 | ئایدیۆلۆجیای سەرتاپاگیر | ململانێی گوتارەکان |
| 3 | ئینتیمای دووسەرە | |

بە لەبەرچاوگرتنی مەقوولە ســەرەکییەکان و ڕاڤەی هەریەکەیان، نۆرەی قۆناغی کۆدبەندیی کاکڵە. دەتوانین بڵێین مەقوولەی *ململانێی گوتارەکان* ئەو مەقوولە کاکڵەیە کە دەتوانێت هەموو مەقوولەکانیتر ڕوومـاڵ بکـات. لەم تەوەرەدا تێگەیشــتن و واتـای زەینیی بەشـــداربووانمـان ســەبارەت بە حزبە ئیســلامییەکانی کوردســتان، قووڵایی و ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا شــەنوکەو کرد. مەبەســـت لە ململانێی گوتـارەکـان، ململانێی گوتـاری ئیســلامییە لەنێوخۆیـدا. واتە لە نێو ڕەوتە جیاوازەکانیاندا. چونکە ئیسلامییەك ئەگەر سەلەفی جیهادی بیر بکاتەوە کەواتە لە هزریدا جێگەیەك بۆ نەتەوە نامێنێتەوە. ململانێی ئاســتی دووەم لەگەڵ هێزە نائیســلامییەکاندایە و هەر ئەمەش یەکێك بووە لە هۆکارەکانی ســەرهەڵدانی حزبە ئیســلامییەکان. ســێیەم ئاســتی ململانێ، ململانێ گوتاری ئیســلامییە لەگەڵ گوتـاری نـاســیۆنـالیزمـدا. چونکە لە بنەڕەتـدا ئەگەر کەســێـك یـان هێزێـك بیرکردنەوەیەکی بان ـ نەتەوەی هەبێت، کەواتە بەئەستەم دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ چەکەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا بکات.

بە پشتبەستن بە مەقوولەی کاکڵ کە ڕووماڵی هەر سێ مەقوولەی سەرەکی دەکات، قووڵایی حزبە ئیسـلامییەکان دەکرێت بۆ سـەرەتاکانی پەنجاکانی سـەدەی ڕابردوو بگەڕێتەوە، ئەوکاتەی کە هزری ئیخوان دێتە عێراق و کوردستانەوە. سەبارەت بەو ڕەگوڕیشەیە دوو ڕوانین هەبوو. یەکێکیان پێیوایە کە حزبی ئیسـلامی و بە دەربڕینێکیتر ئیسـلامیزم، نامۆیە و هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردسـتانی نییە. ئەو بۆچوونەی دیکە پێیوایە کە حـاڵەتێکی نۆرمـاڵە و نەك ئیسـلامییەکـان، بەڵکو هەموو حزب و ڕەوتەکانیتریش بارگاوین بە مارکسیزم، ناسیۆنالیزم و ئیزمەکانیتر.

بەڵام ئەوەی کە بۆ تێگەیشـتن لە قووڵاییان دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هزرێکی دەرەکی وەك ئیخوان موسـلیمین، ئەو پرسـیارە لە زەیندا دەورووژێنێت کە بۆچی کورد خۆی خاوەنی هزر و بیرکردنەوەی ئایینیی تایبەت بە خۆی نییە؟ بۆچی مەرجەعی تایبەتی نییە؟ ئەگەر ئەو بۆچوونە لە ڕاسـتییەوە نزیکە کە تەریقەت و شـێخەکان هێندە کاریگەرییان هەبووە، بۆچی نە یانتوانیوە بناغەی قوتابخانە و بیرو باوەڕێکی هێنـدە بەهێز بونیـاد بنێن کە ئیسـلامییەکانی تر بتوانن دیواری خۆ یان لەسـەری هەڵبچنن؟ ئەگەر حزبی کوردی و ناسیۆنالیزمی کوردیمان هەیە، بۆچی ئیسلامی کوردیمان نییە؟

لە ئاست هزر و گوتاردا کێشەیەکی سەرەکی ڕووبەڕووی ئیسلامییەکان دەبێتەوە، ئەویش بریتییە لە بیرکردنەوەی سەرتاپاگیر و بان ـ نەتەوەیی. هزری بان ـ نەتەوەیی واتە هزرێك کە هەژموونی بەسەر هزر و گوتارەکانی دیکەدا هەیە و هەندێکجاریش دەتوانێت پەراوێزیان بخات. هزرێك کە بەرژەوەندی و جیهانبینییەکەی سـەروتر و بانترە لە هەموو شـتێك بە نەتەوەیشـەوە. واتە دەکرێت هەڵوێسـتێك بێتە پێشـەوە کە مرۆڤی موسـوڵمان لە نێوانیاندا سـەرپشـك بکرێت لەنێوان ئایین و نەتەوەکەیدا. ئەوکات هەڵوێستە ئایینییەکە بگرێتەبەر. ئاماژەمان بە کۆمەڵێك هەنگاوی حزبێکی وەك یەکگرتووی ئیسلامی لە ناسـاندنی سـیمبولە کوردەکانی وەك سـەلاحەددینی ئەیوبی و زانا و بیرمەندە کوردەکان، زیندوکردنەوەی هەندێك دیاردە و ڕێوڕەسـمی وەك مەولوودنامە کرد کە دەچنە خانەی کۆیادەوەری و پێدانی ناسـنامەی کوردی بەم بۆنانەوە. بەڵام یەکگرتووەکانیش کێشـەیان هەیە لە زیندووکردنەوە و تەنانەت ناوهێنانی جەژنە نەتەوەییەکانی وەك نەورۆزدا. ئەوە حزبەکانی دیکە با بوەسـتێت کە تەنانەت ناتوانن لەکاتی پێشـکەشـکردنی سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیبدا بە نیشـانەی ڕێز هەسـتنە سـەرپێ. کەواتە لێرەدا بەئاشکرا ململانێ گوتارەکانی ئایین و نەتەوە خۆی دەنوێنێت.

چۆن گوتارێکی میانەڕەوانەی ئاشتیخوازانەی حزبێکی وەك یەکگرتووی ئیسلامی کاریگەری لەسەر تەبایی و ئاشـتەوایی نێوان لایەنەکان بە ئاڕاسـتەی نەتەوەسـازی هەبووە، ئاواش ململانێی گوتارەکانی حزبە ئیسـلامییەکان لەگەڵ گوتاری نەتەوەییدا، کۆمەڵێك ڕەنگدانەوەی لەسـەر سـازنەبوونی نەتەوە، کۆیادەوەری و ناسـنامەی هاوبەش هەیە. لەسـەر سـازنەبوونی نەتەوە کاتێك کاریگەری هەیە کە ببێتە هۆی پەرتبوون و دابە شبوونی زیاتری کۆمەڵگە. لە سەر کۆیادەوەری، کاتێك کە کۆیادەوەرییەکی وەك بۆنە و چەژنە ئایینییە کان، سرودە ئایینییە کان زیندوو دەکرێنەوە، بەڵام نەتەوەییە کان پشـتگوێ دەخرێن. ئەمانە هەموویان دواجار دەبنە هۆی دروسـتنەبوونی ناسـنامەی هاوبەش و نەتەوەیی. بۆ نموونە ئێوارەی ئەمڕۆ جەژنی نەورۆز لەسـەرتاسـەری هەرێمی کوردسـتاندا بەرز ڕاگیرا و ئاگری نەورۆز کرایەوە و زۆربەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕووماڵی ئەو ڕووداو و ڕێوڕەسمانەیان کرد کە لە ئاکرێ، قەڵای هەولێر، شێروانە و سەهۆڵەکەی سلێمانی سازکران، کەناڵەکانی ئیسلامییەکانی کوردستان بەتایبەت سپێدە و پەیام بۆ یەك خولەك ڕووماڵیان نەکرد و تەنانەت بە بەیاننامەیەك پیرۆزباییان نەکرد.[1][2]

وەك لە هێڵکارییەکەی خوارەوەدا دەبینرێت، لە نیوە زیاتری نموونەکانی ڕووپێوەکە، لە وەڵامی ئەو پرسـیارەدا کە پێت وایە حزبە ئیسـلامییەکانی کوردسـتان بەربەسـتن یان بەربەسـت نین، لەبەردەم دروسـتبوونی هەسـتی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی لە هەرێمی کوردسـتاندا، تەنیا 49% ی هاوڵاتیان بە بەربەستیان نازانن. 31% بە بەربەستیان دەزانن و 21% تاڕادەیەك بە بەربەستیان دەزانن. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر تەبایە لەگەڵ بۆچوونی زۆرینەی چاوپێکەوتکراوەکاندا و پشـتڕاسـتی دەکاتەوە کە حزبە ئیسـلامییەکان نەیانتوانیوە وەك پێویسـت ڕۆڵی نەتەوەیی خۆیان بە ئاڕاسـتەی نەتەوەسـازی ببینن.

---

[1] - https://www.speda.net/c/1/ (20/3/2024) ڕێککەوتی دواسەردان

[2] - https://www.peyam.net/Kurdistan (20/3/2024)ڕێککەوتی دواسەردان




هێڵکاریی ٥ حزبە ئیسلامییەکان بە بەربەست دەزانیت لەبەردم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی

# چەپەکانی کوردستان و ناسیۆنالیزم

بیروباوەڕی مارکسیستی، بنەمای هزر و کاری شیوعییەکان بووە لە کوردستاندا. واتە ڕوانینیان بۆ نەتەوە و مافی گەلان هەڵقوڵاوی تێزەکانی مارکس و ئەنگلز و دواتر لینین بووە. مارکسیزم لەسەرەتاوە لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییە جیهانییەکان و قەیرانەکانی سەروبەندی جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی، لاوازبوونی ناسیۆنالیزم و بەهێزبوونی سەرمایەداریدا، گەشەی کرد. لە کوردستاندا بە دامەزراندنی حزبی شیوعیی عێراقی دە ستی پێکرد و بە سەرهەڵدانی پارتی دیموکراتی کورد ستان و کاژیك کە تێکەڵەیەکە لە ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم نەشونمای کرد و هێدی هێدی باڵی ڕاست و چەپ لێکەوتەوە و دواتر بە جیابوونی باڵی مەکتەبی سیاسی کە بە هزری چەپ کاریگەر بوون، یەکەم پەرتبوون لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا ڕوویدا. ئەم دۆخە بەردەوام بوو تا ناوەڕاستی شەستەکان کە بزووتنەوەی چەپ کەوتەوە جموجووڵ و دواتر خۆی لە دامەزراندنی هەندێك هێزی دیکەدا وێنا کردەوە.

لە با شووری کورد ستان، هێز و ڕەوتە جیاوازەکانی چەپ لە کۆمەڵە، کۆمەڵەی مارکسی ـــ لینینی، دواتر لە دەیەی هەشتادا، حزبی سۆسیالیستی کوردستان، حزبی چەپی شۆڕشگێڕ، ئاڕاستەی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، حزبی زەحمەتکێشان، پارتی پارێزگاران و ئاڵای شۆڕش سەریان هەڵدا و دوای ماوەیەك یان تواونەتەوە یان یەکیان گرتووە و بە ناوێکی دیکەوە دەستیان بە کار و چالاکی حزبی کردووەتەوە. بەگشتی سەرنجمان لەسەر ڕۆڵی چەپەکانی کوردستانە لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا و بەتایبەت لە مێژووی سیاسیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا. دەمانەوێت بزانین تێگەیشتنی واتایی بەشداربووانی توێژینەوەکە سەبارەت بە چەپەکان و هزر و ڕۆڵیان لەم پانتاییەدا چۆن بووە.

لە قۆناغی یەکەمی چاوپێکەوتنەکان و دواتر لە کۆدبەندیی سەرەتاییانەوە، سەرمان لەو هەموو لێکچوونەی نێوان ئیسلامی و چەپەکان لە ڕوانینیان بۆ نەتەوە و ناسیۆنالیزم سوڕما. لێکچوون لە نێوان بەکارهێنانی چەمکەکاندا، یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ئاسانتر لە واتای زەینیی بەشداربووان سەبارەت بە نەتەوە و ناسیۆنالیزم تێبگەین. بەگەڕانەوە بۆ بۆچوونی بەشداربووان سەبارەت بە ئیسلامییەکان، دوو ڕوانگەی تەبایی و ناتەبایی چەپ لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا پۆلێنبەندی دەکەین. دواتر بە وردبوونەوە لە

ڕوانینیان بۆ مێژووی حزبی کۆمەنیستی عێراق ـــ و یەکەم شانەی ڕێکخستنی مارکسی لە باشووری کوردستان لە ساڵی (1942) وە، لەو مشتومڕە قووڵ و ڕەخنەییە تێدەگەین کە لە ئەدەبیاتی مارکسیدا و لە نێوان حزبەکـانی چەپ و نەتەوەییەکـانـدا هەبووە. هەڵبەت ئەوەمـان بیر نەچێـت لە ڕوانگەی بەشـداربووانەوە، چەپەکانی کوردسـتان چەند قۆناغێکی خەبات و کاری حزبییان ئەزموون کردووە و لە کاتی سەرهەڵدانیانەوە تا ئەوکاتەی پاشگری کوردستانی دەخەنە پاڵ ناوی حزبەکەیان جۆرێك بیریان کردووە و دواتر تا ڕاپەڕین بە جۆرێك و لە دوای ڕاپەڕینەوە بە جۆرێکی تر. خاڵێکی دیکە کە پێویســـتە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە چەپەکان تەنیا حزبی شـــیوعی و ئەو حزبانەی دیکە ناگرێتەوە کە لەژێر ناوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران، پارتی پارێزگاران و حزبی ســـۆســـیالســـت خۆیان ڕاگەیاندووە، بەڵکو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیش ڕەگوڕیشەیەکی چەپیان هەبووە.

لە ڕێگەی تاوتوێی زانیارییەکان و کۆدبەندی داتاکانەوە، لە قۆناغی کۆدبەندی ســـەرەتایی کراوەدا ٢٧ چەمك و 4 مەقوولەی سەرەکیمان بەم شێوەیەی خوارەوە دەرهێنان:

**خشتەی ١٠ ڕۆڵی چەپەکان بە گشتی چۆن دەبینیت لە ناسیۆنالیزم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا؟**

| ڕیز | دەستەواژە | چەمك |
|---|---|---|
| 1 | چەپە کانیش کوڕی ئەو میللەتەن. لە ناو ئەم حزبانەش یەك ئاڕاســـتە زاڵ نەبووە. سەردەمی برایم ئەحمەد جۆرێك ئاڕاستە و سەردەمی مەلا مستەفا جۆرێك. هەمیشە هزر و بیرکردنەوەیەکی بۆ نموونە عەراقچییەتی، مارکســـیزم زاڵ بووە. ئەســـاســـێکی کوردانە زاڵ نەبووە. ئاڕاستەی ناو حزبەکان بە ئاڕاستەی کەسەکان ڕۆشتووە. | عراقچییەتی |
| 2 | یەکێك لە هۆکارەکانی شـکســـتی ناســـیۆنالیزمی کوردی لە ئەنجامی خوێندنەوەی دوورودرێژی خۆم پێموایە بیرکردنەوەی چەپ بووە. ئەتو دێیت ئەنارشـــیزم دێنیت کە ڕۆژئاوا خۆی وازی لێهێناوە باســـی برایەتی گەلان دەکەیت. ئاخر کە برایەتی کاتێك دەبێت کە یەکسانی هەبێت. هەرکات یەکسانی گەلان جێبەجێ بوو ئەوکات باسی برایەتی دەکەم. | بێخێریی چەپ بۆ کورد |
| 3 | کۆمەنیســـتەکان جارێ لە ڕێگەی کۆمەنیســـتەکانی عێراق و ئێرانەوە کۆمۆنیزمیان پیگەیشت. بۆیە مافی چارەی خۆنووسین ئەو ڕەوتانە هیچکات باوەڕیان پێی نەبووە. | بـاوەڕنەبوون بە مـافی چارەی خۆنووسین |

| | | |
|---|---|---|
| 4 | بەربەستن لە بەردەم ناسیۆنالیزمی کوردی. لەو کاتەوە تائێستاش کێشەی کوردە ئیسلامییەکان و کوردە چەپەکان و کوردە پۆست مۆدێرنەکان لەوەدایە کە لەوە ناگەن کە ئەوانی دیکە چەپ و ئیسلام بەکار دەهێنن بۆ خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان، | بەربەست لەبەردەم یەکخستنی کورد |
| 5 | لەگەڵ ئیسلامییەکان هەردووکیان بان نەتەوەیین. شمولین. لەسەروونەتەوەیین. بۆیە ئەم دووانە نەیانهێشت هزر و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزم لەدایك ببێت. | نەزۆککردنی ناسیۆنالیزم |
| 6 | ئەوە ئەزمەی بەردەوامی کۆمەنیزمە کە سیقەیان بە خۆیان نەبووە. نوکتەیەکی مەشهور هەبوو دەیانگوت ئەگەر لە مۆسکۆ باران دەهات شیوعی عێراقی قاپووتی ڕووسی لەبەر دەکرد. .. چەپ دەتوانێت نەتەوەیی بێت. | توانای نەتەوەییبوون |
| 7 | ئا گاداری ئەو ململانێیە هەیت لە نێوان چەپگەرایی و کوردایەتیدا. و بە ئاسانی هاوهەڵوێستن لەگەڵ گوتارە ئیسلامییەکە. سەرلێشیوانێك هەیە لە گوتارەکەیاندا لە نێوان هەمەگیر بوون و گشتگیربووندا لەگەڵ تایبەتمەندی ناسیۆنالیزمدا | سەرلێشیوان لە گوتار |
| 8 | هزری چەپ وەك بایەکی زۆر بەقوەت هاتە نێو هزری ناسیۆنالیزمی کوردییەوە. ناسیۆنالیزمی ئێمەی کوردی زۆر لاواز کرد. .. دەستپێکی پارتی دیموکراستی دیموکرات لەسەر ئەساسی مارکسیستی لینینی پەیدا بوو. | لاوازکردنی هزری ناسیۆنالیستی |
| 9 | چەپ قوتابخانەی دروستکردنی کادر بووە بۆ حزبەکانیتر. | دروستکردنی کادیر |
| 10 | من هەمان چوارچێوەی شیکاریی کە بۆ ئیسلامییەکان بەکاری دەهێنم بۆ ئەمانیش بەکار دەهێنم. ئەو خۆپیشاندانانەی بۆ کوردانی ڕۆژئاوا دەکرێن، لەڕووی لۆجیکییەوە ئەوان نابێت بیکەن، ئەوە دەبوو حزبەکانی دیکە بیکەن کە پرسێکی نەتەوەییە. بە بۆچوونی من ئەوانیش دوو بارە دەبێت باڵانس ڕابگرن لە نێوان باگراونە چەپەکەی خۆیاندا و ناسیۆنالیزم. | یەکلانەبوونەوە |
| 11 | لە دوا 91 حزبی شیوعی کوردستان جیا ئەبێتەوە و ڕوئیایان گۆڕا. ئەوان وەك وتم لە سەرەتادا وەك هێزی ڕەجعی و دواکەوتوو وێنای هەر هێزێك و لایەنێکیان کردبێت کە باسی نەتەوەییان کردبێت. دواتر کار ئەگاتە ئەوەی کە حزبە چەپەکان پێشبڕکێ ئەکەن لەگەڵ حزبە ناسیۆنالیستییەکانیتر. و دەبنە بەشێك لەو پڕۆژە ناتەواوە ناسیۆنالیستییەی کە هەیە. | گۆڕینی ئاڕاستە |

| | | |
|---|---|---|
| 12 | حەرەکەیەکی عراقی عەرەبی بوو. تا وای لێهات کوردەکە وتی من موعاناتم جیاوازە. چونکە کوردیشم و تەبەقەی عامیلەشم. بۆیە حزبی شیوعی کوردییان دروست کرد. | شیوعی قەومی |
| 13 | من چەپێکی دیموکراتی نەتەوەییم. بەڵام مـارکس و دوای ئەویش لینین نەیتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخوێننەوە. | مافی نەتەوەکان |
| 14 | کۆمەنیستەکان پێیان وابووە کە کورد نەتەوە نییە. چونکە ئەو پێناسەیەی کە ستالین کردوویەتی بۆ نەتەوە لەســەر کورد بەرجەســتە نابێت. دەی ئەمە حاڵەتی دۆگمایە. هەوڵـدان بۆ نەمـانی چەوســانەوە لە هەمو جیهـانـدا کە بوعـدێکی نێونەتەوەیی وەردەگرێت ناکۆك نییە لەگەڵ هەوڵێك کە تۆ بۆ نیشتیمانێکی سەربەخۆ دەیدەیت. دووەم یەکێك لە بنەماکانی مارکسییەت مافی چارەنووسی گەلانە. | دۆگمایی کۆمەنیزم |
| 15 | ئەم ڕەوتە عەقیـدەی پێش میللەت دەخســـت. لە جیـاتی ئەوەی ئیش بۆ خەڵکی کوردســـتـان بکـات ئەهـات ئەو فەقیرەی کە مریکشـێکی بۆ ســەر ئەبڕی دژ بە عەقیـدەکەی ئەو ئیشـــی ئەکرد و ئەڕۆشـــت ڕەســـمی کەرێکی هەڵئەواســـی لە مزگەوتەکە یا. ئەمە وای ئەکرد زۆر ناشـیرین ببێت. مزگەوتی دائەخســـت مەلای ئەکوشت. | دژایەتیی دین |
| 16 | ناتوانیت چەپەکان و دینییەکان لەبەرامبەر یەك دابنێیت چونکە مەســەلەی دین زۆر جیاوازە. دین فەرقی هەیە. باس باســی دنیایەکی دیکەیە. جەهەنەم و بەهەشـتـی تێدایە. | ڕۆڵـیـان وەك هـێـزی دنیایی |
| 17 | ڕۆڵی چەپ دیارە ئەگەر کەموکورتیشی هەبێت. | جیاوازیی ڕۆڵ |
| 18 | دوای ڕاپەڕین دژی ناسیۆنالیزم نەبوون | ئاڕاستەی ناسیۆنالیزم |
| 19 | هەمیشەش هەوڵی بۆ ئەوە داوە کە کورد بوونی هەیە. ئەو هەمیشە هەوڵی ئەوەدەدات کە نەتەوەیەکی عراقی پێك بێت کە بریتیی بێت لە کورد، تورك، عەرەب و ئاشوری و | مـــافـــی هەمـــوو پێکهاتەکان |

| | | |
|---|---|---|
| 20 | حزبی شـــیوعی عراق دژی هیوا بوون. ئەمە وای کرد حزبی شـــیوعی دامەزرێن. شۆڕشیان دروست کرد. و ... کەواتە بەڵێ بەشێك لەوانەی کە شیوعی بوون خۆیان لە ناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی نەدۆزییەوە.<br>شـــیوعییەکـان ســـوودیـان بە بزووتنەوەی کوردایەتی گەیـانـدوویـانە. بۆ نموونە پەروەردەکردنی خەڵکێك لەسەر ئەساسی چەپ لە هەمو عراقدا کە کوردیش میللەتە و مافی خۆی هەیە. | ناســاندنی کێشــەی کورد بە عەرەب |
| 21 | ئێمە وەکو حزبی شیوعی چەپی قەومین. ئێمە بەشیك نین لەو دەسەڵاتە. | چەپی قەومی |
| 22 | هیچ تەیارێکی چەپ کە دروســت بووە لە کوردســتاندا بۆ پشــتکردنە تەیاری قەومی دروســت نەبووە. کە جوڵانەوەیەکی چەپ دروســت دەبی لە ناو میللەتێکی داڕزاوی وێرانکراوی نەخوێندەواردا پێیوایە کە مارکســیزم یەکێك لە زانســتە زۆر گرنگەکانی سەردەم. کە زۆر میللەتی ڕزگار کردووە. ئەمە چەکە. چەکی مارکسیزم ئەگرمە دەست بۆ ڕزگارکردنی میللەتەکەم | مارکسیزم وەك زانست |
| 23 | لەکاتێکی ناخۆشــدا کۆمەڵە هاتە چیا، با ئەفکاری لەگەڵ پاســۆکدا یەك نەگرێتەوە. بەڵام لە چیا لەگەڵ داگیرکەر جەنگا. لە پێناوی ئەوەی کورد ببێــتە شیوعی. موهیم نییە کورد ڕەنگی سور هەڵگرێت، موهیم ئەوەیە کە کورد ئیدارە بکات. با حوکمی زاتی نەبێت با لامەرکەزی بێت. بۆیە هەموو ئەمانە بەشێکن لە بزاڤەکە. | بەشێك لە بزاڤ |
| 24 | چەپەکان، لە حەمزە عەبدوڵاوە باســی بکەین، ئێ خۆ حەمزە عەبدوڵا شــیوعی بوو ، شـیوعی عێراقی بوو، یەکێکیش بوو لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردســتان . دەکرێت چەپ بیت و نەتەوەییش بیت. | فـــــرەجـــــۆریـــــی مارکسییەت |
| 25 | لە ڕوویەکەوە قۆناغی ســەقەتبوونی ناســیۆنالیزمی، لەبەرئەوەی دەردەدار ئەبێ بە چەپ. ئەم ناســیۆنالیزمە ئەشــێوێ، ئەتوانین بڵێین لە هەندێ ڕووەوە لە ناســیۆنالیزم ئەکەوێ. | دەردەداربـــــوونـــــی ناسیۆنالیزم بەچەپ |
| 26 | تەقیمی ئایدیۆلۆژی ناکەم. بەڵام پێشتر وابوون . باسی ئوممییەتی شیوعی و ئەوانە. لە شــەســتەکان هەبوون. لە یەنجاکان. بەڵام ئێســتا یەســارییەکانی کوردســتانیش نیشتیمانپەروەرن. | نیشـــتیمانپەروەریی شیوعییەکان |

| | | |
|---|---|---|
| 27 | ئێمەی ئیســلامیی جیـاین لە چەپەکـان. چونکە ئێمە ملکەچی حوکمی خوداین. ملکەچی هیچ حوکمێك نابین. | دونیاخوازیی |

پاش ئەنجامدانی کردەی سەرەتایی کۆدبەندیی کراوە، لە قۆناغی دووەمی کۆدبەندیدا ٤ مەقوولەی سەرەکی دەرهێنران کە لە خشتەی خوارەوەدا ئاماژەمان پێکردوون.

**خشتەی ١١ مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە ڕۆڵی چەپەکانی کوردستان لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا**

| مەقوولەکان | چەمکەکان |
|---|---|
| نەتەوە لە بیروباوەڕی چەپدا | باوەڕنەبوون بە مافی چارەی خۆنووســین، عەقیدە پێش نەتەوە، دۆگمایی کۆمەنیزم، مارکسیزم وەك زانست، برایەتیی گەلان، |
| عـراقـچـیـبـوونـی چەپەکان | عراقچییەتی، نـاســاندنی کێشــەی کورد لە ئیراقدا، مافی هەموو پێکهاتەکان لە عراقدا، چینایەتی، فرەجۆریی مارکسییەت، لە خەمی کرێکار و جوتیار. دروستکردنی کادیر |
| چەپی قەومی | ئاڕاستەی ناسیۆنالیزم، چەپی قەومی، بەشێك لە بزاڤ، نیشتیمانپەروەریی شیوعییەکان، سەرلێشێواوی گوتار، گۆڕینی ئاڕاستە، مافی نەتەوەکان، جیاوازیی ڕۆڵی |
| بێخێریی چەپ بۆ کورد | یەکلانەبوونەوە، بێخێریی چەپ بۆ کورد، بەربەستبوون لە یەکخستنی کورد، نەزۆککردنی ناسیۆنالیزم، دەردەداربوونی ناسیۆنالیزم بەچەپ، دژەدین. دونیاخوازی |

## نەتەوە لە بیروباوەڕی چەپدا

وەك لە بەشی توێژینەوەکانی پێشوو و لە باسی مارکسیزم و نەتەوەدا ڕوونمان کردووەتەوە، چەپ بە سروشــت و فەلســەفەی بوونیان هێندەی جەخت لەســەر بەها جیهانییەکانی وەك نەهێشــتنی چینایەتی، چەپســاندنی یەکســانی و دادپەروەری بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەی بێچین دەکەنەوە هێندە گرنگی بە مافی نەتەوەکان نادەن. تەنانەت لەڕووی بەکارهێنانی چەمکەوە لە جیاتی وشــەی نەتەوە، زیاتر وشـەی گەل لە دروشـم و گوتاری حزبە چەپەکاندا باو بووە. تا ئەم چرکەسـاتەش "نیشـتیمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار" دروشــمی ســەر لۆگۆی حزبی شــیوعی کوردســتانە. لەژێر کاریگەری مانیفێســتی کۆمۆنیســتدا، بە باوەڕی ئەوان دەبێت مافی چارەی خۆنووســین لە چوارچێوەی گەلانی

عێراق و برایەتی گەلاندا سـەیر بکرێت. هۆکاری ئەمە بۆ تێگەیشـتنی مارکس سـەبارەت مافی گەلان، چینی جوتیار و کرێکاری جیهانیی دەگەڕێتەوە. هەرچەندە چەپەکان فرەچەشـــن، فرە حزبن و بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو گەلێك گۆڕانکاری هاتووە بە سەر تێگەیشتن و موماره سەی سیا سییاندا. بەڕادەیەك کە ئەو بەشـداربووە چەپانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردوون، بەو پرسـیارە قەڵس دەبوون کە ئایا دەکرێت شیوعییەك نەتەوەیی بێت!

هەروەها ئەو خاڵەش لەبیر نەکەین کە مێژووی یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان و پارتی دیموکراتی کوردســتانیش لەم جۆرە تێگەیشــتن و جیهانبینییە بێبەریی نییە. وەك بەشـــداربوویەك ئا ماژەی پێدەکات:

*چەپەکان، لە حەمزە عەبدوڵاوە باســی بکەین، خۆ حەمزە عەبدوڵا شــیوعی بوو، شــیوعی عێراقی بوو، یەکێکیش بوو لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان. دەکرێت چەپ بێت و نەتەوەییش بێت. یەک مارکسییەت نیە، یەک شوعییەت بوونی نییە، دەیەها شوعییەت و مارکسییەت بوونی هەیە.*

لەڕووی مێژووییەوە بەشداربوویەك باسی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی هزری چەپ دەکات:

*کۆمەنیستەکان جاریَ لە ڕێگەی کۆمەنیستەکانی عێراق و ئێرانەوە کۆمۆنیزمیان پێگەیشت. بۆ مافی چارەی خۆنووسین ئەو ڕەوتانە هیچکات باوەڕیان پێی نەبووە. کوردایەتی بۆ ئەوان وەك مەترسییەك بوو لەسەر دابەشبوونی ئەو وڵاتەی کە ئەوان دەیانویست تێیدا دەسەڵاتیان هەبێت.*

یەکێك لە بەشداربووان باس لەوە دەکات کە:

*کێشەی کوردە ئیسلامییەکان و کوردە چەپەکان و کوردە پۆست مۆدێرنەکان لەوەدایە کە لەوە ناگەن کە ئەوانی دیکە(مەبەست نەتەوانیترە) چەپ و ئیسلام بەکار دەهێنن بۆ خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان، بەو واتایەی کە ڤێتنامییەکی کۆمۆنیست، تەنانەت لیبراڵێکی فارس بۆ ڕزگاری نەتەوەکەی قەت نایێت خۆی لە فارسـبوون داماڵێت. ئەوان قەت ناڵێن دەی باشـە ئێمە لیبراڵین فەرموون خۆ زمان هەر زمان نییە؟ با ئێمە زمانی کوردی بکەینە زمانی فەرمی.*

لەم گۆشەنیگایەوە ڕوونتر پەی بە ئینتەرناسیۆنالبوون و سەرتاپاگیری هزری چەپ دەبەین.

بەشـــداربوویەك کە بەرپرســێکی حزبێکی چەپی کوردســـتانە ئاماژە بە دۆگمابوونی هەندێك لە بۆچوونەکانی ستالین سەبارەت بە نەتەوە دەکات:

*کاتی خۆی، دوای ناکۆکی کۆمەنیستەکان و پارتییەکان لە چلەکان، لە (1945)، کێشەی ئەوەی کورد نەتەوەیە یان نا، بەشێك لە کۆمەنیستەکان پێیان وابووە کە کورد نەتەوە نییە. چونکە ئەو پێناسەیەی کە ستالین کردوویەتی بۆ نەتەوە لەسەر کورد بەرجەستە نابێت. دەی ئەمە حاڵەتی دۆگمایە.*

**عێراقچیبوونی چەپ**

وادیارە چەمك و مەیلی عێراقچیبوون مێژوویەکی کۆنی هەیە. ئەم ڕەوتە هزری و سیاسییە زیاتر تا ئەوکاتەی لەژێر کاریگەری حزبی شیوعی عێراقیدا بوون، وەها بیر یان دەکردەوە. دواتر بە گوێرەی بارودۆخ و قۆناغە کانی خەبات و جووڵانەوەی کوردی گۆڕانکاری بەسەر فۆڕمی حزب و دروشم و گوتارییان هات. هەرچەندە ئێستاشی لەگەڵدابێت، خەڵکێکی زۆر هەن کە باوەڕیان بە بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد هەیە، بەڵام لە چوارچێوەی گەلانی عێراقدا. ئەم مشتومڕە لە سەردەمی شێخ مەحمودی حەفیدەوە تا هەنووکە درێژەی هەیە و لایەنگری هەیە.

بەشداربوویەك کە باسی گۆڕانکارییەکانی ئەم ڕەوتە دەکات، پێیوایە:

*ئێمە دەزانین کە حزبی شیوعی عێراقی بوون و هەتا کۆتایی شۆڕشی ئەیلوول هەر وەلاکردنێکی کورد وەکو نەتەوە و زەقکردنەوەی مەسەلەی نەتەوە بە قەولی خۆیان، بەڵکو ئەساسەکەی بریتی بووە لە خەباتی چینایەتی و نابێت مەسەلەی نەتەوەیی زەق بکرێتەوە، بۆیە هەر فکرەیەك کە بۆنی نەتەوەیی لێهاتبێت لە لایەن کوردەوە ئەوان بەو شێوەیە ڕووبەڕووی بوونەتەوە. بەو شێوازەی کە گوتاریان لە بەرژەوەندی نەتەوەی سەردەست بووە لە عێراقدا، هەروەها حسابی نەتەوەیەکی تەوایشیان بۆ کورد نەکردووە.*

بەشداربوویەکی تر هۆکاری ئەم جۆرە بیرکردنەوەی شیوعییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە:

*شیوعی هەمیشە ویستوویەتی لە نێوان نیشتیمانپەروەری عراقی و مە سەلەی نەتەوەیی کورددا یاری بکات. هەمیشەش هەوڵی بۆ ئەوە داوە کە کورد بوونی هەیە. ئەو هەمیشە هەوڵی ئەوەدەدات کە نەتەوەیەکی عراقی پێك بێت کە بریتیی بێت لە کورد و تورك و عەرەب و ئا شوری و ... ئەمانە بەرنامەی حزبی شیوعی بووە. بەرنامەی پارتی دیسان لە قۆناغە جیاجیاکاندا دروشمی لامەرکەزییەتی بڵاو کردووەتەوە و دواتر ئۆتۆنۆمی دواتر فیدراڵی.*

بۆیە بەشـــداربوویەك پێیوایە کە دامەزراندنی حزبی شـــیوعی تەنانەت پەرچەکردار بووە بەرامبەر بە حزبێکی نەتەوەیی وەك حزبی هیوا:

*حزبی شـیوعی عێراق دژی هیوا بوون. ئەمە وای کرد حزبی شـیوعی دامەزرێن. شـۆڕشـیان دروست کرد. و ... کەواتە بەڵێ بەشـێك لەوانەی کە شـــیوعی بوون خۆ یان لە ناو بزووتنەوەی نەتەوایەتی نەدۆزییەوە. چوونەتە نێو بزووتنەوەیەکی عێراقی بۆ ئەوەی عێراق بە دیموکراتی بکرێت.*

**چەپی قەومی**

بەشداربووان بەگشتی و خودی چەپەکان ئاماژە بە گۆڕینی ڕووگەی هەندێك لە چەپەکاندا دەکەن لە قۆناغەکانی خەباتیاندا. لە ڕوانگەی دوو بەرپرسی حزبیی سەر بە ڕەوتی چەپەوە کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ســاز کردن هەرجۆرە گومانێك لەوەی کە کە چەپێك بتوانێت نەتەوەیی بێت یان خەباتی ئەوان بە ئاڕاستەی پێچەوانەی نەتەوە هەنگاوی نابێت، ڕەت دەکەنەوە. بۆ نموونە، یەکێکیان تەنانەت لە کاتی پێناسەکردنی خۆیدا وەك چەپێك ڕەخنە لە تێزەکانی ڕێبەرانی مارکسییەت سەبارەت بە مافی گەلان دەگرێت:

*من چەپێکی دیموکراتی نەتەوەییم. بەڵام مارکس و دوای ئەویش لینین نەیتوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخوێننەوە. چەپ جگە لە دژایەتی دین هەڵەی دیکەی ئەوەبوو کە مافی نەتەوەکانی ڕەچاو نەکرد. خالید بەرداش سەرۆکی حزبی شیوعی بوو لە سوریا هەر باسی کوردیشی نەدەکرد.*

خاڵێکی دیکەی وەرچەرخانی هەندێك لە حزبە چەپەکان بە ئاڕاســتەیەك کە دژ نەوەســتێنەوە لەگەڵ نەتەوە و ناسیۆنالیزمدا بریتییە شۆڕشی ئەیلوول. بەشداربوویەك ئاماژە بەوە دکات کە:

*هۆکارێك بۆ گۆڕینی ڕوئیای چەپ شۆڕشی ئەیلوول و هاتنی عەبدلکەریم قاسم بوو. دواتریش لە دوای (1991) حزبی شیوعی کوردستان جیا ئەبێتەوە و ڕوئیایان گۆڕا. ئەوان وەك وتم لە سەرەتادا وەك هێزی ڕەجعی و دواکەوتوو وێنای هەر هێزێك و لایەنێکیان کردبێت کە باســی نەتەوەییان کردبێت. دواتر کار ئەگاتە ئەوەی کە حزبە چەپەکان پێشـبڕکێ ئەکەن لەگەڵ حزبە ناســیۆنالیســتییەکانیتر. و دەبنە بەشێك لەو پرۆژە ناتەواوە ناسیۆنالیستییەی کە هەیە.*

لێرەوە یەکێك لە بەشداربووان کە سەر بە ڕەوتی چەپە، بەمشێوەیە بەرگری لە فەلسەفەی مارکسیزم سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین دەکات:

*یەکەم، هەوڵدان بۆ نەمانی چەوسانەوە لە هەمو جیهاندا کە بوعدێکی نێونەتەوەیی وەردەگرێت ناکۆك نییە لەگەڵ هەوڵێك کە تۆ بۆ نیشتیمانێکی سەربەخۆ دەیدەیت. دووەم، یەکێك لە بنەماکانی مارکسییەت مافی چارەنووسی گەلانە. وەك چەپ دژی ڕەگەزپەرەستین. باوەڕمان بە یەکسانیی نەتەوەیی هەیە. بەڵام دژی چەوسانەوەی چینایەتین. هەڵوێست وەرنەگرتن دژی چینایەتی بە بیانووی هەستی نەتەوەیی ڕەتکراوەیە.*

یەکێك لە بەشداربووان کە پاسۆك بووە داکۆکی لە کوردستانیبوونی هەندێك لە هیزە چەپەکانی وەك کۆمەڵە دەکات:

*کە جەماعەتی ئاڵای شۆڕش جیابوونەوە لە ئێمە، تەئیدی کۆمەڵەمان کرد. تەئیدی نەوشیروان مستەفا. چونکە ئاڵای شۆڕش دەیوت ئێمە دەبێت ببین بە بەشێك لە شیوعی عێراقی. بەڵام کۆمەڵە وتمان نەخێر ئێمە کوردستانین. لەکاتێکی ناخۆشدا کۆمەڵە هاتە چیا، با ئەفکاری لەگەڵ پاسۆکدا یەك نەگرێتەوە. بەڵام لە چیا لەگەڵ داگیرکەر جەنگا.*

بۆیە کاتێك باس لە بێخێریی یان خاڵە لاوازەکانی هەریەك لە هێزە چەپەکان لە هەمبەر جووڵانەوەی کوردی دەکرێت، مەبەست زیاتر لەڕووی سیاسی و خەباتی نەتەوەییەوەیە. ئەگینا هەموو هێزەکان بەشی هێندە کار و چالاکی و خەباتی هزری و کۆمەڵایەتییان هەبووە کە بتوانن بەرگری لێبکەن. وەك یەکێك لە بەشداربوویەك ئاماژەی پێدەکات:

*ئایا شیوعییەکان هیچ سودێکیان بە بزووتنەوەی کوردایەتی نەگەیاندوە؟ بەڵێ گەیاندوویانە. بۆ نموونە پەروەردەکردنی خەڵکێك لەسەر ئەساسی چەپ لە هەمو عێراقدا کە کوردیش میللەتە و مافی خۆی هەیە.*

بەشداربوویەك دەڵێت:

*هزری چەپ ساڵای (1930) هاتە کوردستانەوە. وەك بایەکی زۆر بەقوەت هاتە نێو هزری ناسیۆنالیزمی کوردییەوە. ناسیۆنالیزمیی ئێمەی کوردیی زۆر لاواز کرد.*

هەڵبەت دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، لەڕووی مومارەسەی دەسەڵاتەوە، شیوعییەکان وەك حزب لە سەد ساڵی ڕابردوودا نەگەیشتوونەتە دەسەڵات تا هەنگاویان بەرەو نەتەوەسازی تاقی بکرێتەوە. یەکێك لە بەشداربووان وەك بەرپرسێکی باڵای حزبێکی چەپ ئاماژە بە هەنگاوەکانی تێگەیشتنی چەپ دەکات بۆ نەتەوە و هەڵوێستی وەزیرەکانیان لە کابینەکانی حکومەتی هەرێمدا بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی. ئەو دەڵێت:

*فەرق هەیە لە بەینی ئایدیۆلۆجیای قەومی لەگەڵ هەڵوێست لە مەسەلەی نەتەوایەتی. ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی وانە من لە کوردستان دەژیم باوەڕم بە کورد هەیە. لێرەدا من هەڵگری ئا یدیۆلۆژییەکی نیشتیمانیم. ئەوەی کە من بە چاوی هاوڵاتیبون سەیری خەڵکی بکەم. هەڵگری ئا یدیۆلۆژی ا ستعلای قەومی نیم. من هەڵگری ئایدیۆلۆیەکی مارکسیم. مارکسی هەڵوێستی هەیە لە مە سەلەی نیشتیمانی لە هەموو مەسەلەکانی وەك چینی کرێکار و ئازادییەکان و ژن و ... گشتگیری لێرەدا گرنگە.*

ئەم بەشداربووە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە:

*ئێمە لە کابینەکانی شەش و حەوت بەشداربووین کە دوو ساڵ دوو ساڵ بوو. یەکەم ئێمە باسی ئەوەمان دەکرد کە چۆن بتوانین چەمکی هاوڵاتیبون دروست بکەین. پڕۆژەمان پێشکەش کرد. دووەم چەمکی هاوڵاتیببونمان بەستەوە بە بوارێکی گرنگ بۆ ئەوەی کار لەسەر قەزیەی پەروەردەی مەدەنی بکەین.*

**بێخێریی چەپ بۆ ناسیۆنالیزمی کورد**

گەشەکردنی مارکسیزم و شیوعییەکان نەك لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهان دژ وەستایەوە لەگەڵ ناسیۆنالیزمدا. خەباتی ئەوان، خەباتی چینایەتییە. خەباتی بەردەوام لە نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار. بۆیە کاتێك دروشمی کرێکارانی جیهان یەك بگرن بەرز دەکەنەوە و داوای بەدەستهێنانی مافەکان دەکەن، مەبەستیان مافی کرێکارانە. ئاماژەیەکی کەم بە مافی نەتەوایەتی لە ئەدەبیاتی مارکس و ئەنگلزدا دەبینرێت. هەر بە ناوی حزبەکاندا دیارە کە بۆ یەکەمجار لە دوای ڕاپەڕینەوە حزبی شیوعی کوردستانیی دادەمەزرێت. سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی

بەشـداربووان بۆ ڕۆڵی چەپەکان، بەشـداربوویەك چەپ و مارکسـیزم بە دەردێکی کوشـندە بۆ گیانی ناسیۆنالیزم بەگشتی و ناسیۆنالیزمی کوردیی بەتایبەت پێناسە دەکات:

*هەر لەو کاتەوە پارتی دیموکراتی کوردســتان دروســت دەبێت، لە ڕوویەکەوە قۆناغی ســەقەتبوونی نا سیۆنالیزمی کوردە. لەبەرئەوەی دەردەدار ئەبێ بە چەپ. ئەم نا سیۆنالیزمە ئە شێوێ، ئەتوانین بڵێین لە هەندێ ڕووەوە لە ناسیۆنالیزم ئەکەوێ.*

بەشداربوویەکی تر کە نووسەرێکی بواری ناسیۆنالیزمی کوردییە ئاماژە بەوە دەکات:

*هاتنی مارکسـیزم و دروستبوونی حزبی شـیوعی عێراقی و گەیاندنی ئەو فکرە بۆ کۆمەڵگەی کوردی و هاتنی بیری چەپ، کاریگەرییەکی زۆری لە سەر نا شیرینکردنی چەمك و بزووتنەوەی نا سیۆنالیستی هەبوو. وەك بزووتنەوەیەکی شۆڤێنی و کۆنەپەرەستی و ڕەجعی پیشانیاندا.*

وادیارە بەشـــداربووانی ئەم توێژینەوەیە کاتێك باســـی چەپ دەکەن، زیاتر ســـەرنجیان لەســـەر بیرکردنەوە و گوتاری چەپەکانە. چونکە لە ڕووی سیا سەت و کردارەوە بەڵگەی زۆر ڕوونیان سەبارەت بە دژایەتی نا سیۆنالیزمی کوردی یان هاوهەڵوێستنەبوون لەگەڵ جووڵانەوەی کوردیدا ئاماژە پێنەکردووە. بەڵام لەڕووی تێگەیشتنەوە بەڵێ. بۆ نموونە بەشداربوویەك سەبارەت بە ڕۆڵی چەپەکان لە نەتەوەسازی و ناسیۆنالیزمی کوردیدا ئاماژە بەوە دەکات کە:

*بەربەسـتن لە بەردەم ناسـیۆنالیزمی کوردی. لەو کاتەوە تائێسـتاش. کێشـەی کوردە ئیسـلامییەکان و کوردە چەپەکان و کوردە پۆسـت مۆدێرنەکان لەوەدایە کە لەوە ناگەن کە ئەوانی دیکە چەپ و ئیسـلام بەکار دەهێنن بۆ خزمەتی نەتەوەکەی خۆیان.*

هەر لەڕووی ڕەفتار و هەڵســـوکەوتی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتییەوە، بەشـــداربوویەك باس لە کاریگەری هزری چەپ و هەندێك دروشـمی مارکس دەکات لەسـەر ڕەفتاری چەپەکان بەرامبەر بە موسـوڵمانان دەکات:

*لە (1977)ەوە، ڕەوتێکی مارکسیستی ئەرتەدۆسکی دروست بوو. ئەم ڕەوتە عەقیدەی پێش میللەت دەخست. لە جیاتی ئەوەی ئیش بۆ خەڵکی کورد ستان بکات ئەهات ئەو فەقیرەی کە مریکشێکی بۆ ســەر ئەبڕی دژ بە عەقیدەکەی ئەو ئیشـــی ئەکرد و ئەڕۆشـــت ڕەســـمی کەرێکی هەڵئەواســـی لە مزگەوتەکەیا. ئەمە وای ئەکرد زۆر ناشیرین ببێت. مزگەوتی دائەخست مەلای ئەکوشت.*

ئەم جۆرە لە ڕەفتارکردن بێگومان کاریگەری لەسـەر دروسـتکردنی دووبەرەیی، لێکترازان و ناتەبایی هەبووە. وەك لە باسـی ئیسـلامییەکان و ناسـیۆنالیزمدا ئاماژەمان پێکرد، یەکێك لە هۆکارەکانی سـەرهەڵدانی حزبە ئیسـلامییەکان بەتایبەت لە ناوچەی هەڵەبجە بەرچەکرداری ئیسـلامییەکان بووە بەرامبەر بەم هێزە دژە ئایینییانە.

**بان ـ نەتەوەییبوون**

**خشتەی ١٢ مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ**

| ڕیز | مەقوولە | مەقوولەی کاکڵ |
|---|---|---|
| 1 | نەتەوە لە بیروباوەڕی چەپدا | |
| 2 | عراقچیبوونی چەپ | بان ـ نەتەوەییبوون |
| 3 | چەپی قەومی | |
| 4 | بێخێریی چەپ بۆ ناسیۆنالیزمی کورد | |

وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت، مەقوولەی کاکڵ کە خۆی هەڵێنجراوی مەقوولە سەرەکییەکانی ئەم تەوەرەیە، بریتییە لە *بان ـــ نەتەوەییبوون*. ئەم چەمکە لە ڕوانینی بە شداربووانی ئەم توێژینەوەیەدا چوارچێوەیەکی بیرکردنەوە، جیهانبینی و گوتاری چەپەکان دەگرێتەوە کە لەو گۆشـەیەوە دەڕواننە هەموو د یاردە کانیتر. بۆچوونەکان سـە بارەت بە شـیوعییەکان دوولایەنەن. شـیوعییەکان و ئەو بەشـداربووانەش کە بیرکردنەوەی چەپیـان هەبوو لایەنگری ئەوەن کە دژیەکییەك نییە لە نێوان چەپبوون و نیشـتیمانپەروەربووندا. ئیسـلامییەکانی ناو توێژینەوەکە جەخت لەسـەر نیشـتیمانیبوونی چەپەکان دەکەنەوە. بەڵام بۆچوونی ئەکادیمییەکان پێچەوانەوە دەبێتەوە لەگەڵ ئەو ڕاسـتییەدا و پێیانوایە کە هێزی ئایدیۆلۆجی بان ـــ نەتەوەیی ناتوانێت ببێتە بزوێنەری ناسـیۆنالیزمی کوردی و خەباتی کوردایەتی. لێرەدا مارکسیزم یان شیوعییەت ڕۆڵی ئەو بیرکردنەوە بان ـ نەتەوەییە دەبینێت.

لەڕووی چەمکەوە، چەمکی "گەل" فراوانتر لە چەمکی نەتەوە خۆی دەنوێنێـت. چەپەکـان لە سـەرەتـای دامەزرانـدیـانەوە کە هەنـدێکیـان دەگەڕێننەوە بۆ ڕێککەوتی (1934/3/31)، خۆیـان لە

بەكارهێنانی چەمكی نەتەوە كە كورت بكرێتەوە لە نەتەوەی كورددا بەدوور دەگرن و ئاوێتەی دەكەن لەگەڵ گەلانی دیكەی عێراقدا. ئەوان لەڕوانگەی چینایەتییەوە دەڕواننە خەباتی نەتەوەیی. وەنەبێت ڕۆڵی چەپەكان تەنیا لە ڕۆڵی ســیاســی و خەباتی حزبیدا كورت بكرێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەوان لە پەرژانەســەر هەندێك چەمكی گرنگی وەك مافی كرێكاران، یەكســانی، هوشــیاركردنەوەی ژنان لە موماره سەی مافەكان، ڕۆ شنبیركردنی خەڵك لە هەندێك ڕووەوە كاریگەرییان هەبووە. هەندێكجاریش ئەگەر پەلاماری ئایدیۆلۆجیاكانی دیكەیان داوە لە پێناو ئازادیی بیركردنەوەدا بوو، بەڵام لە هەمانكاتدا خۆیشـیان لە بیركردنەوەیەكی چەقبەسـتوودا سـەبارەت بە زۆر چەمك و دیاردەی وەك ناسـیۆنالیزم و جووڵانەوەی نەتەوایەتی گیریان خواردووە.

وەك ئیسلامییەكانی كورد ستان كە سەرتاپاگیر( شموولی) ڕوانیویانەتە پرسی كورد، ڕەنگە چەپ و شــیوعییەكانی كوردســتانیش تاكە شــیوعیی بووبن لەم جیهانەدا كە نەیانتوانیبێت، هزری چەپ و ماركســیزم لەپێناو نەتەوەســازی و گوتاری نەتەوەیی كورددا بەكار بهێنن. هەڵبەت لەڕووی مامەڵەوە لەگەڵ نەتەوەی عەرەبدا، خۆیان پێیانوایە كە ئەوە ئەوان بوون شــیوعییەكانی عێراق و ناوچەكەیان لە داننان بە مافی كورد وەك گەلێكی چەوساوە هوشیار كردووەتەوە. ئەوەی كە شیوعییەكی عێراقی وەك ئێســتاشــی لەگەڵدا بێت، هەندێك لە چەپە نوێیە خوێندەوارەكان و پۆســت مۆدێرنەكان كاتێك باســی نەتەوەی كورد و دەوڵەتی كوردییان لەگەڵدا دەكەیت یەكســەر ئەو چەمكگەلی برایەتی گەلان و مافی كرێكارانی جیهان و بەهاگەلی ئازادی، یەكسانی و لەناوبردنی چینایەتی وەك پاساو بۆ نانەتەوەییبوون بەكار دەهێنن! بۆچوونی یەكێك لە بەشـداربووان بەڕوونی وەسـفی ئەم حاڵەت و دۆخەمان بۆ دەكات: *كورد لە باشــوور لەبەرئەوەی بیركردنەوەی ســەربەخۆی نییە و وەك دەفرێكی ڕوون و خاڵی وایە، هەر ڕەنگێكی تێدەكەیت ئەو ڕەنگە بەخۆوە دەگرێت.*

تا ئێرە زیاتر باســمان لە چەپی پێش ڕاپەڕینە. لە دوای ڕاپەڕینەوە كەمینەیەك لە شــیوعییەكانیش گۆڕان. ناوی كوردســتانییان بۆ ناوی حزب و ئاڕاســتەكانیان زیاد كرد. پێش ڕاپەڕینیش ئەوەی شیوعییەكان شانازی پێوەدەكەن ئەوەیە كە لەپێناو گەیاندنی هزر و سووربوونیان لەسەر بیروباوەڕیان خوێنی زۆریان داوە. لە دوای ڕاپەڕینیشەوە ڕۆڵیان لە بەشداریی شەڕەكانی نێوخۆدا یەكجار كەم بووە و شانبەشانی حزبەكانیتر بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا كردووە. ئەوان ئێستاكە زۆر بەئاشكرا باسی

چەپی نەتەوەیی دەکەن. پێیـانوایە کە چەپبوون هیچ ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەی کە کە تۆ داوای مافەکانی خۆت بکەیت. هەڵبەت ڕەگەزپەرەسـتی ڕەت دەکەنەوە و ڕەخنەیان لە حزبەکانی دیکە هەیە کە نەتەوە و نەتەوایەتیان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە پۆست و دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

لە کۆتـاییـدا بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونی زاڵی بەشـــداربووان و لانیکەم لە ســـەرەتـاکـانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردییەوە تا ڕاپەڕینی ١٩٩١، هزری بان ـــــ نەتەوەیی چەپ لە کوردســـتان، بەتایبەت لەڕووی هزر و گوتارەوە، ، وەك خۆرەیەك بەربووەتە جەســـتەی ناســـیۆنالیزمی کوردی. هەموو هزرە بان ـ نەتەوەییەکان ئەو ڕۆڵەیان بینیوە. ئەو هزرە هۆکاری خنکاندن و گەشەنەکردنی هزری ناسیۆنالیستی بووە لە باشـووری کوردســتاندا. بان ـــــ نەتەوەییبوون وایکرد، ئینتیما و خۆشـەویسـتی بۆ چینێك، هزرێك، ئاڵایەکی سوور بە دا سێکەوە کاریگەری لە سەر ئینتیما و خۆ شەویستی بۆ نەتەوە و نا سنامەی هاوبەش دابنێت. ئەم پرسە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نەتەوەسازی هەیە.

## بەشی هەشتەم

## نەتەوەسازی و دەسەڵات




قۆناغەکانی سەرهەڵدان و جووڵانەوەی کورد لە هەرێمی کوردستاندا هەوراز و نشێوی زۆری بەخۆوە بینیوە. ئەوەی لە هەموو قۆناغبەندییەکان بەتایبەت لەڕووی سـیاسـییەوە گرنگە، دابەشـکردنی دۆخ و مێژووی کوردستانە بۆ پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین. دوو هێزی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشـتیمانیی کوردسـتان، دوو گەمەکەری سـەرەکی هەر دوو قۆناغەکە بوون. لە سـەرەتای سەرهەڵدانیانەوە لەژێر کاریگەری هزری چەپدا بوون و دواتر بە جیابوونەوەی باڵی مەکتەبی سیاسـی گۆڕانکاری و جیابوونەکان دەسـتی پێکرد. بۆ نموونە پارتی دیموکراتی کوردسـتان جەختی لەسـەر ئۆتۆنۆمی بۆ کورد ستان دەکردەوە و دیموکرا سی بۆ عێراق. دواتر یەکێتی نیشتیمانی کە لە سێ باڵی کۆمەڵەی مارکسی ـــ لینینی، بزوتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتی ی. ن. ك پێکدەهات و .. لە یەکەم بەیانییەوە، دروشـمی سـەلماندنی مافی گەلی کورد لە ئۆتۆنۆمی ڕاسـتەقینەدا لە چوارچێوەی کۆمارێکی عێراقی دیموکراتی سـەربەخۆدا[1] پەرپێدا؛ حزبی شـیوعی عێراقیش نیشـتیمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار و یەکگرتنی کرێکارانی جیهان لە یەکەمین ئامانجەکانی بوو[2].

---

[1]- سەروەر عەبدولڕەحمان، مێژووی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان؛ 1975-1976 دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانە هێڤی- هەولێر، هەولێر، 2011، ل176.

[2]- هەورامان فەریق، پەروەردەی ئیسلامی و ململانێی گوتارەکان؛ شیکردنەوەی دیسکۆرسڤی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی و ئاییناسی (قۆناغی ئامادەیی وەزارەتی پەروەردە) چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی، 2018، ل176.

بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە دەسەڵاتەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ڕەوایەتی پە یدا کرد. حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و توانی مومارەسەی دەسەڵاتی خۆی بکات. لێرەوە، دەتوانین بە دوو ئاڕاستە لە بابەتی ڕۆڵی یەکێتی و پارتی لە پرۆسەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستاندا بڕوانین. ڕۆڵی ئەم دوو هێزە پێش ڕاپەڕین چۆن بووە؟ و لە دوای ڕاپەڕین چۆن؟ بۆ ئەم مەبەستە بۆچوونی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان دەبێت بە دوو بەشەوە. بەشێکیان پێیانوایە ناکرێت ناسیۆنالیزمیی کورد لە باشووردا لە یەکێتی و پارتی جیا بکەینەوە. هەندێکشیان ئاماژە بە بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن، بەڵام لە پێش ڕاپەڕیندا. لەم تەوەرەدا، سەرنجمان لەسەر دوو حزبی یەکێتی و پارتییە وەك حزب و گوتاری حزبی، نەك وەك دوو هێزی پێکهێنەرەی دەسەڵات.

لە ڕێگەی تاوتوێی زانیارییەکان و کۆدبەندی داتاکانەوە، لە قۆناغی کۆدبەندبی سەرەتایی کراوەدا ٢٨ چەمك و ٣ مەقوولەی سەرەکیمان بەم شێوەیەی خوارەوە دەرهێنان:

**خشتەی ١٣ ڕۆڵی یەکێتی و پارتی لە ناسیۆنالیزمی کوردی**

| ڕیز | دەستەواژە | چەمك |
|---|---|---|
| 1 | ئاڕاستەی ناو حزبەکان بە ئاڕاستەی کەسەکان ڕۆشتووە. کاتێك مام جەلال دێت بە جۆرێك و مەلامستەفا بە جۆرێك. نمایشی نەتەوەسازییان نەکردووە. | فرەباڵی |
| 2 | پاشەکشێ لە خواستەکانی کورد لە سەربەخۆخوازییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی بە هاتنی پارتی. هەردووکیان ڕۆشتنەوە بۆ لای سەدام، لە کاتێکدا کە خوێنی نەتەوەی کوردیان ڕشتبوو. | پاشەکشێ لە خواستەکانی کورد |
| 3 | ئە مانە ڕۆڵی زۆر یان لە لاوازبوونی کوردایەتی گێڕاوە. لەبەر دوو هۆکار: یەکەم بە سیاسەت و ڕەفتارەکانیان خەڵکێکی زۆر یان لە کوردایەتی و ئەو ڕوانینە بۆ کوردایەتی دوور خستووتەوە. هۆکاری دووەمیش هەوڵەکانی هەندێك لە ڕۆشنبیران و بەرپرسەکانی بۆ لاوازکردنی ئەو بیرە. | تۆراندنی خەڵك لە کوردایەتی |
| 4 | هەرێم و دەسەڵاتی کوردی وەك دەوڵەت مامەڵە ناکات. ئەو دابەشبوونانەی کە هەن لەڕووی زمان، ناوچە و ... دەسەڵاتی کوردیی تا ئێستاش بە هەمان ئەقڵ مامەڵە دەکات. | سیاسەتی دابەشکاریی |
| 5 | زمان دەبێتە هۆی پاراستنی یادەوەری. زمان وات لێدەکات کە تۆ یادەوەریت بپارێزیت. زمان مێژووت بۆ دروست دەکات. زمانی هاوبەشیان دروست نەکرد. | دژ بە هاوبەشی |

| | | |
|---|---|---|
| 6 | گۆڕانکارییەکان زۆر خێرا بوون. شەڕو و ئاژاوە هەبوون. زەختی بەغدادیش. هەوڵی ئەوان زیاتر بۆ دەوڵەتسازی بوو نەك نەتەوەسازی. | دۆخی نالەبار |
| 7 | زەحمەتیی تێگەیاندن و گواستنەوەی ئەزموونی ڕابردوویان بۆ نەوەی نوێ. | گاپی نێوان ناسیۆنالیستەکان و جەماوەر |
| 8 | ئەو حزبانەی کە هەن. حزبی نەتەوەیی نەماون. حزب دەبێت خەونی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت. ئەو دوبەرەکییەی نێوان یەکێتی و پارتی کاریگەرییەی زۆر خراپی لەسەر هزری نەتەوەیی جێهێشت. | دووبەرەکی |
| 9 | لە باشوور شتێکمان نیە بە ناوی ناسیۆنالیزم لەدەرەوەی یەکێتی و پارتی. دووباڵبوونیش کاریگەری نەرێنی هەبووە. جیاوازی نێوان یەکێتی و پارتی و شیوعی و ئیسلامییەکانیش نییە لە ڕۆڵیان لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستی. | یەك خەتی ناسیۆنالیستی |
| 10 | تا پێش 91 سەرکەوتوو بوون. یەکێتی و پارتی لە تەرجەمەی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ گەڤەرنەرەنس و حوکمڕانی. بۆ پەروەردەی نەوە و کۆمەڵگەی نوێ.<br>نەوەی نوێ لەو ناسیۆنالیزمە تێناگات کە بەرامبەر عەرەب و تورك ڕاوەستاوە. لای ئەو ئیدارە و گەڤەرنانس گرنگە. یەکیتەی و پارتی فەشەلیان هێناوە لەوەدا کە پەیوەندی لە نێوان ناسیۆنالیزم و حوکمڕانیدا دروست بکەن. | تەرجەمەی ناسیۆنالیزم بۆ حوکمڕانی. |
| 11 | لە دوای 91یشەوە یەکێتی و پارتی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان پەرەیان بە شوناسی خێڵەکی داوە. لە حەفتا و هەشتاکاندا من بیر بێت، بیرم نایێت فیستیڤاڵی عەشایری کرابێت. لە نەوەدەکانیشدا بیرم نایێت. ئەمانە دێن لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان هەر یەکەیان دێن سەرۆك عەشیرەتێك دەکڕن. ئەم یەکێتی و پارتییە قەت مەشروعێکی نەتەوەییان نەبووە. ئەگەر بڵێین هەیانبووە بوختانیان پێدەکەین | ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردی. |
| 12 | تەرکیزیان نەکردە سەر چەسپاندنی کۆمەڵێك بەها و وەبەرهێنان لە کۆمەڵێك ژێرخان، کە وڵات پێکەوە ببەستێتەوە کە ڕۆحیەتی هاونەتەوەیی و هاونیشتیمانی بەرز بکاتەوە. جا حوکمڕانەکانی هەرێم لەوەدا سەرکەوتوو نەبوونە کە هەموو ناوچە و شارو شارۆچکەکانی هەرێم پێکەوە ببەستنەوە. کە هەویەیەکی موشتەرەکیان هەبێت کە هەموان بە هی خۆیانی بزانن. | ناسنامەی هاوبەش |

| | | |
|---|---|---|
| 13 | لەگەڵ پارتیش کەوتنە شەڕی نێوخۆ. ئیتر هەر خەریکی ئەمە بوون. مانیفێستۆیەکی نەتەوەیی سیاسی لە ناو نەتەوەسازیدا هەر مەوزوع نەبووە. یەکێتی و پارتی لە بەرەوەی حزبدان. هێندەی حزبیی کار ئەکەن و لە ڕێگەی وڵاتان بەکار ئەهێنرێن بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکان کورد. | بەرژەوەندییەکانی کورد. |
| 14 | بۆ دەبێ فکری ناسیۆنالیستی بەس ببەسترێتەوە بە دەسەڵاتەوە. فکری ناسیۆنالیستی لە دەرەوەی دەسەڵاتە. ناسیۆنالیزم لە قۆناغی گەشەکردنە. هەبووە بەڵام وەك ئێستا نەبووە. ناکرێت ڕۆڵیان نکۆڵی بکرێت. | ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی دەسەڵات |
| 15 | ناسیۆنالیزمی کوردی نەهاتووە زمانی ستاندارد دروست بکات، نە هاتووە کوردۆلۆجی دروست بکات، نەهاتووە بە شێوەیەکی جوان تەوزیفی بکات. شتێك بە ناوی ناسیۆنالیزم نییە. ئەم حزبانە قەومچین نەك قەومی. واتە کەسابەت بە سەر قەومە ئەکەن. | قەومچییەتی |
| 16 | پارتی وەك حزبێکی نەتەوەیی ئاڕادەیەك توانیویەتی مۆبیلیزەی خەڵك بکات بە ئاڕاستەی ناسیۆنالیزم. بەڵام کەموکورتیان هەبووە. ئەوە تا یەکێتی نیشتیمانی کە دروست دەبێت، وەك حزبێکی سیاسی کوردی. شەر و دژایەتی ڕوو دەدات. | مۆبیلیزەی خەڵك بەهەمهێنانی شەڕ |
| 17 | پارتی حزبێکی تەقلیدی ناسیۆنالیستیی کوردە و بە تەبیعەتی عەشرەت. حەزی لە دیکتاتۆرییەتێکی مەعقولە. یەکێتی حزبێکی سۆسیال دیموکراتییە کاردانەوەیەکە لە سەر سیاسەتی وڵاتانی زلهێز. | حزبی تەقلیدی |
| 18 | بۆیە پارتی و یەکێتی ئەگەر پێیان بڵێیت وەرە ئایدیۆلۆجیا کەی خۆت لێرە بنووسە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، دوو کەلیمە نازانن بنووسن، هەر بۆیە کادری پارتی حازرن هەولێر و دهۆکیان هەبی پێی بڵێن هەرێمی کوردستان، یەکێتی سلێمانی و هەڵەبجەی هەبێ پێی بڵێن هەرێم. | شارچییەتی |
| 19 | مادەم تا هەنووکە پارتی وەك حزب دەستی هەیە لە ئاڕاستەکردنی دامودزگاکانی حکومەت کەواتە ئێمە هێشتا نەچووینەتە نێو دنیای یاسایی و ئەم دەسەڵاتە لە دەسەڵاتی شۆڕشگێرییەوە وازمان لێنەهێناو بۆ دەسەڵاتی یاسایی. | مانەوە لە قۆناغی شاخ |
| 20 | لە دوای شەڕی نێوخۆش ڕێگە نەدراوە موئەسەسات دروست ببی. ئەگەر ستراتیژیەت و بەرچاوڕوونیی قەومی و نیشتیمانی بەهێز هەبایە ساڵی (2003) بۆ سەرکردەکانی کورد رۆشتن دەوڵەتی عێراقیان دروست کردەوە. | نەبوونی ستراتیژ |

| | | |
|---|---|---|
| 21 | له (2003) ەوە ئێمە چیمان کردوە وەکو دەسەڵات. کێشەی ئێمە پارە و پۆست نییە کە ئێوەی بۆی دەچن بۆ بە غدا. کێشـەی من عەردە. دەکرێت تا مردن باجی یەکێتی و پارتی بدەین؟ تا مردن دوو میزانییە و دو ئیدارە و دوو پێشـمەرگەمان هەبێت. ئەوانەی لە دەسەڵاتن ئەو کوردایەتییە وەك موزایەدە بە ئێمە دەفرۆشنەوە. | کـوردایەتـی وەك موزایەدە |
| 22 | یەکێتی و پارتی لە دوای ڕاپەرینەوە خیتابیان ئایدیۆلۆژی نییە. خیتابی سـوڵتەیە. بۆیە من قەناغەتم پێیان نییە کە ڕابەری جوڵانەوەی نەتەوەیی بن. وەك هەنگاوی عەمەلی یەك هەنگاو نەبووە بە و ئاڕاسـتەیە، نە ئەتوانیت دایانماڵێت لەو بابەتە نە ئەشتوانیت بڵێیت پێشەنگن بۆ جوڵانەوەی نەتەوەیی. | گوتاری سوڵتە |
| 23 | بەڵگەی عیسا پژمان لابوو کە دەڵێ شا پێی وتم با شەڕی ناخۆ دە ست پێبکاتەوە سـاڵی 63. 64 دەسـتی پێکردەوە. ئەوە ڕاسـت نییە بڵێین ئەوە شـەڕە تا ئێسـتا بەردەوامە. تا 66 بەردەوام بوو. 56 چوونە هەمەدان و 66 ڕێککەوتن و تەواو. تا 70 هیچ لە گۆڕێ نەبوو. ئەوە هەڵبەز و دابەزە. لە هەموو بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئەو هەڵبەزو دابەزە بەرچـاوە. هەر ئەو گەمەیەی لە نێوان خۆیـان دەیکەن پـارتی و یەکێتی بۆ کورد خێری تێدایە. ستراتیژییەن بە قازانجی ئێمە تەواو دەبن. | گەمەی یەکێتی و پارتی بە قازانجی کورد |
| 24 | ئێمە یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان بە هاندانی کرێکار و جووتیار لە سـاڵی (١٩٧٥ ) بە دواوە شـتێکی کەمان دروست کرد بەڵام هێشـتا پێمان نەکراوە تاریخ لە ڕوانگەی یەکێتییەوە نانوسرێ، | شـۆڕشـی نوێ بە هاندانی کرێکار |
| 25 | کێشەی گەورەمان لەگەڵ ئەوانەیە کە بانگە شەی نوێنەرایەتی و ڕێبەرایەتی فکری و ئەخلاقی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە ئەکەن. ئەگەر ئیسـلامییەکان کێشـەیەکیشـیان هەبێت خەتای نەتەوەییە کانە، چونکە دۆخێکیان خولقاندووە خەڵکیان بەدبین کردووە بەرامبەر پرۆژەی نەتەوایەتی، جۆرێك قەیرانی ناسنامەیان بۆ ئینسانی کورد دروست کردووە. | بـانـگەشـەی نەتەوەییبوون |
| 26 | چۆن سـەروەت و سـامانی خۆیان ئیدارە بکەن، چۆن پەیوەندییەکانی دەرەوە قۆرخ بکەن بۆ خۆیان، وەکو ئەشـخاص، چۆن سـوپا بۆ دیفاع لە خۆیان و بەرژەوەندی خۆیان بەکار بهێنن، لە (1991) ەوە ئێرە پاریزراو بووە بە قەرارێکی دەولی و هەموو مەجالێکمان هەبووە کە نموونەیەکی دیموکراسـی باش بین، نموونەیەکی حەق و | کـوردایەتـی بـۆ قۆرخکردن |

| | | |
|---|---|---|
| | عەدالەت بین، دڵی میللەتی خۆمان خۆش بکەین، ئاشـــتەوایی لەگەڵ میللەت بکەین بەڵام دەبینین چۆن بووە. | |
| 27 | ئێمە چوار بەشین. هەرە بەشە پێگەشتووەکەی کە شتێکی دیار بێت و گەشتبێت بە شتێك و تەعامولی لەگەڵ بکرێت هەرێمی کوردستانە. ئەمە بەشێکی بۆ خەباتی ئەوان دەگەڕێتەوە. ئەو هەموو شەهیدانەی داویانە.<br>لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا هەر بووەتە عەیبە دیفاع لە کورد بکەیت. بەس ئەمە هەڵەین چونکە نابێت من تۆڵە ئاوا لە یەکێتی و پارتی بکەمەوە بە زەربەدان لە نەتەوەکەم. | کـوردایەتـی وەك عەیبە |

پاش ئەنجامدانی کردەی سەرەتایی کۆدبەندیی کراوە، لە قۆناغی دووەمی کۆدبەندیدا ٣ مەقوولەی سەرەکیی دەرهێنران کە لە خشتەی خوارەوەدا ئاماژەمان پێکردوون.

**خشتەی ١٤ مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە ڕوانین و تێگەیشتن لە (یەکێتی و پارتی) لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا**

| مەقوولەکان | چەمکەکان |
|---|---|
| فـــــۆرمـــــی حزبایەتی | فرەباڵی، یەك خەتی ناسـیۆنالیسـتی، مۆبیلیزەی خەڵك، شـۆڕشـی نوێ بە هاندانی کرێکار، بانگەشەی نەتەوەییبوون، گەمە بەقازانجی کورد، نەتەوەییبوون تا پێش ڕاپەڕین. حزبی تەقلیدی |
| گـــوتـــاری نائایدیۆلۆجی | گوتاری سـوڵتە نەك ئایدیۆلۆژی نەتەوەیی، بەرهەمهێنانی شـەڕ، کوردایەتی وەك موزایەدە، کوردایەتی بۆ قۆرخکردن، کوردایەتی وەك عەیبە، بەرژەوەندییە کانی کورد، پاشـەکشـێ لە خواسـتەکانی کورد، شـارچییەتی، مانەوە لە قۆناغی شـاخ، دووبەرەکی، تێکدانی شـیرازەی کۆمەڵگە، سیاسەتی دابەشکاریی و لۆکاڵیی هەرێم، نەبوونی دامەزراوەی دیراساتی نەتەوەیی، |
| لەبـاربـردنـی ناسیۆنالیزم | فاکتەری دەرەکی، قەومچییەتی نەك قەومی، شـکسـت لە دروسـتکردنی ناسـنامەی هاوبەش، تۆراندنی خەڵك لە کوردایەتی، خەمسـاردیی دەسـەڵاتی کوردیی، دۆخی نالەبار، گاپ لە نێوان ناسـیۆنالیسـتەکان و جەماوەر، تەرجەمەی ناسـیۆنالیزم بۆ حوکمڕانی، ڕێگری لە دروسـتبوونی ناســنامەیەکی نەتەوەیی کوردی، ڕۆڵی هەڵبەز و دابەز، نەبوونی سـتراتیژ و موئەسـەسـاتی نیشتیمانی، دژ بە هاوبەشیی |

## فۆڕمی حزبایەتی

هەرچەندە یەکێتی و پارتی یەك ڕەگوریشـــەیان هەیە، بەڵام لە ســـەرەتای دامەزراندنیانەوە لەژێر کاریگەری ناوچەی سەرهەڵدانیان، هەلومەرجی دەرکەوتنیان، بونیادی کۆمەڵایەتی، شوێنی جوگرافی و شـــێوەزاری ئاخاوتنیانەوە شـــێوەیان وەرگرتووە. بە گەڕانەوە بۆ تیۆری کاریزمای ماکس ڤیبەر لەژێر کاریگەری کۆمەڵگەی نەریتیدا، باشـــتر لەو کاریگەرییە تاکەکەســـییە تێبگەین، کە لەم نێوەندەدا ڕۆڵیکی گرنگی بینیوە. لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا ئەگەر توێژینەوە لە هەر قۆناغێك بکەیت، بە ئاسانی پەی بە کاریگەری کەسایەتییەکان دەبەیت. لەژێر کاریگەری ئەواندا ئاڕاستە و ڕەوتەکان جۆری بیرکردنەوە، سیاسەت و مامەڵەی حزبەکانی لەو کاتەوە تا هەنووکە ڕەنگڕێژی کردووە.

بەشداربووان ئاماژە بە چەند ناوێك و ئاڕاستەیەکی کاریگەر دەکەن. یەکێکیان دەڵێت:

*ســەردەمی برایم ئەحمەد ئاڕاســتەیەك و ســەردەمی مەلا مســتەفا ئاڕاســتەیەك زاڵ بووە. کاتێك مام جەلال دێت بە جۆرێك و مەلامستەفا بە جۆرێك. نمایشی نەتەوەسازییان نەکردووە.*

هێدی هێدی دووباڵیی گەشـەی کردووە و لەژێر کاریگەری هەلومەرجی دیکەدا فراوانتر بووە. دواتر بۆ نموونە باڵێك لەژێر کاریگەری چەپ و مارکســیزمدا ئەگەر بیری کردبێتەوە، ئاڕاســتەی بەرەو عێراقچییەتی ڕۆشتووە.

بەشداربوویەك بەمشێوەیە باسی زەمینەی سەرهەڵدانی حزبەکان دەکات:

*ساڵانی سییەکان و چلەکان تەماشای حزبە ناسیۆنالیستییەکان بکە لە کوردستان هەر نین. مەسەلەن شـــۆڕش و ڕزگاری کە پارتی دیموکراتی کوردســـتانیان لێ چێبوو، بنەما یان حزبی شـــیوعی بوو. دەستپێکی پارتی دیموکرات تەماشای بنەمای و ئەساسی حزب بکە لە سەر ئەساسی مارکسیستی لینینی پەیدا بوو. یەکێتیش هەر وایە. خەتی نەتەوەیەتی بوویە بارزانی، بارزانی تەبعەن دەیەی (1950) و (1960)، زەربەیەکی مەزن لە خەتی شیوعی ئیشتراکی دا لەناو پارتی دیموکرات بەڵام هەر ما. پارتی بەرەبەرە ئەو ئیشتراکییەتە قبوڵ کرد. لە ساڵی (1970) و (1971)، کۆمەڵەی مارکسی لینینی دەرچوو. نەوشیروان و دوایی بوویە کۆمەڵەی ڕەنجدەران. ئەوە بووە بەشێکی کاریگەری لە یەکێتی. ئەساسی یەکێتی هەر ئیشـــتراکییە. لەســـەرەتاوە پارتیش کەوتە ژێر کاریگەری بەس دوایی پاشـەکشـێی کرد.*

*حزبی گەل واتە سامی شنگاری، کە خاوەنی فکری ئیشتراکییە کاتێك هاتە ناو پارتی ئەو فەراغە پڕ کرد لە مابەینی قیادەی پارتی و جەماوەری پارتی.*

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك لە بەشداربووان ئاماژە بە نەتەوەییبوونی ئەم حزبانە دەکەن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ناکرێت لە دەرەوەی یەکێتی و پارتی بەدوای ناسیۆنالیزمی کوردیدا بگەڕێین:

*لە باشوور شتێکمان نییە بە ناوی ناسیۆنالیزم لە دەرەوەی یەکێتی و پارتی. جیاوازی نێوان یەکێتی و پارتی و شیوعی و ئیسلامییەکانیش نییە لە ڕۆڵیان لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستی.*

کەواتە نکۆڵی لە ڕۆڵی یەکێتی و پارتی ناکرێت لە ناسیۆنالیزمی کورددا و ئەمەش بەرپرسیارییەتیی مێژووییان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد زیاتر دەکات. بەشداربوویەك هەڵبەت ناسیۆنالیزمیی کورد لەم دوو حزبەدا کورت ناکاتەوە و بەڵکو دەڵێت:

*بۆ دەبێ فکری نا سیۆنالیستی بەس ببە سترێتەوە بە دە سەڵاتەوە. فکری نا سیۆنالیستی لە دەرەوەی دەسەڵاتە. ناسیۆنالیزم لە قۆناغی گەشەکردنە. هەبووە، بەڵام وەك ئێستا نەبووە. ناکرێت ڕۆڵیان نکۆڵی بکرێت. لەگەڵ هێزەکانیتر خەباتیان کردووە بەڵام لە حاڵەتی گەشەکردنە.*

هەر لە ڕوانگەی بەشداربووانەوە بە دوو شێوە پێناسەی ئەم دوو حزبە دەکرێت. بەشداربوویەك دەڵێت:

*پارتی حزبێکی تەقلیدیی ناسیۆنالیستیی کوردە و بە تەبیعەتی عەشرەت. حەزی لە دیکتاتۆرییەتی مەعقولە. یەکێتی حزبێکی سۆسیال دیموکراتییە کاردانەوەیەکە لە سەر سیاسەتی وڵاتانی زلهێز.*

بەشداربوویەکی تر لە پێناسەی حزبەکەیدا دەڵێت:

*ئێمە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە هاندانی کرێکار و جووتیار لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە شتێکی کەمان دروست کرد بەڵام هێشتا پێمان نەکراوە تاریخ لە ڕوانگەی یەکێتییەوە نانووسرێ،*

لە بەرامبەردا بەشداربوویەك دەڵێت:

*پارتی ئەوکات وەکو مۆدێلێکی نوێی حزبی دامەزراوەیەکی سیا سی درێژە بەو ڕەوتانە دەدا کە پێشتر هەبوون. دێت ئەوە دەکات کە خەڵك کۆبکاتەوە خەڵك هوشیاری هەبێت، بەرامبەر پرۆسەی سیا سی و نەتەوەسازی دەتوانێت خەڵك کۆبکاتەوە و مۆبیلیزە یان بکات. و بەدەر لە مەفهوومە قووڵەکەی*

*نەتەوە سازی ئەو خەڵکە بەرامبەر بە دە سەڵاتی عێراقی هەڵدە ستێتەوە. ئامادەی هەمو قوربانیدانێکە. لێرە دەتوانین بڵێین پارتی هەندێك توانیویەتی سەرکردایەتی ئەو پرۆسەیە بکات.*

## گوتاری نائایدیۆلۆجی

هەر هێزێك خاوەنی گوتارێکە. لە ڕێگەی ئەو گوتارەوە زانین بەرهەم دەهێنێت. ئەو زانینە گوتاری حزبەکە بۆ پاراســتنی هێز و دەســەڵاتەکەی بەرهەم دەهێنێتەوە. لە ڕوانگەی بەشــداربووانەوە، هێزی نا سیۆنالیستیی خاوەن گوتار و هزری نەتەوەیی دەبێت خاوەنی ئایدیۆلۆجیایەکی تایبەت بێت. گرنگە بزانین گوتاری یەکێتی و پارتی سـەبارەت بە چەمك و پرسـی نەتەوە چۆنە. لە ڕوانگەی بەشـداربووانەوە گو تاری ئەو دوو حزبە، گۆڕانی زۆری بەخۆوە بینیوە. بۆیە گو تاری نا ئا یدیۆلۆجیمان وەك مەقوولەی سـەرەکی هەڵبژاردووە چونکە لە ڕوانگەی بەشـداربووانەوە گوتاری نەتەوەیی کاتێك نەتوانێت دابەزێتە نێو سـەرجەم جومگە و پانتاییە کان، نەگوازرێتەوە بۆ نەوەی نوێ و خۆی بەرهەم نەهێنێتەوە، هێز و کاریگەری خۆی لە دەســت دەدات و دەکر ێت ئەنجامی پێچەوانە بەرهەم بهێنێت. ئا یدیۆلۆجیا لە ڕوانگەی ئەوانەوە واتە هەبوونی پە یامێك، ڕێبازێکی نەتەوەیی کە بتوانر ێت لە چوارچێوەیەك تیۆریزە بکرێت کە ناوی ناســیۆنالیزمە. بەشــداربوویەك باس لە لاوازی گوتار و مانیفێســتی یەکێتی و پارتی دەکات چ لە ئاست گوتار و چ لە ئاست مومارەسەی سیاسی:

*پاشەکشێ لە خواستەکانی کورد لە سەربەخۆخوازییەوە بۆ ئۆتۆنۆمی بە هاتنی پارتی. لە هەشتاکاندایە کە مام جەلال دەڵێ صـدام هو الحکم لیس الخصـم. ئەمە خۆی دەسـتەواژەیەکی زۆر مەترسـیدارە. هەردووکیان ڕۆشتنەوە بۆلای سەدام، لە کاتێکدا کە خوێنی نەتەوەی کوردی ڕشتبوو.*

بەشداربوویەکی تر باسی نائایدیۆلۆجیبوونی گوتاری دوو حزب دەکات لە دوای ڕاپەڕینەوە:

*یەکێتی و پارتی لە دوای ڕاپەرینەوە خیتابیان ئا یدیۆلۆجی نییە. خیتابی سـوڵتەیە. بۆیە من قەناعەتم پێیان نییە کە ڕابەری جوڵانەوەی نەتەوەیی بن. وەك هەنگاوی عەمەلی یەك هەنگاو نەبووە بەو ئاڕاستەیە. بۆیە نە ئەتوانیت دایانماڵێت لەو بابەتە نە ئەشتوانیت بڵێیت پێشەنگن بۆ جوڵانەوەی نەتەوەیی.*

بەشداربوویەکی تر باسی سەرکەوتنی دوو حزب دەکات لە مومارەسەی دەسەڵات تا پێش ڕاپەڕین. واتە کێشەی گوتار و سیاسەتی ئەم دوو حزبە کاتێك دەست پێدەکات کە بابەتی پێگە و دەسەڵات و بەرژەوەندی دێتە ئاراوە:

*تا پێش 91 سەرکەوتوو بوون لە مومارەسەی دەسەڵات. بەڵام لە 91 جیلی دیکە دروست بوو.*

بەشداربوویەك ئاماژە بە تێنەگەیشتنی دوو حزب و ئەندامەکانیان دەکات لە چەمکی نەتەوە و نەتەوەسازی:

*بۆیە پارتی و یەکێتی ئەگەر پێیان بڵێیت وەرە ئایدیۆلۆجیا کەی خۆت لێرە بنووسە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت دوو کەلیمە نازانن بنووسن.*

بەگوێرەی ئەم بۆچوونانە بێت، گۆتار و ئایدیۆلۆجیای پارتی و یەکێتی سەبارەت بە نەتەوە و نەتەوەسازی لە دوای ڕاپەڕینەوە ناڕوونە و پاشەکشێی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند ڕوویەکەوە دەتوانین لەسەر کێشەکانی بەردەم گوتاری دوو حزب ڕابوەستین. بەشداربوویەك ئاماژە بە تێکەڵکردنی دەستی حزب دەکات لەناو کاروباری حکومەت و ئەم دیاردەیە بە مانەوە لە قۆناغی شاخ و دۆخی شۆڕشگێڕی لێك دەکاتەوە:

*مادەم تا هەنووکە پارتی وەك حزب دەستی هەیە لە ئاراستەکردنی دامودزگاکانی حکومەت کەواتە ئێمە هێشتا نەچووینەتە نێو دنیای یاسایی و ئەم دەسەڵاتە لە دەسەڵاتی شۆڕشگێرییەوە وازمان لێنەهێناو بۆ دەسەڵاتی یاسایی.*

ئەم هۆکارە بۆ نەبوونی جیهانبینی و ستراتیژ دەگەڕێتەوە لە هەردوو حزبدا. بە شداربوویەك جەخت دەکاتەوە کە:

*لە دوای شەڕی نێوخۆش ڕێگە نەدراوە موئەسەسات دروست ببی. ئەگەر ستراتیژیەت و بەرچاوڕوونیی قەومی و نیشتیمانی بەهێز هەبایە ساڵی (2003) بۆ سەرکردەکانی کورد رۆشتن دەوڵەتی عێراقیان دروست کردەوە. دەبوو بە کۆمەڵێك مەرج بەشداریان کردبایە.*

بەشداربوویەك لەڕووی کاتەوە ئاماژە بە دەرفەت و قۆناغێکی گرنکی وەك ڕووخانی ڕژێمی عێراق دەکات کە چۆن حزبەکان دەیانتوانی وەك هەلێکی زیرین بۆ نەتەوەسازی و حکومڕانیی بێخەوش بەکاری بهێنن بەڵام:

*لە( 2003) ەوە ئێمە چیمان کردوە وەکو دەسـەڵات. کێشـەی ئێمە پارە و پۆسـت نییە کە ئێوەی بۆی دەچن بۆ بەغدا. کێشـەی من عەردە. دەکرێت تا مردن باجی یەکێتی و پارتی بدەین؟ تا مردن دوو میزانیە و دو ئیدارە و دوو پێشـمەرگەمان هەبێت. ئەوانەی لە دەسـەڵاتن ئەو کوردایەتییە وەك موزایەدە بە ئێمە دەفرۆشنەوە.*

هەڵبەت بۆچوونیش هەیە کە پێیوایە ئەوەی دەگوزەرێت لەنێوان ئەم دوو حزبە ئاسـاییە و لە نێو هەموو بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیدا ڕوودەدات، ئەم گەمانەی یەکێتی و پارتی بە قازانجی کوردن:

*ئەوە ڕاست نییە بڵێین ئەو شـەڕەی نێوان یەکێتی و پارتی تا ئێستا بەردەوامە. تا( 1966) بەردەوام بوو. (1956) چوونە هەمەدان و (1966) ڕێککەوتن و تەواو. تا (1970) هیچ لە گۆڕێ نەبوو. ئەوە هەڵبەز و دابەزە. لە هەموو بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئەو هەڵبەزو دابەزە بەرچاوە. لە ئێرلەندە لەبەرچاومانە. ئەوانەی کەوتنە شـمال و جنوب. بوو بە شـەڕیان. هەندێك شـت هەیە بە هەموو ناخۆشـییەکان. هەر ئەو گەمەیەی لە نێوان خۆیان دەیکەن پارتی و یەکێتی بۆ کورد خێری تێدایە.*

کوردایەتی وەك ئامرازی قۆرخکاری هەموو پانتاییەکانی ژیانی خەڵکی کوردسـتان یەکێکیترە لە ڕەخنانەی کە لە سیاسەتی دوو حزب دەگیرێت. بەشداربوویەك دەڵێت:

*تەنیا بیریان لای ئەوەبووە چۆن سەروەت و سامانی خۆیان ئیدارە بکەن، چۆن پەیوەندییەکانی دەرەوە قۆرخ بکەن بۆ خۆیان، وەکو ئەشـخاص، چۆن سـوپا بۆ دیفاع لە خۆیان و بەرژەوەندی خۆیان بەکار بهێنن، لە 91 ەوە ئێرە پاریزراو بووە بە قەرارێکی دەولی و هەموو مەجالێکمان هەبووە کە نموونەیەکی دیموکراسـی باش بین، نموونەیەکی حەق و عەدالەت بین، دڵی میللەتی خۆمان خۆش بکەین، ئاشتەوایی لەگەڵ میللەت بکەین بەڵام دەبینین چۆن بووە.*

بەشداربوویەکی تر نکۆڵی لە ڕۆڵی کاریگەری دوو حزبەکە و پێشکەوتنی ئەم پارچەیە لە کوردستان لەچاو پارچەکانیتر ناکات، بەڵام لەبەر سـیاسـەتی هەڵەیان پێیوایە کە کوردایەتی لەناو خەڵکدا بووەتە عەیبە:

*ئێمە چوار بەشین. هەرە بەشە پێگەشتووەکەی کە شتێکی دیار بێت و گەشتبێت بە شتێك و تەعامولی لەگەڵ بکرێت هەرێمی کوردسـتـانە. ئەمە بەشـێکی بۆ خەبـاتی ئەوان دەگەڕێتەوە. ئەو هەموو*

*شـەهیدانەی داویانە. بەڵام ئێسـتا هەر بووەتە عەیبە دیفاع لە کورد بکەیت. بەس ئەمە هەڵەین چونکە نابێت من تۆڵە ئاوا لە یەکێتی و پارتی بکەمەوە بە زەرەبەدان لە نەتەوەکەم.*

بەشداربوویەکی تر پێوایە:

*کۆنگرەی حزبەکان خاڵییە لە خەون و سـتراتیژ. کورد هێشـتا ئۆقرەی نەگرتووە و لە مەترسـیدایە. پەرتکردنی کۆمەڵگە. حزبەکان خەریکی سیاسەتی رۆژانەن.*

### لەباربردنی ناسیۆنالیزم

بەگەڕانەوە بۆ پێناسـەیەکی ئەنتۆنی دی سـمێس، ئەگەر ناسـیۆنالیزم بریتی بێت بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆجی بۆ گەیشـتن و پاراسـتنی خۆبەڕێوەبەری، یەکگرتوویی و ناسـنامەی نەتەوەیەکی هەبوو، کەواتە ئامانجی سـەرەکیی بریتییە لە نەتەوەسـازی. گرنگە بزانین حزبەکانی یەکێتی و پارتی چ هەنگاوێکیان بەم ئاڕاستەیە ناوە. سەرنجمان لە سەر سێ دەیەی ڕابردوو چڕ دەکەینەوە، چونکە پێش ئەو ڕێککەوتە ئەم دوو هێزە دەتوانن پاسـاوی نەبوونی هێز و دەسـەڵات بۆ کردەییکردنی ئامانجەکانی ناسیۆنالیزم بهێننەوە.

زۆربەی بەشـداربووان لە جیاتی ناسـیۆنالیزمی کورد، چەمکی کوردایەتی بە کار دەهێنن. هەر بزووتنەوەیەك پەیام، ستراتیژ و کۆمەڵێك ئامانجی هەیە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیش بە هەمان شێوە. لە بە شەکانی پێ‌شتر ئاماژەمان بە بۆچوونەکان سەبارەت بەئامانجەکان کردووە، لە خوێندن بە زمانی کوردی، ئیدارەدانی ناوچە کوردییەکان لە لایەن کوردەکان، دروسـتکردنی دەوڵەتی سـەربەخۆ یان خۆبەڕێوەبەریی لە چوارچێوەی عێراق، ئۆتۆنۆمی بۆ کورد ستان و دیموکرا سی بۆ عێراق، فیدراڵی و دواتر ڕیفراندۆمی سـەربەخۆیی کوردسـتان هەندێك لەو داخوازییانە بوون. بۆچوونی بەشـداربووان سـەبارەت بە ڕۆڵی دوو حزب لە ناسـیۆنالیزمی کورددا ئاماژەن بۆ لەباربردنی ئەو خەونانە. ئاماژە بە گرنگرین ئەو فـاکتەرانە دەکەین کە بوونە هۆی لەبـاربردنی خەونە نەتەوەییەکـان. یەکەم فـاکتەر هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆی نێوان حزبەکان بووە. بەشداربوویەك ئاماژە بەوە دەکات کە:

*لەگەڵ یەکتر کەوتنە شەڕی نێوخۆ. ئیتر هەر خەریکی ئەمە بوون. مانیفێستۆیەکی نەتەوەیی سیاسی لە ناو نەتەوەسازیدا هەر مەوزوع نەبووە. هێندەی حزبیی کار ئەکەن و لە ڕێگەی وڵاتان بەکار ئەهێنرێن بۆ لێدان لە بەرژەوەندییەکان کورد.*

شـەڕ و ململانێی چەندین دەیەی ڕابردووی ئەم دوو حزبە کە سـەرەتا لە نێوان باڵی مەلایی و جەلالیدا خۆی نواند و دواتر شـەڕی نێوخۆ، بووە هۆی قووڵکردنەوەی دووبەرەکیی نێوانیان. بەشداربوویەك دەڵێت:

*حزب دەبێت خەونی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت. ئەو دوبەرەکییەی نێوان یەکێتی و پارتی کاریگەرییەی زۆر خراپی لەسەر هزری نەتەوەیی جێهێشت.*

بەشداربوویەك باس لە بیرکردنەوەی حزبی و ناوچەیی دەکات:

ئەوەی ئەم دوو حزبە کاریان لەسـەر کردووە بە ئاڕاسـتەی پێچەوانەی نەتەوەسـازییە. ئەوان کولتووری شارچییەتییان پەرە پێدا. بەشداربوویەك دەڵێت:

*پارتی و یەکێتی ئامادەن بەرپرسەکانیان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان دەوڵەتی وڵاتەکەی بداتە بەر نەمان. هەر بۆیە کادری پارتی حازرن هەولێر و دهۆکیان هەبی پێی بڵێن هەرێمی کوردسـتان. یەکێتیش سلێمانی و هەڵەبجەی هەبێ پێی بڵێن هەرێم.*

هەر لە دەرەنجامی سـیاسـەتی شـارچییەتییەوە، شـکسـتیان هێنا لەوەی کە زمانێکی یەکگرتوو لە هەموو کوردسـتاندا پەرە پێبدەن. لەو کاتەوەی ئەم دوو حزبە دروسـت بوون، نەیانتوانیوە سـنووری ئەو شوێنە تێپەڕێنن کە تێیدا سەری هەڵداوە. نەیانتوانی هەر لە ڕێگەی ڕێکخستن و ڕاگەیاندنەکانیانەوە تێکەڵیی دروسـت بکەن لە نێوان خەڵکی شـارەکاندا. ئێسـتاشـی لەگەڵدا بێت، لەناو ئەندامەکانی خۆشـیانـدا، سـۆرانییەك لە کرمـانجی تێنـاگـات و هەردووکیـان لە هەورامییەك تێنـاگەن. بۆیە بەشداربوویەك پێیوایە:

*ناسیۆنالیزمی کوردی نەهاتووە زمانی ستاندارد دروست بکات، نە هاتووە کوردۆلۆجی دروست بکات، نەهاتووە بە شـێوەیەکی جوان تەوزیفی بکات. شـتێك بە ناوی ناسـیۆنالیزم نییە. ئەم حزبانە قەومچین نەك قەومی. واتە کەسـابەت بە سـەر قەومە ئەکەن. وەکو قاچاخچی چۆن شـتی قاچاخ ئەبات. بەڵام نەهاتوون تەوزیفی جوان بکەن بۆ ئوستورە.*

کاتێك ئەمە دۆخی هەرێم بێت، ناکرێت چاوەڕێی دروستبوونی ناسنامەی هاوبەش بکرێت. کاتێك ناسنامەی هاوبەش نەبێت، کۆیادەوەرییەکی هاوبەشیش نییە. لێرەوە واتە نەتەوەسازیش وەك پرۆسە و پڕۆژە لەئارادا نەبووە. یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی نەتەوەسازی بریتییە لە چەپساندنی چەمکی هاوڵاتیبوون و هاونەتەوەییبوون. ئەو هەستەی کە هەموو خەڵك هەرێمەکەیان بە هی خۆیان بزانن. بۆچوونی بەشداربوویەك سەبارەت بەم چەمکە بەم شێوەیەیە:

*تەرکیزیان نەکردە سەر چەسپاندنی کۆمەڵێك بەها و وەبەرهێنان لە کۆمەڵێك ژێرخان، کە وڵات پێکەوە ببەستێنەوە کە ڕۆحیەتی هاونەتەوەیی و هاونیشتیمانی بەرز بکاتەوە.*

بەشداربوویەك دەڵێت:

*ئەو دابە شبوونانەی کە هەن لەڕووی زمان، ناوچە و ... دە سەڵاتی کوردیی تا ئێستاش بە هەمان ئەقڵ مامەڵە دەکات.*

بەشداربوویەکی تر پەنجە لەسەر یەکێك لە بەربەستە سەرەکییەکانی نەتەوەسازی دادەنێت کە بەڵگەیە لە سەر تێنەپەڕاندنی قۆناغی پێ شمۆدێرن و پێ شنەتەوەبوونی کورد ستان، ئەویش پەرەپێدانی سیستمی خێڵە:

*لە دوای (1991)یشەوە یەکێتی و پارتی لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان پەرەیان بە شوناسی خێڵەکی داوە. لە حەفتا و هەشتاکاندا من بیر بێت، بیرم نایێت فیستیڤاڵی عەشایری کرابێت. لە نەوەدەکانیشدا بیرم نایێت. ئەمانە دێن لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان هەر یەکە یان دێن سەرۆك عەشیرەتێك دەکڕن. مووچەی تایبەت بە سەرۆك عەشرەتێك دەبڕنەوە.*

پرسیاری ئەو پەرەپێدانە بە فیستیڤاڵەکانی خێڵ و عەشرەتمان لە یەکێك لە بەشداربووان کرد کە بەرپرسێکی باڵای حزبییە. ئەو بەرگری لەو سیاسەتە کردو بە بەربەستی نازانێت لەبەردەم نەتەوەسازی:

*جاران خەڵك لەسەر عەشرەت خۆی دەکوشت. ئێستا عەشرەت خۆی قەتیس کردووەتەوە لەوەی فیستیڤاڵێکی بۆ بکەیت.*

قۆناغی خێڵ یەکێکە لە سیما و بونیادەکانی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و پێشمۆدێرن. تەنیا لەوەدا کورت ناکرێتەوە کە دژ ناوەستێتەوە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەییدا، بەڵکو لە دوورمەودادا کاریگەرییەکی زۆر لەسەر لاوازیی سۆزی نەتەوەی و بەهێزبوونی سۆزی خێڵ و عەشرەت جێدەهێڵێت. پرسیار ئەوەیە

که لەو جۆرە فیستیڤاڵانەدا، چ جۆرە گوتارێك بەرهەم دەهێنرێتەوە. گوتاری نەتەوەیی یان عه شیرەیی. بەشـــان و باڵی عەشرەت، کەســـایەتی، ســـیمبولەکان، قارەمانییەتی و کۆیادەوەرییەکانی عەشرەتدا هەڵدەدرێت یان نەتەوە و نیشتیمان. تاچەند ئاڵای کوردستان بەرز ڕادەگیرێت و سرودی نیشتیمانیی لەو فیستیڤاڵانە دەگوترێنەوە.

بۆیە بەشداربوویەکی تر پەنجە لەسەر مەترسییەکانی سیستمی خێڵ دادەنێت:

*سـەردەمی دروسـتبوونی خێڵ هێشـتا نەپەڕیوەتەوە بۆ سـەردەمی دروسـتبوونی نەتەوە. کەواتە دەبێت گروپە بان نەتەوەییەکان و گروپە بەرلەنەتەوەکان تێك بشکێنیت. لە ناوەڕاستی ئەمانە شتێك دروست دەبێت کە پێیی دەگوترێت جوگرافیای نەتەوەیی. دوا جار ئەمە شـتێك دروسـت دەکات کە پێیی دەگوترێت زمان و زمانی هاوبەش. زمان دەبێتە هۆی پاراسـتنی یادەوەری. زمان وات لێدەکات کە تۆ یادەوەریت بپارێزیت. زمان مێژووت بۆ دروست دەکات.*

یەکێکیتر لە کۆڵەکەکانی ناســیۆنالیزم و نەتەوەســازی بریتییە لە هاوتەریببوونی ناســیۆنالیزم و حوکومڕانی، گەشــەکردنی هەردوو دیـاردە شـــانبەشـــانی یەکتر. ئەم دۆخە کـاتێـك دێتەدی کە نەتەوە سازەکان بتوانن ئایدیۆلۆجیای نەتەوە سازی تیۆریزە و جێبەجێ بکەن. پا شان بتوانن بیگوازنەوە بۆ نەوەکانی ئاینده. بەشــداربوویەك باس لە شــکســتی ئەم دوو حزبە دەکات لە دروســتکردنی ئەم پەیوەندییەدا:

*نەوەی نوێ لەو ناسـیۆنالیزمە تێناگات کە بەرامبەر عەرەب و تورك ڕاوەسـتاوە. لای ئەو ئیدارە و گەڤەرنانس گرنگە. یەکێتی و پارتی فەشـەلیان هێناوە لەوەدا کە پەیوەندی لە نێوان ناسـیۆنالیزم و حوکمڕانیدا دروست بکەن. ئەوە هەڵەی گەورەی ئەو دوو حزبەیە. لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو پرسە گەورە نەتەوەییەکان دەبنە بنەمای ململانێیی سیاسی.*

کاتێك نەوەی نوێ لەو گوتار و بیرکردنەوە ناســیۆنالیســتییە تێناگات کە لە گوتار و ســیاســەتی حزبەکاندا ڕەنگ دەداتەوە دیوارێك لە نێوان حزب و دەســەڵات و نەوەی نوێ وەك جەماوەردا دروســت دەبێـت. ئەو دیوارە وادەکـات کە خەڵکی ئەو حزبە بە هی خۆی نەزانێـت و متمانەی پێیی نەبێـت. بەشداربوویەك ئاماژە بەوە دەکات:

*ئەگەر ئیسلامییەکان کێشەیەکیشیان هەبێت خەتای نەتەوەییەکانە، چونکە دۆخێکیان خولقاندووە خەڵکیان بەدبین کردووە بەرامبەر پڕۆژەی نەتەوایەتی، جۆرێك قەیرانی ناسنامەیان بۆ ئنسانی کورد دروست کردووە.*

هەڵبەت بۆچوونی دیکەش هەن کە پێیانوایە تەنیا لە نێوخۆدا ناتوانین بەدوای گرفتەکانی بەردەم نەتەوەسازیدا بگەڕێین، بەڵکو کاریگەری دەرەکی و وڵاتانی هەرێمی، هەروەها فشاری عێراق توانیویانە کاریگەریی خراپ جێبهێڵن. بەشداربوویەك باس لەو هەلومەرجە دەکات کە ناسیۆنالیزمی کوردی تێکەوتووە:

*گۆڕانکارییەکان زۆر خێرا بوون. شەڕو و ئاژاوە هەبوون. زەختی بەغدادیش. هەوڵی ئەوان زیاتر بۆ دەوڵەتسازی بوو نەك نەتەوەسازی.*

**ناسنامەی حزبیی**

**خشتەی ١٥ مەقووڵە سەرەکییەکان و مەقووڵەی کاکڵ**

| ڕیز | مەقووڵە | مەقووڵەی کاکڵ |
|---|---|---|
| 1 | فۆڕمی حزبایەتی | ناسنامەی حزبی |
| 2 | گوتاری نائایدیۆلۆجی | |
| 3 | لەباربردنی ناسیۆنالیزم | |

بە لەبەرچاوگرتنی مەقووڵە سەرەکییەکان و ڕاڤەی هەریەکەیان، لە قۆناغی کۆدبەندیی کاکڵدا دەتوانین بڵێین مەقووڵەی *ناسنامەی حزبی* ئەو مەقووڵە کاکڵەیە کە دەتوانێت هەموو مەقووڵەکانیتر ڕوومال بکات.

تێگەیشتنی زەینیی بەشداربووان سەبارەت بە یەکێتی و پارتی و ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورددا، دوو تێگەیشتن بوو. یەکێکیان ئەوە بوو کە ڕەوڕەوەی حزبیی یەکێتی و پارتی لەسەر یەك هێڵی ناسیۆنالیستی بووە. بۆچوونەکەیتر ئەوەیە کە هەردووکیان توانیویانە هەر لەسەرەتاوە ڕێچکەیەکی نەتەوایەتی بگرنە بەر و تا پێش ڕاپەڕین لە مۆبیلیزەکردنی جەماوەردا سەرکەوتوو بن، بەڵام لەدوای دەسەڵات گرتنەدەست گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی و گوتاری نەتەوەییان پاشەکشێی کردووە.

لەوکاتەوە، وەکو گوتار وردەوردە گوتاری سـولّتەیان پەرەپێدا، ئەم دوو حزبە لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری وەك شـەڕی نێوخۆی نێوانیان، دووبەرەکی و ململانێی حزبی و ناوچەیی نەیانتوانیوە بپەرژێنە سـەر پرسـی نەتەوە و نەتەوەسازی. کوردایەتیان کردە موزایەدە، بەمەش زیانیان لە بەرژەوەندی و خواستەکانی کورددا. خەڵکیان بەرامبەر بە ناسیۆنالیزم بێهیوا و ڕەشبین کرد.

لە ئاسـتی سـیاسـەت کەوتنە دژایەتی یەکتر و شـارچییەتییان کردە دیاری بۆ خەڵك. جگە لە دووبەرەکی کە تێکدانی شـیرازەی کۆمەڵگەی لێکەوتەوە، سـیاسـەتی دووئیدارەی، دابەشـکاری و لۆکاڵییان لە هەرێم پەرەپێدا. یەکێك لەو دیاردانەی کە تا هەنووکە لە لایەن ئەم دوو حزبەوە پەرەی پێدەدرێت بە ئاڕاستەی ڕاکێشانی سەرنج و دەنگی لایەنگرانیان، بریتییە لە پەرەپێدان بە سیستمی خێڵ. ئەو سیستمەی کە لە ڕێگەیەوە سۆز بۆ خێڵ، عەشرەت، شوێن، شێوەزار، سیمبول و یادەوەریی خێڵ بەهێزتر دەبێت لە ناسـنامەی هاوبەش. لە ئەنجامی ئەم گوتار و سـیاسـەتەدا، لە دروسـتکردنی ناسـنامەی هاوبەش شـکسـتیان خوارد، خەڵکیان لە کوردایەتی تۆراند و گاپی گەورەیان لە نێوان ناسیۆنالیستەکان و جەماوەردا دروست کرد. یەکێك لەو کەلێنە گەورانەی کە دروست بوو، کەلێن بوو لە نێوان خەڵکانی ناسـیۆنالیسـت و نەوەی نوێدا. ئەوان نەیانتوانی ئامانج و خەونەکانی ناسـیۆنالیزم، مێژووی پڕ لە قوربانیدانی حزبەکان و خەڵکی کوردسـتان بەگوێی نەوەی نوێدا بدەن. واتە لەڕووی موماره سەی دە سەڵات و سیا سەتەوە نەیانتوانی ئەو پەیوەندییە درو ست بکەن لە نێوان نا سیۆنالیزم و حوکومڕانیدا. بۆیە وێڕای نکۆڵینەکردن لە خەباتیان بوونە ڕێگر لە دروسـتبوونی ناسـنامەی نەتەوەیی هاوبەش.

جگە لەو مەقوولانەی کە لە کۆدبەندییەکانەوە دەرهێنراون دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵێك فاکت بکەین. سەرەتا بە فەکتێك دە ست پێدەکەین کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ڕوویداوە. ڕێککەوتنی (٢٠٢٣/٨/٩)، ئیدارەی شـارۆچکەی خورماڵ و کۆمەڵێك خەڵکی خۆبەخش، ئامادەکارییان کردبوو بۆ دانانی پەیکەری کوڵەباڵێك و جووتێك کڵاش لە ناوچەقی شـارۆچکەکەدا. شـەوێك پێش ئەوە لە لایەن چوار کەسـەوە کۆڵەباڵەکە و کڵاشـێکیان بردرا. هۆکاری ئەم ڕووداوە بۆ ئەو ململانێیە دەگەڕێتەوە کە لە نێو دانیشـتوانی شـارۆچکەکەدا هەیە. گوایە ئەم پەیکەرە تەنیا گوزارشـتە لە کولتووری هەورامییەکان نەك هەموو خەڵکی

خورماڵ.[1] ئەم جۆرە ململانێیە لەبەر زاڵبوونی ســۆزی عەشرەتگەرایییە، چونکە دواجار ئەو دوو بەرهەمە کولتوورییە بە جۆرێك ناسنامە و کولتووری خەڵکی کوردستانن.




**هێڵکاریی ٦ بەربەستبوونی پارتی و یەکێتی لەبەردەم دروستبوونی هەستی نەتەوایەتی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی لە هەرێمی کوردستاند ڕوونده کاتەوە**

ســەبارەت بە ڕۆڵی یەکێتی و پارتی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، بۆچوونی بەشــداربووان لە وەڵامی ئەو پرســیارەدا کە ئایا ئەم دوو حزبە بە بەربەســت دەزانیت لەبەردەم ناســیۆنالیزم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا، تەنیا نزیکەی یەك لەســـەر چواری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردســـتان، بە بەربەســـتیان نازانن. ئەم ئەنجامەش، تەبایە لەگەڵ بۆچوون و تێگەیشتنی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکاندا.

[1] پەیجی یوتیوبی کوردسات نیوز، ,پەیکەری کڵاش و کوڵەباڵ لە خورماڵ دزرا ,(14/8/2023) – ڕێککەوتی دواسەردان (https://www.youtube.com/watch?v=GoAHz65WtGU&t=19s) (2024/2/18)

# ڕۆڵی دەسەڵات لە نەتەوەسازیدا

بە گەڕانەوە بۆ ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازیی، پرۆسەی نەتەوەسازی بە سێ ئاڕاستە ئەنجام دەدرێت. ئاڕاستەی یەکەم بریتییە لەوەی کە وەك چۆن ڕوانگەیەك هەیە پێیوایە ئەوە ناسیۆنالیزمە نەتەوە بەرهەم دەهێنێت، کەواتە نەتەوەسازەکانن کە دەست بۆ نەتەوەسازی دەبەن. ئاڕاستەی دووەم، ئەوەیە کە نەتەوە سازیی دەکرێت لە دامێنەوە ئەنجام بدرێت. خەڵکیی خۆیان ـــ دەکرێت ئەو خەڵکە چینی دەستەبژێر بن نەك دەسەڵاتدار ـــ بەبێ ئەوەی کە نەتەوەسازەکان دەست بە پرۆژە و پرسەیەك بکەن، خۆیان هەرکەسە و لە جێی خۆیەوە هەنگاوی بۆ دەنێن. ئاڕاستەی سێیەم، ئەو جۆرە لە نەتەوەسازییە کە وڵاتانی دیکە، بەتایبەت وڵاتانی زلهێز دێن و نەتەوەیەك ساز دەکەن، بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی کە ئەم نەتەوەیە زەمینەی بوون بە نەتەوەیە یان دەوڵەتی هەیە یان نا. لەم ڕوانگەیە دەمانەوێت بزانین ئایا نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ کراوە. ئەگەر کراوە کامەیە نەتەوە و کامانەن نەتەوە سازەکانن. هەروەها ئەگەر نەکراوە هۆکارەکانی چین و دەرەنجامی ئەم نەتەوە سازییە یان نەتەوەنەسازییە چییە. مەبەست لە دەسەڵاتیش هەموو ئەو حزبانەن کە بە درێژایی ئەم هەشت کابینەیەی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتیان هەبووە و بە گوێرەی هەژموون و دەسەڵاتیان لەم پرۆسەیەدا بەشدارییان کردووە.

لە ڕێگەی تاوتوێی زانیارییەکان و کۆدبەندی داتاکانەوە، لە قۆناغی کۆدبەندی سەرەتایی کراوەدا ٣٩ چەمك و ٤ مەقوولەی سەرەکیمان بەم شێوەیەی خوارەوە دەرهێنان:

**خشتەی ١٦ نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا؛ ئایا دەسەڵات لە هەرێمدا نەتەوەسازی کردووە؟**

| ڕیز | دەستەواژە | چەمك |
|---|---|---|
| 1 | بە ئاڕاستەی کەسەکان ڕۆشتووە. دەسەڵات هیچ هەنگاوێکی بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی نەناوە. ئەوان بە دەیان و سەدان ڕێکخراویان دروست کرد بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە. | تێکدانی شیرازە |
| 2 | بە هیچ جۆرێك باسی پرسە ستراتیژییەکان لە بەرنامەی حزبە کوردییەکاندا نییە. نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی بە واتا ناشناڵە بەواتا نوێیەکەی وەك ئەوەی کە نوح هیراری باسی دەکات بوونی نییە. هیچ پرۆژەیەکی نەتەوەسازییان نەبووە. | نەبوونی پرۆژە |

| | | |
|---|---|---|
| 3 | هێشتا پێشتر باشتر بوو، بەڕاستی لە شەستەکاندا هەستم بە جۆرێك لە نەتەوەسازی دەکرد. وەك بەکارهێنانی زمان و بەکارهێنانی هەندێك وشەی وەك ڕۆژباش و .. کە ئەگەر کەسێك بەکاری دەهێنا دەیانگوت ئەوە سەربە شۆڕشە. بۆ نموونە سیمبولە نەتەوەییەکان، پێشمەرگە پێشتر سیمبول بوو. ئێستاکە بە هۆی دابەشوبون و حزبایەتی و دەوڵەمەندبوونی هەندێك لەو بەرپرسانەی (پێشتر پێشمەرگە) بوو، ئەو پیرۆزییە کەوتووە ژێر پرسیار. | نەتەوەسازیی شەستەکان |
| 4 | بەنەتەوەبوونمان لە دامێنەوە کراوە بۆ سەرەوە نەك وەك تورکیا لە سەرەوە بۆ خوارەوە. بەڵام ئێمە لە ڕێگەی ئەدەبیات و شیعر و نامەی نهێنی و ئەو شتانەوە ئەوەمان کردووە. لە دامێنەوە. ئێمە بەدزییەوە کردووەمانە. لە پرۆگرامی پەروەردەدا کاری لەسەر کراوە. لە باشوور بە ئەقڵی نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی کار ناکرێت. هێندەی کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە باسی مەلا موستەفا بکرێت لە پرۆگرامی خوێندن و بۆ ڕازیکردنی یەکێتییەکان جارجارێك باسی شێخ مەحمود بکرێت . پرۆگرامی خوێندنی ناتۆکمە و نازانستییە. | نەتەوەسازی لە دامێنەوە<br><br>خوێندنی ناتۆکمە |
| 5 | هیچ دەوڵەتێك نییە لە دونیادا سوپای نیشتیمانی نەبێت. لە دواکەوتووترین شوێنی دنیادا شتێك نادۆزیتەوە ناوی سوپای حزبی و سوپاسی خێڵ بێت. سوپای فلان عەشیرەت بێت و مانۆڕی سەربازی بکات. جگە لە کۆمەڵگەی کوردی.<br>تۆ سەیر بکە دوای سی ساڵ لە ئازادی، حکومەت، پەرلەمان، موئەسەسات، تاوەکو ئێستا دامەزراوەیەکی گرنگت نییە کە خەریکی دراساتی نەتەوەیی بێت. | سوپای خێڵ و حزب<br><br>دیراساتی نەتەوەیی |

| | | |
|---|---|---|
| 6 | هەوڵی ئەوان زیاتر بۆ دەوڵەتسازی بوو نەك نەتەوەسازی. نەتەوەسازییان نەكرد. تەنانەت پلانێكی زۆر گرنگ هەیە. دۆكیۆمێنتێكی گرنگە كە ساڵی (2010) وەزارەتی پلاندانی هەرێم چاپی كردووە. ناوی كوردستان( 2010 )ە. حكومەتێك ڤیژنێكی باشی هەبوو. كاریشیان كرد. بەس یەكێتی زیاتر لۆكاڵ ئایدێنتیتیان پەرە پێدەدات. مەسەلەن خاك بوو. لەهجەی تیڤییەكان و ئیعلام زیاتر سلێمانی بوو. شتێكتر گرنگ هەبوو، سنووری یەكێتی ناسنامەی لۆكاڵییان زۆر بە قەوەتە ئەوە كێشە لەبەردەم نەتەوەسازی دروست دەكات. سیستم لە كورد ستان نییە. هەندێك كاری وەك ڕۆژی لەدایكبوونی بارزانی كە ڕۆژی پشووە. هێرۆخان هەندێك هەنگاوی كولتووری گرنگی نا. چوونی پێشمەرگە بۆ ڕۆژئاوا. ئیڤێنتەكانی وەك ڕەحیم هەكاری. هەندێك هەنگاوی گرنگ بوون. | نەبوونی سیستم<br><br>ناسنامە لۆكاڵییەكان |
| 7 | بەگەڕخستنی ئامرازگەلی پەرتەوازەكەر، ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیای پەرتكەر، نەبوونی دەزگای نیشتیمانی. | پەرتكردنی كۆمەڵگە |
| 8 | شكستی با شوور لە زاڵبوون بە سەر عە شایردا. مە سەلەی عە شایری لەبەر هەڵبژاردن و بەرژەوەندی بەهێز بوویەوە. | عەشرەتسازی |
| 9 | ئەوەی ئێستا تەحدیدی سیاساتی حكومەت دەكات، ئەوەندەی نیو لیبرالیزمن ئەوە ناشنالیست نەبوون و نین. بەڵام ئەوان هەر بە عەمەلی دژی نەتەوەی خۆیان ڕادەوەستن. حزبە كوردییەكان هەوڵیان دا بۆ ئەوەی بەو ئاڕاستەیە برۆن بۆ ئەوەی ناسنامەی گەورە و فراوان و سەرجەمگیر بكەن. كوردبوون چیدیكە بۆ كوردی موسوڵمانی سوونی نەبێت بەڵكو كاكەیی، یەزیدی و مەسیحی بگرێتەوە ئەوانە بگرێتەوە. كاكە چەند توركمەنت هەیە كە دەڵێ من توركمەن نیم و كوردم و خەڵكی هەولێرم. دەی خۆ ئەوە لەڕووی ئێتنییەوە لێی بكۆڵیتەوە لەوانەیە كورد نەبێت. كیانی تایبە تمان هەیە. پێشمەرگە لە سالانی ئەیلوولدا ئەوەندە ناشنالایز دەبێت كە سنوورەكان دەبڕێت، بۆ یەكەمجار پێشمەرگەی ئەوپەڕی سۆران لەوپەڕی بادینان دەبێت. بە كێوەكانی مەتیندا هەڵدەگەڕێن. | كوردستانیبوون<br><br>نیولیبراڵبوونی ئێستا |
| 10 | نیشتیمان كەمێك فراوانترە لە نەتەوە. دەكرێت نیشتیمان تەنیا بۆ یەك نەتەوەی دیاریكراو نەبێت. كێشەی چەمكسازیمان هەیە. چونكە ڕەگی وشەكە نەیشن- ستەیتە. كە مەبەست لێی دەوڵەتە. بەڵام لە مەیداندا مەبەست لێی ستەیتە بۆ نەیشنێكی دیاریكراو. بەڕاستی نەتەوەسازی كورتی دەكاتەوە لە نەتەوەی كورددا. | چەمكسازیی<br><br>حزبایەتی |

| | | |
|---|---|---|
| | لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو پرسە گەورە نەتەوەییەکان دەبنە بنەمای ململانێی سیاسی. بە پارتییەکانیش دەڵێم کە گەورەترین زەربەیەك کە لە ناسیۆنالیزمتان دا ئەوە بوو کە کردتان بە بابەتێکی سیاسی. سیستمی خوێندنی باڵا و سیستمی هاتووچۆت ڕێگرە لەبەر دروستکردنی ئەوە. سیستمی ئابوری هەروایە. بۆ ڕۆژی ئاڵا لە کۆنتێکستێکی تەندروستدا دەبێت هەموو تاکێکی تەندروست پێی خۆش بیت بەڵام ئێستا پەیوەستە بە پارتییەوە. | سیستمی گشتی |
| 11 | گەورەترین بەربەست لەبەردەم نەتەوەسازی حزبی کوردییە. ئایا زانکۆ ئیرادەی هەیە. ئێمە زانکۆمان هەیە کە خاوەنی قسەی خۆی بێت. زانکۆمان نییە. زروفەکە جیاوازە بۆیە شەڕ ناکەن. بۆ ناتوان هێزی پێشمەرگە یەك بخەن. | زانکۆ وەك ئامراز |
| 12 | جا حوکمڕانەکانی هەرێم لەوەدا سەرکەوتوو نەبوونە کە هەموو ناوچە و شارو شارۆچکەکانی هەرێم پێکەوە ببەستنەوە. کە هەویەیەکی موشتەرەکیان هەبێت کە هەموان بە هی خۆیانی بزانن. هەویەی مو شتەرەکیان درو ست نەکرد. غیابی مە سەلەی سەروەریی یاسا، سیستمێکی حوکڕانی دروست، بەو واتایەی کە سیستمەکەت، لەرزۆك، ناسکە و لاوازە. بۆیە بە دەرەجەی یەك گەورەترین بەربەرستی بەردەوم نەتەوەسازی نەبوونی حوکمڕانییەکی ڕەشیدە. | ناسنامەی کوردستانی<br><br>سەروەریی یاسا |
| 13 | هەر لەو کاتەوە تەنیا ئامانج وە ستانەوە بوو دژ بە بەعس، خیتابی یەکێتی لای ئێمە نەبوو. ستراتیژێکی قووڵ و بەبەرنامە بۆ نەتەوەسازی لە ئارادانەبوو. | بێئاگایی لە نەتەوەسازی |
| 14 | بۆ نەتەوەسازی دەبێت چەمکی هاوڵاتیبوون دروست بکەت. یاسا و دەستوو. | هاووڵاتیبوون |
| 15 | کاکە خۆ لە زۆنەکەیتر سۆرانی قەدەغەیە. چونکە زمای ستانداردیان دروست نەکردووە. ئەوەتا حزبی هەورامان دروست دەبێت. | زمانی ستاندارد |
| 16 | ئەمانە ئەساسێکی قووڵی مەعریفیان نەبووە. کێشەی کورد ئەوەیە کە نەیتوانی ئەو خەیاڵە نەتەوەییە دروست بکات، ئەو مێنتاڵیتییە دروست بکات کە بتوانن لەسەری بڕۆن. بەشی سەرەکی پەیوەستە بە نەبوونی هوشیاری نوخبەی سیاسییەوە. | هوشیاریی نوخبەی سیاسی |
| 17 | بە شێوەی نامونەزەم زانکۆ و زانیاریان زیاد کردووە. جورئەتیان کرد هەڵبژاردنی پەرلەمان بکەن. حکومەتی هەرێم دروست بکەن. تاڕادەیەك شەڕی نێوخۆمان وەلاوە ناوە. سێ ساڵ زۆر نییە. ئەتو وڵات نیت تا بە ئاسانی پێی بگەیت. شازدە لیوا هێزی هاوبەشمان هەیە. هەوڵی ئەوە دەدەین شەڕی ناخۆ و دوو ئیدارەیی وەلا بنێین. | نەتەوەسازیی نارێك |

| | | |
|---|---|---|
| | کارمان کردووە بۆ دەستنیشانی سنوور لەگەڵ ئێراق بە پێی مادەی 140 | وەلاتانی شەڕی نێوخۆ |
| 18 | یەکێتی و پارتی هەرێمیان دروست کرد. حکومەتی نیوەسیکۆلاریان دروست کرد. مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی تەسلیم نەبوون کە پێشمەرگە داخیلی جەیشی عێراقی ببێت. دوای 2003. هەر خۆیشیان ڕێگربوون لە دروستبونی سوپای نیشتیمانی. بنەماڵەکانن کە زەربە لە ناسیۆنالیزم و دامەدەزگای دەوڵەت دەدەن. هەدەفەکە زانایی ئەو ێت. هەموو دونیا دە ماذ پارێز ێت و پێمان دەڵێن نەوت و شتەکەش بۆ خۆ تان و چەکیشمان دەدەنێ کەچی هەر نازانین بەڕێوەی بەرین. ئەمە نەزانییە. کادیری پارتی و یەکێتی شارچییەتی دەکەن. | سوپای نیشتیمانی<br><br>نەزانیی لە بەڕێوەبردن |
| 19 | پرسیارەکە ئەوەیە کە هەموو ئەمانە چەندی بۆ بەهێزکردن و هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیەتی (حزبە کان). کوردستان خاوەنی ئابورییەکی نیشتیمانی نیە. جۆر ێك لە دەمارگیری لە نێوان بادینی لە دهۆك هەیە و سۆرانی لە سلێمانی.<br>مادەم زۆرینەی هەولێر سۆرانین کەواتە ئێمە نەتەوەسازیمان نەکردووە و نەتەوایەتیمان پێنەگەیشتووە.<br>بەشێك لە نەتەوەسازی ڕۆشنگەرییە. ئاشتی و ئازادی گرنگە هەبێت. ئەقڵی ڕۆشنگەر نییە کە دەست لەسەر برینەکان دابنێت. ئەگەر بەرژەوەندییەکان نیشتیمانی بن ئەوە زۆرباشە. بەڵام شەخسی و ناوچەیی بن وامان لێدێت کە ئیستا هەیە. | دەمارگیریی زار<br><br>شارچییەتی<br><br>ئەقڵی ڕۆشنگەر |
| 20 | نەتەوەسازی لە کوردستاندا زۆر شێواوە. ناکرێت بڵێیت نیمانە ناکرێت بڵێیت موتەکامیلە. پرۆسەیەکی شێواوە. ئەمە بە شێوەی زۆر لەسەرخۆ و عەشوایی هاتووە. نە پەرلەمانەکەی پەرلەمانێکی بەهێزە. نە حکومەتەکەی یەکگرتوو و بەهێزە. سەرۆکایەتییەکە شی. ڕاستە ئاڵایەکمان هەیە ئا یا لە هەموو کوردستا ندا وەك یەك ڕێز لەم ئاڵایە دەگیر ێت؟ ئا یا تورکمەن بە ئاڵای خۆی دەزانێت. نەشیدی قەومی. | نەتەوەسازیی شێواو |
| 21 | کورد لە جەنگی کوێتەوە سواری شەپۆل بووین. هاوڕێکەم کە لەگەڵ من بوو و پێشمەرگە بوو ئێستا هەموو بازاڕی سلێمانی لەبەردەستە. شهیدی سەرکردە هەیە کوڕ و برا و هەموو کەسوکاری بوونە ملیۆنێر. سەد شەهیدی گەرمیانیش نان نییە بیخۆن. | نەبوونی عەدالەت |

| | | |
|---|---|---|
| 22 | کاك نەوشـــیروان بۆچوونی وابوو کە بۆ دروســـتبونی دەوڵەتی کوردی دەبێت پایەکانی دروســـت ببێـت. خیتـابی گۆڕان لە دوای 2007 خزمەتگوزاری ئەبێـت. لە ڕێگەی خزمەتگوزاری و دروســـتکردنی هێزی چەکـدارەوە پـایەیەکی گرنگی دەوڵەتی کوردی ئەتوانیت دروست بکەیت.. ئەو ناوی ئەم شتانە ئەنێت فشەی کوردایەتی. | فشـــــــەی کوردایەتی |
| 23 | بۆچی پارتی ســێ هەڵبژاردن دەباتەوە؟ چونکە خەڵك دەزانێت پرۆژەی دەوڵەتی لایە. نەتەوەسازی دەوڵەت نایکات، نەتەوە خۆی دەیکات. نەتەوە ناسیۆنالیزم دروست بکات. | نەتەوە بەرهەمـــــــی خەڵك |
| 24 | ســـەرۆک کۆمـاری وڵاتەکە کوردە، جێگیری ســـەرۆک وەزیران کوردە ، دێ کەرکوک وەرئەگرێتەوە؟ تۆ هێزی پێشمەرگە چی بکەی یەعنی؟<br>هۆکارە دەرەکییەکان ڕێگرن لەبەردەم نەتەوەســـازی. زۆر هەوڵماندا بۆ نموونە بیهێننی بەڵام لە ڕیفرانـدۆم تێکمانـدا. ئێران و تورکیـا دەوڵەتی گەورەن و دەوریـان زۆر بووە. نەیانهێشتووە ببن بە دەوڵەت. | پێنەگەیشـتنی کۆمەڵگە |
| 25 | ئەم کێشەیە پڕاوپڕ پەیوەندی بە ناسیۆنالیزمی کوردی و باڵە تەقلیدییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە هەیە. | ناســیۆنالیزمی تەقلیدی |
| 26 | چ نەتەوەســـازی و نیشـــتیمان ســـازی، لە هەردوو ڕووەکەوە نەمانکردووە و نموونەیەکی خراپیش بووین. نەتەوەسازی بۆ ئیستهلاکی مەحەللی هەمانبووە. سیاسەتی هاوبەشمان نەبووە. هەموو حزبەکان بەشدار بوون. ئاسایشی نیشتیمانیمان نییە. ئەم لا پارتی و ئەولا یەکێتی و قۆرخ کراوە. سوپای نیشتیمانی نییە. یەکێتی و پارتی گەورەترین کۆسپن لەبەر نەتەوەسازی. ئەقڵییەت و زیهنییە هەمووی بەرەو مەسڵەحەتە.<br>ئەمە کا دیموکراســی. مەعایری حوکمی ڕەشـید (بەشـداری خەڵك، ســەروەری یاسـا، هاوڵاتیبوون، لێپرسـینەوە و لێپێچینەوە، شـەفافییەتە، کەفائەت و فەعالییەتە) ئەمانە لای ئێمە تائێستا نەبوویە. | نەتەوە سازی بۆ بەکـارهـێـنـان مەحەللی<br>حوکمی ڕەشید |
| 27 | ئەمەی کە ئێمە ئێستا پێی گەیشتووین ڕاستە بە قوەت نییە. سەرو فدرالییەت بوو. بەڵام بەو هەڵەیەی کە کرا لە ڕیفراندۆم لەدەســتماندا. بەس ئەمەی کە ئێســتاش هەیە بەراورد بە پەکەکە، باکوور، بەراورد بە ئێران، هەندێکی لەبەر هەڵەی ســەدام بووە و هەندێکی لەسەر سینی زێڕ بۆمان هاتووە. هەندێکی پەیوەندی بە نەتەوەسازییەوە نییە هەدیەیە. | دەســـتکەوت بەدیاری |

پاش ئەنجامدانی کردەی سەرەتایی کۆدبەندیی کراوە، لە قۆناغی دووەمی کۆدبەندیدا ٣ مەقوولەی سەرەکیی دەرهێنران کە لە خشتەی خوارەوەدا ئاماژەمان پێکردووون.

**خشتەی ١٧ دەسەڵات و نەتەوەسازی لە هەرێمدا نەتەوەسازی**

| مەقوولەکان | چەمکەکان |
|---|---|
| نیازی نەتەوەسازی | نییەتی نەتەوەسازی، تێکدانی شیرازە، دەوڵەتسازی نەك نەتەوەسازی، نەتەوەسازیی شەستەکان، سیمبولبوونی پێشمەرگەی کوردستان، دروستکردنی تەقویم، ڕۆژە نیشتیمانییەکان لە پەرلەمان، زاڵبوونی حزبایەتی، کوردستانیبوون لە ڕابردوو بۆ نیولیبراڵبوونی ئێستا، نەبوونی ستراتیژ، وەلاتانی شەڕی نێوخۆ، دروستکردنی زانکۆی زۆر، دەستکەوت بەدیاری، نەتەوەسازی بەرهەمی خەڵك. نەتەوەسازیی نارێك، سوپای نیشتیمانی. |
| ئەقڵییەتی نەتەوەسازی | بێئاگایی لە چەمکی نەتەوەسازی، نەتەوەسازی لە دامێنەوە نەك لە بانەوە، هوشیاریی نوخبە، غیابی نەتەوەسازی لەسایەی ناسیۆنالیزمی تەقلیدی، ئەقڵی ڕۆشنگەر. |
| بارگاوییبوون | نەتەوەسازییەکی شێواو، نەبوونی سیستم، شەخسییەتپەرستی، دابەشکردنی باشوور بۆ دوو زۆن، سوپای خێڵ و حزب، ناسنامەی لۆکاڵی، عەشرەتسازی لەجێی نەتەوەسازی، ڕێگری سیستمە گشتییەکان، لەبەردەم نەتەوەسازی، زانکۆ وەك ئامراز، پرۆگرامی خوێندنی ناتۆکمە و نازانستی و بەشەخسیکردن، هۆکاری دەرەکی (بەتایبەت تورکیا، ئێران و ئێراق)، دەمارگیریی زار. |
| حوکمڕانیی باش | نەبوونی ناسنامەی نیشتیمانی، نەچەسپاندنی هاووڵاتیبوون، نەبوونی زمانی ستاندارد، کێشەی بەڕێوەبردن، لۆکاڵیبون، شارچێیەتی، نەبوونی عەدالەت، فشەی کوردایەتی، نەتەوەسازی بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی، حوکمی ڕەشید، سەروەریی یاسا، |

## نیازی نەتەوەسازی

بەگوێرەی ئەو پێناسانەی کە لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکردن، ئەگەر نەتەوەسازی بریتی بێت لە کۆمەڵێك ستراتیژی خۆویستانە ـــ زۆرجار لە لایەن دەستەبژێرانی نێوخۆوە ـــ بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی هاوبەش (لەبەرامبەر ناسنامە فرەکانی تر)، بە دەوری ئایدیای نەتەوەدا، یان بریتی بێت لە بەرنامەیەکی سیاسیی گواستنەوەی هەستی ئەندامییەتیی نەتەوەیی هاوبەش بۆ هەموو ئەو

خەڵکانەی کە لە ناو سـنوورەکانی یەك وڵاتدا ژیان دەکەن، پێوەرێکی هەڵسـەنگاندنی گونجاوە بۆ ئەوەی بزانین دەسـەڵات لە کوردسـتاندا چ ڕۆڵێکی بینیوە لە پرۆسـە و پڕۆژەی نەتەوەسـازیدا. بۆ ئەم مەبەستە تاوتوێی ڕوانین و زەینی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکان سەبارەت بەم پرسە دەکەین.

سـەرەتا پێویسـتە بزانین لەڕووی تیۆر و چەمکناسـییەوە کوردیش وەك نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە نەیتوانیوە تێگەیشـتی خۆی سـەبارەت بە واتای چەمکی نەتەوەسـازی یەکلایی بکانەوە. یەکەم گرفت ئەوەیە کە ئەگەر مەبەسـتمان لە نەیشـن بلّدینگ (Nation-building)، نەتەوەسـازییە، ئەوا کورت دەبێتەوە لە نەتەوەیەکی دیاریکراودا. کەواتە کێشـەی ئەوە سـەر هەڵدەدات کە ئەو پێکهاتانەی دیکە و نەتەوەکانیتر کە لە کوردسـتاندا دەژین، چۆن لە چوارچێوەی ئەم چەمکەدا خۆیان وێنا دەکەن. کێ دەڵێت ئەوان خۆیان بە کورد دەزانن. بۆیە یەکێك لە بەشداربووان ئاماژە بەوە دەکات کە:

*کوردستان لەماوەی سـی سـاڵی ڕابردوو بەردەوام لە نێوان پرۆسـەی دەوڵەتبوون و نەبووندا ڕۆشـتووە. نیشـتیمان کەمێك فراوانترە لە نەتەوە. دەکرێت نیشـتیمان تەنیا بۆ یەك نەتەوەی دیاریکراو نەبێت. کێشەی چەمکسازیمان هەیە. چونکە ڕەگی وشەکە نەیشن-ستەیتە. کە مەبەست لێی دەوڵەتە. بەڵام لە مەیداندا مەبەست لێی ستەیتە بۆ نەیشنێکی دیاریکراو. بەڕاستی نەتەوەسازی کورتی دەکاتەوە لە نەتەوەی کورددا.*

بەشداربوویەکی دیکە جەخت لەسەر جیاکردنەوەی هەر دوو چەمکی نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی دەکات. ئەو لەو کەسانەیە کە پێیوایە، ئێمە بە هەڵە چەمکی نەتەوەسازیمان بە واتای قەوم لە عەرەبەوە وەرگرت. لە کاتێکدا نەتەوە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە کە داهێنەری چەمکەکەن مەبەست نیشتیمان و وڵاتە نەك نەتەوە:

*لە دوای (1991) کە ئێسـتا 30 سـاڵە (چاوپێکەوتنەکە سـێ سـاڵ لەمەوبەر ئەنجامدراوە)، گەورەترین دەرفەت هەبوو بۆ حوکمڕانەکانی هەرێم کە نیشـتیمانسـازی و نەتەوەسـازی تێدا بکەن، ئەو جا دەوڵەتسازیشی تێدا بکەن. کە باسی ناشنالیزمیش دەکەی تەنیا نابێت باسی کورد بکەیت، چونکە کوردستان هی هەموو پێکهاتەکانە. ئەگەر دەتەوێت نەتەوەیەکی کوردستانی دروست بکەیت دەبێت هەموو پیکهاتەکانی تێدا بێت چونکە هی هەمووانە.*

لەڕووی پراکتیکەوە دەتوانین بڵێین بەشداربووان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کە هیچ جۆر ستراتیژ و پرۆسەیەك بەناوی نەتەوە سازی لە هەرێمی کورد ستاندا لە لایەن دە سەڵاتەوە لە ئارادا نەبووە. ئەوەی هەبووە کۆمەڵێك هەنگاوی (لە بنەوە نەك لە بانەوە، لە لایەن خەڵك خۆیەوە، یان لە ئەنجامی سیاسەتی ڕۆژانەی) حزبەکانەوە بووە. هەڵبەت بۆچوونێکیش هەیە کە پێیوایە هەندێك هەنگاو لە لایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی هەرێمەوە یان هەنێك کەسایەتییەوە نراون. با بزانین مەبەستی هەریەك لەم دەستەواژانە چییە.

پێش هەموو شتێك وەك لە ڕوانینی زۆرێك لە بەشداربوواندا بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی و ڕۆڵی یەکێتی و پارتی لە نەتەوەسازیدا دەرکەوت، هەندێك ئاماژە بە هەبوونی نیازی نەتەوەسازی و بە دەربڕینێکیتر دەوڵەتسازی لە سالانی شەست تا ڕاپەڕین لە ئارادابوون. بەشداربوویەك کە خۆی ئەزموونێکی زۆری لە بواری مێژووی کورد و حزبەکاندا هەیە دەڵێت:

*بەڕاستی لە شەستەکاندا هەستم بە جۆرێك لە نەتەوەسازی دەکرد. وەك بەکارهێنانی زمان و بەکارهێنانی هەندێك وشەی وەك ڕۆژباش و .. کە ئەگەر کەسێك بەکاری دەهێنا دەیانگوت ئەوە سەر بە شۆڕشە. بەڵام ئێستاکە بارێك هاتووە پێشەوە کە خەڵکی پێداچوونەوە دەکات بە هەموو ئەو بۆچوونانەدا کە پێشتر هەیبووە. بۆ نموونە سیمبولە نەتەوەییەکان، پێشمەرگە پێشتر سیمبول بوو. ئێستاکە بە هۆی دابەشبون و حزبایەتی و دەوڵەمەندبوونی هەندێك لەو بەرپرسانەی (پێشتر پێشمەرگە) بوو، ئەو پیرۆزییە (قودسیەت) کەوتووە ژێر پرسیار. کاتێك کە خەڵك باسی پێشمەرگە دەکات مەبەستی ئەو پێشمەرگەیەی دوای (1990) نییە. تەنیا مەگەر ئەم چەند ساڵەی دوایی لەکاتی شەڕی دژ بە داعشدا ئەو پیرۆزییەی بۆ گەڕابێتەوە. بەتایبەت لە 16/ی ئۆکتۆبەردا لەدەستی دایەوە.*

بۆچوونەکەی دیکەش سەبارەت بە پرۆسە نەتەوەسازییەکان خۆی لە چەند هەنگاوێکدا دەبینێتەوە. یەکێك لە بەشداربووان کە خۆی بەرپرسێکی حزبییە ئاماژە بە کۆمەڵێك هەنگاوی دەسەڵات دەکات بەم ئاڕاستەیە:

*بە شێوەی نامونەزەم زانکۆ و زانیاریان زیاد کردووە. جورئەتیان کرد هەڵبژاردنی پەرلەمان بکەن. حکومەتی هەرێم دروست بکەن. تاڕادەیەك شەڕی نێوخۆمان وەلاوە ناوە. ڕاستە لە باشوورین بەڵام جێگەی ئومێدی سێ پارچەکەی دیکەین. سی تا 32 کۆنسوڵی وڵاتان لێرەن. هەرێمی کردستان وەك*

*دامەزراوەیەکی اداری و سیا سی بانگ ئەکرێت بۆ زۆر کۆنگرەی دنیا. سی ساڵ زۆر نییە. ئەتو وڵات نیت تا بە ئاسانی پێی بگەیت. شازدە لیوا هێزی هاوبەشمان هەیە. هەوڵی ئەوە دەدەین شەڕی ناخۆ و دوو ئیدارەیی وەلا بنێین.* کارمان کردووە بۆ دەستنیشانی سنوور لەگەڵ ئێراق بە پێی مادەی 140.

بەشداربوویەکی دیکە باس لەوە دەکات:

*هەوڵی ئەوان زیاتر بۆ دەوڵەتسازی بوو نەك نەتەوە سازی. نەتەوە سازییان نەکرد. تەنانەت پلانێکی زۆر گرنگ هەیە دۆکیۆمێنتێکی گرنگە کە ساڵی 2010 وەزارەتی پلاندانی هەرێم چاپی کردووە. ناوی کوردستان( 2010 )ە. حکومەتێك ڤیژنێکی باشی هەبوو. کاریشیان کرد. بەس یەکێتی زیاتر لۆکاڵ ئایدێنتیتیان پەرە پێدەدات. مەسەلەن خاك بوو. لەهجەی تیقبیەکان و ئیعلام زیاتر سلێمانی بوو. شتێکتر گرنگ هەبوو، سنووری یەکێتی ناسنامەی لۆکاڵییان زۆر بە قەوەتە ئەوە کێشە لەبەردەم نەتەوە سازی دروست دەکات. هەندێك کار بە ئاراستەی نەتەوە سازی کران، وەك ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانی کە ڕۆژی پشووە. هێرۆخان هەندێك هەنگاوی کولتووریی گرنگی نا.*

بەشداربوویەکی تر ئاماژە بە هاویشتنی هەندێك هەنگاوی دیکەی لەمجۆرە دەکات:

*یەکێتی و پارتی هەرێمیان دروست کرد. حکومەتی نیوە سیکۆلاریان دروست کرد. مە سعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی تەسلیم نەبوون کە پێشمەرگە داخیلی جەیشی عێراقی ببێت. دوای 2003. هەر خۆیشیان ڕێگر بوون لە دروستبونی سوپای نیشتیمانی. حکومەتێك هەیە ئە سا سێکی دە ستووری هەیە. ئەوەی پارچەپارچەی دەکات بنەماڵەکانن.*

بە شداربوویەکیتر جەخت لە سەر گرنگیی شۆڕشەکان دەکاتەوە لە با شووردا کە چۆن لە هەندێك وێستگەدا توانیان ناسنامەیەکی هاوبەش بە پێشمەرگە بدەن:

*حزبە کوردییەکان هەوڵیان دا بۆ ئەوەی بەو ئاراستەیە بڕۆن بۆ ئەوەی ناسنامەی گەورە و فراوان و سەرجەمگیر بکەن. کوردبوون چیدیکە بۆ کوردی موسوڵمانی سوننی نەبێت بەڵکو کاکەیی، یەزیدی و مەسیحی بگرێتەوە ئەوانە بگرێتەوە. کاکە چەند تورکمەنت هەیە کە دەڵێ من تورکمەن نیم و کوردم و خەڵکی هەولێرم. دەی خۆ ئەوە لەڕووی ئیتنییەوە لێی بکۆڵیتەوە لەوانەیە کورد نەبێت. کیانی تایبەتمان هەیە. پێشمەرگە لە ساڵانی ئەیلودا ئەوەندە ناشنالایز دەبێت کە سنوورەکان دەبڕێت، بۆ یەکەمجار پێشمەرگەی ئەوبەری سۆران لەوبەری بادینان دەێت. بە کێوەکانی مەتینیدا هەڵدەگەڕێن.*

ئەم بۆچوونە خاڵی گەلێك گرنگی تێدایە. یەکەم ئەوەی کە حزب و دەسەڵاتی کوردی تا ئەوکاتەی کە لە بەرامبەر ئەویتری دوژمن یان نەیاردایە، تا ئەوکاتەی کە هەست بە مەترسییەك لەسەر ناسنامەکەی دەکات، یان لەسەر مانەوەی دەکات، باشتر دەتوانێت دەست بە ئامرازەکان و هۆکارەکانی مانەوەی خۆیەوە بگرێت. بۆ نموونە زمان، کولتوور، سیمبولەکانی و یادەوەرییەکانەوە. بەڵام کاتێك بابەتی دەسەڵات دێتە ئاراوە خۆی وون دەکات. ئەو هەنگاوانەی کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا هێژراون لە دروستکردنی هەندێك چەمك و وشەی ڕەسەنی کوردی، دروستکردنی ڕۆژژمێر، سیمبولەکانی وەك پێشمەرگە هەنگاوی گەلێك گرنگ بە ئاراستەی نەتەوەسازین. بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە ململانێ لۆکاڵی و هەندێکجار بان ـ نەتەوەییەکان بەسەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا زاڵ دەبن.

بۆچوونی زۆرێك لە بەشداربووان بەو ئاراستەیە دەڕوات کە دەسەڵات لە کوردستاندا هەنگاوی پێویستی بە ئاراستەی نەتەوەسازی و بەکارهێنانی کۆیادەوەرییەکان لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا نەناوە. ئەوەی هەبووە، کرچوکاڵ، شێواو، سیاسەتی ڕۆژانە، فشاری دەرەوە و سوتفە، یان لە بنەوە بووە.

بەشداربوویەك لەم ڕووەوە هیچ جیاوازییەك ناکات لە نێوان حزبەکاندا:

*دەسەڵات هیچ هەنگاوێکی بە ئاراستەی نەتەوەسازی نەناوە. ئەوان بە دەیان و سەدان ڕێکخراویان دروست کرد بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە. بۆیە بۆ چەپ، ئیسلامییەکان و سەلەفییەکانیش هەروایە. لەکاتێکدا دەبوو بە ئاراستەی نەتەوەسازی کار بکەن.*

واتە بونیادی حزب لە کوردستاندا لەسەر بنەمایەکی نەتەوەخوازیی دانەمەزراوە و ستراتیژ و خەون و تێگەیشتنی بۆ نەتەوە ڕوون نەبووە. نەتەوەسازی پێویستی بە هەنگاوی ورد و بەرنامە بۆدارێژراوی پشتئەستوور بە بناغەیەکی بتەوی مێژوویی و گێڕانەوەی بەهێز هەیە کە بتوانێت دەرەقەتی گێڕانەوەکانیتر بێت کە وەك نەتەوەی سەردەست هەژموونی خۆیان سەپاندووە. لەم ڕوانگەیەوە هەموو نەتەوە و دەوڵەتانیتر لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە بگرە کە هەر لە سەرەتای بەنەتەوەبوونیانەوە بناغەی کۆمەڵێك فەرهەنگستانیان دارشت تا وڵاتانی چواردەوری کوردستان کە ئەرشیفێکی نیشتیمانیی دەوڵەمەندیان بۆ خۆیان دروست کرد، پشتیان بە توێژینەوەی تایبەتی نەتەوەیی بەست. بەشداربوویەك جەخت لەسەر ئەو کەموکورتییەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا دەکاتەوە:

*تۆ سەیر بکە دوای سێ ساڵ لە ئازادی، حکومەت، پەرلەمان، موئەسەسات، تاوەکو ئێستا دامەزراوەیەکی گرنگت نییە کە خەریکی دراساتی نەتەوەیی بێت. بەڵام تا ئێستا دامەزراوەیەکی بێلایەن نییە کۆمەك بکرێت بۆ ئەوەی دراساتی نەتەوەیی بکەیت.*

بۆیە بەشداربوویەکی تر ئاماژە بەوە دەکات کە تەنیا جێبەجێکردنی هەندێك هەنگاوی سەرەتایی بەرەو نەتەوەسازی بەس نییە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکان بگەیت، بەڵکو گرنگ پارێزگاری و بەدواداچوونی بەردەوامی ئەو پرۆسەیەیە:

*کۆمەڵێك کار کراوە. بۆ نموونە لە سیستەمی پەروەردەدا. یان کۆمەڵێك یاسا و بڕیار دەرچووە لە پەرلەمان. لە سەر ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی شەهید. مەبەستم ئەوە نییە کە هیچ کراوە یان نەکراوە. کۆمەڵێك هەنگاو نراوە. بەڵام ئەوەی کە نەکراوە بریتییە لەوەی کە چۆن ئەمانە بپارێزرین لە نێوان ئەو ڕکابەرییە سەقەت و تەسك و کورتمەودایە حزبییەدا. با کۆمەڵێك نموونە بهێنمەوە. ئەم پرۆسەیە. من ناوی دەنێم پرۆسە، چونکە ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە دەبێت بەردەوام لە پەروەردەدا و لە میدیادا بەردەوام بێت و خۆی زیندوو بکاتەوە. ئەم پرۆسەیە لاوازە لە کوردستاندا بۆ نموونە چۆن سەیری هەڵەبجە دەکەیت. چۆن سەیری ئەنفال دەکەیت. ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە.*

## ئەقڵییەتی نەتەوەسازی

لەڕوانگەی بەشداربووانی چاوپێکەوتنەکانەوە هەموو پرۆژەیەکی نەتەوەسازی دەبێت پشتبەستوو پلان و ستراتیژ ببەستێت. ئەوان جەخت لەسەر ئەقڵییەتی نەتەوە سازی دەکەنەوە. یەکێك لە بەشداربووان تێبینی لەسەر کێشەی هوشیاریی کورد وەك دەسەڵات هەیە. ئەو باس لەوە دەکات کە:

*کورد هوشیاری نەبووە لە هەموو قۆناغەکانی حەرەکەی کوردی. ئەو کەموکورتییە مەعریفی بێت یان سیاسی. یان مۆبیلیزەکردنی خەڵك. کە ئەو کەموکورتییە هەبوو، لەگەڵت دێت و گەشە دەکات. ئەمانە ئەساسێکی قووڵی مەعریفیان نەبووە. کیشەی کورد ئەوەیە کە نەیتوانی ئەو خەیاڵە نەتەوەییە دروست بکات، ئەو مێنتاڵیتییە دروست بکات کە بتوانن لەسەری بڕۆن.*

یەکێك لە بەشداربووان ناوی دەنێت ڕۆشنگەری:

*بە شێك لە نەتەوە سازی ڕۆشنگەرییە. ئەقڵی ڕۆشنگەر نییە کە دە ست لە سەر برینەکان دابنێت. ئەگەر بەرژەوەندییەکان نیشـتیمانی بن ئەوە زۆرباشـە. بەڵام شـەخسـی و ناوچەیی بن وامان لێدێت کە ئیسـتا هەیە.*

بەشـــداربوویەکی تر بـاس لە فەلســەفە و گوتـاری حزبە کورییەکـان دەکـات بە تـایبەت حزبە دەسەڵاتدارەکان:

*بە هیچ جۆرێك باســی پرســە ســتراتیژییەکان لە بەرنامەی حزبە کوردییەکاندا نییە. نەتەوەســازی و نیشتیمانسازی بە واتا ناشناڵە نوێیەکەی وەك ئەوەی کە نوح هیراری باسی دەکات بوونی نییە. دوای ئەو ناهوشیارییەی بزووتنەوەی کوردی بەتایبەت دوای ئەوەی کە بەرەی کوردستانی و یەکێتی و پارتی خۆی دەنوێنێت هیچ پرۆژەیەکی نەتەوەسازییان نەبووە.*

بۆیە بەشـداربوویەك جەخت لەسـەر جێگرەوەیەك بۆ ئەقڵییەتی باو دەکاتەوە، کە ئەویش بەرنامەی بزووتنەوەی گۆڕان بووە بۆ دروستکردنی دەوڵەت:

*نەوشـیروان مسـتەفا بۆچوونی وابوو بۆ دروسـتبونی دەوڵەتی کوردی دەبێت پایەکانی دروسـت ببێت. خیتابی کاك نەوشـیروان و گۆڕان لە دوای (2007) خزمەتگوزاری ئەبێت. لە ڕێگەی خزمەتگوزاری و دروســتکردنی هێزی چەکدارەوە پایەیەکی گرنگی دەوڵەتی کوردی ئەتوانیت دروســت بکەیت. بۆیە خیتابەکەی خیتابی قەومی پێوە دیار نییە، ئەو پێیوایە کە ئەمە ڕێگە ڕاستەکەی کوردایەتییە. ئەو ناوی ئەم شـتانە ئەنێت فشـەی کوردایەتی. فشـەی کوردایەتی لای ئەو زیاتر موبالەغاتی زمانەوانییە. چۆن بتوانیت گەنج پێ بگەیەنیت تەعینی بکەیت. دەوڵەت پایەی هەیە. لە ڕێگەی عەقلیەتی پارتی و یەکێتییەوە دروست نابێت. ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو.*

یەکێك لە بەشـداربووان، ئاماژە بەوە دەکات، کە نەتەوەسـازییەکەی ئێمە، لە کوردسـتاندا کێشـەی ئەوەیە کە لە بـانەوە بۆ بنەوە نەکراوە. بەڵکو لە بنەوە و بەدزییەوە کراوە. بە واتـایەکیتر لە ڕێگەی نەتەوەسازێکەوە نەکراوە. لە ڕێگەی هەندێك دامودەزگای ناحکومی، یان لە کایەی هونەر و ئەدەبیاتەوە هەوڵدراوە، یان دامودەزگاکانی حکومەت بۆ نموونە لە ڕێگەی پرۆگرامی پەروەردەوە کاری لەســەر دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کردووە، بەڵام ئەمانە هەمووی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و نازانستی بووە:

*بەنەتەوەبوونمان لە دامێنەوە کراوە بۆ سەرەوە نەك وەك تورکیا لە سەرەوە بۆ خوارەوە. بەڵام ئێمە لە ڕیگەی ئەدەبیات و شیعر و نامەی نهێنی و ئەو شتانەوە ئەوەمان کردووە. لە دامێنەوە. ئێمە بەدزییەوە کردووەمانە. ئەو دامەزراوانەی لە دامێنەوە نەتەوەسازی دەکەن بە گشتی لاوازن. ئەقڵی نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی کاری لە سەر ناکرێت. ئەو ئەقڵەی بە ئاڕاستەی نەتەوە سازی و نیشتیمانسازی بەگەڕ نەخستووە. مەبەستم ئەوە نییە کە هیچ کار نەکراوە. بۆ نموونە لە پرۆگرامی پەروەردەدا کاری لەسەر کراوە. لە باشوور بە ئەقڵی نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی کار ناکرێت. هێندەی کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە باسی مەلامو ستەفا بکرێت لە پرۆگرامی خوێندن و بۆ رازیکردنی یەکێتییەکان جارجارێك باسی شێخ مەحمود بکرێت هێندە باسی کە سایەتی شێخ دەکرێت هێندە باسی بزووتنەوەی شێخ مەحمود ناکرێت. پرۆگرامی خوێندنی ئێمە ناتۆکمە و نازانستییە.*

بە شداربوویەکی تر هەر لەڕووی ئەقڵییەتەوە ئەم بابەتە دەبە ستێتەوە بە ئەقڵییەتی نەریتییانەی ئەم هێزانەی دەسەڵاتەوە:

*ئەم کێشەیە پڕاوپڕ پەیوەندی بە ناسیۆنالیزمی کوردی و باڵە تەقلیدییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە هەیە. ئەگەر یەکێتی و پارتی بەم جۆرە نەبوونایە و شەڕ و ناکۆیی و ململانێیان بەو جۆرە نەبووایە، هەرێمی کورد ستان بەم جۆرە پارچەپارچە نەبوایە، دیدێکی هاوبە شی ڕا ستەقینەی نا سیۆنالیستیان هەبوایە، بۆ نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی هیچ ئیسلامییەك ناتوانێت دژیان بووەستێتەوە. هیچ پرۆژەیەکی نیشتیمانسازی جدی و ستراتیژی لە ئارادا نەبووە.*

**بارگاویبوون**

نەتەوە سازی وەك پرۆژە و ستراتیژ لە بەرنامەی دە سەڵاتدا نەبووە. لەڕوانگەی بە شداربووانەوە ئەگەر کۆمەڵێك هەنگاو بە ئاڕا ستەی نەتەوە سازی نرابن، ئەوا ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە، لەبەرئەوەی لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەردا بارگاوی بووە بە هە ندێك دیاردە و مەرام و موزایەدە. لێرەدا لەڕوانگەی تێگەیشتنی بەشداربووانەوە ئاماژە بە هەندێك لەو حاڵەتانە دەکەین. لە بارگاویبوونی کاربەدەستانی ئێستاوە دەست پێدەکەین بە نیولیبرالیزم و دەستگرتن بە بەرژەوەندییە مادییەکانەوە لە کاتێکدا کە دەبوو میراتگری هزری نەتەوەیی نەوەکانی پێش خۆیان بن. بەشداربوویەك دەڵێت:

*ئەوەی ئێستا تەحدیدی سیاساتی حکومەت دەکات ئەوەندەی نیو لیبرالیزمن ئەوە ناشنالیست نەبوون و نین. ئەوان هەر بە عەمەلیی دژی نەتەوەی خۆیان ڕادەوەستن و کەسیش پێیان ناڵێت پشتی چاوت بڕۆی پێوەیە.*

بەشداربوویەکی تر پشتڕاستی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەکاتەوە:

*بابەتی ئینتیما پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە عەدالەتەوە هەیە. هەر لە سەرەتاوە کە ڕاپەڕین کرا، ئێمە بە سەقەتی دەستمان پێکرد. هاوڕێکەم کە لەگەڵ من بوو و پێشمەرگە بوو، ئێستا هەموو بازاڕی سلێمانی لەبەردەستە. شەهیدی سەرکردە هەیە کوڕ و برا و هەموو کەسوکاری بوونە ملیۆنێر. سەد شەهیدی گەرمیانیش نان نییە بیخۆن.*

کاتێك ناسیۆنالیزم پاشەکشێ دەکات و ئەقڵییەت و ئایدیۆلۆجیایەك نییە لە پشت دیاردە و ڕووداوەکانەوە و بابەتی بەرژەوەندی دێتە پێشەوە، گرنگیدان بە ئامرازەکانی نەتەوەسازی وەك زمان و کولتوور و کۆیادەوەری و .. گرنگیی خۆیان لەدەست دەدەن. بەشداربوویەك دەڵێت:

*ئەو هەموو شارایانەیان کردە گوندی ئینگلیزی و ئەمریکی و ئەو شتانەیان ناو لێنان و هیچ بەلاشیانەوە گرنگ نەبوو. یانی چی زین سیتی؟ زینەکە کوردییە بەس سیتییەکەت بۆ چییە؟*

بارگاویبوون بە حزبایەتی، یەکێکیترە لە ئالەنگارییەکانی بەردەم نەتەوەسازی. بەشداربوویەك جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە:

*لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو پرسە گەورە نەتەوەییەکان دەبنە بنەمای ململانێی سیاسی. بۆ نەتەوەسازی بۆ نموونە لە سیستەمی پەروەردەدا. یان کۆمەڵێك یاسا و بڕیار دەرچووە لە پەرلەمان. لەسەر ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی شەهید. بە پارتییەکانیش دەڵێم کە گەورەترین زەربەیەك کە لە ناسیۆنالیزمتان دا ئەوە بوو کە کردتان بە بابەتێکی سیاسی. بەشێك لە ململانێی سیاسی. ئەگەر ئێوە خەمی ئەو پرسە گەورانەتان هەبایە دەبایە لەبەر خاتری ئەو پرسە گەورانە، کۆمەڵێك کێشە و پرسی سیاسی وەلاوە بنێین.*

بەشداربوویەك باس لە عەشرەتسازی لەجیاتی نەتەوەسازی دەکات:

*شکستی باشوور لە زاڵبوون بەسەر عەشایردا. مەسەلەی عەشایری لەبەر هەڵبژاردن و بەرژەوەندییەکان بەهێز بوویەوە. کوردستانی باشور هێشتا عەشایر ماینە. ئێمە لە کوردستان نەمانتوانی بەسەر فکری*

*عەشایری سەرکەوین. ئینتیمای ئێمە زۆر کەم بووە. لە گوندەکان هەیە. لە ساڵی 90 هزری عەشایری نەمابوو. بەس کە هەڵبژارن و بەرژەوەندی هاتە گۆڕێ. ئەو مەسەلەش تۆختر بویەوە.*

هۆکارێکیتر دەســەڵاتی بنەماڵەییە، ئەمە تەنیا پەیوەســـت نییە بە یەکێتی و پارتییەوە. نموونەیەك دەڵێت:

*بنەماڵەکانن کە زەربە لە ناسـیۆنالیزم و دامەدەزگای دەوڵەت دەدەن. هەدەفەکە زانایی ئەوێت. هەموو دونیا دەمانپارێزێت و پێمان دەڵێن نەوت و شـــتەکەش بۆ خۆتان و چەکیشـــمان دەدەنێ کەچی هەر نازانین بەرێوەی بەرین. ئەمە نەزانییە. کادیری پارتی و یەکێتی شارچییەتی دەکەن.*

بارگاویبوونی ناسیۆنالیزم و حکومڕانی لە هەرێمدا بە دەمارگیریی زار و شارچییەتی یەکێکە لە دەردو بەڵا گەورەکان کە بە درێژایی مێژووی ڕزگاریخوازیی کورد پێوەی ناڵاندووە.

*پرســـیارەکە ئەوەیە کە هەموو ئە مانە چە ندی بۆ بەهێزکردن و هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیەتی (حزبەکان). کوردستان خاوەنی ئابورییەکی نیشتیمانی نیە. جۆرێك لە دەمارگیری لە نێوان بادینی لە دهۆك هەیە و جۆرێك جەمارگیری لێرە و سلێمانیش بۆ سۆرانی هەیە.*

بۆیە ئەگەر نەتەوەســازییەکیش جێبەجێ کرابێت ئەوا نوقســتان بووە. جارێ هەنگاو بۆ ئەنجامدانی نەتەوەســـازی بریتییە لە دامەزراندنی دامەزراوەی بەهێزی یاســـایی و جێبەجێکاری وەك حکومەت و پەرلەمان. ئەم دوو دامەزراوەیە لەگەڵ ســـەرۆکایەتی هەرێم لە چاو حزب و تەنانەت کەســـایەتییەکاندا لاوازتر نیشان دەدەن. یەکێك بە بەشداربووان دەڵێت:

بەشداربوویەك پێیوایە:

*نەتەوەسازی لە کوردستاندا زۆر شێواوە. ناکرێت بڵێیت نیمانە، ناکرێت بڵێیت موتەکامیلە. پرۆسەیەکی شـێواوە. ئەمە بە شـێوەی زۆر لەسـەرخۆ و عەشـوایی هاتووە. نە پەرلەمانەکەی پەرلەمانێکی بەهێزە. نە حکومەتەکەی یەکگرتوو و بەهێزە. سەرۆکایەتییەکەشی.*

هۆکارگەلی دیکەش هەن کە ڕێگریی لەبەردەم نەتەوەســـازیدا دروســـت دەکەن. بۆ نموونە وڵاتانی دەوروبەر. ئێران، تورکیا و عێراق، تا ئەو شـــوێنەی کە بۆیان بلوێت ناهێڵن کوردســـتان پێش بکەوێت. بەشداربوویك پێیوایە:

*هۆکارە دەرەکییەکان ڕێگرن لەبەردەم نەتەوەسازی. زۆر هەوڵماندا، بەڵام لە ڕیفراندۆم تێکماندا. ئێران و تورکیا دەوڵەتی گەورەن و دەوریان زۆر بووە. نەیانهێشتووە ببین بە دەوڵەت.*

هۆکار و میکانیزمەکانی نەتەوە سازی فرەچە شنن. بە گوێرەی کۆمەڵگە و قۆناغەکانی گە شەکردنی کۆمەڵگە، هەروەها بوون و نەبوونی دەوڵەتیش دەگۆڕدرێن. بەڵام بۆ کۆمەڵگەی کوردستان هەندێك زەمینەی زۆر گونجاو هەبوون کە دەکرا لە ڕێگەیانەوە پرۆسەی نەتەوە سازی جێبەجێ و خێراتر بکرێت. لە ڕوانگەی بەشداربووانەوە سیستمە گشتییەکانی وەك هاتووچۆ، خوێندن (پەروەردە و خوێندنی باڵا)، باشترین کێڵگەی بەرهەمهێنانی نەتەوەسازی بوون. بەشداربوویەك دەڵێت:

*بۆ ڕۆژی ئاڵا لە کۆنتێکستێکی تەندروستدا دەبێت هەموو تاکێکی تەندروست پێی خۆش بیت، بەڵام ئێستا پەیوەستە بە پارتییەوە. هەروەها سوپای نیشتیمانیی ئەو زەمینەیەیە.*

سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەتوانن کاریگەرترین ڕۆڵ ببینن لە پەروەردەکردنی تاکی نیشتیمانپەروەر، چاندنی گیانی تەبایی و ئا شتەوایی و لێکتێگەیشتن لە تاکەکان، گروپەکان و شار و شێوەزارەکاندا. هەروەها سیستمی خوێندنی باڵایە کە دەتوانێت ڕۆڵی لێکنزیککردنەوەی خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کورد ستان بدات، بەتێکەڵکردن خوێندکاران و مامۆستایان، کارئا سانی بۆ مانەوە و هاتووچۆ یان و فەراهەمکردنی زەمینەی لە بار بۆئەوەی خوێند کارێك لە دهۆکەوە بڕوات لە هەڵەبجە بخوێنێت، لە بەشە نێوخۆییەکانی ئەوێ نیشتەجێ ببێت، کارلێك و لێکتێگەیشتنی وەك زمان و هاوسۆزیی ڕوو بدات. ئەمە جگە لەڕووی ئابوورییەوە کە بە هۆی قەیرانە یەك لە دوای یەکە کانەو نەتوانراوە جادە و ڕێگاوبانی گونجاو دروست بکرێن کە شار و شارۆچکەکان پێکەوە گرێ بدەن. وەك مامۆستایەك لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ماوەی چوار ساڵە وانەی هەموو قۆناغەکانی بەکالۆریۆس دەڵێمەوە، یەك خوێندکاری خەڵکی دهۆکم لەو کۆلێژە نەبووە.

*سەبارەت بە کەرتی خوێندنی باڵا بەشداربوویەك ئاماژە بەوە دەکات:*

*گەورەترین بەربە ست لەبەردەم نەتەوە سازی لە هەرێمدا حزبی کوردییە. ئایا زانکۆ ئیرادەی هەیە. ئێمە زانکۆمان هەیە کە خاوەنی قسەی خۆی بێت. زانکۆمان نییە.*

سیستمی هاتووچۆی سەرتا سەری هەرێمی کورد ستان چۆن دەبێتە ڕێگر لەبەردەم درو ستکردنی ناسنامەی هاوبەش و نەتەوەسازی. بەشداربوویەك باس لەوە دەکات کە:

*سیستمی هاتووچۆت ڕێگرە لەبەر دروستکردنی ئەوە. سیستمی ئابوری هەروایە. بۆ بە یەکەوەیان دەبەستمەوە.*

هەموو ئەم دابەشکارییانە لەسەرەتاوە بۆ ئەو دابەشبوونەی کوردستان دەگەڕێتەوە لە نێوان دوو زۆنی سـەوز و زەرددا. کاتێك دوو زۆن و دوو ئیدارەیی باڵادەسـت بێت، کار دەکاتە سـەر دابەشـبوون و پەرتبوونی هەموو کایەکانیترتر. وەك بەشداربوویەك ئاماژەی پێدەکات:

*تا ئێستا کورد ستانیان کرد بە دوو زۆن و کوردیان چەندین دەیە گەڕاندەوە دواوە و بووە هۆی ئەوەی کە کوردایەتی ببێتـە دروشمێکی خەیاڵپڵاوی.*

**حوکمڕانیی باش**

دابە شکردن بەرهەمی ئەو نەتەوە سازییە کرچوکاڵەی دە سەڵات و حزبە حوکومڕانەکانە لە هەرێمی کورسـتاندا. زۆرینەی بەشـداربووان هاوڕان لەسـەر ئەوەی کە کە ئەقڵییەتێك لە کوردسـتاندا لە پشـت دانانی ستراتیژ و پڕۆژەیەکەوە بۆ نەتەوە سازی نەبووە. ئەگەر هەنگاوێکیش نرابێت لە ئا ستی پێویـست نەبووە. لەم مەقوولەدا، دەپەرژێینە سـەر واتا زەینییەکانی بەشـداربووان سـەبارەت ڕەنگدانەوەکانی ئەو جۆرە هەنگاوانە. بزانین بەرهەم و ڕەنگدانەوە کانی لە سـەرجەم کایە کا ندا چۆن خۆی دەنوێنێت. بەشداربوویەك دەڵێت:

*دەسـەڵات نە یانتوانی ئابوورییەك دابمەزرێنن کە خەڵکی دەربەندیخان نیوە یان قەڵای هەولێر یان بینیبێت. بۆ ئەوەی کە سەیری قەڵای هەولێری کرد بە بە شێك لە نا سنامەی نەتەوەیی خۆی بیزانێت. بەڵام کە سەدا 90ی زاخۆ کەلاری نەدیوە چۆن هە ستی بۆ قەڵای شێروانە بۆ درو ست دەبێت. هەموو ئەمان ڕێگر بوون لەبەردەم ئەو کۆیادەوەریی و ناسنامەی هاوبەش و ئەوەی ناوی دەنێین نەتەوە.*

یەکێکیتر لەو دیاردانەی کە تەنیا لە کوردسـتاندا باوی ماوە بریتییە لە دابەشـبوونی سـوپا بەسـەر حزب، عەشرەت و کەسایەتییەکاندا. وەك بەشداربوویەك دەڵێت:

*هیچ دەوڵەتێك نییە لە دونیادا سـوپای نیشـتیمانی نەبێت. لە دواکەوتووترین شـوێنی دنیادا شـتێك نادۆزیتەوە ناوی سوپای حزبی و سوپاسی خێڵ بێت. سوپای فڵان عەشیرەت بێت و مانۆڕی سەربازی بکات. جگە لە کۆمەڵگەی کوردی.*

ئەم جۆرە دابەشبوونەی سوپا و هێزەکان کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر زۆر لایەنی وەك ئاسایشی کۆمەڵگە، ئاسایشی نەتەوەیی بەتایبەتی دادەنێت. تا ئەم چرکە ساتە مانۆڕی سەربازیی سەر بەحزب و کەسایەتییەکان، جووڵاندنی هیز بە فەرمانی حزبەکان و دەزگا جیاوازەکان کە لەژێر فەرمانی یەك دامەزراوەی گەورەی نیشتیمانیدا نەبن، بە زەقی دەبینرێت. ئەمە لە کاتێکدا کە چەندین ساڵە، خواستی هێزەکانی هاوپەیمانان[1] و شەقام بریتییە لە یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر یەك چەتردا.

بەشداربوویەك دەڵێت:

*چ نەتەوەسازی و نیشتیمانسازی، لە هەردوو ڕووەکەوە نەمانکردووە و نموونەیەکی خراپیش بووین. نەتەوەسازی بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی (استهلاکی مەحەللی) هەمانبووە. سیاسەتی هاوبەشمان نەبووە. هەموو حزبەکان بەشدار بوون. ئاسایشی نیشتیمانیمان نییە. ئەم لا پارتی و ئەولا یەکێتی و قۆرخ کراوە. سوپای نیشتیمانی نییە. یەکێتی و پارتی گەورەترین کۆسپن لەبەر نەتەوەسازی. ئەقلییەت و زیهنییە هەمووی بەرەو مەسڵەحەتە.*

هەم ئاسایشی نەتەوەیی کە وابەستەی دروستبوونی سوپایەکی نیشتیمانییە، هەم پرۆسەی نەتەوە سازی بە ستراوەتەوە بە گوتارێکی هاوبەش و یەکگرتووی دە سەڵاتەوە کە پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم گوتارە پێویستی بە میدیایەکی فەرمی هەیە بۆ ئەوەی ئەو گوتارە بەگوێی هاوڵاتیاندا بدات. بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا کە خاوەنی میدیایەکی سەربەخۆ یان نیشتیمانی نییە، لە هە مانکات ڕاگە یاندنێکی نەتەوەییش ئا مادەیی نییە، میدیای حزب، تاکەکەس و میدیای سێبەر ڕۆڵی پەرتکەر، کەرتکردنی زیاتر و قووڵبوونەوە و زەقکردنەوەی ململانێکانی نێوان حزبەکان دەبینێت. تەنانەت هەندێکجار دەچێتە بەرەی دژ بە قەوارەی هەرێمی کوردستانەوە. بەشداربوویەك ئاماژە بەوە دەکات:

*ئەوەندەی نووسین، خوێندن، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، میدیا و سۆشیال میدیا وەك پرۆسە و میکانیزمی بچووك و پەرتەوازەکەر، دژی پرۆژە گەورەکەن و دژی دەزگاییکردنەکەن، هێندە نەخراونەتە خزمەتی*

[1] - Karwan Faidhi Dri, (16/12/2021), Four Western countries send letter to President Barzani on Peshmerga reforms, (https://www.rudaw.net/english/kurdistan/161220212) (2024/3/20)ڕێککەوتی دواسەردان

*پرۆژەیەکە. ئەگەر دەبینین لە ڕووداوێکدا دوو عەرەب لە کوردێك دەدەن و هەڵچوونێیی گشتی دروست دەبێت، ئەمە حەماسەتێکی سۆزدارانە و نابێ تێکەڵ بکرێت لەگەڵ نەتەوەسازیدا.*

واتە ئەم هەڵچوونەش بەرهەمی هەستێکی نیشتیمانپەروەرانە نییە کە هاوڵاتیان لەژێر کاریگەری نا سنامەیەکی هاوبە شدا بیرکردنەوە، هەڵوێست و هەنگاوەکانیان ئاڕا ستە بکەن. بۆیە بە شداربوویەك پێیوایە:

*حوکمڕانەکانی هەرێم لەوەدا سەرکەوتوو نەبوونە کە هەموو ناوچە و شارو شارۆچکەکانی هەرێم پێکەوە ببەستنەوە. هەویەیەکی موشتەرەکیان هەبێت کە هەموان بە هی خۆیانی بزانن. هەویەی موشتەرەکیان دروست نەکرد.*

ئەم دابە شکارییەی ڕوویدا، دابە شبوونی زیاتری زمانی لێکەوتەوە. لە جیاتی درو ستکردنی زمانێکی یەکگرتوو چ بە تێکەڵکێشکردنیان و چ بە زاڵکردنی یەکێك لە شێوەزارەکان، خەڵکی ناوچەکان بە گوێرەی زارەکانیان لەیەك دوور کەوتنەوە. وای لێهاتووە کە کەسێکی خەڵکی سلێمانی بە هیچ جۆرێك لە خەڵێکی دهۆکی تێنا گات. هەردووکیشان لە هەورامییەك تێناگەن. بەشداربوویەك باس لە مەترسیی زیاتری ئەم دابەشبوونە دەکات:

*کاکە خۆ لە زۆنەکەیتر سۆرانی قەدەغەیە. چونکە زمانی ستانداردیان دروست نەکردووە. ئەوەتا فلان کەس حزبی هەورامان دروست دەکات. ئەڵێ ئێمە جیاین لە کورد.*

بەشداربوویەك وەك ڕەخنە ئاماژە بە کێشەی زمانی یەکگرتوو دەکات:

*مادەم زۆرینەی هەولێر سۆرانین کەواتە ئێمە نەتەوەسازیمان نەکردووە و نەتەوایەتیمان پێنەگەیشتووە.*

لە ڕێگەی ڕووپێوەکەوە و لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە یەکێك لە بنەماکانی نەتەوەسازی بریتییە لە دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو، ئایا دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا لەم پێناوەدا سەرکەوتوو بووە؟ هاوڵاتیانی هەرێم پاڵپشتی ئەو بۆچوونەن کە دە سەڵات لەم پێناوەدا شکستی خواردووە. وەك دیارە، ٥٦% هاوڵاتیان وەڵامی نەخێریان هەڵبژاردووە.

یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی نەتەوەسازی لە هەر وڵاتێك بریتییە لە تەبایی و یەکڕیزی نێوان خەڵك و لە نێوان خەڵك و دەسەڵات لەلایەکی تر. بۆیە بەشداربوویەك پێیوایە:

*کە باسی حوکمڕانەکانی هەرێم دەکەی دەبوو تەرکیز لەسەر نەتەوەیەکی تەبا و نیشتیمانێکی تەبا بووایە، نەبووە.*

کۆڵەکەیەکی سەرەکی هەر کۆمەڵگەیەك و پڕۆژەیەکی نەتەوەسازی بریتییە لە چەسپاندنی حوکمێکی باش. لە هەرێمی کوردستاندا تا چەند پێوەرەکانی حوکمی ڕەشید لە لایەن دەسەڵاتەوە چەسپێنراون. بەشداربوویەك دەڵێت:




**هێڵکاریی ٧ ڕۆڵی دەسەڵات لە دروستکردنی زمانی یەکگرتوو**

*موئەسەساتێکی نیشتیمانیمان نەبووە. شتێکی شەکلیمان هەبووە بە ناوی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ناوەوە وانییە. ئاسایشێکی نیشتیمانی نییە. ئەمە پارتییە ئەوە یەکێتییە و قۆرخیش کراوە. لەسەر ئاستی باڵا تەسریحات هەیە کە ئەگەر پارتی ئەوەندە کورسیش بهێنێت یەکێتی ئەوەندە کورسیش بهێنێت هەر حاکمە. ئەمە کا دیموکراسی؟ مەعایری حوکمی ڕەشید (بەشداری خەڵك، سەروەری یاسا، هاوڵاتیبوون، لێپرسینەوە و لێپێچینەوە، شەفافییەتە، کەفائەت و فەعالییەتە) ئەمانە لای ئێمە تائێستا نەبوویە.*

*بەشداربوویەکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە:*

*بۆ نەتەوەســـازی دیارە کە دامەزراوەکانی ســـەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و دامودەزگای دیکەی رۆشنبیری و سیاسی و عەسکەری و ئەمنی هەن، پرسیارەکە ئەوەیە کە هەموو ئەمانە چەندی بۆ بەهێزکردنی و هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆیەتی.*

بەشداربوویەك بنەمایەکی تری نەتەوەسازی بە سەروەری یاسا هەژمار دەکات. سەروەریی یاساش یەکێکە لە پێشمەرجەکانی حوکمی چاك:

*غیابی مەسەلەی سەروەریی یاسا، سیستمێکی حوکڕانی دروست، بەو واتایەی کە سیستمەکەت، لەرزۆك، ناسکە و لاوازە. بۆیە بە دەرەجەی یەك گەورەترین بەربەرستی بەردەوام نەتەوەسازی نەبوونی حوکمڕانییەکی ڕەشیدە.*

کەواتە لێرەدا وادەردەکەوێت کە ئەگەر دامودەزگاکانی حکومەتیش هەبن، بەڵام بە شـــێوەیەکی کلێشەیی، مەرج نییە بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی هەنگاو بنێن. لە نێو ئەوانیشدا دیسانەوە ململانێ بۆ بەهێزکردنی پێگەی حزبی و تاکەکەســـیی زاڵە، نەك ئامانجی ئەو دەزگایانە پیادەکردنی حوکمڕانیی باش بێت.

**خشتەی ١٨ مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ**

| ڕیز | مەقوولە | مەقوولەی کاکڵ |
|---|---|---|
| 1 | نیازی نەتەوەسازی | |
| 2 | ئەقڵییەتی نەتەوەسازی | دابەشکردن |
| 3 | بارگاویبوون | |
| 4 | حوکمی باش | |

بە لەبەرچاوگرتنی مەقوولە ســـەرەکییەکان و ڕاڤەی هەریەکەیان، لە قۆناغی کۆدبەندیی کاکڵدا دەتوانین بڵێین مەقوولەی ***دابەشکردن*** ئەو مەقوولە کاکڵەیە کە دەتوانێت هەموو مەقوولەکانیتر ڕووماڵ بکات. بۆچوونەکان ســـەبارەت بە نەتەوەســـازیی لە لایەن دەســـەڵاتەوە لە هەرێمی کوردســـتاندا تاڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن. سـەبارەت بە قۆناغەکانی پرۆسـەی نەتەوەسـازی یان جێبەجێکردنی نەتەوەســـازی وەك پرۆژە، بەشـــداربووان پێیانوایە کە حزبەکان لە کوردســـتاندا و بەتایبەت حزبەکانی دەسەڵات هیچکات بەرنامە و پرۆژەیەکیان بۆ نەتەوەسازی نەبووە و نییە. ئەو هەنگاوانەی جێبەجێکراون

لەبەر دوو هۆکاری ســەرەکی بووە. یان لەســەرەتاوە لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییە هەرێمییەکانی وەك شــکســتی عێراق لە جەنگی کوێت و دواتر ســەپاندنی هێڵی دژەفڕین بەســەر ئاســمانی هەرێمی کوردســتاندا کۆمەڵێك گۆڕانکاریی وەك ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، دامەزراندنی حکومەتی هەرێم هـاتوونەتە ئـاراوە. ئەم گۆڕانکـارییـانە بەشــیکی پەیوەنـدی بە خەبـاتی بەردەوامی خەڵـك و حزبەکانەوە هەبووە کە دژ بە ڕژێمەکانی عێراق جەنگاون، بەشێکی وەك خەڵاتی وڵاتانی زلهێز لە سەر سـینی حازر پێشـکەش بە هەرێمی کوردسـتان کراوە. کەواتە ئەم گۆڕانکارییانە ئەگەر ڕوویاندابێت لە ئەنجامی نیازێکەوە بۆ پڕۆژەی نەتەوەسازی نەهاتووەتە ئاراوە. هەنگاوەکانیش بە ئاڕاستەی دەوڵەتسازی بوون، چونکە دەوڵەتسازییە کە پەیوەندی بە دامودەزگاکانی حکومەت و دەوڵەتەوە هەیە.

لە بەرامبەردا بۆچوونێك پێیوایە کە بەڵێ هەندێك هەنگاو بەئاڕاســتەی نەتەوەســازی لە ســاڵانی شـەسـتەوە دەسـتی پێکرد و لە بەکارهێنانی وشـەگەلی کوردیی وەك ڕۆژباش، بەکارهێنانی وشـەی پێشــمەرگەدا ڕەنگی دایەوە. دواتریش دیاریکردنی ڕۆژەکانی پشــوو، ئاڵا، نەورۆز، ڕۆژی لەدایکبوونی مەلا موسـتەفا وەك سـیمبولی نەتەوەیی، دروسـتکردنی زانکۆی پرشـوبڵاو ئەمانە کەمتازۆر کاریگەری خۆیان هەبوو. بەڵام ئەم هەنگاوانە هەڵقوڵاوی پڕۆژەیەك بەناوی نەتەوەســازی نەبوون. بەڵکو بارگاوی بوون بە کۆمەڵێـك هۆکـار و دەســتوەردانی نێوخۆیی و دەرەکی لەوانە حزبـایەتی، شـــارچییەتی، زارچییەتی، عەشرەتســازی، دووئیداری و دابەشــکردنی داهات، پاڵنەری دەرەکی و لەپێشــتربوونی بەرژەوەندییە تاکەکەسی و حزبییەکان.

لە ئەنجانی ئەم بارگاویبوونەوە، ئەوەی لەم نەتەوەســازییە بەرهەم هات، بریتی بوو لە دابەشــبوون و پەرتکردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگەی کوردســتان، دابەشــکردنی ئیدارەکان، زۆنەکان، زارەکان، ســیمبولەکان، پرۆگرامەکانی خوێندن، ڕاگەیاندن و میدیاکان، پێشــمەرگە و هێزە ئەمنییەکان، کە دواجار ئەمانە هەموویان بووەنەتە هۆی دابەشــکردن و پەرتکردنی کۆمەڵگە، شــێواندنی ناســنامەی نەتەوەیی، لاوازکردنی سۆزی نەتەوایەتی و تەبایی لە نێو خەڵکدا. بەشداربووان لە زۆربەی تەوەرەکاندا ئاماژە بە گرنگیی هەبوونی سوپایەکی نیشتیمانی دەکەنەوە کە تەنیا ئینتیمای بۆ کورد ستان هەبێت. ئەوان بە گەڕانەوە بۆ دەرفەتە یەکلەدوای یەکەکانی خەونی یەکگرتنی پێشــمەرگە ئـامـاژە بە هاوکارییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان و هەوڵەکانیان، تەنانەت هەڕەشەکانی ڕاگرتنی هاوکارییەکان و

جەختکردنەوەیان لەسەر ململانێ حزبییەکان دەکەن[1]، بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەچی ئەو خەونەی کوردان تا دێت زیاتر لەباردەچێت.




**هێڵکاریی ٨ ڕۆڵی دەسەڵات لە چاندنی سۆز و خۆشەویستی بۆ خاك و وڵات**

بۆ زانینی بۆچوونی هاوڵاتیان سەبارەت بە پرسی خۆشەویستی بۆ وڵات، لە ڕووپێوەکەدا ئەو پرسیارەمان لە نموونەکانی توێژینەوەکە کرد، یەکێك لە بنەماکانی دروستکردن و بونیادنانی نەتەوە بریتییە لە خۆشەویستی هاوڵاتیان بۆ نیشتیمان، ئایا دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا لە دروستکردنی ئەم هەستەدا سەرکەوتوو بووە؟ زۆرینەی هاوڵاتیان بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە.

کەواتە دەردەکەوێت کە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان پشتڕاستی ئەو بۆچوونە دەکەنەوە کە دەسەڵات نەیتوانیوە سۆز و خۆشەویستی بۆ خاك و وڵات لە زەینی هاوڵاتیاندا بچێنێت.

[1] – (20/7/2023), Statement from Combined Joint Task Force - Operation Inherent Resolve on recent Peshmerga Coordination Group meeting, Operation Inherent ResolveCombined Joint Task Force, (https://www.inherentresolve.mil/NEWSROOM/News-Articles/Stories-Display/Article/3465462/statement-from-combined-joint-task-force-operation-inherent-resolve-on-recent-p/) 2024/3/8 ڕێککەوتی دوایین سەردان

# بەشی نۆیەم

# نەتەوەسازی و کۆیادەوەری

## بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا

نەتەوەسازی چ وەك هزر و ئەقڵییەت، چ پڕۆژە و پرۆسە کۆمەڵێك ڕەهەندی قووڵ و پانتایی بەرفراوان لە خۆ دەگرێت. نەتەوەسازی دەکرێت بەرهەمی ناسیۆنالیزم، دەسەڵات یان هێزێکی دەرەکی بێت. لەم نێوەدا کۆمەڵێك فاکتەری وەك بونیادی کۆمەڵگە، ئاستی ڕۆشنبیری و گەشەی کۆمەڵگە، هەروەها فاکتەری سروشتی و دەستوەردانی دەرەکی ڕۆڵی تێدا ببینن. عێراق کاتێك دادەمەزرێت لەبەرئەوە نییە کە توانا و زەمینەی بەنەتەوەبوون و بەدەوڵەتبوونی تێدابووە، ئوسترالیا و کەنەدا لەبەرئەوە نەبووە کە یەك نەتەوە یان تێدا ژیاوە، بەنەتەوەبوونی وڵاتێکی وەك یابان ڕەنگە لەژێر کاریگەری وڵاتێکی زلهێزی وەك ئەمریکادا بووبێت. کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی بونیادی کۆمەڵگەی کوردستان، دەبێت قووڵتر بنکۆڵی ئەم دیاردەیە بکەین. بۆیە لە باسەکانی پێشوودا سەرنجمان لەسەر کارەکتەرەکان و بکەرەکانی نەتەوەسازی چڕ کردەوە. لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە تا تەریقەت، ئیسلامییەکان، چەپەکان و دەسەڵات. بەڵام لەم باسەدا پەنجە بۆ هەندێك هۆکاری دیکەش درێژ دەکەین. بە شێوەیەکی گشتی دەپەرژێنە سەر بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی.

پێویستە ئاماژە بە خاڵێك بکەین، کە سەبارەت بە وەڵامی چاوپێکەوتنەکان بۆ ئەم باسە بەشداربوویان زیاتر بە خاڵ ئاماژەیان بە بەربەستەکان کردووە، بۆیە لە خشتەی ئاستی یەکەمی کۆدبەندییەکاندا زۆرێك لە کۆدبەندییەکان ڕستەڕستە کراون نەك پاراگراف پاراگراف.

لە ڕێگەی تاوتوێی زانیارییەکان و کۆدبەندی داتاکانەوە، لە قۆناغی کۆدبەندی سەرەتایی کراوەدا ٣٢ چەمك و ٣ مەقوولەی سەرەکیمان بەم شێوەیەی خوارەوە دەرهێنان:

**خشتەی ١٩ بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی؟**

| ڕیز | دەستەواژە | چەمك |
|---|---|---|
| 1 | بۆ هۆکارەکان ئێمە هەمیشە لە جیاتی مەعریفە جەنگاوەرمان بەرهەم هێناوە. کۆمەڵگەی ئێمە خێڵەکی کشتوکاڵی بووە. لە ڕوانگەی ڕۆڵی ڕۆشنبیرانەوە. ئێمە زانکۆمان بە واتای وشە نەبووە کە مەعریفە بەرهەم بهێنن. ئێمە هەژارین لەو بوارەدا. ئێمە بەس باڵەخانە بەرهەم دەهێنین. | دواکەوتوویی کۆمەڵگە جەنگاوەر |
| 2 | پەراوێزبوونی ناوچە کوردییەکان هۆکارێکە. بۆیە نوخبەی کورد لەناو خەڵك نەبوون و زیاتر لە ئەستەنبوڵ بوون. نەخوێندەواریی کوردەکان. نەبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی، گەیاندن. شاخاویبوونی ناوچەکە. بونیادی خێڵەکیی کۆمەڵگەی کوردی. | جەبری جوگرافی نەخوێندەواریی دووریی نوخبە لە خەڵك |
| 3 | بازاڕی خۆفرۆشیی لە کورد ستاندا هەمیشە گەرمە. سیستمی بیرۆکراسی لاواز بووە. دابڕانی خوێندەوار لەگەڵ کولتوورەکەی لەبەر نەبوونی بیرۆکراتییەت. پێشخستنی بەرژەوەندی عەشیرەت پێش میللەت. زانکۆ لەسەر بنەمای حزبایەتی دامەزراوە. ئەوەش ڕاستە ڕۆشنبیرەکان ڕۆڵی نەرێنیان بینوە. | بونیادی عەشیرەیی |
| 4 | ئێمە وەك بیرۆکە، وەك بزووتنەوە، وەك هەست، وەك بزوێنەر، هەم وەك ڕێکخراو و هەم ڕابەر ناسیۆنالیزمی کوردییمان نەبووە. وەك ئایدیۆلۆجیا هەبووە.<br>هیچ نەتەوەیەك نییە بەقەدەر کورد دابەش کرابێت. ئێمە هەر کێشەمان ئەوە نییە ك دابەش بووین، کێشەمان ئەوەیە کە دابەش دەکرێین. | ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی ویستی زلهێزەکان |
| 5 | ناسیۆنالیزم دەبێت نەتەوە دروست بکات. هوشیاریی نەتەوەیی کورد لە پاشەکشێدایە. کورد هێشتا نەپەڕیوەتەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی نەتەوە. | قۆناغی بەرلەنەتەوە |
| 6 | جیوپۆلەتیکیش بێکاریگەر نەبێت. وڵاتانی دراوسێ ڕێگرن. کوردیش بە ئاسانی نەیتوانیوە بە ئاسانی لیدەرێك دروست بکات چونکە بەردەوام لە ململانێدا بووە. لە نەیشن بڵدینگ تینەگەیشتبوون. | لیدەر |
| 7 | بێبەرنامەیی ستراتیژیی دەسەڵات. سیاسەتی ناسنامەسازیی کورتمەودایانە. کار گەشتبێتە ئەوەی کوڕە ئەنفالێك بڵێت خۆزگەم بە بەعس یانی تۆ هیچت نەکردووە. | ئامرازەکانی پەرتەوازەکەر |

| | | |
|---|---|---|
| نەبوونی شار<br><br>قووەتی هەرێمی و دەولی | ئێمە شـــارمان نەبوو. زمانی یەکگرتوو زەحمەتە بەس ڕێنڤیســـێکا یەکگرتوو دەکرێت. ئێمە لە کوردســـتان نەماتوانی بەســـەر فکری عەشـــایری ســـەرکەوین. بەس بە فعلی کاریگەری قوەتی هەرێمی واتە دەوڵەتانی دەوروبەر، و قوەتی عاملی دەولی لێنەگەڕان. من زۆرجار دەلێم هەبوونی حکومەتی کوردســـتان ئێســـتاکە موعجیزەیە. بەو هەموو لاوازییە و پرش و بڵاوییە موعجیزەیە. کێشـــە کانی وەك دوو ئ یداری. دابڕان نێوانی ناوچەی بادینان و سۆران ئەو هزری نەتەوەیی. | 8 |
| نەبـــوونـــی ســـەرکـــردەی موجازف | بۆیە کە ناســـیۆنالیســـتەکانت ناســـیۆنالیزمیان هێندە بەلاوە گرنگ نییە هێندەی بەرژەوەندییەکانیان بەلاوە گرنگە. نەبوونی ســـەرکردەی موجازف. زۆر جار پێویســـتت بەوەیە کە جەریمەی زۆر زۆر گەورە بکەی بۆ ئەوەی نەتەوە دروست بکەیت. تەسفیاتێکی زۆر گەورە لە نەتەوەسازیدا هەیە. نەتەوەسازی جورئەتی دەوێ. کورد کەســـی وای تیا هەڵنەکەوتووە. بەس کاکە ئەمانە تەماح گرتنی. ئەوانە دەوڵەت دروستکەر نین و زۆرجار حســـابی گیرفانیان دەکەن. بۆیە گومانم هەیە لەوەی کە ئەوانە ناشـــنالیســـت بن. هۆکاری سیستمی عەشرەتگەرایی. | 9 |
| پـــرســـە نەتەوەیـــیەکـــان وەك ئەدات | بە دیاریکراوی لە ســـاڵی 2015 ەوە، پێش ڕیفراندۆم و دوای ڕیفراندۆم بۆ یەکەم جار پرســـە گەورە نەتەوەییەکان وەك ئەدات بەکار هاتن بۆ ڕکابەری و ململانێی ســـیاســـی. لەماوەی چەند ســـاڵی ڕابردوو پرســـە گەورە نەتەوەییە کان دەبنە بنەمای ململانێی سیاسی. | 10 |
| یەکخســـتـــنـــی پێشمەرگە | بونیادی کۆمەڵگەی کوردی بونیادێکی خێڵەکی بووە. کێشـــەکە ئەوەیە کە شـــوناســـە خێڵەکییەکە بەهێزتر بووە لە شـــوناســـە نەتەوەییەکە. کابرای ئەمریکی دوای 35 ســـاڵ دەڵێ ئێمە هێزی حەفتا و هەشتامان ناوێ. هێزی 150 مان دەوی. | 11 |
| حوکمی عادیلانە | بە دەرەجەی یەك گەورەترین ڕێگری بەردەم نەتەوە سازی چییە نەبوونی سیستمێکی حوکمڕانی عادیلانە. | 13 |
| دەستوور | یاسا و دەستوورمان نییە | 14 |
| زمانی ستاندارد<br><br>ئەقڵی قەبیلە | کولتوورە نەتەوە دروست دەکات. نە زمانی ستاندار و نە کوردۆلۆجی دروست نەکردووە. عەقڵی قەبیلە دژە بە نەتەوە. چونکە عەقڵی قەبیلە مەنتیقەییە. تۆ ســـەیری بکە ئەو دەرفەتە زێڕینە هەڵکەوتووە بۆ کورد، نەیتوانی نەتەوە دروست بکات. سلێمانی نەوعێکە | 15 |

| | | |
|---|---|---|
| | و هەولێر نەوعێك. مەلا مستەفا ئەو هەموو ڕەنجەی کێشا بۆ کورد، سلێمانی بە ڕەمزی خۆی نازانێت. | شێوانی سیمبول |
| 16 | سەرکردەکانی کورد دەچن عێراق دروست دەکەنەوە و لێرە هوشیاری ئەوەیان نییە، بەس کێشەکە وەعییە. تێگەیشتنە لە بابەتی نەتەوەسازی لەڕووی عیلمی و مەعریفییەوە. | تێنەگەیشتی نوخبەی سیاسی |
| 17 | ئەوەی خراپە ئەوەیە کە هەندێك کەس لە ناو پارتی بۆ بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەیەك دەیەویت دەسەڵات بۆ خۆی قۆرخ بکات. | قۆرخی دەسەڵات |
| 18 | ئەوەی لە کورد ستان ئینتیما نەماوە ئێستا پەیوەندی بە نوخبەی سیا سییەوە هەیە کە 30 ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبات. کێشەی ئێمە ئەوەیە سەرکردەکان زانا نین. زانا وەك نیلسن ماندێلایە. خلافاتی حزبی و پارچەپارچە بوونی عائیلی و حزبی، ئەوە وادە کات کە میللە تان کە دەوڵەتیان نەبوو زۆر بە ئاسانی پارچەپارچە ببن. | نەبوونی سەرکردەی زانا. |
| 19 | بوونی ئەو کیانە کاتێکە خەڵکی ئەو هەرێمە هەست بە بوونی ئینتیمای نیشتیمانی بکەن نەك نەتەوەیی. | دەستی حزب لە بڕیاری حکومەت |
| 20 | کورد لەناو سێ دەوڵەتی گەورەی استبدادی شوناسی خۆی ون کردوە. | ونکردنی شوناس |
| 21 | بابەتی ئینتیماپەیوەندی ڕاستەوخۆی بە عەدالەتەوە هەیە. هەر حزبە و خەریکی دروستکردنی عیمارەی خۆیەتی. ئێمە فرسەتێمان بۆ هاتە پێشەوە تا حەمرین لەبەردەستمان بوو. لەبەر ململانێی یەکێتی و پارتی لەدەستماندا. | بە گژیەکدادانی حزبەکان |
| 22 | سلوکی یەکێتی و پارتیش کە لە بەغدا لە خەمی پۆستن و پێگەی خۆیانن و لە نێوخۆش نەیانتوانی دەوڵەتێکی مۆدێرنی باش دروست بکەن. دابەشبوونی جوگرافیا. لە لایەك حزبێکی گەورە ڕیفراندۆم ئەکات و لە لایەك شەڕی پۆست ئەکات لە بەغا. لە لایەك من هان ئەدەی بۆ کوردایەتی لە لایەك شەڕی فەڕاشێك ئەکەیت لە بەغدا. | دووڕوویی حزب |
| 23 | کە سێری ئەکەی خەتاکەمان گشتییە، خەتای کۆمەڵگاکەمانە، جارێ ماویەتی کە پێبگا. سەبارەت بە سوپای نیشتیمانیی برۆ سەیر بکە بزانە کێ نایێتە پێشەوە بۆ سوپای نیشتیمانی. پارتی یان یەکێتی بزانە هێزەکان. ئەی ئەوە چۆنە کە ئەچێت لە پشتەوە هێزێکی دیکە بۆ خەڵکی دروست دەکات ناوی ئەنێیت چی ئەمە. پارتی ئەڵێ پارە لای ئێوەیە. ئەی با شە بۆ بوجە ناباتە ناو پەرلەمانی کورد ستان. ئەندێشەی دامەزراوەییمان | هۆکاری دەرەکی<br>ئیدارەی ڕۆژانە |

| | | |
|---|---|---|
| | نییه. کورد زۆرترین قسەی هەیە و کەمترین نووسراوی هەیە. سیستمی حکومڕانی لە هەرێم حوکمڕانییەکی سیاسی نییە. حکومەتی ئیدارەدانی ڕۆژانەیە. | نەبوونی شەفافییەت |
| 24 | نەبوونی هوشیارییەکی مێژوویی لە ناو نوخبەی کوردیدا. شەقوشڕی ناسیۆنالیزمی کوردی کە زەبری گەورەی بەرکەوتووە و ناتوانێت چوارچێوەی هاوبەش پێشکەش بکات. فۆرمێکی حوکمڕانی ناسەرکەوتوو کە نەیتوانی دامەزراوەی نیشتیمانی دروست بکات. | دامەزراوەی نیشتیمانی |
| 25 | موئەسەساتێکی نیشتیمانیمان نەبووە. شتێکی شەکلیمان هەبووە بە ناوی هەرێمی کوردستان بەڵام لە ناوەوە وانییە. ئاسایشێکی نیشتیمانی نییە. | ئاسایش و دامەزراوەی نیشتیمانی |
| 26 | گەندەڵێ وای کردووە خەڵك چەپڵە بۆ بەغدا لێدەدات. | گەندەڵی |

پاش ئەنجامدانی کردەی سەرەتایی کۆدبەندیی کراوە، لە قۆناغی دووەمی کۆدبەندیدا ٣ مەقوولەی سەرەکی دەرهێنران کە لە خشتەی خوارەوەدا ئاماژەمان پێکردوون.

**خشتەی ٢٠ مەقوولە سەرەکییەکانی پەیوەست بە بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی؟**

| مەقوولەکان | چەمکەکان |
|---|---|
| بونیادی کۆمەڵگە | دواکەوتوویی کۆمەڵگە، جەنگاوەر، قۆناغی بەرلەنەتەوە، نەخوێندەواریی کوردەکان، دووریی نوخبەی کورد لە خەڵك، بونیادی خێڵەکیی، نەبوونی شار، بونیادی عەشرەت. ئەقلی قەبیلە |
| فاکتەری دەرەکی | جەبری جوگرافی و حوکمڕانیی مۆدێرن، هۆکارە دەرەکییەکان، سیاسەتی پارچەپارچەکردنی کورد، فاکتەری جیوپۆلەتیکی، ویستی زلهێزەکان، ویستی زلهێزەکان، قووەتی دەولی. بەگژیەکدادنی حزبەکان |
| | نەبوونی پڕۆژەی نەتەوەسازی، دوو ئیدارەیی، بە سیاسیکردنی پرسە نەتەوەییەکان، لاوازی ڕۆڵی کۆکەرەوەی ئایین، نەبوونی سەرکردەی موجازف، نەبونی ئیرادەی یەکخستنی هێزی هاوبەش و هیستریۆگرافییەکان، شێوانی سیمبول، حوکمڕانی عادیلانە، گەندەڵی، تێنەگەیشتنی نوخبەی سیاسی لە نەتەوە سازی، قۆرخی دە سەڵات لە لایەن گروپێك، نەبوونی سەرکردەی زانا، دەستی حزب لە بڕیاری حکومەت، دووڕوویی حزب، سیاسەتی ڕۆژانە، نەبوونی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری |

| | |
|---|---|
| بەربەستی خودیی | سەربەخۆخواز، بازاڕی خۆفرۆشیی، نەتەوەسازی لە دامێنەوە، هێزی ١٥٠ی پێشمەرگە. ئامرازەکانی پەرتەوازەکەر، نەبوونی ئاسایش و دامەزراوەی نیشتیمانی. ئایدیۆلۆجیای نەتەوەیی. لیدەر، پرسی نەتەوەیی وەك ئەدات. یەکخستنی پێشمەرگە. دەستوور، شەفافییەت، ئاسایشی نیشتیمانی. |

**بونیادی کۆمەڵگە**

بونیادی کۆمەڵگە، بەتایبەت لە سەردەمی مۆدێرنەدا کاریگەری لەسەر هەموو دیاردەکانیتر هەیە. ئێمە کاتێك باسی بونیادی کۆمەڵگە دەکەین مەبەستمان لەو کاتەوەیە کە دەوڵەت ــ نەتەوەکان لەژێر کاریگەری سەرلەنوێ دابەشبوونەوەی نەخشەی جیهاندا لە دوای نەمانی خەلافەتی عوسمانییەوە، ساز دەبن یان ساز دەکرێن. سەبارەت بە کورد، لەوکاتەدا کە کۆمەڵگە هێشتا لە قۆناغی بەرلەنەتەوە، پێش مۆدێرنە و پێش پیشە سازیدایە، بە ئاسانی ناتوانێت ئامێزی خۆی بۆ دیاردە مۆدێرنەکان بکاتەوە. یەکێك لەو دیاردانە هەبوونی نەتەوە و دەوڵەت ـــ نەتەوەی مۆدێرنە. ئەم نەتەوەیە لە ڕێگەی نەتەوەسازییەوە ساز دەکرێت. بەڵام دیسانەوە نەتەوەسازی دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەری دیکەوە. بەشداربوویەك ئاماژە بە بونیادی کۆمەڵگەی کوردستان کە لانیکەم لە سەردەمی مۆدێرنەدا کە نەتەوەکان ساز دەبوون، ئێمەی کورد هەر خەریکی کشتوکاڵ بووین و کایە مەعریفییەکان ئامادەییان نەبووە:

*بۆ هۆکارەکان ئێمە هەمیشە لە جیاتی مەعریفە جەنگاوەرمان بەرهەم هێناوە. کۆمەڵگەی ئێمە خێڵەکی کشتوکاڵی بووە. ئێمە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیمان نەبووە. زمانی توێژینەوە غایب بووە. ئێمە زانکۆمان بە واتای وشە نەبووە کە مەعریفە بەرهەم بهێنن. ئێمە هەژارین لەو بوارەدا. ئێمە بەس بینا بەرهەم دەهێنین.*

بەشداربوویەکی تر ئاماژە بە بەهێزی سیستمی خێڵ دەکات لەچاو ڕابەرانی سیاسی دەکات:

*پێشخستنی بەرژەوەندی عەشیرەت پێش میللەت. پرۆسەی بەنەتەوەبوون بەرێکەوتبوو، یانزەی ئازار شۆڕشی کولتووری بوو. لاوازیی ڕابەرانی سیاسی لەچاو ئایینی و سەرۆك عەشیرەت.*

هەروەها یەکێکیتر لە بونیادەکان بریتییە لە مانەوەی کورد لە قۆناغی بەرلەنەتەوە:

*نا سیۆنالیزم دەبێت نەتەوە دروست بکات. هوشیاریی نەتەوەیی کورد لە پا شەکشێدایە. کورد هێشتا نەپەڕیوەتەوە بۆ سـەردەمی دروسـتبوونی نەتەوە. هێشـتا بەرلەنەتەوەین. بە تێکشـکاندنی گروپە بان نەتەوەیی و بەرلەنەتەوەییەکان جوگرافیای نەتەوەیی دروست دەبێت.*

یەکێك لە زەمینەکانی نەتەوەسـازیی بریتییە لە هەبوونی شـار. شـارەکان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەبینن. لە شاری زیندوودا ئامرازەکانی هوشیارکردنەوە لە قوتابخانە و زانکۆ، گەیاندن و ڕاگەیاندنەوە تا دەزگا کولتووری و زانستییەکان دەتوانن هزری نەتەوەسازی بە گوێی خەڵیکدا بدەن. زمانی یەکگرتوو، کولتووری هاوبەش، ناسـنامەی هاوبەش، گیانی یەکڕیزی و خەونی هاوبەش دروسـت بکەن. بەڵام کاتێك زۆرینەی کۆمەڵگە کشـتوکاڵی و نەخوێندەوارە، کاتێك ناوچەکان لەیەکەوە دوورن، شـارەکان کەمن و پەیوەندییان پێکەوە نییە، عەشرەتەکان باڵادەسـتن ئەوکاتە شـار ناتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت. دەسـتەبژێر کەمتر دەتوانێـت هزر و گوتـاری نەتەوەیی بە گوێی خەڵـك و جەمـاوەردا بچرپێنێـت. بەشداربوویەك دەڵێت:

*ئێمە شارمان نەبوو. زمانی یەکگرتوو زەحمەتە، بەس ڕێنڤیسێکا یەکگرتوو دەکرێت. ئێمە لە کوردستان نەماتوانی بەسەر فکری عەشایریدا سەرکەوین.*

بەشداربوویەك پشتڕاستی بەربەستی ئەقڵی قەبیلە و هەژاریی کولتووریی دەکاتەوە:

*کولتوورە نەتەوە دروست دەکات. نە زمانی ستاندار و نە کوردۆلۆجی دروست نەکردووە. عەقڵی قەبیلە دژە بە نەتەوە. چونکە عەقڵی قەبیلە مەنتیقەییە. تۆ سەیری بکە ئەو دەرفەتە زێڕینە هەڵکەوتووە بۆ کورد، نەیتوانی نەتەوە دروست بکات. سلێمانی نەوعێکە و هەولێر نەوعێك. مەلا مستەفا ئەو هەموو ڕەنجەی کێشا بۆ کورد، سلێمانی بە ڕەمزی خۆی نازانێت.*

بەشـداربوویەکی تر ئاماژە بە کێشـەی بونیادی هزریی کورد دەکات. کورد خۆی کێشـەی هەیە و پێنەگەیشتووە:

*کە سـەیری ئەکەی خەتاکەمان گشـتییە، خەتای کۆمەڵگاکەمانە، جارێ ماویەتی کە پێبگا، کورد زۆرترین قسەی هەیە و کەمترین نووسراوی هەیە.*

لێرەوە دەتوانین دوو بۆچوون هەڵێنجان بکەین، یەکەم لە کۆمەڵگەیەدا کە بونیادە کانی خێڵ و عەشـیرەت بەسـەر دامودەزگانی دیکەدا زاڵ بن، هەروەها کۆمەڵگەیەك کە بەسروشـت، لەبەر هەر

هۆکارێك بێت، لە قۆناغەکانی بەرلەنەتەوە و کشتوکاڵیدا مابێتەوە، ناتوانێت بەئاسانی نەتەوەسازی بکات. دووەم، نەڕەخسانی زەمینە کانی وەك هەبوونی شار، نەخوێندەواریی کۆمەڵگە، نەبوونی پەیوەندی شارەکان، پێنەگەیشتنی کورد وەك تاك، دەبنە کۆمەڵێك ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی وەك کولتوور، خەون، زمان و ناسنامەی هاوبەش.

**فاکتەری دەرەکی**

مشتومڕ لەسەر ئەوەی کە فاکتەرە دەرەکی و نێوەکییەکان، چ ڕۆڵێکیان هەیە لە پرۆسە و پرۆژەی نەتەوەسازیی لە هەرێمی کوردستاندا، بەردەوامە. هەندێك لە بەشداربووان نایشارنەوە کە هۆکارە دەرەکییە کانیش دەکرێت بەربەست بوون. لێرەدا ئاماژە بە چەند بۆچوونێك دەکەین. یەکێك لە بەشداربووان ئاماژە بە لەپەراوێزبوون و دوورەدەستیی ناوچە کوردییەکان لە پایتەختە گەورە ڕۆشنبیرییەکان دەکات. ئەو دوورەدەستییە وای کردووە کە دەستەبژێری کورد بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانین و بڕوانامە ڕوو لە ئەستەنبول و قاهیرە و بەغدا بکات و لە خەڵکەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە. ئەمە پێی دەگوترێت جەبری جوگرافی. ئەمە جگە لە شاخاویبوونی ناوچە کوردییەکان کە پەیوەندی و ئاوێتەبوونی کولتووری و ڕۆشنبیریی نێوانیان ئەستەم کردووە:

*لەپەراوێزبوونی ناوچە کوردییەکان هۆکارێك بووە بۆ نەتەوەنەسازی. بۆیە نوخبەی کورد لەناو خەڵك نەبوون و زیاتر لە ئەستەنبوڵ بوون. نەخوێندەواریی کوردەکان. نەبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی، گەیاندن. شاخاویبوونی ناوچەکە.*

بەشداربوویەك پشتڕاستی ئەمە دەکاتەوە:

*هزری ناسیۆنالیزمی کوردی لە قۆناغێکدا نەجاحەتی باشمان هێنا، بەس بە فعلی کاریگەری قوەتی هەرێمی واتە دەوڵەتانی دەوروبەر، و قوەتی عاملی دەولی لێنەگەڕان. من زۆرجار دەڵێم هەبوونی حکومەتی کوردستان ئێستاکە موعجیزەیە. بەو هەمووە لاوازییە و پرش و بڵاوییە موعجیزەیە.*

*بەشداربوویەکی تر پێیوایە:*

*کورد لەناو سێ دەوڵەتی گەورەی استبدادیدا شوناسی خۆی ون کردوە.*

کەواتە بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بۆچوونانە، کورد هەم وەك نەتەوە، هەم وەك دەسەڵات بە ئاسانی نەیتوانیوە و ناتوانێت بەربەستی ئەم سێ هێزە گەورە ستەمکارە تێپەڕێنێت. ئەمە جگە لە سیاسەتی پارچەپارچەکردنی کوردستان کە هەتا ئەم چرکەساتە وڵاتانی دراوسێ هەوڵی قووڵکردنەوەی ململانێی حزبەکان دەدەن لە هەرێمدا و سەرکەوتووش بوون. بۆچوونی بەشداربوویەك پشتڕاستی دەکاتەوە کە نەتەوەکانیتر و دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکەش هیچ زەمینە و ئامادەییەك بەنەتەوەبوون و بە دەوڵەتبوونیان تێدا نەبووە، بەڵام دەستی دەرەکی هاتن وڵاتێکی وەك عێراقیان کرد بە دەوڵەت:

*هیچ نەتەوەیەك نییە بەقەدەر کورد دابەش کرابێت. ئێمە هەر کێشەمان ئەوە نییە کە دابەش بووین، کێشەمان ئەوەیە کە دابەش دەکرێین. لە ئەوەی عێراقییەکانی یەك خست لە سەرەتاوە و دەوڵەتی بۆ دروست کردن کێبوو؟ هەستی نەتەوەیی و پێکەوەبوون و هاومەزهەبی و هاوئایینی و هاونەتەوەییی بوو؟ ئەوە تەنیا حەز و ئارەزو و بەرژەوەندی بەریتانییەکان بوو کە بە زۆر نەیهێشت بەسرا جیا ببێتەوە و سەرکوتیشی بکات و بیهێنێتەوە ژێر ڕکێفی بەغدا و کوردیشی بە هەمان شێوە هێنا. ئەگەر بەریتانیا بیویستیایە کوردی دەکردە دەوڵەت.*

## بەربەستی خودی (ذاتی)

کەمتازۆر لەڕێگەی باسەکانی پێشووەوە، ئاماژەمان بە هەندێك لە بەربەستە نێوخۆییەکان کردووە. بەڵام لێرەدا دەپەرژێینە سەر کاریگەرترینی ئەو فاکتەرانە. هەندێکیان بەرهەمی سیاسەت و نەتەوەسازیی دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانن، هەندێکیشیان درێژەپێدەری بونیاد و دیاردەکانی پێش ئەو دەمەن، چونکە ڕەگیان بە نێو کۆمەڵگەدا ڕۆشتووەتە خوارەوە و هێزەکان لە کوردستاندا چ خۆنەویستانە، یان خۆویستانە نەیانتوانیوە بەسەریاندا زاڵ بنن. زۆربەی بەشداربووان، جەخت لەسەر هۆکار و بەربەستە نێوخۆییەکان دەکەنەوە بەراورد بە فاکتەرە دەرەکییەکان. ئەگەر پرۆژە و خەونێکی درێژخایەن بۆ نەتەوەسازی هەبووایە، بیر لە بتەوکردنی ژێرخانی ئابووری و سەرچاوەکانی وزە لە کوردستاندا دەکرایەوە نەك فەوتاندنان. بەشدابوویەك دەست لەسەر کۆمەڵێك فاکتەر دادەنێت کە بەڵگەیە لەسەر ئەو کۆڵەوارییە و ئەو هێزانەی پێکهێنەری بوون:

*نەبوونی بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری سەربەخۆخواز. ڕوئیای نەتەوەسازیان نەبووە. سەرکردەی کورد هیچ ڕوئیایەکی نییە بۆ دەوڵەت. فرۆشتنی ژێرخانی ئابوری وەك سەدی بێخمە نەبوونی هێڵی نیشتیمانی.*

بوونی سەرکردەیەکی نەتەوەساز کە بتوانێت بڕیاری پڕۆژەیەك بە ناوی نەتەوەسازی بدات، پێشمەرجی سازبوونی زۆرێك لە نەتەوەکانی جیهان بووە.

بەشداربوویەك پشتڕاستی دەکاتەوە کە:

*ئێمە وەك بیرۆکە، وەك بزووتنەوە، وەك هەست، وەك بزوێنەر، هەم وەك ڕێکخرا و هەم ڕابەر ناسیۆنالیزمی کوردییمان نەبووە. وەك ئایدیۆلۆجیا هەبووە. وەك بزووتنەوە نەبووە. بزووتنەوە کێ دروستی دەکات، حزب و ڕابەر کە نەمانبووە. بە بەڵگەی ئەوەی کە کچێك لە کۆبانی بریندار ببێت هەموو کورد دڵی بۆ دەسووتێت، کچێك لە سەقز بە هەمانشێوە، کەواتە وەك هەست و بیرۆکە و ئایدیا هەبووە. وەك هەڵوێست بۆ ئەوەی ئەو هەستانە ببنە کردار پێویستیان بە حزب و ڕابەر هەیە. کە ئێمە نەمانبووە. ئەوە کەموکورتییە.*

بەشداربوویەك جەخت لەسەر نەبوونی دەستەبژێری هوشیار و دامەزراوەی نیشتیمانی دەکاتەوە:

*نەبوونی هوشیارییەکی مێژوویی لە ناو نوخبەی کوردیدا. شەقوشڕی ناسیۆنالیزمی کوردی کە زەبری گەورەی بەرکەوتووە و ناتوانێت چوارچێوەی هاوبەش پێشکەش بکات. فۆرمێکی حوکمڕانی ناسەرکەوتوو کە نەیتوانی دامەزراوەی نیشتیمانی دروست بکات.*

بەشداربوویەکی تر دەڵێت:

*کورد نەیتوانیوە بە ئاسانی لیدەرێك دروست بکات، چونکە یان بەردەوام لە ململانێدا بووە. یان نوخبە سیاسییەکەی هەر لە نەتەوەسازی تێنەگەیشتووە.*

بەشداربوویەکی تر جەخت لەسەر سەرکردەیەکی موجازفی وەك ئەتاتورك دەکاتەوە کە توانی تورکیای ئێستا بونیاد بنێت:

*نەبوونی نوخبەی سیاسی و قاڵبوونەوە لە بیری ناسیۆنالیستیدا. نەبوونی سەرکردەی موجازف. زۆر جار پێویستت بەوەیە کە جەریمەی زۆر زۆر گەورە بکەی بۆ ئەوەی نەتەوە دروست بکەیت. تەسفیاتێکی زۆر گەورە لە نەتەوەسازیدا هەیە... نەتەوەسازی جورئەتی دەوێ. کورد کەسی وای تیا هەڵنەکەوتووە.*

بۆ بڕیاردان بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی تەنیا هەبوونی کەسی نەتەوەساز بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئەو بڕیارە پشتئە ستوور بە زانایی، خوێندنەوەی ورد و زانستییانەش بێت. بە شداربوویەك جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە:

*کێشـەی ئێمە ئەوەیە سـەرکردەکان زانا نین. زانا وەك نیلسـن ماندێلایە. خلافاتی حزبی و پارچەپارچە بوونی عائیلی و حزبی، ئەوە وادەکات کە میللەتان کە دەوڵەتیان نەبوو زۆر بە ئاسانی پارچەپارچە ببن.*

پێشـمەرجێکی دیکەی نەتەوەسـازی بریتییە لە هوشـیاری دەسـتەبژێری سـیاسـی سـەبارەت بە چەمکی نەتەوەسازی. بەشداربوویەك ئاماژە دەکات بەوەی کە:

*ئێمە ئیرادەیەکی سیاسیی یەکگرتوومان نییە و نەبووە لە باشووردا.*

بەشداربوویەکی تر پێیوایە:

*سـەرکردەکانی کورد دەچن عێراق دروسـت دەکەنەوە و لێرە هوشـیاری ئەوەیان نییە، بەس کێشـەکە وەعییە. تێگەیشتنە لە بابەتی نەتەوەسازی لەڕووی عیلمی و مەعریفیەوە.*

ململانێ و پاشقولگرتن لەیەکتر، هەوڵ بۆ سڕینەوەی یەکتر و دووالیزمیی لە سیاسەت و هەڵوێستی حزبەکان یەکێکیترە لە کۆسپەکانی بەردەم نەتەوەسازی لەم سی ساڵەی ڕابردوودا وەك بەشداربوویەك دەڵێت:

*سـلوکی یەکێتی و پارتیش کە لە بەغدا لە خەمی پۆسـتن و پێگەی خۆیانن و لە نێوخۆش نەیانتوانی دەوڵەتێکی مۆدێرنی باش دروسـت بکەن. دابەشـبوونی جوگرافیا. لە لایەك حزبێکی گەورە ڕیفراندۆم ئەکات و لە لایەك شـەڕی پۆسـت ئەکات لە بەغا. لە لایەك من هان ئەدەی بۆ کوردایەتی لە لایەك شەڕی فەڕاشێك ئەکەیت لە بەغدا.*

ئاماژەی بەشـداربووان بە کۆمەڵێك خاڵی دیکەی بەربەسـت لەبەردەم نەتەوەسـازیدا باشـتر واتای زەینیی ئەوانمان سـەبارەت بەم پرۆسـەیە بۆ ڕوون دەکاتەوە: ئەمانەی خوارەوە هەندێك لەو هۆکارانەن. بەشداربوویەك هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی:

*بە دیاریکراوی لە سـاڵی (2015) ەوە، پرسـە گەورە نەتەوەییەکان وەك ئەدات بەکار هاتن بۆ ڕکابەری و ململانێیی سیاسـی. لەماوەی چەند سـاڵی ڕابردوو پرسـە گەورە نەتەوەییەکان دەبنە بنەمای ململانێیی سیاسی.*

*بۆ نموونە بەشـــداربوویەك باس لە گرنگیی چەسـپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوون وەك بنەمایەکی نەتەوەسازی دەکات: یاسا و دەستوورمان نییە.*

هۆ کاری دیکە لە ڕوانگەی بەشـــداربوویەکەوە بریتییە لە نەبوونی دادەپەروەری و ڕەخســا ندنی دەرفەتی یەکسـان، کە کاریگەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر ئینتیما هەیە. کاتێك هەر حزبێك خەریکی بەرزکردنەوەی باڵەکانی خۆیەتی، سۆزی نەتەوەیی چۆن لاواز نابێت:

*بابەتی ئینتیما پەیوەندی ڕاسـتەوخۆی بە عەدالەتەوە هەیە. هەر حزبە و خەریکی دروسـتکردنی عیمارەی خۆیەتی. ئێمە فرسـەتێمان بۆ هاتە پێشـەوە تا حەمرین لەبەردەسـتمان بوو. لەبەر ململانێی حزبەکان لەدەستماندا.*

یەکێکیتر لە بەربەسـتەکـان ئەو گەنـدەڵییەیە کە بووەتە خۆرەی سـیسـتەمی دەسـەڵات و دوورخستنەوەی خەڵك و حکومەت:

*گەندەڵی وای کردووە خەڵك چەپڵە بۆ بەغدا لێدەدات.*

نەتەوەسـازی لە کوردسـتانـدا تەنیـا ئەم بەربەسـتانەی بەخۆوە نەدیوە. بەڵکو هێزە بـان ـ نەتەوەییەکانیش بۆ خۆیان ڕێگر بوون لەبەردەم دروسـتبوونی یەکڕیزی و ڕۆڵێکی نەرێنیان بینی لە کۆکردنەوەی خەڵکیدا. چەپەکان و ئیسـلامییەکان بە بەرزکردنەوەی گوتاری برایەتی گەلان و برایەتی موسـوڵمانـان ڕێگرییـان لە کۆکردنەوەی کوردەکـان لە دەوری یەك ئـایـدیۆلۆجیـا و یەك ئـایین. بەشداربوویەك ئاماژە بەوە دەکات:

*کە مورسی لادرا یەکگرتووەکان خوپیشاندانیان کرد، ئەمە واتە نەیانتوانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان جیا بکەنەوە. بەڵام کابرای تورك لە چەپەوە بۆ ڕاست لەسەر مسەلەی دەوڵەتبوونی تورکیا هاوڕان.*

یەکێك لەو هۆکارانەی کە وای کرد لە ڕۆژئاوا نەتەوە پێش هەموو وڵا تانی جیهان سـاز ببێت، سیستەمی بیرۆکراسی بوو. بە گەڕانەوە بۆ ماکس ڤێبەر، ئەگەر بنەماکانی سیستەمی بیرۆکراسی بریتی بێت لە دەسـتنیشـانکردنی ئەرکەکانی دامەزراوەکان و ڕوونبوونی دەسـەڵاتەکانی کاربەدەسـتەکان، بوونی هەرەمی شـەفاف بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، هەروەها بوونی سـیسـتەمێکی چاودێریی یەکدەسـت و هەندێك بنەمای دیکە، لە ڕوانگەی بەشـداربوویەکە نەبوونی ئەم سـیسـتەمە لە کۆمەڵگەی کوردسـتان هەر لە دێرزەمانەوە زیانێکی زۆری لە نەتەوەسازی داوە :

*سیستمی بیرۆکراسی لاواز بووە. دابڕانی خوێندەوار لەگەڵ کولتوورەکەی لەبەر نەبوونی بیرۆکراتییەت.*

بیرۆکراتییەت هەموو دامودەزگاکانی حکومەت دەگرێتەوە. سـوپای نیشـتیمانیش هەر دەچێتە ئەو بازنەیەوە. کاتێك بیرۆکراسییەت نەبوو، دەسەڵاتەکان شەفاف نەبوون، سەرکەوتن بەسەر هەڕەمەکانی دەسەڵات و چاودێری توندوتۆڵ و ڕێکوپێك نەبێت، هێزێکی نیشتیمانیش دروست نابێت. ئەو هێزانەی دروسـت دەبن، دەبێت سـەر بە حزبەکان بن و دواجار لە هەموو دۆخێکدا سـەرەتا سـۆزیان بۆ حزب و بەرپرسەکەیان دەبێت تا نەتەوە و نیشتیمان. بۆیە بەشداربوویەك بابەتی نەتەوەسازی دەبەستێتەوە بە سوپایەکی یەکدەستی نیشتیمانییەوە:

*سەبارەت بە سوپای نیشتیمانیی بڕۆ سەیر بکە بزانە کێ نایێتە پێشەوە بۆ سوپای نیشتیمانی. پارتی یان یەکێتی. ئەی ئەوە چۆنە کە ئەچێت لە پشـتەوە هێزێکی دیکە بۆ خەڵکی دروسـت دەکات ناوی ئەنێیت چی ئەمە.*

هەر لەبارەی سـوپاوە بەشـداربوویەك باسـی خەمسـاردیی هێزە کوردییەکان دەکات بە ئاڕاسـتەی نەتەوەسازی. ئەو نموونەی کونسوڵی ئەمریکا دەهێنێتەوە کە چۆن بەتانەوە باسی دروستبوونی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگەی کوردستان دەکات :

*هیسـتریۆگرافییەکان بوون بە هێزی دوو حزب. تەنیا دەسـتکاری مەنهەج گرنگ نییە. هەر خەریکی ملشـکاندنی یەکتر بوون. هەر یەکە دەیەوێت مۆرکی خۆی لە هیسـتۆریۆگرافییەکە بدات. یەکێتی و پارتییش دەویسـت مۆرکی خۆی بخاتە سـەر. مەسـەلەن زەقکردنەوەی شـۆڕشـی ئەیلوول و گوڵان و چاوپۆشی لە هەمو شکستەکان. ئەوە 32 ساڵە شتی زۆر کەمیان کردووە. کابرای ئەمریکی دوای 35 ساڵ دەڵێ ئێمە هێزی حەفتا و هەشتامان ناوێ. هێزی 150 مان دەوێت.*

ئەم نەبوونی سوپای نیشتیمانییە تەنیا لە دابەشبوونی پێشمەرگە بەسەر دوو حزبی دەسەڵاتداردا کورت نـاکرێتەوە، بەڵکو کەسـایەتی، بەرپرس و هێزگەلی دیکەش هەن کە خـاوەنی لیوا و هێزی پێشـمەرگەی خۆیانن و جاری وا هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانیان لەگەڵ ئەوانیتردا هێزەکان دەخەنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە. یان جاری وا هەیە بە نمایشی سەربازی، عەرزی عەزەڵات دەکەن. بۆ نموونە سـەرنجی هێزێکی وەك پارتی سـۆسـیال دیموکراتی کوردسـتان بدەن، کە سـاڵانە نمایشـی

سەربازی خۆی ساز دەکات و چەك و جبەخانەکەی لە ڕێگەی کەناڵە فەرمییەکان و میدیاکانییەوە بڵاو دەکاتەوە[1].

هەر ئەم بەشداربووە باس لە شەفافییەت لە داهات دەکات، وەك بنەمایەك بۆ حوكمڕانی:

*پارتی ئەڵێ پارە لای ئێوەیە. ئەی باشە بۆ بودجە ناباتە ناو پەرلەمانی كوردستان. جیوپۆلەتیكیش بێكاریگەر نەبێت. وڵاتانی دراوسێ ڕێگرن.*

**خەونی نەتەوە**

بە گوێرەی مەقوولە سەرەكییەكان و ڕاڤەكانی سەرەوە دەتوانین بڵێین مەقوولەی *خەونی نەتەوە*، ئەو مەقوولەیە كە دەتوانێت هەموو پرسیارەكان و باسەكانی سەرەوە ڕووماڵ بكات و لایەنی شیكاریشی هەبێت.

بەگوێری مەقوولەی كاكڵ كە خۆی هەڵێنجراوی مەقوولەكانیترە و لە كۆدبەندی چاوپێكەوتنەكان و ڕاڤەی مەقوولەكانەوە بۆمان ڕوون بوویەوە كە بەربەستەكان لەبەردەم سازبوونی نەتەوە لە هەرێمی كوردستاندا قووڵ و كاریگەرن. لە ڕوانگەی خەڵكی كوردستانەوە بونیادی كۆمەڵگەی كوردستان بەربەستێكی سەرەكی بووە لەم پێناوەدا. كاتێك بونیادی كۆمەڵگە، ئاستی پێشكەوتن و هوشیارییەكەی قۆناغی كشتوكاڵی، خێڵەكی و پێش پیشە سازی تێنەپەڕاندووە، ڕەنگە بە دەستێكی دەرەكیی یان ڕێككەوتنێك لەنێوان وڵاتانی زلهێز بتوانرێت دەوڵەتسازی بكرێت، بەڵام نەتەوەسازیی ئەستەم دەنوێنێت. هەندێك لە خێڵ و عەشرەتەكان كۆچەریی بوون و لە شوێنێك نەگیرساونەتەوە تا هەست بە سۆزێك بۆ شوێنێكی دیاریكراو بكەن. ئەمە لە كاتێكدا جوگرافیای سەخت و دووریی شوێنەكان لەیەكتری، نەبوونی سیستەمی هاتووچۆی خێرا، نەبوونی چاپخانە و چاپەمەنی هەموویان كاریگەرییەكی ڕاستەوخۆیان هەبووە.

1 - یادی ٤٧ ساڵەی دامەزراندنی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان، کەناڵی یوتیوبی جەماوەر تیڤی، یادی ٤٧ ساڵەی دامەزراندنی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان (youtube.com) Sep 14, 2023 ، ڕێککەوتی دواسەردان (2023/9/14)

**خشتەی ٢١ مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ**

| ڕیز | مەقوولە | مەقوولەی کاکڵ |
|---|---|---|
| ١- | بونیادی کۆمەڵگە | خەونی نەتەوە |
| ٢- | فاکتەری دەەرکی | |
| ٣- | بەربەستی نێوخۆیی | |

ئەم ڕێگرییەی هاتووچۆ کە بەشـێکی پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆی هەیە بە نەبوونی جادە و ڕێگەوبانی گونجاو و کارئاسـانی سـیسـتمی گواسـتنەوەوە لە نێوان شـارەکان و پلانەکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی بڵاوە وایکردووە کە خەڵکی لە هەرێمی کوردسـتا ندا خاوەنی شـوێنگەلی یادەوەریی و کۆیادەوەری هاوبەش نەبن. بۆ نموونە لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ڕووپێوەکەماندا، پرسیارمان سەبارەت بە سـەردانکردنی ئەو شـوێن، مۆنۆمنێت و پەیکەرانە کرد کە کۆناسـنامەی خەڵکی پێك دەهێنن. بەڵام نموونەکانی ڕووپێوەکە بە گوێرەی شارەکانی خۆیان ئاماژەیان بە شوێنەکانیان کردبوو. واتە دابە شبوونی شوێنی جوگرافی و نەبوونی هاتووچۆی نێوا خەڵك وایکردووە، بۆ نموونە، گۆڕستان و مۆنۆمێنتی ئەنفال لە گەرمیان تەنیا لەسـەدا (7.5) خەڵکی سـەردانی بکەن و بە چاوی خۆیان ببینن، لە کاتێکدا بە گوێرەی گەورەیی تاواتەکە و بەسـوێبوونی ئازارەکە دەبوو ڕێژەیەکی زۆر لەوە ز یاتر بـێت. هەروە ها مۆنۆمێنتی بارزانییەکان تەنیا (19.5) و ڕێژەی شوێنەکانیتریش ڕوونە.




**هێڵکاریی ٩ سەردانکردنی شوێنەکانی یادەوەری لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوە**

بە شێك لەم فاكتەرانەی با سمان كردن، بۆ نموونە دووریی ناوچەكان لەیەكتری و نەبوونی چاپخانە و ئامرازەكانی پێشـكەوتن و گەیاندن، پەیوەندی بە سـیاسـەتی پەراوێزخسـتنی دەوڵەتانی دراوسـێوە هەبووە بەمەبەسـتی گەشـەنەكردنی ناسـیۆنالیزمی كوردی و پێشـنەكەوتنی ناوچە كوردییەكان یان سیاسەتی پارچەپارچەكردنی كوردستان.

لە ڕوانگەی بەشـداربووان، كاریگەرترین فاكتەر و بەربەسـتەكان، بەربەسـتە خودییەكانن. ئەو بەربەستانەی كە دەتوانرا بە هەبوونی یەك بزووتنەوەی نەتەوەخواز لە سەرتاسەری كوردستان، خەونی نەتەوەیی و نیشـتیمانی، ئەقڵییەتی نەتەوەسـازی، سـەركردەیەكی نەتەوەسـازی سـەركێش، پڕۆژەی نەتەوەیی، دامركـانـدنی بـاڵبـاڵێن و ململانێی حزبی، شـوێن پۆسـت و پـارەنەكەوتنی حزب و دەسـەڵاتداران، چەسـپاندنی حوكمی باش، پووكاندنەوەی (ناسـنامەی لۆكاڵی، شـارچییەتی، زارچییەتی و عەشرەتچییەتی)، دامەزراندنی سـوپای پێشـمەرگە و دواجار ناسـنامەی هاوبەشـی نیشتیمانی تێپەڕێنرێن.

ئەوكاتە، دەرهاویشـتەكانی تێپەڕاندنی ئەم بەربەسـتانە خۆی دەبینییەوە لە بونیادنانی كۆمەڵگەیەك كە تاكەكان تێیدا هەست بە بوونی ئینتیما بۆ نەتەوە و نیشتیمان دەكەن و بەرجەستەبوونی كۆمەڵێك بەهای وەك چەسپاندنی دادپەروەری، سیستمی دیموكراسی، یاساسەروەری و نەبوونی گەندەڵی و هەبوونی شەفافییەت لە خەونی نەتەوەسازی نزیكی دەكردنەوە.

## كۆیادەوەری و نەتەوەسازی

لەم توێژینەوەیەدا، چەمكی كۆیـادەوەری یەكێكە لە گۆڕاوە سـەرەكییەكـان. بۆچی كەوتووە دوا تەوەری توێژینەوەكەوە، لەبەرئەوەی كە یەكەم، نەتەوەسـازی چەمكێكی فرەڕەهەند و پانتاییەكی زۆر فراوان لە خۆ دەگرێت. بۆ ئەوەی بنكۆڵی چەمكەكە بكەین دەبوو سـەرەتا لە بونیادەكانی كۆمەڵكەی هەرێمی كوردستان تێبگەین، پاشان كارەكتەرە سەرەكییەكان كە بە شدارن یان دەیانتوانی بە شدار بن لە نەتەوەسـازیدا. لەو حەوت باسـەیەی پێشـوودا، لە ڕوانگەی بەشـداربووان و هاوڵاتیانی هەرێمی كوردستانەوە، پەیوەندی نێوان هەر باسەیەك و نەتەوەسازیمان شەنوكەو كرد. هەر باسەیەك بەجۆرێك لە جۆرەكان ڕەهەندێكی نەتەوەسـازیی بۆ ڕوون دەكرینەوە بۆ ئەوەی بزانین كۆیادەوەرییەكان لە كوێی

ئەم پەیوەندییەدان. کۆیادەوەرییەکان یەکێك لە کۆڵەکەکانی نەتەوەسازی پێك دەهێنن. کۆیادەوەرییەکان بۆ کورد و بۆ هەرێمی کوردستان دەتوانن ببنە هەوێن و بنەمایەکی نەتەوەسازی. لێرەدا، لە ڕوانگەی واتا زەینییەکانی بەشداربووانەوە، دەمانەوێت پەی بە کاریگەرییەکانی کۆیادەوەرییەکانی کورد لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا ببەین. کۆیادەوەرییەکان کامانەن، تا چەند ڕۆڵیان هەیە لە نەتەوە سازیدا؟ لە لایەن کورد و دە سەڵاتەوە چۆن بە مەبە ستی نەتەوە سازی بەکار هێنراون؟ پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە کۆیادەوەری مەرج نییە تەنیا ڕوودا و کارەساتێك بێت. کۆیادەوەری دەکرێت ڕێبەرێکی نەتەوەیی و ئایینی، شوێنێکی یادەوەری، سیمبولێك، ڕووداوێك و تەنانەت دەکرێت بەرهەمێکی ئەدەبی بێت.

بۆ ئەمە مەبەستە، دوای تاوتوێی زانیارییەکان و کۆدبەندی داتاکان، لە قۆناغی کۆدبەندی سەرەتایی کراوەدا ٤٢ چەمك و ٤ مەقوولەی سەرەکیمان بەم شێوەیەی خوارەوە دەرهێنان:

**خشتەی ٢٢ کۆیادەوەرییەکانی خەڵکی باشووری کوردستان کامانەن؟ لە کوردستاندا چ پەیوەندییەك هەیە لە نێوان نەتەوەسازی و کۆیادەوەریدا؟**

| ڕیز | دەستەواژە | چەمك |
|---|---|---|
| 1 | بەم هەموو قوربانیدانانەوە تا هەنووکە نەمانتوانیوە کۆیادەوەریەك دروست بکەین. کە پرسیارێکی جدییە لەسەر کورد. بە هاوخەمی گشتی ئەتوانرێت نەتەوە دروست بکرێت. تا ئەم چرکەیە کەسێکی کەلاری ئەنفالی بەرزانییە کانی بە کۆیادەوەری نازانێت. یان بەرزانییەك نەزانێت گەرمیان ئەنفال کراوە. ئێمە جێگرەوەی خۆبەقوربانیزانیمان بریتییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە. ئێمە هەر خەریکی کڕوزانەوەین. ئەگەر تەنیا بەدەوری قوربانیدا بسوڕێینەوە مەعریفە بەرهەم ناهێنین. | کڕوزانەوە |
| 2 | دروستنەبوونی سیمبولی نیشتیمانی. نەبوونی مۆزەخانە و ئەرشیفی نیشتیمانی. وەکیەکبوونی حزبەکان. کۆیادەوەری دروست نەبووە. خۆیان هۆکاری سەرەکی دابەشبوونی کویادەوەرین. ئەوەی هەشە لەناوی ببەن. | سیمبولی نیشتیمانی |
| 3 | پێشمەرگایەتی یەکێك لەو شتانە بوو کە هەموو کوردی کۆدەکرێتەوە. یادەوەرییەکان دەکەینە لۆکاڵی. تەعریب یەکێکترە لە یادەوەرییەکان. کار لەسەر کۆیادەوەری نەکراوە. بەڵام لەبارێکی ئاوا شڵەژاوی وەك ئێستادا خەڵك زۆر نایپەرژێتەسەر ئەو یادەوەرییانە. بۆیە | کۆیادەوەریی و سیمبولی زۆر |

| | | |
|---|---|---|
| | لەم دۆخەدا ئاسان نییە بڕیار بدەین کە ئایا کۆیادەوەری هەیە یان نا، دەمێنێتەوە یان نا! بەداخەوە ئەم بابەتی کۆیادەوەرییە تەنیا بە کۆمەڵێك کە سی ڕۆ شنبیر و سیا سیی ئاقڵ و هۆشمەند دەکرێت کە لە کوردستاندا نیمانە. بەم کۆمەڵە خەڵکە پاوانخوازە ناکرێت. ئەمانە ستراتیژێکی ڕوون و درێژخایەنیان نییە سەبارەت بە یادەوەری. | دۆخی شڵەژاو |
| 4 | کەم شاعیر هەیە کە کاری لەسەر نەکردێت. هەروەها کار لەسەر دروستکردنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و ئەنفال کراو. خەڵکی هەڵەبجە مۆنۆمێنتەکەیان سووتاند چونکە یەکێتی هێندە کردبووی بە سیمبولی یەکێتی و دەستکەوتێکی حزبی و دکتۆر بەرهەمیی، وەك شتێکی حزبی لێهاتبوو. ئێمە دەزانین کە ئەم کیانە ساڵی 91 دروست بووە. بەڵام تا 2005 هەرێم توانای چاپی کتێبی نییە. جگە لە خەریکبوونیان بە شەر و ململانێ مافی چاپی پرۆگرامی خوێندنیان نەبوو. بۆیە لەو کاتەوە باسی هەڵەبجە و ئەنفال دەکرێت، ڕۆژژمێری کوردی دادەمەزرێ و پشووەکان دیاری دەکرێن. ناکرێت ئەو دەستە بێگانانەش نەبینین کە ڕۆڵیان لەم بابەتەدا هەیە و لە هەوڵی زیاتر چەواشەکاری ئەم بابەتەدان.<br>بەڵام لە کوردستاندا موخابەراتی ئێران و تورکیا و عراق بە چڕی کار لەسەر ئەوە دەکەن. چونکە پێیانوایە کە لە ژێر حوکمی ئەواندا دەتوانن هەموو ئەو شتانە بکوژن کە انسانی کورد کۆدەکاتەوە. مێژوو، کولتوور، کۆیادە و .. دێن کار لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم شتانە نەبنە کۆکەرەوە. تەنیا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ناکۆکی و ناڕەزایەتی دەگاتە ڕادەیەك کە خەڵك مۆنۆمێنت بسووتێنێت. ئەوەش هۆکارەکەی فیتیی موخابەراتی وڵاتان و عێراق. یادەوەرییەکان لەژێر دەستی حزب دەربهێنرێت. بدرێتە کۆمەڵگەی مەدەنی. | نەبوونی دەوڵەت<br><br>بەربەستی دەرەکی<br><br>فاکتەری کۆکەرەوە |
| 5 | ڕاپەڕین نە وەکو دەستکەوتێکی گەورە دەبێتە یادەوەری ئێمە و انسانی ئێمە کۆدەکاتەوە نە ئەنفال وەك تراژیدیا. ئێمە ئامرازەکانی یادەوەریمان کە پێویستن بۆ دروستبوونی یادەوەری کورد ئەم یادەوەرییە دروست ناکات. ئیعلام نەیتوانیوە ئەمە بکات. هێندەی خەریکی یەکترشکاندنن. خەریکی ئەوەبێت کە ئەم خەمە هاوبەشە بکات بە خەمی هەموو کۆمەڵگە. کیمیابیباران خەمی هاوبەشە... هەرگیز بیر لەوە نەکراوەتەوە کە کۆیادەوەری بکرێنە خاڵی جەوهەری بونیادنانی نەتەوە.<br>حزبی ئێمە و سیاسەت کوردی خەریکی دابەشکردنی هەموو شتێکن. هەموو شتێکیان دابەش کردوە. تەنانەت ڕاپەرین وەك یادەوەرییەکی گەورە. خاوەندارییەکەی دابەش کراوە. سبمبولەکانی ڕاپەڕین دابەش کراون. قارەمان و پاڵەکانی. ئەنفال بە هەمانشێوە. | دابەشکردنی یاد و سیمبولەکان |

| | | |
|---|---|---|
| | تاکە شتێك حزبی کوردیی نەیتوانیوە زەفەری پێ بدات و دابەشی بکات نەورۆزە. ئاڵا نەیتوانیوە ببێتە کۆیادەوەری. بەتایبەت لەسەر ئاستی چوار پارچە. لەژێر ئەو ئاڵایەدا چەوسانەوە، ناعەدالەتی و خنکانی گەنجان دەبینی. ئاڵاکەش خۆشەویست نابێت. شوێنەکانی یادەوەریش نەیانتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینن. | دروستنەبوونی ئینتیمانی نیشتیمانی |
| 6 | هەندێك هەنگاویان نا. وەك مۆزەخانە. ئەمنەسوورەکە. بۆ هەندێك یادی وەك بارزانییەکان مام جەلال دەهات لە هەولێر و دهۆك بەشداری دەکرد. هەندێك کاری وەك ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانی کە ڕۆژی پشووە. لە سلێمانیش پشووە. ئەوە گرنگە. بەس بەم دواییە کێشە دروست بوو. ئەمنەسوورەکایان دروست کرد. دەبێت هەڵبەت بزانین بۆچی دروستیان کرد. کەسێکیان هێنا بۆ دروستکردنی مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی بەس سەری نەگرت. | وردەهەنگاوی گرنگ |
| 7 | تەماشا بکە چەندە زەحمەتە بۆ دەسەڵاتداران لە باشوور بتوانن یادەوەری شۆڕشگێڕانە بە نەوەی نوێ و گەنجان بفرۆشنەوە. زۆر زەحمەتە ئەسڵەن کە تێیانگەیەنن کە ئەم یادەوەریانە هەن و لە ڕێگەی ئەم یادەوەریانەوە هاتوون. پەیکەر و نوسینی سەرگۆڕ و تابلۆی سەرشەقام و سەرمۆر سەرنجڕاکێش نییە. نەبووتە بەشێك لە ناسنامە گشتگیرەکە. ڕەمزەکان حزبی و بنەماڵەیی و تاکەکەسین. تێگەیشتنی ناڕوونی دەسەڵات بۆ یادکراوە، وەبیرهاتوو و ڕەگەزەکانی ناسنامە. ئەوەی کە قسەکەرە لە یادەوەری دەیەوێت شتێك بسەپێنێت. لە دەرەوەی بەدەزگاییبون. بۆیە کورد لەوەتەی هەیە خاوەنی کۆیادەوەرییە و لەگەڵ خۆی هێناویەتی. ئێمە زەحمەتە بتوانین بڵێین کە توانیومانە ناسنامە بەرهەم بهێنین لەسەر بنەمای کۆیادەوەری. ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ پارچە پارچەبوونێکی کە لە تێگەیشتنمان بۆ خۆمان هەمانە. نەورۆز ڕەمزە. ئەی ڕەقیب وەك ڕەمزێك تەماشا دەکرێت. کە دیسانە لە ڕوانگە ئایینییەکەوە بە ئاسانی وەلا دەنرێت. قسەکردن لەسەر یادەوەری، یادەوەری دەستەجەمعی و ڕەمزەکانی نێو ئەمە لە ئاستە کوردیەکەدا زۆر زەحمەتر دەبێ. مەسەلەن گەرمیانییەك پیی وابێ کە ئەنفال بوونی ئەو هەمان بەهای نییە لە چاو ئەنفالی بەرزانییەك. ناکرێت تۆ لە هێنانەوەی ڕووفاتی بارزانییەکان بیکەیتە موناسەبەیەکی زۆر گەورە و ڕاستەوخۆ هەمووی نەقڵ بکەیت، بەڵام بۆ هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالی گەرمییەکان ئەمەنەکەی. کە ئەمەت نەکرد، ئەم پارچەپارچە بوونە ڕوو دەدات. دەبوو | دیموکراتیزەکرد نی یادەوەری<br>پارچەپارچەبوو ن<br>تێنەگەیشتن لە ڕابردوو، |

| | | |
|---|---|---|
| | بەدیموکراتیزەکردنی یادکردنەوە هەبایە. گروپێك دەشێت خۆسەپێنانە پرۆسەی یادکردنەوە کۆنترۆڵ بکات. بە گشتاندنی گفتوگۆ لەسەری دەستەبەردەبێت. | دەرهێنانی کۆیادەوەری لەدەستی حزب |
| 8 | کێشەکانی وەك دوو ئیداری هۆکاری سەرەکی بوون بۆ نەبوونی بیرکردنەوە سەبارەت بە کۆیادەوەری. مەلا مستەفا تا 70 سیمبلی نەتەویی بوو. شەڕی نێوخۆ و مەشاکلی ئابوری و دابڕان نێوانی ناوچەی بادینان و سۆران ئەو هزری نەتەوەیی و سیمبولی نەتەوەییەی لە ناو نەوەی نوێدا کاڵ کردەوە. ئێمە زاکرەی مێژووییمان نییە. ئەنفال شتێکی ئاسان نییە. کەچی لەبیری خەڵکی نە ماوە. کۆڕەو دوو ملیۆن خە ڵك ئاوارە بوون کەچی لەبیری خە ڵك نە ماوە. داعش لە بیری خەڵك چووە. ئەگەر دەوڵەت هەبووایە. ئەو زاکیرەیە دەکرا کاری لە سەر بکرێت. ئێستا زاکرەی خەڵکی باکور بەقەوەتترە. چونکە بندەستن. نەبوونی سیمبولی نەتەوەیی هاوبەش. | نەبوونی زاکیرەی مێژوویی |
| 9 | ئەوەی پێی دەگوترێت نۆستالژیای هاوبەش، ناسۆر و خەمی هاوبەش، هەستی هاوبەش، لە وردەکاریدا ڕاستە عومەری خاوەر هی هەمووان نییە بەڵام هەموو کوردێك دەڵێت کە من چەو ساومەتەوە. ئەوەی پێی دەگوترێت نا سۆری نەتەوەیی، لەبەرئەوەی کە کورد بووی تووشی ئەنفال و کمیاباران و اکسلوژن بوویت. مافت پێشێل کراوە. ئەوە لە کۆیادەوەری هەمووماندا هەیە. نەورۆز کۆیادوەرییە، ئەنفال، کیمیاییباران، هەموو ناسۆرییەکان. لای هەمووومان هەڵەبجە ڕەمزە نەك لە کوردستان بەڵکو لەلای هەر کوردێك لەو سەری دنیاش بێت. کەواتە میدیاش کاری کردووە و بووتە ڕەگەزێکی درستبوونی کۆیادەوەرییەکان. | ناسۆرییەکانی کورد |
| 10 | سیستمە جۆراوجۆرەکان ڕێگرن لە درو ستکردنی نا سنامەی هاوبەش. ئابوری، هاتووچۆو خویندنی باڵات. ئابوریت هەموو ئەمان ڕێگر بوون لەبەردەم ئەو کۆیادەوەریی و ناسنامەی هاوبەش و ئەوەی ناوی دەنێین نەتەوە. لە نەوە کات تەقویمێك هەبوو لە کاتی بۆنە و جەژنەکان. ڕەسمێکی مەلا مستەفا هەبوو لەگەڵ شێخ مەحمود، بە اعتبار شێخ نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات و مەلا مستەفا هی پارتی. سەیرکە تەنانەت تەفسیریشیان بۆ کەسایەتییەکان لەبەرئەوەی شێخ لە سنووری سلێمانی بووە، لەسەر یەکێتی حساب کراوە. سەیری ئەم خوێندنەوەیە بۆ مێژوو. بۆیە ئەمە لە حاڵەتی شێواندایە. تێکەڵاویی هەیە لەبەردەم دروستکردنی ناسنامە و یادەوەریی هاوبەشدا. بۆ نموونە کە ئەو یادی ئەنفال | لەتکردنی یادەوەری<br><br>هەڵوێستی دژە دەسەڵات |

| | | |
|---|---|---|
| | نه کاتەوە پێیوایە کە ئەمە هەڵوێستە دژی یەکێتی و پارتی. هەروەها کە ئاڵایەك بەرز ناکاتەوە هەڵوێستە دژیان. | |
| 11 | ئیسلامییەك کە دەیەوێت باسی یادەوەری بکات دەیەوێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ مێژووە ئیسلامییەکە. یادەوەرییە ئیسلامییەکە... مەسەلەن نایەوێت بگەڕێنەوە بۆ نەورۆز. دەیەوێت زیاتر تەرکیز بخاتە سەر شێخ و مەلا.<br>سەبارەت بە کۆڕەو بۆ نموونە گێڕانەوەی جیاجیا هەیە. ئەوەی کە لە قەڵادزێ دەستی پێکرد، یان لە خەبات دەستی پێکرد. 3/4 لە قەڵادزێ یان 5ی 3 لە ڕانیە دەستی پێکرد. تەبعەن جەدەلەکە لە سەرەتاوە هەبوو بەڵام دواتر وردەوردە خامۆش بوو. واتە تەنانەت لە ناو یەك زۆندا کە سەر بە یەکێتییە ئەو جیاوازییە هەستی پێدەکرێت. دەکرێت قەڵای دمدم ببێتە کۆیادەوەری. شێخ مەحمود بە سیمبول و کۆیادەوەری گەورەی کورد، بەڵام چ کراوە بۆ ئەوە. چەند فیلمت دیتووە لەسەر شێخ مەحمود. چەند فیلمی سینەمایی. لەسەر مەلا مستەفا؟ ئەوەشە کە خەڵکی دڵخۆش بێت بەوەی کە سەر بەو وڵاتەیە. مەسەلەی ئینتیما و کۆیادەوەری تەنیا بەو شتانە ناکرێت. بە مۆنۆمێنت و پەیکەر ناکرێت، مەشروعێکی جددی ئەوێ کە خەڵکەك هەست بکات کە کوردە. دوو جۆر کۆیادەوەریمان هەیە. یادەوەریەك کە کارەساتە. کۆ یادەوەرییەکی تر کۆ یادەوەری سەرکەوتنە. جێگەی دڵخۆشی و سەرکەوتن. لە دووەمدا کە سەرکەوتنە ئێمە زۆر کڵۆڵین. ئەگەر سەرکەوتنێکیش هەبووبێت ئەوە دابەش بووە. بۆ نموونە سەرکەوتنەکان ئەو دوو حزبەی کە 50 ساڵە باڵادەستن. مەسەلەن تۆ بە مێژووی هیستۆریۆگرافیدا بڕۆوە، هیستریۆگرافیی جیاوازیان هەیە. هی یەکێتی جیاوازە لە هی پارتی. 74 یەکێتی پێی دەڵێت نسکۆ، ئاژبەتاڵ. پارتی پێی دەڵێت شکستی 74 یان خیانەتی 74 بەحساب حکومەت خیانەتی کرد یان هەموو دنیا خیانەتی کرد. مەلا مستەفا نەبووەتە سیمبول. جەلال تاڵەبانی بە هەمان شێوە. لێجێندەرییەکانیش، واتە پاڵەوانەکانی وەك مامە ڕیشە هی هەموو کورد نین. کۆ یادەوەرییە کان پەرتەوازەن. دەبێت مەشروعی نەتەوەیی هەبێت. تەنیا دەستکاری مەنهەج گرنگ نییە. بەس چیرۆکی سەرکەوتنەکان. شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان. چاوپۆشی لە شکستەکان. | بەحز بیکردنی گێڕانەوەکان<br><br>دابڕانی خەڵك و دەسەڵات<br><br>مێژوونووسیی جیا |
| 12 | ئێستاشی لەگەڵ بێت حوکمڕانانی هەرێم کارێکی وایان نەکرد ڕابردووەکە شەڕێکی لە سەر نەبێت، ئێستا و ئایند قەینا شەڕی لە سەر هەبێت بەس ڕابردووەکە بۆنەکانی وەك | بە ناوچەییکردن |

| | | |
|---|---|---|
| | هەڵبجەش لە کاتی ناکاتدا بە سیاسەت دەکرێن و دەبنە ماوی لێکترازان لە جیاتی ئەوەی کە پێکەوەبەستەوە. | |
| 13 | ئەنفال و کیمیابیبارانیان بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێنا. ئەگەر دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەدەست کورد بووایە دادگاییان نەدەکردن. ئازادیان دەکردن. ئەوەی کورد کردوویەتی لە سەر کیمیاباران و ئەنفال هیچ دوژمنێك نەیکردووە. یەك خائینیشیان موحاسەبە نەکرد. هەبووە ئیخباری پێشمەرگەی داوە کە سێدارە بدرێت، کەچی موحاسەبەیان نەکردن. لە جیاتی هەستی هاوبەش، هەستی حزبیان دروست کرد. لە جیاتی زمان، زمانی حزبی. | بەرژەوەندی حزب |
| 14 | کە چەمکی هاوڵاتی دروست نەکەیت نابێتە کۆیادەوەری. ئەبێتە کۆیادەورەی بەشێك و گروپێك. وەکو ئێزیدییەکان و فەیلییەکان. بەڵام بۆ کۆیادەوەرییەکان ئایا بە شێوەی زانستی هەنگاوی بۆ نراوە. کۆکراوەتەوە. بۆ دروستکردنی شوناس. ئەوەی پێی دەگوترێت دەوڵەتسازی. شوناسسازی. هەنگاوی بۆ نەنراوە. بە پەلی یەکەم دەسەڵات بەرپرسە لەم حاڵەتە. | گوتاری دەسەڵات |
| 15 | لە ماوەی ئەم سی چل ساڵەدا بەناوی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە زۆر شتی ناشیرین کراوە. وەك وتمان پێشتر ئەو شتە نەبووە کە بتوانێت زاکیرەی جەمعی کۆبکاتەوە و بتوانێت پشتیوانییەکی گەورە بێت بۆ دەوڵەتێکی کوردی نەبوو.<br>ئەزانیت مجەڵەدێکی گەورەی تەبەری باسی ئێران ئەکات. شانازییە بە ئێران. فردەوسی 12 هەزار بەستی نووسیوە لەسەر نەتەوەسازی. یەکێك لە شتە گرنگەکانی میللەت چییە ئەفسانەیە. کورد ئەفسانەی نییە. ئەفسانە میللەت پێکەوە دەبەستێتەوە. لە باشوور کۆیادەوەرییەکانی وەك ڕاپەڕین، تەعریب، کیمیاوی، ئەنفال، ئەمانە هەموویان بوونەتە کۆیادەوەری کە هەستی نەتەوایەتی لە باشووردا بەهێز کردووە. کورد هیچی نییە. نە زمانی هەیە نە ئوستورە. میللەت چۆن ئەبێ هیچی نەبێ. نە سەرزەمینی هەیە. دراوسێکان نەیانهێشتووە کە تۆ نموونەیەکی جوان پێشکەش بکەیت. هەمیشە هەوڵیان داوە تۆ لە نائەمنیدا بژیت. هەر باسی کورد نەکەیت. عەلەمی کوردستانیش مەمنوع بوو. | بێ ڕەگوڕیشەیی<br><br>یادەوەرییە دەستکردەکانی نەبوونی ئوستوورە<br><br>دوژمنکاریی دراوسێ |
| 16 | ئەوەی کە کورد بۆچی ئەم شتانەی بیر دەچێتەوە. ئەم ڕووداوانە کە بەسەر کورد هاتییە نەك کۆیادەوەرییەکی درێژخایەن بۆ دروست ناکات هەر لە خەیاڵیدا نامێنێت. مە سەلەن کۆڕەو ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا هات، نەبووە شتێك کە لە دڵ و دەروونی بمێنێت. | |

| | | |
|---|---|---|
| | موخاتەبەی عاتیفەیشی نەکرد. مەرحەلەیەکی کورتی بەسەردا هات و تەواو. ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا، نەبوویە شتێك کە لەسەر ئاستی دنیا کاریگەری هەبێت. بەعەکسەوە کاریگەری گاڵتەجاڕانەشی هەبووە. ئەوە خەلەلێکە لە کورددا. بناغەکەی لەسەر ئەساسی ناعەدالەتی دامەزراوە. ئەمە وادەکات جیاوازی دروست ببێت. | لەبیرچوونەوە |
| 17 | سەبارەت بە هەڵەبجە و ئەنفال بەڕاستی کار کراوە. ئاوەدان کراوەتەوە. جادە و ڕێگاوبانی بۆ کراوە. خەڵکێکی زۆر تەعین بوون. قەڵادزێ و پێنجوێن شتی زۆریان بۆ کراوە. ئەو خەڵکە مەعاشی هەیە. نەفت و ئاوی بە خۆڕایی دەوێ. کارەبای بە خۆڕایی دەوێت. لە هەڵەبجە چەند مەسوول هەیە؟ زۆرن دەنگیان مەدەنێ کە ئاوان. بۆ نایێن لە هەڵەبجە دانیشن. ئەم شتانە موتڵەق نییە. | کار بۆ ئەنفال و هەڵەبجە |
| 18 | کۆیادەوەری هەستکردنە بە زوڵم خۆ بەقوربانیزانییە. هەقدانە بەخۆ. ئەنفال، ڕاگواستن، هەڵەبجە. هەموو قۆناغەکان لە زاکیرەی میللەتدا موشتەرەکە. بەڵام خۆی دروست بووە. نەك دەسەڵات. کە حکومەت دروست بوو. کارێکی زۆر کرا بۆ ئەوەی ئەنفال تۆمار بکرێت. داخلی مە حافلی نێودەوڵەتی ببێت. هەروە ها بۆردو مانی هەڵەبجە و کۆڕەو. حکومەتی هەرێمیش کاری زۆری بۆ کردووە. | خۆڕسکبوونی کۆیادەوەری، هەنگاوی حکومەت بۆ تۆمارکردن |
| 19 | بۆ پێتوایە شەهیدانی دەستی داعش وەك پێویست هاوکاری دەکرێن؟.. وای لێهاتووە کە خەڵك بیر لەو یادەوەرییانە نەکاتەوە. بۆیە من دەڵێم نەتەوەخوازیی ئێمە لێڵە. لەمەدا ئیسلامییەکان سوودمەندن. خەڵك هیوای نەماوە. خەڵك ئینتیمای نییە. دوودڵە. ڕاڕایە. هەزاران خەڵکی هەژار و داماو هەیە. هەژاری دەورێکی گرنگ دەبینێ. جیاوازییە کۆمەڵایەتی دروست بووە. | دادپەروەری |
| 20 | ئەگەر بمانتوانییایە هەر وەفدێك بهاتایە بمانبردایە یەك شوێن بۆ ئەنفال. نەمانکرد چونکە لە گۆشەنیگای تەسك تەماشای ئەم بابەتەمان کردووە. نەمانتوانیوە تەوزیفی ئەم کۆیادەوەرییانە بکەین و بە زیندوویی بیانهێڵینەوە. هەرچەندە جۆرێك لە گشتگیربوون. کێشەکە بەرژەوە ندییە. بۆیە کێشەی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەوەیە کە لە ئەزمەدایە. ئەزمەی قیادە.<br>موئەسەساتەکەی، موئەسەساتی وەتەنی، ڕاستە ئاڵایەکمان هەیە ئایا لە هەموو کوردستاندا وەك یەك ڕێز لەم ئاڵایە دەگیرێت. ئایا تورکمەن بە ئاڵای خۆی دەزانێت. مەسیحییەکان. نەشیدی قەومی. | ڕوانینی تەسك بۆ کۆیادەوەری |

| | | |
|---|---|---|
| 21 | نەورۆز کۆیادەوەی و ڕەمز بووە بۆ ئێمە. ئاڵاکە جێی پرســـیارە. نەورۆز. ئەدەبی مقاوەمە. جینۆسایدی ئێزیدی. هەڵەبجە، ئەنفال. مەلا مستەفا ڕەمزە تا ئێستاش. ڕاستە گەنجێك لە گەرمیان لەوانەیە بە ڕەمزی خۆی نەزانێت. ئەو مەکینە ئیعلامییەی کە پارتی و یەکێتی دژی یەکتر بەکاری دەهێنن. لە ئێمە موتەخەلیفتر نییە ســەبارەت بە ڕموزەکانمان. ئەمان هەر یەکەو شتی خۆی پێ موقەدەسە. | موتەخەلفبوونی کورد |
| 22 | بە پێچەوانەوە خەڵکی هەڵەبجە تورەن و مۆنۆمێنــت ئەســـووتێنن. ئەوەنـدەی ڕۆحی تەحەزوب لە کوردســـتاندا و حزبایەتی و ناوچەیی بەقوەت کرایەوە. تەعریبی ناوچەکەی ئێمە (شــێخ باوە. بەینی جەلەولا کەلار). ئەنفال و هەڵەبجە. خەڵك ئەو یادەوەرییانەی لە ویژدان و شــعوردا ماون. بەلام کە ناچێت یادی بکاتەوە لەبەرئەوەیە کە یادەوەرییەکان ڕەسمین. | بەحزبیکردن گـــێـــڕانەوەی دەسەڵات |
| 23 | بێجگە نەورۆز کە خۆشە هەمووی خەمەکانن. کۆڕەو هێندە مەزنە ڕاپەڕینی راماڵی. | مەزنـــــیـــــی خەمەکان |
| 24 | کاتێك پێشمەرگەیەك شەهید ئەبێت، با هی پارتیش بێت نابێت وەها تەعامول بکرێت کە ئەمە تەنیا هی پارتییە. هی هەموو کوردە. سەبارەت بە سیمبولی نەتەوەیی. کاتێك ئاشتی هەیە ڕەســـمی مام جەلال لە زاخۆوە هەڵئەواسرێ تا هەورامان. بەڵام کە لێکترازان هەیە لێئەکرێتەوە. بۆیە یەکبوون یەکرێزی زۆر گرنگە. بۆیە ئەگەر خەڵك هەڕەشەی لەسەر نەبێ ئەڵێ کاك مەســعود پیاوی باشــە. مام جەلال. نەمانتوانی ئاشــتییەکە دروســت بکەین. ئاشتی واتە نەتەوەسازی. | لێکترازان |
| 25 | هیچ پێناســەیەکمان بۆ کۆ یادەوەری نە ماوە. بۆ مێژوو، بۆ ڕەمزە کا نمان نە ماوە. هیچ ڕەمزێکی هاوبەش نەماوە. لە ناو ئەمانەدا ئەم وێرانییەمان هەبێت. ئیســلامییەکان لەوانەیە ئینتیمای زیـاتری نەتەوەییـان مـابێ. منیش کەعبەم لا پیرۆزترە لە هەموو شــوێنێـك و کوردستان ئەگەر مەسەلەکە دین بێت. بەڵام کوردستانم لا پیرۆزترە ئەگەر باسەکە خاکی نەتەوەییە. درێژەکێشـــانی ئەو ناکۆکییەی نێوان یەکێتی و پارتی. کە بووەتە زەهرێکی ناســیۆنالیزمی کوردی. یادەوەری کوردیان پارچە پارچە کردووە. هەر یادەوری هاوبەشـــی نەهیشتووە. | پەرتــکــردنــی کۆیادەوەرییەك ان |

| | | |
|---|---|---|
| 26 | موشـــكليەی حەقیقیمان لە باســـی كۆیادەوەریدایە. تاریخی خۆمان باش ناخوێنین. زاكیرەی كوردی زۆر لاوازە. بەس حەزی لەوەیە مەدحی بكەیت. بەس باســـی مەحاســـن. یان هەمووی لەعنەتە. | زاكیرەی لاواز ســـووكایەتی بە ڕەمزەكان |
| 27 | باشــە لە جیاتی ئەی ڕەقیب قەی چی ئەكات با سرودی خوایە وەتەن ئاواكەی لێبدەین. چی ئەبێت. با شــتێك بێت شــمولی من بكات و شــمولی ئەویش بكات. كۆیادەوەریمان نییە چونكە تاكی كوردیی ئەنانیەتێكی تێدایە. سمبولی نەتەوەییمان نییە. | ئەنــانــیــیەتــی تاكی كورد |

پاش ئەنجامدانی كردەی سەرەتایی كۆدبەندیی كراوە، لە قۆناغی دووەمی كۆدبەندیدا ٤ مەقوولەی سەرەكی دەرهێنران كە لە خشتەی خوارەوەدا ئاماژەمان پێكردوون.

**خشتەی ٢٣ مەقوولە سەرەكییەكانی پەیوەست بە كۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە هەرێمی كوردستاندا. تاچەند كۆیادەوەرییەكان بوونەتە هەوێن و كۆڵەكەی نەتەوەسازی؟**

| مەقوولەكان | چەمكەكان |
|---|---|
| یادگەی كورد | ناسۆرییەكانی كورد، بیرەگوریشەیی مێژوویی كورد، یادەوەرییە دەستكردەكان، خۆڕسكبوونی كۆیادەوەرییەكان، مەزنیی خەمەكان، كۆیادی ســیاســی و ڕاســتەقینە، پەرتبوون و فقدان- زاكیرەبوونی كورد، ئەنــانییەتی تــاكی كوردی، نەبوونی ئوســـطورە، كۆچەریبوونی كورد، موتەخەلیفبوونی، مێژوونووسیی جیا، كۆیادەوەریی و سیمبولی زۆر |
| یادەوەرییەكان | خانی، قەڵای دمدم، ئاڵا، پێشمەرگایەتی، هەڵەبجە و ئەنفال، سەڵاحەدینی ئەیوبی، كۆماری كورد ستان، شە شی ئەیلوول، شێخ مەحمود، تەعریب، ئەمنە سوورەكە، قازی محەمەد، مەلا مستەفا تا حەفتاكان، ڕاپەڕین، كۆڕەو، ئاڵا، نەورۆز، عومەری خاوەر، نوگرەسەلمان، |
| دۆخی كورد | نەبوونی دەوڵەت، بەربەســتی دەرەكی، فاكتەری كۆكەرەوە، دۆخی شــڵەژاوی كورد، درەنگ دروستبوونی كیان، نووسینەوەی پرۆگرامی خوێندن. دوژمنكاریی دراوسێ |
| ســیاســەتی یادەوەری | نەبوونی مەعریفە، وردەهەنگاوی گرنگ، ڕوانینی تەســك، كرۆزانەوە، تێگەیشــتن لە ڕابردوو، كۆیادەوەری لەدەستی حزب، لێكترازان. لەبیرچوونەوە. |
| دژ بە كۆیادەوەری | دابەشــكردنی كۆ یادەوەرییە كان و ســیمبولە كان، شــێوا ندنی ســیمبولە نەتەوەییە كان، بەحزبیكردنی گێڕانەوەكان، بەناوچەییكردنی ســیمبولەكان، بەحزبیكردنی كۆیادەوەرییەكان، گوتاری دەســەڵات لە یادەوەرییە كاندا، بەبنەماڵەییكردنی ســیمبولەكان، ســووكایەتی بە |

| | |
|---|---|
| ڕەمزەکان، دابەشـــکردنی قارەمانەکان، ڕۆڵی ڕاگەیاندن، نەبوونی دادپەروەری لە یادکردنەوە و دیموکراتیزەکردنی یادەوەری، دابڕانی خەڵك و دەسەڵات، قوتاربوونی نەورۆز لە دەستی حزب. | |

## یادگەی کورد

مەبەســـتی ئێمە لە کۆیادەوەری، وەرگێڕانی چەمکی (collective memory)یە. کۆ + یادەوەری. ڕاجیایی سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا هەیە. وەك لە دەقی چاوپێکەوتنەکانیشدا دەبینرێت، هەیە چەمکی کۆیاد بەکار دەهێنێت و هەیە یادەوەریی دەســـتەجەمعی یان یادەوەری هاوبەش؛ من کۆیادەوەریم هەڵبژاردووە. چونکە یادەوەری دەستەجەمعی وشەیەکی عەرەبییە و عەرەب خۆیان بەکاری ناهێنن، وادیارە لە فارسییەوە بە دەستی سێ وەگیرڕداوەتە سەر زمانی کوردی. کۆیاد و یادەوەری هاوبەشـــین، وەرگێڕانی وردی چەمکەکە نین، چونکە لەڕووی بەکارهێنانەوە بۆ زەمەنەکانیتر یان ڕاناوەکانیتر کێشەمان بۆ دروست دەکات. سەبارەت بە وشەی یادگە، لێرەدا مەبەستمان شوێنی هەڵگرتنی یادەوەرییەکانە. ئەوەی کە هەندێکجار دەگوترێت کورد یادگەی ماوەدرێژی لاوازە مەبەســت ئەوەیە کە زانیاری و یادەوەرییەکان لە یادگەیدا بۆ ماوەیەکی کەم دەمێننەوە. بۆچوونی هەندێك لە بەشـداربووان بەدەوری ئەم وشــەیەدا دەســوڕێتەوە. چونکە کاتێك باســی یادگە دەکەن، مەبەســتیان (الذاکرة)ی عەرەبییە. بە گەڕانەوە بۆ ئەو واتا زەینییە کە بەشـــداربووان دەیدەنە پاڵ یادگە، دەمانەوێت بزانین یادگەی کورد چ جۆرە یادگەیەکە و چۆن پێناسە دەکرێت؟

بەشـــداربوویەك ئاماژە لاوازیی یادگەی مێژوویی کورد دەکات و هۆکارەکەی بۆ نەبوونی دەوڵەت دەگەڕێنێتەوە:

*ئێمە زاکیرەی مێژووییمان نییە. ئەنفال شتێکی ئاسان نییە. کەچی لەبیری خەڵکی نەماوە. کۆڕەو دوو ملیۆن خەڵك ئاوارە بوون کەچی لەبیری خەڵك نەماوە. داعش لە بیری خەڵك چووەتەوە. ئەگەر دەوڵەت هەبووایە. ئەو زاکیرەیە دەکرا کاری لەسەر بکرێت.*

یەکێك لە بەشــداربووان بابەتی کۆیادەوەری دەبەســتێتەوە بە ڕەگوڕیشــەی نەتەوەکان، ئوســتور و شانامەکانەوە. ئەو سەرسامە بە ئێران کە هەموو شتێکیان هەیە و کورد هیچی نییە:

*ئەزانیت مجەڵەدێکی گەورەی تەبەری باســی ئێران ئەکات. شــانازییە بە ئێران. فردەوســی 12 هەزار بەســتی نووســیوە لەســەر نەتەوەســازی. یەکێك لە شــتە گرنگەکانی میللەت چییە ئەفســانەیە. کورد ئەفسانەی نییە. .. ئەفسانە میللەت پێکەوە دەبەستێتەوە. تا ئێستاش پیرەژنەکانی ئێمە باسی چی دەکەن باسی ڕۆستەم و زۆراب. کە هی ئێرانە. ئەفسانە یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی درووتسبوونی نەتەوە. مەسەلەن نەورۆز میللەتێك ئەبەستێت پێکەوە. ڕۆستەم و زۆراب. بۆیە ئێمەیش هەر ئەوە بە هی خۆمان ئەزانین. هەتا ئیستاش لە کورددا هەیە. ئێمە خۆمان هیچمان نییە. کورد هیچی نییە. نە زمانی هەیە نە ئوستورە. میللەت چۆن ئەبێ هیچی نەبێ. نە سەرزەمینی هەیە.*

یەکێك لە بەشداربووان باس لە گرنگینەدانی کورد بە مێژوو و لاوازیی یادگەی کورد دەکات:

*موشکلیەی حەقیقیمان لە باسی کۆیادەوەریدایە. تاریخی خۆمان باش ناخوێنین. ئەگەر بشخوێنین نازانین باش بخوێنین. فەلسەفەی تاریخ لای ئێمە نیە. زاکیرەی کوردی زۆر لاوازە. بەس حەزی لەوەیە مەدحی بکەیت. بەس باسی مەحاسن. یان هەمووی لەعنەتە.*

بەشداربوویەك زیاتر لەوەش دەڕوات. پێیوایە:

*ئەوەی کە کورد بۆچی ئەم شــتانەی بیر دەچێتەوە. ئەم ڕووداوانە کە بەســەر کورد هــاتییە نەك کۆیادەوەرییەکی درێژخایەن بۆ دروســت ناکات هەر لە خە یاڵیدا نامێنێت. مەســەلەن کۆڕەو ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا هات، نەبووە شتێك کە لە دڵ و دەروونی بمێنێت. موخاتەبەی عاتیفەیشی نەکرد. مەرحەلەیەکی کورتی بە سەردا هات و تەواو. ئەوەی لە هەڵەبجە ڕوویدا نەبوویە شتێك کە لە سەر ئاستی دنیا کاریگەری هەبێت. بەعەکسەوە کاریگەری گاڵتەجاڕانەشی هەبووە. ئەوە خەلەلێکە لە کورددا.*

بەشداربوویەکی تر یادگەی کورد دەبەستێتەوە بە ناسۆرییەکانییەوە. ئەو پێیوایە مەرج نیە هەموو کوردێك هەڵەبجە بە کۆیادەوەری خۆی بزانێت بەڵام:

*ئەوەی پێی دەگوترێت نۆستالژیای هاوبەش، ناسۆر و خەمی هاوبەش، هەستی هاوبەش، لە وردەکاریدا ڕاستە عومەری خاوەر هی هەمووان نییە، بەڵام هەموو کوردێك دەڵێت کە من چەوساومەتەوە. ئەوەی پێی دەگوترێت ناسۆریی نەتەوەیی، لەبەرئەوەی کە کورد بووی تووشی ئەنفال و کمیاباران و اکسلوژن بوویت. مافت پێشێل کراوە. ئەوە لە کۆیادەوەری هەمووماندا هەیە.*

لەم ڕوانگەیەوە بەکارهێنانی چەمکەکانی وەك ناسـۆریی و چەوسـانەوە وەك چەمکێکی ڕووت کە کوردەکان دەیدەنە پاڵ یادەوەرییەکان، دەرخەری هەبوونی کۆیادەوەریی ئەوانە. واتە چەمکگەلێکی وەك چەوسانەوە، ناسۆری، قوربانیدان و .. لە جیاتی خودی یادەوەرییەکان دەتوانن واتابەخش بن.

بەشـداربوویەکی تر لەسـەر بنەمای تاکی کورد سـەیری یادەوەرییەکان دەکات. ئەو دەڵێت ئەوە ئەنانییەتی کوردە کە ناهێڵێت کۆیادەوەریش دروست ببێت:

*باشە لە جیاتی ئەی رەقیب قەی چی ئەکات با سرودی خوایە وەتەن ئاواکەی لێبدەین. چی ئەبێت. با شـتێك بێت شـمولی من بکات و شـمولی ئەویش بکات. کۆیادەوەریمان نییە، چونکە تاکی کوردیی ئەنانیەتێکی تێدایە.*

بەڵام ئەم بۆچوونە بۆ خۆی کێشـەیەکی ترمان بۆ سـاز ئەکات. کورد هەتا ئێسـتاش خۆی لەسـەر سرودێکی نیشتیمانی یەکلایی نەکردووەتەوە. ئەم بۆچوونەی سەرەوە ڕوانینی بەشداربوویەکی سەربە گوتاری ئیسـلامییە. واتە لە هەرێمی کوردسـتاندا هێشـتا دوای سـێ دەیە لە حوکمڕانی تا هەنووکە لە سەر سەرەتاییترین پێشمەرجی هەبوونی نەك بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و نەتەوە، بەڵکو سروودێکی نیشـتیمانیش ڕێککەوتن و لێکتێگەیشـتن نییە و نەکراوە. هەر لەبەرامبەر ئەم گوتارە ئیسـلامییەدا، بۆچوونێك ئەم بیرکردنەوەی خاوەن گوتاری ئیسلامی کە نایەوێت دان بە سرودی نیشتیمانیدا بنێت و لە کاتی پێشکە شکردنیدا بە نیشانەی ڕێز هە ستێتە سەرپێ، بە یەکێك لە بەربە ستە سەرەکییەکانی شێوەگرتنی کۆیادەوەرییەکان و سیمبولەکان ناو دەبات:

*ئیسـلامییەك دەیەوێت باسـی یادەوەری بکات، دەیەوێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ مێژووە ئیسـلامییەکە. یادەوەرییە ئیسلامییەکە. مە سەلەن سەڵاحەددینی ئەیوبی و ئەو دە سەڵاتەی کە کورد لە سەردەمی دەسـەڵاتی ئیسـلامیدا هەیبووە. مەسـەلەن نایەوێت بگەڕێنەوە بۆ نەورۆز. دەیەوێت زیاتر تەرکیز بخاتە سەر شێخ و مەلا.*

لە وەڵامی ئەم ڕەخنەیەدا، بەشداربوویەکی سەربە گوتاری ئیسلامی دەڵێت:

*ئێمە کێشـەمان ئەوەیە کە لە ناو ماڵی نەتەوەییە نائیسـلامییەکە، کۆیادەوەریمان نییە. کۆیادەوەریمان وێرانە. ئیسلامییەکان ئەگەر سەدا 15ی کۆمەڵگە پێك دەهێنن، سەدا هەشتاکەی تری خەڵك کە سەر بە ئەوانن. هیچ پینا سەیەکمان بۆ کۆیادەوەری نەماوە. بۆ مێژوو، بۆ ڕەمزەکانمان نەماوە. هیچ ڕەمزێکی*

*هاوبەش نەماوە. لە ناو ئەمانەدا ئەم وێرانییەمان هەبێت. ئیسلامییەکان لەوانەیە ئینتیمای زیاتری نەتەوەییان مابێ. منیش کەعبەم لا پیرۆزترە لە هەموو شوێنێك و کوردستان ئەگەر مەسەلەکە دین بێت. بەڵام کوردستانم لا پیرۆزترە ئەگەر باسەکە خاکی نەتەوەییە. درێژەکێشانی ئەو ناکۆکییەی نێوان یەکێتی و پارتی. کە بووەتە زەهرێکی ناسیۆنالیزمی کوردی. یادەوەری کوردیان پارچەپارچە کردووە. هەر یادەوەری هاوبەشی نەهێشتووە.*

## یادەوەرییەکان

لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێك لە یادەوەری، سیمبولەکان و شوێنەکانی یادەوەری دەکەین. هەڵبەت ڕەنگە نەتوانین هەموویان بە کۆیادەوەری پێناسە بکەین، چونکە بۆچوونی بەشداربووان و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەوەی کام لەمانە کۆیادەوەرین جیاوازن. یەکێك لە گرنگییەکان و پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە هەر ئەوەیە کە ئایا ئێمە کۆیادەوەریمان هەیە. سەرەتا گرنگە بزانین لە ڕوانگەی بەشداربووانەوە یادەوەرییەکان بریتین لە:

مەموزینی خانی، قەڵای دمدم، ئاڵا، پێشمەرگە، هەڵەبجە و ئەنفال، سەلاحەدینی ئەیوبی، کۆماری کورد ستان، شە شی ئەیلوول، شێخ مەحمود، تەعریب، ئەمنە سوورەکە، قازی محەمەد، عەبدو سەلام بارزانی، مستەفا بارزانی، ڕاپەڕین، کۆڕەو، ئاڵا، نەورۆز، ڕاگواستن، ئەی ڕەقیب، نسکۆی 74، جینۆسایدی بارزانییەکان، جینۆسایدی ئێزیدی، خانی لەپزێڕین، میرنشینەکان.

سەبارەت بە کۆیادەوەرییەکانی کورد، بەشداربوویەك ئاماژە بە یەك جۆر کۆیادەوەریی کورد دەکات. جۆرێك کە پەیوەندی بە کارەسات و کۆژانەکانی کوردەوە هەیە، ئەوە خۆڕسکن و خۆیان دروست بوون. دیارە مەبەست ئەوەیە کە لە لایەن دوژمنەوە بەسەر کورددا هاتوون:

*کۆیادەوەری هەستکردنە بە زوڵم خۆبەقوربانیزانییە. هەقدانە بەخۆ. ئەنفال، ڕاگواستن، هەڵەبجە. هەموو قۆناغەکان لە زاکیرەی میللەتدا موشتەرەکە. بەڵام خۆی دروست بووە. نەك دەسەڵات. کە حکومەت دروست بوو. کارێکی زۆر کرا بۆ ئەوەی ئەنفال تۆمار بکرێت. داخلی مەحافلی نێودەوڵەتی ببێت. هەروەها بۆردومانی هەڵەبجە و کۆڕەو. حکومەتی هەرێمیش کاری زۆری بۆ کردووە.*

بەشـدابوویەکی تر باس لە یادەوەری ڕەسـمیی دەکات. مەبەسـت لەم یادەوەرییە، ئەو یادەوەرییەیە کە حکومەت و دەسەڵات کاری لەسەر دەکات و بەرهەمی دەهێنێتەوە:

*تەعریبی نـاوچەکەی ئێمە (شـێخ بـاوە. بەینی جەلەولا کەلار). ئەنفـال و هەڵەبجە. خەڵـك ئەو یادەوەرییانەی لە ویژدان و شعوردا ماون. بەلام کە ناچێت یادی بکاتەوە لەبەرئەوەیە کە یادەوەرییەکان ڕەسمین. وەختی خۆیشی بەعس بە زۆر ئەیبردین بۆ یادی ڕۆژی شەهید، بەڵام خۆمان ئەدزییەوە.*

بەشداربوویەکی تر باس لە سێ جۆر یادەوەری دەکات:

*کۆیادەوەری دوو جۆرە ئەفسـانەیی، ڕاسـتەقینە. بۆ نموونە نەورۆزمان هەیە. بەڵام کۆیادی سـیاسـیش هەیە. هەم سەرکەوتن و هەم ژێرکەوتن.*

پۆلێنبەندییەکی تر ســەبارەت بە کۆیادەوەرییەکان هەیە. بەشــداربوویەك بەمشــێوەیە پۆلێنیان دەکات:

*دوو جۆر کۆ یادەوەریمان هەیە. یادەوەرییەك کە کارەســاتە. لەوەدا ئێمە زۆر باشــین. لە زۆربەی کارە ساتەکان کورد کۆدەکاتەوە، مە سەلەن نـسکۆی 74، هەڵەبجە، ئەنفالەکان، ئەنفالی بارزانییەکان. ئەو جۆرە کۆیـادەوەرییـانە هەنە. ئەوانەی کە تراژیـدین. بە زاهیریش لە زاکیرەی هەمووانـدا هەیە. کۆ یادەوەرییەکی تر کۆ یادەوەری ســەرکەوتنە. جێگەی دڵخۆشــی و ســەرکەوتن. لە دووە مدا کە ســەرکەوتنە ئێمە زۆر کڵۆڵین. ئەگەر ســەرکەوتنێکیش هەبووبێـت ئەوە دابەش بووە. بۆ نموونە سـەرکەوتنەکان ئەو دوو حزبەی کە 50 سـاڵە باڵادەسـتن. مەسـەلەن تۆ بە مێژووی هیسـتۆریۆگرافیدا برۆوە، هیســتۆریۆگرافیی جیاوازیان هەیە. هی یەکێتی جیاوازە لە هی پارتی. 74 یەکێتی پێی دەڵێت نسـکۆ، ئاژبەتاڵ. پارتی پێی دەڵێت شـکسـتی 74 یان خیانەتی 74 بەحسـاب حکومەت خیانەتی کرد یـان هەموو دنیـا خیـانەتی کرد.* لێرەدا وەهـا دەردەکەوێـت کە نـاکۆکییەکی زۆر هەیە لە نێوان گێڕانەوەکاندا. گێڕانەوەکان کاریگەری لەسەر هیستۆریۆگرافی هەیە.

## دۆخی کورد

لە ڕوانگەی بەشـــداربووانەوە، یادەوەرییەکانی کورد لەژێر کاریگەری هەندێك هۆکاری دەرەکیدایە. هە ند یك لە هۆ کارە کانی پەیوە ندییان بە نێوخۆی عێراقەوە هەیە، هە ندێکی هەرێمی و هە ندێکی نێودەوڵەتی. لە نێودەوڵەتییەوە دەســـت پێبکەین. بەشـــداربوویەك بە جیـاکردنەوەی دوو جۆر کۆیادەوەریی ئەفســـانەیی و ڕاســـتەقینە، ئاماژە بە نەبوونی دەوڵەت وەك هۆکاری کاریگەری لەســـەر یادگەی کورد دەکات:

*کۆیادەوەری دوو جۆرە ئەفسـانەیی، ڕاسـتەقینە. بۆ نموونە نەورۆزمان هەیە. کۆیادی سـیاسـیش هەیە. هەم ســـەرکەوتن و هەم ژێرکەوتن.. بەڵام ئێمە دەوڵە تمان نیە، هەروە ها کیانێك نییە کە بە ئەقڵی دەوڵەتدارییەوە کار بکات.*

ئەم بەشداربووە هەڵبەت هەم نەبوونی دەوڵەت بۆ دەستی بێگانە دەگەڕێنێتەوە، هەم بەلاڕێدابردنی مێژوو و ڕابردووی کورد بۆ لەناوبردنی هەرجۆرە ئامرازێکی کۆکەرەوەی کورد:

*ئێمە دەزانین کە ئەم کیانە ساڵی (1991) دروسـت بووە. کە دروسـت دەبێ کیمیابیباران سـێ ساڵە ڕوویداوە. بەڵام تا (2005) هەرێم توانای چاپی کتێبی نییە. جگە لە خەریکبوونیان بە شـــەر و ململانێ مافی چاپی پرۆگرامی خوێندنیان نەبوو. بۆیە لەو کاتەوە باســـی هەڵەبجە و ئەنفال دەکرێت، ڕۆژژمێری کوردیی دادەمەزرێ و پشووەکان دیاری دەکرێـن.*

بەشداربوویەکی تر دەڵێت:

*ناکرێت ئەو دەســتە بێگانانەش نەبینین کە ڕۆڵیان لەم بابەتەدا هەیە و لە هەوڵی زیاتر چەواشــەکاری ئەم بابەتەدان. چونکە پێیانوایە کە لە ژێر حوکمی ئەواندا دەتوانن هەموو ئەو شـتانە بکوژن کە انسـانی کورد کۆدە کاتەوە. مێژوو، کولتوور، کۆ یادە و .. دێن کار لەســـەر ئەوە دەکەن کە ئەم شـــتانە نەبنە کۆکەرەوە.*

دەســـتی دەرەکی و هۆکـاری نێوخۆی عێراقیش یەکێکە لە هۆکـارەکـانی لاوازیی کورد لە ســـەرمایەگوزاریی کۆیادەوەریدا. بەشـــداربوویەك لە بەرامبەر ئەو ڕەخنانەی کە ئاڕاســـتەی هێزە کوردییەکـان دەکرێـت کە بۆچی لە دوای ڕاپەڕینەوە، وەك پێویســـت گرنگیـان بە زینـدووکردنەوەی

یادکردنەوەکان و کۆیادەوەرییەکان نەداوە بەتایبەت لە کەرتی پەروەردەدا، ئاماژە بە ڕێگریی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات لەم بوارەدا:

*تەنانەت ئەو مافەی کە دەیاندا بە کورد لەبەرامبەر نەوت بەرامبەر خۆراك کۆمەڵێك شـــت هەبوو کە نەدەبوو دەســتکاری بکەن، یەکێکیان پرۆگرامی خوێندن بوو. ئەوەی مافیان هەبوو بۆ نموونە یەکێکان ئەوە بوو کە هەندێك وێنەیان لابردووە و هەندێك بابەتیان دەســتکاری یان لابردوو. کەواتە لە (2005) ەوە کتێب دەردەچێت و وردەوردە باس لە ئەنفال دەکرێت*

واتە کاربەدەســتانی هەرێم ئەگەر دوای ململانێ و جەنگی نێوانیان ویســتبێتیان هەنگاوێك بەرەوە سیاسەتی یادەوەری بنێن، ڕێگرییان لێدەکرا. ئەم دۆخەی کە کوردی تێدابووە بەدرێژایی لانیکەم سەد ساڵی ڕابردوو، دۆخێکی شڵەژاو بووە کە کورد کەمتر توانیویەتی بپەرژێتەسەر پرسی کۆیادەوەرییەکانی. بەشداربوویەك دەڵێت:

*بەڵام لەبارێکی ئاوا شڵەژاوی وەك ئێستادا خەڵك زۆرناپەرژێتە سەر ئەو یادەوەرییانە. بۆیە لەم دۆخەدا ئاسان نییە بڕیار بدەین کە ئایا کۆیادەوەری هەیە یان نا، دەمێنێتەوە یان نا!*

ئەو بارە شـــڵەژاوەی کە کورد بەدەســتییەوە ناڵاندوویەتی پەیوەندییەکی ڕاســتەوخۆی هەیە بەو ســـیاســـەتی دابەشـــبوون و پارچەپارچەبوونەی کوردەوە. ئەم هۆکارانە جەبری مێژوویی، جوگرافی و ئابوورین. بەشدابوویەك دابڕانی ناوچەکان لەیەکتری و نەبونی هاتووچۆ و ئامرازەکانی پەیوەندی نێوان شوێنەکان بێکاریگەر نابینێت:

*ســیســتمە جۆراوجۆرەکان ڕێگرن لە دروســتکردنی ناســنامەی هاوبەش. ئابوری، هاتووچۆو خویندنی باڵات. ئابوریت هەموو ئەمان ڕێگر بوون لەبەردەم ئەوەی کۆیادەوەریی و ناســـنامەی هاوبەش و ئەوەی ناوی دەنێین نەتەوە دروست ببێت.*

بەشداربوویەکی تر باس دوژمناکارییەکانی وڵاتانی دراوسێ و ڕێگرییەکانیان لەبەردەم شێوەگرتنی کۆیادەوەرییەکان دەکات:

*دراوسـێکان نەیانهێشـتووە کە تۆ نموونەیەکی جوان پێشـکەش بکەیت. هەمیشـە هەوڵیان داوە تۆ لە نائەمنیدا بژیت. هەر باسی کورد نەکەیت. عەلەمی کوردستانیش مەمنوع بوو.*

**سیاسەتی یادەوەری**

مرۆڤەکان بە ئەندازەی ئەو گروپانەی کە تیایاندا ئەندامن، خاوەنی کۆیادەوەرین. کۆیادەوەری بە کۆمەڵێك کارکردی گرنگدا دەناسرێتەوە. زۆر ڕووداو هەن لە ڕابردووی مرۆڤەکاندا لەبیر دەکرێن و دەسڕێنەوە. بەڵام یەکێك لە هۆکارەکانی مانەوە و بەردەوامی گروپەکان، پێکەوەبوونیان، هاوسۆزییان بۆ یەکتر و ناسنامەی هاوبەشیان، بەستراوەتەوە بە کۆیادەوەرییەکانیانەوە. ئەمە جگە لەهەندێك کارکردی دیکەی کۆیادەوەرییەکان لەوانەش سازپژبوونی برینەکانی گروپ، سەرهەڵدانەوەی ململانێی نێوان گروپەکان و لە ئاستێکی گەورەتردا ڕۆڵی گرنگی کۆیادەوەری لە نەتەوەسازی و دەوڵەتسازیدا. بۆ کورد کە دەورە دراوە بە کۆمەڵێك دراوسێی نەیاری نەتەوە و دەوڵەتی کوردی، دەکرا کۆیادەوەرییەکان ببنە هەوێنی نەتەوەسازی، نیشتیمانسازی و مۆدێلێك بۆ وڵاتانی ناوچەکە. هەر لەڕێگەی کۆیادەوەرییەکانەوە دەکرا و دەکرێت کەیسە گرنگەکانی وەك کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال، یارمەتیدەر بن بۆ ناساندنی پرسی کورد بە وڵاتانی جیهان و بنەمایەك بۆ بەدەستهێنانی مافی دەوڵەت. لێرەدا دەمانەوێت لە ڕێگەی واتای زەینیی بەشداربووانەوە بزانین چ سیاسەتێکی یادەوەری لە هەرێمی کوردستاندا داڕێژراوە و جێبەجێ کراوە. ڕوونە کە سیاسەتی کۆیادەوەری پێویستی بە خەون، پلان، پرۆژە، ستراتیژ و ئامانج هەیە. بەڵام بۆ جێبەجێکردنی ئەم چەمکانە، دەبێت داڕێژەرێکی سیاسەتی یادەوەری هەبێت.

بەشداربوویەك سەبارەت بە سیاسەتی یادەوەری دەڵێت:

*کە تۆ تاریخێکت هەبێت ك سەدا سەد ڕاست بێت، نەتوانیت بینووسیتەوە، پیشانی خەڵکی خۆتی بدەی ئەوە خەڵکی خۆیشت پێی نازانێت. مەشروع هەر ئەوە نییە کە مۆنۆمێنت دروست بکەیت و پەیکەری سەرکردەکان دروست بکەیت. مەشروع ئەوەشە کە خەڵکی دڵخۆش بێت بەوەی کە سەر بەو وڵاتەیە. .. مەسەلەی ئینتیما و کۆیادەوەری تەنیا بەو شتانە ناکرێت. بە مۆنۆمێنت و پەیکەر ناکرێت، مەشروعێکی جددی ئەوێ کە خەڵکەك هەست بکات کە کوردە.*

بەشداربووان ئاماژە بە غیابی داڕێژەرانی ئەم سیاسەتە دەکەن:

*بەداخەوە ئەم بابەتی کۆیادەوەرییە تەنیا بە کۆمەڵێك کەسی ڕۆشنبیر، سیاسیی ئاقڵ و هۆشمەند دەکرێت کە لە کوردستاندا نیمانە. بەم کۆمەڵە خەڵکە پاوانخوازە ناکرێت. ئەمانە ستراتیژێکی ڕوون و*

*درێژخایەنیان نییە سەبارەت بە یادەوەری. ئەوەی هەیە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك خەڵکە کە لە دەوری یەك کۆدەبنەوە هەموویشی مەسەلە خواردن و فشقیاتە.*

بەشداربوویەکی تر پشتڕاستی ئەو بۆچوونەی سەرەوە دەکاتەوە و ئەو سیاسەتە بە بیرکردنەوەی تەسك ناو دەبات:

*ئەم پرۆسەیە بە موئەسەساتی وەتەنی دەکرێت. ئەگەر بمانتوانیایە هەر وەفدێك بهاتایە بمانبردایە بۆ یەك شوێنی تایبەت بە ئەنفال، نەمانکرد. چونکە لە گۆشەنیگای تەسك تەماشای ئەم بابەتەمان کردووە. نەمانتوانیوە تەوزیفی ئەم کۆیادەوەرییانە بکەین و بە زیندوویی بیانهێڵینەوە. هەرچەندە جۆرێك لە گشتگیربوون. بۆ نموونە هەمولایەنەکان یادی هەڵەبجە دەکەنەوە... کیشەکە بەرژەوەندییە. بۆیە کێشەی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەوەیە کە لە ئەزمەدایە. ئەزمەی قیادە. ئەزمەی ڕوئیای روون.*

هەر سەبارەت بە پێویستیی هەبوونی پرۆژەی نەتەوەیی بۆ کۆیادەوەری بەشداربوویەك دەڵێت:

*مەلا مستەفا نەبووەتە سیمبول. جەلال تاڵەبانی بە هەمان شێوە. لێجێندەرییەکانیش، واتە پاڵەوانەکانی وەك مامە ڕیشە هی هەموو کورد نین. کۆیادەوەرییەکان پەرتەوازەن. دەبێت مەشروعی نەتەوەیی هەبێت. تەنیا دەستکاری مەنهەج گرنگ نییە. بەس چیرۆکی سەرکەوتنەکان. شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان. چاوپۆشی لە شکستەکان.*

بەشداربوویەك کێشەی سەرەکی سیاسەتی کۆیادەوەری لە هەرێمی کوردستاندا بەوە دەزانێت کە کورد ناتوانێت لە ڕابردوو و کۆیادەوەرییەکان خۆی مەعریفە بەرهەم بهێنێت. کورد بە هەڵە لە سیاسەتی یادەوەری تێگەیشتووە. چونکە وادەزانێت کۆیادەوەری و یادکردنەوەکان، دەبێت لە شێوەی کرووزانەوەدا خۆیان بنوێنن. لێرەوەیە کە کرووزانەوە پێچەوانەوە دەبێتەوە لەگەڵ بەرهەمهێنانی زانیندا:

*بەم قوربانییە زۆرانەی کە هەمانە خۆ ئێمە تەنیا ئەنفال و کیمیابارانمان نییە. ئاوارە، تەعریب، ڕاگواستن و .... بەم هەموو قوربانیدانانەوە تا هەنووکە نەمانتوانیوە کۆیادەوەریەك دروست بکەین. کە پرسیارێکی جدییە لەسەر کورد. بە هاوخەمی گشتی ئەتوانرێت نەتەوە دروست بکرێت. تا ئەم چرکەیە کەسێکی کەلاری ئەنفالی بەرزانییەکانی بە کۆیادەوەری نازانێت. یان بەرزانییەك نەزانێت گەرمیان ئەنفال کراوە. ئێمە جێگرەوەی خۆبەقوربانیزانیمان بریتییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە. ئێمە هەر خەریکی کرۆزانەوەین. ئەگەر تەنیا بەدەوری قوربانیدا بسوڕێینەوە مەعریفە بەرهەم ناهێنین.*

کەواتە سیاسەتی یادەوەری و یادکردنەوە گەلێك ئاڵۆزترە لەوەی کە بەرپرسانی حزبی و حکومی ساڵانە بەشدارییەکی سیمبولیك لە یادکردنەوەکاندا بکەن، پارێزگاری هیرۆشیما و سەرۆکەکان بانگهێشت بکەن و کۆمەڵێك وتار پێشکەش بکەن و بەڵێنی دووبارە بدەن. بەڵکو بەشداربوویەك جەخت لەسەر بەدەزگاییکردنی بەڕێوەبردنی یادەورەییەکان دەکاتەوە:

*کاتێك کە تۆ کردەی سیاسیی خۆت کردە سەنگ بۆ بەرەمزکردنی ئەم بابەتانە، کردە سەنگ بۆ ئەوەی کێ ئەنفالی دەرەجە یەکە و کێ دەرەجە دووە ئەمە وا تایەکی نامێنێ. دەبوو بەدیموکراتیزەکردنی یادکردنەوە هەبایە. گرووپێك دەشێت خۆسەپێنانە پرۆسەی یادکردنەوە کۆنترۆل بکات. بە گشتاندنی گفتوگۆ لەسەری دەستەبەردەبێت. نابێت یادکردنەوە دژە عەرەب بێت، نابێت هەڵەبجە بۆ کروزانەوە بێت. پێویستی بەدەزگاییکردن و بەڕێوەبردنی یادەوەری*

لەم بۆچوونانەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە پرسی کۆیادەوەری فرەڕەهەندە و پەیوەندی بە زۆر پرسی دیکەی وەك دیموکراسی، دادپەروەری، یەکسانی، حوکمی باش و مامەڵەی تەندروستی دەسەڵات هەیە لەگەڵ پرسەکەدا. بۆیە یەکێك لەو هۆکارانەی کە بەشداربووان لە هەموو باسەکاندا وەك بەربەستێکی سەرەکی نەتەوەسازی و ئێستاش بەردەم کۆیادەوەری ئاماژەی پێدەکەن، بریتییە لە حزبایەتی.

بۆیە بەشداربوویەك دەڵێت:

*یادەوەرییەکان لەژێر دەستی حزب دەربهێنرێت. بدرێتە کۆمەڵگەی مەدەنی.*

گرنگیی دوورخستنەوەی دەستی حزب لە کۆ یادەوەرییە کان، لەوەدایە کە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان کە ڕووبەڕووی هەر یادەوەرییەك دەبێتەوە لە هەر کۆمەڵگەیەدا بریتییە لە هەوڵی قۆرخکردن، ڕاڤەکردن و بە کارهێنانی یادەوەرییە کان بەو ئاڕاستەیەی کە دەسەڵات دەیەوێت. بەشداربوویەك باس لە کاریگەری پارچەپارچەبوونی یادەوەری کورد دەکات لە ڕێگەی حزب و ڕوانگەیە ئایینییەوەکەوە:

*ئێمە زەحمەتە بتوانین بڵێین کە توانیومانە ناسنامە بەرهەم بهێنین لەسەر بنەمای کۆیادەوەری. ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ پارچەپارچەبوونێکی کە لە تێگەیشتنمان بۆ خۆمان هەمانە. نەورۆز ڕەمزە. ئەی ڕەقیب وەك ڕەمزێك تەما شا دەکرێت. کە دیسانە لە ڕوانگە ئایینییەکەوە بە ئا سانی وەلا دەنرێت. قسەکردن*

*لەسەر یادەوەری، یادەوەری دەستەجەمعی و ڕەمزەکانی نێو ئەمە لە ئاستە کوردیەکەدا زۆر زەحمەتر دەبێ*

بۆ نموونە وەك بەشداربوویەك دەڵێت:

*لە نەوەدەکان تەقویمێك هەبوو لە کاتی بۆنە و جەژنەکاندا، ڕەسمێکی مەلا مستەفا هەبوو لەگەڵ شێخ مەحمود، بەئیعتیبار شێخ نوێنەرایەتی یەکێتی دەکات و مەلا مستەفا هی پارتی. سەیرکە تەنانەت تەفسیریشیان بۆ کەسایەتییەکان لەبەرئەوەی شێخ لە سنووری سلێمانی بووە، لەسەر یەکێتی حساب کراوە. سەیری ئەم خوێندنەوەیە بۆ مێژوو. بۆیە ئەمە لە حاڵەتی شێواندایە.*

ئەم بۆچوونەی سەرەوە لە ڕوانگەیەکەوە هەوڵێکە بۆ یەکخستنی سیمبولە نەتەوەییەکان لە زەین و کۆیادەوەری خەڵکیدا، بەڵام لە ڕوانگەیەکیتری بەڵگەی ڕوون و ئاشکرای پەرتبوونی کۆمەڵگە و دابە شبوونییەتی بە سەر دوو ئیدارەیی و دوو ناوچەیی و دوو سیمبولیدا. واتە لە بنەڕەتدا بۆچی دەبێت دوو سیمبول و چەند سیمبول هەبن، هەتا سیا سەتەکە بەئاڕا ستەی ڕازیکردنی دوو حزب و شار بێت لەسەر بەرگی ڕۆژژمێر ێك. کاتێك دەستی حزب کورت نەکرایەوە دۆخەکە وای لێد یت کە ئەم بەشداربووە باسی دەکات:

*ئەنفال و کیمیابیبارانیان بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان بەکار هێنا. ئەگەر دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەدەست کورد بووایە دادگاییان نەدەکردن، ئازادیان دەکردن. ئەوەی کورد کردوویەتی لەسەر کیمیابیباران و ئەنفال هیچ دوژمنێك نەیکردووە. یەك خائینیشیان موحا سەبە نەکرد. هەبووە ئیخباری پێشمەرگەی داوە کە سێدارە بدرێت، کەچی موحاسەبەیان نەکردن. لە جیاتی هەستی هاوبەش، هەستی حزبیان دروست کرد. لە جیاتی زمان، زمانی حزبی. دەمانتوانی بە هەڵەبجە و ئەنفال دەوڵەتی کوردیی دروست بکەین وەك جوولەکە. کۆمەڵگەی خێڵەکی کێشەی نەتەوەیی چارەسەر ناکات. پێش شۆڕشی ئەیلوول هەندێك قۆناغمان تێپەڕاندبوو بەس دوای ڕاپەڕین هەموویان هێنایەوە بۆ خێڵ.*

بەشداربوویەك سیاسەتی کۆیادەوەری دەبەستێتەوە بە بەرجەستەبوونی چەمکگەلێکی وەك هاوڵاتیبوونەوە:

*کە چەمکی هاوڵاتی دروست نەکەیت نابێتە کۆیادەوەری. ئەبێتە کۆیادەورەی بەشێك و گروپێك. وەکو ئێزیدییەکان و فەیلییەکان. بەڵام بۆ کۆیادەوەرییەکان ئایا بە شـێوەی زانسـتی هەنگاوی بۆ نراوە. کۆکراوەتەوە. بۆ دروستکردنی شوناس. ئەوەی پێی دەگوترێت دەوڵەتسازی. شوناسسازی. هەنگاوی بۆ نەنراوە. بە پەلی یەکەم دەسەڵات بەرپرسە لەم حاڵەتە. بە پلەی دووەم توێژەران.*

یەکێك لە کارکردە سەرەکییەکانی یادەوەری بریتییە لە دادپەروەری. واتە لە ڕێگەی کۆیادەوەرییەوە دادپەروەری بەرجەسـته دەبێـت. بە پێچەوانەی مێژووەوە کە زۆرجـار چیرۆکی سـەرکەوتنەکـان، پاڵەوانییەتییەکان و پاڵەوانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کۆیادەوەری چیرۆکی سـتەملێکراوان دەگوازێتەوە. ستەملێکراو جەللاد لەیەکتری جیا دەکاتەوە. کۆیادەوەری دەرفەت بە ستەملێکراو، ئەوەی لە دەرەوەی مێژووە و دانی پێدا نەنراوە، دەرەخسێنێت، چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە. ئەمەیە کە گرنگیی کۆیادەوەریی بۆ کورد زیاتر دەسەلمێنێت.

بەشداربوویەك باس لە هەرێمی کوردستان دەکات کە لەسەر بنەمای نادادپەروەریی دامەزراوە:

*بناغەکەی لە سەر ئە سا سی ناعەدالەتی دامەزراوە. ئەمە وادەکات جیاوازی درو ست ببێت. لە جیاتی ئەوەی هەڵەبجە و ڕاپەڕین ببێتە بەشـێك لە قیەمی تۆ و ئاراسـتەی ڕەفتاری کۆمەڵگە بکات، کۆمەڵگە خۆی دەبێـتە بەشێك لەو مەنزومەیە. کۆمەڵگەیان دابەش کردوە. خاکیان دابەش کردووە.*

بەشـداربوویەك ڕووداوی سـووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دەکاتە بەڵگە بۆ پرسـی پەیوەندی دادپەروەری و یادەوەری:

*ئێمە دوو کارەسـاتمان هەیە، هەڵەبجە و ئەنفال. نەیتوانی ببێـــتە یادەوەری بۆ یەکخسـتن. بە پێچەوانەوە خەڵکی هەڵەبجە تورەن و مۆنۆمێنت ئەسووتێنن. ئەوەندەی ڕۆحی تەحەزوب لە کوردستاندا و حزبایەتی و ناوچەیی بەقوەت کرایەوە.*

*بەشداربوویەکیتر جەخت لەسەر جیاوازیی چینایەتی لەسەر بنەمای نادادپەروەری دەکاتەوە:*

*سەبارەت بەو ڕێکارانەی بەرامبەر بە کۆیادەوەرییەکان گیراونەتە بەر، نەك ئەنفال و هەڵەبجە بۆ پێت وایە شـەهیدانی دەسـتی داعش وەك پێویسـت هاوکاری دەکرێن؟.. وای لێهاتووە کە خەڵك بیر لەو یادەوەرییانە نەکاتەوە. بۆیە من دەڵێم نەتەوەخوازیی ئێمە لێڵە. لەمەدا ئیسـلامییەکان سـوودمەندن.*

*خەڵك هیوای نەماوە. خەڵك ئینتیمای نییە. دوودڵە. ڕاڕایە. هەزاران خەڵکی هەژار و داماو هەیە. هەژاری دەورێکی گرنگ دەبینێ. جیاوازییە کۆمەڵایەتی دروست بووە.*

هەڵبەت هەندێك لە بەشـــداربووان ئاماژە بە هەنگاوی گرنگی ڕێکخراوەکان و حکومەت دەکەن بە ئاڕاستەی سیاسەتی یادەوەری:

*هەندێك هەنگاویان نا. وەك مۆزەخانە. ئەمنەسوورەکە. بۆ هەندێك یادی وەك بارزانییەکان مام جەلال دەهات لە هەولێر و دهۆك بە شداری دەکرد. هەندێك کاری وەك ڕۆژی لەدایکبوونی بارزانی کە ڕۆژی پشـووە. لە سـلێمانیش پشـووە. ئەوە گرنگە. بەس بەم دواییە کێشـە دروسـت بوو. ئەمنەسـوورەکەیان دروست کرد. کەسێکیان هینا بۆ دروستکردنی مۆزەخانەیەکی نیشتیمانی بەس سەری نەگرت.*

*بەشداربوویەکیتر دەڵێت:*

*لە پرۆگرامی پەروەردەدا کاری لەســەر کراوە. هەرچەندە، تێگەیشــتنێکی حزبیانەی ئایدیۆلۆجیانەی سەقەتی کوردایەتیشی لە پشتە. بە کوردایەتییەکەش سەقەتە نەك کوردایەتییەکی لەخۆگر.*

لەسەر ئاستی تاکەکەسی و بە هەوڵێ نووسەران و شاعیرانی کورد هەوڵدراوە لەڕووی ئەدەبییەوە کار لەسەر یادەوەرییەکان بکرێت. بەشداربوویەك باسی ئەوە دەکات:

*شێرکۆ بێکەس و بەختیار عەلی زۆر کاریان لە سەر ئەنفال کردووە. کەم شاعیر هەیە کە کاری لە سەر نەکردێت. هەروەها کار لەســەر دروســتکردنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و ئەنفالکراو. خەڵکی هەڵەبجە مۆنۆمێنتەکەیان ســووتاند چونکە یەکێتی هێندە کردبووی بە ســیمبولی یەکێتی و دەســتکەوتێکی حزبی و دکتۆر بەرهەمیی، وەك شتێکی حزبی لێهاتبوو.*

لەڕووی سیاسەتی یادەوەرییەوە بە گەڕانەوە بۆ هەندێك لەو توێژینەوانەی کە لە بەشەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکردن، کۆمەڵێك هەنگاوی کردەیی وەك دروســتکردنی مۆنۆمێنتەکانی وەك هەڵەبجە، چەمچەماڵ و مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە، هەروەها ساڵیادەکانی یادکردنەوە بەتایبەت لە سێ مانگی بەهاردا، لە یادەکانی ئازار، نەورۆز، کیمیابیباران و ئەنفالەوە تا جینۆسـایدی بارزانییەکان هەموویان بە ئاڕاسـتەی سـیاسـەتی یادەوەری بوون. بەرپرسـانی حزبی و حکومی لەم ڕێگەیەوە بەنیاز بوون دەنگی قوربانیدان و چەوســانەوەی نەتەوەی کورد بە گوێی وڵاتان و ڕێکخراوە جیهانییەکاندا بدەن. بەڵام ئەم

هەنگاوانەش جێگەی مشـــتومڕ و تێبینین. لە مەقوولەی دژەکۆیادەوەریدا تاوتوێی ئەم بۆچوونانە دەکەین.

بۆچوونی بەشداربوویەك کە بەرپرسێکی حزبییە، لەم بارەیەوە سەرنجڕاکێشە و خۆی بەڵگەیە لەسەر ناڕوونی و هەڵەتێگەیشتنی حزبەکان و دەسەڵات سەبارەت بە کرۆك و گرنگیی سیاسەتی کۆیادەوەری. ئەو سیاسەتی کۆیادەوەری تەنیا لە جادە و مەعاشدا دەبینێتەوە:

*سـەبارەت بە هەڵەبجە و ئەنفال بەڕاسـتی کار کراوە. ئاوەدان کراوەتەوە. جادە و ڕێگا و بانی بۆ کراوە. خەڵکێکی زۆر تەعین بوون. قەڵادزێ و پێنجوێن شـتی زۆریان بۆ کراوە. ئەو خەڵکە مەعاشـی هەیە. نەفت و ئاوی بە خۆرایی دەوێ. کارەبای بە خۆڕایی دەوێت. لە هەڵەبجە چەند مەسـول هەیە؟ زۆرن دەنگیان مەدەنێ کە ئاوان. بۆ نایێن لە هەڵەبجە دانیشن. ئەم شتانە موتڵەق نییە.*

**دژ بە کۆیادەوەری**

یادەوەرییەکان لەڕووی کردەییەوە هەموو یان نابن بە کۆ یادەوەری. ئەوانە دەبنە کۆ یادەوەری کە بتوانن لە ڕێگەی کۆمەڵێـك میکـانیزمی وەك دانپێـدا نان، گێڕانەوەی بەردەوام، خۆبەرهەمهێنـانەوە، گواستنەوەی بۆ نەوەکانی ئایندە و لە هەمووی گرنگتر هێزی پێکەوەبەستنی کۆمەڵێك خەڵك درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن. کەواتە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان مەرج نییە ڕووداوگەلێکی وەك یادی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی حزبێك، تەنانەت داســتانێکی قارەمانییەتی ببێتە کۆیادەوەری بۆ هەموو خەڵکی هەرێم. دەکرێت یادکردنەوەیەك، سـیمبولێك، سـەرکردەیەك، هۆنراوەیەك یان ڕۆژێکی مێژوویی تەنیا تایبەت بێت بە سـنوورێکی دیاریکراو و لەوبەری سـنوورەکەوە کەس دانی پێدانەنێت. مەبەسـتی ئێمە ئەو کۆیادەوەرییانەیە کە بتوانێت هەڵگری ئەو چەند تایبەتمەندییە بێت کە ئاماژەمان پێکردن. سـەبارەت بە سـیمبولە نەتەوەییەکان، بەشـداربوویەك بە چاوێکی نەرێنیی سـەیری هەر هەنگاوێك دەکات بە ئاراستەی سیمبولسازی و ناسنامەسازی دەکات و لە جیاتی ئەوە جەخت لەسەر سیاسەتی دابەشکردن دەکاتەوە:

*حزبی ئێمە و سـیاسـەت کوردیی خەریکی دابەشـکردنی هەموو شـتێکن. هەموو شـتێکیان دابەش کردوە. تەنانەت ڕاپەرین وەك یادەوەرییەکی گەورە. خاوەندارییەکەی دابەش کراوە. سـیمبولەکانی*

*ڕاپەڕین دابەش کراون. قارەمان و پاڵەکانی. ئەنفال بە هەمانشـێوە. تاکە شـتێك حزبی کوردیی نەیتوانیوە زەفەری پێ بدات و دابەشی بکات نەورۆزە.*

لەم بۆچوونەوە پەی بەوە دەبەیت کە هەر سـیمبول و یـادەوەرییەك کە حزب دەسـتی پێ نەگەیشـتبێت، بۆ نموونە نەورۆز، ئەوە توانیویەتی خۆی ڕزگـار بکـات و ببێتە کۆیـادەوەری. یەکەم ڕەنگدانەوەی ئەم دابەشـکارییە، دوورکەوتنەوە و دروسـتبوونی کەلێنی گەورەیە لە نێوان ئەو نەتەوەیەی کە خۆی لە نێو جەرگەی یادەوەرییەکاندا بووە بۆ نەتەوەیەك کە هیچ ڕووداو و یادەوەرییەکی ئەزموون نەکردووە. گێڕانەوە، مافی یەکسـان بە گێڕانەوەکان و دەسـتوەرنەدان بە گێڕانەوەکان یەکێکە لە پێشـمەرجەکانی دیموکراتیزەکردنی کۆیادەوەری. بەشـداربوویەك باس لەوە دەکات کە چەشـنێك دابڕان دروسـت بووە لە نێوان ئەو نەوەیەی کە دەیان سـاڵ خەباتی کردووە و ئەو نەوەیەکی کە ئەو مێژووەی ئەزموون نەکردووە. ئەوە کۆیادەوەرییەکانن کە ئەو زەمینەیە بۆ نەوەی کۆن دەڕەخسێنن. ئەمە کاتێك ڕوودەدات کە سـیسـتمی حوکمڕان بتوانێت لانیکەم هەندێك بنەمای حوکمی باش، لەوانە دیموکراسـی، دادپەروەری، کۆمەڵگەی خۆشـگوزەران، سـەروەریی یاسـا و هاوڵاتیبوون بچەسـپێنێت و بتوانێت لەڕێگەی ئەم ڕەنگدانەوانەوە تیۆریزەی ئەم خەباتە بۆ نەوەی نوێ بکات. کاتێك نەتوانێت ئەوە بکات، دیارە ناچارە دەسـت بۆ دەسـتکاری گێڕانەوەکان ببات یان کۆمەڵگە تووشـی دابڕانی نەوەکان دەکات. لەوکاتەدا نەوەی نوێ ناتوانێت لە سـۆز بۆ نەتەوە، سـیمبولەکان، ڕابردوو و قوربانیدانەکان تێبگات و ڕێزیان لێبگرێت:

*تەماشا بکە چەندە زەحمەتە بۆ دەسەڵاتداران لە باشوور بتوانن یادەوەری شۆڕشگێڕانە بە نەوەی نوێ و گەنجان بفرۆشـنەوە. زۆر زەحمەتە ئەسـڵەن کە تێیانگەیەنن کە ئەم یادەوەریانە هەن و لە ڕێگەی ئەم یادەوەرییانەوە هاتوون. چەشـنێك لە دابڕان و پارچەپارچەبوون و تێگەیشـتنە دەسـتە جەمعییەکە کە دواجار یادەوەرییەکە کە پەیوەسـتە پێوەی لەگەڵ یادەوەرییە دەسـتەبژێرییەکە کە چەشـنێك لە بیرکردنەوە و یادەوەری بسەپێنێت بەسەر خەڵکەکە.*

بەلای بەشداربوویەکەوە سیمبولەکانی کورد زۆرن، بەڵام بێ پشتیوانن:

*نەورۆز کۆیادەوەی و ڕەمز بووە بۆ ئێمە. ئاڵاکە جێی پرسـیارە. ئەدەبی مقاوەمە. جینۆسـایدی ئێزیدی. هەڵەبجە، ئەنفال. ئەمانە هەن بەڵام بێ پشتیوانی. شێخ مەحمود سیمبول و ڕەمزە. بۆ مەلا مستەفا*

*کەمی کردووە؟ قازی محەمەد. مەلا مستەفا ڕەمزە تا ئێستاش. ڕاستە گەنجێك لە گەرمیان لەوانەیە بە ڕەمزی خۆی نەزانێت. ئەو مەکینە ئیعلامییەی کە پارتی و یەکێتی دژی یەکتر بەکاری دەهێنن کێشەی گەورەیە. لە ئێمە موتەخەلیفتر نییە سەبارەت بە ڕموزەکانمان. ئەمان هەر یەکەو شتی خۆی پێ موقەدەسە.*

بەشداربوویەك سەبارەت بە سیاسەتی سیمبولەکان پێیوایە:

*پەیکەر و نوسینی سەرگۆڕ و تابلۆی سەرشەقام و سەرمۆر سەرنجڕاکێش نییە، نەبووتە بەشێك لە ناسنامە گشتگیرەکە. ڕەمزەکان حزبی و بنەماڵەیی و تاکەکەسین. تێگەیشتنی ناڕوونی دەسەڵات بۆ یادکراوە، وەبیرهاتوو و ڕەگەزەکانی ناسنامە. ئەگەر ئێمە دەمانەوێت کار لەسەر یادەوەری دەستەجەمعی بکەین، دەبێت بەشدارییەکی ڕەمزیانەی لە یادکردنەوەکەدا هەبێت. ئەمە ڕەهەندە هەرە دیارەکەی ناسنامەیە. ئەوەی کە قسەکەرە لە یادەوەری دەیەوێت شتێك بسەپێنێت. لە دەرەوەی بەدەزگاییبون.*

یەکێك لە پایە سەرەکییەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوەی کۆ یادەوەرییەکان بریتییە لە یادکردنەوەکان. یادکردنەوەکان لە تیۆری شوێنەکانی یادەوەریی پییێر نۆرادا وەك شوێنی یادەوەری حسێبیان بۆ دەکرێت. کارکردی گەلێك گرنگیان هەیە. یەکێکیان ئەوەیە کە کاتێك یادی کارەساتێك، تاوانێك دەکرێتەوە، کەسوکاری قوربانییەکان هەست بەوە دەکەن کە قوربانیدانەکەیان دانی پێدانراوە. پاشان مافی گێڕانەوەی چیرۆکی قوربانیدانەکە و هەست و سۆزی قوربانییەکە بە قوربانییەکە دەدەیت. لێرەوە کەسوکاری قوربانییەکە هەست بە جێبەجێکردنی دادپەروەریی دەکەن. هەست بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بە هەموو قوربانییەکان دەکەن. بە کردەیی گەیشتن بە مافەکانیان دەبینن. بەڵام کاتێك جیاوازیی بکرێت لە نێوان کەیسێك، شوێنێك یان ڕووداوێك بۆ کەس، شوێن و ڕووداوێکیتر لێرەدا کەسوکاری قوربانی لە جیاتی شانازیکردن بە قوربانییەکەی دەست بە پاڕانەوە، بێتاقەتی و ڕەنگە کڕووزانەوە بکات و لە خراپترین حاڵەتدا شوێنپێی جەللادەکە دەگرێتەوە. وەك بەشداربوویەك پێیوایە:

*ناکرێت تۆ لە هێنانەوەی ڕووفاتی بارزانییەکان بیکەیتە موناسەبەیەکی زۆر گەورە و ڕاستەوخۆ هەمووی نەقڵ بکەیت، بەڵام بۆ هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالی گەرمیانییەکان ئەمەنەکەی . کە ئەمەت نەکرد، ئەم*

*پارچە پارچە بوونە ڕوو دەدات. بۆ ئەوەی هەڵەبجە ببێتە بە ڕەمزێك پێویستە تۆ سیستماتیك كارت بۆ كردبێت. ناكرێت تۆ خۆت بە خاوەنی ئەنفال بزانیت تەنیا ئەنفالی گەرمیانت پێ ئەنفال بێت.*

هەر سەبارەت بە گێڕانەوەكان، یەكێك لە گرفتە سەرەكییەكان بریتییە لە جیاوازی گێڕانەوەكان لەژێر كاریگەری سۆزی حزب و تەنانەت شارچییەتیدا. لەوەش خراپتر لەناو یەك زۆندا جیاوازیی ڕا هەیە سەبارەت بە كات و شوێنی كۆیادەوەرییەكان. بەشداربوویەك دەڵێت:

*سەبارەت بە كۆرەو بۆ نموونە گێڕانەوەی جیاجیا هەیە. ئەوەی كە لە قەڵادزێ دەستی پێكرد، یان لە خەبات دەستی پێكرد. 3/4 لە قەڵادزێ یان 5ی 3 لە ڕانیە دەستی پێكرد. تەبعەن جەدەلەكە لە سەرەتاوە هەبوو بەڵام دواتر وردەوردە خامۆش بوو. واتە تەنانەت لە ناو یەك زۆندا كە سەر بە یەكێتییە ئەو جیاوازییە هەستی پێدەكرێت. ئەوانە نەك نە یانتوانی ئەو یادەورییانە یەك بخەن، بەڵكو ئەو یادەوەرییانە یان شێلوو كردووە. شێواندوویانە و بە حزبیان كردووە. ناتوانن بیانكەنە نیشتیمانی. دەكرێت قەڵای دمدم ببێتە كۆیادەوەری. شێخ مەحمود بە سیمبول و كۆیادەوەری گەورەی كورد، بەڵام چ كراوە بۆ ئەوە. چەند فیلمت دیتووە لەسەر شێخ مەحمود. چەند فیلمی سینەمایی. لەسەر مەلا مستەفا؟*

ڕەنگە هیچ نەتەوەیەك وەك كورد بێ ـ كۆسیمبول نەبێت. هۆكارەكانی زۆرن. یەكێك لە هۆكارەكان لە دوای حزبایەتی، بریتییە لە دووئیدارەیی. بەشداربوویەك باس لەم هۆكارە دەكات:

*كێشەكانی وەك دوو ئیداری هۆكاری سەرەكی بوون بۆ نەبوونی بیركردنەوە سەبارەت بە كۆیادەوەری. شەڕی نێوخۆ و مەشاكلی ئابوری و دابڕان نێوانی ناوچەی بادینان و سۆران ئەو هزری نەتەوەیی و سیمبولی نەتەوەییەی لە ناو نەوەی نوێدا كاڵ كردەوە*

یەكێك لە هۆكارەكانی شێوەگرتنی كۆیادەوەرییەكان بریتییە لە میدیا. بۆچوونەكان سەبارەت بە میدیای كوردی دوو بەشن. بەشێكیان پێیانوایە كە لە ئاستی كۆیادەوەرییەكان بۆ دەرەوە میدیای كوردی توانیویەتی كۆ یادەوەرییە كان بناسێنێت. بەڵام بۆچوونێك ڕەخنە لەو میدیایە دەگرێت. سەبارەت بە كاریگەری میدیا بەشداربوویەك دەڵێت:

*لای هەموومان هەڵەبجە ڕەمزە، نەك لە كوردستان، بەڵكو لەلای هەر كوردێكەوە لەو سەری دنیاش بێت. كەواتە میدیاش كاری كردووە و بووتە ڕەگەزێكی دروستبوونی كۆیادەوەرییەكان.*

هەبوونی ئاڵا، نەشیدی نەتەوەی و هەندێك سیمبولی دیکە، لە ڕەگەزە سەرەتاییەکانی کۆیادەوەری و نەتەوەسازین. لەژێر ئەو ئاڵایەدا و لە پێناو ئەو ئاڵایە، دەیان هەزار کورد و پێشمەرگە شەهید بوون. کەچی هێشتا لەسەر ئەو ئاڵایە و نەشیدی نەتەوەییە ڕاجیایی و سۆزجیایی هەیە. بەشداربوویەك باسی لەوە دەکات کە:

*ڕاستە ئاڵایەکمان هەیە ئایا لە هەموو کوردستاندا وەك یەك ڕێز لەم ئاڵایە دەگیرێت. ئایا تورکمەن بە ئاڵای خۆی دەزانێت. یان مەسیحییەکان، نەشیدی قەومی بە هی خۆیان دەزانن.*




**هێڵکاریی ١٠ بۆچوونی نموونەکە لەمەڕ لەقەڵەمدانی ئاڵای کوردستان بە ئاڵای خۆیان نیشاندەدات**

لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە ٩٠,٥% ی هاوڵاتیان ئاڵای کوردستان بە هی خۆیان دەزانن. تەنیا ٩,٥%ی هاوڵاتیان ئاڵای کوردستان بە هی خۆیان نازانن.

بەشداربوویەك سەبارەت بە کۆیادەوەری ئاماژە بە چەمکێکی دیکە دەکات کە ئاشتییە. ئێمە ناوی دەنێین ئاشتەوایی. ئەو دەڵێت ئاشتەوایی دروست، واتە نەتەوەسازی. کاتێك ئاشتەوایی نەبێت، نەتەوە سازیش بوونی نییە. لە ئاشتیدا کە سیمبولەکانیش دەتوانن جێگەی خۆیان بگرن و ڕیزیان لێ بگیرێت. بەشداربوویەك دەڵێت:

*سەبارەت بە سیمبولی نەتەوەیی. کاتێك ئاشتی هەیە، ڕەسمی مام جەلال لە زاخۆوە هەڵئەواسرێ تا هەورامان. بەڵام کە لێکترازان هەیە لێئەکرێتەوە. بۆیە یەکبوون یەکرێزی زۆر گرنگە. بۆیە ئەگەر خەڵك هەڕەشەی لەسەر نەبێ ئەڵێ کاك مەسعود پیاوی باشە. مام جەلال. نەمانتوانی ئاشتییەکە دروست بکەین. ئاشتی واتە نەتەوەسازی.*

سەبارەت بە یەکڕیزی و هاوبەشییەکان و ڕۆڵی دەسەڵات لەم نێوەدا، لە ڕووپێوەکەدا ئەم پرسیارەمان ئاڕاستەی نموونەکانی توێژینەوە کرد. کە یەکێك لە بنەماکانی دروستکردن و بونیادنانی نەتەوە بریتییە لە بەدیهێنانی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی، ئایا دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا لەم پێناوەدا سەرکەوتوو بووە؟ لە وەڵامدا ٦٢% هاوڵاتیان بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. کە ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە.

دابەشبوونی مەزارگەی کەسایەتییەکان بە گوێرەی ناوچەکانی جێی نفوز حزب و هەژموونیان وادەکات کە یادکردنەوەکانیشیان ببنە بەشێك لە ململانێ حزبییەکە و قورسایی نەتەوەیی خۆی لە دەست بدات. بەشداربوویەك ئاماژە بەم خاڵە دەکات:

*تەما شای مەزارگەکانی سیا سەتمەداران بکە. لەولا ابراهیم ئەحمەدە لەولا نەوشیروانە، لەولا مستەفا بارزانی. نەبوون بە هی هەموو کورد. تەنانەت کەسانێك کە هەموو کورد یان پێکەوە دەبەستەوە لەوانەش حاجی قادری کۆیی و نالی و مەلای جزیری و ئەوانەش خەریکە بەرەو دواوە دەچن و لەژێر کاریگەری ناوچەگەرییەتییدان.*




**هێڵکاریی ١١ ڕۆڵی دەسەڵات لە بەدیهێنانی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوەیی**

ئەم بارگاویکردنەی پرسە نەتەوەییەکان و کۆیادەوەرییەکان بە سیاسەت و حزبایەتی، وادەکات کە خەڵکیش وەك هەڵوێست بەرامبەر بە گێڕانەوە و یادەوەری فەرمی، بەشدارینەکردن لە یادەکان بە جۆرێك خەباتی مەدەنی دژ بە دەسەڵات بزانێت:

*تێکەڵاویی هەیە لەبەردەم دروستکردنی ناسنامە و یادەوەریی هاوبەشدا. بۆ نموونە کە ئەو یادی ئەنفال نەکاتەوە پێیوایە کە ئەمە هەڵوێستە دژی یەکێتی و پارتی. هەروەها کە ئاڵا یەك بەرز ناکاتەوە هەڵوێستە دژیان.*

بۆیە لە ڕووپێوەکەدا کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە تا چەند هاوڵاتیان بەشداری دەکەن لە یادکردنەوە و زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانی وەك ئەنفال، جینۆسایدەکانی هەڵەبجە و بارزانییەکان و ڕووداوە کانیتر دەکەن، بەشداربووان بە ڕێژەی ١١% بەبەردەوامی و ٢٠% زۆرجار بە شداری دەکەن. ٣٦% هاوڵاتیان هەرگیز بە شداری ناکەن و ٣٣% کەمجار بە شداری دەکەن. لە کاتێکدا کە بەلەرچاوگرتنی ئەو هەموو قوربانی و شەهیدانەی کوردستان و زاڵبوونی دەستی حزب و گێڕانەوە و یادکردنەوە فەرمییەکان کە بە ئاسانی دەتوانن زۆرێك لە ئەندامەکانی حزب بۆ بەشداریکردن ڕاسپێرن، دەبوو بەشداری هاوڵاتیان لەم یادکردنەوانەدا زیاتر بووایە. ئەمەش خۆی ئاماژەیەکی ڕوونە بە کەموکورتی لە سیاسەتی یادەوەریدا.

هەر سەبارەت بە ئاڵا یەکێك لە بەشداربووان دەیبەستێتەوە بە سیستمی حوکمڕانی و دەسەڵاتەوە:

*ئاڵا نەیتوانیوە ببێتە کۆیادەوەری. بەتایبەت لەسەر ئاستی چوارپارچە. لەژێر ئەو ئاڵایەدا چەوسانەوە، ناعەدالەتی و خنکانی گەنجان دەبینی. ئاڵاکەش خۆشەویست نابێت. شوێنەکانی یادەوەریش نەیانتوانیوە ئەو ڕۆڵە ببینن. چونکە دەسەڵات ڕێزی لەم قوربانی و سیمبولە نەگرتووە. ڕۆشنبیر و ئەکادیمی بەشیکن لە کێشەکە.*




**هێڵکاریی ١٢ بەشداری هاوڵاتیان لە کۆیادەوەرییەکان**

یەکێك لە چەمکە گرنگەکان کە بەشـێك لە ناسـنامە، سـیمبول و کۆیادەوەرییەکانی کورد پێکدەهێنێت، چەمکی شـەهیدە. لێرەدا هەندێکجار ناکۆکییە حزبییەکە و تێگەیشـتنی گوتارە جیاوازەکان بۆ واتای شـەهید، دەبێتە هۆی دروسـتکردنی تەمومژ و هەندێکجار بێڕێزی بەرامبەر شەهیدەکە. ئەم هۆکارە بەشێکی پەیوەندی بە ململانێی حزبی نێوانیانەوە هەیە.

*بۆ نموونە کوردسـتان دێـت ڕووماڵی یـادی بـارزانییەکـان ئەکـاتەوە. ئەگەر دوای نەقڵەکە دەستخۆشـییەکی بۆ ڕۆشـت ئەوکاتە جارێکیتر دووبارەی دەکاتەوە. کاتێك پێشـمەرگەیەك شـەهید ئەبێت، با هی پارتیش بێت نابێت وەها تەعامول بکرێت کە ئەمە تەنیا هی پارتییە. هی هەموو کوردە.*

## یادەوەریی پارچەپارچە

بە گوێرەی مەقوولە سـەرەکییەکان و ڕاڤەکانی سـەرەوە دەتوانین بڵێین مەقوولەی *یادەوەریی پارچەپارچە*، ئەو مەقوولەیە کە دەتوانێت هەموو پرسیارەکان و باسەکانی سەرەوە ڕووماڵ بکات و لایەنی شیکاریشی هەبێت.

**خشتەی ٢٤ مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولەی کاکڵ**

| ڕیز | مەقوولە | مەقوولەی کاکڵ |
|---|---|---|
| 1 | یادگەی کورد | |
| 2 | یادەوەرییەکان | |
| 3 | دۆخی کورد | کۆیادەوەریی پارچەپارچە |
| 4 | سیاسەتی یادەوەری | |
| 5 | دژ بەکۆیادەوەری | |

لەم باسەدا و بە گوێرەی مەقوولەی کاکڵ کە خۆی هەڵێنجراوی مەقوولەکانیترە، خەڵکی کوردستان لە پۆلێنبەندیی یادەوەرییەکاندا، پێیانوایە کە کورد چەند جۆر یادەوەری هەیە: یادەوەری مێژوویی، فەرمی، یادەوەری سەرکەوت و ژێرکەوتن، ئەفسانەیی، ڕاستەقینە، سیاسی، یادەوەری کارەسات.

بۆ تێگەیشتن سەبارەت بە چییەتیی کۆیادەوەرییەکان، دەتوانین بۆچوونی بە شداربووان سەبارەت بە یادگە و کۆ یادەوەرییە کان بزانین. مشـــتومڕێکی زۆر هەیە لە نێوان خەڵکی بە گشـــتی و چینی خوێندەواردا کە گوایە کورد یادگەی ماوەدرێژی لاوازە. شـتی لەبیر دەچێتەوە. هەندێك لە بەشـداربووان وەك ڕەخنەیە ئاماژە بەم خاڵە دەکەن کە کورد تەنانەت ڕووداوگەلێکی نزیکی وەك شەڕی داعش لەبیری خۆی دەبـاتەوە. بۆچوونێکیش بە پێچەوانەوە پێیوایە کە کورد خـاوەنی یـادەوەرییەکی مێژوویە و هیچ کوردێك نییە ئەحمەدی خانی، قەڵای دمدم، قازی محەمەد و ڕووداوکانی تەعریب و ڕاپەڕین و ئەنفالی بیر بچێتەوە.

بەڵام وادیارە دەنگی ئەوانەی کە تێبنییان هەیە لەســـەر یادگەی مرۆڤ کورد دلێرترە. ئەوان بەڵگە دەهێننەوە کە هۆکـارگەلێکی نـاخودی و خودی وادەکەن کە کورد لە دۆخی لاوازیی یـادگەیـدا بمێنێتەوە. یەکەم لاوازی لە هەبوونی ئەفسانە. نەبوونی ئەفسانە و پاڵەوانی مێژوویی کە دەماودەم کورد بگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوویەك کە بتوانێت شـــانازی پێوەبکات. هۆکاری دووەم، نەبوونی دەوڵەتە. کاتێك نەتەوەی بێدەوڵەت، ئەســـتەمە بتوانێت دەســـت بە کۆیادەوەرییەکانەوە بگرێت، مێژوو بنووســـێتەوە و گوتاری خۆی، سیمبولەکان و یادەوەرییەکانی بەرهەم بهێنێتەوە.

هەروەهـا لە ڕوانگەی خەڵکییەوە فـاکتەری دەرەکیش ڕۆڵێکی کـاریگەری لەســـەر هەر هەوڵ و هەنگاوێکدا هەبووە کە کۆکردنەوەی مرۆڤی کوردی بەدوا بێت. وڵاتانی دراوسـێی کوردسـتان، جگە لە دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار پارچەدا، لێنەگەڕاون ئەم بەشەی باشووریش کە خاوەنی کیانێك بووە، لە ئاسایش و سەقامگیریدا ڕۆژ بکاتەوە.

بەشـداربووان هەندێك بەربەسـتی دیکەی وەك هزری بان ـــــ نەتەوەیی بە کێشـەیەکیتر دەزانن. بەشـێکی زۆر لە خەڵکی کورسـتان موسـوڵمانن. مرۆڤێکی موسـوڵمان کاتێك دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی، باس لە یادەوەری و ســیمبولە ئایینییەکان دەکات نەك نەتەوەییەکان. گرنگی و ڕێز لە جەژنە ئایینییەکانی دەگرێت تا نەورۆزە. تەنانەت ناتوانێت هاوســەنگی لە نێوان خۆشــەویســتی بۆ خاك و وڵاتەکەی لەگەڵ شوێنێکی پیرۆزی ئایینی ڕابگرێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم ڕا ڤانەدا بەشـــداربووانی توێژینەوەکە لە دەســـتنیشـــانکردنی گرنگترین یادەوەرییەکاندا ئاماژە (خانی، قەڵای دمدم، ئاڵا، پێشـــمەرگایەتی، هەڵەبجە و ئەنفال، ســـەڵاحەدینی

ئەیوبی، کۆماری کوردستان، شەشی ئەیلوول، شێخ مەحمود، تەعریب، ئەمنەسوورەکە، قازی محەمەد، عەبدوسەلام بارزانی، مەلا مستەفا بارزانی، ڕاپەڕین، کۆڕەو، ئاڵا، نەورۆز و شەهید) دەکەن. هەڵبەت لێرەدا دەبێت ئاماژە بە دوو خاڵ بکەین. یەکەم، ئەم یادەوەرییانە هەموویان نەبوونەتە کۆیادەوەری. کۆیادەوەری بریتییە لەو ڕوودا، کارەسات، شوین، کەسایەتی و سیمبول یان تەنانەت بەرهەمێك کە لە کۆیادەوەریی خەڵکی کوردستاندا. بۆ نموونە هیچ جوویەك نییە، هۆلۆکۆست بە کۆیادەوەری خۆی نەزانێت. کۆیادەوەری وەك لە ڕاڤەی بەشداربووانەوە بۆمان دەردەکەوێت و لە واتای زمانەوانیی چەمکەکەوە هاتووە، بریتییە لەو واتا و هەست و سۆزە هاوبەشەی کە خەڵکی بەرامبەر بە یادەوەرییەك هەیانە و دەبێتە بەشێك لە ناسنامە، ڕابردوو و بیرکردنەوەی هاوبەشیان.

بۆیە کێشەی سەرەکی کۆیادەوەرییەکانی کورد لە باشووری کوردستان، سەرەڕای ئەو هەموو ناسۆری و کۆژانانەی کە ئەزموونیان کردووە، بریتییە لە پێناسە و واتای جیاوازی خەڵکی لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەری خودی و دەرەکیدا بۆ ئەو یادەوەرییانە. لە فاکتەرە دەرەکییەکاندا ئاماژەمان بە دەستی وڵاتان لە پەرتەوازەکردنی کۆیادەوەرییەکاندا کرد. هەروەها دابڕانی ناوچەکان لەیەکتری و نەبونی هاتووچۆ و ئامرازەکانی پەیوەندی نێوان شوێنەکان بێکاریگەر نابینن، بەڵام فاکتەرە خودییەکان زیانیکی ئێجگار گەورەتریان لە کۆیادەوەرییەکان داوە. لە خوارەوە ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین.

بۆ نموونە لە ڕووپێوەکەدا لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە شوێنەکانی یادەوەری لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە، ڕێژەیەکی کەم لە بەشداربووان ئاماژە بە کۆیادەوەرییەکانی ناسۆرییەکانی کورد دەکەن. ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ئەنفالی گەرمیان، بالیسان، ئەمنەسوورەکە، بارزانییەکان و هەڵەبجە (بە مۆنۆمێنت و عومەری خاوەر)بە شوێنی یادەوەری خۆیان دەزانن، بە تێکڕا ناکاتە ئەو ڕێژەیەی کە قەڵای هەولێر (کە نزیکەی 23%) ە، بە شوێنی یادەوەری خۆیان دەزانن. ڕێژەی کۆکراوەی هەموویان دەکاتە نزیکەی (15%) و نزیکە لەو ڕێژەیەی کە بەتەنیا مزگەوتی گەورەی سلێمانی بە شوێنی یادەوەری دەزانن. مۆنۆمێنتەکانی ئەنفال و بارزانییەکان، ڕێژەی (2%) ی کۆیادەوەری خەڵکی کوردستان پێکدەهێنن. پەیکەرەی عومەری خاوەر و مۆنۆمێنتی هەڵەبجە کە لە هەموو جیهاندا زیاتر

له هەر شوێنێکی یادەوەری بوونەتە سیمبولی کورد و قوربانیدانی کوردەکان تەنیا (10)ی کۆیادەوەری خەڵکی کوردستان پێکدەهێنن.




**هێڵکاریی ١٤ بۆچوونی نموونەکان سەبارەت بە شوێنەکانی یادەوەری**

تێگەیشتن و مامەڵە لەگەڵ کۆیادەوەری پێویستی بە هەبوونی زانین، ئەقڵییەت، پڕۆژە و پرۆسەیەکی درێژخایەن هەیە. بەشـــداربووان ئاماژە بە نەبوونی پڕۆژەیەکی تۆکمەی نەتەوەیی دەکەن کە هەموو ڕەهەندەکانی کۆیادەوەری بگرێتەوە. پڕۆژە تەنیا نییە دروســتکردنی مۆنۆمێنت، بەڵکو دەبێت کۆی سیستمەکە بگرێتەوە. دەبێت لە چوارچێوەی ستراتیجێکی نەتەوەسازیدا لە ڕێگەی کۆمەڵێك خەڵکی

نەتەوە ساز و کارامەوە ڕەنگرێژی بکرێت. کۆیادەوەری بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی بەهێزی بە سیستمی حوکمڕانی و چەسپاندنی بەها باڵاکانی وەك دیموکراسی، دادپەروەری، یاساسەروەری، هاوڵاتیبوون و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانەوە هەیە. کاتێك سیاسەتی یادەوەری لە کۆمەڵگەیەکدا پیادە دەکرێت، هاوڵاتی دەبێت خۆی بە بەشێك لەو کۆمەڵگەیە بزانێت و هەست بە دڵخۆشی بکات. دەبێت هەموو پێکهاتەکان ئەو وڵات و دەسەڵاتە بە هی خۆیان بزانن. سیاسەتی کۆیادەوەری لەڕێگەی حوکمی باشەوە جێبەجێ دەکرێت.

لە ڕووپێوەکەدا سەبارەت بە هەریەکە لەم بنەمایانەی حوکمڕانیی باش پرسیارمان لە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان کردووە. بۆ نموونە سەبارەت بە خۆشگوزەرانی پشتڕاستی ئەنجامگیری کۆدبەندییەکانی میتۆدی یەکەم دەکەنەوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە یەکێك لە بنەماکانی دروستکردن و بونیادنانی نەتەوە بریتییە لە دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئارام بۆ هاوڵاتییان، ئایا دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا لە دابینکردنی ئەم بنەمایەدا سەرکەوتوو بووە؟ ٥١٪ هاوڵاتیانی هەرێم بە نەخێر یەکلاکەرەوە ڕەتی دەکەنەوە دەسەڵات لە دابینکردنی ئەو بنە مایەدا سەرکەوتوو بووبێت. ٢٣٪ تاڕادەیەك و تەنیا ٢٦٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە.




**هێڵکاریی ١٥ ڕۆڵی دەسەڵات لە دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئارام بۆ هاوڵاتییان**

کۆیادەوەرییەکانی کورد هێندەی بریتین لە ناسۆرییەکان و کۆژانەکانی ستەمەکانی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، هێندە سەرکەوتنەکان و ڕووداوگەلی وەك جەژنە نەتەوەییەکان نین. تەنانەت

نەورۆز وەك ئەفسانە دەربڕی زاڵبوونە بە سەر ستەمدا. ئەم کۆیادەوەرییانە پێویست بوو بە شێوەیەکی لۆجیکی و دامەزراوەیی تیۆریزە و جێبەجێ بکرێن. بۆیە لە ڕێگەی شرۆڤە و خەسارناسیی بۆچوونی هاوڵاتییەنەوە دەتوانین سەرنج لەسەر ڕێگری و دەرەنجامەکانی ئەو سیاسەتەی کۆیادەوەری لە هەرێمی کوردستاندا چڕ بکەینەوە.

سەرەتا لە تێنەگەیشتنی دەسەڵاتدارانی کورد لە سیاسەتی یادەوەری دەست پێبکەین. بەشداربووان بە سیاسەتێکی ڕۆژانە، کرچوکاڵ و بێبەرنامە پێناسەی دەکەن کە نەیتوانیوە مەعریفە بەرهەم بهێنێت و بە درێژایی سێ دەیەی ڕابردوو ئاڕاستەی سیاسەتەکە بە دوو مەبەست بووە. یەکەم، ناساندنی تاوانەکان بەرامبەر بە کورد و کەیسەکانی ستەملێکراویی کورد بە بەرگوێکانی دەرەوە ( وڵاتانی زلهێز و ڕێکخراو خێرخوازییەکان)، دووەم کۆنترۆڵی یادەوەری و گێڕانەوەکان بەو ئاڕاستەیەکی کە حزبەکان دەیانەوێت. ئاڕاستەی یەکەم، لە بنەڕەتدا گرنگ بووە بۆ ئەوەی پرسی کورد بە جیهان بناسێنرێت. بەڵام کاتێك کە هەموو سەرنجەکە لە سەر ئەم لایەنە لە کۆیادەوەرییەکان بێت، لە جیاتی بەرهەمهێنانی زانین، کولانەوەی برینەکان، کرووزانەوە و خۆبەکەمزانین، زیاتری لێ بەرهەم نایێت. لە ئاستی نێوخۆ، کورتکردنەوەی هەموو سیاسەتەکە لە بەشداری سیمبولیکی بەرپرسان لە یادکردنەوەکانی وەك ئەنفال، جینۆسایدی هەڵەبجە و بارزانییەکاندا، کردنەوەی چەند مۆنۆمێنت و مۆزەخانە و پەیکەرێك، قەرەبووکردنەوەی بەشێك لە کەسوکاری قوربانیان و ڕووماڵی سەروبەندی ساڵیادەکانی ئەو تاوانانە تەنیا گرنگیدانی ڕووکەشانەی کۆیادەوەرییەکانە. ئەم حاڵەتە بۆ جەژنێکی وەك نەورۆزیش دروستە.

بۆ نموونە لە ڕووپێوەکەدا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە تا چەند زانیاریت هەیە لەسەر ئەم ڕووداو یادەوەرییانەی خوارەوە، نموونەکانی بەشدار لە ڕووپێوەکە یادەوەرییەکانیان زیاتر بەدەوری ئەو ڕووداوانەدا دەسوڕێتەوە کە لەم ساڵانەی دوایی ڕوویانداوە. بۆ نموونە، نزیکەی (41%) بەشداربووان زۆرترین زانیاریان لەسەر شەڕی داعش(19.4)، شانزەی ئۆکتۆبەر(13.0) و شەنگال(8.6) هەیە. لەکاتێکدا سەبارەت بە ڕووداوگەلێکی وەك کۆڕەو(3.6)، ڕاگواستن(2.8)، تەعریب(2.3)، جینۆسایدی بارزانییەکان(1.4)، ڕاپەڕین(5.6)، ئەنفال(6.8)، جینۆسایدی هەڵەبجە(11.2)، تەعریب(2.3)، شەڕی ناوخۆ(11.1)، کەمترین زانیارییان هەیە. لێرەوە دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی کە لایەنی پەیوەندیدار

و سیاسەتگوزاران نەیانتوانیوە لەم ڕووداوانەوە زانین بەرهەم بهێنن و بیانکەنە ئامراز و دەرفەتێك بۆ ناسنامەسازی، نەتەوەسازی و یەکڕیزی و ئەم زانینە لە شێوەی گوتاری نەتەوەیی و نیشتیمانی، پرۆگرامی خوێندن و بەرهەمی سۆسیۆکولتووریی کۆیادەوەرییەکاندا بۆ نەوەی ئێستا و ئایندە بگوازنەوە. ڕووداوێکی وەك ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، ئەنفال و کیمیاییباران دەکرا بە کەمترین کات و تێچوون بکرێنە زەمینەی ئاشتەوایی هەمیشەیی چینی دەسەڵاتدار و جەماوەر، بەڵام کەمترین هوشیاری و زانینیان لە ڕوانگەی بەشداربووانەوە بەرهەم هێناوە. ئایا جێی پرسیار نییە کە ئەنفالی بارزانییەکان تەنیا(1.4) خەڵکی زانیارییان لەبارەیەوە هەیە؟

لەڕوانگەی بەشداربووانەوە یەکێك لە بەربەستەکانی بەردەم کۆیادەوەری بەئاڕاستەی نەتەوەسازی، تێکەلکردنی سیاسەت و حزبایەتی بووە لە سەرجەم پانتاییەکان و بەتایبەت کۆیادەوەرییەکاندا. چەمکێك کە ئەوان زۆر جەختی لەسەر دەکەنەوە دابەشکردنە. دابەشکردنی هەموو شت. لە دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو جوگرافیا، دوو ئیدارە، دوو جۆر کەسایەتیی سیمبولی، دوو شوێنگەلی یادەوەریی جیا هەتا دەگاتە دابەشکردنی فیفتی بە فیفتیی داهات، زمانی کوردی، کولتووری کوردی و شارە کوردییەکان. ئەم هەموو دابەشکردنە ئەگەر و هیوای دروستکردنی دامەزراوەگەلی نیشتیمانیی دەگەیەنێتە ئاستی سفر. ئاماژەدان بە نموونەیەی سادە لە ساڵی ڕابردوودا مشتێك لە نموونەی خەرمانی ململانێی حزبی و نەبوونی دەزگایەکی نیشتیمانییە کە خۆی لە دامەزراوەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنوێنێت. لە ڕێککەوتی (2023/4/7) بە درۆنی تورکیا هێرش کرایە سەر فرۆکەخانەی سلێمانی. کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە. کاردانەوەی گوتەبێژی حکومەت[1] و جێگری سەرۆکی حکومەت[2] لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك جێگەی سەرنجن. گوتەبێژ وێڕای دەربڕینی نیگەرانی، هێرشی توند دەکاتە سەر حزبی دەسەڵاتدار لە سلێمانی و جێگری سەرۆك

---

(1) پەیجی وتەبێژی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جوتیار عادل، (2023/4/7). https://www.facebook.com/KRGSpokesperson/posts/pfbid0xh7AUSc7HE9KF92fSAPjEBgDJYmPXssvLHm2hvAgSmuQSH2xy4mwkm4FMwMdZ6rSl ڕێککەوتی دواسەردان (2023/7/7)

(2) پەیجی جێگری سەرۆکی حکومەت، https://www.facebook.com/qubadtalabaniofficial/posts/pfbid029fUVWd5xjQ2TMRDNiHqAYPf7aWStDrbqhSTyax9BisMMVQVdCqf7w7fgaUhgWG2kl ڕێککەوتی دواسەردان (2023/7/7)

وەزیران بەتوندی وەڵامی گوتەبێژەکە دەداتەوە. لە جیاتی هاوهەڵوێستی، گرتنەبەردی ڕێکاری خێرا و سەرکۆنەکردنی هەمەلایەنە، ڕەنگدانەوەی شەڕەپۆستەکەی نێوانیان دەبێتە هۆی ئاساییبونەوە و لەبیربردنەوەی ڕووداوێکی وەها کە سەروەری و شکۆی کورد و هەرێمی کوردستانی پێ شکاوە کە هێرشەکەی تورکیایە.

کۆیادەوەری پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دادپەروەرییەوە هەیە. دادپەروەریش بە هەبوونی سۆزی نەتەوەییەوە. کاتێك دادپەروەری لە کۆمەڵگەدا بەرجەستە نەبێت، خەڵکی ناپەرژێتە سەر بیرکردنەوە لە یادەوەرییەکان. کاتێك کێشە لە سیستمی سیاسی و بەڕێوەبردن هەبێت، یاسا سەروەر نەبێت، دیموکراسی بەرقەرار نەبێت، خەڵك دژایەتیکردن و بەشدارینەکردن لە ساڵیادەکان، یادەوەرییەکان، بۆیکۆتی جەژنە نەتەوەییەکان، پابەندبوون بە هەڵکردنی ئاڵا و گوێنەدان بە سیمبولەکان وەك نافەرمانیی مەدەنی و جۆرێك دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە دۆخی هەبوو، لێك دەدەنەوە. بۆ نموونە چەند ساڵێکە خەڵکی گەرمیان و هەڵەبجە ڕێگە یان بە بەرپرسانی حزبی و حکومی نەدەدا لە یادکردنەوەکاندا بەشداری بکەن. تەنانەت ئەو ساڵەی مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجەیان سووتاند، دروشمی خۆنیشاندەران ئەوە بوو: نامانەوێ ئەمجارە، مەسوول بێتە ئەمشارە. لەم دوو وێنەیەی خوارەوەدا کە یەکێکیان ئەم (2024/3/16) لە لایەن توێژەرەوە بە مۆبایل چرکێنراوە و ئەویتر لە هەمان ڕۆژی ساڵی (2014)، جیاوازی بەشداریی گەرموگوڕی هاوڵاتیانی شاری هەڵەبجە لە ساڵیادی کیمیاییبارانداا بە ئاشکرا دەبینرێت. جگە لە ڕێگریی کەسوکاری ئەنفالکراوان کە ڕێگە نادەن بەرپرسانی حزبی و حکومیی بەشداری بکەن تیایاندا و تاجەگوڵینەی ڕێز دابنێن[1] .

---

[1]- یادکردنەوەی ئەنفال، پەیجی کەناڵی ڕووداو، ڕێککەوتی https://www.facebook.com/watch/?v=1579359735891416 2023/4/14
https://nrttv.com/detail/23538 ; دواسەردان(2023/4/15) ڕێککەوتی دواسەردان (2023/4/15)





وێنەی ١ بەشداریی خەڵکی هەڵەبجە لە ساڵیادی کیمیاییباران (ساڵەکانی 2014و2024)



وێنەی2 ستوونە کارەباییەکەی بەردەم مزگەوتی ناجییەخان لە ڕانییە

بۆیە بەشداربووان کورتکردنەوەی دەستی حزب لە کۆیادەوەرییەکان، نووسینەوە و گێڕانەوەکان بە یەکێك لە چارەسەرەکان دەزانن. چونکە پێیانوایە ئەم مۆدێلە لە حزبایەتی تەسکبیانە وایکردووە کە کورد خاوەنی هیچ جۆرە یادەوەرییەك نەبێت کە توانای کۆکردنەوەی خەڵکی بەدەوری یەك خاك، نیشتیمان، ئاڵا، سیمبول و شوێنی یادەوەریدا هەبێت. بۆ کۆیادەوەرییەکی وەك ڕاپەڕین، گێڕانەوەی جیاواز بۆ مەبەستی ڕاپەڕین، شوێنی سەرهەڵدانی، ڕۆژی سەرهەڵدانی و پاڵەوانەکانی دەکرێت. ئەم حاڵەتە نەك لە نێوان دوو زۆنەکەدا، بەڵکو لە یەك زۆندا بەردەوامە و جۆرێك سەرلێشێوانی دروست کردووە. لە بەدواداچوونی ئەم مانگەی ڕابردوودا سەبارەت بە چەخماخەی ڕاپەڕین، بەئاشکرا دوو یان سێ گێڕانەوە سەبارەت بە شوێنی دەستپێکی ڕاپەڕین لە میدیاکانەوە دەگوازرایەوە. گێڕانەوەیەك ڕانیە، یەکێك پشدەر، ئەویدی حاجیاوە، یەکێکیتر جەختی لەسەر خەبات دەکردەوە.

تە نانەت گێڕانەوەی جیاجیا و هۆ کاری خۆی هەیە کە ڕۆژی 5ی ما نگ لە پەرلە ما ندا بە ڕۆژی دەستپێکی ڕاپەڕین دەنگی لەسەر دراوە. هەر لە ڕوماڵەکەی ئێمەدا، قسە لەسەر یەکەم شەهیدی ڕاپەڕین هەیە. گێڕانەوەی جیاوازمان سەبارەت بە یەکەم شەهید بەرگوێ کەوت. ئەمە جگە لەوەی کە هیچ جۆرە سیاسەتێکی زانستی و بەرنامەبۆدارێژراو سەبارەت بە پاراستنی شوێنەکانی یادەوەریی ڕاپەڕین جێبەجێ نەکراوە. بۆ نموونە ئەو ستوونەی کە کەوتووەتە بەردەم مزگەوتی ناجییە خان کە خەڵکی لە ڕانییە لە ساڵیادی ڕاپەڕیندا لە دەوری کۆدەبنەوە و ئاڵای کوردستانی لەسەر هەڵدەکەن. ئەو ستوونە بەگوێرەی گێڕانەوەکان شوێنێکی یادەوەرییە و فیشەکی بەرکەوتووە و یەکەم فیشەکیش لەو شوێنە تەقێنراوە. ئەگەر وایە بۆچی ژەنگی گرتووە و خوار و خێچ بووە و نەکراوەتە مۆنۆمێنتێك کە خەڵکی هەست بە گرنگیی شوێنەکە بکەن و لە یادەوەرییەکاندا بمێنێتەوە.

یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی بەردەم کۆیادەوەرییەکان لە هەرێمدا، ئەو کەلێنە زەق و فراوانەیە کە لە نێوان نەوەی بەشدار لەو کۆیادەوەرییانە و نەوەی نوێدا دروست بووە. حوکمڕانان لە ئاست تێگە یا ندنی نەوەی نوێ سە بارەت بە ڕابردوو، خە بات و قور بانیدانە کانی خەڵکی کوردستان و سیمبولەکانیدا دۆش داماون. سیمبولەکانیش بەحزبی، بەشاری و بەبنەماڵەیی کراون. ئەمە وادەکات ناسنامەیەکی هاوبەش سەبارەت بەو ڕابردوو و سمبولانە دروست نەبێت.

کێشەیەکی دیکەی بەردەم یادکردنەوەکان، بریتییە لەو جیاوازییەی کە میدیای کوردی بەرامبەر بە یادکردنەوەکان یان ڕووداوی هێنانەوەی ڕووفاتی قوربانییەکاندا دەیکات. بۆیە لەڕوانگەی ئەوانەوە دوو جۆر ئەنفال و قوربانی هەیە. مەراسیمی هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالی گەرمیانییەکان جیاوازە لەگەڵ جینۆسایدی بارزانییەکاندا. میدیای کوردی گرنگییەکی زیاتر بە یەکێکیان دەدات و کەمتر بەویتریان. بەشداری بەرپرسان لە مەراسیمە کا ندا بە هە مانشێوە. ئەوە جگە لەوەی کە بۆ نموونە لەڕۆژی (2022/7/31) کە ڕێوڕە سمی نا شتنی ڕووفاتی (100) شەهیدی ئەنفالی بارزانییەکان بوو، کورد ستان و میدیای کوردی بوو بە دوو بەشەوە. بەشێکیان کە ڕاگەیاندنەکانی نزیك لە پارتی دیموکرات بوون بە تەواوەتی ڕووماڵی ڕێوڕەسمەکەیان کرد، لەگەڵ ئەو کەناڵانەی کە کەسی یەکەمیان بانگهێشتی مەراسیمەکە کرابوون بۆ نموونە کەناڵی کوردسات و گەلی کوردستان، بەڵام کەناڵەکانی سەربە

حزبەکانیتر بەهیچ جۆرێك ڕووماڵی ئەو ڕووداوە گرنگەیان نەکرد[1][2]. هەمان ڕووداوی گرنگی دیکە کە هێنانەوەی ڕووفاتی (172) شـەهیدی ئەنفالکراوی گەرمیان بوو، هیچکمام لە سـێ سـەرۆکایەتییەکە و تەنانەت وەزیرەکان بەشدارییان تێدا نەکرد. جگە لەوەی کە تەنانەت جیاوازی و کەمتەرخەمی دەکرێت لە هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالکراوەکاندا. بۆ نموونە هێشـتنەوەی ڕووفاتی ١٧٢ شـەهیدی ئەنفالکراوی گەرمیان بۆ ماوەی چوار سـاڵ و شـەش مانگ لە پزیشـکی دادی بەغدا بەڵگەیەکی ڕوونی ئەم کەمتەرخەمییانەیە بەرامبەر شەهیدەکان و نادادپەروەری لە هەمبەر قوربانیدانەکانیان[3].

هەروەها بەگوێرەی بۆچوونی بەشـداربووان، کورد لە باشـوور خاوەنی سـیمبولی نەتەوەیی نییە. یان بۆچوونی هاوبەش سـەبارەت سـیمبولەکان لە ئارادا نییە. ئەم حاڵەتەش بارگاوی بووە بە کۆمەڵێك هۆکاری وەك دوو ئیدارەیی، باڵباڵێنی لە مێژینەی حزبەکان، شـەڕی نێوخۆ، شـارچییەتی و ململانێی بەردەوامی حزبەکان. یەکێك یان چەند سـیمبولێك ئەگەر لە زۆنێکدا لەڕادەبەدەر ڕێزی لێدەگیرێت، لە زۆنەکەی دیکە ئەو بەسیمبولزانین و ڕێزلێگرتنە لەکەمترین ئاستدایە. تەنانەت شوێنەکانی یادەوەری ئەو سـیمبولانە، بە گوێرەی زۆنەکانیان دابەش بووە. خەڵکی دەڤەرێك لەبەر ئەو هۆکارانەی سـەرەوە و هۆکارگەلی دیکەی وەك دابڕانی ناوچەکان لەیەکتر، تێنەگەیشـتنی خەڵکی دەڤەرەکان بە گوێرەی شـێوەزارەکان لەیەکتر، سـەردانی ئەم شـوێنانەی یادەوەرییان نەکردووە. کورتکردنەوەی نەورۆز تەنیا لە کۆبوونەوە و ئـاگرکردنەوەیەك لە ئێوارەی بەرلە جەژنـدا بەبێ ڕەنگرێژی و پەرەپێـدانی کولتوورێکی نەورۆزانەی کوردەوارییانە کە کوردی پێ بناسرێتەوە و بیکاتە بەشـێك لە ناسـنامەی خۆی، ناتوانێت ڕۆڵیکی بەرچاو لە ناسنامەسازی و سۆزی نەتەوەییدا ببینێت.

لە ڕوانگەی بەشـداربووانەوە، نەبوونی ئەم بەرنامە و سـتراتیجە پاشـخانێکی ئایدیۆلۆجیی بان ـ نەتەوەییشـی لە پشـتە. هەڵبەت بەرەچاوکردنی کاریگەری و دەسـتی دەرەکی بۆ لەباربردنی هەر هەنگاوێك بەئاڕاستەی کۆکەرەوەی کورد لە هەر جێگەیەك بێت. ئەوەی کەی کە کورد هێشتا نەیتوانی

---

(1)- (2022/7/30) ڕووفاتی 100 ئەنفالکراوی بارزانییەکان گەڕێنرانەوە ،سایتی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، (https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=136030 ) ڕێککەوتی دواسەردان (2022/7/30)

(2) - (https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/310720227 ) 100 ڕووفاتی ، (2022/7/31) ئەنفالکراوی بارزانییەکان بەخاك دەسپێردرێن، سایتی کەناڵی ڕووداو، ڕێککەوتی دواسەردان (2022/7/30)

(3)- (2024/1/13)، ڕووفاتی 172 شەهید ئەنفال .. (سایتی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق) https://www.presidency.iq/KU/Details.aspx?id=11731 ڕێککەوتی دواسەردان (2024/1/13)

قۆناغی یەکلابوونەوەی جەژنە نەتەوەیی و ئایینییەکانی لە لایەك و هەڵبژاردنی نەشیدێکی نیشتیمانیی لەلایەکی تری تێپەڕێنێت، جێگای تێڕامانە. هەموو سەری ساڵێکی کوردی مشتومڕی بۆنە یان جەژنبوونی نەورۆز دەبێتە بەزمی سۆشیال میدیاکان و فتوای هەندێك لە مامۆستایانی ئایینی. تا هەنووکە شەڕەدەنووك هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا کاتێك سرودی ئەی ڕەقیب لە دەستپێکی یاد و جەژنەکاندا پەخش دەکرێت، لەڕووی شەرعەوە ڕێگەپێدراوە یان نا.

وەك لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەبینرێت، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا لەڕوانگەی تۆوە نەورۆز بۆنەیە یان جەژنە، بۆچوونی نزیکەی سێ لەسەر چوار نموونەکانی ڕووپێوەکە ئەوەیە کە نەورۆز بۆنەیە. لێرەدا باس لە دروستی و نادروستی بۆچوونەکانیان نییە، هێندەی مەبەست لاوازیی گوتاری نەتەوەیی و نیشتیمانییە لەبەرامبەر گوتارەکانی دیکەدا.




**هێڵکاریی ١٦ ڕوانگەی هاوڵاتیان سەبارەت بە نەورۆز وەك بۆنە یان جەژن**

# بەشی دەیەم

# ئەنجام

## نەتەوەسازیی *کۆڵەوار*

لە بەشــی پێشــوودا، دۆزینەوە و داتا ســەرەکییەکانی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی چەمك/کۆدەکان، مەقوولە ســـەرەکییەکان و دیاریکردنی مەقوولەیەکی کاکڵ بۆ هەر باســـێك بە گوێرەی پرســـیارە سەرەکییەکان خرانەڕوو. مەقوولە کاکڵەکان لە کۆتای هەر باسێکدا شەنوکەو کران.

لەبەرئەوەی پرســـی گشـــتیی توێژینەوەکە دروســـتکردنەوەی واتـایی کۆڵەکە ســـەرەکییەکـانی نەتەوەســازی و کۆیادەوەری وەك یەکێك لە کۆڵەکەکان بوو لە ڕوانینی خەڵکی هەرێمی کوردســتاندا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کە بابەتی کۆیادەوەری و نەتەوەسازی پرسێکی فرەڕەهەندە، بۆیە سەبارەت بە هەر باسـێکی توێژینەوەکە بە شـێوەی سـەربەخۆ بنکۆڵی بابەتەکانمان کرد. ئەم باسـانەی کە خرانە ژێر پرسـیار و سـەرنجەوە، بریتیی بوون لە ناسـیۆنالیزم و نەتەوەسـازی، تەریقەت و ناسـیۆنالیزم، حزبە ئیسـلامییەکان و ناسـیۆنالیزم، چەپەکان و ناسـیۆنالیزم، یەکێتی و پارتی و ناسـیۆنالیزم، دەسـەڵات و نەتەوەسازی و دواباس، کۆیادەوەری و نەتەوەسازی. لە شەنوکەوی هەر باسێکدا. پرسیاری سەرەکیی ئەوە بوو کە خەڵك چۆن دەڕواننە نەتەوەسازی و ڕەهەندەکانی نەتەوەسازی لە هەرێمدا.

**خشتەی ٢٥ چەمکەکان، مەقوولە سەرەکییەکان و مەقوولە کاکڵە دەرهێنراوەکان بە گوێرەی ڕەهەندە هەشتەوانەکەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا**

| ڕیز | تەوەر | ژمارەی چەمکە دەرهێنراوەکان | ژمارەی مەقوولە دەرهێنراوەکان | مەقوولەی کاکڵ | مەقوولەی کۆتایی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ناسیۆنالیزم | ٣٧ | ٥ | هەڵبەز و دابەزی کوردایەتی | ***نەتەوەسازیی کۆڵەوار*** |
| 2 | تەریقەت | ٢٧ | ٤ | کورداندنی ئایین | |
| 3 | ئیسلامییەکان | ٣١ | ٣ | ململانێی گوتارەکان | |
| 4 | چەپەکان | ٢٧ | ٤ | بان ـ نەتەوەییبوون | |
| 5 | یەکێتی/پارتی | ٢٨ | ٣ | ناسنامەی حزبی | |
| 6 | دەسەڵات | ٣٩ | ٤ | دابەشکردن | |
| 7 | بەربەستەکان | ٣٢ | ٣ | خەونی نەتەوە | |
| 8 | کۆیادەوەری | ٤٢ | ٤ | کۆیادەوەریی پارچەپارچە | |
| **کۆ** | **٨ ڕەهەند** | **٢٦٣** | **٣٠** | **٨ مەقوولەی کاکڵ بەگوێرەی ٨ تەوەر** | |

لەم بەشەدا ئامانجمان خستنەڕووی مۆدێلێکی ئاوێتە، تێکەڵکیش و خاوەن ئاستێکی ئەبسترەکتی بەرزترە. بە شێوەیەك کە ڕەهەند و لایەنە فرەچەشنەکانی نەتەوەسازی کە لەماوەی کۆدبەندییەکاندا لە چوارچێوەی مەقوولە سەرەکی و باسییەکاندا خرابوونەڕوو، سەرلەنوێ تێکەڵ بکرێنەوە و سەرنجیان لەسەر پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە لە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی چڕ بکەنەوە. لەم کاتەدا پێویستە هەموو مەقوولە سەرەکییەکان پێکەوە تێکەڵ بکرین و مۆدێلێکی گشتگیرتر لەو تێکەڵبوونە بدەن بەدەستەوە کە دەربڕی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەیە.

لێرەدا بەلەبەرچاوگرتنی زۆریی، لێکچوون و تێهەڵکێشبوونی چەمك و مەقوولە کان، جارێکیتر پرۆسەی کۆدبەندی باسیی ئەنجام درایەوە و ژمارەیەکی سنووردارتر و ئەبسترەکتتر لە مەقوولەکان

دەرهێنراون. بۆ دیاریکردنی مەقوولەی کاکڵ واباشترە بگەڕێینەوە بۆ بەشی مەیدانی توێژینەوە و هەموو چەمکە کان و مەقووله کان جارێکیتر تاوتوێ بکەینەوە. ئێمە دووباره مەقوولەی کاکڵی کۆتایی، واتە ئەبستره ککترین ئاستی چەمکاندنمان هەڵبژاردەوە. مەقوولەیەك کە بتوانێت هەموو مەقووله کانی سەرەوە ڕوومالّ بکات و تایبەتمەندیی شرۆڤەیشی هەبێت. کەواتە لە خشتەیەکدا هەموو مەقوولەکانمان بە گوێرەی باسەکان پۆلێن کردەوە و مەقوولەی کۆتاییمان هەڵبژاردەوە کە بریتییە لە ***نەتەوەسازیی کۆڵەوار***.

بە گەڕانەوە بۆ مەیدانی توێژینەوەکەمان کە لێتوێژینەوەیە لە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانمان، هەشت باسمان لەیەکتر جیا کردەوە. هەرچەندە هەر هەشت باسەکە تەواوکەری یەکترین و تێگەیشتن لە هەموویان پێکەوە ئەنجا دەتوانێت لە دانانی تیۆرێکی تایبەت و مۆدێلێکی گراونددی کۆتایی یارمەتیمان بدات. بۆ ئەم مەبەستە کاتێك دووباره مەقووله سەرەکییەکان بۆ ئاستێکی ئەبستره‌کتتری بانتر پەره پێدەدەین، بەو واتایەی کە ئەو ٣٠ مەقووله سەرەکییانەی کە لێکچوونی واتایی و چەمکییان هەیە، لە چوارچێوەی چەند مەقوولەیەکی گشتگیرتر، شیکاریتر و ئەبسترەکتتردا کورت دەکرێنەوە.

بە پشتبەستن بە مەقووله سەرەکییە کۆتاییەکان دەتوانین مەقوولەی کاکڵی ئەم توێژینەوەیە کە بریتییە لە **نەتەوەسازیی کۆڵەوار** وەك کۆتا مەقوولەی کاکڵ هەڵبژێرین. ئەم مەقوولەیە کە تیۆرەکەی ئێمە پێك دەهێنێت، ئەبسترەکتترین مەقوولەی کاکڵ و وەڵامی کۆتایی بۆ هەموو پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەیە، کە بریتییە لە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا. بۆچی لە ڕووی وا تاوە نەتەوەسازیی کۆڵەوار هەڵبژێردراوە، چونکە جگە لەوەی کە ڕوو ماڵی هەموو مەقوولەکانیتر دەکات، لەڕووی باری واتاییەوە ڕەتی ناکاتەوە کە لەماوەی لانیکەی چوار دەیەی ڕابردوودا و بەدیاریکراوی لە دوای 2003، کۆمەڵێك هەنگاو بە ئاراستەی نەتەوەسازی نراون، بەڵام هەنگاوەکان و ئەنجامەکانی کۆڵەوارن. کۆڵەوار چەمکێکی هەورامییە. بە واتای کەسێکە کە کۆڵێکی هەڵگرتووە، بەڵام هەم کۆڵەکەی و هەم خۆی خوار بووە. لەم خواربوونەدا، کۆمەڵێك ڕێگر و ئالەنگاری ناوەکی و دەرەکی هەبوون و هەن. بە گوێرەی ئەم مەقوولەیە، بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە وەك هاوڵاتی هەرێمی کورد ستان، بە تێگەیشتن و ڕاڤەی خۆیان نەتەوە سازی بە چەند لایەن و پانتاییەکی

دیکەوە دەبەستنەوە. ئەوان پێیانوایە کە چەند کارەکتەرێك دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ خوێندنەوە و شرۆڤەی ڕابردووی کورد بەتایبەت لەم سەد ساڵەی ڕابردووە. ئەوان جەخت لەسەر مۆدێرنبوونی چەمکی نەتەوە و نەتەوەسازی دەکەنەوە. بۆ تێگەیشتن لەم پرسە سەرەتا دەبێت لە ناسیۆنالیزمی کوردییەوە دەست پێبکەین. قۆناغەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بە گوێرەی چەند بۆچوونێك بۆ چەند قۆناغیك پۆلێنبەندی کران. بەڵام هاوڕاییی هەیە سەبارەت بە دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. هەڵبەت بۆچوونیش هەیە کە پێیوایە ڕەگەزەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیی دەکرێت لە بەرهەمەکانی (خانی، جزیری، بەدلیسی و دواتر مەلای گەورە) دا بەدی بکرێن. تەنانەت ئەگەر هەلومەرج و بونیادی کۆمەڵگەی کوردی توانای وەرگرتنی ئەو بۆچوونانەی هەبووایە و کۆمەڵگە لەئاستێکی خوێندەواریی بەرزدا هەبووایە دەکرا کورد پیش نەتەوەکانی ڕۆئاواش ببێت بە نەتەوە.

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە، ناسیۆنالیزمی کوردیی لەژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمەکانی تردا و بە سەرنج خستنە سەر خاك و زمان چەکەرە دەکات. لەوکاتەدا کۆمەڵێك خەڵکی ڕۆشنبیر وەك بەدرخانییەکان لە پایتەختەکانی وەك ئەستەنبوڵ و قاهیرە خەریکی خوێندن، چالاکی کولتووری، زمانەوانی یان کاری ئیدارین. ئەوانیش بە هەمان شێوەی شاعیر و بیرمەندانی پێشتر، دەستیان بە جەماوەر ناگات. لێرەدا کۆمەڵێك بەربەست هەن کە ڕێگر دەبن لە بەریەککەوتنی ڕۆشنبیران و نیشتیمانپەروان لەگەڵ خەڵکدا، کە دواتر لە بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازیدا ئاماژەیان پێدەکەین.

پێش ڕێگرییەکان، گرنگە بزانین کە لە ڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە، سەبارەت بە ڕەگوڕیشەی کورد وەك نەتەوە، تەمومژ هەیە. هەندێك لە بەشداربووان باس لە بێڕەگوڕیشەیی، قووڵنەبوون، کۆچەریبوون، نەخوێندەواربوون، بەرلەنەتەوەبوون و کشتوکاڵیبوونی کۆمەڵگەی کوردستان دەکەن. هەڵبەت ئەم بۆچوونە ناکاتە ئەوەی کە لەم ناوچەیەدا تەنیا کورد لەو دۆخەدا ژیاوە بۆیە نەبووە بە نەتەوە و دەوڵەت، بەڵکو هۆکاری دیکە یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی نەتەوەکانیتری ناوچەکە بە دەوڵەت ـ نەتەوەی خۆیان بگەن.

سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی، چەند پێناسە و پۆلێنبەندییەك بۆ ناسیۆنالیزم لە ئارادایە. ناسیۆنالیزمی دەستەبژێرانە، بەرگریکارانە، دەستی سێ، عەشیرەیی، خاك و زمان، ئێتنیکی و لۆکاڵی

هەندێك لە جۆرانەی ناسیۆنالیزمن. دەستەبژێرانە، واتە ناسیۆنالیزمێك كە سنووری چەند دیوانێكی شیعری و ئەدەبی یان دیوەخانی میرنشینەكانی تێنەپەڕاندووە و تەنیا چەند نوسخەیەك لەو ئەدەبیاتە نووسراوەتەوە و دانەبەزیوەتە نێو خەڵك و جەماوەرەوە. بەرگریكارانە واتە لەبەرامبەر ئەوانیتردا دروست بووە. دەستی سێ، واتە كوردەكان چەمكی نەتەوەیان بە هەڵە لە وەرگێڕانی هەڵەی عەرەبەكانەوە وەرگرتوە كە بە واتای *قومیة* دێت و لە جیاتی بیكەنە وڵات و نیشتیمان. خاك و زمان، واتە ناسیۆنالیزمی كوردیی، دەرهاویشتەی واقیع و ئایدیۆلۆجیایەكی قووڵ و خاوەن ستراتیج نەبووە، بەڵكو لە دوو داواكاریدا كورت كراوەتەوە. هەروەها ئێتنیكی، واتە ناسیۆنالیزمێك بووە بۆ ئێتنیكێكی دیاریكراو كە كوردە و مەرج نییە پێكهاتە و نەتەوەكانیتر خۆیان بە بەشێك لە نەتەوەی كورد بزانن. لۆكاڵیش، واتە ناسیۆنالیزمێكی ناوچەیی كە سنووری ناوچەیەكی دیاریكراوی گرتووەتەوە و نەبووەتە بزووتنەوەیەكی ڕزگاریخوازی سەرتاسەری. هەریەكە لەم جۆرانەی ناسیۆنالیزم، خۆی بۆ خۆی بەربەستێك دروست دەكات لەبەردەم ناسیۆنالیزمی كورد یدا و بووەتە هۆی ئەوەی كە لە ڕوانگەی بەشداربووانەوە بە ناسیۆنالیزمێك پێناسە بكرێت كە هێشتا لە قۆناغی هەڵبەز و دابەزدایە و ئۆقرەی نەگرتووە.

بەهەرحاڵ بزووتنەوەیەكی ناسیۆنالیستیی هاتە ئاراوە. بووبە بزوێنەری شۆڕش و جووڵانەوەكان لە هەرێمی كوردستاندا. ئەم بزووتنەوەیە دەرهاویشتەی كۆمەڵێك بارودۆخ بوو. یەكەم لە نێوخۆی عێراق و دووەم لە دەرەوە. بە لەناوچوونی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و جەنگی جیهانی و كۆمەڵێك گۆڕانكاری و بەستنی كۆنگرەگەلێكی وەك سیڤەر و لۆزان، كە دابەشكردنی چوارپارچەی كوردستانی لێكەوتەوە، هەروەها هەڵتۆقینی كۆمەڵێك ناسیۆنالیزمیتری وەك توركەكان و عەرەبەكان، كوردەكانیش لە باشوور كەوتنەوە جموجوڵ. لەوكاتەدا میرنشینەكان بەتەواوەتی لەناوچوو بوون و تەریقەت و ڕێبەرەكانیان ئەو كەلێنەیان پڕ كردەوە. عوسمانییەكان و توركەكان بۆ خۆیشیان لەبەر كۆمەڵێك هۆكار، پاڵنەری ئەم پڕكردنەوەیە بوون، بەمەرجێك ڕێبەرەكان هەر لەژێر كاریگەری گوتاری ئیسلامدا بمێننەوە.

دوو ئاڕاستە سەبارەت بە تەریقەت و ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی كوردیدا هەیە. ئاڕاستەیەك سەرنجی لە سەر بیركردنەوە و تێگەیشتنی ڕێبەرانی تەریقەت چڕ دەكاتەوە و پێیوایە هیچ دژیەكییەك لە نێوان تەریقەت و نەتەوەخوازیدا نەبووە. سەردەمێك هەر ئەوان بوون كە ڕێبەری جووڵانەوەكان بوون. ئاڕاسەی دووەم، بۆچوونی وایە، تەریقەت و ڕێبەرەكانی هێندەی لەژێر كاریگەری ئاییندا بوون، هێندە

خاوەنی گوتارێکی ناسیۆنالیستی نەبوون. تێنەگیشتن لە سەروەریی سیاسی، نەبوونی خەونی نەتەوەیی، بیرکردنەوەی نەریتییانە، پارچەپارچەبوونی تەریقەت، ئەمانە هەندێك لەو فاکتەرانە بوون کە وایکردووە نەتوانن ڕۆڵی کۆکردنەوەی کوردەکان لە دەورەی یەك ڕێباز و یەك سیمبولدا ببینن.

بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە پێیانوایە کە بەهاتنی ئیسلامییەکانی کوردستان کە ئیسلامی سیاسیشیان پێدەگوترێت، ڕۆڵی تەریقەت وەك ڕابردوو کۆتایی دێت. بەڵام ئەوەی ئیسلامییەکان و تەریقەت لەیەك جیا دەکاتەوە، هاوردەبوونی هزر و ئایدیۆلۆجیای ئیسلامییەکانە لە دەرەوەی کوردستانەوە. واتە هزر و گوتاریان هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردستان نییە و لە لایەن ئیخوان موسلیمینەوە هێنراوەتە کوردستانەوە. سەبارەت بە سەرهەڵدان، کار و چالاکی ئیسلامییەکانی کورد ستان، دوو بۆچوون هەیە، یەکەم سەرهەڵدانی ئیسلامییەکان بەتایبەت بزووتنەوەی ئیسلامی لە پەنجاکان بەدواوە، پەرچەکردار بووە بەرامبەر بە کۆمەڵێك هەڵوێست و بیرکردنەوەی دژەئایینی مارکسی و هێزە نائایینییەکانی کوردستان. دووەم، ئیسلامییەکانی کوردستان، دروستە لەژێر کاریگەری ئیخوانی جیهانیدا خۆیان کۆکردووەتەوە، بەڵام لە سۆنگەی هەستکردنیان بە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بە نەتەوە و دۆزی ڕەوای کورد، بە پێویستیان زانیوە شانبە شانی هێزەکانیتر، بەڵام بە ڕۆحێکی ئیسلامییانە دژ بە زوڵم و ستەمی رژێمەکانی عێراق بەتایبەت ڕژێمی بەعس ڕاپەڕن و تێبکۆشن. هەر بۆیە بزووتنەوەی ئیسلامی و دواتر هێزەکانیتر بەرەی خۆیان لە ئیخوان جیا کردەوە و ڕایان گەیاندووە کە کوردیش دۆزێکی ڕەوای هەیە. بۆیە زۆرێك لە بەشداربووان پێیانوایە کە دروستە ئیسلامییەکانی کوردستان خاوەن گوتارێکی ئیسلامین، بەڵام لە هەڵوێستە نەتەوەییەکاندا دژ بە خواستە نەتەوەییەکان ڕانەوەستاون.

بەڵام، لەڕووی هزر و گوتارەوە، ئیسلامییەکان خاوەن گوتاری بان ـــ نەتەوەیین. ئەم بیرکردنەوە وایکردووە کە هەر لەسەرەتاوە ناسیۆنالیزم وەك ڤایرۆسێکی کوشندە پێناسە بکەن. بۆیە دروستە کە لە خەم و کۆژانەکانی کورددا بوون، بەڵام دیسانەوە ئەگەر دژی بەعسیش ڕاپەڕیبن، ئەوا بە هۆی زاڵبوونی پاڵنەرێکی ئایینییەوە بووە نەك نەتەوەیی. هەندێك بنەمای بیرکردنەوەی ئیسلامییەکان لەوانە لە خەمی ئوممەی ئیسلامیدا، قوربانیکردنی کوردایەتی لە پێناو ئایین، نەبوونی مەرجەع و بیرکردنەوەی سەرتاپاگیر وادەکات کە بەشێك لە بەشداربووان پێیان وابێت، نەبوونەتە بزوێنەری بزووتنەوەی

کوردایەتی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەوان، دروستە کە توانیان پرسی کورد بە هەندێك لە خەڵکانی وڵاتانی ئیسلامی بگەیەنن، بەڵام لەڕووی کولتوورییەوە، لە جیاتی بەکوردیکردنی ئیسلام، هزر و کولتووری عەرەبیان بۆ ناو هەرێمی کوردستان گواستەوە. هەروەها بە ئاراستەی نەتەوەسازی، لەڕووی کۆیادەوەری و سیمبولە نەتەوەییەکانەوە، هەندێك سیمبولی وەك سەلاحەددینی ئەیوبیان گرنگی پێدا و هەوڵی بەکوردیکردنی مەولوودنامەیان دا، بەڵام لە هەمانکاتیشدا، لە کورداندنی ئیسلامدا سەرکەوتوو نەبوون. نەیانتوانی هاوسەنگی بپارێزن لە نێوان ئایین و نەتەوەدا. ئیسلامییەك کاتێك دەیەوێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو، هێندەی دەیەوێت بمانگەڕێنێتەوە بۆ سیمبول، بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکان هێندە نامانگەڕێنێتەوە بۆ سیمبولە نەتەوەییەکان و یادەوەرییە نەتەوەییەکانی وەك نەورۆز. ئیسلامییەکان بە دابەشبوونی خۆیان و نەبوونی مەرجەعیان وەك فاکتەرێکی هێزی کۆکەرەوەی نەتەوەیی ڕۆڵیان نەبینیوە. لەبەر ئەوانە تا هەنووکە مشتومڕ لەسەر ئەوە بەردەوامە کە ئایان نەورۆز بۆنەیە یان جەژنە. لەبەر سرودی ئەی ڕەقیب دروستە هەستینە سەرپێ یان دروست نییە. ئەمانە هەموویان دروستکەری کەلێنن لەبەردەم ناسنامەیەکی هاوبەش و بیرکردنەوەیەکی ئایینی کوردانەی هاوبەشدا.

پێش ئیسلامییەکان، هەڵبەت چەپەکانی کوردستان دەستیان بە خەبات کردووە. خاڵی هاوبەشی چەپەکان و ئیسلامییەکان، بریتییە لە بیرکردنەوەی بان ـــ نەتەوەیی و پێشخستنی بیروباوەڕ پێش نەتەوە. واتە شتێك، ئامانجێك، هزرێك و کەسێك هەیە کە بان نەتەوەیە. واتە لەپێشترە لە نەتەوە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەیان لەگەڵ ئیسلامییەکاندا، باوەڕ بوونیان بوو بە برایەتی گەلان. کرێکارانی جیهان یەکگرن، دروشمی سەرەکی مارکسییەکان بوو. ئەوان بە باوەڕبوونیان بە سیمبول و ڕێبەرێك بەناوی مارکس. باوەڕیان بە مافی چاری خۆنووسین نەبووە. بۆیە لە چوارچێوەی عێراقدا کار و خەباتیان دەکرد. بەڵام لە هەندێك ڕووە ناکرێت ڕۆڵیان لەبەرچاو نەگیرێت. بۆ نموونە ناساندنی کێشەی کورد بە عێراقییەکان و دروستکردنی کادیری خوێندەوار بۆ حیزبەکانیتر. بۆیە بۆچوونێك هەبوو کە ئەوانیش بەشێکین لە بزاڤی ناسیۆنالیزم و کە دواتر و لە دوای ڕاپەڕینەوە ئاراستەیان بەرەو کوردستانیبوون بەتەواوەتی گۆڕا.

لە کۆتاییدا، بەشداربووان بە کۆمەڵێك بەڵگەی وەك یەکلانەبوونەوەی چەپەکان لە نێوان مارکسیبوون و نەتەوەییبوون، عێراقچییەتی، بەربەستبوون لە یەکخستنی کورد، نەزۆککردنی

ناسیۆنالیزم بەوەی کە هەر لە سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردییەوە دژی وەستانەوە و بە دۆگما ناوزەدیان کرد، پێیانوایە کە چەپەکان خێریان بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی نەبووە.

لە ساڵانی چلەوە کە حزب کوردییەکان لەژێر کاریگەری ئەو ناسیۆنالیزمەی کە لە پارچەکانیترەوە سەرهەڵدەدات، هەروەها کۆماری کوردستان، دەرکەوتنی حزبی هیوا، کاژیك و دواتر پارتی دیموکراستی کوردستانەوە جۆرێکی تر لە خەباتی سیاسی دەست پێدەکات. هەر لەو کاتەوە جۆرێك باڵباڵێن نەشونما دەکات و لەناو پارتیدا باڵی مەکتەبی سیاسی دەردەکەوێت. هەردوو باڵ هەڵبەت لەژێر کاریگەری هزری چەپدا دەبن. بۆیە بۆچوونی بەشداربووان ئەوەیە کە ئەوانیش تارادەیەك سەر بە یەك خەتی ناسیۆنالیستین و ناتوانین ناسیۆنالیزمی کورد لە باشوور بە بێ پارتی و یەکێتی وێنە بکێشین. بە قووڵبوونەوەی ململانێکانی نێوان دوو باڵەکە، پەرتبوونی زیاتر لە نێو بزووتنەوەی کوردیدا ڕوویدەدا. بوو بە هۆکاری چەندین ساڵ شەڕی خوێناوی نێوانیان. هەڵبەت شۆڕشی ئەیلوول کەمێك ئەم ململانێیانەی سارد کردەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ و لە دوای بەیاننامەی ١١ی ئازارەوە، ڕێککەوتننامەی نەشەڕ، نەئاشتی، بارودۆخەکێکی هێوری هێنایە ئاراوە. تا ساڵی (١٩٧٤) کە هەموو هێزە کوردییەکان لەژێر سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانیدا دژی ستەمی ڕژێمی عێراق ڕاوەستانەوە. لەوکاتەدا حزبی شیوعی عێراقی لەبەری حزبی بەعسدان بوون. تا ساڵی (١٩٧٥-١٩٧٦) و دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر کە بە شکستی شۆڕشی ئەیلوول کۆتایی هات، لەژێر ناوی شۆڕشی نوێدا یەکێتی نیشتیمانی خۆی ڕاگەیاند. هەڵبەت ڕێککەوتننامەی جەزائیر تەنیا هۆکاری شکستەکە نەبوو، هێندەی ململانێکانی و پەرتەوازی نێوان کوردەکان، باڵەکان و تەنانەت پاشقوللێدانی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، نەبوونی پرۆژەیەکی ستراتیژی تۆکمە بۆ ئاراستەکردنی شۆڕش و دابەزاندن و تیۆریزەی ئامانجەکان و خەونی گەلی کورد بۆ ناو جەماوەر، پشتگوێخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و زانکۆ، بەرهەمنەهێنانی مەعریفە، نەچەسپاندنی دادپەروەری لە کۆمەڵگە و جیاوازیی چینایەتی نێوان سەرکردە و کەسوکاریان لەگەڵ پێشمەرگە ئاساییەکان و پەرەپێدانی عەشرەتسازیی زیاتر و .. هۆکاری دیکە بوون.

شەڕ و ململانێی نێوان هەموو حزبەکان بەتایبەت یەکێتی و پارتی درێژەی کێشا، تا بە هۆی زیاتربوونی ستەمی بەعس و نیازی جینۆسایدکردنی گەلی کورد، وای خواست کە هێزەکان بیر لە

دامەزراندنی بەرەی کوردستانی بکەنەوە. شاڵاوەکانی ئەنفال و جینۆسـاید دەستیان پێکرد. دواتر بە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە (١٩/٥/١٩٩٢) دەستی پێکرد و دواتر ئەنجوومەنەکە زەمینەی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە (٤/٧/١٩٩٢) ڕەخساند. بۆیە مێژووی ئەم دوو حزبە بۆ پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین دابەش دەبێت. تا پێش ڕاپەڕین، پاساوێك هەیە بۆ ئەوەی کە یەکێتی و پارتی نەیانتوانیبێت بەرەو نەتەوەسازی هەنگاو بنێن و زیاتر خەریکی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی ڕژێم لە لایەك و لە دژی یەکتر لەلایەکی تر بووبن، بەڵام لە دوای ڕاپەڕینەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەمەزرێت، ئیدی بەرپرسیاریەتییەکەیان بەرامبەر بە کۆیادەوەری و نەتەوەسازی پاساوێکی ئەوتۆ هەڵناگرێت.

بە گوێرەی بەشداربووان، ئەم هێزانە تا پێش ڕاپەڕین دەتوانین بڵێین نەتەوەیی بوون. بەڵام لەڕووی سیاسییەوە، دواتر گوتاریان گۆڕا بۆ گوتاری سوڵتە. کوردایەتیان کردە موزایەدە و ئامرازی دەستگرتن بە دەسەڵات و قۆرخی داهاتەوە. پاشەکشێیان لە خواستەکانی کورد کرد. نەیانتوانی لە وەرگێڕانی ناسیۆنالیزمدا بۆ حوکمڕانی سەرکەوتوو بن. کۆمەڵگەیان دابەش کرد و دووبەرەکی و ململانێیان بەرهەم هێنا. ئەم هێزانە، هێزی قەومی نین. لە جیاتی نەتەوەسازی، شارچییەتی، عەشرەتسازی، تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەیان بەرهەم هێنا. ئەنجامی ئەو گوتار و سیاسەتە بریتی بوو لە ڕێگریی لە دروستبوونی ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردی، تۆراندنی خەڵك لە کوردایەتی، دۆخی نالەبار، گاپ لە نێوان ناسیۆنالیستەکان و جەماوەردا.

هەڵبەت بەشێك لە بەشداربووان، سەرەڕای جەخت لەسەر کۆمەڵێك فاکتەری دیکەی وەك دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ بە ئاڕاستەی دابەشکردنی زیاتری کوردستان، جەخت لەسەر کۆمەڵێك هەنگاوی ئەم حزبانە بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی دەکەنەوە کە پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە هەیە و لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین.

ئەوە واقعە کە حزبەکان لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك فاکتەری وەك ڕاپەڕین، سەپاندنی ناوچەی دژەفرین، شکستی عێراق لە جەنگی کوێت و کۆتاییهاتنی جەنگی نێوخۆی نێوان حزبەکان لە کوردستاندا، هەندێك دامەزراوەی گرنگی حکومییان دامەزراند. بە شداربووانی توێژینەوەکە سەبارەت بە مەبەست و پرۆسەی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا هاوڕان لەسەر ئەوەی کە لە کوردستاندا

نەتەوەسازی وەك پرۆژەیە لە ئارادا نەبووە و ئەگەر کۆمەڵێك هەنگاویش بەو ئاڕاستە نرابن وەك پێویست نەبووە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دەسەڵات هەرێمی کوردستاندا نەتەوەسازی کردووە، بۆچوونی بەشداربووان بە دوو ئاڕاستەی لەیەك نزیکە. ئەوان پێیانوایە کە نەتەوەسازی پێویستی بە ئەقڵی ڕۆشنگەر، هوشیاری دەستەبژێری سیاسی، ستراتیج و نیازی نەتەوەسازی هەیە، کە لە کوردستاندا بوونی نەبووە. ئەوەی هەبووە، بریتی بووە لە کۆمەڵێك هەنگاوی وەك ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان، دروستکردنی سێ سەرۆکایەتییەکە، دیاریکردنی ڕۆژەکانی پشوو و ڕۆژە نیشتیمانییەکان و ئاڵای کوردستان لە پەرلەمان، دروستکردنی زانکۆی زۆر، ڕۆژژمێری کوردی و وەلانانی شەڕی نێوخۆ کە زۆربەی ئەم هەوڵانە بە ئاڕاستەی دەوڵەتسازی بوون نەك نەتەوەسازی. چونکە دەوڵەتسازی پەیوەندی بە دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە هەیە، بەڵام نەتەوەسازی پەیوەندی بە هەموو کایەکانی ژیانی خەڵك و کۆمەڵگەوە و هاوبەشییەکانەوە هەیە. بەڵام یەکێك لە کێشەکانی حزبەکانی دەسەڵات سەبارەت بە نەتەوەسازی بریتی بووە لە بێئاگاییان سەبارەت بە چەمکی نەتەوەسازی، هەروەها نەبوونی ستراتیژێك بەو ئاڕاستەیە.

لە ڕووی ئالەنگارییەکانەوە، نەتەوەسازی لە کوردستاندا بەزۆری لە دامێنەوە کراوە نەك لە بانەوە. بۆ نموونە ئاماژە بە نەتەوەسازی لە وڵاتێکی وەك تورکیا دەکرێت، کە لە ڕێگەی کەسی نەتەوەسازەوە، بە بڕیارێك لە بانەوە دادەبەزێتە خوارەوە بۆ هەموو پانتاییەکانی کۆمەڵگە و هەموو دامودەزگاکانی سەربە دەسەڵات. بەڵام لە کوردستاندا لەبەر ئامادەنەبوونی دەستەبژێر و دەسەڵاتێکی هوشیار، سەرکردەیەکی سەرکێش و نەبوونی ویستێك، ئەم پرۆسەیە زیاتر لە ڕێگەی ئەدەبیات و بەرهەمە کولتوورییەکانەوە لەلایەن کۆمەڵێك خەڵکی ڕۆشنبیر و دامەزراوەوە کراوە. ئەمە وایکردووە، هەر وەك ڕابردوو، چۆن ناسیۆنالیزمی کوردیی ناسیۆنالیزمێکی دەستەبژێرانە بووە، ئاواش نەتەوەسازییەکە دەستەبژێرانە بێت.

نەتەوەسازیی لە کوردستاندا بەتایبەت لە دوای ڕاپەڕینەوە بارگاوی بووە بە کۆمەڵێك دیاردە و فاکتەری نێوخۆی و دەرەکی. بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونی بەشداربووان، لەگەڵ بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازیدا ئەو فاکتەرانە تێکەڵ دەکەین. ئەوەی ڕێگربووە لەبەردەم پرۆسەی نەتەوەسازی لە لایەن

دەســەڵاتەوە، کۆمەڵێك د یاردە بووە کە بەشــێکیان هەڵقوڵاوی بونیادی کۆمەڵگە و درێژەپێدەری هەلومەرجی پێشتری کۆمەڵگەی کورد ستان بوون، بە شێکیان پەیوە ست بوون بە فاکتەری دەرەکی و نێودەوڵەتییەوە. بەشی سێیەمیان کە پشکی شێریان لەم نێوەندا بەردەکەوێت. فاکتەرە نێوخۆییەکانن.

فاکتەرە نێوخۆییە کان، دابەشــکردنی کوردســتان بۆ دوو زۆن و ئیدارە، دابەشــکردنی هێزە کانی پێشــمەرگەی کوردســتان نەك تەنیا لە نێوان حزبەکاندا بەڵکو بەســەر بەرپرســە باڵاکانی حزبەکاندا، پەرەپێدان بە ســیســتمی عەشرەتگەرایی، ململانێ لەســەر بنەمای پۆســت و داهاتی کوردســتان، دە مارگیری شـــار و زار، دەســتوەردانی حزب لە کارو باری حکومەت و دامودەز گا کان، هەر لەژێر کاریگەری دووئیدارەیی و دووزۆنیدا و بەردەوامیی ململانێ حزبییەکان، ڕێگرییەکانی ســیســتمەکانی هاتوچۆ لەبەردەم تێکەڵاوبوونی کولتووری و لێکتێگەیشــتن و پەیوەندی نێوان شـار و زارە جیاجیاکانی کورد ستان، پرۆگرامێکی خوێندنی ناتۆکمە بە ئاڕا ستەی کۆکردنەوەی خاڵە هاوبە شەکان و نا سنامەی نەتەوەیی هاوبەش و مێژووی هاوبەش، ئەمانە بەشێکن لەو بەربەستانەی کە لە ئاستی نێوخۆدا پشکی شێری بەر دە سەڵات دەکەوێت. جگە لە هەندێك فاکتەری دەرەکی کە فشار و دە ستوەردانی وڵاتانی دراوســێ بۆ لەناوبردنی قەوارەی هەرێمی کوردســتان و نەزۆککردنی هەر هەوڵێك کە هیوایەکی بەرەو کۆکردنەوەی کوردەکان لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت.

بەشداربووان بە شێوەیەکی گشتی پرسی نەتەوەسازی لە هەرێمدا دەبەستنەوە بە کۆمەڵێك پرسی دیکەوە کە ڕۆڵی کۆڵەکە ســەرەکییە کانی نەتەوەســازی دەبینن. یەکێك لە پایە ســەرەکییە کانی نەتەوەســازی بریتییە لە چەســپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوون لە کوردســتاندا. هەروەها بنەما کانی دامەزراندنی حوکمڕانیی باش کە پشـت بە سـیسـتمی دیموکراسـی، یاسـاسـەروەری، شـەفافییەت و نەبوونی گەندەڵی دەبەســتێت. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ســیســتمی دەســەڵات لەم پێناوەدا ســەرکەوتوو نەبووە. دەرفەتی یەکسان بۆ هەمووان دە ستەبەر نەکراوە، یا سا سەروەر نەبووە و هەندێك لە بەرپرسان کە ســەردەمێك بە شــاخەوە بوون و پاروویەك نانیان بۆ خواردن دەســت نەکەوتووە، هەنووکە بوونەتە لۆرتەکانی جەنگ. گەندەڵی تەنگی بە سـیسـتمی حوکمڕانی هەڵچنیوە و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی بووەتە هۆی جیاوازییەکی چینایەتی زۆر گەورە.

بە شێوەیەکی تایبەتیش دوو پایەی سەرەکی نەتەوەسازی بە هۆکارێك بۆ نەتەوەسازییەکی کۆڵەوار دەزانن. یەکێك لە پایەکان سوپایەکی یەکگرتووی نیشتیمانییە. هێزەکانی هاوپەیمانان دەمێك ساڵە لە هەوڵی لەیەك نزیککردنەوەی هێزەکانی حەفتا و هەشتان بەمەبەستی یەکخستیان لە هێزێکدا کە بەم دواییە سەفیری ئەمریکا بە هێزی ١٥٠ ی پێشمەرگە ناوی هێنان. ئەم بنەمایە کاتێك دێتەدی کە دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراوەی نیشتیمانی بن، کە نین. ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کاتێك سـوپایەکی یەکگرتوو نەبێت، دەکرێت هێزەکان بەمەبەسـتی تایبەتی و لە پێناو بەرژەوەندی حزب و تاکە بەرپرسـێکدا بجوڵێنرێن. یان بەرپرسـێك بتوانێت دژ بە نەتەوەی خۆی هێزەکەی بەکار بهێنێت. ئەمەش گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی و سەقامگیری کۆمەڵگە دروسـت دەکات. هەر ئەم دۆخەیە کە وا لە هاوڵاتییان دەکات هەسـت بە ئاسـوودەیی و خۆشـگوزەرانی نەکەن، سـۆزیان بۆ وڵات و نیشـتیمان نەمێنێت و دڵخۆش نەبن بەوەی کە هاوڵاتی کوردستانن.

یەکێکیتر لە پایەکانی نەتەوەسـازی لە هەموو وڵاتێکدا بریتییە لە هەبوونی زمانێکی یەکگرتوو. لە ڕێگەی ئەو زمانەوە هاوڵاتیان دەتوانن پێکەوە پەیوەندی بەرقەرار بکەن، لەیەك تێبگەن، هەسـت بە بوونی هاوبەشـییەك و ناسـنامەیەکی زمانیی بکەن. هەسـت بەوە بکەن کە ئەوان سـەربە یەك زمانن. بەڵام هـاوڵاتییەکی شـاری سـلێمانی لەبەر زارەکەی لە دهۆکییەك تێنـاگـات، و هەردووکیـان لە هەورامییەك تێناگەن. بۆیە کاتێك بەشـداربووان ئاماژە بە نەبوونی سـیسـتمێکی خوێندنی تۆکمە دەکەن، مەبەسـتیان دانانی سـیسـتمێکە کە بە شـێوەیەکی زانسـتی بتوانێت هەم زمان هەم ناسنامەیەکی هاوبەش بەرهەم بهێنێت.

ماوەتەوە پرسـی کۆیادەوەری و پەیوەندی ئەم چەمکە بە نەتەوەسـازییەوە لە هەرێمی کوردسـتاندا. مەقوولەی ***نەتەوەسازیی کۆڵەوار***م وەك مەقوولەی کاکڵی کۆتایی هەڵبژارد، چونکە وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە پایەکانی نەتەوەسـازی زۆر بوار دەگرێتەوە. یەکێك لە پایەکان بریتییە لە کۆیادەوەری. مێژووی کوردسـتان و بەتایبەت سـەد سـاڵی ڕابردوو، کۆمەڵگەی کوردسـتان سـیخناخ بووە بە جەنگەکان، ڕاپەڕین، شـۆڕش، ئاوارەبوون، کۆڕەو، ئەنفال، جینۆسـایدەکان و زۆر تراژیدیای دیکە. بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونی بەشداربووان و بە لەبەرچاوگرتنی هەندێك نموونەی وەك هۆلۆکۆستی جووەکان لە ئیسرائیل،

یان هیرۆشـیما لە یابان، دەتوانین بڵێین ناسـۆری، کۆژانەکان و کۆیادەوەرییەکانی کورد، باشـترین و ئاسـانترین ئامراز و هۆکار بوون بۆ ئەوەی سـیاسـەتگوزاران و کاربەدەسـتان لە ڕێگەیانەوە پرۆژەیەکی نەتەوەسازی گەڵاڵە بکەن و کۆیادەوەرییەکان بکەنە بنەمای دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەبا، یەکڕیز، کۆناسـنامە، کۆژان و کۆویژدان لە هەرێمی کوردسـتاندا. بەڵام کۆمەڵێك بەربەسـت هاتنەبەردەم ئەم پرۆسـەیە. هەموو ئالەنگارییەکانی بەردەم نەتەوەسـازی لە هەمانکاتیشـدا ئالەنگارین لەبەردەم بەکارهێنانی کۆیادەوەریدا بەئاراستەی نەتەوەسازی.

کۆمەڵێك یادەوەری، شـوێن و سـیمبولی نەتەوەیی لە کوردسـتا ندا هەن. قەڵای د مدم، ئاڵا، پێشـمەرگایەتی، هەڵەبجە و ئەنفال، سـەلاحەدینی ئەیوبی، خانی، کۆماری کوردسـتان، ئەیلوول، شـێخ مەحمود، تەعریب، ئەمنەسـوورەکە، قازی محەمەد، مەلا مسـتەفا، ڕاپەڕین، کۆڕەو، ئاڵا، نەورۆز، عومەری خاوەر و هەندێکی تر. بەڵام ئەمانە هەموویان نەبوونەتە کۆیادەوەری. یان هەندێکیان لەبەر هۆکارگەلێك لە کۆیادەوەری کەوتوون. مەبەستمان لە کۆیادەوەری، یادەوەرییەکە کە خەڵکی کوردستان بە بەشێك لە یادەوەرییەکانی خۆی بزانێت. دانی پێدا بنێت و لە لایەن سـیاسـییەکان و لەژێر کاریگەری ململانێکاندا لە کۆناسـنامەبوون و کۆیادەوەریبوون نەکەوتبێت. بۆیە بەشـداربووان ئاماژە بەوە دەکەن کە هەریەکە لەم یادەوەرییانە ڕووبەڕووی ئاڵەنگاری بووەتەوە. یادەوەری و سـیمبولەکانی وەك خانی، قەڵای دمدم، شـێخ مەحموود، مەلامسـتەفا، ئایا لە لایەن هەموو خەڵکی کوردسـتانەوە بە کۆیادەوەری هەژمار دەکرێن. ئایا گەرمیانییەك، ئەنفالی بارزانییەکان بە بەشـێك لە خۆی، کۆژان و ناسـنامەی خۆی دەزانێت. بە پێچەوانەوە، خەڵکێك لە زاخۆ هاوسـۆزە لەگەڵ دایکێکی چەمچەماڵیدا و قوربانییەکەی ئەو بە هی خۆی دەزانێت؟ کاتێك یادی کیمیاییبارانی هەڵەبجە دەکرێتەوە، پاسـاوی ئەوەیکە بەرپرسـانی هەموو کوردسـتان و سـێ سـەرۆکایەتییەکە بەشـداری تێدا ناکەن، چییە. بۆچی بۆ سـاڵیادێکی تر، هێنانەوەی ڕووفاتەکانی کۆژانێکیتر (کە زۆر گرنگە) هەمان ئەو بەرپرسـانە بەشـدارییەکی کارا دەکەن، بە پرۆتۆکۆلی فەرمی و یادێکی مەزن بە پیرییەوە دەچن بەڵام بۆ گەڕاندنەوەی ڕووفاتی ١٧٠ ئەنفالکراوی بێناسـنامە بۆ چەمچەماڵ هیچ کام لە سەرۆکایەتییەکان و زۆرێك لە وەزیرەکان بەشدارییان نەکرد.

هاوکات کۆمەڵێك بەربەستیتر سەبارەت بە کۆیادەوەرییەکانی کورد لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی پێدەکرێت. لە نەبوونی پرۆژە و سـیاسـەتێکی یادەوەری دەسـت پێدەکەین. بەرپرسـانی کوردسـتان

کەمترین زانینیان سەبارەت بە یادەوەری، سیاسەتی یادەوەری و بەرهەمهێنانەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردوو بۆ دروستکردنی گوتاری ئێستا و ڕەنگڕێژی ستراتیجێك بۆ ئایندە لەسەر بنەمای کۆ یادەوەرییەکان هەیە. وەك چۆن دەڕواننە حوکمڕانی، هەر ئاواش بە ڕوانینێکی تەسکی حزبی، ناوچەگەرایی، شارچییەتی و زارچییەتی بیریان لەم پرۆسەیە کردووەتەوە. سیاسەتی دەسەڵات و کۆیادەوەری لەم سێ دەیەی ڕابردوودا دەردەدار بووە بە کۆمەڵێك دیاردەی وەك دابەشکردنی کۆیادەوەرییەکان، سیمبولەکان و شوێنەکانی یادەوەری بە گوێرەی زۆنەکان. گۆڕی سەرکردەکان بە گوێرەی شارەکانی ژێر هەژموونی حزب دابەش بوون. لەم پێناوەدا سیمبولە نەتەوەییەکانیش لەبەرامبەر یەکتری دانراون. کاتێك لایەك وێنەیەکی مەلا مستەفای بارزانی لەسەر ڕۆژژمێرێك چاپ کردبێت، لە بەرگی پشتەوە هەوڵدراوە وێنەی شێخ مەحموودی نەمری پێوە بێت. ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە تەنانەت کام بابەتەکان، کام سەرکردەکان لە نێو پرۆگرامی خوێندندا بنووسرێتەوە، کارێکی ئاسان نەبووە. بۆیە کاتێك بابەتێك لەسەر یەکێك لە سیمبولەکان نووسرابێت، بۆ ڕازیکردنی بەرامبەر کەسایەتییەکی دیکە شیان بۆ زیاد کردووە. لەم نێوەندەدا ڕۆڵی دە ستی دەرەکی و هەژموونی کولتووری وڵاتانی دراوسێ و ڕۆڵی ڕاگەیاندن وەك ئاگری ژێر پۆشی ململانێکان نابێت فەرامۆش بکرێت.

هەروە ها بە گوێرەی بۆچوونی بەشداربووان، هە ند ێك وردەهەنگاوی کورتمەودا لە چوارچێوەی سیاسەتی یادەوەریدا لەوکاتانەدا کە تەبایی لە نێوان حزبەکاندا بەرقەرار بووە، جێبەجێ کراون. بۆ نموونە هەوڵدراوە لە ڕێگەی پرۆگرامی خوێندنەوە هەندێك لە یادەوەرییەکانی وەك ئەنفال و جینۆساید و سیمبولە نەتەوەییەکان بە نەوەی نوێ بناسرێنێن. لە پەرلەمان و بە یاسا هەوڵدراوە کۆمەڵێك بڕیار سەبارەت بە ڕ شوو و یادە نیـشتیمانییەکان، دەنگیان لە سەر بدرێت. وێنەی هەردوو سەرکردەی وەك مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە یەك چوارچێوەدا بە دیوارەکاندا هەڵبواسرێت. لە مەراسیمەکانی یادکردنەوەکاندا بەرپرسانی کەمتازۆر بەشدارییان پێبکرێت. کردنەوەی مۆزەخانە، دروستکردنی هەندێك پەیکەری یادەوەری لەو شارانەدا کە تاوانەکەی تێدا ئەنجام دراون، دروست بکرێن. بەڵام ئەم هەنگاوانە لەژێر کاریگەری بارودۆخی ناهەموار، ململانێی حزبی، شارچییەتی و کۆمەڵێك فاکتەری دیکە کاریگەری خۆیان لەدەستدا.

سیاسەتی کۆیادەوەری پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە بە بابەتی دادپەروەرییەوە. ئەگەر لە سەر پێنج ئاست پەیوەندی نێوانیان تەندروست و تەبا بێت، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم سیاسەتی کۆیادەوەرییە بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی هەنگاوی ناوە. ئاستی یەکەم، دەبێت قوربانیانی تاوانەکانی دەرهەق بە کورد، دان بەوەدا بنێن کە دادپەروەری لە هەمبەر قوربانیدانەکانیان هاتووەدی. بۆ نموونە تاوانباران بە سزای خۆیان بگەن، قوربانییەکان بە چاوی خۆیان سزادانی تاوانبارەکان ببینن، نەك داڵدە بدرێن و بە بەرچاوی کەسوکاری قوربانییەکانەوە ژیانێکی خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکرێت، کەسوکاری قوربانیان قەرەبوو بکرێنەوە و برینداره‌کانیان چارە سەر بکرێن. دووەم، دەبێت قوربانیان و کە سوکاریان بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. کەسوکاری بارزانییەك، گەرمیانییەك یان فەیلییەك، هەست بە جیاوازی نە کات لەگەڵ قوربانییەکیتر لە کەیسێکیتردا. سێیەم، حزب و دەسەڵات دەست وەرنەداتە نێو گێڕانەوەکان و هەوڵی زاڵکردنی کوتاری خۆی بە ئاڕاستەی دەستکاری و پەردەپۆشکردنی هەندێك لە ڕاستییەکان نەدات. چوارەم دان بە قوربانیدانەکانیاندا بنرێت و لە ڕێگەی یادکردنەوەکان، مۆنۆمێنتەکان، پرۆگرامەکانی خوێندن و پەروەردەوە بنووسرێتەوە و بگێڕدرێتەوە. پێنجەم، بەرهەمهێنانەوەی یادەکان بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی سوودی لێوەربگیرێت، نەك بۆ موزایەدەی سیاسی، بانگەشەی هەلبژاردن و تەنانەت ئامرازی بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوتی مادیی لەلایەن ڕێکخراوە جیهانییەکان.

بە لەبەرچاوگرتنی ڕاڤە و واتای زەینیی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە، و پشتبەستن بە مەقوولەی کاکڵی کۆتایی کە بریتییە لە ***نەتەوەسازیی کۆڵەوار*** بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە نەتەوەسازی وەك پرۆژە و پلانی ستراتیجی پشتبەستوو بە ویستێکی هاوبەش و بەرەو خەونێکی نەتەوەیی، بڕیارێك لە بانەوە بۆ بنەوە، لە هەرێمی کورد ستاندا لە ئا ستێکی لاوازدا بووە. هەرچەندە وەك پرۆ سە و کردەی کورتمەودا و سڕکەر کۆمەڵێك هەنگاو بە ئاڕاستەی نەتەوەسازی نراون. پەیوەست بە کۆیادەوەرییەکان و ڕۆڵیان وەك پایەیەکی نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەقڵییەت و سیاسەتێکی یادەوەری لە پشت بەڕێوەبردن و بەرهەمهێنانەوی ڕابردوو لە کۆیادەوەرییەکاندا نەبووە. ئەوەی لەم سیاسەتە بەرهەم هاتووە، بریتییە لە کۆیادەوەرییەکی پارچەپارچەکراو، لەژێر هەژموونی گوتاری حزبسەنتەریدا کە خۆی لە نەتەوەسازییەکی کۆڵەواردا بەرجەستە کردووە.

کۆیادەوەری و کۆژانەکان هەرچەندە بێشمار بن، ئەگەر کۆمەڵێك نەتەوەساز بوونیان نەبێت کە لە ڕێگەی سیاسەتێکی یادەوەری تۆکمەوە ئاڕاستەیان بکەن، نەك نەتەوە ساز نابێت، بەڵکو دەبنە کەرەستەی تۆخکردنەوەی یادەوەرییەکانی خێڵ، شار، ناوچە، حزب، زار و زۆن و بە نەزۆککراوی کاریگەری خۆیان لەدەست دەدەن.

**پێشنیازەکانی توێژینەوە**

لەبەر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر چەند پێشنیازێک بۆ ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە پرسی نەتەوەسازی و کۆیادەوەرییەکان بخاتەڕوو:

1-ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە. ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانیشەوە هەیە. دەکرێت لەڕووی خەسارناسییەوە، سیاسەتگوزاران و پلاندارێژەران لە هەرێمی کورد ستاندا، سەرنج لە سەر گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم نەتەوەسازی چڕ بکەنەوە، بە مەبەستی تێپەڕاندنیان.

2-پرسی نیشتیمانسازی پەیوەندی بە هەموو کایەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵك و بەتایبەت بنەماکانی حوکمڕانیی باشەوە هەیە، دەکرێت بە سوودوەرگرتن لەم بنەمایانە هەنگاوی گرنگ و ستراتیجی بەو ئاڕاستەیە بنرێت.

3- سەبارەت بە کۆیادەوەرییەکان، سیاسەتی کۆیادەوەری لە کوردستاندا لە قەیرانێکی گەورەدایە. ئەم سیاسەتە تەنیا بریتییە لە یادکردنەوە و دروستکردنی چەند مۆزەخانە و پەیکەرێك، قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی ڕووداو و تاوانە جۆربەجۆرەکان، ئەم پرسە، تێگەیشتنێکی قووڵتر، زانستییانە و ڕەخنەگرانەتر دەخوازێت کە هەموو گرێکانی وەك حزبسەنتەری، شارچییەتی و زارچییەتی تێپەڕێنێت. بە پشتبەستن بە ویستێکی نیشتیمانی، پرۆژە و ستراتیجێکی دوورمەودا، کۆیادەوەرییەکان، کۆژانەکان، سیمبولەکان و شوێنەکانی یادەوەری، دەتوانن باشترین زەمینە بۆ نیشتیمانسازی، ناسنامەسازی و دەوڵەتسازی لە کوردستاندا دەستەبەر بکەن.

4-گرنگیدانی زیاتر بە کۆیادەوەرییەکان لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی خوێندن و خوێندنی باڵا، کردنەوەی ناوەندێکی نیشتیمانی بۆ توێژینەوە و ئەرشیفی نەتەوەیی، دارشتنی پلان و پرۆژەی زانستی بۆ مامەڵەی

دروســـت لەگەڵ کۆیادەوەرییەکان و قوربانیانی جینۆســـاید و تاوانەکان، ڕەخســـاندنی دادپەروەری و دەرفەتی یەکســـان بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، داننان بە قوربانی و ســـزادانی تاوانباران، نووســـینەوەی ڕاســـتییەکان و تۆمارکردنی گێڕانەوەکان دوور لە دەســـتوەردان، دروســـتکردنی زمانێکی یەکگرتوو، ســـیمبولی نەتەوەیی هاوبەش، نزیککردنەوە و پێکەوبەســـتنی ســـەرجەم ناوچەکانی هەرێم پێکەوە لە ڕێگەی کارئاسانی گواستنەوەی گشتییەوە، کۆمەڵێك هەنگاوی کردەیین بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە.

5-ســـیمبولە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردســـتان لەبەر کۆمەڵێك بەربەســـتی لاوەکی وەك حزبایەتی، شـــارچییەتی و زارچییەتی شـــێوێنراون و نەبوونی ســـیمبولی نەتەوەیی بۆ هەموو خەڵکی کوردســـتان، یەکێکە لە دەرەنجامەکانی ئەو نەتەوەسازییە کۆڵەوارەی کە بەرۆکی گرتووە.

6- گرنگیدان بە شـــوێنەکانی یادەوەری و کارئاســـانی بۆ ســـەردانکردنی هاوڵاتیان بە ئاڕاســـتەی دروستکردنی ناسنامە و هوشیاری نەتەوەیی، بەجۆرێك کە هەموو تاکێك ئەو شوێنانە بە بەشێك لە ناسنامەی خۆی بزانێت.

7- توێژەر، دوابەدوای تەواوکردنی دکتۆراکەی پڕۆژەیەکی بەناونیشـــانی "شـــوێنەکانی یادەوەری، بە ئامانجی ناسنامەسازی و نەتەوەسازی" ئاڕاستەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم کردووە و پرۆژەکەی تا ئەم ساتە ڕەت کراوەتەوە.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

ئەو توێژینەوەیە لەڕووی تیۆرییەوە هەڵگری کۆمەڵێك ڕاسپاردەیە.

1-لەڕووی تیۆرییەوە کەمترین خوێندنەوە و توێژینەوە ســـەبارەت بە چەمکی نەتەوەســـازی لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دراوە. توێژەران دەتوانن کاری زۆر گرنگ و جدی لەم پێناوەدا ئەنجام بدەن.

2-بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو کارەســـات و تراژیدیانەی بەســـەر کورددا هاتوون، بواری کۆیادەوەری پانتایی و دەلاقەیەکی فراوانترمان ســـەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردوو، ڕووداوەکان و تاوانەکانی دەرهەق بەکورد بەڕوودا دەکەنەوە.

3-گێڕانەوەکان و کۆیادەوەرییەکان دەتوانن لەڕووی تیۆرییەوە زەمینەی تێگەیشـــتنی زیاتر، قووڵتر و فراوانتر ســـەبارەت بە ڕەگوڕیشـــەی کورد، بەربەســـتەکان و ئاســـۆکانی بەردەم نەتەوەســـازیمان بۆ بڕەخسێنن.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان


1- ئاراس فەتاح، شوناس و ململانێ لە کۆمەڵگەی دوا جەنگ، ڕەهەند، ژمارە 16و17، دانیمارك (2004).

2- ئاراس فەتاح، نەتەوە و گروپە ستراتیجییەکانی، ڕەهەند، ژمارە(1)، دانیمارك، (1996).

3- ئازاد حاجی ئاقایی، ڕابردووە هاودژەکان؛ خوێندنەوەیەکی دیسکۆرسیڤ لە ناسیۆنالیزمی کورد، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، (2015).

4- ئازاد حاجی ئاقایی، نووسینەوەی مێژووی کورد لە ئێران لە نێوان سێکوچکەی وەبیرهێنانەوە، لەبیربردنەوە و داهێنان(ئاوڕدانەوەیەکی شیکاری ڕەخنەگرانە لە کتێبی کرد و کردستان –ی ڕەشید یاسمی)، گۆڤارا زانکۆیا دهوك، پەربەندا، ژمارە 1، (زانستین مروڤایەتی و کۆمەڵناسی)، بپ 34-48، (2021).

5- ئەنتۆنی دی. سمیس، نەتەوەخوازی، وەرگێڕانی هوشیار سیوەیلی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، (2004).

6- پیتر کیڤیستۆ، هزرە سەرەکییەکانی کۆمەڵنا سی، وەرگێڕانی هەورامان فەریق، چاپی دووەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی، (2022).

7- تهامی العبدولی ئیسلامەکەی کورد؛ نموونەیەك لە ئیسلامی کەمینەکان، خوێندنەوەیەك بۆ بەیەکداچوونەوەی ئایین و نەتەوە و تیرە، وەرگێڕانی عیماد عەلی، چاپی یەکەم، شوێنی چاپ؟ (2022).

8- جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپ دووەم، ئەندێشە، سلێمانی، (2013).

9- جە مال نەبەز، بیری نەتەوەیی کوردی، نە بیری"قەومییەت"ی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری " ناسیۆ نالیزم"ی ڕۆژئاوایی یە، ستۆکهۆڵم، (1984).

10- جەمال نەبەز، دۆزی ناسیۆنالی کورد، ئۆتۆنۆمی یا کوردستانێکی سەربەخۆ یا بڕیاری چارەنووس لە ئازادی دا و بۆ ئازادی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم، (1985).

11- جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، زنجیرەی کوردەوانی، ئەڵمانیا، یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد، (1976).

12- جەمال نەبەز، کوردانی سەرگەردان و برا موسوڵمانەکانییان، وەرگێڕانی سوارە قەڵادزەیی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، (2005).

13- جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتیمان، هەولێر، چاپی دووەم، (2010).

14- جەمال نەبەز، ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد، چاپی دووەم، کتێبفرۆشی سۆران، هەولێر، (2002).

15- حوســێن حوزنی، ســەرجەمی بەرهەمی، هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، (2011).

16- ڕەفیق سابیر، کولتوور و ناسیۆنالیزم، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، (2003).

17- ڕەشاد میران، دەور و بایەخی زمانی کوردی لە پرۆسەی ئێتنۆ ــ کۆمەڵایەتیدا، لە کتێبی چەند بابەتێکی ئێتنۆکۆمەڵایەتی، چاپی یەکەم، بەرگی 1-2، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، بەرگی 1-2، (2016).

18- ڕەشاد میران، مرۆڤناسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، (2021).

19- سۆران حەمەڕەش، کورد کێیە؟ مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی زمانەکەی لە سەرەتای شارستانییەتەوە هەتاکو سەدەی دەیەمی زایینی، چاپی یەکەم، چاپخانەی YPS-Publishing، لەندەن، (2013).

20- سەلام ناوخۆش، ئایین و ناسیۆنالیزم، ڕۆشنامەی میدیا، ژمارە 208، (2006).

21- ســەروەر عەبـدولڕەحمان، مێژووی یەکێتیی نیشــتیمانیی کوردســتـان؛ 1975-1976 دامەزرانـدن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانە هێڤی-هەولێر، هەولێر، (2011).

22- شێرکۆ کرمانج، شوناسی عێراق؛ ململانێ نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، (2017).

23- شــێرکۆ کرمانج، شــووناســی نەتەوەیی، خۆوێناکردنی ئەوانیتر لە پەڕتووکەکانی خوێندنی مێژوو لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، وەرگێڕانی ژینۆ ڕۆژبەیان، گۆڤاری تیشك، ژ.56،ساڵی22، (2720کوردی).

24- عبدالرزاق محمد، بزاوتی ئیسلامی؛ لەڕەگی ئیخوانەوە بۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتوو، سلێمانی، سازیار، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، (2020).

25- عیرفان مستەفا، بوونی نەتەوەیی کورد لە نێوان فەلسـەفە و سـۆسـیۆپۆلەتیکدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر، (٢٠١١).

26- عەبدوڵا ئەحمەد ئەلنەعیم، ئیســلام و دەوڵەتی سـێکیۆلار؛ دانووســتانی داهاتووی شـەریعەت، وەرگێڕان ئازاد حاجی ئاقایی، دانوو ستانی داهاتووی شەریعەت، وەرگێڕان ئازاد حاجی ئاقایی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، (2017).

27- عەبدولرەحمان قاسملوو. کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عبدالله حسن زادە، چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر، (٢٠١٢).

28- عەتا قەرەداخی، گوتاری ناسیونالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، (٢٠٠٧).

29- فالح عەبدولجەبار، ناسیۆنالیزمی عەرەب و ئیسلام (1890-1990)، لە کتێبی ڕەهەندەکانی ناسیۆنالیزم، کۆمەڵێك نووسەر، وەرگێڕانی ئارام جەمال، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، (2004).

30- کامەران محەمەد، کورد؛ بونیادێکی نەخەملیو، چاپی یەکەم، چاپخانە تاران، سلێمانی، (2020).

31- کەمال سولەیمانی، ئایین و نەتەوە، عەقڵی گشتی لە دیدار لەگەڵ کەمال سولەیمانیدا، سازدانی ئازاد حاجی ئاقایی، ژمارە 8و9ی بیر و هزر، (1397)هەتاوی،

32- کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو؛ کورتەباسێکی زانستی مێژوو، کورد و مێژوو، هەولێر، چاپخانەی هێڤی، چاپی دووەم، (2008).

33- موراد حەکیم، ئایا کۆمەڵگەیەك هەیە بەناوی کۆمەڵگەی کوردی؟ لە: سیا سەت و کۆمەڵگە لە با شووری کوردستان، ئامادەکردنی ئیحسان وەلزی و موسلح ئیروانی، ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی، هەولێر، (2020).

34- مەریوان وریا قانع، شەڕی ناوخۆ، ڕەهەند، ژمارە(1)، دانیمارك، (1996).

35- مەریوان وریا، نەتەوە و ناسیۆنالیزم، ژمارە 16و17، دانیمارك، (2004).

36- مەولود موراد، دەعوە و سیاسەت؛ لە کاری حزب و کۆمەڵە سیاسییە ئیسلامییەکاندا، چاپی یەکەم، کۆمپانیای سازیار، سلێمانی، (2019).

37- هوشیار ئۆزسۆی، گۆڕی ونبووی شێخ سەعید: پێکهاتە کوردییەکانی یادەوەری، شوێن و سەروەریی لە تورکیا، و. برایم ساڵح ڕاد، تیشك، ژمارە 63، ساڵی بیست و چوارەم، (2722)ی کوردی.

38- لویس جان کالفی، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، وەرگێڕانی حەسەن حەمزە، چاپی یەکەم، موکریانی، هەولێر، (2012).

39- لویس کۆزەر، ژیان و هزری گەورە کۆمەڵناسان؛ جۆرج زیمێل، ماکس ڤێبەر، وەرگێڕانی هەورامان فەریق، بەرگی دووەم، ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، (2020).

40- لویس کۆزەر، ژیان و هزری گەورەکۆمەڵناسان، وەرگێڕانی هەورا مان فەریق، بەرگی چوارەم، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی، (2020).

41- واسیلی نیکیتین، کرد و کردستان، ترجمە محمد قاضی، چاپ دوم، انتشارات نیلوفر، تهران، (١٣٦٦).

42- هیوا عەزیز سەعید، ناسیۆنالیزمی کوردی (١٨٨٠-١٩٣٩)، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی، ن، ك)، سلێمانی، (٢٠٠٣).

43- هەردی مەهدی میکە، سیاست ایران در قبال کردها (192-1941)، چاپی یەکەم، ناوەندی کوردستان/زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، (2019).

44- هەورامان فەریق کەریم و موراد حەکیم، سیاسەت و نەتەوەسازی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری زانکۆی گە شەپێدانی مرۆیی، کۆنفرانسی زانستیی نیودەوڵەتی چاکسازی و گۆڕانی سیا سی، تەمووزی (2017) . https://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp286-294

45- هەورامان فەریق کەریم، یادەوەری و دادەپەروەری؛ شانزەی سێ لە کۆیادەوەری هەڵەبجەییەکاندا، چاپی یەکەم، ناوەندی کوردستان/ زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، (2019). https://www.hewalname.com/ku/?p=15144

46- هەورامان فەریق، پەروەردەی ئیسلامی و ململانێی گوتارەکان؛ شیکردنەوەی دیسکۆرسیڤی کتێبەکانی پەروەردەی ئیسلامی و ئایینناسی، چاپی یەکەم، ناوەندی سارا، سلێمانی، (2018).

**سەرچاوە فارسییەکان**

47- احمد محمدپور. مهدی رضائی، مطالعات کرد شناسی در ایران، مروری بر موضوعات و رهیافتها، ایران نامگ، سال 1، شماره 4، (1395).

48- احمد محمدپور، تجربەی نوسازی، مطالعەی تغییر و توسعەی هورامان با روش نظریەی زمینەای، چاپ اول، نشر جامعەشناسان، تهران، (1392).

49- احمد محمدپور، روش تحقیق کیفی، ضد روش 2؛ مراحل و رویەهای عملی در روش شناسی کیفی، چاپ دوم، انتشارات جامعەشناسان، تهران، (1392).

50- احمد محمدپور، روش در روش؛ دربارەی ساخت معرفت در علوم انسانی، چاپ دوم، تهران، انتشارات جامعەشناسان، (1389).

51- احمد محمدپور، فراروش2؛ بنیانهای فلسفی و عملی روشهای تحقیق ترکیبی در علوم اجتماعی و رفتاری، چاپ اول، جامعەشناسان، تهران، (1389).

52- ارنست گلنر، ملت ها و ملی گرایی، ترجمە ابولفضل مینویی فر،چاپ اول، گام نو، تهران، (1400).

53- ارنست گلنر، ناسیونالیسم، ترجمە سیدمحمدعلی تقوی، چاپ او، نشر مرکز، تهران، (1388).

54- ارو لونە، مارکسیسم، ترجمە فریبرز مجیدی، دائرە العارف ناسیونالیسم، زیر نظر الکساندر ماتین، جلد دوم، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجە، تهران، (۲۰۱۲).

55- اریك جی. هابسبام، ملت ها و ناسیونالیسم پس از 1780؛ برنامە، افسانە، واقیعیت، ترجمە مهدی صابری، چاپ اول، نشر چشمە، تهران، (1400).

56-اریك متیوز، فلسفه فرانسه در قرن بیست، ترجمه محسن حکیمی، چاپ دوم، انتشارات ققنوس، تهران،(1391).

57-افشین زرگر، مدلهای دولت ـ ملتسازی، از مدل اروپایی تا مدل اوراسیایی، فصلنامهی تخصصی علوم سیاسی، سال چهارم، شماره هفتم، (1386).

58-امیل دورکم، درسهای جامعهشناسی، فیزیك اخلاقیان و حقوق، (بوردو، 1900-1890)، ترجمه سید جمال الدین موسوی، چاپ اول، نشر نی، تهران،(1391).

59-امیل دورکیم، در بارهی تقسـیم کار اجتماعی، ترجمه باقر پرهام، چاپ چهارم، ویراسـت دوم، نشرـ مرکز، تهران،(1390).

60-امیل دورکیم، صور بنیانی حیات دینی، ترجمه باقر پرهام، چاپ دوم، نشر مرکز، تهران ، (1384).

61-آنتونی دی اسمیت، ناسیونالیسم و مدرنیسم، بررسی انتقادی نظریههای متاخیر ملت و ملی گرایی، ترجمه کاظم فیروزمند، چاپ اول، نشر ثالث، تهران، (1391).

62-آنتونی گیدنز، درآمدی بر جامعهشناسی، ترجمه لیلا پیروزمند، چاپ اول، انتشارات فردوسو، تهران، (1385).

63-آنتونیو گرامشی، دولت و جامعه مدنی، ترجمه عباس میلانی، چاپ سوم، نشر اختران، تهران، (1388).

64-اندرو وینسنت، ایدئولوژی های مدرن سیاسی، ترجمهی مرتضی ثاقب فر، چاپ دوم، انتشارات ققنوس، تهران، (1386).

65- ارنسـت رنان و دیگران، ملت، در کتاب ملت، حس ملی، ناسـیونالیسـم، ترجمهی عبدالوهاب احمدی، چاپ یکم، نشر آگه، تهران، (1390).

66-اندرو وینسنت، نظریهی سیا سی، ترجمه پری مختاری، دائرة العارف نا سیونالیسم، زیر نظر الکساندر ماتین، جلد دوم، کتابخانهی تخصصی وزارت امور خارجه، تهران، (1385)

67-انسـلم اسـتراوس و جولیت کربین، مبانی پژوهش کیفی؛ فنون و مراحل تولید نظریه زمینهای، ترجمه ابراهیم افشار، چاپ دوم، نشر نی، تهران، (1391).

68-اوموت اوزکریملی، نظریههای ناسیونالیسم، چاپ اول، انتشارات تمدن ایرانی، تهران، (1383).

69-برایان فی، نظریهی اجتماعی و عمل سـیاسـی؛ بررسـی رویکردهای پوزیتیویسـتی، انتقادی، تفسـیری، مترجم محمد زارع، موسسه انتشاراتی روزنامه ایران، ، تهران، (1383).

70-بندیکت آندرسن، جماعت های تصوری، ترجمه محمد محمدی، چاپ اول، رخ داد نو، تهران، (1391).

71-پل جزفسـون، علم و تکنولوژی، ترجمه احد علیقلیان، در دائرة العارف ناسـیونالیسـم، زیر نظر الکسـاندر ماتین، جلد دوم، چاپ و نشر وزارت امور خارجه، تهران، (1384).

72-پل ریکور، خاطره، تاریخ، فراموشی، گفتگو، شماره 5، (1373).
73-پی یر رنوون، نا سیونالیسم و نا سیونالیسم ها، در کتاب ملت، حس ملی، نا سیونالیسم، ارنست رنان و دیگران، ترجه‌ی عبدالوهاب احمدی، چاپ یکم، نشر آگه، تهران، (۱۳۹۰).
74-تد بنتون و یان کرایب، فلسفه‌ی علوم اجتماعی، بنیادهای فلیفی تفکر اجتماعی، ترجمه شهناز مسمی پرست و محمود متحد، نشر آگه، تهران، (1384).
75-تیم دیلینی، نظریه‌های کلاسیك جامعه شنا سی، ترجمه بهرنگ صدیقی/ وحید طلوعی، چاپ ششم، نشرنی، تهران، (1391).
76-جی وینتر، ا شکال خویشاوندی و یادبود پس از جنگ کبیر، در کتاب خاطره و گفتمان جنگ، به اهتمام فرهاد ساسانی، چاپ اول، انتشارات سوره مهر، تهران، (1387).
77-حمید عنایت، اندیشه سیاسی در اسلام معاصر، چاپ ششم، خوارزمی، تهران، (1392).
78-دیو ید بیتهام، ماکس وبر و نظریه سـیاسـت مدرن، ترجمه هادی نوری، چاپ اول، انتشـارات ققنوس، تهران،(1391).
79-دیوید د. لیتین، علوم سیاسی، ترجمه آزرم وند (مختاری). دائرة المعارف ناسیونالیسم، زیر نظر الکساندر ماتین، جلد دوم، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، تهران، (1384).
80-رابرت السن، مسئله کرد و روابط ایران و ترکیه، ترجمه ابراهیم یونسی، چاپ دوم، نشر پانیذ، تهران، (1384).
81-راینهارد بندیکس، سیمای فکری ماکس وبر، ترجمه محمود رامبد، چاپ دوم، انتشارات هرمس، تهران، (1388).
82-عباس ولی و نویسـندگان، تاریخ به‌تاراج رفته، از کتاب گفتارهایی در خاسـتگاه ناسـیونالیسـم کرد، ترجمه مراد روحی، چاپ دوم، تهران، نشر چشمه، (1398).
83-عباس ولی، تبارشـناسـی کردها، برسـاخت ملت و هویت ملی در نوشـته‌های تاریخی کرد، در گفتارهایی در خاستگاه ناسیۆنالیسم کرد، گردآورنده عباس ولی، ترجمه‌ی مراد روحی، چاپ دوم، نشر چشمه، تهران، (1398).
84-فرانك پارکین، ماکس وبر، ترجمه شهناز مسمی پرست، چاپ دوم، انتشاران ققنوس، تهران، (1389).
85-فریا طشت زر و دیگران، دین و مدرنیته از نگان آنتونی گیدنز، دو فصلنامه علمی ـ پژوهشی پژوهشنامه‌ی ادیان، سال ششم، شماره یازدهم، (1391).
86-کریگ کالهون، ناسیونالیسم، ترجمه محمد رفیعی مهرآبادی، چاپ اول، انتشارات آشیان، تهران، (1392).
87-کیت پیرسون، جان مولرکی، فلسفه‌ی برگسون، ترجمه محمد جواد مرادی، انتشارات سمت، تهران، (1388).

88- کیت نش، جامعه‌شناسی سیاسی معاصر؛ جهانی شدن، سیاست، قدرت، ترجمه محمدتقی دلفروز، چاپ هفتم، انتشارات کویر، تهران، (1388).

89- لشك کولاکوفسکی، جریان های ا صلی در مارکسیسم؛ برآمدن، گسترش و فروپا شی، مترجم عباس میلانی، چاپ دوم، جلد دوم، انتشاران آگاه، تهران، (1385).

90- ماکس وبر، دین، قدرت، جامعه، ترجمه احمد تدین، انتشارات هرمس، تهران، چاپ چهارم، (1389).

91- مارتین وان بروئینسن، مم و زین احمد خانی و نقش آن در بیداری ملی کرد، گردآورنده عباس ولی، گفتارهایی در خاستگاه ناسیونالیسم کرد، ترجمه مراد روحی، چاپ دوم، نشرچشمه، تهران، (1398).

92- مایکل لوکاچ، سازمان های فراملی، دائرة المعارف ناسیونالیسم، زیرنظر الکسندر ماتین، جلد دوم، مفاهیم اساسی (د-ی)، ترجمه فریدون مجلسی، مرکز چاپ و انتشارات وزارت امور خارجه، تهران، (1384).

93- محمدباقر خرمشاد، گفتمان هویت ملی جریان ناسیۆنالیسم، قبل و بعد از انقلاب اسلامی، (باتطبیق اندیشه‌ی احمد کسروی، و عزت الله سحابی، جستارهای سیا سی معاصر، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال نهم، شماره اول، بهار (1379).

94- ملکم همیلتون، جامعه‌شناسی دین، ترجمه محسن ثلاثی، چاپ سوم، نشر ثالّت، تهران، 1390.

95- میروسلاو هروك، از جنبش ملی تا یەك ملت کامل؛ فرآیند شکل گیری ملتها در اروپا، برگردان: سیاوش مریدی، ماهنامه‌ی اطلاعات سیاسی ـ اقتصادی، ش:109-110، سال یازدهم، مهر و آبان (1375).

96- میرویس بلخی، ملتسازی امریکایی؛ مقایسه‌ی عراق و افغانستان، موسسه‌ی تحصیلات عالی افغانستان، کابل، (1399).

97- میشل مالرب، انسان و ادیان، نقش دین در زندگی فری و اجتماعی، ترجمه مهران توکلی، چاپ پنجم، تهران، نشر نی، (1387).

98- واکر کانر، ملت، ملت ا ست؛ آیا دولت، ملت ا ست؟ گروههای اتنیکی چطور، ترجمه: خو شناو قا ضی، تیشك، ژماره٦١، ساڵی بیست و سێهەم، (٢٧٢١).

99- مۆزەخانەکان و ناوەندە گەشتیارییەکان | کوردستانی سەرسوڕهێنەر- وێبسایتی فەرمی دەستەی گشتی گەشت و گوزار(gov.krd) (2024/3/21)

## English References


100- ABBAS VALI, Nationalism and Kurdish Historical writing, New Perspectives on Turkey, spring (1996).

101- AFSHIN MARASHI, Exile and the nation: the Parsi community of India and the making of modern Iran. University of Texas Press, (2020).

102-AHMAD MOHAMMADPOUR & KAMAL SOLEIMANI: 'Minoritisation' of the other: the Iranian theo-ethnocratic state's assimilatory strategies, Postcolonial Studies, (2020).

103-AHMAD MOHAMMADPOUR AND KAMAL SOLEIMANI, Interrogating the tribal: the aporia of 'tribalism' in the sociological study of the Middle East, The British Journal of Sociology, Volume 0 Issue 0, (2019).

104-AHMAD MOHAMMADPUR, NORBERT ROSS & NARIMAN MOHAMMADI. The fiction of nationalism: Newroz TV representations of Kurdish nationalism. European Journal of Cultural Studies, 20(2), (2017).

105-ALEXANDER ETKIND; Hard and Soft in Cultural Memory: Political Mourning in Russia and Germany. Grey Room (2004).

106- AMIR, HASSANPOUR, the Kurdish Experience, Middle East Research and Information Project (MERIP) (1994).

107-ANDREA PURDEKOVÁ, Building a Nation in Rwanda? De-ethnicisation and its Discontents, Studies in Ethnicity and Nationalism: Vol. 8, No. 3, (2008). https://doi.org/10.1111/j.1754-9469.2008.00031.x

108-ANTHONY D. SMITH, Memory and modernity: reflections on Ernest Gellner's theory of nationalism, Nations and Nationalism, 2 (3) 37388. (1996).https://doi.org/10.1111/j.1469-8219.1996.tb00004.x

109-ANTHONY D. SMITH, The origins of nations. Ethnic and Racial Studies, 12(3), (1989).

110-ARAM RAFAAT, Kurdistan in Iraq; The evolution of a quasi-state, first published by Routledge, 2 Park Square, Milton Park, Abingdon, Oxon OX14 4RN, (2018),

111- BAHAR BASER & MARI TOIVANEN, the politics of genocide recognition: Kurdish nation-building and commemoration in the post-Saddam era, Journal of Genocide Research, (2017), https://doi.org/10.1080/14623528.2017.1338644

112- BAHAR BAŞER, Engaging Diasporas in Development and State-Building: The Role of the Kurdish Diaspora and Returnees in Rebuilding the Kurdistan Region of Iraq, Ethnopolitics, 76-91,18:1, (2019)

113- CANDAN, MENDERES AND UWE HUNGER. "Nation Building Online: A Case Study of Kurdish Migrants in Germany." German policy studies 4 (2008)

114- CHARLES T. CALL, AND ELIZABETH.M. COUSENS, "Ending Wars and Building Peace", Coping with Crisis Working Paper Series, International Peace Academy. (2007).

115- DAVID MCDOWALL, A modern history of the Kurds, I.B.Tauris & Co Ltd, London & New York, (2007),

116- DILSHAD H. KHDHIR, Dynamics of Kurdish identity formation in the Kurdistan Region-Iraq between 1991 and 2014, Thesis submitted to the University of Nottingham for the degree of Doctor of Philosophy, May (2015).

117- DOBBINS, JAMES, JOHN G. MCGINN, KEITH CRANE, SETH G. JONES, ROLLIE LAL, ANDREW RATHMELL, RACHEL M. SWANGER, AND ANGA R. TIMILSINA, America's Role in Nation-Building: From Germany to Iraq. Santa Monica, CA: RAND Corporation, (2003). https://www.rand.org/pubs/monograph_reports/MR1753.html. Also available in print form.

118- DOBBINS, JAMES, SETH G. JONES, KEITH CRANE, ANDREW RATHMELL, BRETT STEELE, RICHARD TELTSCHIK, AND ANGA R. TIMILSINA, The UN's Role in Nation-Building: From the Congo to Iraq. Santa Monica, CA: RAND Corporation, (2005). https://www.rand.org/pubs/monographs/MG304.html. Also available in print form.

119- ERAN VIGODA-GADOT, Building strong nations: improving governability and public management, Surrey, Ashgate, (2009).

120- ERIC HOBSBAWM, Age of Revolution; 1789-1898, New York, Vintage Books, (1962).

121- ERNEST RENAN, “What is a Nation?”, text of a conference delivered at the Sorbonne on March 11th, 1882, in Ernest Renan, Qu’est-ce qu’une nation?, Presses-Pocket, translated by (Ethan Rundell), Paris, (1992).

122- FARZIN VEJDANI. Making History in Iran: Education, Nationalism, and Print Culture: Stanford University Press, Stanford, (2015).

123- FAVORINI, ATTILIO. "History, Collective Memory, and Aeschylus' Persians." Theatre Journal, vol. 55 no. 1, (2003).

124- GEORGE THOMAS KURIAN, Encyclopedia of the World’s Nations and Cultures, copyright © Infobase Publishing, (2007).

125- GEORGE LEES, Two years in South Kurdistan, Journal of The Royal Central Asian Society, Vol. 15, Issue. 3, (1928).

126- HAWRAMAN KARIM & BAHAR BASER. Collective Memory in Post-Genocide Societies: Rethinking Enduring Trauma and Resilience in Halabja. Review of Middle East Studies, 56(1), 56-72. (2022).

127- HELGE BLAKKISRUD, FARUH KUZIEV, MUSEUMS, memory and meaningcreation: (re)constructing the Tajik nation, Nations and Nationalism 25 (3): 997–1017. Crossref. ISI. (2019). https://doi.org/10.1111/nana.12519

128- IBRAHIM SADIQ, Origins of the Kurdish Genocide; Nation Building and Genocide as a Civilizing and De-Civilizing Process, the Rowman & Littlefield Publishing Group, Inc, (2021).

129- JAFFER SHEYHOLISLAMI, Language and Nation-Building in Kurdistan-Iraq, Paper presented at the Middle Eastern Studies Association 43th Annual Meeting, Boston, MA, USA, (2009).

130- JAFFER SHEYHOLISLAMI, The language varieties of the Kurds, in The Kurds; History - Religion - Language – Politics, Wolfgang Taucher - Mathias Vogl - Peter Webinger, Austria, Austrian Federal Ministry of the Interior, (2015).

131- JAMES DOBBINs ... [et al.]. The beginner’s guide to nation-building, RAND Corporation, (2007).

132- JAMES DOBBINS, Preparing for nation-building, Survival: Global Politics and Strategy, (2006). https://doi.org/10.1080/00396330600905486

133- JAMES DOBBINs, The UN's role in nation-building: From the Belgian Congo to Iraq, Survival, 46:4, 8102, (2004). https://doi.org/10.7249/MG304

134- JENNIFER MERGY, "Teamwork across disciplines: Durkheimian sociology and the study of nations", Revue européenne des sciences sociales [Online], XLII-129 | 2004, Online since 01 March, (2004).

135- JIM MAC LAUGHLIN, Reimaginign the nation-state; The Contested Terrains of Nation-building, Pluto P Press, London, Sterling, Virginia, (2001).

136- JOHN BREUILLY, Nationalism and the State, Second Edition, Manchester University press, (1993).

137- JOHN SCOTT, Fifty Key Sociologists: The Formative Theorists, First published Routledge, London and New York, (2007).

138- JOHN W. CRESWELL, Qualitative inquiry Research Design; Choosing Among five Approaches, , Sage publication, London and New Delhi (2007).

139- JOHN W. CRESWELL, Research design: Qualitative, quantitative, and mixed methods approaches, SAGE Publications, London and Singapore, (2009).

140- JULIET CORBIN & AND ANSELM STRAUSS, Grounded Theory Research: Procedures, Canons, and Evaluative Criteria, Qualitative Sociology, Vol. 13, No. t, (1990).

141- KAMAL SOLEIMANI, & AHMAD MOHAMMADPOUR, Can non-Persians speak? The sovereign's narration of "Iranian identity." Ethnicities, 19(5), (2019).

142- KAMAL SOLEIMANI, A Kurdish Sufi Master and His Christian Neighbors, Zanj: The Journal of Critical Global South Studies, Pluto Journals, Volume Two, Number One, (2019).

143- KAREN EGGLESTON, JOHN DONAHUE, RICHARD J. ZECKHAUSER. Building the Railroads That Build the Nation. In: The Dragon, the Eagle, and the Private Sector: Public-Private Collaboration in China and the United States. Cambridge University Press; (2021).

144- KARL GUSTAFSSON, Memory Politics and Ontological Security in Sino-Japanese Relations, Asian Studies Review, (2014).

145- KARL MARX AND FRIEDRICH ENGELS, The Communist Manifesto, republished by Global Grey, (2018).

146- KURDISTAN IN IRAQ; The evolution of a quasi-state, Routledge is an imprint of the Taylor & Francis Group, an informa business, (2018).

147- LAURE NEUMAYER, Integrating the Central European Past into a Common Narrative: The Mobilizations Around the 'Crimes of Communism' in the European Parliament, Journal of Contemporary European Studies, 23:3, (2015).

148- LEEZENBERG M. Religion in Kurdistan. In: Bozarslan H, Gunes C, Yadirgi V, eds. The Cambridge History of the Kurds. Cambridge: Cambridge University Press; (2021).

149- LEWIS A. COSER, On Collective Memory, The university of Chicago press, Chicago and London, (1992).

150- SINIŠA MALEŠEVIĆ. The Sociology of Ethnicity: SAGE Publications Ltd, London,, (2004).

151- MARI TOIVANEN, BAHAR BASER, Remembering the Past in Diasporic Spaces: Kurdish Reflections on Genocide Memorialization for Anfal, Genocide Studies International, Volume 13 Issue 1, (2019). http://dx.doi.org/10.3138/gsi.13.1.02

152- MARSHALL BERMAN, all which is solid melts into air; the experience of Modernity, First published in the United States of America by Simon & Schuster, Inc, (1982).

153- MARTIN VAN BRUINESSEN, "The Kurds and Islam". Working Paper no. 13, Islamic Area Studies Project, Tokyo, Japan, (1999).

154- MARTIN VAN BRUINESSEN, 'Kurdish identities and Kurdish nationalisms in the early twenty-first century' Early versions of this paper were presented at the conferences, '21. Yüzyılda Milliyetçilik: Teori ve Siyaset' (Ankara Üniversitesi Siyasal Bilgiler Fakültesi, 28-29 April, (2014).

155- MARTIN VAN BRUINESSEN, 'Kurdish society and the modern state: ethnic nationalism versus nation-building', in: Turaj Atabaki and Margreet Dorleijn (eds), Kurdistan in search of ethnic identity. Utrecht: Department of Oriental Studies, (1991).

156- MARTIN VAN BRUINESSEN, 'Tribes and ethnic identity' published in: Faleh A. Jabar and Renad Mansour (eds), The Kurds in a Changing Middle East: History, Politics and Representation. London: I.B.Tauris, (2019).

157- MARTIN VAN BRUINESSEN, AGHA, Shaikh and State; The Social and Political Structures of Kurdistan, Zed Books Ltd London and New Jersey, (1992).

158- MARTIN VAN BRUINESSEN, Kurdish Paths to Nation, Published in: Faleh A. Jabar & Hosham Dawod (eds), The Kurds: Nationalism and Politics, London: Saqi, (2006).

159- MARTIN VAN BRUINESSEN, Kurdish society, ethnicity, nationalism and refugee problems, The Kurds A Contemporary Overview Edited by Philip G.Kreyenbroek and Stefan Sperl, First published by Routledge, London and New York, (1992).

160- MARTIN VAN BRUINESSEN, Kurds in the Islamic movement, Islamists in Kurdistan: The Muslim Brotherhood and Kurdish Islamist movements, Études kurdes no. 14 (2021).

161- MARTIN VAN BRUINESSEN, Religion in Kurdistan, First published in Kurdish Times (New York) vol. 4 nos. 2 (1991).

162- MAX WEBER, From Max Weber: Essays in sociology, translayed by: Hans Heinrich Gerth & C. Wright Mills: Oxford university press, New York, (1946).

163- MAX WEBER, Economy and society: An outline of interpretive sociology, Edited, Guenther Roth, Claus Wittich, second edition, University of California Press Berlreley, Lo,'Angeles, London, (1978).

164- MAURICE HALBWACHS, La mémoire collective, Second revised , Les Presses universitaires de France, Paris, (1950).

165- LORENZO MIGLIORATI & MAURICE HALBWACHS: Classical Sociology after the Classics, [Italian Sociological Review, (2015).

166- BARBARA MISZTAL, Durkheim on Collective Memory. Journal of Classical Sociology, (2003). https://doi.org/10.1177/1468795X030032002

167- MOHAMMED IHSAN, Nation Building in Kurdistan; Memory, genocide and human rights, first published by Routledge Park Square, Milton Park, Abingdon, Oxon OX14 4RN, (2017).

168- MOHAMMED M. A. AHMED (HAMA JAMAL) Iraqi Kurds and Nation-Building, Palgrave Macmilan ® in the United States—a division of St. Martin's Press LLC, (2012).

169- HARRIS MYLONAS & MAYA TUDOR, M.. Nationalism: what we know and what we still need to know. Annual Review of Political Science, 24, (2021).

170- NAHWI H. SAEED, Building a nation, making a state? The case of Iraqi Kurdistan, 1991 to the present, Dissertation Submitted to the University of Swansea in fulfilment of the requirements for the Degree of Master of Arts in Politics and International Relations at the Swansea University, (2008).

171- NDULU BJ, MBOWE WE, HUNTER E. ETHNICITY, Citizenry, and Nation-Building in Tanzania. In: Hino H, Langer A, Lonsdale J, Stewart F, Eds. From Divided Pasts to Cohesive Futures: Reflections on Africa. Cambridge University Press; (2019). https://doi.org/10.1017/9781108645195.006

172- NEMATOLLAH FAZELI, Politics of Culture in Iran Anthropology, Politics and Society in the Twentieth Century. New York: Routledge. (2006).

173- OECD, Concepts and Dilemmas of State Building in Fragile Situations; from fragility to resilence, Journal on Development, 2008,Volume 9, No. 3 , (2008).

174- OLGA MALINOVA. Politics of Memory and Nationalism. Nationalities Papers. (2021).

175- JEFFREY K. OLICK, "Collective memory": A memoir and prospect. Memory Studies, 1(1), 23-29, (2008)

176- PAUL RICOEUR, [Memoire, l'histoire, l'oubli. English], Memory, history, forgetting / Paul Ricoeur ; translated by Kadileen Blarney and David Pellauer, The University of Chicago Press, Chicago & London, (2004).

177- PIERRE NORA, Between Memory and History: Les Lieux de Mémoire. Representations, (1989).

178- REMI OKEKE & CHINYERE IKEH & CHRISTOPHER OKU, The Concept of Nation building: Theoretical Expositions, Journal of Humanities and Social Policy , Vol 8. No. 1, (2022),

179- SAMUEL BAZZI & ARYA GADUH,B ALEXANDER ROTHENBERG,C AND MAISY WONGD, "Unity in Diversity? How Intergroup Contact Can Foster Nation Building." American Economic Review, 109 (11): (2023).

180- SARDAR AZIZ & ANDREW COTTEY , The Iraqi Kurdish Peshmerga: military reform and nation-building in a divided polity, Defence Studies, (2021).

181- SHERKO, KIRMANJ, "Kurdish Integration in Iraq: The Paradoxes of Nation Formation and Nation Building". Kurdish Awakening: Nation Building in a Fragmented Homeland, edited by Ofra Bengio, University of Texas Press, New York, USA, (2014).

182- SOPHIA ISABELLA, WANCHE, IDENTITY, nationalism and the state system: the case of Iraqi Kurdistan, Durham theses, Durham University. Institute for Middle Eastern and Islamic Studies, (2002).

183- STEPHEN LEGG, Contesting and Surviving Memory: Space, Nation, and Nostalgia in Les Lieux de Mémoire. Environment and Planning D: Society and Space, (2005),

184- SUSANNAH RADSTONE AND BILL, SCHWARZ, Memory: histories, theories, debates, New York, Fordham University Press, (2010).

185- TATJANA TAKŠEVA, Building a Culture of Peace and Collective Memory in Post-conflict Bosnia and Herzegovina: Sarajevo's Museum of War Childhood, Studies in Ethnicity and Nationalism: Vol. 18, No. 1, (2018). http://dx.doi.org/10.1111/sena.12265

186- UMUT ÖZKIRIMLI, Theories of Nationalism, A Critical Introduction, Second Edition Palgrave Macmilan, (2010).

187- VLADIMIR LENIN, Collected Works, Volume 26, (1917-1918), Translated by Yory Sdobnikov and George Hannah, third publishing, Moscow, (1977).

188- VAN BRUINESSEN: Transnational Aspects of the Kurdish Question, Printed in Italy; European University Institute Badia Fiesolana Italy, (2000).

189- VICTOR ROUDOMETOF, Collective memory, national identity, and ethnic conflict: Greece, Bulgaria, and the Macedonian question, Westport, CT: Praeger, (2002).

190- W. LAWRENCE NEUMAN, Basics of Social Research: Qualitative and Quantitative Approaches, second edition, London, (2006).

191- WALKER CONNOR, when is a nation? Ethnic and Racial Studies, (1990).

192- YELENA BIBERMAN & RACHEL CASTELLANO, Genocidal Violence, Nation-Building, and the Bloody Birth of Bangladesh, Asian Security, (2018) https://doi.org/10.1080/14799855.2017.1335712

### سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

193- ماڵپەڕی فەرمیی دەستەی گشتی گەشت و گوزاری کوردستان-عێراق http://bot.gov.krd/kurdish/about-kurdistan/%D8%AC%DB%86%D8%B1%D9%87%E2%80%8C%DA%A9%D8%A7%D9%86%DB%8C-%DA%AF%D9%87%E2%80%8C%D8%B4%D8%AA-%D9%88-%DA%AF%D9%88%D8%B2%D8%A7%D8%B1 (2023/9/9) دواسەردان

194- http://www.anfalistan.com/ (2024/2/20) ڕێککەوتی دواسەردان

195- https://www.speda.net/c/1/ (20/3/2024) ڕێککەوتی دواسەردان

196- https://www.peyam.net/Kurdistan (20/3/2024)ڕێککەوتی دواسەردان

197- ،یادی ٤٧ ساڵەی دامەزراندنی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان، کەناڵی یوتیوبی جەماوەر تیڤی، یادی ٤٧ ساڵەی دامەزراندنی پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان (youtube.com) Sep 14, 2023 ، ڕێککەوتی (2023/9/14) دواسەردان

- (2022/7/30) ڕووفاتی 100 ئەنفالکراوی بارزانییەکان گەڕێنرانەوە ،سایتی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، (https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=136030 ) (2022/7/30)ڕێککەوتی دواسەردان

198- https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/310720227(31/7/2022) ، ڕووفاتی 100 ( ئەنفالکراوی بارزانییەکان بەخاك دەسپێردرێن، سایتی کەناڵی ڕووداو، ڕێککەوتی دواسەردان(2022/7/30

199- (سایتی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق)- رووفاتی 172 شەهید ئەنفال .. (2024/1/13)، 
https://www.presidency.iq/KU/Details.aspx?id=11731 ڕێککەوتی دواسەردان (2024/1/13)

200- nation-state, United Nations Economic and Social Commission for Western Asia ( https://archive.unescwa.org/nation-states) (2024/3/1) ڕێککەوتی دواسەردان

201- پەیجی یوتیوبی کوردسات نیوز، ,پەیکەری کڵاش و کوڵەباڵ لە خورماڵ دزرا ,(14/8/2023) (https://www.youtube.com/watch?v=GoAHz65WtGU&t=19s) (دواسەردان (2024/2/18)

202- Türk Dil Kurumu Sözlükleri, https://sozluk.gov.tr/ (2024/1/17) ڕێککەوتی دواسەردان

203- پەیجی وتەبێژی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جوتیار عادل، (2023/4/7). https://www.facebook.com/KRGSpokesperson/posts/pfbid0xh7AUSc7HE9KF92fSAPjEBgDJYmPXssvLHm2hvAgSmuQSH2xy4mwkm4FMwMdZ6rSl ڕێککەوتی دواسەردان (2023/7/7)

204- پەیجی جێگری سەرۆکی حکومەت، https://www.facebook.com/qubadtalabaniofficial/posts/pfbid029fUVWd5xjQ2TMRDNiHqAYPf7aWStDrbqhSTyax9BisMMVQVdCqf7w7fgaUhgWG2kl ڕێککەوتی دواسەردان (2023/7/7)

205- (20/7/2023), Statement from Combined Joint Task Force - Operation Inherent Resolve on recent Peshmerga Coordination Group meeting, Operation Inherent Resolve Combined Joint Task Force, (https://www.inherentresolve.mil/NEWSROOM/News-Articles/Stories-Display/Article/3465462/statement-from-combined-joint-task-force-operation-inherent-resolve-on-recent-p/) 2024/3/8 ڕێککەوتی دوایین سەردان

206- https://thesis.univsul.edu.iq/master-thesis ڕێککەوتی دوایین سەردان (2023/2/20)

207- AMIR HASANPOUR, 25/11/2008 , The Identity of Hewrami Speakers, he Kurdish Academy of Language [KAL] https://web.archive.org/web/20130116005347/http://www.kurdishacademy.org/?q=node/7 ڕێککەوتی دواسەردان (10/10/2023)

208- پەیجی فەیس بووکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران https://www.facebook.com/komalayqwrbqnyan ڕێککەوتی دواسەردان(2023/5/18)

- یـــــــادكـــــــردنەوەی ئەنــــــفــــــال، پەیــــــجــــــی كەنـــــــاڵـــــــی ڕووداو، ڕێـــــــكـــــــكەوتـــــــی 2023/4/14https://www.facebook.com/watch/?v=1579359735891416
ڕێككەوتی دواسەردان (2023/4/15) https://nrttv.com/detail/23538 ; دواسەردان(2023/4/15)

209- https://nrttv.com/detail/23538 (15/4/2023) ڕێككەوتی دواسەردان

210- ڕێككەوتی https://www.memorystudiesassociation.org)/ ســـایتی كۆمەڵەی توێژینەوەی یـادەوەری (2023/12/10) دواسەردان

211- SEAN MATHEWS, US: Congress wants to give air defence systems to Kurdish fighters in Iraq, 21 June 2023, Middleesteye, (https://www.middleeasteye.net/news/us-congress-wants-give-air-defence-kurdish-fighters-iraq ) ڕێككەوتی دوایین سەردان( (2023/12/10)

212- KARWAN FAIDHI DRI, (16/12/2021), Four Western countries send letter to President Barzani on Peshmerga reforms, (https://www.rudaw.net/english/kurdistan/161220212) ڕێـكـكەوتـی (2024/3/20)دواسەردان

213- RAND Organazation, (https://www.rand.org (2022/12/10) ڕێككەوتی دوایین سەردان

214- https://www.scribd.com/document/540057625/Ma-Hamsayegan احـــمـــد كسرـــوی، مـــا و همسایگانمان، پرچم هفتگی شمارەی 6، اردیبهشت 1323، ڕێككەوتی دوایین سەردان(20/12/10




# Insufficient Nation-Building

## Collective Memory and Nation-Building in the Kurdistan Region/Iraq

By
Hawraman Fariq Karim

February 2025 5